**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٢١

سالّی/ ٢٠٢١ – بەرگی سەدو بیست و یەک

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

---

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(٢٠٢١)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١٢١
چاپی یەکەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد،، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢١/٦/٢٨ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢١/٧/٦ ل ٢٤٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢١/٧/٨ل٣٥١

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)ی**

**دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١\٦\٢٨**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٦)
# دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٨

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی/١٦، بڕگەی سێیەم لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی/٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ببورن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە/١٦ ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١١ ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەتی ٢٠٢١/٦/٢٨ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی چوار ساڵ کە لە ڕۆژی تەواوبوونی ماوەی خولی یەکەمییەوە دەست پێ دەکات.

دووەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە:

پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی یەکەم و دووەم و پێنجەمی ماددەی/٧٨ و ماددەی/٧٩ و ماددەی/٨٢ بڕگەی یەکەمی ماددەی/٨٣ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١ - پرۆژە یاسایی نیشانی مەدالیا لە هەرێمی کوردستان.
٢ -پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.
٣ -پرۆژە یاسای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل تۆمارکردن و پەسەند کردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە و کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.
٤ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای چاودێری ناکامەکان ژمارەی/٧٨ ی ساڵی ١٩٨٠ ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان.
٥ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە/٧٦ی ساڵی ١٩٨٣ هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان.
٦ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان ـ عیراق ژمارە/٣ ی ساڵی ١٩٩٩.
٧ -پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە/٣ ی ساڵی ٢٠١١.
٨ -پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ بەپێی حوکمی بڕگەی چوارەمی ماددەی/٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم/ خستنەروو و گفتوگۆ کردنی چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچە هۆکارەکانی جێ بەجێ نەبوونی یاسای چاکسازی و یاسای بودجەی عیراق و کەموکوڕی خاڵە سنووریەکان و داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی/٦٦ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پێنجەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی/٨٧ و ٨٨ و٨٩ لە پیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١ - پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە/٢٢ ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان.

٢ -پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی عیراق ژمارە/٧١ ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان.

٣ -پرۆژە یاسای بەرکارکردنی هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پێشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە/٢٠ ساڵی ١٩٩٨ ی هەموار کراو.

شەشەم/ خستنەڕووی بیرۆکەی ئەم پەرلەمانتارانەی خوارەوە بە پێی حوکمی خاڵی دووەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی/٤٩ لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان.

١ - بیرۆکەی پەرلەمانتار (عبدالستار مجید قادر) سەبارەت بە دۆزینەوەی هەلی کار لەرێگای بەگەڕخستنەوەی کارگەکان.

٢ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (عوسمان علی سمایل) سەبارەت بە لە پێناوی پاراستنی ژینگەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەوڵێك بۆ ریسایکلینی خاشاك.

٣ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (زیدان رشید خان اودل) سەبارەت بە پرسی خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی.

٤ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (شایان کاکەصالح) سەبارەت بە ڤایرۆسی نەخۆشی کۆڤید/١٩ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە/١٦ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە بەرنامەی کاری کۆبوونەوە و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشومان بۆ بخوێنێتەوە فەرموون.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار :

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی/١٦، بڕگەی سێیەم لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و

ماددەکانی/٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بوون دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە/١٦ ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١١ ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٨ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی چوار ساڵ کە لە ڕۆژی تەواوبوونی ماوەی خولی یەکەمیەوە دەست پێ دەکات.

دووەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە:

پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی یەکەم و دووەم و پێنجەمی ماددەی/٧٨ و ماددەی/٧٩ و ماددەی/٨٢ بڕگەی یەکەمی ماددەی/٨٣ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٩ -پرۆژە یاسایی نیشانی مەدالیا لە هەرێمی کوردستان.

١٠ -پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

١١ -پرۆژە یاسای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل تۆمارکردن و پەسەند کردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە و کشتوکاڵیەکان لە هەرێمی کوردستان.

١٢ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای چاودێری ناکامەکان ژمارەی/٧٨ ی ساڵی ١٩٨٠ ی هەموار کراو لە هەرێمیی کوردستان.

١٣ - پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە/٧٦ی ساڵی ١٩٨٣ هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان.

١٤ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان ـ عیراق ژمارە/٣ ی ساڵی ١٩٩٩.

١٥ -پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە/٣ ی ساڵی ٢٠١١.

١٦ - پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ بەپێی حوکمی بڕگەی چوارەمی ماددەی/٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم/ خستنەروو و گفتوگۆ کردنی چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچە هۆکارەکانی جێ بەجێ نەبوونی یاسای چاکسازی و یاسای بودجەی عیراق و کەموکوڕی خاڵە سنووریەکان و داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی/٦٦ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پێنجەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی/٨٧ و ٨٨ و٨٩ لە پیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٤ -پرۆژە یاسای یاسای هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە/٢٢ ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان.

٥ -پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی عیراق ژمارە/٧١ ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان.

٦ -پرۆژە یاسای بەرکارکردنی هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە/٢٠ ساڵی ١٩٩٨ ی هەموار کراو.
شەشەم/ خستنەڕووی بیرۆکەی ئەم پەرلەمانتارانەی خوارەوە بە پێی حوکمی خاڵی دووەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی/٤٩ لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان.
٥ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (عبدالستار مجید قادر) سەبارەت بە دۆزینەوەی هەلی کار لەرێگای بەگەڕخستنەوەی کارگەکان.
٦ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (عوسمان علی سمایل) سەبارەت بە لە پێناوی پاراستنی ژینگەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەوڵێك بۆ ریسایکلینی خاشاك.
٧ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (زیدان رشید خان اودل) سەبارەت بە پرسی خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی.
٨ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (شایان کاکەصالح) سەبارەت بە ڤایرۆسی نەخۆشی کۆڤید/١٩ .
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پوختەی دانیشتنی ژمارە/١٥ ی ئاسایی
بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی/٢٠ و ٥٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە/١٥ ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٥/٢٦ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
١ -دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٢ -خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣ -دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤ -خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە/٣ ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەویانەی کە لە سنووری شارەوانیەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان.
٥ -کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان کۆبوونەوەیەکی گرنگە، بابەتی زۆر سەرەکی تیایدا بابەتی مووچە، بودجە، داهاتی نەوت، خاڵە سنوریەکان، داهاتی ناوخۆ، یاسای چاکسازی، ڕێککەوتن لەگەڵ عیراق، بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی خۆیانیان هەیە سەعات ١٢ لە کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی کوردستان ئامادە ئەبن، بەڕێزان وەرتان دەگرم پێش ئەوەی کە کۆبوونەوەکە دەست پێ بکەم ئەمەوێ سەبارەت بە نووسراوێکمان لەڕۆژانی ڕابردوو کە ئێمە تەنها یەك ئامانجمان لێی هەبووە ئەویش ڕێکخستنی کاروبارەکانی پەرلەمان و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستانە، ئەمانەوێ بەڕای گشتی گەلی کوردستان بڵێین ئێمە ئامانجی سەرەکیمان لەو نووسراوە تەنها ئەو بابەتە بووە، لە نیگەرانیەکانی ئەندامانی بەڕیزی پەرلەمان تی ئەگەین کە بە ناحەقی ناویان هێنراوە، ڕای گشتی گەلی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە ئامانجی دەستەی سەرۆکایەتی لەو بابەتە تەنها

ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی پەرلەمانتاران و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستانە، پشتیوانی پەرلەمانتارانی گەلی کوردستان و هەرێمی کوردستان دەکەین لەوەی کە بە ناحەقی لە پەیجەکان و لە سایتەکان و خەڵکی نابەرپرس ناوی هێناون، بۆیە داواتان لی دەکەم ئەم بابەتە با نەبێتە تەوەرەی سەرەکی بابەتی ئەمرۆمان، بەڕێزان .. ئەوەی پەیوەندی لەناو نووسراوی ئێمە دوورو نزیك بە ئاماژە، بە قسە لەسەر کردن و بە تەسریح دان و بە لێدوان باسی هیچ کەسێك نەکراوە، لێکدانەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ نووسراوەکەی ئێمە ئێمە لێی بەرپرس نین، خۆ ئەگەر نیگەرانیەك لەناو ئەندامانی پەرلەمان هەیە سەبارەت بە ئەم بابەتە ئێمە ماددەیەکی پەیڕەوی ناوخۆمان لەبەردەستە کە ماددەی/٤٣ ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان ئیتفاقیان کرد لەسەر ئەوەی کە چارەسەرکردنی ئەم بابەتە بەدواداچوونی ڕاستیەکان لەم بابەتە بکرێت داواتان لێ دەکەم لە نێوان خۆتان دا ئیتفاق بکەن و ناومان بدەنێ بۆ ئەوەی ئێمە لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی ڕاستیەکان دروست بکەین، سەبارەت بەوەی بۆچی سێ هەفتەیە دانیشتن نەکراوە، بەڕێزان ئاخر کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان کە ئێمە لێرە بەیەکەوە کۆبوونەوەمان کرد بڵێنمان پێ بدەن کۆبوونەوەی داهاتوو تایبەتە بە بابەتی مووچە، داهاتەکان، خاڵە سنووریەکان ئەوەی پەیوەستە بە ژیانی خەڵك، ئێمە دوو یاداشتمان لەلا بوو یەکیان بە ماددەی/٤٨ یەکیان بە ماددەی/٦٦، ٥٧پەرلەمانتار لە شوێنێك ٦٥ پەرلەمانتاریش لە شوێنێك ئێمە لەگەڵ حکومەت قسەمان کرد ئەوان هەر لەسەرەتاوە بە ئێمەیان وت حکومەت ئامادەیە بێتە ئەو دانیشتنە باشە، بەڵام بۆ دیاری کردنی کاتەکەی درایە دەست سەرۆکایەتی، ماوەیەك بەڕیز وەزیری سامانە سروشتیەکان لێرە نەبوو نزیکەی ١٠ ڕۆژێك دواتر بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وەزیری هەرێم بۆ دانوستان لە بەغدا بوون، ئێمە نەمان دەتوانی دایبنیین، بۆیە ڕاستە سێ هەفتەیە ئێمە دانیشتنمان نەکردووە، بەڵام ئەو بەڵێنەی خۆمانمان بردۆتەسەر کە دانیشتن بۆ مووچە و بودجە نەبێ دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ناکرێ، بەڕێزان داواتان لی دەکەم ئەمرۆ ئەم بابەتە ئەساسیە با تەوەری سەرەکی دانیشتنەکەی پەرلەمان بێ، سەبارەت بە دوورودرێژی بەڕێزان بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە ئێمە چەند خاڵێکمان داناوە کە ناچارین دایان بنێین، سەبارەت بە یەکەمیان هەمووتان ئاگادارن لایەنی پەیوەندار کە ئێستا ڕایەڵەی سەرەکی پەیوەندییە لە گەڵ حکومەتی ناوەندی دیوانی چاودێری داراییە، وردبینی کردن لە پرۆسەی داتاکانی هەرێمی کوردستان دیوانی چاودێری دارایی دەیکات، لە هەر لەحزەیەك کە موتەوەقعە یەکێك تەعن لە قەرارێکی دیوانی چاودێری بدات لەبەر نەبوونی عونسوری (عدم الاختصاص) لە قەراری ئیداری کە ئەمە تووشی ئەشکالمان دەکات، سەبارەت بەو پێشنیازە یاسا و پرۆژە یاسایانەی کە دامان ناوە ئەگەر سەیری پەیڕەوی ناوخۆ بکەین ئەڵێ پرۆژە یاساکان لە یەکەم دانیشتنی دوای گەیشتنیان دەبێ دابندرێن، هەموو ئەوەی کە ئێستە ئێمە دامان ناوە ئیشی دە دەقیقەیە ئەگەر ئێمە دەست بە پرۆسەکە بکەین بە دە دەقە تەواوی ئەکەین، دوایی دەست بە بابەتی مووچە و بودجە و هەر شتێك کە پەیوەنداره بەو بابەتە ئەکەین، سەبارەت دانانی بابەتی درێژکردنەوە بە دەنگی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەبێت، ئێوە بڕیارتان دا درێژ بکرێتەوە درێژ دەکرێتەوە، ئێوە بڕیارتان دا پشوو هەبێ ڕاستەوخۆ پشوو دەبێ، بەڵام ئێمە

مەبەستمانە ئەو پرۆژە و پێشنیازەی یاسایانەی کە ئامادە کراون لەم خولە، لەم وەرزە ئامادە کراون ئێمە ئەمڕۆ وەرزەکە درێژ بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین تەواویان بکەین، هەمــوو ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ نوقتەی نیزامیان هەیە و دەیانەوێ قسە بکەن مونا خان دەیان نووسێ فەرمــوون، هەتا ئەو کاتە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار جێ بەجێ دەکەین هەتا ناوەکان دەنووسرێ، ئامــاژە بە مــاددەی/٥ لە یاسای ژمــارە/٢ ی ســاڵی ٢٠٠٨ و بــڕگەی/٦ لە مــاددەی/١٨ پەیڕەوی ناوخۆ هەر ئەندامێك ڕەزامەندە بە دووبارە بوونەوەی بەڕێز (خالد هادی چاوشلی) وەك سەرۆکی دیوانی چاودێری بۆ خولی دووەم لەو کاتەوەی کە خولی یەکەم کۆتایی دێت با دەست بەرز بکاتەوە؟ ڕوونم کردەوە هۆکارەکەی، نەخێر بە تەنها بۆ ئەو ١١ مانگە بەڕێزان بەڕێز خالد هادی چاوشلی لە ٢٠١٨ ەوە ویلایەتەکەی تەواو بووە ئێستا کە ئێمە ئەڵێین لەو کاتەوە دەست پێ دەکات واتا لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات هەتا ویلایەتی دووەمی تەواو دەبێ بۆ ١١ مانگە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ڕەزامەندە با دەست بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بیژمێرین؟ بە دەنگی ٧٠ ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ بۆ خولی دووەم بەردەوام بێت، نوقتە نیزامیەکان وەردەگرین دەستتان بەرز بکەن بۆ نوقتەی نیزامی؟ بەڕێزان سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی وەرنە شوێنی خۆتان، ئەم ناوانە ناویان بۆ نوقتەی نیزامی نووسیوە: (د.اسماعیل، دیاری انور، بدریە خان، مامۆستا ابوبکر، کاك کاوە، کاك سیروان، کاك عمر، مم برهان، موژدە خان، هلز خان، کاك سیپان، کاك مسلم، مامۆستا عبدالستار، گلستان خان، اشنا خان، د.هەورامان، روپاك خان، کاك سەرکۆ، ڕۆژان خان، کاك کاروان، کاك عباس، کاك لوقمان، شایان خان، کاك علی، کاك هاورێ، کاك هەڵکەوت، کاك یاسین، سەرچنار خان، شیرین خان، کاك بەڵێن، کاك سەروان، کاك شاخەوان) بەڕێزان نوقتەی نیزامی نەبێ بەڕێزان ڕێزی زۆر زۆرم بۆتان هەیە ناچارم ڕاتان گرم، ئەوە ئەکاتە ژمارەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان، نزیکەی نیوەی ئەندامانی پەرلەمان، یەك دەقیقەیە دەزانن بەڕێزان، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددێ/٥١ ئاشکرایە دیاری کریە ڕۆژێت هەفتەیەکا چەوا تێنە دابەش کرن بۆ کارێ پەرلەمانی، سێ شەممە و چوار شەممێ هەفتەیا مەفروزە کاری پەرلەمانی هات با کرن و جەلسە هەبا، حەنابی تە گۆتە ڤە سێ هەفتەیە ئەڤە چار هەفتەیا ٢٥ هەیڤا٥ ئەڤرۆکە ٢٨ هەیڤا ٦ جەلسە دیڤ ڕا تێتە کرن، ئیتفاق ئەو بوو جەلسە دیڤرا بەس موچەی با تەنها بۆ مووچە، پێش ئێستا ژی جەنابت کوتی تەنها بۆ موچە، ئەمە چی کی تەنهایە؟ دوو/وەرەقە دینە عەمەلێ ڤی جەلسێیە، ڤی ئەم تخازین هەم فعلەن ئەم جەلسە بەس تەنها بۆ مووچەی بیت، دیڤ تەوقیعا ٥٦ پەرلەمانتارا، سپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە سێ ڕۆژمان ماوە بۆ ئەوەی وەرزی یاسادانمان تەواو ببێ، لەبەرئەوە ئێمە ناچار بووین بەرنامەکە بەو شێوەیە دابنێین، ئێوە دەرفەتمان بدەن لە ماوەی دە دەقیقەدا بڕگەی یەك و دوو و سێ تەواو دەکەین و یەکسەر دەچینە سەر مووچە، هەموو

ڕۆژەکەش بۆ مووچەیە، بەیانی و دوو بەیانیش دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان هەیە بەڕێزان، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمەصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، من لەسەر ئەو بڕیارەی جەنابتان دەرتان کرد پەرلەمانتار بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئازادە لە بەدواداچوون و ئازادە لە چاودێری ئەگەر لە لیژنەی موختەسیش نەبێت، ئازادە لە قسە کردنیش، بۆیە ئەم بڕیارە بە بڕیارێکی نا پەیڕەوی دەزانم من، من ئەزانم سکاڵا کراوە، هەر وەبەرهێنەرێك سکاڵای کردووە مەرج وەبەرهێنەرەکە ڕاست بکات، ڕەنگە ڕاستیش بکات، ئەبێ ڕووبەڕوو بکرێتەوە لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارە حەقیقەتەکە دەرکەوێ، من خۆم وەکو شەخسی خۆم ئامادە نیم ئەو ماوەی کە هینی کردووە بکرێمە قوربانی هیچ کەسێك، خاڵێکی دیکە لە هەردوو یاداشتەکە کە بۆ دانیشتنی پەرلەمان کراوە، باس لە بڕیاردان دەکرێ، یەکیان ئەڵێ بڕیاردان لەسەر لێ بڕینی مووچە، یەکیان ئەڵێ بڕیاردان لەسەر ئەو هۆکارانەی کە بوون بە لێ بڕینی مووچە، واتە چاککردنی خاڵە سنووریەکان و چاککردنی سیستمی باج، چاککردنی نەوت، بەڵام لە کارنامەکە ئەمە نییە تەنیا ئەوە هەیە گفتوگۆ بکرێت، من پێموا نییە گفتوگۆ بۆ کەسمان وارد بێ لەم مەرحەلە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، من پێنج مانگ بۆ شەش مانگ بەر لە ئێستا داوای پێداچوونەوەم کرد بوو لەسەر داوای فەوجێك لە فەوجەکانی هەموو لەشکری کوردستان دیسانیش لە حزوری ئێوە دەڵێم و بە هەموو پەرلەمانتاران دەڵێم ئێمە سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتار نەتوانێ واجبی یەك فەوجی پێشمەرگە چاك بکات، چۆن دەتوانێ کوردستان چاك بکەین بۆ خاتری خوا؟ یەعنی داواکارم لە بەڕێزتان لیژنەیەك ئێستا داوا بکرێت لیژنەیەك پێك بهێندرێت لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە، بۆچی؟ بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکرێت لەسەر ڕاستی، چونکە ئێمە هەموو جار داوا دەکەین ئەوان هەر ڕەتی دەکەنەوە، گوایە ئێمە ڕاست ناکەین لەوە، ڕاستیش دەکەم دڵنیام بەلەوەی کە پێشمەرگە غەدری لێ دەکرێت و پێشمەرگە هۆکاری هەبوونی ... ببورە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاسی بەڕێزت دەکەم یەك دەقیقەیە، داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەین بەڕێزان لە لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ ڕادەسپێرین بۆ بەدواداچوونی ئەوەی کە بۆ ئەو بابەتەی لە زووترین کات سەبارەت بەو بابەتە وەڵاممان بدەنەوە، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
من قسە دەكەم لەسەر ئەم بڕیارەی كە دەرچووەو بۆتە گفتوگۆ و موناقەشە لە میدیاكان و پێم وایە لەناو ڕای ئەندامانیش، بەڕێزتان ئاماژەتان بە دوومادده داوە ڕاستە ئەو دوو ماددەیە كاری لیژنەكان دیاری دەكات، بەڵام ئەگەر لەناو پەیڕەودا ئەگەر وەكو ماددەیەكی دیاری كراو نەهات بێت كە ئەندام مافی بەدواداچوونی هەیە، بەڵام ئەمە عورفێكی قانونیە، عورفیش كاری یاسایی دەكات، بۆیە داوا لە دەستەی سەرۆكایەتی بەڕێز دەكەم و لە پارلەمانتاران دەكەم ئەم بابەتە با بخرێتە دەنگدان بۆ كۆتایی پێ هێنان بەم بڕیارە، ئەمە لەلایەكو دووەم/ بە پێكهێنانی لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە، بۆ ئەوەی هەم بەدواداچوون بكرێت ئەگەر قسەیەك لەم بابەتە هەیە ئەم بڕیارە كۆتایی پی بهێندرێت لە پەرلەمانەوە بە دەنگی پەرلەمانتاران سوپاستان دەكەم.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڵێ زۆر سوپاس، ئەم بڕیارە بڕیارێكی ئیداریە، هەموو بڕیارێكی ئیداریش بە گوێرەی دەستووری عیراق مەحصون نییە و پارێزراو نییە لە (طعن)، بڕیاری ئیداری ناخرێتە دەنگدان، بەڕێزان ئێمە پێمان وایە پەیڕەوییە، بەڕێزتان پێتان وایە ناپەیڕەوییە، بۆ یەكلا كردنەوەی خصومە لە بەینی تەرەفی ئیدارە لەگەڵ تەرەفێكی تر پێی وایە ئەو بڕیارەی لەبەرامبەریا دراوە تەعەسوفە دەرچوونە لە قانون تورقی تەعن لە قانونی شورای هەرێم دیاری كراوە بەڕێزتان دەتوانن تەعنمان لێ بدەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەرارەكەمان، خاڵێكی تری بەرنامەی كار جێ بەجێ دەكەین، هەمووتان وەردەگرین وەعد بێ، بەڕێزان ئێمە ئەمانەوێ ئەمڕۆ باس مووچە بكەین، دڵنیاتان دەكەم هەمووتان وەردەگرین، مامۆستا عمر پێش ئەوەی وەزیرەكان بێن وەرتان دەگرم، تكاتان لێ دەكەم با ئەو دوو بڕگەیە تەواو بكەین، كاك بژار، بەڕێزان داواتان لێ دەكەم ئارامی هۆڵەكە بپارێزن لە پێناوی ئەوەی بتوانین بگەینە بڕگەی مووچە، بەسەرچاو والله وەرتان دەگرم، دڵنیاتان دەكەم وەعد بێ كۆبوونەوە دەست پێ ناكەین هەتا وەرتان نەگرم، كاك دیاری داوات لێ دەكەم دانیشی، بەسەرچاو ئێستا نزیكەی ٣١ كەس ناوی نووسیوە وەرتان دەگرم دڵنیا بن، كاك بژار دەست پێ بێ زەحمەت فەرموو.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بەپێی بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان، ئەمانەی خوارەوە ئەو پرۆژە و پێشنیازە یاسایانەن كە خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ دەكرێت:
١ - پرۆژە یاسایی نیشانی مەدالیا لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق.
ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە و لە چواردە مادده پێكهاتووە لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندن، وەكو لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی ...... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك لەحزە کاك د.بژار، جارێ ئەو دەرگایانە داخەن، بی دەنگ بە تۆ، هەردوو دەرگاکە داخەن، مفید ئەو دەرگایە داخەن، تەواو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی پێشمەرگە و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٢ -پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وە زیرانەوە پێشکەش کراوە و پێك هاتووە لە ٢١ مادده و لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی ناوخۆ و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٣ - پرۆژە یاسایی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل تۆمارکردن و پەسەند کردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە و کشتوکاڵیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە پێك هاتووە لە ٢٠ مادده لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، داوا لە بەڕیزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی کشتوکاڵ و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٤ - پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای چاودێری ناکامەکان ژمارەی/٧٨ ی ساڵی ١٩٨٠ ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ئەم پێشنیازە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و پێکهاتووە لە هەشت مادده لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

١ - عوسمان علی
٢ - علی حمەصالح
٣ - ئاشنا عبداله قادر
٤ - عمر عبدالله فتاح
٥ - د.کاظم فاروق

٦ - سیپان سالم ئامێدی
٧ - کاروان گەزنەیی
٨ - باڵانبۆ محمد علی
٩ - بدریە اسماعیل
١٠ - مسلم عبداللە رسول
١١ - عبدالستار مجید
١٢ -د.هەورامان گەچێنەیی
١٣ -دیاری انور

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لێژنەکانی تایبەتمەند بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٥ - پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە/٧٦ی ساڵی ١٩٨٣ هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ئەم پێشنیازە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و پێکهاتووە لە پێنج مادده و لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ئەمانەی خوارەوەن:

١ - عوسمان علی
٢ - شایان کاکەصالح
٣ - کاروان گەزنەیی
٤ - عمر عبداللە
٥ - فتاح عبداللە
٦ - علی حمەصالح
٧ - ئاشنا عبداللە
٨ - د.کاظم
٩ - سیپان سالم
١٠ - عوسمان سێدەری
١١ - هێرش حسن
١٢ - هەژان حسن کوێستانی
١٣ -باڵانبۆ محمد علی
١٤ - شەمول اشین
١٥ - سلمە فاتح

١٦ - شنو اشقى
١٧ - بدريه اسماعيل
١٨ - مسلم عبدالله
١٩ - عبدالستار مجيد
٢٠ - د.هەورامان گەچێنەیی
٢١ - دیاری انور

داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیازە یاسایایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٦ - پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان ـ عیراق ژمارە/٣ ی ساڵی ١٩٩٩.

ئەم پێشنیازە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و پێکهاتووە لە شەش مادده و لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی واژوویان کردووە ئەمانەی خوارەوەن:

١ - هدیه موراد
٢ - زانا مەلا خالد
٣ - رزگار عیسی سوار
٤ - سروان هەرکی
٥ - بەهمەن کاکەعبدالله
٦ - شوان زراری
٧ - بەختیار شوکری
٨ - سعید مستەفا
٩ - مەلا احسان رێکانی
١٠ - سفین اغاعمر گەردی
١١ - پێشەوا طاهر هەورامی
١٢ - ارشد حسین لۆلانی
١٣ - بهجت علی ابراهیم
١٤ - شادی نوزاد
١٥ - گلستان سعید
١٦ - بەڵێن اسماعیل
١٧ - جلال محمد
١٨ - لیزا فلك الدین

١٩ - محمد سعيدالدين
٢٠ - سارا دڵشاد بكر
٢١ - روبينه اويملك عزيز
٢٢ -گلارا عوديشو
٢٣ -روميو هەكاری
٢٤ -جنان جبار
٢٥ -فريد يعقوب
٢٦ -ڤاهيك كمال
٢٧ -هيمداد صباح
٢٨ -ازاد اكرم عبدالله
٢٩ -عبدالسلام عبدالله
٣٠ -مم اسكندر
٣١ -گليزار رشيد سندی
٣٢ -هێڤيدار احمد
٣٣ -خديجه عمر مزوری
٣٤ -حسيبه سعيد گەردی
٣٥ -وەيسی سعيد وەيسی
٣٦ -جوان يونس ڕۆژبەيانی
٣٧ -رۆژان سلێڤانی
٣٨ -مەلا جيهاد دۆسكی
٣٩ -سوسن ميخائيل
٤٠ - جلال پەرێشان
٤١ - گلستان باقی
٤٢ -د.گەلاوێژ
٤٣ -د.زيدان
٤٤ -لنجه دزەيی
٤٥ -بژار كۆچەر
٤٦ -صباح محمود زێباری
٤٧ -نجاة شعبان
٤٨ -هەڵكەوت انور
٤٩ -كاروان گەزنەيی
٥٠ - جمال حەويز هەروتی
٥١ - فيصل عباس
٥٢ -چيا حميد شريف
٥٣ -رێبوار بابكەيی

٥٤ -ادريس اسماعيل
٥٥ -ليلى عبدالله
٥٦ -عبدالجبار
٥٧ -ڕێڤینگ هەروری
٥٨ -نزار هەریری
٥٩ -ژیان طاهر
٦٠ -گۆران عمر علی
٦١ -محی الدین حسن یوسف
٦٢ -مەلا طاهر

بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، داوا لە بەڕێزتـان دەکەم ئەم پێشـنیازە یاسـایە ئاراسـتەی لیـژنە تایبەتمەندەکان بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی شەهیدان و ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەیـن، دوو پێشـنیازە یاسـاکەی تـر کە خوێنـدمانەوە هەمـوو ئەو مـاددانەی کە پەیوەسـتن بە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ئاراستەی ئەوانیش دەکرێ لەهەمـان کاتـدا، ئەو بـابەتە لەبەرئەوەی پەیوەنـدی بە شـەنگالەوە هەیە ئاراسـتەی لیـژنەی نـاوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی هەرێـم دەکەیـن، ئەوەنـدەی پەیوەنـدی پێیـانەوە هەیە، یەعنـی چەنـد مـاددە پەیوەنـدی پێیـانەوە هەیە، ئاخر دانە بخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٧ - پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمـی کوردسـتان ـ عیـراق ژمارە/٣ ی ساڵی ٢٠١١.

ئەم پێشـنیازە یاسـایە لەلایەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پێشـکەش کـراوە کە پێکهـاتووە لە سـێ مـاددە و لەگەڵ هۆیەکـانی دەرچوانـدن، لەلایەن ئەم ئەنـدامە بەڕێـزانەوە پێشکەش کراوە:

١ - زیاد جبار
٢ - زانا مەلا خالد
٣ - وەیسی سعید وەیسی
٤ - مستەفا هەرکی
٥ - عوسمان سێدەری
٦ - شنو اشقی
٧ - هەڵکەوت انور خلیفە
٨ - زکری زێباری
٩ - بهجت کاکە عبدالله
١٠ - احمد مەلا ناصر

١١ - هیرش حسن

١٢ - د.صباح

١٣ - محمود زێباری

١٤ - لوقمان وەردی

داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەكان بكەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی دەستپاكی و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ، بەڕێزان با تەوزیحێك لەسەر ئەم پێشنیازە یاسایە بدەین، ئێمە دەستمان بە پرۆسەی گۆڕینی ..... ئێمە لە ساڵی ٢٠١٤ كە یاسای دەستەی دەستپاكی هەموار كراوە پرۆسەی دانانی بەڕێز سەرۆكی دەستەی دەستپاكی لەسەرەتاوە تا كۆتایی دراوە بە پەرلەمانی كوردستان، بەڵام ئەو كاتە هەڵەیەكی قانونی كراوە لەوەی كە دەبوو دوو بڕگە لە ماددەیەكی تر كە لە هەمان كاتدا ئەم پرۆسەی داوە بە ئەنجومەنی دادوەری ئیلغا بكرێتەوە ئیلغا نەكراوەتەوە، ئێستا ئێمە بەس تەنها ئەو ماددەیە، ئێستا كە دەمانەوێ دەست بە پرۆسەی گۆڕانكاری بكەین ئەم بابەتە ڕێگری دەكات لەوەی كە پەرلەمان پرۆسەكە دەست پێ بكات، بەڵێ ئەوە بابەتێكی قانونیە عیلاقەی بە لیژنەوە نییە، ئێستا لاتانە ڕاپۆرت بنووسن و لەوێ قسەی خۆتان بكەن، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

٨ - پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە كە پێكهاتووە لە ٤١ ماددە و هۆیەكانی دەرچوواندن لەلایەن ئەم ئەندامە بەڕێزانەوە پێشكەش كراوە:

١ - لوقمان حمد حاجی مستەفا

٢ - رزگار عیسی سوار

٣ - نزار مەلا عبدالغفار

٤ - د.زیدان برادۆستی

٥ - د.محی الدین حسن

٦ - نجات شعبان عبدالله

٧ - زكری احمد اسماعیل

٨ - كلارە عودیشو یعقوب

٩ - سیپان سالم حسن

١٠ - ابوبكر عمر عبدالله

١١ - رزگار محمد محمود

داوا لە بەڕێزتان دەكەین سەرۆكی پەرلەمان ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەكان بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین، نوقتە نیزامیەکان وەردەگرین، بەڵێ مامۆستا ابوبکر، ئێوە کە حکومەتیش دێت هەر لێرە دەبن، ئەتوانن بڕۆن و بێنەوە بە دڵی خۆتان فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو نووسراوەی دەرتان کردبوو جەخت دەکەمەوە کە پێچەوانەی ماددەی/٣٩ و ٥٦ لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە جەنابتان یان دەبێت ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا بکەن بۆ ڕای گشتی کە تێوەگلاون، یان ناکرێ ١١١ پەرلەمانتار بەڕاستی بەوانەوە بسوتێ، دووەم/ تایبەت بەوەی کە یەك مانگە ئەم پەرلەمانە کۆنەبۆتەوە لەم مانگەدا ڕۆشنبیری سلێمانی بە دۆشکە و بیکەیسی تەقە دەکرێ و ئارامی شار تێك دەدرێ، داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە، نرخی سوتەمەنی بەرزبۆتەوە، پرساری وزاری ئاشکرا بووەو هۆڵەکانی تاقی کردنەوە لەبەر گەرما خوێندکار ناتوانێ ئیمتیحان بەشێوەیەك بدات، دەیان کێشەی تر هەبووە ئەم پەرلەمانە پێمان بڵێ بۆ لەماوەی مانگێگ دا کۆنەبۆتەوە، هیچ پاساوێك نییە کە مانگێکی ڕەبەق ئەم پەر لەمانە کۆنەبۆتەوە، سێیەم/ تایبەت بە دانیشتنی مووچە ئەم دانیشتنەی ئەمرۆ تایبەت بێ بە لێبڕینی مووچە، بڕیارێکی تەشریعیش ئامادە بکرێ کێ لەگەڵیەتی ئەبێ ئەم بڕیارە نەڕەوای لە بڕینی مووچە هەڵوەشێتەوە، چونکە نرخی نەوت بەرزبۆتەوە و داهات و باجەکان زۆر بوون، خاڵی چوارەم/ بە درێژکردنەوەی وەرزی تەشریعی پێمان بڵێ بۆ درێژی دەکەنەوە؟ ئەبێت بابەتە پەیوەندارەکانی بە وانەبێژەکان و بە فەرمانبەرانی گرێبەست، بە مامۆستایانی وانەبێژ هەموو ئەوانە بە سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان بخرێتە بەرنامەی کار، ئەگینا ئێمە لە هەموو وەرزێك لەگەڵ درێژکردنەوە دەبین، نە پاسپۆرتی ئەمریکا و ئەوروپامان لەباخەڵایا، نە ڤیزاشمان پێیە، جگە لە پاسپۆرتی وێرانی ئەم وڵاتە هیچ پەساپۆرتێکمان نییەو دەوام دەکەین بەڵام دەبێ بۆ شتی حەقیقی و ڕاستەقینە و کێشەکانی خەڵك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ هەڵناگرن بۆ کۆبوونەوەکەی حکومەت، بەڵێ سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو نووسراوەی بەڕێزتان کە کردووتانە، بەپێی (پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان) یەك ناگرێتەوە لەگەڵ ماددەی/٢٢ بڕگەی/٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، وەکو یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمانتار و پەرلەمان بە دواداچوونە، بۆیە داوا دەکەم کە بۆ ڕێزگرتن لەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە ئەو نووسراوە هەڵبوەشێننەوە، ئەمە یەکەم، دووەم/ بەر مەبنای ئەم نووسراوە ئەوەی کە بەڕێزتان کردووتانە بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تەشهیرمان پێ کراوە ناومان زڕێنراوە وەکو بەرتیل وەرگر و ڕەشوە وەرگر و خاوە وەرگر و سەرانە وەرگر و بەوە ناومان هاتووە، بەو چاوە تەماشاکراوین

بۆیە بەڕاستی من بۆ خۆم وەكو خۆم لەبەرئەوەی ناوم هاتووە بەشێك لەو برادەرانەی دیكە، دەبێت پەرلەمانی كوردستان لیژنەی لێكۆڵینەوە دروست بكات كێ خاوەی وەرگرتووە و كێ سەرانەی وەرگرتووە كێ بەرتیل و رەشوەی وەرگرتووە... روخسەتم بدە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ یەك دەقەیە كاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێوە سەد جار توخوا ئەم پەیڕەوەتان پێشێل كردووە با من دوو دەقە قسە بكەم خۆ دنیا كاول نابێ، بەس ئەوەنە یەك مانگە دانیشتن و كۆبوونەوە نەبووە ئەم بابەتە تكایە یەكلایی بكەنەوە....... .

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لە پرۆتۆكۆڵ بسڕێتەوە، یەك دەقەكەت تەواو بوو داوات لێ دەكەم كاك دیاری بە پێی ماددەی/٥٧ كاتەكەت تەواو بوو، دووبارەی قسە بەڕێزێكە، ئێمەش باوەڕمان بەخوا هەیە، داوات لێ دەكەم ئارامی دانیشتنەكە بپارێزە قسەكەت گەیشت و یەك دەقەكەت تەواو بوو، بۆ دواجار ئاگادارت دەكەمەوە ئارامی دانیشتنەكە بپارێزە، كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، لەسەر ئەم نووسراوەی بەڕێزتان بەژمارە ٣/٤ (چوار لەسەر سێ) _ ١٧٥٥ لەڕۆژی ٢٠٢١/٦/٢٢ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڕێزان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، فەزایەكتان خولقاندووە بەم نووسراوە كە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بەیەك ئاراستە بەركەوتەن، بەركەوتە لەوەی كە هەموومان تەشهیرمان پێ دەكرێ تەخوینمان پێ دەكرێ بۆ ڕاستی و دروستی بابەتەكە منێك وەكو ئەندامی پەرلەمانی كوردستان ئامادە نیم باجی هەڵەی هیچ كەسێك بدەم، بۆیە داواكارم بەزووترین كات لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە پێك بهێندرێت لەسەر ئەم بابەتە، ناوەكان هەر كەسێكن هەر موستەسمرێكە كە لێرەوە من تەحەدای هەموویان دەكەم، داوا لە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان و دەستەی سەرۆكایەتی دەكەم، لیژنەی لێكۆڵینەوە پێكبهێندرێت هەر كەسێكە بۆ ئەوەی بۆ ڕای گشتی بڵاوبكرێتەوە لەو پەرلەمانە نابێ شوێنی بێتەوە دەبێت لە سێدارە بدرێت، بەڵام ناكرێ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەیەكەوە تۆمەتبار بكرێن و ناكرێ هەمووومان تەخوین بكرێین، بۆیە داواتان لێ دەكەین بە زووترین كات لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە پێك بهێنن و ناوەكان بۆ ڕای گشتی بڵاو بكەنەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێمە لە نووسراوەكەماندا هیچ ئاماژەیەكی وامان نەداوە، ئیعلام خۆی چۆنی تەفسیر دەكات ئەوە بابەتێكی ترە، لەسەرەتای دانیشتنەكەشدا وتمان ئێمەش بە قەدەر ئێوە نیگەرانین لەوەی كە ناوی ئەندامانی پەرلەمان هاتووە، پێمان وتن بەڕێزان ئێمە ناومان نەهێناوە

و باسی کەسمان نەکردووە و شکۆی ئەم پەرلەمانە چەنێ بەلای ئێوە گرنگە دە ئەوەندە بەلای ئێمەوە گرنگە، لەبەرئەوە لەسەرەتای قسەکانما وتم ئێمە دەسەڵاتی لەبەرئەوەی قەواعیدی سلوکی پەرلەمانیمان نییە وەك ئەوەی لە عیراق هەیە، بەداخەوە کە نیمانە، یەك حەلمان هەیە کە ماددەی/ ٤٣ ئەگەر بەڕێزتان دەتانەوێ لیژنەیەك بۆ ئەو ئیشە بەدیاری کراوی پێك بێت ¼ ئەندامانی پەرلەمان واژوو کۆبکەنەوە و بیخەنە بەردەستی دەستەی سەرۆکایەتی دڵنیاتان دەکەمەوە ئێمەش لە ئێوە موسیر ترین بۆ ئەوەی ئەم بابەت یەکلایی ببێتەوە، ئیتر تەواو بەڕێزان ئەم بابەتە لەم خولەوە نییە کە باس دەکرێ لە خولی ڕابردووش ئەم قسە و باسانە هەبوو، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیش ئەم قسە و باسانە هەیە، هەمووشتان گوێتان لێ بووە و لە هەموو کەس زیاتر ئێمە حەز دەکەین پارێزی ئەندامانی پەرلەمان لەم قسە و باس و واتە واتە پاك ببێتەوە، ئێمە یەك دەسەڵاتمان هەیە، ماددەی/٤٣ کە ¼ ئەندامانی پەرلەمان ئیمزا بکەن و بیهێنن بیخەنە بەردەستمان بۆ دروست کردنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم بابەتە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی مەناعەتمان نییە، ئەم بابەتە با کۆتایی پی بێت بەڕێزان بەسە ئیتر، نیمە ئەو دەسەڵاتە لە کوێیە؟ من خۆم داوا بکەم بخرێتە دەنگدان بەڵێ چەند ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەوەیە لیژنەیەك بۆ بەدواداچوون پێك بهێندرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە بە دیاری کراوی، بەکۆی دەنگ ئەوە لیژنە پێك دەهێنین لە نێوان خۆتان دا دەبێ لەسەر ناوەکان ڕێك بکەون، بەڕێزان کەس تاوانبار نییە، موژدە گیان ئەبێ ئەندامەکەی دائەنرێ وداتان ناون ئەبێ بە وازحی ناویان بێت، بوترێ بۆ نموونە (مامۆستا عبدالستار کاك د. زانا و د. محی الدین و کاك علی حمەصالح) ناوی ئەبێ بهێندرێت، هەتا کۆتایی ئەم جەلسەیە لیستی ئەو ناوانەمان بدەنێ لەهەر فراکسیۆنێك کە ئەیانەوێ ئەندم بن، ناوی ئەندامەکان ئەخەینە دەنگدان ئێمە ڕەزامەندین و پشتیوانی لیژنەکە دەکەین، ئەگەر زانیاریمان بۆ هات کە تا ئێستا هیچ شتیکمان لەلا نییە ئەیدەینە لیژنەکە، بەڕێزان بەسە، من لە نووسراوە ئەو باسەم نەکردووەو لە دیباجەی نووسراوەکە ئەو باسەم نەکردووە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان پێی وایە ئێمە دەسەڵاتەکەی خۆمان خراپ بەکارهێناوە ئەو نووسراوە پەیڕەوی نییە، جیهەتی حەسم لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە ئەنجومەنی شورا لەبەرئەوەی لە دادگای کارگێری لەبەرئەوەی ئەو بڕیارە بڕیارێکی پەرلەمانی نییە، بڕیارێکی صرف ئیدارییە، دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار دەکەین، هەر لەسەر ئەوە کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەکە میکانیزمەکە دیاری بکرێت، یەعنی چۆن ئەڵێ هەر یەکە یەعنی هەر فراکسیۆنێك کەسیك بنێرێ؟ دەبێ میکانیزمەکە ڕوون بکرێتەوە، بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆببنەوە و بەڕێزان یەك شتی تر هەیە ئەگەر ئێوە ڕەزامەندن لیژنەی کاروباری پەرلەمان و لیژنەی نەزاهە دوو لیژنەی پەرلەمانین خۆ ناکرێ لیژنەیەك بریتی بێت لە ٢٢ کەس هەر چۆن کۆببنەوە و چۆن بڕیار بدەن، پێتان باشە لەجیاتی ئەوەی ناومان بدەنێ بیخەینە دەنگدان چەند کەی لەگەڵ لیژنەی کاروبارە و چەند کەس لە گەڵ لیژنەی نەزاهەیە؟ یان تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان؟ باشە بەڕێزان با ئەم بابەتە حەسم بکەین، بۆ ئەوەی بچینە سەر

بابەتەکانی تر، ئەزانن ئەمڕۆ ئێمە بەیەکەوەین و من دڵنیام تا شەو ئەم بابەتە دەخایەنێت بابەتی مووچە ئێوە موشاوەرەیەك لە بەینی خۆتان بکەن و پێمان بڵێن چیتان دەوێ با بڕیارێکی بە پەلە نەدەین تکایە، بەڵام ئەبێ بەناو بیخەینە دەنگدان و بڵێین فلان و فلان .. هتد، یان ئەگەر ئەتانەوێ لەو دوو لیژنەیە بن لە تێکەڵەی هەردووکیان لیژنەیەکی تاك لەسەر چی ڕێك ئەکەون ئێمە لەسەر سەرمانی دائەنێین بەڕێزان، بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە بە پێی ماددەی/٧ بڕگەی/٤ خولی وەرزی تەشریعی بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ درێژ بکرێتەوە یا دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی ٦٥ ئەندامی پەرلەمان ئەم وەرزە درێژ دەکرێتەوە، ئینجا ئیستا هەموو نوقتە نیزامیەکان وەردەگرین پێش هاتنی حکومەت، فەرموون..... فەرموون... کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لگوری پەیرەوا ناوخۆیا پەرلەمانێ کوردستانێ ژمارا یاساییا پەرلەمانتارا مە داخاز کر کو ڕۆنیشتنەکا تایبەت لسەر لێ بڕینا مووچەی بهێتە ئەنجامدان، لێ بەداخەوە بەرنامێ کارێ پەرلەمانێ کوردستانێ بەهیچ ڕەنگەکی بەحسێ لی بڕینێ نەکریە، بەڵکو بەحسێ کورتهێنانێ کری، ئەم نزانین ئەم کورتهێنانە ڤە یکیڤە هینا، دەمەکی دا بەهایی نەفتی بڵند بوویە، داهاتێ ناڤخۆ زێدە بوویە، سەرەڕای هەندێ بەهایێ دۆلاری بەرامبەر دیناری عیراقی بڵند بوویە لی بەداخەوە پەرلەمانێ کوردستانێ نە شیا لەسەر وێ پرسێ ئەنجام بدات، ئەڤە کو وەکو پەرلەمانتارەك مە ئیمزا کری و داخاز کری، نە بتەنێ گوت و بێژا بکەن ناڤا هۆڵا پەرلەمانێ کوردستانێ دانوستاندن لەسەر موچەیی بێتە کرن، بەڵکو پەرلەمانێ کوردستانێ بڕیارا بدات خەڵکی هەرێما کوردستانێ چاڤەرێی وی چەندێیە ئەم نوکە پەرلەمانێ کوردستانێ بڕیار بدات و لێ بڕینا مووچەی نەمینەت نە ب تەنێ دانوستاندن بیت و گوهداریا وەزیرێن حکومەتێ بکەین و ڕاپۆرتێت خۆ ژ بۆ مە بخینن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی/٦٦ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان قسە ئەکەم، کۆبوونەوەی پێشو بەڕێزتان ڕاتان گەیاند لە جەلسەیەك دا کۆبوونەوەی ئایندە تایبەت دەکرێ بە گفتوگۆ کردن لەسەر چارەنووسی مامۆستایانی وانەبێژ، ڕۆژ نییە من تەلەفونی بیست مامۆستای وانەبێژ جواب نەدەمەوە بەو پێیەی کەمن لەو لیژنەیەم، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا وەعدت پێ دان کە کۆبوونەوەیەك دەکرێ لەسەر چارەنووسیان حەقی خۆیانە ئێستا بپرسن بۆچی ئەو کۆبوونەوەیە نەکرا؟ چوار هەفتەیە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان وەستێنرا، ڕاستە ئێمە وتوومانە با کۆبوونەوە بکرێ لەسەر مووچە و لەسەر کۆتایی هێنان بە لێ بڕینی مووچە، بەڵام پرسەکانی تریش گرنگ بوو بەڕێزتان دەتان توانی ڕوون کردنەوە بدەن و بڵێن لەبەرئەوەی کە وەزیری دارایی لێرە نییە و وەزیری سامانەسروشتیەکان لێرە نییە، بەڵام ئێمە وەعدیشمان داوە

مامۆستایانی وانەبێژ کێشەیەکی گەورەیان هەیە ئەبێ چارەسەر بکرێ، تایبەت بە نووسراو .... بورە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان ئەوەمان تەواو کرد تایبەت بە نووسراوەکە و حەسممان کردووە، بەڕێزان سەبارەت بە وانەبێژان ..... . بەڕێز کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماوەی ساڵێکی ڕابردوودا باس لە نایاسایی لێ بڕینی مووچە و ئەوەی کە گیرفانی مووچەخۆران ئەبڕێت لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێك جەلسەی پەرلەمانی تێك چووە لەوەی کە باسی لێ بڕینی مووچە بکرێت، یەکێك لەوانەی کە لە ماوەی پێشوودا ٥٧ واژوو کۆکراوەتەوە بۆ ئەوەی نوسیومانە لێ بڕینی مووچە نەمێنێ، بەڵام بەداخەوە لەبرەنامەی کارەکەی جەنابتان دا ئەمە نازانین بۆ ئەوەیە کە ڕێکارە وەکو ئەوەی کە حکومەت ناوی ناوە خوگونجاندن یان تەمویل کردن، نووسراوە چۆنیەتی پڕ کردنەوەی کورتهێنانی مووچە خۆی پێوستە پەرلەمان بڕیارێکی تەشریعی دەربکات بۆ ئەوەی کۆتایی لە لێ بڕینی مووچە و ئەم لێ بڕینی نایاساییە بهێنێ، دووەم/ داوا لە جەنابتان دەکەم هەر ئەمڕۆ لیژنەیەکی تەحقیقی لەکۆی سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ ئەو نووسراوەی جەنابتان و بۆ ئەوانەی کە ناو ئەبرێت لەم پەرلەمانە جێ بەجێ بکرێت و کۆتایی بەم قسانە بهێنێت و ئەم نووسراوەی جەنابیشتان بە هەموو شێوەیەك تەعنی لێ ئەکەین داوا ئەکەین کە هەڵوەشێندریتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماوەی ڕابردوو جەنابت لیژنەت تەشکیل کردووە و حاڵەت و کەیسیش هەبووە ئێستا ئەوەی کە خستوومانەتە دەنگدان و دەنگمان لەسەر داوە ماوەتەوە بزانین لیژنەکە کێیە نا ڕۆشنە، بۆیە داوا لە جەنابت دەکەم لە لیژنەی دەستپاکی و لەلیژنەی کاروباری پەرلەمان لیژنەیەك تەشکیل بکەن لەبەرئەوەی ئەگەر بە تەمای ئێمە بەجێی بهێڵی کە ١٠٩ پەرلەمانتارین مشوەرەت بکەین ناتوانین مشوەرەت بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێمە دەرفەتێك ئەدەینە سەرۆکی فراکسیۆنەکان ڕاوێژێك بکەن لەنێوان خۆیاندا هەر ئیختیارێکیان پێ باش بوو بەڕێزان ئەو بابەتە بەجێ ئەهێڵین بۆ خۆتان هەر چ ناوێك بخەنە بەردەستی ئێمە دەیخەینە دەنگدان، ئەگەر پێتان نەکراو نەتانتوانی ڕێککەوتن بکەن ئەو کاتە ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی چەند ناوێك دەخەینە دەنگدان، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەو قسەکانم ئاراستەی جەنابتان دەکەم، ئەبێ سەرنجتان لێرە بێت، ٥/٢٥ ئا لەویا جەنابت بەڵێنت بە ئێمە داو خۆشم شەخسیەن پێم وتی وتت دانیشتنی داهاتوو نابێت ئیللا

لەسەر بڕیاردانێکی تەشریعی بۆ نەمانی لێ بڕینی مووچە، جەنابت بە منت وت وتت ئەی ئەگەر دەنگی نەهێنا ئێستاش دەڵێین ئەگەر ئەم دانیشتنە حکومەت بێت یان نەیەت ئێمە ئەمانەوێ بڕیارێکی تەشریعی دەربچین، کێ دەنگ ئەیات بە لێ بڕینی مووچە فەرموو با دەنگ بدات، کێش دەنگ نایات بە لێ بڕینی مووچە فەرموو با دەنگ بدات، ئەمڕۆ ئەم موناقەشەی کە لێرە نووسراوە بەڕاستی هی ئەوە نییە کە ئەم هەموو خەڵکە چاوەڕێ ئەکات ئێوە هەمووتان بینیتان لەم ڕۆژەدا من خۆم لەگەڵ پێشمەرگەیەك دا سواڵم کرد بۆ ئەوەی منداڵەکانی عیلاج بکات، سواڵ ئیتر لەوە زیاتر هەیە پێشمەرگە سواڵی بۆ بکەی، بڕگەی/٢ توخوا ببورە دەقەی خۆم تەواو نەکردووە، بڕگەی دووەم لەسەر ئەو بڕیارەی لەم ئەخیرەدا دەرچوو ..... قسەی خۆم ئەکەم.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ناتوانی قسە..... تەواو برۆ پەیوەست مەبە، بەڕێزان ئیحساییەکتان بۆ ئەخوێنمەوە بزانن لە ماوەی سێ ساڵدا نۆزدە لیژنەکەی پەرلەمانی کوردستان تەنها ٢٦ جار لیژنەی لاوەکییان دروست کردووە، کە ئەکاتە (٠,٢٥) (سفر پۆنت بیست و پێنج)، ڕوپاك خان فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پەیڕەویمان هەبوو لەسەر بەرنامەی کار، بەڵام بەداخەوە چونکە کە خاڵی پەیڕەوی لەسەر بەرنامەی کار هەبێ بەر لەوەی دەست بە کۆبوونەوە بکەی دەبێ وەری بگری، بەداخەوە ئیدارەدانێکی خراپی کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکەی، ئیدارەدانێکی ناپەیڕەوی و نایاسایی، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پەرلەمانی ناشیرین کردووە بەڕاستی ڕۆژێك نووسراو دەردەکات نووسراوەکە ناپەیڕەوییە، ئیدارەدانێکی ناپەیڕەوی دەکات، ئەگەر بەس بەڕێزت دەستەی سەرۆکایەتی بەو پەیڕەوە کار بکەن پەرلەمان ئەوە دۆخی نابێت کە ئێستا هەیە، چەندین پەرلەمانتار ٣٠ پەرلەمانتار داوای نوقتەی نیزامیمان کرد هەمووی لەسەر بەرنامەی کار بوو دوو بڕگە، سێ بڕگە ڕواند ئینجا نوقتە نیزامی ئێمەت وەردەگری، وەرزی یاسادانان بۆ درێژدەکەیەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر وەعدمان پێ نەدەی و بەڵێنمان پێ نەدەی کە لەسەر سی یەکەمەکان، لەسەر وانەبێژان، لەسەر گرێ بەستەکان، ئەمانە هەمووی ئەو پرسیارانەن کە سێ ساڵە ئێمە لەماوەی ئەم خولەی پەرلەمان یەکلا نەبۆتەوە بۆمان، باشە بۆ وەرزی یاسادانان بۆ حکومەت درێژ بکەینەوە هەرچی پرۆژەی حکومەتە بیخەینە بەرنامەی کار ببینە پارێزەری حکومەت ...... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام دوو لەو پرۆژانەی پرۆژەی فراکسیۆنی کۆمەڵن، دووان لەو پرۆژانەی کە خراونەتە بەرنامەی کار پرۆژەی فراکسیۆنی کۆمەڵن ..... سوپاس، دیارە ئێوە حکومەتن دوانیان هی ئێوەیە هاتیشی سوپاست کردم کە لە بەرنامەی کارم داناوە، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوامان کردبوو دانیشتن بۆ ئەوە بکرێ کە کۆتایی بە لێ بڕینی مووچە بهێندرێت، نەك تیمی حکومەت بێ بڵێ پارەمان نییە و بەغدا پارە نانێرێ و ئێمە گوێمان لەو قسە بێ تامانە بێ کە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە، ئەوکاتە کە لێ بڕینی مووچە گوترا بۆ یەك مانگە ئەوکاتە

نەوت بە ٣٣$ بـوو ئێسـتا دوو ٣٣ ی دەکـاتە ٦٦، ئێسـتا بە ٧٦$ نەك ٦٦ دوو ئەوەنـدە زیـاترە، لـێ بڕین هەر ٢١% ـە، هیوادارم ئەو جەلسەیە بڕیاری کۆتایی هێنانی لێ بڕینـی مـووچە بـدرێت، نەك دانیشـین گـوێ لە هەنـدێك مـوبەرری زەعیفـی حکـومەت بگـرین، سـەبارەت بەو بڕیـارەش کە هەمووماـن تاوانبـار کـراوین، بەڕێــز سـەرۆکی پەرلەمــان بەڕێزتــان لەســەر داوای دەسـتەی وەبەرهێنان یان حکومەت یان هەر کەسێکە کە ئەو بڕیـارە دراوە، یەعنـی چـۆن بڕیـار دەدرێ کە نەزانی ئەو کەسە کێیە، یەعنی چۆن بە ناهەق تۆ بڕیار لەسەر ئێمەدا دەدەی والله مـن یەك بـاری خۆم ناچمە ژێر ئەو بڕیارە، پەنـجە بەچـاوی هەر کەسێکیش دادەکەم کە بڵـێ پـارەی وەرگرتـووە یان بەرتیلی وەرگرتووە و بەردەوام دەبم . ...... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مـوژدە خـان ئەمەوێ بـۆ هەمـوو لایەکـی ڕوون بـکەمەوە ئێسـتا بەڕێـز سـەرۆکی دەسـتەی وەبەرهێنانیش گوێی لێمە ئێمە بڕیارەکەمان دابوو، ئیمزامان کردبوو لە کاروباری پەرلەمان بـوو... بوەستن یەك لەحـزە ئینجـا بە سـەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانمـان گـوت کە ئـێمە بڕیارمـان داوە، چونکە لە هەندێ شوێن گوێم لێ بووە کە وتوویەتی لەسـەر پێشـنیارێکم بـووە، بەڵام ئەمەوێ بە هەمـوو لایەك و ڕای گشـتی ڕابگەیەنـم و ئێسـتاش گـوێی لـێمە کە ئـێمە بڕیارمـان دابـوو کە تەلەفونمان بۆ کرد، تەواو. کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن ئەمەوێ سـەبارەت بە نووسـراوی ١٧٥٥ قسـە بـکەم، ئـێمە ئەنـدامانی پەرلەمـان هەموومـان مەحکومین بەو سوێندەی لەم هۆڵە پیرۆزە خواردوومانە، هەمووماـن مەحکـومین بەو بەڵێنـانەی کە داومـانە ڕاسـتگۆ بـین، دەسـت پـاك بـین لەبەردەم میللەتەکەمـان و خـوای خۆمـان، بـۆیە نووسـراوی ١٧٥٥ لـێکەوتەی خراپـی سـەبارەت بە ئەنـدامانی پەرلەمـان لـێ کەوتـۆتەوە، ئێـوە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەبێ لەم حەقـیەقەتە تـێ بـگەن و لەم نیگەرانیـیەی ئەنـدامانی پەرلەمان تێ بگەن، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە ئەبێ ڕاستی و دروسـتی ئەم مەسـەلەیە ڕوون بکـرێتەوە، ئەگەر خـوا نەکـا ئەنــدامێکی پەرلەمــان بە خراپــی پــێگەی پەرلەمانتــاری و دەسـەڵاتی پەرلەمانتـاری بەخـراپ بەکارهێنـا بـێ بەهـیچ شـێوەیەك لەژێـر هـیچ بیـانویەك نـابێ چاوپۆشی لەو کەسە بکرێ، بۆیە دیسان تەئکید لەم بابەتە دەکەینەوە تکایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕیاری پەرلەمانیمان وەرگرت کە لیژنە دروسـت دەکەیـن، دەرفەت بـدەن بـۆ ئەوەی بـابەتێکی تـر باس بکرێت کە باس نەکراوە، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا/٥١ بڕگا/٢ نوقتا لانیزامی وەرگرم، ڕۆژی دوو شەممبە تەرخان کرنا بـۆ کۆبـوونەوەیەت لیجنە، ئەم نزانم دیڤ بڕیارەکا جێگری سەرۆکێ پەرلەمـانێ کو پێتڤیـا دوو مـاوە دەسـت نیشـان بـکەن بـۆ بانگهێشـتا وان دەرکرنـا وەزیـران یـان تیمـێ حکـومەتی، ئەم نـزانم پالپشـتی چ مـاددا پەیڕەوی کریە کو دوو ژڤان یان دوو مەوعید بێنە دەست نیشان کـرن بـۆ حکومەتێ، ل مێژوویـا ٢١ ی هەیڤی یا ٢٨ی هەیڤی کو ئەڤرۆ بـوو مە کۆبـوونەوە دانـابوو دگەل وەزیـرێ پەروەردێ وەك

لیژنا پەروەردێ دگەل وەزیرێ دارایی، ب سەدان مامۆستایەت وانەبێژ ئەڤروکە چاڤەرێ بوون ئەڤروکە جەلسا پەرلەمانی مەسیرا وان یەکلا بیتن لێ جهێ داخێیە وەکی یاداشتێ دیتن کو دوو یاداشت یاداشتەکی ٢٣ ئمزایە و یاداشتەکە ٤٣ ئیمزایا یا پێش هاڤیتن نوکە لیجنا پێتڤیا ڤی بابەتی یەك لا بكاتن ئایا بۆ ی ئەم بابەتە یەکلا نەبۆیە کو ب سەدان وانەبێژا ئەڤرۆکە مووچا هەیڤا ئێك و دوو و سێ و چار و پێنج و شەش وەرنەگرتینە، یەعنی مەعقولە مامۆستایەت وانەبێژ پارە ژ بەریکا خۆ بداتە رێ..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا حکومەت لێرە ئەبن ئەو پرسیارەیان لێ بکەن تکا دەکەم ئەو بابەتە ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی حکومەت دەتوانن ئەو پرسیارە سەبارەت بە مەسیری وانەبێژان بکەن، وەزیرەکان هاتوون فەرموویان لێ بکەین بێنە ژوورەوە بۆ ئەوەی دەست بە دانیشتنەکە بکەین؟ کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، داوات لێ ئەکەم کاتەکەم پێ بدەی، لەبەرئەوەی هەر کاتێك من قسە دەکەم گوتووتە بەسە قسەم نەکردووە، حەزیش ناکەم زیاتر لەسەری بڕۆم کە وتووتە، بەڕێزان گرفتێکی کشتوکاڵیمان هەیە زیاتر لە دەیان تەلەفونم بۆ هاتووە کە لە سایلۆکان کارێکی وا کراوە گەنمەکانی ساڵانی پێشوو ٨٥% ی بە دەرەجە یەك تەواو ئەدرا لەقەڵەم لە ١٠% ی بە دەرەجە دوو، ٥%ی بە دەرەجە سێ، ئێستا بە عەکسەوەیە لە ٨٥%ی بە دەرەجە سێیە، لە ١٠%ی دەرەجە دووە، ٥%ی دەرەجە یەکە، ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە بەهەموو قەناعەتێکەوە ئەڵێم ئەوە دەستێکی لەپشتە تەرکیز دەکات لەسەر ئەوانەی کە لەو شوێنە موختەبەرە بەو شێوەیە داینێن، لەبەرئەوەیە فەلاح زەرەری زۆری کردووە، خاڵێکی تر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بمبورە یارمەتیم بدە مەمنون دەبم، ئەو لیژنەی کە بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بریارمان دا لیژنەی لەسەر بگرین، من لیژنەکە بەزیاد دەزانم هۆکاری ئەوەش دیارە بەڕێزت بمبورە ئەو قسە بەرامبەر بەڕێزت ........ ئەگەر روخسەت بەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان یەك دەقە، بەڕێزت دیارە بە مەصدەرێکی صحیح و موتڵەقەوە ئەوەت دەست کەوتووە، ئەگینا جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمان نووسراوێکت نەدەکرد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دیارە دڵنیایی لەوەی جەنابت چۆن ئەو مەسدەرەت دەست کەوتووە؟.. .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی بەڵێ بەناوی پەرلەمانی کوردستان بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکان و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەخێر بێن، کاك هاورێ فەرموو.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دوو، سێ بابەت بە کورتی قسە دەکەم، بەڕاستی بەرنامەی کار دەبوو ڕێککەوتننامەی پەنجا ساڵەی تێدابووایە لەگەڵ تورکیا، لەبەرئەوەی یاداشتمان هەبووە لە ماوەکانی پێشوو، دواتر لەسەر نووسراوێکی ڕۆژی پێشووتان قسە دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من بۆ خۆم هەڤالانم زۆر باسی ئەوەیان کرد لە پەیج و سایتی فەیك و بێ خاوەن و ئەو شتانە قسە کراوە،

هیچ منەتم پێی نییە هەرچی قسەیە کراوە ئەسڵەن نایبینم و گرنگی پێ نادەم، لە ماوەکانی پێشوو بە چ نەفەسێك کارم کردووە بەوەوی کە لە هەر شوێنێك گەندەڵیەك، فەزاحەتێك، دزییەك هەبووبێ لەهەر پرۆژەیەك لە ماوەکانی پێشوو سوورترم لەسەری، لە لێ بوردنی نووسراوەکەی ئێوەش بەهیچ جۆرێك من کاری پێ ناکەم و کاریگەریشی نابێ، دواتر لەسەر ئەوەی من لە جەلسەی پێشووش ئاماژەم بەوە کردبوو کە پێشنیارم کردبوو لەسەر ئەوەی جەلسەیەك ئامادە بکرێ بڕیاری پەرلەمانی و تەشریعی تێدا بدرێ، لەگەڵ ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستانی دژی لێ بڕینی مووچەی فەرمانبەرانە، بەڵام ئەگەر ئێستا بڕیاری تێدا نادرێ لەم جەلسەیە با لە ئێستا وە بیزانین، بۆیە دڵناییمان پێ بدەن لەسەر ئەوەی کە ئەم جەلسەیە یەکلا بێتەوە چی فراکسیۆنێك دژی لی بڕینی مووچەیە و چی فراکسیۆنێك لەگەڵ بڕینی مووچەیە؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، نازانم من لە ئێستاوە تا دە سەعاتی تر چی ڕوودەدات، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت دکتۆرات لە قانون دایە، پرسیارەکەم موەجەهە بۆ جەنابت، یەعنی ئایا پەیڕەوێکی ناوخۆمان هەیە بە دەنگی پەرلەمانتاران پەسەند کراوە، بڕیارێکی کارگێڕی خۆ نەقڵ کردنی فەرمانبەرێك نییە لە هۆبەیەك بۆ هۆبەیەکی کە، تۆ بڕیارێکت دەرکردووە شکۆی پەرلەمانتارت شکاندووە، حسابت بۆ پێگەی پەرلەمانتار نەکردووە، یەعنی چی سەرۆکی پەرلەمان بڕیارێك ئەنووسێت و ئەینێرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە پێی ماددەی/٢٢ بڕگە/٦ و بەپێی یاسای هەڵبژاردن کە پەرلەمانتار سوێندی یاسایی خواردووە نوێنەری گەلە بۆی هەیە لێکۆڵینەوە بکات لە هەموو پرسێك، ئەم بڕیارەی تۆ پاڵپشتە بە ماددەی/٤٠ و ماددەی/٤١ پەیوەندی بە لیژنەکانەوە هەیە، تۆ قانونیت پێم سەیرە عەیبەی تیا نییە ئەگەر جەنابت لەم بریارە پاشگەز ببیتەوە نە ئەخرێتە دەنگدان، ئەگەر نایخەیتە دەنگدان دڵنیابە سەرۆکی پەرلەمانی داهاتوو ئەم بڕیارەی تۆ هەڵدەوەشێنێتەوە، تکا دەکەم یەعنی ئەم بڕیارە پەرلەمان بیخاتە دەنگدان دڵنیا بە بەوە دەنگ زیاتر ئەهێنێ، ئەم بریارەی تۆ ناقانونیە ئیحترامی شکۆی ئەم پەرلەمانە بگرە ئەو لیژنە لێکۆڵینەوەیە کێ خراپی کردووە و ئیحترامی پۆستەکەی خۆی نەگرتووە وەکو پەرلەمانتار خەریکی گەندەڵی و فەسادی بووە ئەمە با بۆ ڕای گشتی ئیعلان بکرێ و ئیجرائاتی لەگەڵ دا بکرێ، ئەم بریارە بکشێنیتەوە شتێکی ئیداری زۆر خراپە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێمە کە لیژنەی ئامادەکردنی پەیرەوی نوێ بووین مامۆستا ابوبکر ئەندامی ئەو لیژنەیە بوو جگە لە برای بەڕێزمان خوا لێخۆش بوو د.فرست کە سەرۆکی لیژنەکە بوو هەموو ئەندامەکانی تری لیژنەکە ماون، بۆ شێوازی مامەلە کردن و چاودێری کردنی کەرتی تایبەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئێمە کەوتینە ناو جەدەلیەت و موناقەشەییەکی زۆر گەورە بۆ تەفسیر کردنی ئەو ماددەیەی کە ئەڵێ ئەندامی پەرلەمان مافی چاودێری کردن و بەدواداچوونی هەیە مەبەستی حکومەتە و کەرتی تایبەتیشە لەبیرمە ئێمە زیاتر لە پەیڕەوێکی ناوخۆی

پەرلەمـانی وڵاتانمـان هێنـا، ئەو کـات یەك دەرچەمـان دۆزیـیەوە بـۆ مـامەڵە کردنـی ئەنـدامی پەرلەمان و پەرلەمان بەشێوەیەکی گشتی لەگەل کەرتی تـایبەت بەشـێوازی ڕاستەوخۆ ئەویش ئەوە بـوو کە لەڕێـگەی لیـژنەی پەرلەمـانییەوە بـێ واتـا لە ڕێـگەی هەمیشـەییەکانی پەرلەمـانی کوردستانەوە بێت، بەڕێزتان زیاتر لە جارێك وتووتانە ئێمە ناچین بۆ لای وەزیـر ئەبـێ وەزیـر بـێ بۆ ئێرە، واتان وتووە و حەقی خۆتانە، پێتان وایە دەنگتان داوە بە بەڕێز وەزیرە بەڕێزەکان ئەبێ ئەوان بێن بۆ ئێرە، ئەی چۆن ئاساییە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت گەندەڵی کردبوو ئەنـدامێکی ئازیزی شکۆداری پەرلەمانی کوردستان بچێ بۆ لای کۆمپانیا، ئەگەر لەڕێـگەی لیـژنەیەکەوە نەبـی بەڕێزان داواتان لێ دەکەم سەیری ئەرشیفی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بـکەن لە خولەکـانی ڕابـردوو، هەمـوو لیژنەیەکـی پەرلەمـانی کە مەبەسـتی بـووبێ سـەردانی پـرۆژە بکـات، پـرۆژەی حکومی بووبێ بە تەواوەتی یان پرۆژەی تێکەڵ بووبێ یان وەبەرهێنـان بـووبێ جەدوەلەیەکـی داناوە کە لەم مانگەدا سەردانی ئەم پرۆژەیە دەکەین لەڕێگەی ئەم لیـژنە لاوەکیـانەوە، ڕاسـتەخۆ حکومەت ئاگادار کراوەتەوە کە مـوقعی عەمەل ئاگـادار بکـاتەوە لەوەی کە لیژنەیەکـی شـکۆداری پەرلەمانی کوردستان ئەچێ سەردانی ئەو مەوقعە دەکات و بەرێوەبەری گشتی ئەو کەرتە ئەبـوو لەگەڵ لیژنەکەی پەرلەمانی کوردسـتان بـێ، ئەوەی کە پەرلەمانتـاری کوردسـتان مـامەلەی لەگەڵ دەکرد، لێ پرسراوە حکومییەکەیە کە ئەبێ چـاودێر بـی لەسـەر کەرتـی تـایبەت، نەك بچـی قسـە لەگەڵ کۆمپانیا بکەی، دڵنیاتان دەکەم کە ئێمە بە تەنها مەبەستمان ڕێکخسـتنی ئەم بـابەتە بـووە، پـێم خـۆش نیـیە ئەم ڕەقەمـانە لەبەردەمـی ڕای گشـتی دا بڵـێم، بەڵام ئـێمە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی لە سـێیەمین سـاڵەی کە تەواو ئەبـێ پەرلەمـانی کوردسـتان ویسـتمان ئەحسـایەك حـازر بکەیـن، دڵـم ئێشـێ کە ئەم ئیحسـایە ئەخەمە بەردەم ڕای گشـتی، بەڵام بۆمـان دەرکەوت ئیشـی لیـژنە هەمیشـەییەکانی پەرلەمـانی کوردسـتان لە بانگهێشـت کردنـی وەزیرەکـان و لە بانگهێشـت کردنـی بەڕێـوەبەرە گشـتییەکان و لەو شـێوازە بەدواداچـوونەی کە پەیوەنـدی بە نـاو پەرلەمان هەیە ئیحسائیەیەکە کە جێگەی دڵخۆشییە، بەڵام بەڕێزان ئەمەی لەبەردەسـتی منـدایە و دواتر دەیـخەمە بەردەسـتی بەڕێزیشـتان ژمـارەی پرۆژەکـانی وەبەرهێنـان و کەرتـی تـایبەت و پـرۆژە حکومییەکـانی کە لە زەمەنـی کـابینەی نۆیەمـا حـزوری هەیە، زیـاتر لە هەزار پـرۆژەیە، ئەمەشـی کە دواتـر ئەینێـرم بـۆ بەڕێزتـان کـۆی ئەو لیـژنە لاوەکیـانەیە کە هەمـوو لیژنەکـانی پەرلەمـانی کورسـتان جـگە لە لیـژنەی یاسـایی کە مـوزەم نییە و لیـژنەی کاروبـاری پەرلەمـان کە مـولزەم نیـیە سـەردوانی مەیـدانی بکـات و ئیشـەکانی لێـرەیە، بە هەمـوو لیژنەکـانی پەرلەمـانی کوردستان (٢٦) جار لیژنەی لاوەکیان دروست کـردووەو بـۆ سـەردانی پـرۆژە، یەعنـی ئەگەر (٢٦) دابەش بکەی لەسـەر هەزار دەکـاتە (٠,٠٢٦) (سـفر پۆینـت سـفر بیسـت و شـەش)، ئەگەر دابەشـی بکەی لەسەر ژمارەی لیژنە کانی پەرەلمـانی کوردسـتان، ڕەقەمێکـی وایە کە ئـێمە لەڕوومـان نـایە داینێین لەناو تەقیمەکەمان بۆ لیـژنە لاوەکیەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان، کە ئەمەوێ بـچەوە بە ئەرشـیفی ........ بەڕێـزان تکاتـان لـێ ئەکەم، تکـا دەکەم پەخـش ڕاگـرن ........ باشـە بـا هەبـێ..... بەڕێزان واتا لە کـۆی هەزار پـرۆژەی ئەم حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانە ئـێمە موتـابەعەی (٢,٦) مـان کـردووە وەکـو لیـژنە لەکاتێـك دا بە تەنهـا یەك لیـژنە، لیـژنەی خـولی سـێیەمی پەرلەمـانی کوردستان کە سەیرم کردووە، بە تـاقی تەنیـا یەك لیـژنە (١١٣) مەوقعیـی پـرۆژەی بە تـاقی تەنها بەسـەر کـردووەتەوە، بەڵـی بەڕێـزان لەبەرئەوە دڵنیاتـان دەکەم، کـاك دیـاری داوا دەکەم بە دڵـی

خۆتان قسەتان کرد دەرفەت بدەن با منیش قسە بکەم، ئاخر خوا مە هێنە رجا با قسـەکانم تەواو بکەم با فێری ئەوە بین گوێ لە یەکتری بگرین، من هێشتا قسـەکانم تەواو نەبـووە، بەرێـزان ئـێمە لەپەرلەمـانی کوردسـتان حەز دەکەیـن رێـژەی بەدواداچـوونی لیژنەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان لەئاسمان بێ هەموو پێداویستییەکانیشی بۆ دابین دەکەین، ئەشمانەوە مشـکلەکانیان حەل ببـێ، ئێمە باسی پرۆژە ئەکەی، بەڕێزان لێتان تێك نەچێ ئێمە باسی سـەردانی کردنـی پـرۆژە ئەکەیـن، نەك سـەردانی کردنـی مەیـدانی، رەقەمـی پـرۆژە و سـەردانی پـرۆژە بـاس دەکەیـن لەبەرئەوە دەمەوێ دڵنیا بـن کە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان هیـچ زانیـاریەکی دەقـیقە و پشـت ڕاسـت کـراوەی لەسەر هیچ یەکێك لەو دەنگۆیانە نییە، داواتان لی ئەکەم تەرکیز باب بکەیـنە سـەر دانیشـتەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەڵێ د.زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان خۆشە لەسەر دوو خاڵ قسە بکەیـن، خـاڵی یەکەم/ ئەو ئامـارەی کە جەنابـت ڕاتگەیانـد بـۆ ڕای گشتی دڵتان ژان دەکات والله دڵتان ژان نەکات، ئەگەر حەقیقەتێـك هەیە بـۆ ڕای گشـتی ڕای بگەیەنـــن، هەڤـــاڵانی ئـــێمە لە لیژنەکـــانی هەمیشـــەیی پەرلەمـــانی کوردســـتان بەوپەڕی بەرپرسیاریەتەوە بەشدارن لە لیژنە لاوەکیەکان، بەڵام ئەوەشیان هەر لە ئەسـتۆی جەنابتـان دایە لیژنەی لاوەکی لێرەوە چۆتە پارێزگای سلێمانی یەکەم سـەردانی ئەنجـام داوە لە دووەم سـەردان دا بە ئەمری جەنابتان لیـژنەکە لە سـلێمانییەوە گەڕاوەتەوە بەس لەبەر هۆکـاری ئەوەی کە پێیـان بڵێن، ئـێمە نـاتوانین مەسـروفاتی لیـژنە لاوەکییەکـان هەڵبگـرین، ئەوە نـوقتەی یەکەم، هەڤـاڵانی پەرلەمانتار بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمـان بـۆ ئەوەی ڕای گشـتی بیزانـێ نە ئۆتۆمبیلیـان بـۆ دابـین دەکـرێ نەوەسـلی بەنزینەکانیـان بـۆ سـەرف دەکـرێتەوە، نە پـارەی مەسروفاتی سەفەرەکانیان پێ دەدرێ تاوەکو ئێستا سێ ساڵە لەسەر بەرکـی خۆیـان ئەم لیژنـانە بەدواداچـوونی خۆیـان دەکەن و دەبـێ ڕای گشـتی بیزانـێ کە ئەمە کەمتەرخەمـی پەرلەمانتـار نییە، ئەوەش نوقتەیەکی تر، خاڵی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تایبەت بەم بـابەتەی کە بەڕێزتـان نووسـراوتان دەکـردووە ئـێمە لە فراکسـیۆنی پـارتی یەکەم فراکسـیۆنی پەرلەمـان بـووین ڕاگەیاندراومان بڵاوکردەوە بێ باکی هەڤاڵانی خۆمان لەم بـابەتە بـۆ ڕای گشـتی ڕاگەیانـد ئێسـتا پشـتگیری تەواو لە بڕیـاری کە بەو بڕیـارەی بە کـۆی دەنگـی پەرلەمانتـاران درا ئەمـڕۆکە بـۆ پێکهێنـانی ئەم لیـژنەیە دەردەبـڕین، ئەم لیـژنەیە دەبێـت دەسـت بەکـار بێـت و دوو لیـژنەی تایبەتمەندمان هەیە لە پەرلەمـانی کوردسـتان لیـژنەی کاروبـاری پەرلەمـان و لیـژنەی دەسـتپاکی، زۆریـنەی فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـان ئەنـدامیان لەم دوو لیـژنەیەدا هەیە، کـورتکراوەی ئەم دوو لیژنەیە لیژنەیەك پێك بهێنـدرێت بەمەرجێـك ئەنـدامانی فراکسیۆنەکان تیکرار نەبـنەوە چـونکە ئێمە مەبەستمانە ئەندامانی سەرجەم فراکسیۆنەکان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسـەڵاتەوە بەشـدار بـن لەم لیژنەیە، بەڵام لێرەوە با لەسەر ئەمە یەکلا بینەوە ئەنجامی ئەم لیژنەیە تەواو بـوو دەبـێ ئەم پەرلەمانتارانەی ئەم هەڵانەیان کردووە بەو قسانەی جەنابت بێت دەبێت هەڵەیان کردبێت، بەڵـێ هەڵەیـان کـردووە دیـارە، چـونکە جەنابـت تەئکیـدت کـردەوە چـوونە لەگەڵ کۆمپانیـای گەنـدەڵ دانیشتوون، کە لەگەڵ کۆمپانیای گەنـدەڵ دانیشـتوون ئێسـتا جەنابـت باسـت کـرد، مـادام لەگەڵ

کۆمپانیای گەندەڵ دانیشتوون دەبێت لێرەوە پارێزبەندی لەسەر ئەم پەرلەمانتارە هەڵبگیرێت و بدرێتە دادگا....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ جاری قسەکانی خۆم حەز ئەکەم وەکو خۆی بگات، من ئەڵێم بەڕێزان جارێ سەبارەت بە مەسەلەی مەسروف و ئەوانە ئێمە دیوان بانگ دەکەین و ئەبێ لێ پرسینەوەیان لەگەڵ دەکەین سەبارەت بەو قسەیەی کە بەڕێزت ئەیکەی، پەرلەمانی کوردستان مولزەمە پابەندە کە لیژنەیەکی لاوەکی ئەرواتە سەیارەی بۆ دابین بکات و بەنزینیشی بۆ دابین بکات، بەڕێزان باسی پرۆژەکان دەکەین ئەگینا دەیان لیژنە لە پەرلەمانی کوردستان، سەدان لیژنە بە مەبەستی سەردانی کردنی کردنی بابەتەکانی تر سەردانیان دەکەنەوە، بە نموونە هەر لیژنەیەك ڕەنگە دارایی دە تا بیست سەردانی خاڵە سنووریەکانی کردبێت، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی دەیان سەردانی سجنەکان و دامەزراوەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە، ئێمە باسی پرۆژەکان ئەکەین، ئەگەر ئەم بابەتە با حەسم بکەین، بەڕێزان تکایە با کۆتایی بەم بابەتە بهێنین و بچینە سەر بابەتی مووچە، ئەم بابەتە با کۆتایی پی بێنین و بچینە سەر بابەتی مووچە، بەڵێ سەرۆکایەتی هەر سێ لیژنەی یاسایی و دارایی و پیشەسازی و وزە فەرموون، بەڕێزان... بەڕێزان، ئاخر هەر زیاد دەکات نوقتە نیزامی، من ئەزانم هەر ١٠٨ ئەندام پەرلەمانەکەش لەسەر مووچە قسە دەکات، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە (٥٧) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کاتێك کە یاداشتمان پێشکەش کردووە یاداشتەکەی ئێمە ڕوونە داوامان کردووە لەسەر لێ بڕینی مووچە بێت، چونکە پێمانوایە لێ بڕینی مووچە نا یاساییە و داوامان کردووە پێویستە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی تەشریعی دەربکات و حکومەت مولزەم بکات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو قەرارە نا یاساییە کە ئەویش لێ بڕینی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانە، پێویستە ئەمە کۆتایی پی بێت، چونکە ئێمە قەناعەتمان وایە کە داهاتی هەرێمی کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە بەشی مووچەیەك بکات، بەڵکو بە قەناعەتی مە و بە پێی بەدواداچوون نوێنەرانی حکومەت لێرەن من تەحەدای حکومەت دەکەم داهاتی هەرێمی کوردستان بەشی دوو مووچە دەکات، نەك یەك مووچە، بۆچی تا ئێستاش لی بڕینی مووچە بەردەوامە و حکومەت ئامادە نییە لێ بڕینی مووچە کۆتایی پی بهێندرێت، بۆیە داوا دەکەین لێرە قەراری پەرلەمانی و بڕیاری تەشریعی دەربکرێت، کۆتایی بە لێ بڕینی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بهێندرێت با چیتر مووچەخۆران نەبنە قوربانی و نەبنە سووتەمەنی بڕیارەکانی حکومەت و بڕیارە نا پەیڕەوییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان پشوویەك بۆ ماوەی یەك چارەگ وەرئەگرین.

**پاش پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

توخـوا رجـائەن بەسـە، بەڵـێ بەڕێـزان (کـاك رزگـار، کـاك بهجـت، کـاك فیصـل) فەرمـوون بچـنە شوێنەکانی خۆتان، ئێمە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر پۆلیسەکان پێك ئەهێنین دڵنیا بـن، فەرمـوون، بەڕێزان فەرموون برۆنەوە شوێنەکانی خۆتـان ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، بەڕێـزان ئـاخر لەم بەزمە ئەترسـین بـۆیە پـۆلیس لەوێ دەوەسـتێ، هلـز خـان ئـێمە وتمـان لیـژنەی تەحقیقـی لەسـەر دائەنێین، من لە ژوورەرەم لە دەرەوە چی ڕوو ئەدا نازانم، فەرموون، ئەی ئێمە چۆن نەمـان دیـوە چۆن قسەی نەکرد.

**بەڕێز ئاشنا عبدلله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسـەم لەسـەر ئەوەیە کە ئەو بـڕگەیە کە دانـراوە لەگەڵ نـاوەڕۆکی ئەو دوو یاداشـتە تەواوی نـاوەڕۆکی ئەو دوو یاداشـتەی تیـا نیـیە کە پەرلەمانتـاران پێشکەشـیان کـردووە، سـەبارەت بەو قسـانەی بەڕێـزت و ئەو ڕوونکـردنەوانەی کەدات لەسـەر نووسـراوی (١٧٥٥) مـن تـێ بینـی ئەوەم هەیە ئەو نووسـراوە جـگە لەوەی کە بنەمـایەکی پەیـڕەوی و یاسـایی نیـیە، بـاتڵە و پـێچەوانەی پەیـرەوی ناوخۆشـە لە بڕگەکـانی پەیـڕەوی نـاوخۆدا، سـەبارەت بەو قسـانەی بەڕێزتـان کردتـان لەسەر ڕێگرییەکان لە ئەندامانی پەرلەمان لەوەی کە لیژنە پێك بێت، سەرەتا خۆتانن ئامـار و داتـا دەخەنە بەرچـاو لەسـەر ئەنـدامانی پەرلەمـان، جـگە لەوەی کە جەلسـەی پەرلەمـان نەکـراوە و ئەندامانی پەرلەمان مەوجود بن لەناو پەرلەمـان و کـاری لیژنەکـانی خۆیانیـان کـردووە، لەوانەیە لیژنەی لاوەکی پێك نەهات بێـت، بەڵام ئەی ئەو ئامارەتـان لەسـەر پەرلەمانتـاران خستەڕوو ئەی بەڕێزتان لە دەستەی سەرۆکایەتی ئێوە چیتان کردووە و ئامار و داتاکانی خۆتـان بـۆ نـاخەنەڕوو، چیتان بۆ خەڵکی کوردستان کردووە، چ بڕیارێکتان پێشنیار کردووە تا ئەندامانی پەرلەمـان بڵێن ئەمە بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمانە ئێمە با دەنگی پی بدەین........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئامارەکانی خۆشمان دەخەیـنەڕوو دلنیـا بە، بەڕێـزان سـەبارەت بە ..... بـا کۆتـایی پـێ بێـت، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەخش هەیە یان وەستێنراوە؟ چوزانم گومانمان لە هەموو شتێك هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نازانم... هەیە هەیە، گومانی ناوێ خۆ تۆ بۆ تەلەفزیۆن قسە ناکەی بۆ ئێمە قسە ئەکەی، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله بۆ هەر دووکی قسە ئەکەم، بۆ رای گشتی قسە ئەکەیـن بـۆ پەرلەمـان قسـە ئەکەیـن، مـن لە دوو خاڵدا قسـەم هەیە، یەکەم/ لەسـەر خشـتەی بەرنـامەی کـارە کە شـەش بـڕگەیە لە دانیشـتنی

(٢٥) ی مانگ دا جەنابت خۆت بەڵێنت دا وتت دانیشتنی ٦/٢ تایبەت ئەکەین بە مامۆستایانی وانەبێژ و سێ یەکەمەکان، وتت وەزیری داراییشی بۆ ئیزافە ئەکەین بۆ فەرمانبەرانی گرێ بەست، باشە شەش برگە نەبووایە و حەوت بووایە، ئەوانیشی تیا بایە، چونکە مەعقول نییە ٥٥ هەزار کەس چاوەڕێی دانیشتنێك بکات و دانیشتنێکیان پێ نابڕێ بە چ قانونێك ئەدرێ بە لیژنەی خوێندنی باڵا و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و وەزیری خوێندنی باڵا یەتە لیژنەی پەروەردە وە ئەلێ سێ یەکەمەکان دانامەزرێن با خەڵك گوێی لی بێ با لە کۆبوونەوەی داخراوا نەبێت، ئێمە داوامان کردووە، با جوابەکان بە ئێمە بدەن، بەهەمان شێوە بە نیازین مامۆستایانی وانەبێژیش بدری بە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و دانیشتنی پەرلەمانی لێ نەکرێ، یەعنی ئەوان دانیشتنێکیان پێ نابڕێ؟ ئەمە یەك، خاڵی دوو/ سەبارەت بەو نووسراوەی لەسەر پەرلەمانتاران کراوە تورقی تەعن لەو بابەتە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ناتوانێ تورقی تەعن بکات، چونکە ئێمە سابیقەی قەزائیمان هەیە لە خولی پێشوودا تەعن دراوە لە بڕیاری کارگێڕی پەرلەمان ئەوان نەیانتوانیوە تەدەخول بکەن و نەیانتوانیوە ئەو بڕیارە یەکلایی بکەنەوە، لەبەرئەوە تورقی تەعن ئەوە کەموکورتیەکە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دا هەیە و ئەبێت تەعدیل بکرێ پەیڕەوی ناوخۆ ئەبێ تورقی تەعن دیاری بکرێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم بابەتە دووبارە نەبێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، جوان خان فەرمووە.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ڕای گشتی کاری لیژنەکانت بەیەکەوە باس کرد، لیژنەکانیش هەموو بە پێی تایبەتمەندی خۆی بە یەك چاو سەیرت کردن لەسەردانی کردنە..... دوایی وتت لە سەردانی کردنی پرۆژەکان و کاروبا چالاکیەکان سفر پۆینت نازانم چەندت دا بە هەموو لیژنەکان وەکو یەك، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان کە باسی لیژنەکان دەکەی بۆ ڕای گشتی لیژنەکان کاتێك چلاکییەك دەکەن، لیژنەکان کاتێك هەر ئیشێکیان دەبێت دەبێت سەد جار سەردانی دیوان بکەن، بۆ ئەوەی پارەکەیان بۆ سەرف بکرێت، پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك زانا و پشتگیری تەواوی قسەکانی ڕۆژان خان دەکەم، بۆیە ئێمەش وەکو پەرلەمانتاران داوا دەکەین سەرۆکایەتی پەرلەمان چی کردووە بە ئامارێك بخاتە بەردەم پەرلەمانتاران و ڕای گشتی بزانین سەرۆکایەتی پەرلەمان چی کردووە ئەگەر پەرلەمانتاران هیچیان نەکردووە، جگە لە ناشیرین کردنی پەرلەمانتاران بزانم چیتان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، جارێ یەکەم ئێمە وتوومانە بە تەنها پرۆژەکانی حکومەت و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و تەئکیدمان کردووەتەوە ئێمە لەم بابەتەدا بە تەنها مەبەستمان پرۆژەیە، ئەگینا لیژنەکانی پەرلەمان مایەی سەربەرزین لەبەدواداچوون و چالاکیەکانی بوارەکانی تر، ئێمە ئامارەکەی خۆشمان وەکو ئامارەکەی ئێوە دڵنیا بن تەقیم بۆ خۆشمان ئەکەین بزانین چەند کۆبوونەوەمان کردووە و چیمان کردووە، دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی

کار دەکەین، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات با دەست بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین بۆ قسە کردن، ئەوانەی لێرە نین حەقی ئەوەیان هەیە کە هاتنە ژوورەوە ناویان ئیزافە بکەین، شایان خان فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ڕووی دا لەناو ئەو قاعەیە عەیبەکی زۆر زۆر گەورە بوو بۆ سەر پەرلەمان و پەرلەمانتاران و شکۆی پەرلەمانتارانەوە، عەیبەیەکی زۆر زۆر گەورە بوو بەڕاستی، سکیورتیت بۆ بێنیتە ژوورێ، هەرچیەکی بی با ئەگەر غەڵەتت کردیە داوای لی بوردن بکە بەس مۆبایل فڕاندن عەیبە، ئەمن لەسەر جادەش عەینەن حاڵ بوو مۆبایلیان لی فڕاندم، یەعنی نەفسی تەسەروف لەسەر جادە نەفسی تەسەروف لەناو پەرلەمان کە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی یاسادانانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەواوەتی حەقی خۆتە ئەو پۆلیسە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە دەبێ لیژنە تەحقیقی لەسەر دابندرێ خاتوون گیان، فەرموون.

**بەڕێز د. شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله هیچ سوپاستان ناکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیوادارم کاتێ کە داوای نوقتە نیزامی ئەکرێ ئەم دانیشتنانەی پەرلەمان بە هێمنی و بە هادئی بڕوات بەڕێوە جەنابت ڕێگری نەکەی لە هیچ کەسێك هەر لە دەسەڵاتەوە هەتا موعارەزە، من ئەمەوێ ئاماژە بەم بە خاڵی پەیرەوی ژمارە (٥٤) سەبارەت بە ئەو سزادراوە سیاسیانەی کە لەناو وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر هەڵسوڕاوانی گۆڕان جێ بەجێ ئەکرێ و هەتا ئێستا بەردەوامە، ئاماژە بەم بەوەی کە تا ئێستا ئەو مەناسبانەی کە ئەفسەرەکان کە گەڕاونەتەوە بۆ سەر وەزیفەکانیان بەشێکیان تا ئێستا مەنسەبی وەزیفەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە، وێڕای ئەوەی کە ئەو جوندییانەی لە هەڵسوڕاوی گۆڕان بوون و لەسەر گۆڕان بوون سزای سیاسی دراون ئەوانە بە میلاکی زیادە حسابیان بۆ کراوە، جگە لەوەی کە لەناو وەزارەتی پێشمەرگەیە بۆ بەرپرس هەیە پێنج هەزار لیتر بەنزین سەرف ئەکرێ، بەڵام بۆ لیوایەکی هێزی پێشمەرگە هەزار لیتر بەنزین سەرف ئەکرێ، وێڕای ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە ڕاهێنانی پێ ناکرێت لە پاڵ ئەمەدا ئەو خۆراکەی کە بۆ هێزی پێشمەرگە دابین کراوە خۆراکێکی پێویست نییە، ئەو دوو نەوعە لە دوو کۆمپانیای جیاوازەوە کە دێت بۆ هێزی پێشمەرگە یەکێکیان کۆمپانیای (سەرهەد)ی ناوە، یەکێکیان کۆمپانیای (خەبات) ئەم مانگەی کە ئەو ئاردەیان ناردووە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕ لە کرمە، ئەمە جگە لەوەی شکۆی ئەفسەرانی پێشمەرگە ئەشکێنرێت، لەبەرئەوەی

به ئاشكراو بەڕوونی بینیومانە ئەفسەری پێشمەرگە هەبووە پلەكەی نەقیب بووە لەناو پیكابی كرێكاری دا ڕۆیشتووە بۆ كرێكاری، لەبەرئەوە ئێمە داوا دەكەین بەڕاستی وەزع و ژیانی پێشمەرگە بە ئاستێك ببرێ كە پێشمەرگە پێویستی بەوە نەبێ بڕوات كرێكاری بكات و پێشمەرگە لە پەنجا پلەی گەرمی دا ...... ئەگەر ڕێگەم بەی تەواوی بكەم تەنیا ئەم خاڵەم ماوە.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، زۆر زۆر بەڕێزی تۆ زۆر ئازیزی، بەڵام هیچی خاڵی پەیڕەوی نین، ئەوانە ئەبێ بەڕێزت بە یاداشتێك بیدەیتە لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی پێشمەرگە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە بانگ بكەن ئەو قسانەی كە لە هۆڵی پەرلەمان ئەكرێ هەر ئاوا ئەڕوات، بەس قسەیە، مشكیلە چارەسەر ناكات، ئەم بابەتە ئەبی لیژنەی پێشمەرگە بەدواداچوونی بۆ بكات لەگەل وەزیری موختەس قسە بكات و ڕێزێكی زۆر گەورەت هەیە تۆ لەسەر سەرمت دائەنێم بەڵام ئەوەی وتت هیچی خاڵی پەیڕەوی نەبوو، بەڵێ كاك بەڵێن... بۆت هەیە باسی شتێك بكەی كە ئێمە موخالەفەی قانوونمان كردبوو یان پەیڕەو لە دانیشتنەكەدا، بەڵێ ئەوە موشكیلەیە، بەڵێ سوپاس، ئێمە دەنگمان لەسەر دا كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من نامەوێ قسەی هاوڕێكانم دووبارە بكەمەوە لەسەر مەسەلەی ئەو لیژنە تەحقیقیەی كە پێكهات لەسەر نووسراوەكە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی جارێكی تر ڕێوشوێنی قانونی بۆ گیراوەتە بەر، بەڵام هەتا ئێستا كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عیراق و دەستەی نەزاهە لە هەرێمی كوردستان ماوە قانونیان تەواو بووە، داوا لە بەڕێزتان دەكەم بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێتان دراوە بە زوویی حەلی قانوونی وەك چۆن بۆ دیوانی چاودێری دارایی كرا بۆ كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عیراق و بۆ دەستەی نەزاهەش بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەبارەت بە دەستەی نەزاهە ئێمە ڕێگریەكی قانونیمان هەیە كە ئەبی بە پەلە عیلاجی ئەو ڕێگریە قانوونییە بكەین، سەبارەت بە كۆمسیۆنی هەڵبژاردنیش خۆتان ئەزانن كۆمسیۆنی هەڵبژاردن ڕەهەندێكی سیاسی هەیە پێویستی بە ڕێككەوتنی نێوان هێزە سیاسیەكانە، ئەو بابەتەشمان بێگومان دەستمان پێ كردووە بە هەمان ئالیەت، هەموو ئەم دەستانە لە خولەكانی پێشووی پەرلەمانی كوردستان دا زەمەنیان بەسەر چوو بوو، بەڵام بەختی ئێمە هەمووی كەوتۆتە ئێستاوە ئێمە ئەبێ چارەسەری بكەین، دەستەی مافەكانی مرۆڤمان چارەسەر كردووە، دیوانی چاودێری دارایی كە موختەص نییە پێمان خۆش نییە، ناچارییە، ئیستسنایە بە ئەسەری ڕەجعی، هەموومان لێی نیگەرانین، بەڵام لەبەرئەوەی مەركەزە قانوونییانەی لە نەتیجەی قەراراتی ئەوان دروست بووە ئیستقراری تیا بێ و نەبێتە كێشە ئێمە بۆمان كردوون، دڵنیاتان ئەكەین دەستەی نەزاهە لەدوای ئەو لابردنی ئەو ڕێگریە قانونیە دەست بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ئەوانیش دەكەین، ناوەكان ئەخوێنمەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێكمان نە نووسی بوو با پێمان بڵێ كە ناوم نەنووسراوە، (كاك بژار، كاك هێڤیدار، كاك ئازاد،

رۆبینه خان، کاك محسن، کاك جنان، سارا خان، مامۆستا نجاة، کاك فرید، لیلى خان، کاك نزار، کاك رۆمیۆ، لیزا خان، کاك مەلا وەیس، کاك هیمداد، هدیه خان، کاك پێشەوا، کاك زانا، کاك باپیر، کاك بەختیار، کاك جلال پەرێشان، کاك بەهمەن، کاك بەهجت، کاك ادریس، خدیجە خان، جوان خان، مەلا جهاد، کاك چیا، کاك حکمت، کاك رزگار عیسی، گلستان خان، گولیزار خان، کاك شوان، کاك عبدالسلام، ڕۆژان خان. د.ڕێبوار، کاك سەروان، د.گەلاوێژ، گولیزار خان، کاك هەڵکەوت، ژیان خان، لەنجەخان، کاك حکمت، د.صباح. کاك حاجی سفین، کاك زیاد، کاك ارشد، کاك علی، کاك جلال، کاك سەرکۆ، حسیبە خان، شێخ ظاهر، مەلا احسان، باڵانبو...) ببوورن کە ناڵێم کاك بۆ ئەوەی زوو بیخوێنمەوە، (بەڵێن، شادی، کاروان، دیاری، د.محی الدین، د.اسماعیل، سیپان، سیروان، موژدە خان، کاك مسلم، د.شێرکۆ، مم برهان، مامۆستا ابوبکر، هلز، سەرچنار، عوسمان سێدەری، دابان، رزگار، شاخەوان، زکری، شیرین امین، یاسین، گۆران، لوقمان)، کێمان نەنووسیوە؟ بەسەرچاو ئەوەی ناوی نەخوێندراوەتەوە لێرە (مامۆستا عوسمان و کاك کاوە، گولستان خان، ئاشنا خان، شیرین یونس، کاك شەمۆل، مەلا ناصر، هێرش حسن، د.شایان، سوسن خان، د.زیدان)، کەس هەیە لێرە ناومان نەخوێندبێتەوە؟ (کلارا خان، کاك عوسمان سێدەری) ناوت خوێنرایەوە؟ بەڵێ کەس هەیە ناومان نەنووسی بێت؟ ئەوانەشی کە ئێستا لە ژوورەوە نین ئەگەر هاتنەوە دەتوانن ناویان ئیزافە بکەین، چونکە پشومان وەرگرت بوو رەنگە تا ئێستا، بەڵێ (کاك بژار، مامۆستا عبدالستار، د.هەورامان، مامۆستا عمر)، ناوتان بنووسین؟ وانییە بۆ قسە کردن؟ لێرە نەبوون ئێمە چووینە سەر بەرنامەی کار، (مامۆستا عبدالستار، د.هەورامان، مامۆستا عمر)، بەڵی کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە سەرۆکاتیا پەرلەمانی دکەم بۆ ڤێ بڕگەیەت ناڤ بەرنامێ کاری دا من محاوەلە دکەم موراعاتا وەختی ژی بکەم، ماوەیەکی کورت موداخەلێت خۆ بکەم، بخێرهاتنا شاندی حکومەتێ ژی دکەم، وەك ئەم هەمی دزانین کو نەفت نوکە بڵند بووی سعرا وی وەکی جاران نەماوە فەرمانبەرێت هەرێما کوردستانێ ساڵا ٢٠١٤ تەحەملەکا باش و سەبرەکا مەزن هەبووە بەرامبەر وەزعێ مووچەیی و لێ بڕینا مووچەیی، ژ بەر هەندێ ئەڤ ئاخافتنا من بۆ شاندێ هەرێمێ ژی کو نوکە چ هیجەت و موبەرر نەما بۆ حکومەتێ ئیدی ئەڤێ بڕینی بکات نوکەك ب (٧٦) دۆلارا و بڵند بوونا بەهایێ دۆلاری ژی، ئەڤە بە شێوەیەکی گشتی و داخاز دکەین بێتە بەرچاڤێ تە وەرگرتن، من دوو پرسیارێ ژ بەڕێز وەزیرێ مالیا هەی، ئێك ژوان بەڕێز وەزیری دارایی جەنابێ تە ل دانیشتنا پەرلەمانێ ئامادەبوو ل ٢٠٢٠/٧/٢٨ من لوێ وەختی پێشنیارەك کر بوو سەبارەت بە پاشکەفتێ فەرمانبەرا، فەرمانبەر چەوا بشێ تەعاملێ وی پاشکەوتی بکات دگەل حوکمەتێ جەنابێ وەزیری د ڤێ جەلسێ دا ئاماژە پێدای کو دڤی موقتەرەحی بێتە ئەنجومەنێ وەزیران و موقتەرەحەکێ مەعقولە هیڤی دکەن جوابی مە بدات کە ئەڤ موقتەرەحە چ لێ هات، عەلەل تەعاملی ب پاشکەفتێ خۆ بکات، هەر پرسیارەکا دی بوو جەنابی وەزیری دارایی، پلە بەرز کرنا فەرمانبەرا مافەکی یاسایییە فەرمانبەرا هەی، بڕاستی ژی ئەرکی حکومتێیە پلا بەرز کرنا فەرمانبەرا جارەکی دی دەست پێ بکاتەڤە، ئاخر پرسیار ژ (کاك

د.ئومێد صباح) منا هەی ب نووسراوەکا سەرۆکاتیا دیوانا ئەنجومەنی وەزیران کو ب ئیمزایا کاك د.ئومێد صباح هاتیە ژمارا/١٠٣٧٣ ل ٢٠١٩/١١/٢٨ ی د وێ نووسراوێ دا بۆ پەرلەمانی کو وەزارەتا مالیا دا داراییا ڕاسپاردی پێداچوونەکی بکات ب وان ئامارا لسەر فەرمانبەرێت گرێبەست، داخازێ دکەم کاك د.ئومێد صباح جابا ڤێ پرسیارا بدات ئایا گەیشتە کیڤە، چونکە حەقێ فەرمانبەرێت گرێبەستە گەلەك فشاری لسەر مە هەیە لسەر پەرلەمانی هەیە و تایبەت لیژنا یاسایی کو خەلك نەقل ببوو خەڵك وسا زەرکر کو لیژنا یاسایی سەبەبێ رەئیسیە و بریار لسەر لیژنا یاسایی دا و هەرچەندە چ یاسایی ژی بۆ ئاخافتنێ نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د. زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتن بۆ شاندی ئەنجومەنی وەزیران دیارە ئەمەش پەرۆشیەکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان، ئێمە قسەمان لەسەر بابەتێکی کە گرنگە و ڕەوشی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانە و تەمویلی ئەو پارەیەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێ و ئەو کورتهێنانەی کە هەیە و هۆکارەکان چین و وەك لە دەقی کارنامەی دانیشتنی پەرلەمان دا هاتووە، ئێمە دەپرسین لە شاندی ئەنجومەنی وەزیران لەو کاتەی کە نەوت نرخی ٥١$ بوو لێبڕین هەر ٢١% بوو ئێستا نەوت نرخەکەی لە ٧٥$ زیاترە، لێ بڕینەکە هەر ٢١% ـە، هۆکار چییە؟ ئایا چ چاکسازیەك لە کەرتی نەوت کراوە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کورتهێنانەی مووچەی مووچەخۆران موعالەجە بکرێ، رسومات زیاد بوو لەسەر هاووڵاتیان، رسوماتی بەناوکردنی خانوو و زەوی و ئەوانە، رسوماتی مروری، باج لەسەر کۆمپانیاکان بەدەستخۆشیەوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران باج لێ خۆش بوونی باج لە کۆمپانیاکان نەماوە ئێستا ئەمانە هەمووی داهاتن بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە لە داهاتی نانەوتی، یاسای بودجەی عیراقیساڵی ٢٠٢١ گوتمان پەسەند بی بۆ ئەوەی ئەم بەشە شایستە داراییەی هەرێمی کوردستان بگات ئەو کات لێبڕینەکە نەمێنێت، ئایا هەنگاوەکان چین بۆ هەنگاوی جێ بەجێ کردنی یاسای بودجەی عیراقی، قاچاغچێتی سنوورەکان ئەوەی بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەم داهاتە وەکو پێویست نەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت، ئەم بابەتە بەچ ئالیەتێك چارەسەر کراوە، ئەم هێزە هاوبەشەی کە بڕیار بوو بچێت بۆ خاڵە سنووریەکان بە بێ جیاوازی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەم بابەتە بەچ گەیشتووە و بۆ تا ێستا ئەم هێزە هاوبەشە دەست بەکار نەبووە؟ کۆمەڵێك بابەت هەن کە تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان مەنعی کردووە مریشکی بەستووە، جگەرە، کۆمەڵێك لەو بابەتانە هەن ئێستاش لە بازارەکان هەر دەیبینین، ئەوە لە کوێ دێت؟ ئەمە پرسیارە، یاسای چاکسازی پاش موناقەشەیەکی زۆر لە پەرلەمانی کوردستان یاسای چاکسازی دەرچووێنرا، ئایا هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی چین؟ چەندە پارە بۆ خەزێنەی حکومەت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەزعی مووچە چارەسەر بێ، ئایا کێ ڕێگرە لەبەردەم یاسای چاکسازی؟ گوێ بیست دەبین کە ڕێگری هەیە، بەڵام کێ ڕێگرە ئێوەی بەڕێز وەڵاممان بدەنەوە؟ داهاتی

مەرزەکـان بـۆ کەم بـووە؟ ئەگەر کەم بـووە هۆکـار چیـیە؟ چـونکە ئـێمە لە مـاوەی دوو هەفـتەی ڕابـردوودا گـوێ بیسـت بـووین کە داهـاتی مەرزەکـان کەم بـووەتەوە کە ئەمەشـیان دیسـان کـاریگەری دەبێـت، هۆکارەکـان چـین؟ پێمـان بڵـێن لێـرە بە چ ئالیەتێـك ئەم داهـاتەی مەرزەکـان دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکـومەت و کـێ کەم تەرخەمە لە گەڕانـدنەوەی داهاتەکـان؟ چارەنووسـی ئەم پارەیەی ئێسـتا وەکـو بەنـاوی تەمویـل نەکـردن بەنـاوی لێبـڕین هەر نـاوێکی لـێ دەنـێن، ئەو مووچـانەی مووچەخـۆرانی هەرێمـی کوردسـتان لە سـاڵی ٢٠٢٠ کە پێیـان نەدرا، چارەنووسـەکەی چیـیە؟ لە چ قەیـدێکی حسـابی وەزارەتـی مـالیە سـجل کـراوە ئەم بـابەتە؟ لە ٢٠٢٠/١٠/٧ جەنـابی سـەرۆك وەزیـران لەبەردەم پەرلەمـانی کوردسـتان دا ڕایگەیانـد تـایبەت بە مەلەفـی قەرزەکـانی حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان کە بە ڕاپۆرتێــك ڕەوانەی پەرلەمــانی کوردســتان دەکرێــت، دەپرسـین ئەم مەلەفە بـۆ تـا ئێسـتا نەگەیشـتووە؟ ئەمـانە هۆکـاری کورتهێنـانی ئەم مـووچەیەن، پێمـان خۆشـە ئەمـرۆکە شـاندی ئەنجـومەنی وەزیـران زۆر بە ڕاشـکاوی وەڵامـی هەمـوو ئەو خاڵانەمان بداتەوە بۆ ئەوەی ئێمەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لێـرە وەڵامێکمـان پـێ بێـت بـۆ خەڵکی کوردسـتان بڵێـین ئەم مـووچەیە لەبەرچـی هۆکـارەکەی چیـیە و کـی هۆکـارە لە تەمویـل نەکردنی پارەکە و ئەم ڕێگریانە چین بۆ ئەوەی داهاتەکانی حکومەت زیاد بنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاوات فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئێمە قسەکانی خۆمان بکەین، وەکو لە بەرنامەکەشتان ئـاوا هـات بـوو دوایـی ئەوە لەسەر زەوئی قسەکانی ئێمە پرسیارەکانتان ڕەنـگە هەنـدێکی لە جوابەکـان و لە قسـەکانی مـن جوابەکـان وەربگـرن، ئەگینـا ڕەنـگە بـۆ ئـێمە سـەخت بـێ ژمـارەیەکی زۆر سـوئال ئـێمە هەموویتان بۆ باس دەکەیـن، ئەوەی بـۆ ئـێمە بـۆی هـاتووین هەمووتـان بـۆ بـاس ئەکەیـن ئەگەر جوابتان وەرگرت باشە، ئەگەر وەرتان نەگرت سوئالی خۆتان بکەن بەسەرچاو، بەڕاسـتی واش بە ئێمە گەیەنرابوو کە ئێمە قسەی خۆمان ئەکەین و جەنابتان سوئال ئەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە کەسمان وامان نەوتووە، لایەنـی کەم مـن وام نەوتـووە و (کـاك هـێمن و منـی) خـانیش، بەڕێـزان ئـێمە ئیتفاقمـان وا کـردووە ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان قسـەی خۆیـان بە تەواوەتی بکەن و قسەی ئەخیر ئەدەیـن بە وەزیـرە بەڕێزەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، بەڵێ کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بەخێرهاتنی تیمی حکومەت ئەکەین بەخێر بێن سەرچاومان، هیواداریـن وەڵامی هەمـوو ئەو پرسـیارانەی کە ڕووبەڕوویـان ئەبیـنەوە وەڵامەکـانی وەربگـرینەوە، بەڕێـزان دیـارە پاشـەکەوتی مـووچە لە ڕابـردوو و لـێ بڕینـی مـووچە لە مـاوەی سـاڵ و چـوار مـانگی ڕابـردوو و دواکەوتنـی مووچە و ئەمانە لەڕابردووش دا رامان گەیاندووە کە نا یاساییین، ئێوە پشتتان بە هـیچ یاسـایەك

نەبەستووە کە لێ بڕینی مووچە، بەداخەوە هەر کاتێکیش قەیرانی دارایی ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات بیرۆکەی حکومەت ئەوەیە کە پەنا بەرێتەبەر لێ بڕینی مووچە و پەنا بەرێتە بەر مووچە، لێرەوە کۆمەڵێك پرسیارتان ئاراستە ئەکرێ دیارە لەم کابینەیەدا لە سەرەتای کابینە ماوەیەك بە بێ لێبڕین مووچە لە کاتی خۆیدا هەموو مانگێك دابەش دەکرا پێش ساڵەك و چوار مانگ لێ بڕینی مووچە ڕاگەیەنرا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێستا داهاتی هەرێمی کوردستان بەقەدەر ساڵەك و پێنج مانگ لەمەوپێش نییە کە مووچەتان بە بێ لێ بڕین ئەدا؟ من ئەمەوێ ڕوونکردنەوە لەسەر دوو خاڵ بدەم، بەلای منەوە من بی گومانم لەوەی کە ئێستا داهاتەکان زیاتر بوون، یەکێك لە خاڵە ئەساسیەکان کە من دەمەوێ لێرە باسی بکەم، مەسەلەی ئەوەی کە دوای دەرچوواندنی قانوونی بوودجەی عێراق ئێستا هەرێمی کوردستان شەرعیەتی وەرگرتووە بۆ فرۆشتنی نەوت، ئەوەی کە جاران بەردەوام ئەوترا سعری فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی عیراق ناڕازییە و لەڕووی قانونیەوە لەڕێگەی کۆمەڵێك خەڵکانێك ئەیفرۆشێ و بە کەمتر دەیفرۆشێ، بەڵام ئێستا ئەو شەرعیەتەی وەرگرتووە کە ئێستا نەوتەکە بە لەپێش دەرچوواندنی قانونەکە زیاتر دەفرۆشێ، دووەم/ مەسەلەی گۆڕینەوەی دینار بە دۆلار کە ئێستا دینار لە ئاستی دۆلار لە ئاستێکی نزمدایە کە نەوتی هەرێمی کوردستانیش بە دۆلار دەفرۆشرێ، خۆشتان ڕاتان گەیاندووە کە هەموو داهاتەکان لە هەرێمی کوردستان داهاتی خاڵە سنووریەکان، باج، رسومات هەموو مانگێ زیادی کردووە، جەنابتان لەم هۆڵە ئەوەتان ڕاگەیاند کە ٨٢٢ کۆمپانیا و شەریکات لە بواری نەوت دا کار دەکەن لە هەرێمی کوردستان دا، بەهەردەردان و گەندەڵیەکی زۆر لەم بوارە هەیە خۆتان لێرەوە باستان لەوە کرد کە ٤٧% ی پارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ خەرجی کۆمپانیا و شەریکات دەڕوات، چاوەڕێی ئەوە بوون کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەك چۆن پرۆژەی چاکسازی لە بواری خەرجیەکان ڕاگەیاند بوو پرۆژەیەك بنێریتە پەرلەمانی کوردستان لەم بوارەدا لایەنی کەم ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری کردووە بڕیارەکانی خۆتان جێ بەجێ بکەن، بڕیاری/٧٠٦ و بڕیاری/٧٠٧ جێ بەجێ بکرایە، لەساڵی ٢٠٢٠ ئێمە لەلیژنەی دارایی لەو ساڵە دوو ڕاپۆرتمان ئامادە کردووە و لێرە لەم هۆڵە دانیشتنی پەرلەمان خوێندرایەوە کە جەنابی وەزیری دارایی لێرە حزوری هەبوو ئەمە هەردوو ڕاپۆرتەکەیە، ئایا ئەم دوو ڕاپۆرتەی کە ڕاسپاردە و پێشنیاری پەر لەمانی کوردستانی تیا بوو کە ئەوەی ئێمە دیقەتمان دا هیچی لێ جێ بەجێ نەکرا، گومانم هەیە لەوەش کە خوێندرابێتیشەوە، لەبەرئەوە ڕەنگە کە کاتێك قسە لەسەر ئەوە ئەکەین کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرێت کە بێ ئومێد دەبی لەوە ئەمە بێ، ئێمە لێرەوە ئەم دوو ڕاپۆرتەمان پێشکەش کرد کە بە نیەتی ئەوەی کە ئێمە وردەکاریەکمان کرد ئەو کات کۆمەڵێك چاکسازی تایبەت لە خاڵە سنووریەکان دا بکرێت، کە بە دەیان کۆمپانیا پارە بەهەدەر دەدات لە خاڵە سنووریەکان، هەر لە ئیبراهیم خەلیلەوە تا ئەچێتە پەروێز خان لە هەموو خاڵە سنووریەکان ئایا چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد هەموو ئەو عەقدانەی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران کردوویانە پیاچوونەوە بکرێت بەشێکی زۆری داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ حکومەت یەکێك لەو پرسیارانەم ئەوە بوو ئایا چیتان کردووە بۆ ئەمە تاوەکو ئێستا؟ پێشتر ڕاگەیەنراوە لە هەموو داهاتی هەموو خاڵە سنووریەکان و باج و رسومات لە هەموو پارێزگاکان دا کە هەموو پارێزگاکان کۆئەکرێتەوە و بە

تەئکید دێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و دواتر بۆ خەرجی هەر چوار پارێزگاکە لەڕێگەی بڕیاری وەزارەتی داراییەوە خەرج دەکرێت کە وەزارەتی دارایی بڕیار دەدات بۆ خەرج کردنی، ئایا بەڕێز وەزیری دارایی ئەمە زۆر ڕووبەڕوو دەبێتەوە ئایا داهاتی هەموو هەرێمی کوردستان و سنووری هەر چوار پارێزگاکە ڕاستە دێتەوە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە پێی بڕیاری وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران سەرف دەکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێزان بۆ ئەوەی لێ بڕینی مووچە نەمێنێ ٢٠٠ ملیارمان پێویستە، من هەموو شتەکانم بە داتا و بەڵگەوە دەخەمەڕوو ئایا حکومەت ناتوانێ هەم لێ بڕینی مووچە و هەم پلە بەرز کردنەوە هەم ئەو توێژانەی داوای دامەزراندن دەکەن، لە ئێستا دا لە بەرمیلێك نەوت بە تێکرا (٢٢$) ئەمێنێتەوە، ئەگەر بە موراجەعەی ئەم خاڵانەی کە لێرە باسی ئەکەم تەنیا بکێ بە (٣٢$) ئەوا (٢٠١) ملیار دۆلار بۆ ئیراد زیاد دەکا، ئەویش پێداچوونەوە بە خەرجی شەریکات کە بەشێکی کۆمپانیا حزبیەکان بە قۆرخکاری وای کرد کولفەی ئینتاجی نەوت زۆر زۆر بێت ئەمەیە ئیستحقاقی شەریکاتەکان زۆرە، بە تایبەتی پێداچوونەوەیەکی جدی بە کێلگەی خورماڵە چونکە کێلگەیەکی حازر بووە لە ٣٤%ی نەوتی کوردستان لەوێ ئینتاج ئەکرێ، کرێی بۆری بە تێکرا هەر سێ شەریکەی کۆمپانیای وزەی تورکی، چ ڕۆژ نەفت، چ کار (٩$) بۆ بەرمیلێك بەهەموو پێوەرێك زۆرە، من ئەمەوێ لێرە شتێکتان پێ بڵێم لەو تێکەیە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووکە ئەچێتەوە بە کوردستان دا دەڕوات و لە بەندەری جیهان دابەش دەکرێتەوە، تەنیا لە مانگی پێنج بە نموونە ئەهێنمەوە ئێمە بە (١١$) کەمتر ئەیفرۆشین، ئەوان بە (٦٥,٨٤) فرۆشتوویانە بە (٣٤) کەمتر فرۆشتوویانە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەم پرۆسەی فرۆشتنەی کە لە ڕابردوو دا کراوە و ئێستا ئیستمراری پرۆسەیەکی گوماناوییە و زۆر ڕاپۆرتیش هەیە لەو بارەوە، بەم موراجەعانە ئێمە دە دۆلار لە بەرمیلێك زیاد بکەین لە (٢٢) ەوە ببێ بە (٣٢) ئەوا (٢٠١) ملیار دینار زیاد دە کرێ، چی کراوە بۆ ئەمە؟ خاڵێکی دیکە هەموو کوردستان ئێستا ئەزانێ کێشەی نەوتی سپیمان هەیە، کێشەی گازوایلمان هەیە، کێشەی بەنزینمان هەیە، لە هیچ کوێی دنیا نەبووە وڵاتێك پاڵاوگەی تیا بێ و نەوت نەپاڵێوێ، سەنگافورە ئەچێ لە دەرەوە نەوتی خاو ئەهێنێ لەناوخۆ دا ئەیکاتە مەنتوج و لە دەرەوە ئەیفرۆشێ، ئێمە پاڵاوگەکەمان ئەبەن بۆ حکومەتی عیراقی ئیش بکەن، ئەگەر حکومەتی عیراقی بزانێ لەم پرۆسە زەرەریەتی نایکا، ئەوەی شارەزایە لەم بوارە باش ئەزانێ نەوتی خاو بکرێ بە مەنتوج بەلای کەمەوە نزیکەی (١٠$) لە بەرمیلێك قازانج ئەکا ئەگەر ئەم دە دۆلارە بێنیتە خوارەوە ئەتوانی بەنزین بە سعرێکی موناسب بدرێ بە خەڵکی کوردستان تەنیا پاڵاوگەی کار (١٧٥) هەزار بەرمیل ئەپاڵێوێ، قەیوان ـ بازیان (٤٠) هەزار بەرمیل ئەپاڵێوێ، لاناس نزیکەی (٣٠) هەزار ئەپاڵێوێ بەمانە هەم ئیرادی نەوت زیاد دەکات، تەنیا دوو پارە بگەڕێتەوە یەکیان ئەو پارەی کرێی بۆری کە ئەگەڕێتەوە،

دووەمیـان/ ئەو داشـكانەیە كە (١١) دۆرەكە دڵنیـا بـن بەنـزین بە سـعرێكی هەرزان و گازوایـل بە سعرێكی باش خەڵكیش تووشـی نەخۆشـی نابێـت و نەوتـی سـپیش بـۆ زسـتان دابـین ئەكرێ و جوڵەیەكی داراییش دروست دەكات سبەینێ ئەگەر عیراقیش لەڕێی ئۆپێكەوە زەختـی كـرد بڵـێ (٤٥٠) هەزار و (٤٦٠) هەزار ناپـاڵێوی تـۆ ئەم كـارتە بەهێـزەت بە دەسـتەوەیە، خـاڵێكی تـر لەسـەر قاچاغی و خاڵە سنوریەكان زۆر زۆرمان باس كردووە، بەداخەوە ئەم ئەنجـومەنی وەزیـرانەی كە لێـرەن (١٨) مانـگ پـێش ئێسـتا قەراریـان داوە، لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ جـاری دووەم قەراریـان داوە، چەنـد مانگێك پێش ئێستا قەراریان داوە لە قاچاغیەكان، بەس قاچـاغی جگەرە بـایی نـۆ ملیـۆن دۆلار زەرەری داوە لە داهاتوو، واز لە هێلكە و جۆو نەوت و هەمووی بێنە، بە قاچـاغی و پێـداچوونەوە بە كۆمپانیا كاریەكان، بەڕێزان لە ئەنجـومەنی وەزیـران ئێـوە خۆتـان لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بڕیارتـان داوە پیا چوونەوە بە كۆمپانیاكان دا بكرێ، مـن ڕەخنەتـان لـێ ئەگرم كۆمپانیاكـان لەبـری ئەوەی كەم بكات لەم كابینە زیادی كرد، شتێك هەبوو پێی ئەوترا تەسـریحاتی گـومرگی یەك (ئەی فـۆر) بـوو حكومەت ئەیكرد (٣) هەزار داهـاتەكەی بـۆ خـۆی، لەمـلا درا بە كـۆری دۆر و لەولا درا بە ڕۆژان لە یەك سـاڵدا (٤٠) ملیـۆن دۆلار ئەخەنە باخەڵیـان، هەمـوو كەس بە خـاڵە سـنووریەكانا تێپەڕیـوە ئەزانێ تەعقیم شتێكی شـكلییە، لەم كـابینە دانـرا تەعقـیم ئەویـش كۆمپانیـایەك ٢٥ ملیـۆن دۆلار ئەخاتە باخەڵی، ئەزانن محاوەلەتان بیستەكە بكرێ بە سی ئەمە قبوڵ كراو نییە، زۆر بەڕاشـكاوی لێرە ئەیڵێم ئەوەی لەم كۆمپانیایە و كۆمپانیایانە كراوە كە هەیە هی بەرپرسە یان هـی شەخسـە، بەرپرس هەبووە لە ٢٠١٨ بۆ ئەوەی مۆڵەت بـدات لە ٢٩% ی كـواڵتی كـۆنترۆڵی پەرویـز خـانی بـۆ خۆی بردووە و لە ٢٥%ی كێلێ و ٢٥% پشتەدێرین هەموو مانگ ئەچی پارەكەی وەرئەگرێ بە بـێ هین، هەمووی بۆ دەوڵەمەند كردنی خەڵك لەم كۆمپانیایانە كە پێوستە پیا چـوونەوەی بـۆ بكـرێ، سـێ مانـگ و دە ڕۆژە بەڕاپـۆرتی فەرمـی لێكـۆڵینەوە ئەدا بە ئەنجـومەنی وەزیـران ئەو داهـاتە فەرمـیەی جـگە لە قاچــاغی و كۆمپانیــا كــاری لە دوو مەرز وەرگیــراوە مەرزەكــان تەسـلیمی حكومەتیـان كـردووە، لەگەڵ ئەو داتـای لە ئەنجـومەنی وەزیـران داخـڵ كـراوە لە سـاڵێك دا (٨٨) ملیار دیناری فەرقە، (١٠٠) ڕۆژە وەڵامم وەرنەگرتۆتەوە بە بەڵگە وتوومە ئەمە بەڵـگەی مەرزەكـان ئەڵێن ئەوەنەمـان داوە لە هەر مەرزێـك چـوار ملیـار دینـار هەمـوو مـانگێ ئەبرێـت بەس داهـاتی فعلــی، مــن دڵنیاتــان ئەكەم بە پیــاچوونەوە بە مەرزەكــانیش لە قۆنــاغی یەكەمــا هەمووشــی ڕانەگـرین پەنجـا ملیـۆن دۆلاری ترمـان بـۆ ئەگەڕێـتەوە ئەوە (٧٣) ملیــار دینــار ئەكـا، بـاج لە كوردستان دا (٢٢٦٢٤) كۆمپانیا هەن، (٧٥٠٧) كۆمپانیـا بـاج ئەدەن، كە مـایەی نـزیكەی ٨٥ ملیـارە، گەورە بـاج دەران (٣٩٣) ... هەمـوو وڵاتێـك گەورە بـاج دەران بەڕێـوەی ئەبەن، ئەمریكـا چەنـد كۆمپانیـایەك بەڕێـوەی دەبـا بە باجـدەران، لە (٣٩٣) كۆمپانیـا (١١٥) كۆمپانیـا بـاج ئەدات، واتە لە ٧٢%ی گەورە باج دەران باج نـادەن، ئەوەی لە كوردسـتان ئیـرادی هەیە بـاج نـادات، هـیچ ماڵێـك هەیە لە كوردستان لە كرێچی بێ و ئەنتەرنێتی نەبێ، من ئەم بەیانییە بەدواداچوونم كـردووە تـا ئێسـتا بـاج وەرنـاگیرێ، ئەوەی لە كوردسـتان دا قــازانج دەكـات پرۆژەكـانی نیشـتەجێ بـوونە كۆمپانیــایەك هەیە مـۆڵەتی (٢٠) پـرۆژەی بـۆ دراوە حسـابم كـردووە نـزیكەی ملیــار و نیوێـك ئیرادیەتی، لەژێر سایەی یاسای وەبەرهێنان باج نادات كە من حەوت سـاڵە محـاوەلەی هەمـواری ئەو یاسایە ئەكەین گـرێیەكە و نـاكرێ، پرۆژەكـانی عەقـارات بـاج نـادەن، كـارگەی گەورە هەیە لە

کوردستان دا هەمووتان باش دەزانن ئیرادی ئێستا بەهۆی ئەو دۆخەی بەرز بوونەوەی سعری شیش و چیمەنتۆ مانگی وایە دە ملیۆن بۆ دوانزە ملیۆن دۆلار ئیرادیەتی باج نادات، بوێری لەو دوو پاڵاوگەکان باج نادەن، بەشێکی زۆر کۆمپانیا نەوتیەکان باج نادات، ئەگەر ئەمانە چاك بکرێ من دڵنیاتان ئەکەمەوە نزیکەی (٦٠) ملیار دیناری دیکە بۆ باج زیاد ئەکەین، تەنیا کۆی گشتی ئەمە پارانەی کۆم کردووەتەوە ٣٣٤ ملیار دینار ئەکا، ئێمە بۆ لێ بڕین چەندمان ئەوێت؟ دوو سەد ملیارمان ئەوێت، (١٣٤) پرۆژەشی پێ ئەکەینەوە و پلە بەرز کردنەوەی پێ ئەکەینەوە و وانەبێژی پێ ئەکەینەوە، بەڵام ئەمە عیادەی ئەوێ، یاسای چاکسازی بەڕێزان نزیکەی (١١) مانگە (١١٦٢) پلە باڵای تایبەت کە بە نایاسایی کراون بە وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و ناوەکانیان جیاکراوەتەوە بۆ ڕاستاندنی یاسایی بۆ ناکرێ؟ چەند شەهیدی ساختە لابراون تائێستا بەس دیاری کراوە ساڵێکە هیچ! چەند ئەوانەی جاش و موستەشار بە عمید و عقید و لیواو و چی و چی خانەنشین کران و لابران؟ هیچ! ئەو پارەی کە لە قەرزەکان وەرگیراوەتەوە نزیکەی (٩٠٠) ملیارە ئەگەر بەم پرۆسەیە بەردەوام بێ بە (٣٦٣) ساڵی تر تەواو ئەبێ، بۆ وەرناگیرێتەوە؟ بۆ؟ ئەمانە کۆمەڵێك شتی جدین کە من دڵنیام ئەتوانین ئێمە وردەکاری تر بکەین بۆ ئەمە بکرێت بە دڵنیاییەوە پاشەکەوتی مووچە نا بەڵام ئێمە ئایا ناچاربین بە بەرچاومانەوە خەڵك لە بازاڕدا نووسینگەی قاچاغی دانێ و کۆمپانیا (٢٠) ملیۆن دۆلار وەرگرێ و یەکێکیتر (٢٥) ملیۆن دۆلار وەرگرێ و یەکێکیتر ئەوەنە وەرگرێت و ئەوەشی باسی دۆسیەی نەوت بێ کە بە کرێی خزمەتگوزاری و سیستەمەکانیان ئەمە بێ بە خەڵك بڵێین تەبیعیە لێ بڕینی مووچە، پرسیارێکی تری جەوهەری بەڕێزان ئەم لێ بڕینەی لە ماوەی ئەم ساڵە کراوە هیچی بۆ فەرمانبەر حساب نەکراوە، نەکراوە بە پاشەکەوت، نەکراوە بەسەر ژمارە حساب، ئەمە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە هیوادارم یەك بنەما هەرچەندە لێ بڕینەکە خۆی بنەمای یاسایی نییە، هیوادارم ئەمانەی کە وتم بکرێ بە بڕیار و جێ بەجێ بکرێ، کێش لە کوردستاندا ئاستەنگە هەموومان ڕووبەڕوو بینەوە، ئەگەر نا بەڕاستی ئەمە کارێکی خراپە و من وەکو خۆم بە هیچ شێوەیەك ناچمە ژێرباری ئەمە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك علی، د.محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك علی دەکەم، ئەوە لەلایەکیان، ئەوەی تریان بڕیار وابوو کە بە واژووی (٥٦) پەرلەمانتار کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکرێت تەنها لەسەر لێ بڕینی مووچە بێ، بەڵام بەداخەوە ئێستا شەش خاڵ لە یەك خاڵی سەرەکی کۆکراوەتەوە کە باسی کورتهێنان و یاسای بودجەی عیراقی و مەسەلەی چاکسازی و ئەو بابەتانە دەکات، من پێموایە هۆکارەکانی جێ بەجێ نەبوونی یاسای چاکسازی و بودجەی عیراقی و کەموکوڕی خاڵە سنووریەکان و داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ پێویستی بە کۆبوونەوەیەکی تایبەتە بۆ جگە لە لێ بڕینی مووچەی، پڕکردنەوەی کورتهێنان پێموایە کاری ئەندامانی پەرلەمان نیە باسی بکەین بەڵکو جۆرێك لە شەرعیەت دانە بەو لێ بڕینە و چوونە ژێرباری ئەو بابەتە نایاساییەی لێ بڕنی

مووچە و شەرعیەت پێدانە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان کە ڕەنگە پەرلەمانی کوردستان بخاتە ژێر بەرپرسیاریەتییەوە، خاڵی دووەم ئەوەی باسی دەکەم جۆرێك لە مامەڵە کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری کە لە کۆبوونەوەی ڕابردووش ئاماژەمان پێی کرد کە دادوەرە بەڕێزەکان هەم بە یاداشت و هەم بە هاوارەکانیان داوای باشتر کردنی ژیانی خۆیان دەکرد، ئەگەر دادوەران ژیانیان بەو حاڵە بێ دەبێ فەرمانبەران و خانەنشینانی کوردستان حاڵیان چۆن بێت؟ گەلی کوردستان دوای ئەم هەموو نەهامەتیە و قوربانی دان و بەرخودانە پێموایە شایەنی ئەوە نییە ئەو زوڵم و ستەمەی لێ بکرێ بە تایبەتی لە لێبرینی مووچە کە لێ بڕینێکی یاساییە، بۆیە من من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێکی تەشریعی دەربچێ بە بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی نا یاسایی لێ بڕینی مووچە بدات و دەنگ لەسەر ئەو بابەتە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پرسیارەك بۆ نە وەزیرەکێ تایبەت ب ئیعتبار بۆ هەمیت مەجلس وزەرا دانە، پرسیار بۆ وانە، ڕێکەفتا ٢٠٢٠/١٠/٢٧ سەرۆکی ئەنجومەنێ وەزیران و جێگرێ وی و چەند وەزیر ل ڤێریت ئامادە بوون، پرسیارەك مە ئاراستەی جەنابی کر گۆتی سەر پاشەکەوتی کو دە چەوا دهێتە چارەسەرکرن کو لێ بڕینا دەینێت هاوەڵاتیا دگەل دەینێت حکومەتێ کوە ب عەرەبی بێژنێ (المقاصە) ژ ئاخافتنا وی گۆتیە کارەکی گەلەکی باشە و پشتی هنگی من کرە پرسیار ژ بۆ ئەنجومەنێ وەزیران حەتا ڤێ گاڤێ چ لێ دیار نەبییە، پرسیارا منیا دووی بۆ وەزیرێ داراییە، جەنابی وەزیرێ دارایی ئەرێ لێ بڕین ١% ی بیت ئان ٢% ی بیت ئان ٢٠% ی بیت ئەرێ لێ بڕین یاساییە یان نەیاساییە؟ ئەگەر یاسایی بیت پالپشتێ ب چ یاسای کریە؟ ئان پشت ب چ یاسا کریە، پرسیارا دی هەر بۆ جەنابێ وەزیرێ دارایی ئەرێ کەنگی مە دڤێت ڕۆژەکا دەستنیشان کری، تەئریخەکا دەست نیشان کری هەبی کەنگی ئەڤە دهێتە بەس کرن، ئەڤ لێ بڕینە کەنگی دهێتە لێ بەس کرن عیلمەن ئەو بڕیارا هاتیە دان ژ مەجلس وزەرا ٢١/ هەیڤا٢٠٢٠/٦ ی دوو بڕیار هاتنە دان، بڕیارەك لێ بڕین بڕیارا دووی فەقەرا/ب بێژیت ئەڤ لێ بڕینە دێ موەقەت بیت، ئیڤ موەقەتە چەند کێشیت؟ هەیڤەکی، دوو هەیڤا، بیست هەیڤا، ساڵەکی؟ مە دڤێت ئەم بزانین خاسەتەن دەمێ ئەو بڕیار هاتیە دان بۆ گۆتی خۆگونجاندنە، خۆ گونجاندن ب عەرەبی د بێژنێ (ملائمە) ئەو مولائەمە گازێ (٢٠$) بوو عەینێ وی مولائەمی چوو سی عەینێ مولائەمێ خۆگونجاندنێ، چوو شێستا هەر ئەو خۆ گونجاندنە، چوو ب حەفتێ و شەشا هەر ئەو خۆ گونجاندنە، مەعنا وا ئەو بڕیارا وانا دای بڕیارا دوویی جەلسا ٢٣/هەیڤا٢٠٢٠/٦ ب مەعنا بڕیارەکا وانا جهێ نەهینایە، بێژن مولائەمەیە، خۆ گونجاندنە ئێ خۆ گونجاندن مەعقولە کە وەختێ گازێت (٢٠) بیت و شەستا بیت وەکی ئێك بیتن؟ نە یا مەعقولە، دیسا مە دڤێتن پرسیارەکی ژ دەستا سەرۆکاتی بکەینن ئەم بێژین وەکو مە ئیدی دایمە ئەو یاداشت دای (٥٦) تەوقیع کری مە داخاز کر بڕیارەك ژ ڤی پەرلەمانی دەرکەڤیت ئەڤ لێ بڕینا بێتە وەستاندن، پرسیارا من ئەڤێ

جەلسێ ئەمێ دکەین ئەنجامێ وێ د بیتە ئەڤ بریارا یان نا؟ ئان موجەرەد گفتوگۆیە و موناقەشەیە و دانوستاندنە و وەخت کوشتنە، ئەگەر نەبیتە بڕیار یەعنی بی مەعنا ئەو یاداشتا مە هیچ دیڤ نەچوویە و داخازیەت خەلکی ژی جێ نەهاتینەڤە، پرسیارەش دەستەیا سەرۆکاتیا من دڤێتن جوابا مە بدەن، ئەگەر زەحمەت نەبی؟ سوپاس مەمنون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك دکتۆر نوقتەی نیزامی بێت؟ فەرموو.

**بەڕێز د.شیرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە مۆڵەتت دام بۆ ئەم نوقتە نیزامیە، من شاندی بەڕێزی حکومەتی هەرێم نابینم پرسیارەکان بنووسن، نازانم ئەمە چۆن ئەبی ئاوا، نە ئەوەی کاك علی یان نووسی نە ئەوەی د.اسماعیل یان نووسی. نە ئەو بەڕێزانەی تر، ئەگەر شاندی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوە هاتووە ڕاپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە بەسەرمانا ئێمە ئەوەمان قبوڵ نییە بەڕاستی ئەبێ وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران بدەنەوە، قسەی کۆتایی بۆ پەرلەمان بێ نەك بۆ حکومەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.... بەڵێ بەڵێ بێ گومان زۆر سوپاس بۆ تێبینیەکەت تەواو، بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکان تێبینیەکانی ئەندامانی پەرلەمان و پرسیارەکانیان، بەڵێ کاك ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەی لێبڕینی مووچە کۆتایی پی دێت؟ چونکە پرۆژەی مووچە لە هەموو پرۆژەکانی دی گرنگترە، بۆچی ئەولەویەت نادرێ بە پرۆژەی مووچە، با کۆتایی بهێندرێت بە بڕینی مووچە، چونکە هەندێك پرۆژە دەکرێت لە مووچە گرنگتر نییە، ئەوەی دەزانین نرخی نەوت بەرز بووە داهات زۆر بووە، بەڵام مووچە هەر دەبڕدرێت، لێرە حکومەت هەندێك جار دەڵێ ئەمە قەردی پێ دەدەینەوە یان پرۆژەی پێ دەکەین، بە ڕەئی مە هەندەك پرۆژە هەیە لە مووچە موهیم تر نییە، نانی خەڵك، مووچەی خەڵك لە هندێ پرۆژە موهیم تر نییە، چونکە ئەو پرۆژانە لەوانەیە بدرێتە کەرتی تایبەت بکات، کەرتی تایبەت کە کردی لەجیاتی وی بە شتی دی تەعویز دەکرێ، بەڵام کە مووچە تەعویزی نییە، دەبی مووچە بچیتە ماڵی خەڵکی، مووچەبڕین بەڕاستی هیچ ئەوەکی نییە تەبریرەکی نییە، ئەورۆ مووچەبڕین بکرێ، بەڕای ئێمە پێش هەموو پرۆژەیەك مووچە بدرێت، چونکە لە هەموو دەوڵەت وایە، بە زەریبە پرۆژە دەدرێت، بە زەریبە یەعنی مووچە دەدرێت، ئەو پرۆژانەی کە ئێستا حکومەت دەیکا با حکومەت نەیکات بیداتە کەرتی تایبەت با کەرتی تایبەت بیکاتن، لێرەش پرسیارەکمان هەیە ئەو داهاتەمان لۆ باس بکەن چۆن دەگاتە دەستتان و چەندە؟ بەڕاستی ئێمە هەتا ئێستا نەمانزانیوە ئەو داهاتە چەند دەگاتە دەستتان و چەندیشە سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك ئازاد، کاك بەختیار فەرموو.

**بەڕێز بەختیار شکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە دەستپێکی شاندی هەرێمی کوردستان بەخێربێن، والله کۆمەلەك پرسیارم هەیە سەبارەت بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، پێم باشە جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەکمان بدات، ئەوە دەست بەکاربووە تا ئێستا چەند پێکرایە داهاتی ئەم وەزارەتە زیاد بکرێت؟ ئێمە دوو ساڵە داوامان کردووە بەدواداچوون لەسەر عقودی کۆمپانیاکانی سکیورتی بکرێت؟ ئایا تا ئێستا چیتان کردووە بۆ ئەم بابەتە؟ بابەتی دووەم/ عقودی نەفت لە هەرێمی کوردستان عقودی شەراکەنە، لۆ ئەو مافە بە کۆمپانیا بیانیەکان ئەدرێت وەکو عقودەکان بەخۆیان ئیمزای بکەن عقودی داخلی، ئایا دەوری وەزارەت لەم عقودانە چییە؟ بۆ بەخۆیان ئەو خەرجیانە کەم ناکەنەوە؟ هەموومان دەزانین ئەخۆیان عقود ئیمزا ئەکەن و خەرجیەکی زۆر زیاد هەیە لەسەر ئەو بابەتە، بابەتی سێیەم/ عیراق و بەرمیلە نەوتی (٦_٨$) دەپاڵێوێت لە ریفاینەریەکان لە مەسفاکان، بۆ لە هەرێمی کوردستان (١٨$)ـە، چیتان کردووە لەو چاکسازییە بۆ ئەم بابەتە؟ کۆمەڵێك وێستگەی کەهرەبامان هەیە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ئیعتمادی کوللی لەسەر سوتەمەنی دەکات و ئەو سووتەمەنیەش لەوێ لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دابین بکات بۆیان ئەوە چەند ساڵە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێی ناکرێت ئەو سووتەمەنییەی دابین بکات ئایا پلانتان چییە؟ تا ئێستا لەم گەرمایە تەماشا دکەن (١٣ــ١٥) سەعات کەهروبامان هەیە، هەندەك وێستگەمان هەیە بە دیزل ئیش دەکات و هەندەك بە نەفتی ڕەش ئیش دەکات تا ئێستا نەکرا کو ئەو سووتەمەنییە لۆیان دابین بکرێ ئەویش دەبیتە ئەگەری ئەو هەندی ئەو وێستگەکان ئیستسمارە حکومەت مولزەمە قەرەبوویان بکات ئەوە دبیتە بارگرانییەك لەسەر وەزارەتی دارایی، پرسیاری ئەخیرم گوتم بزانم ئەوە دەست بەکاربوون ئێوە وەکو سامانە سروشتیەکان داهاتی وەزارەت چەندتان زیاد کردووە هەتائێستا؟ پێش ئێستا چەند لە وەزارەتی داراییتان دەدا ئێستایش چەندە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان شاندی حکومەتی هەرێم بەخێربێن، بەڕێزان وەکو هەمووتان ئاگادارن ئەوە نۆ مانگە حکومەتی هەرێم بە بڕینی ٢١% و ٥٠% مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بە لێبڕینەوە دابەش دەکات، هەرچەندە گلەیی خەڵك زۆر ڕەوایە و خەڵك پرسیار دەکاتن هەناردەکردنی حکومەتی هەرێم نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات لەناخۆ دەفرۆشێت باجی کۆمپانیاکان وەردەگرن و داهاتی چەندین دەروازەی دوەلی وەردەگرێت و دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیان هەیە، جگە لە موساتەحە و دووکان و باڵەخانەی سەر بە حکومەت و بە وەرگرتنی دەیان باجی

تر، حكومەتی عیراق ئیستیفادە لەبەرزبوونەوەی دۆلار وەرگرت توانی كە مووچەی خەڵكی خۆی بدات، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان سوود لەو بەرزبوونەوەی دۆلارەی وەرنەگرت خۆ حكومەتی هەرێمی كوردستانیش نەوت بە دۆلار دەفرۆشت بە لیرەی توركی نافرۆشێتن، ئەگەر ئێستا حكومەتی هەرێم بە تەواویش كەوایە كە ٢٥% لێبڕینە بێجگە لە نموونەی دۆلار ئەگەر بە تەواویش بدات هەر وەكو ئەو ٢٥%ی ببڕێت لەبەرئەوەی دۆلار بەرز بووە، لەسەر ئەوەش هەر دامەزراندن نەماوە ئەوە بە سەدان گرێبەستی تەندروستی ئەوە شەش ساڵە گرێبەست بۆیان ناكەن لایەنی كەم هەر یەكە ٣١٦ هەزار وەرگرن، دەرچووانی زانكۆ و پەیمانگاكان ئەوانەی یەكەم و دووەم و سێیەم ئەوەش نەهاتنە دامەزراندن، هیوادارم حكومەتی هەرێمی كوردستان سوود لە بەرزبوونەوەی نەفت و بەرزبونەوەی دۆلار وەربگرێت و مەعاشی خەڵك بە تەواوی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك جلال پەرێشان فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پڕبەدڵ ستافی ئەنجومەنی وەزیران دەكەم، یەك شت دەڵێم با چیتر یەكتری ماندی نەكەین، ئەوە چەندین ساڵە ڕووبەڕووی یەك دادەنیشین و سەرۆك وەزیران هاتووە و جێگر هاتوو و ستافی ئەنجومەنی وەزیران هاتوو چ دەكرێ بە فعلی ئەو خاڵانە هەمووی باسكرا دەنووسن و نانووسن والله كەیفی خۆتانە، وەك گوتم با چیتر یەكدی ماندی نەكەین، ئەمن لە یەك شت دەست پێ دەكەم، یەكەمەكی زانكۆ دەڵێ (تۆ نیشتمان من پێناسەی تۆ بخەمە گیرفانمەوە یان نەیخەم.. چیم لە بێ كاریم و لە دڵتەنگیم دەگۆڕی) یەكەمێكی زانكۆ كە بۆی هەیە زانستێكی ئەوەندە گەورەی پێ بێت و بتوانێ یەكێك بێ لە جێگەی ئەو بەڕێزانەی كە ئێستا وەزیرن لێرە؟ بەو شێوازە بەڕاستی ئینسان نیگەران دەبێ و ویژدانی ئازاری دەدات كە گوێی لەو یەكەمانەی زانكۆ دەبێت، جا دەپرسم گرێبەستەكان دەبنە هەمیشەیی یان نا؟ وانەبێژەكان چارەنووسیان چی لێ دێت؟ یەكەمەكانی زانكۆ و پەیمانگاكان كەی دادەمەزرێن؟ هێزە هاوبەشەكەی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە سەبارەت بە قاچاغچی سنوورەكان چیان كردوو چیان لێ هات؟ نەفت لە (٤٠$)ەوە گەیشتە (٧٥ و ٧٦ و ٧٧$) كەچی لێ بڕینی مووچە هەر بەردەوامە، باج و رسومات و داهاتی گومرگ و تاپۆ و هەمووی هەر وا بەرز دەبێتەوە لە كاتی نەخۆشی كۆرۆناش باج هەر وەرگیرا خەڵك ئیشی نەبوو كەچی لێ بڕین هەر بەردەوامە، لە هەمووی گرنگتر بەنزین، هەر سی كۆمپانیاكەی ئێمە بەداخەوە قەیوان، لاناز، كار، لە عیراق بە ٤٥٠ دینار لێرە لە گوێر دەفرۆشری لە هەولێر (٧٣٥)و (٧٥٠) دینار، گوناحی شوفێریكی تاكسی چییە؟ شوفێریكی پاس چییە كە كۆمەڵێك خێزانی لەسەر شانە، بەس ئەوەندە دەڵێم یەعنی دیسان دەڵێمەوە چی بكەین ئێمە بۆ ئەوەی كۆتایی بە ئەو هەمووو نەهامەتیە بێنین جەرگەكەم، وەزیرە بەڕێزەكان، ئەنجومەنی وەزیران، یەعنی ڕێزم هەیە توخوا عاجز مەبن ئێوە لە ئەرقا ڤێلای هەولێر دانیشتوونە بەخوای ئەرقا سەیارەتان لۆ كراوە و ئەرقا مووچەتان هەیە و نسریەتان هەیە، والله پەرلەمانتار لێرە ترش و برنجی دەخوات ڕۆژ هەیە دەڵێ گۆشت نەمایە

ئێـوە شـمولتان ناکـات، والله وبـالله و تـالله، بە خـۆم نە برنجـی دەخـۆم و نەگۆشـتی دەخـۆم و نەمریشك والله پارەی بەنزینی نادەم ئەمن بەلاش تی دەکەم، جل و بەرگ بە قورئان پارەی نادەم والله وبالله وتالله، بەڵام گوناحی ئەو خەڵکە چییە؟ چاوتان ماچ دەکەم هیـوادارم کەسـتان عـاجز نەبن، زۆر سوپاس بەخێر بێن دووبارە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، فریـا نـاکەوم بەڕێـزان هەمووتـان بە یەکەوە وەربگـرم چـی بـکەم ئیتـر بە ڕەقەمە، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهێنانی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم سەرچاو، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان بەڕاسـتی بەهـیچ جۆریـك لەگەڵ لێبڕینـی مـووچە نـین، لەبەرئەوەی مـووچە مـافێکی ئاسـایی و یاسـایی خەڵکـی کوردسـتانە و مووچەخـۆرانە، ئەوەی ئەم لێبــڕینەی بڕیــار لــێ داوە بڕیــاریکی نــا یاســایی و قەرارێکیشە کە حکومەت بەبـێ گەڕانەوە بـۆ پەرلەمـان ئەم قەرارەی لـێ داوە، ئەو سـەروەختەی کە ئەم بڕیـارە درا کە مـووچە بە لـێ بـڕینەوە بـدرێت لەوانەیە قەیرانێـك هەبـووبێ لە هەرێمـی کوردستان، بەڵام ئێستا هیچ یەکێك لەو بەهانـانە بـوونی نەمـاوە، ئـێمە لەسـەرەتای ئەم کـابینەیە داوای چاکسازییمان کردووە بەرئەنجامی ئەم چاکسازییەمان نەدیوە یاسـایەکمان لەم پەرلەمـانە دا دەکردووە بۆ چاکسازی بە تایبەتی کە من باسـی وەزارەتـی پێشـمەرگە دەکەم بـۆ تەواو کردنـی خاڵە نیزامیەکەشم لە وەزارەتـی پێشـمەرگە دا ٢٥% ی ئەو سـتافانەی کەوەزارەتـی پێشـمەرگە تـا ئێستا دیار نیین لە دەوام دا نـین لە کـوێن؟ بـۆیە باسـی چاکسـازی دەکەم، خـاڵێکی تـر مەسـەلەی شەفافیەتە، بۆ شـەفافیەت ئـێمە داوای یاسـای بودجەمـان کـرد و سـەندوقی داهـاتە نەوتییەکـان بــۆچی حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان بەڕێــز وەزیــری ســامانە سروشــتیەکان وەڵامــی ئەم پرسیارەمان ناداتەوە، چـونکە مـن دووجـار پرسـیارم ئاراسـتە کـردووە بـۆچی سـەندوقی داهـاتە نەوتییەکان دروسـت نـاکرێ و ئەم داهـاتە ڕوون و شـەفاف و ڕاشـکا نـاخرێتە بەردەم پەرلەمـانی کوردستان و خەڵکـی کوردسـتان، خـاڵێکی تـر دەمەوێ ئامـاژە بەم بەوەی کە ئێسـتا نرخـی نەوت بەرزە و دۆلار بەرزە خەڵکی کوردستان هەتا کەی چاوەڕێ بکات بە نەمـرە و نەژی ژیـانی ڕۆژانەی بەڕێ بکــات، ئەم داهاتــانە بە تەواوی کــۆ بکــرێتەوە بەدڵنیــایی ئەوەی گرفتــی وانەبێــژانە کە فشارێکی زۆرمان لەسـەرە، گرفتـی خۆبەخشـەکانە، گرفتـی ئەوانەشـە کە خـۆ بەخـش و وانەبێـژ نـین، چـونکە دڵنیـام خـۆبەخش و وانەبێژەکـان لەڕووی تەئیـدێکی حـزبیەو کـراون بە وانەبێـژ و خۆبەخش، ئەی ئەوانەی کە حزبی نین لە کوێـوە ئەم ئومێـدەیان بـۆ دروسـت بیـت؟ ژمـارەیەکی زۆری گەنجان لە ناوچەی ڕاپەڕین و قەڵادزێ و پشدەر ولات بەجێ ئەهێڵن، ئێمە حەزمـان دەکـرد وەزیری پلاندانانیش لێرە بـووایە و وەڵامێکمـان بـداتەوە گەنجـان چـۆن ڕێگریـان لـێ دەکـرێ کە نەهێڵن برۆن، پرسیارێکی ترم بۆ بەڕێزان لە حکومەت بەڕاستی ئێستە لە نـاو شـاری سلێمانی دا هەر ڕۆژەی کۆشـکێك قـوت ئەکـرێتەوە ئەم کۆشـکانە هـی حکـومەتن و بە کرێیەکـی زەبەلاح ئەدرێن بە کری لە سەهۆڵەکە، من ئەپرسـم ئەگەر گەنجـان هەلـی کارکردنیـان نەبێـت و ئەگەر ئەو گەنجانە نە توانن ئەم کۆشکانەش بە پارە بگرن ئایا ئەم گەنجانە چی بکەن و چۆن داهـات پەیـدا

بکەن و چۆن بژین و چۆن چارەنووسی داهاتووی هاوسەرگیری و ژیانیان دروست بکەن و چۆن هیوایەکیان بەم وڵاتە هەبێ و ئینتمایەکیان لەگەڵ ئەم وڵاتە هەبێت؟ زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەم، ئەو بابەتەی کە من پێم وایە بۆی دانیشتووین کە خەڵکیش چاوەڕێی ئەکات پەرلەمانی کوردستان قسەی یەکلا کەرەوەی لە بارەوە بکات بریتییە لە بابەتی مووچە، ئێمە دیارە ساڵێك پێش ئێستا کە نرخی بەرمیلی نەوت (٤٠$) بووە لێ برینی مووچە بو ٢١% بووە و دوایی ١٩% و ٢١% بووە، ئێستا نرخی بەرمیلێك نەوت لەسەرووی (٧٠$)ەوەیە و (٧٣$ و ٧٤$ و ٧٥$)، بەڵام لێ برینی مووچە هەر بەردەوامە، من بەڕاستی پێموایە ئەم پەرلەمانە من دڵنیام لەوەی کە دەبێ داهات دوو ئەوەندە زیادی کردبێت، باشە یەعنی ئەو پرسیارە زۆر سادەیە هەموو کەس بێنی لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بیهێنی هیچ لە حساباتیش نەزانێ و مووچەشی نەبێت ئەزانێ کە ئەگەر داهات دوو هێندە و ئەوەندە زیادی کردبێ بەلایەنی کەم دەبوو ٢١% بگێڕدرابایەوە، ئەگەر کاتی خۆی باشە کاتی خۆی ئەو پارەیان لەچی داوە ئەگەر ٢٥% بڕیوە و ئەوەی کەیان داوە، ئەگەر بڵێین ئێستا ئەوەندە بەش دەکات و ئەوەندە دەتوانین بیدەین، ئەدی ئەو چەند مانگەی دیکە بەرمیلی نەوت بەچیان تەعویز کردووەتەوە؟ بۆیە من پێموایە داهات بەڕاستی بەش دەکات و بەشی مووچەی تەواو دەکات و لە کاتی خۆشیدا، ئەمن ئەو رەقەمانەتان عەرز دەکەم ئەگەر ئێمە تەنها (٤٠) دۆلارمان بۆ بمێنێتەوە و (٤٧٠) هەزار بەرمیل بفرۆشین لە مانگێك دەکا ٥٦٤ ملیۆن دۆلار ئەگەر بە (١٥٠) بە نزیکەیی دۆلار ئێستا دەکاتە (٨٤٦) ملیار کە نزیکەی مووچەی مووچەخۆر و فەرمانبەران بە بێ لێبڕین دابین دەکات بە نزیکەیی، دەپرسم ئەی باشە داهاتی ناوخۆ ئەی داهاتی ناوخۆ ئەدی خاڵە سنووریەکان؟ ئەدی ئەو هەموو باج و رسوماتەی کە هەیە و زیادیش کراوە، من بەڕاستی پێم سەیرە ئەپرسم لە وەزیری دارایی ئایا ئەو بڕە پارەیەی دێتە لای جەنابت؟ یەعنی ئەو پارانە هەمووی دێتەوە لای وەزیری دارایی؟ ئەمن دەبیستم بەڕاستی بیستم حزب تەمویلی وەزارەتی دارایی دەکات، حزب بۆ تەمویل دەکات ئەدی؟ نیوەی حزبە یا دەبێ سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان بێ، بۆیە بەڕاستی من پێموایە ئێمە لەم پەرلەمانە قسەکان کورت بکەینەوە و کورتی بکەینەوە هەندێك شت لەبەرنامەکە ئاڵێندراوە بەڕاستی، یەعنی لە بەرنامەی کار من پێموایە ئەو دوو قسەیە، حەقە لەم پەرلەمانە بڕیار بدات و بڵێ حکومەت ئەو لێ برینی مووچە کۆتایی پێ هات و بڕیارمان دا حکومەت دوو ڕێگای لە پێشە، لەوانەیە ئەو بەڕێزانە ئێستا فکرەی خۆیان بدەن و بڵێین با پەرلەمان بڕیاری خۆی بدات و حکومەت جێ بەجێ ی ناکات، حکومەت بەڕاستی من پێموایە ئەگەر ناتوانی جێ بەجێ ی بکات ئێ باشە با حکومەت هەڵوەشێتەوەو حکومەت دەست لەکار بکێشێتەوە ئێ خۆ دنیا خراپ نابێت با ئینتخاباتی پێش وەختە بکەین و خۆمان حازر بکەین و با بەڕاستی کابینەیەکی دیکە تەشکیل بکرێ بزانین داخوا ئایا خەلەکەکە لەم خەڵکەیە یان

خەلەلەکە لە ئێمەیە؟ جا ئەم پەرلەمانە بەڕاستی خەڵك حەز دەکەم بزانن سەرۆکی پەرلەمان خەڵك زۆر بێزارە لە پەرلەمانیش بە قورئان هەر ڕۆژەی بەزمێکی بۆ دروست دەکرێت، ڕۆژێك لێی دەدرێ، ڕۆژێك ئیهانەی پێ دەکرێت، ڕۆژێك کێشەی بۆ دروست دەکرێت، ڕۆژێك مەلەفی بۆ بڵاودەکرێتەوە، ڕۆژەکی دیکە مەسەلەن ئەو بەزمەی چەند ڕۆژەی پەیدا بوو بەخەڵك وحکومەت و بەخۆشمانەوە بەسەرۆکاتییەکەشەوە بڕوا بکە دەستمانە داوەتە چەکوشەکی لەم پەرلەمانەی دەدەین، ئاخر پەرلەمان چۆن دەتوانێ قەرار بدات، پەرلەمان چۆن دەتوانێ کار بکات ئاوا؟ لە هەموو وڵاتان پەرلەمان بەڕاستی موئەسەسەیەکی ڕێز لێگیراوە موئەسەسەیەکە بڕیار دەدات و چاودێری حکومەت دەکات و موحاسەبەی دەکات، متمانەی لێ وەردەگیرێتەوە، یەعنی ئەم پەرلەمانە لە ساڵی (٩٢)ەوە توخوا من بەڕاشکاوی دەڵێم کاکە بەخۆشمەوە چوار ساڵ وەزیر بووم، یەعنی توخوا لە ساڵی (٩٢)ەوەوە لەم هەرێمی کوردستانە وەزیرێکی گەندەڵ نەبووە ئەم پەرلەمانە متمانەی لێ وەرگیرێتەوە ڕادەستی دادگای بکات و محاسەبە بکرێ؟ نەمان بووە؟ یاخوا نەمان بێت، ئەرێ کاکە نەبووە مەلائیکەت بووە، بۆ ئەڵمانیا هەیەتی و بۆ ئەمریکا هەی بوو؟ بۆ سوید هەیەتی بۆ ئێمە نیمانە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەم موئەسەسەیە نەیتوانیوە بە ڕۆڵی خۆی هەڵسی بەڕاستی بۆیە من داواکارم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دوای ڕوونکردنەوەی ئەوان گوێیان لێ دەگرین بەڕێزن هاتوون گوێیان لێ دەگرین بەڵام بەڕاستی من ڕەئیم وایە ئێمە بڕیار بدەین کە ئەمە هەڵوەشێتەوەو ئەوە کۆتا قسەمان بێ و ئەم پەرلەمانە بتوانێ ئەم ساڵە تەنها ئەم بڕیارە بدات بڕوا بکە کیفایەتە بۆ ناو خەڵکیش و بۆ خۆشی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك فیصل ناوت نەنووسیوە؟ باشە کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، هەموو ئەو قسانەی کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پێش من کردوویانە پێموایە بەڕاستی بەسە بۆ ئەوەی کە دوا وەڵام وەرگرینەوە لەم حکومەتە لەوانەیە هەموومان قسەکان دووبارە بکەینەوە ئەگەر ئیزافەیەکیش هەبێ، من پشتیوانی هەموو ئەوانی پێشوو دەکەم کە ئەوە ڕەئی هەموومانە، بەڵام لێرەش پرسیارەك دروست دەبێ ئەم حکومەتە بەڕێزەش واللە هەر ئێمەمانان بە تایبەتی ئەو سێ فراکسیۆنە کاندیدمان لەوێ داناوە و هەر ئێمەش دەنگمان داونەتێ و هەر ئێمەش ڕەخنەمان لێیان هەیە و ئەو وەڵامانەی دەشمان دەنەوە قەناعەتم وایە قەناعەتمان پێی نایەت، یەعنی ئەوە ڕەئی خۆمە، قەناعەتم وایە قەناعەتم پێی نایە، خۆی پرسیارەکان بۆ ئەوەی کورتی بکەمەوە زۆر هەمووی دووبارە نەکەینەوە بەس پێمان بڵێن داهاتی ئێستای هەرێمی کوردستان چەندە؟ هەشت مانگ پێش ئێستا چەند بووە؟ بەس ئەم دوو بەراوردەمان پێ بڵێن بۆ ئەوەی بزانین بۆ هەر (٢١) بە معدەلی عام دێت؟ لەبەرئەوەی نەوت کاتی خۆی کاك ئاشتی هەورامی ئا لێرە لەسەر ئەو مێزە گوتی ببێتە (١٠٠$)یش بارودۆخی هەرێم چاك نابێت، فعلەن ئێستا بەرمیلی نەوت بە (١٠٠$)ـە، لەبەرئەوەی دۆلار بەرز بۆتەوە لە (١٢٠)ەوە بۆتە (١٤٥)، ئەگەر معادەلەکە لێك بدەی لەگەڵ (٧٦$) ئێستا دەکاتە (١٠٠$)، کەواتە یەعنی قسەکەی ئێستا ڕاست دەرچوو بۆیە پێویستە لێرە کە زۆرمان ڕەخنە لیی گرت سوپاسی

بکەیـن کەوا نەتـیـجەی ئەم حکـومەتە ئەو دیـارە باشـتر شـارەزای نـاوەڕۆکی بـابەتەکە بـووە، مەسەلەی عیراق کاکە پارە دێت، پارە نایەت، با ئەم پرسیارە بەڕاتی جوا بـدەینەوە بـاوەڕ دەکەن دە جار لەسەر ئەم تەلەفزیۆنە ئینجا هەر کە دەڵێن پارەکە دێت هەر حـزبە شـاباش لـێ ئەدا دەڵـێ مـن کـردم، کە دەڵـێن نـایەت کەس خـۆی لـێ نـادات، ئێسـتا دوو مانـایە بـا بەڕاسـتی بـۆ خەڵـکی کوردسـتانی ڕوون بکەیــنەوە چاکســازی یەعنــی بەڕاســتی کە هەنگاوێــك دەچێــتە پێشــەوە هەمووومان ئەمانە هەر فراکسیۆنە لێرە سەد جار ڕەخنەمـان لەیەکتـری گرتـووە والله فـلان حـزب چاکسازی ناکات و من دەیکەم یان دەڵێم مـن چاکسـازییم کـرد، کـاکە چاکسـازی والله هەمووومـان نیەتمـان هەیە و بـیکەین و هەر ئێمەشـین نـایکەین، ئێسـتا چاکسـازی لە مـاوەی دە مانـگ ئەوە جەنابی وەزیری دارایی ئەگەر وەڵاممان بداتەوە بەس پێم بڵێ چەند داهاتت بۆ زیـاد بـووە؟ یـان هەر قسـەیە و دەیکەیـن و خەڵکـی پـی چەواشـە دەکەیـن بـا بەواقـعەکەی بڵێـین، مەسـەلەی خانەنشـینی هێزەکـانی نـاوخۆ و حکـومەت پێتـان دەکـرێ یـان نـاکرێ؟ مەعانـاتێکی گەورەی هێزەکانی ناوخۆیە کاکە گوناحمان دەگاتێ (٢٠٠) هەزار مەعاشیان بێت پاش (٥٠) ساڵ خزمەتیان کردبێت، یەعنی زۆربەیـان پێشـمەرگە مانـدوو بـووە بەم وڵاتە جگە لەوەی (٢٠) سـاڵە پاسـەوانی ئێمە دەکەن و شـەرمان لەسـەر دەکەن و پشـتیوانیمان دەکەن بـۆ بەڕاسـتی بـا ئەمەش وەڵامێـك بێت لێرە بیدەینەوە، سەبارەت بە فەرمانبەری گرێ بەست کە د.صباح لێـرەیە وەڵامـت دایـنەوە و گوتتان خوێندنەوەی بـۆ بـکەن دەتـوانن وەزیـری داراییـش لێـرە بە حسـاب دای کە دەتـوانین ئەم ئیشە جێ بەجێ بکەین، خوێندنەوەمان بۆ کـردووە پـاش خوێنـدنەوەی یەکەم کە ئەسـڵەن نـابێ ڕابگیرێ جەنابیان بە نووسـراوێك دەڵـێن دوو هەفـتە بـۆ ئەوەی ئامـار بکەیـن، ئەم دوو هەفـتەیە بوو بە ساڵێك تکایە ئاماری گرێبەستەکانتان لایە حکومەتی هەرێم یان لاتان نیـیە؟ بـۆ وەڵاممـان نادەنەوە بـۆ ئەوەی کە ئەمەش یەکلابێـتەوە، بـابەتێکی تـر هەیە هەمـوو ئەم ئەنـدام پەرلەمانـانە باسـیان کـرد ڕۆژی یەکـی دە نامەمـان بـۆ دێـت لەوانەیە بـۆ وەزیرەکـانیش بێـت، وانەبێـژ و خۆبەخش هیچتان پێ دەکرێ یان ناکرێ؟ ئا لێرە باوەڵامیان بدەینەوە بۆ ئەوەی ئەمەش کۆتـایی پی بێنین، ئێسـتا ئەم بـابەتەی کە حکومەتی هەرێـم بـۆی دانیشـتووین لێـرە جەنابتـان ئامـادەن بەڕاستی بۆ ئەوە دانیشتووین ئەگەر ئەمـرۆ نەتـوانین گۆڕانکـاری لەمـووچە بکەیـن ئینجـا لەگەڵ عیراق پارەتان بـۆ دێـت یـان بۆتـان نـایەت هەرچـیەك بـێ لەبەرئەوە بەڕاسـتی یەعنـی نە خەڵـك قەناعەتی بە ئێمە دەمێنێت و نە خەڵـك قەنـاعەتی بەم حکـومەتە دەمێنـێ، لەوانەیە ئەم قسـەیە بڵێین قسەی خۆیەتی، بەڵام بەڕاستی یەعنی ئەگەر ئینسان بچێتە ناو خەڵـك بـۆیە بەجـدی ئێسـتا داهاتی هەرێم زۆر زۆر باشـە پێویسـتە ئەم لـێ بـڕینە کۆتـایی پـی بێـنن و ئەم پرسـیارەش وەڵام بـدەنەوە لێبـڕین کە لێتـان بـڕین ئەم سـاڵە پـارە دەدەنەوە هاووڵاتیـان یـان نـای دەنەوە، لەسـەر خۆتانی ئەژمار دەکەن یـان نـایکەن؟ یـان لێتـان بڕیـون و کۆتـایی پـێ هـاتووە و خواحـافیز، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماوەی یەك سەعات پشوو وەرئەگرین.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان فەرموون لە شوێنەکانی خۆتان دانیشن بۆ ئەوەی دانیشتنەکەمان دەست پێ بکەینەوە، بەڵێ فەرموون، د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، لەراستی دا من بەصیغەی پرسیار هەندێك مەعلومە دەمەوێ لێرەوە بۆ هەمووان و بەتایبەتی وەڵامەکەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەران لێرەوە وەرگرین، بە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان: ئایا جەنابت ئاگاداری کە کاك ئاشتی هەورامی تا ئێستا رۆڵی هەیە لە ئیمزاکان و تەحویلی پارەی داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان؟ چونکە گرێبەستەکان ناوی ئەوی لەسەرە، تکایە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە لەو ڕووەوە، حیسابە بانقییەکان بەشێکی بەناوی ئەوەوەیە و کاك ئاشتی تا ئێستا ئەو رازی نەبێ لەسەر نەقلی پارە، پارەی داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ناجووڵێ، وەڵامێکی صەریحمان دەوێ بۆ ئەوە بێ زەحمەت، قەرزەکان کە تا ئێستا ئێمە نازانین چەندە هی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی داراییش تا ئێستا یەعنی باوەڕ ناکەم بزانێ قەرزەکانی هەرێمی کوردستان چەندە، تەبعەن بە تەدقیقکراوی، پێمان بڵێن چەندە قەرزەکانی هەرێمی کوردستان. لە کێ کراوە؟ بۆچی صەرف کراوە؟ ئەوە د. ئامانج وەڵاممان بداتەوە زۆر باشە، بەڕێز وەزیری دارایی جەنابت هەموو جار دەفەرموی سێ سەد ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت و گازی هەرێم دەدرێ بە وەزارەتی دارایی، بە قانون وەزیری دارایی و وەزارەتی دارایی دەبێ هەموو داهاتی هەرێمی کوردستان بچێتەوە بۆ ئەوێ، ئەو بڕەی کە دوو سەد بۆ دوو سەد و پەنجا ملیۆن دۆلارە تەقدیر دەکرێ بەوەنە کە دیار نییە لە داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و ئیزافەیە بۆ ئەو سێ سەد ملیۆن دۆلارەی کە دەگاتە وەزارەتی دارایی، کیی بەرپرسیارە لێی؟ بۆچی دیار نییە؟ لە کوێیە؟ چی لێ دەکرێ؟ ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز سێ ساڵە بۆ کۆنەبۆتەوە؟ بە قانون بەرپرسیاری یەکەم بەرامبەر بە قەرارات و سیاساتی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گازە، ئەم وەڵامە لەوانەیە لای ئەم شاندە بەڕێزە نەبێ، لای سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت بێ، بەڵام ئایا ئێوە ناتوانن وەڵاممان بدەنەوە کە بڕیاردەری قانونی لە کەرتی نەوت و گاز کە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گازە، سێ ساڵە کۆنەبۆتەوە، ئەم هەموو فەوزایە لە کەرتی نەوت و گازە،چۆن و ئەوە کێ تەحەمولی دەکات؟ داهاتی زۆنی سەوز و زۆنی زەرد بۆچی وەك پێویست تەسلیم ناکرێ؟ بۆچی مانگی رابردوو صیراعێك دروست بوو لە بەینی داهاتی ناوخۆی زۆنی سەوز و زۆنی زەرد؟تەسلیم نەکرا بە وەزارەتی دارایی دەرەنجام بە چل و هەشت رۆژ مووچە دابەش کرا، ئەوە واقیعی هەیە؟ زۆنی سەوز گوایە تەنها لە (١٥%)ی داهاتی ناوخۆی تەسلیمی وەزارەتی دارایی دەکات، دەبێ شەفاف بین، ئێمە وامان بیستووە کە زۆنی سەوز لە (١٥%)ی داهاتی

گـومرگ و نـاوخۆی زۆنـی سـەوز تەسـلیمی وەزارەتـی دارایـی دەکـات، ئەمە وەڵامێکـی یەکلاکەرەوەمان دەوێ، بێ لەوەی کە داهاتی نەوتیش لە بەرامبەردا وترا کە تەسلیم ناکەنەوە ئەگەر، یەعنی زۆنی زەرد ئەوە ناکات ئەگەر زۆنی سەوز ئەوە بکا، مانگی پێشوو ئەم کارەساتە ڕوویدا کە مووچە و مەعاش دواکەوت و ئەمانە، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان چۆن دەهێڵێت کە بەنزین ئاوا یاری پێ بکرێت و بەرهەمی خۆماڵی بەنزین بە نرخی بەنزینی هاوردەکراو بفرۆشرێت؟ چۆن دەهێڵی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەم هەرێمی کوردستانە نەوتی خاو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن، بەنزین بەرهەم بێنن، بەڵام بیفرۆشنەوە بە سیعری ئیحتیکاری؟ بە سیعری بەنزینی هاوردەکراو، ئەمە جەنابت بەرپرسیاری لێی و بە مەلایین دۆلار لەوێوە دەڕوات، بۆچی نەوتی پێویست نادرێ بەو پاڵاوگانەی کە لە هەرێمی کوردستان دا هەن، بۆ ئەوەی کە ئیکتیفای زاتی بەنزین دابین بکەن، چونکە ئەوان بە (٣/١)ی تاقەی خۆیان ئێستا ئیش دەکەن، (٣/٢)کەی بۆ ناوچەکانی تری عیراق ئیش دەکەن، لە کاتێك دا ئەوانە پاڵاوگەی حکومی هەرێمی کوردستان بوون، ئێستا ئیدارەکەی درا بە دەست کەرتی تایبەت، ئەوە وای کردووە کە مەلایین دۆلار لە بەنزین دا بڕوات بۆ چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاح لە حیسابی خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە گیرفانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان، من دڵنیام وەڵامتان پێ نییە کە بۆچی تا ئێستا دانەمەزراوە؟ دڵنیام وەڵامەکەش سیاسییە، وەڵامەکە ئیداری نییە، قانونی نییە، قانونی هەیە، (٢٠١٥/٥/١٠) سندووقی کوردستان یاساکەی دەرچووە و سەرۆکی هەرێم پانزە رۆژ دوای ئەوە موصادەقەی لەسەر کردووە، بەڵام ئەم سندووقە کە قانونیشی هەیە و دەشبێ دابمەزرێ بۆ کۆنترۆڵ و تەدقیق و دابەش کردنی داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئومێدێکی زۆرمان لەسەر هەڵچنیبوو کە ئیشکالیاتی ناشەفافیەت و نادادپەروەری و نابەرپرسیارێتی لە کەرتی نەوت و گاز حەل بکات، یان کەمی بکاتەوە، ئەمە بۆ دانەمەزراوە و بۆچی ئیشی بۆ نەکراوە بەپێی پێویست؟ ڕاپۆرتی چاکسازی بەڕێز بەڕێوبەری گشتی و سەرپرشتیاری لیژنەی چاکسازی، ڕاپۆرتەکە خۆی هاوار دەکات کە دەڵێ چاکسازیمان پێ ناکرێ، بەڵام لێدوانێك بە ناوی جەنابتەوە بڵاوبوویەوە لەسەر ئێمەی پەرلەمانتاران کە هیوادارم وا نەبێ، کە دەبێ پەرلەمانتاران ڕێز لە مووچەکانیان بگرن، لە کاتێك دا ئێمە بەدواداچوونمان کردووە بۆ ڕاپۆرتەکەی جەنابت و لیژنەکەی جەنابت خۆی هاوار دەکات دەڵێ لە ماوەی ساڵێك دا ئیش کردن ئێمە نەمانتوانیوە ئەو ژمارانەی کە بۆ سەد و شانزە بۆ نموونە بندیوار هەیە کە بەرەسمی لە بایۆمەتری هیچتان لێ نەکردووە، ئەم هەموو خانەنشینەتان کەشف کردووە کە نایاساییە هیچتان لێ نەکردووە، ئەعزارەکانی ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە بانگیان دەکەین بۆ لیژنەی دارایی هیچی مەقبوول نییە، کە دەڵێ لەبەر ئەوەی لیجانەکان ئیجتیماعاتیان فریا نەکەوتن ئیجتیماعاتی پێویست بکەن، لەبەرچی؟ یەعنی مەعقول نییە لە ماوەی ساڵێك دا چاکسازی لەم هەرێمی کوردستانە زۆنی زەرد بیخاتە سەر زۆنی سەوز، زۆنی سەوزیش بیخاتە سەر زۆنی زەرد، ئەم بڵێ پێشمەرگە لەبەر ئەمە یەك ناگرێ، ئەو بڵێ هێزی ناوخۆ لەبەر ئەوە، هێزی ئاسایش

لەبەر ئەوە ئـاوا، نـاكرێ ئەمە، داوای ئەوە دەكەیـن لە جەنابـت وەڵامێكـی صـەریح و شـەفاف بە خەڵكی هەرێمی كوردستان بڵێی، بە هاونیشتیمانیان بڵێی كە چاكسازی لە هەرێمی كوردسـتان دا كـێ رێگـری لـێ دەكـات؟ بەڕێـز بەڕێـوبەری گشـتی گـومرگ لە هەرێمـی كوردسـتان، هیـوادارم كە پێمان نەڵێی قاچاخچییاتی ناكرێ لە خاڵە گومرگییەكانی هەرێمی كوردستان، هیوادارم كە پێمـان نەڵێـی كە داهـاتی خـاڵە گومرگییەكـانی هەرێمـی كوردسـتان، نـاڵێم هەمـووی، بەڵام هەنـدێكی بەلائەبڕێ و وەلائەخرێ و سێ چـوار كۆمپانیـای زەبەلاح لە خـاڵە گومرگییەكـان دا بە شـێوازێكی نــامەعقول، تەنهــا (٨%)ی داهــاتی خــاڵە گومرگییەكــان دەدەنەوە و ئەوی تــری بەپێــی ئەو گرێبەستەی كە نازانین بۆ لەگەڵیاندا كراوە، لە كاتیكدا حكومەت دەتـوانێ فەرمانبەرەكـانی خـۆی ئەو ئیشـە بكـات، بڕێكـی زۆر لەو داهـاتە دەڕوات، ئایـا وەڵامـی جەنابـت چیـیە بـۆ ئەو ڕێگـا شاراوانەی كە بۆ قاچاخچیاتی بەكاردەهێنرێ لە مەرزی باشماخ و لە پەروێزخـان؟ ئەو خـاڵەی كە كــاك (علــی)ش باســی كــرد لەو گرێبەســتانەی كە كــراوە بــۆ ئەو كۆمپانیــانەی كە لە خــاڵە گومرگییەكاندا هەن، هیوادارم جـوابێكی صـەریح و شـەفاف بـدەیتەوە، چـونكە ئەوە پەرلەمـانی كوردسـتانە، لە پەرلەمـانی كوردسـتانەوە دەبـێ چەنـد بڕیارێـك بـدەین كە جەنابتـان و ئـێمەش پێكەوە هەم بەرپرسین و هەم ڕووسوور بین و بتوانین شەفاف بـین، تكـا دەكەم مـن كۆتـا قسـەم ئەوەیە، تكـا دەكەم نەڵێـین پـارە نیـیە، تكـا دەكەم نەڵێـین، یەعنـی برینەكـان تەحدیـد بكەیـن بە تەواوەتی، نەڵێین پارە نییە، نەڵێـین وەڵـلا لەبەر ئەوەی داهاتمـان كەمە بـۆیە لە (٢١%)ی مـووچە دەبڕین، گرێبەستەكان، وانەبێژەكان، مامۆستایان، سێ یەكەمەكان، بە هەموویـانەوە نـاكەنە (٣٠) هەزار كەس، بەڵام لە سـێ سـاڵی رابـردوودا بەڕێـز وەزیـری دارایـی زیـاتر لە (٥٠) هەزار كەس دامەزراوە لەم حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتانە لە سـێ سـاڵی رابـردوودا، زۆرینەیـان چەكـدارن، بۆچی حكومەتی هەرێمی كوردستان چەكدار دادەمەزرێنـێ؟ نەك پێشـمەرگە، چەكـدار، بە پێـنج هەزار چەكـدار دامەزراوە بـۆ لایەنێـك، بەڵام سـێ یەكەمەكـان و وانەبێژەكـان و ئەمـانە، یەعنـی بۆچی ئەمانە مافیان بخورێ و ببنە قوربانی؟ لەبەر ئەوە هیوادارم ئەمـڕۆ پەرلەمـانی كوردسـتان پـێكەوە، وەڵامەكـانی جەنابتـان ببێـتە مـایەی ئەوەی كە مـن لێـرە ئەو داوایە دەكەم پەرلەمـانی كوردستان ئەمـڕۆ بڕیـار بـدات بە هەڵوەشـانەوەی لێبڕینـی مـووچە، ئەو سـتەمە و ئەو كارەسـاتە یاساییەی كە پێ وترا پاشەكەوت و لێبڕینی مووچە لە (٢١%) لە كاتێك دا فەرقـی عـوملەكەش لە (٢٠%)ی چۆتەسەر دۆلار و دینار، واتا مووچەخۆران ئێسـتا لە (٤١%) كەمتـر لە قـوەتی مەعاشـی خۆیان وەردەگرن، هیوادارم ئەمـڕۆ پەرلەمـانی كوردسـتان بـوێرانە و بەرپرسـانە هەمووومـان ئەو بڕیـارە بـدەین پـێكەوە كە لە (٢١%) هەڵوەشـێتەوە، مـن هەمـوو لایەك دڵنیـا دەكەمەوە و تەحەدا دەكەم بە هەمـوو پەرلەمانتـاران و ئەو شـاندە موبـارەكەی كە لێـرەیە لەو پەرلەمـانی كوردسـتانە پارەی پێویست هەیە بـۆ ئەوەی مـووچەی تەواوی مووچەخـۆرانی هەرێمـی كوردسـتان بـدرێ بە تەواوەتی، تەحەدا دەكەم یەكێك بە داتا و بە رەقەمی تەدقیقكراو بیسـەلمێنێ بڵـێ نەخێـر پـارەی پێویسـت لەبەردەسـتدا نیـیە، مەبەسـتم داهـاتی تەواوی هەرێمـی كوردسـتانە نەك ئەو (٣٠٠) ملیۆنەی كە لای وەزیری داراییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك موسلیم، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی میوان دەکەم، بەخێربین، بەڕاستی لای هەمووان روونە کە وەزع و گوزەرانی خەڵك ئێستا لەوپەڕی خەراپییدایە، رۆژ بە رۆژیش بەڕاستی ئەم گوزەرانەیان ژیانیان بەرەو سەختی و بەرەو قورسی دەچێ، بەچی؟ بە بەردەوامی لێبڕینی مووچە کە تا ئێستا ماوە، بە زۆربوونی باج و رسومات، بە راگرتنی مووچەی مامۆستایانی وانەبێژ کە ئەوە شەش مانگە لە مانگی (١)ەوە تا ئێستا مووچەیان وەرنەگرتووە بەداخەوە، بەبێ کاری و کەسابەتی، بە بێ بازاڕی، بە کۆچکردنی گەنجان لە بێ ئومێدی ولە بێ هیوایی بەرەو دەرەوەی وڵات، لە کاتێکدا کە نەوت پێشتر بە کەمتر لە (٣٠) دۆلار بوو ئێستا لە سەرووی (٧٥) دۆلارە،لە کاتێکدا کە دۆلار بە (١٢٠) هەزار بوو ئێستا بە (١٥٠) هەزارە، لە کاتێکدا ئێستا لە هەموو کات زیاتر لای هەمووان روونە و چەندین مانگە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان باسی گەندەڵی و قۆرخکاری و تالانی خاڵە سنوورییەکان دەکرێ، دەزانین چ داهاتێك لە خاڵە سنوورییەکان بەڕاستی نەزیف دەبێ و ناگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی، رۆژ بە رۆژ بەڕاستی کەرتی تایبەت، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەربوونەتە گیرفانی هاووڵاتی و بەسەدان شێوە گیرفانیان دەبڕن، من دەپرسم بەڕاستی تا کەی لێبڕینی مووچە بەردەوام دەبێ؟ یەعنی دەبێ ئێمە کەی لامان روون بێ کە لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ دێ؟ لە کاتێکدا من وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵام دەستخۆشی لە ئەندامانی تری پەرلەمان دەکەم کە بە هەمووان باسی کەرتی وانەبێژان و سێ یەکەمی زانکۆکان و پەیمانگاکان و دەرچووانی دانەمەزراو دەکەم، دەبێ تا کەی ئەو بابەتانە بەو شێوەیە بمێننەوە، بەڕێز وەزیری دارایی، ئێمە وەڵامێکی صەریحمان دەوێ، ئێمە رۆژانە ئیحراج دەبین بەڕاستی بەم هەموو تەلەفۆن و مەسج و کۆبوونەوە یەك لەسەر یەکانەی کە دەیکەین لەگەڵ وەزارەتە مەعنییەکان، ئەوانیش ئۆباڵی دانەمەزراندنی دەخەنە سەر بەڕێزتان وەکو وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران، دەبێ ئێمە هاوشێوەی ئەو بەڕێزانە چەندیکە لە دەست بدەین کە ئەوە یەکەم بووە لە ڕێگەی هەندەران گیانی لە دەست دا، مامۆستایەکی وانەبێژە بەڕاستی قسەی لەگەڵ کردووم دەڵێ (مامۆستا بەڕاستی من شەرم دەکەم، من لەگەڵ قوتابییەکەی خۆم کرێکاری دەکەم)، یەعنی ئەم قوتابییە دەبێ چ هیوایەکی بە خوێندن بێ؟ دەبێ نەوەکانی ئێمە، رۆڵەکانی ئێمە چ هیوایەکیان بە خوێندن بێ؟ خوێندن بە چ شێوەیەك لە داهاتوودا چی لەسەر هەڵبچنی ئومێدێکمان هەبێ؟ لە کاتێك دا فەرمانبەرانی گرێبەست بە هەمان شێوە، بە هەمان کێشە و قەیرانی دارایی ماونەتەوە بە هەمیشەیی نەکراون، یەعنی ئێمە یاسای چاکسازیمان دەرکرد ساڵی رابردوو چی لەسەر کراوە؟ بەرهەمی چی بوو؟ بندیوارەکان، دوو مووچە و سێ مووچە، زیاد لە سێ مووچەی کە هەیە، نەتیجەکەی چی بوو؟ بۆیە ئومێد دەکەم بەڕاستی دڵسۆزانە ئەمڕۆ بڕیارێك بدرێت بە نەتیجەیەك کە هەموومان پێی سەربەرزبین و بتوانین بەڕاستی قسە لەسەر هۆکاری چارەسەر کردنی هەم کۆتایی هێنان بە لێبڕینی مووچە بکرێ، هەم بە ماف گەیشتنی ئەم سێ چینەیە کە باسم کرد، لە

مامۆستایانی وانەبێژ، سێ یەکەمی زانکۆ و پەیمانگاکان، دەرچـووانی دانەمەزراو، بـۆ ئەوەی ئەو کۆبوونەوە نەتیجەیەکی هەبێ، دووبارە سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك رۆمیۆ، فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، بەڕێـزان وەفـدی حکـومەت بەخێـربێن، وەڵـلا مـن قسـەکانم بە دوو پرسـیار، پرسیارێك بۆ جەنابی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانە، پرسـیارێکیش بـۆ وەفـدی حکـومەت دەسـت پـێ دەکەم، ئایا ئێمە لەوانەیە زۆرێك لەو جۆرە کۆبوونەوانە دانیشتنی پەرلەمـانی کرابـێ لەسـەر ئەم بابەتە بەڕاستی، بەڵام تـا ئێسـتا پەرلەمـان بڕیـارێکی یەکلاکەرەوەی نەبـووە، بـۆ ئەوەی ئایـا ئەم مەسـەلەیە یەکلایـی دەکـرێتەوە؟ لێبڕینـی مـووچە بە گـوێرەی بڕیـارەکەی پەرلەمـان بەردەوام دەبێت؟ کۆتایی پێ دەهێنرێت؟ نازانم لەمەشیاندا لەم دانیشتنەش دانیشـتنێکی بـێ هیـوا دەبـێ بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان یـاخود نـا؟ دووەم/ ئایـا بـۆ جەنـابی وەفـدی حکـومەت بەتـایبەتی هەردوو وەزیرە پەیوەندیدارەکان، وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەزیری دارایی، ئایـا رۆژێـك دادێ ئێوەی بەڕێز بە خەڵکی بڵێن بەیانی یان دوو بەیانی ئەم لێبڕینی مووچەیە، یـاخود مـووچە بە بێ لێبڕینەوە دابەش دەکرێ بەسەر فەرمانبەران و مامۆستایان و هەمـوو ئەوانەی کە مـووچە وەردەگرن؟ سێیەم/ من لەبیـرمە ئەو کـاتەی کە باسـی ئەم لێبڕینـی مـووچە هێنـرایە کـایەوە ئەو کاتە زۆرێك لە بەڕێزان باسی نرخی دۆلاریان کـرد، دۆلار ئەو کـاتە بیسـت و پێـنج بـوو زۆر باشـم لەبیرە، ئێستا بۆ دوو بەرابەر و زیاتر بەرەو سەرەوەتر چووە دۆلار، لە هەمان کاتدا ئەو مـووچەیە کە بە خەڵك دەدرێت خۆی بە دینارە، کەچی دۆلاریـش لە سـەد و بیسـتەوە بـۆتە نـزیکەی سـەد و پەنجا، هەڵبەزین و دابەزیـن دەکـات، ئەم (٢١%) بـرای بەڕێـزم باسـی کـرد کە فـیعلەن دەچێـتەوە سـەرەوەتر، دەکـاتە دەوروبەری (٤٠%)، یەعنــی ئەوە تــا کەی بەردەوام دەبــێ؟ ئەو کــاتەی کە لێبڕینی مووچە باس کرا و هەروەها حکومەت پابەندی بوو، مانگانە بوو، ئەگەر بێینە سـەر باسـی باج و رسومات، من ناڵێم باج نەبوو، بـاج و رسـومات هەبـوو بەڵام بەم شـێوەیە نەبـوو کە ئێسـتا هەیە بەڕاستی، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە هەندێ تێبینیشمان هەیە لەسەر ئەم باجانە، لە هەنـدێك شـوێن بەڕاسـتی تەعەدا لە هەنــدێك شـوێنیش دەکرێـت بـۆ بـاج، یەعنـی جیـاوازی هەیە لە وەرگرتنی باج لەسەر ئەم کورسییە بـۆ کورسـییەکی تـر، هیـواداریـن ئەمەش باسـی لێـوە بکرێـت، دووەم، خـاڵە سـنوورییەکان مـن بە تەواوی پشـتگیری بـرای بەڕێـزم کـاك (علـی) دەکەم بـۆ ئەو روونکردنەوە، تەواو روون و بە وردی باسی کـرد، مـن لەبیـرمە لە خـولی دووەمـی پەلەمـان دا کە یاسای کواڵتی کۆنترۆڵمان موناقەشە دەکرد ئەو کاتە، یەعنی لە نیوان (٢٠٠٥) بـۆ (٢٠٠٩)، ئەو کـاتە باسی ئەوەمان دەکرد کە ئیتر سنوورەکان هەمووی تۆکمە دەبنو کەس ناتوانێ شـتی بە قاچـاخی یان بە ژێر بەژێری بێتە نـاو هەرێمـی کوردسـتان، کەچـی ئەمـڕۆ نەك تەنهـا شـتەکان دێـنن بە بـێ گـومرگ و شـتی وا، ئایـا ئێـوە دەزانـن کە دەرمـانی ئێکسـپایەر دێـتەوە ژوورێ بـۆ هەرێمـی کوردستان، ئایا ئێوە دەزانن کە لەم خاڵە سنوورییانە خواردنی ئێکسپایەر یاخود چەنـد مـانگێکی مـاوە تـا دەگـاتە کۆگاکـان ئێکسـپایەر دەبـێ، ئەمە گارەسـاتێکی گەورەیە بەڕاسـتی، لای مـن لە

مەسـەلەی مـووچەکەش گرنگتـرە، بـۆیە مـن پێمـوایە دەبـێ ئێـوە چـاوکراوەتر بـن بـۆ مەسـەلەی بازاڕیش، بازاڕیش بەڕاستی خاڵێکە دەبێ باسی لێـوە بکـرێ، دوو دوکـان، سـێ دوکـانی تەنیشـت یەك هەرسـێکیان هەمـان شـت دەفرۆشـن، بەڵام هەر یەکە نرخێکـی هەیە، بەڕاسـتی ئەمەش دەچێتە نزیك ئاستی خانەی ئەو لێبڕینی مووچەیە کە ئێستا پەیڕەو دەکرێت، هیوادارم جـارێکی تر لە سەرۆکایەتی پەرلەمـان بـۆ ئەوەی ئـێمەش ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم پەرلەمـانە بەڕێـزە بڕیـارێکی هەبێ بـۆ ئەم مەسـەلەیە، کە داخـوازی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانە بە بـێ جیـاوازی، سوپاسـتان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هیمداد، فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەفدی حکومەت دەکەم، پێشـەکی پشـتگیری تەواوی لە قسـەکانی هەمـوو بەڕێـزان و بەتـایبەتی کـاك (علـی حەمە صـالح) و کـاك (ئـازاد) و کـاك (جـلال پەرێشـان) دەکەم، هیوادارم وەڵامی شاندی حکومەت هەمان وەڵامی پێشوو نەبێت کە گوێبیست بووین، هیـوادارم وەڵامی ئەمڕۆیان ببێتە مـایەی شـانازی، ببێـتە مـایەی دڵفـراوان کردنـی هەمـوو خەڵکـی هەژاری کوردستان، بڕینی مـووچە، کێشـەی دارایـی، نەبـوونی مـووچە، خۆگونجانـدن، نـاوی هەر چ بێـت موهیم ئەوەی ئەمڕۆکە دوای سی ساڵ حکومڕانی کوردسـتان حـاڵی ئەوەیە، وەزعـی کوردسـتان ئەوەیە، زۆر بەداخەوە، ئـێمە تەقـدیری ئەوە دەکەیـن کە کـابینەی نـۆیەمی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان لە کات و ساتێکی زۆر خەراپ دامەزرا، بە نەخۆشی کۆڕۆنا و دابەزینی نرخـی نەوت و بە وراسـی ئەو هەمـوو قەردەوە، بەڵام ئەوە نـابێ ببێـتە بیانوویـێك بـۆ ئەوەی نەتـوانێ مـووچەی خەڵکی بدا، ئێمە پەندێکمان هەیە، قسەیەکمان هەیە بە تورکی دەڵێ (ئینسـانی یەشـات، دەوڵەت یەشاسن)، یەعنی مرۆڤی هاونیشـتیمانی بـژێێنە تـاوەکو دەوڵەت بـژی، دەوڵەتـیش، حکـومەتیش دەبـێ حـامی ئەو مـیللەتەی بێـت بە هەمـوو شـێوازێکەوە، بە هەمـوو جـۆرێکەوە، مـن لە هەمـان قسەکانمدا، پرسیاریشە داهاتی خاڵە سنوورییەکان چەندە؟ داهـاتی هەمـوو خـاڵە سـنوورییەکان دێتە ناو خەزێنەی حکومەت یان نا، ئەگەر نـایێ؟ هۆکـارەکەی چیـیە؟ تـا چەنـد بەردەوام دەبـێ؟ پرسیاری کۆتایی، دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی بەغـدا لە چ ئاسـتێکە؟ گەیشـتنە چ نەتـیجەیەك؟ لەگەڵ ڕیزم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا ئیحسان، فەرموو.

**بەڕێز إحسان محمد سليم:**

**ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من چەند پرسـیارێك هەی ئەم دڤێتبـۆ وەفـدێ بەڕێـز بـکەمەڤە، بێـژمە جەنـابێ وەزیـرێ دارایـی بابەتێ دوو سەد مليار دينار ئەوی کو حوکمەتا عیراقی دداتە هەرێمـا کوردسـتانی، هەر وەکـی مە گولێ بوی وەزارەتا دارایی دبێژیتن ئەو بودجەیەکا بودجە دەهێتتن بودجا هەرێمـا کوردسـتانێیە،

پشکا هەرێما کوردستانیش بودجەیە دهێتەڤە، سەرۆك وەزیر عیراقی دبێژیتن نەخێر بە سلفەیەکی دەدەم بۆ کو ئەڤی تەنێ بشێن راتبێت خو بدەنە حکومەتا هەرێما کوردستانێ، مە دڤێت روونکرنێ بدەین سبەی جارەکادی تری نەبین ئەم دەنگدار و قەرزدارێت حوکمەتا عیراقینە ڤان پارێت داینە مە، با بزانی کانی ئەڤ پارە بۆ چییە؟ ئایا ئەڤ پارە تێت دوو سەد ملیارە ژ بۆ هەندێیە بۆ دانا مووچەیە؟ چونکی خەلکی مە گەلەکی کەیف خوشە دوو سەد ملیار ڤان رۆژا دهێت بە مووچێ وان زێدە بیتەڤە، ئایا ئان ژی بۆ تشتەکی دیکەیە؟ دووەم/ داخازێ لە بەرێزا هەمیا دکەمەڤە بێ جیاوازی، مووچەخۆر و فەرمانبەرێن هەرێما کوردستانی ل ژیانەکا زۆر سەخت و دژوار دێ دژینەڤە، ئێك لێبرینا مووچەی لەلایەکیڤە، لایەدی بەرێ خۆ بدەرێ کابرا دوکاندارە، یان کرێدارە، ژیانا وان گەلەکا سەخت بوویەڤە، بەهای دۆلاری گەلەکی گران بوویە، یەعنی بەرێ خۆ مەسەلەن هەمیلایا گرانیا کەتە سەر مووچە خۆرێ، لەوما دڤێتن براستی خەمەکا باش بۆ بێتە خارن، بابەتی سێیەم دڤێت ئیشارەتی بدەم پرسیارا من بۆ کاك (د.ئومێد صباح)ییە بابەتی تەعدیل شەهادات و بابەتی گرێبەست و دامەزراندنا یەکەم و دووەم و سێیەمە ل هەمی ولاتی دا و ل هەرێما کوردستانی دا ئەم پیدڤی هەندێنە کو ئەم ئاستی خاندنێ زێدە بکەن بەرەڤ باشی ببەینەڤە، ئەم رێگر نەبین کو هەندێ قوتابیێت مە نەخینیتن یان خەما خاندنی نەکاتەڤە، ئەڤرۆکە ب سەدەهان کەسا سەر حسێبا خۆ چووینە شەهادە هینایینە، ئەڤرۆکە شەهادە ناهیتە تەعدیل کرنێ، ئیجا ب هەر حجەتەکا ئەڤیتەڤە، یان ژی بابەتێ مەسەلەن ئێکەم و دووەم و سێیەم نەهێنە تەعین کرن، یان گرێبەست نەهێنە دامەزاندن، ئەڤە هەمی بیتە هەکەر وەسا بمینتەڤە بەڕاستی ئەزێ موستەقبەلەکی گەش نابینمەڤەوە بۆ گەنجی هەرێما کوردستانێ دا، ئەم زانین هەر ولاتەکی ولات ئاڤایا لسەر پشتا گەنجی، سەر ملیت گەنجی، ئەگەر ئەم گەنجییە، ئەم قوتابییە، ئەم خەمەکی لی نەخۆین وەکی ئیرانی، وەکی گەلەك دەولەتی دی ببینین قوتابێ مە هەر وەکی دیاردەیێ بڵاڤ بوو د ناڤ هەرێما کوردستانێ دا، ب سەدەها قوتابی توشی ماددەی بێهۆشبەر بوونەڤە، بۆ؟ چونکی دزانیتن موستەقبەلی گەش نینە دوای خوندنیدا نە تەعین بیت، نە فلان بیتەڤە، یان حەتا شەهادەی دێنیت تەعدیلات نینە، لەوما مە حەز کەین جوابەکا روون ڤێ بابەتی دا بێتە درن، یادی دی تریا دومەهاکێ ڕوونکرنەکا پێدڤی بێتەدانژ لایی وەفدێ هێژاڤە، بۆ هەم بۆ پەرلەمانتارا هەم بۆ خەلکی هەرێما کوردستانێ ژی، براستی براستی یەعنی بابەتی لێبرینا مووچەی یابوویە جێیە موزایەدەیەکا یەکجار مەزن دێ ولاتێ مە دا، ئەم دبینین رۆژانە ئەڤ ئەڤی موتەهەم دکەت، ئەو ئەڤی موتەهەم دکەت، وەرن ئەڤە وەفدی حازرە لڤێرێ،ئەڤ وەزیری بەرێزێت هەنێدا، ل هەر سێ کەسانی دەسەڵاتن، فراکسیۆنێت مەزنن کو ئەڤرۆکە وەلاتی کوردستانی بەرێوەبەنەڤە، هەرێمە مە دڤیت دیار بیتن بۆ هەمایا هەرێما هەم بوونە پەرلەمانتارا هەم دونێ بوو گوتی ئەز تەحەدا د کەم پارەی هەی حوکمەتا هەرێما کوردستانی ژ قەصدا پارە نادات، ئەرێ جەنابی وەزیری دارایی ئەو پەرلەمانتار زۆر ژ وێ حیزبینە، وێ جەنابێ تە کو تەرشیح کری بۆ وەزیری دارایی، هەرێ راستە هەرێما کوردستانێ دا پارەکی هن بەردەست هەیە جەنابێ سەرۆکی حوکمەتێ ژ دلمرات بیتن خەلکی خۆ عقوبە بدات و پارە نەدات؟ پارە هەیە کو نەدات، یا ژی روونکردنێ بدەنە ڤێ خەلکێ، رجایێ

دکەین بلا نەبیتە موزایەدە و هەریشمە خۆ پێ شیرین بکات بەرچاوی خەلکەکی قەصدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هیچ کەس موزایەدە ناکات، ئەوانەی کە دەوترێ هەمووی پرسیارە و ئاراستەی وەزیرە بەرێزەکان دەکرێ، سوپاس، بەڕێزان هەست دەکەم پرسیار ئاراستەی بەڕێزان د.ئومێد و د.ئامانج دەکرێ، جا بۆ ئەوەی ئێمە پرسیار ئاراستەی نەکەین و دواتر نەتوانن وەڵام بدەنەوە، موسبەقەن ئەوە دەخەینە دەنگدان، رەزامەندن ئەو دوو بەڕێزە قسە بکەن و وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە؟ بەڵێ سوپاس، بۆ ئەوەی ئەندامان بتوانن پرسیار ئاراستە بکەن، کاك (باپیر)، هەروەها (د.عبدالحکیم)یش، چونکە پرسیار ئاراستەی ئەویش دەکرێ بەڕێز، بۆ ئەو پرسیارانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەی بەڕێزانی دەکەن سەبارەت بە چاکسازی و سەبارەت بە دۆسیە جیاوازەکان، ڕەزامەندن ئەو سێ بەڕێزە قسە بکەن؟ مودیر عام نابێ، بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان، بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی هەر شتێکی هەبێ دەتوانێ لە ڕێگەی وەزیری داراییەوە قسە بکات، بەڵێ کاك باپیر، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

ئێمە ئەورۆ کۆبووینەوە تا بگەینە ڕێگە چارەیەك، بۆ ئەوەی وەڵام بۆ خەڵك بێت، ئەو دانیشتنەی ئێمە ببێتە مایەی ڕەزامەندی خەڵکی تێدابێت، بەتایبەتی ئەوەی پرسیاری هەیە، پرسیار زیاتر پرسیاری شەقام لە چییە؟ لەسەر مەسەلەی مووچە، مووچە بە ڕای من بە پێی یاسا ڕێکخراوە و مافێکە بەرامبەر ئەرکێك، ئێستا دەبوایە ئێمە نەك باسی لێبڕینی مووچەمان بکردبا باسی زیاد کردنی مووچەمان بکردباو بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر لە خەمی هاووڵاتییان باین بۆ ئەوەی جیاکاری تەبەقی دروست نەبووبایە، بیر لەوە بکرابایەوە، چونکە بەهای خۆراك، بەهای پێداویستییەکانی ڕۆژانە، هەموو ئەو بەهایانە بە پێی ئەوەی کە دۆلار بەهاکەی هەستاوە، ئەویش بەهاکەی هەستاوە، دەبوایە بیر لەوە بکرابایەوە نەك بیر لەوە بکرابا، بەداخەوە کە حکومەت و پەرلەمان نەمانتوانیوە ئەوە بکەین، لانی کە بتوانین ئەو مووچەیە وەك خۆی لێ بکرێتەوە، بە ڕێکارێك کە بتوانێت داهاتەکان زیاد بکرێت،ئایا بۆ ئەو داهاتانە کە لە کاتێکدا نرخی نەوت چۆتە سەرێ، لە کاتێکدا بەهای دۆلار چۆتە سەرێ، لە کاتێکدایە پێشتر بەپێی یاسای بودجەی عیراقی شەرعییەتی وەرگرتووە نەوت فرۆشتنی ئێمە، کە پێشوازی کۆمپانیاکان زیاتر دەکرێ، کەواتە بەهای و گەرمترین لە کڕینی، ئەو گرفتە یاساییەیای نییە، کەواتە لەوڕۆژەوە دەبێ نەوتی ئێمە ئەو کێشەیەی نەمابێ، فرۆشتنەکەی ئاسانتر و باشتر بێ، سەرەڕای نەوت، باسی غاز ناکرێ، ئایا داهاتی غازمان چەندە؟ ئەو پرسیارە لە وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەم، چەندە؟ چۆن دەگەڕێتەوە؟ ئایا جگە لە داهاتی نەوت داهاتی غاز یان کانزاکانی تر، یان کانە بەردەکان، ئێستا بەردی ئێمە دەچێتە ئیسپانیا، دەچێتە ئیتاڵیا، دەچێتە چین و دەفرۆشرێت، ئایا حکومەت هیچ موستەفیدە لێی کە کۆمپانیاکان دەیبەن؟ یان ئەو کانە بەردانە دەردێن لە ناو خۆی دا کە ئەوەش سامانی سروشتینە، کە موڵکی حکومەت و موڵکی گشتینە،

ئایا چەند ئەوە بوون؟ مەسەلەی غاز رەنگە موبەریرتان ئەوە بێ ئەو غازە وەکو سوتەمەنی بەکار بهێنرێ بۆ کارەبا، ئەی لەوسەری پارە لە هاووڵاتییان وەرناگرییەوە ئی کارەبا؟ ئێ نابێتە داهات؟ خۆ بە بەلاش و بە خێر نادرێتە کۆمپانیاکە کە ئەوەی کارەبا دابین دەکات، دۆخی ژیانی خەڵك ئێستا زۆر گرانە، پارەی کارەبا زیادی کردووە، پارەی ئاو زیادی کردووە، کاڵاکانی پێداویستی ژیان و رۆژانە زیادی کردووە، نرخی داو و دەرمان کە ئەو پەتایەش لە گۆڕێ زیادی کردووە، نرخی سووتەمەنی زیادی کردووە، واتا بارگرانی ژیان زۆر لەوە زیاترە کە هەر بە تەواوکردنی مووچەکە تەواو بێت، لە سنوورەکان کۆمپانیای زیاد هەیە کە بە بێ بەرامبەر پارە زیاد وەردەگرن، کە زیاد وەردەگرن ئەوە دەچێتە سەر خەرجی بازرگانەکان و خەرجی کاڵاکان، کەواتە دەرەنجام دەبێتە بارگرانی لەسەر هاووڵاتییان، ئەو کۆمپانیانەی کە پێویست نین بۆ پێداچوونەوەی پێ ناکرێ لە سنوورەکان وەزارەتی دارایی؟ یان سنووری داهاتی نەوت و غاز سندووقەکان بۆ دیاری نەکراوە؟ بۆ تا ئێستا کاری پێ ناکرێ؟ یان بە شێوەیەکی گشتی بڵێین داهاتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بێت و رێکبخرێتەوە، دەکرێت رێکبخرێتەوە، بتوانین پشت بە بەغدا نەبەستین، چونکە من بێ ئومێدم لەوەی بەغدا پارە دەنێرێ، تەنها ئیستیفادەیەکمان کردووە لەو بودجەیەی کە شەرعییەتی داوە بە نەوت فرۆشتنەکەمان ئەوە جێگای خۆشحاڵییە، بەڵام من پێموانییە ئەو واقیعە سیاسییە ئاڵۆزەی کە لە عیراق هەیە و حکومەتی عیراق خاوەنی بڕیاری خۆی نییە، ناتوانێ خۆی جێبەجێ بکات ئومێد لەسەر ئەوە هەڵچنین، ئەوە ئومێدێکی زەعیفە، باشتر وایە پشت بە خۆمان ببەستین، یاسای چاکسازی جێبەجێ بکەین، ئایا یاسای چاکسازی توانیویەتی داهاتێك بگەڕێنێتەوە؟ چەندە؟ رێژەکەی چەندە؟ دەتوانێت ئەو کەم و کوڕیانە پڕکاتەوە؟ لایەکی تر سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کێشانەی سنوورەکان هەن رێگای لابەلا هەیە، لە دەرەوەی رێگای سەرەکی رێگای لابەلا هەیە، ئەو رێگایانە چەند توانراوە وەزارەتی دارایی لە رێگەی بەڕێوبەرایەتییەکانییەوە کۆنترۆڵی ئەوە بکات، یان بە بێ پرس، یان بە بێ باج لێ وەرگرتن و رسومات دێتە ناوەوە، سەرەڕای ئەوەش برادەرانیش ئاماژەیان پێکرد رسوماتیش زیاد کراوە، ئێ ئەو هەموو رێژە زیادکردنە بۆ دەبێ مووچە هەر وەك خۆی بمێنێتەوە؟ ئەوە بۆتە پرسیارێکی گشتی، پێویستە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئا لێرە کە هاتوون تەشریفیان هێناوە وەڵامی ئێمە و وەڵامی هاووڵاتییانیش بدەنەوە، وەڵامەکەش موقنیع بێ، بۆ ئەوەی پێکەوە لەو وڵاتە کار بکەین بۆ دەربازکردنی هەرێمی کوردستان لەو قۆناغە راگوزاریەی کە تێیدایەتی، ئەوەی تر من پرسیارێکی تایبەتیم لە دیوانی سەرۆکایەتی کە پەیوەندی بە لیژنەی پێشمەرگەوە هەیە، ئەویش کە بڕیارێکیان دەرکردبوو کە بەڕێوبەری خانەنشینی گشتی لەگەڵ ئێمە دانیشتن کە خزمەت کردنی پێشمەرگە بە یاسا رێکخراوە، پێشمەرگەی شاخ ساڵێکی بە دوو ساڵ و بە پێی پێویستیشی بۆ پڕکردنەوەی بۆ خانەنشینی پێویستی پێیەتی حیساب دەکرێ، بەڵام بە ئیمزای کاك ئومێد کە کردویەتی، نووسراوێکی کردووە کە نابێ ساڵێك بە دوو ساڵ هەژمار بکرێ، ئەوە پێچەوانەی یاسایە، چونکە ئێمە یاسامان دەرکردووە، ناکرێ رێنمایی و بڕیار لە یاسا گەورەتر بن، بە پێی پلەبەندی بنەماکانی یاسا، بۆیە ئومێد دەکەم ئەو نووسراوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، زۆربەی پێشمەرگەی شاخ کە بە پلەی وەزیفی تەقاعود بوون، کە ئێستا بۆیان هاوتا دەکرێتەوە، ئەو کێشە و گرفتانەیان هەیە و هاتوونە لە لیژنەکەشمان ئەو

سکاڵانەیان هەبووە، کە لەگەڵیشیان دانیشتین نوێنەرانەی حکومەت لە خانەنشینی ئەو کێشە و گرفتە ئومێد دەکەین ئەوەش چارەسەر بکری، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك بەهمەن، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەم، تەبعەن ئەوە پرسیاری هەموو برادەران بۆ منیش زیاتر دووبارەی دەکەمەوە بە روونکرنەوەیەکی زیاتر، داهاتی نەوت زیادی کردووە، باج زیادی کردووە، رسومات زیادی کردووە، چاکسازی بەشێکی کراوە و بەردەوامە، ئەم لێبڕینی مووچە بۆ کۆتایی نایێ؟ ئایا بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی هۆکارەکە داهاتی ناوخۆییە؟ داهاتەکان لە خاڵە سنوورییەکان ناگەڕێنەوە؟ باجەکان وەکو یەك نین؟ بۆچی ئەو پارەیە زیاد دەکات یەعنی من زانیارییەکم لەلایە لە مانگی (١٢)ەوە هەتا وەکو ئێستا بەس لە داهاتی نەوت (١٣٥) ملیۆن دۆلار زیادی کردووە، ئێ باشە ئەوە بۆ فەراغێکی پڕ نەکردۆتەوە؟ بۆ ئەو لێبڕینی مووچەی کەم نەکردەوە؟ ئەم قاچاخچیێتی یە لە خاڵە سنوورییەکان کەی کۆتایی پێ دێت جەنابی وەزیری دارایی و بەڕێز بەڕێوبەری گشتی خاڵە سنوورییەکانیش؟ یەعنی هێلکە، دونگ، مریشکی بەستوو، سەیارەی خوار مۆدێل کە بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ راگیراوە، لە یەك سنوور لە ماوەی ئەو چوار مانگەی رابردوو هەژدە هەزار سەیارە داخیل کراوە، هەموو ئەو ماددانەی کە من پێتم وت داخیل دەکرێ، تا کەی ئەمە رانagرن؟ یەعنی سەرەتان لە شارەکانی کوردستان دا بۆتە هەڵامەت، وەکو ئەوەی گیرفانی خەڵکمان خاڵی کردووە، خەریکین جەستەشیان وێران دەکەین، تا کەی ئەم قاچاخچیێتی یە راناگیرێ؟ ئەمە کێیە ناهێڵێ رابگیرێ؟ ئەو هێزەی کە بڕیاری بۆ دەرچوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکی ناهێنن؟ چاوەڕێی چین؟ یەعنی چاوەڕێی ئەو بەشەی ترمان ماون ئەوانیش تووشی سەرەتان بین؟ فەرمانبەر تا کەی چاوەڕێ بێ؟ یەعنی فەرمانبەر حەقی لەوە نییە تۆ چ حیسابات هەیە لە بەینی حیزبەکان، بەتایبەتی حیزبەکانی پێکهێنەری حکومەت، فەرمانبەر (٣٠) رۆژ دەژمێرێ بۆ ئەوەی مووچەکەی وەرگرێ، بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر پارە لەبەر دەستە؟ خێرە مانگەکانی پێشووتر بە ماوەی سێ رۆژ مووچە دەدرا، خێرە ئێستا بە (١٠) رۆژ مووچە دەدرێ؟ بۆ؟ یەعنی ئەگەر سیولە لەبەر دەستە بۆ نایدەن؟ یەعنی چییە؟ ئەمرێك بکە بە بانکەکان با لە دوو رۆژدا هەمووی تەوزیع بکەن، بۆ نایکەن؟ کێ هۆکارە کە ئەمە ناکرێ؟ داهاتی کوێیە ناگەڕێتەوە کە ئەمە ناکرێ؟ فەرمانبەری گرێبەست چاوەڕێیە تەعین بکرێ، وانەبێژ چاوەڕێیە بکرێتە گرێبەست، ئەو هەموو خەریجەمان هەیە لە ماڵەوە دانیشتووە، ئێوە دوو مووچە و سێ مووچەتان بڕیوە یان نەتانبڕیوە؟ کە من بەڵگەم لەبەر دەستە لە زۆر شوێن نەبڕاوە، یەعنی خەڵك تا ئێستاش دوو مووچە وەردەگرێ، هەندێ خەڵك هەیە بەڕێوبەری گشتی یە و تەقاعودیشە بە پلەی سەربازی، ناکرێ ئەم ناعەداڵەتیەتە هەروەها بەردەوام بێ و ئێمەش شیعاری چاکسازی هەڵبرین، یاسایێك بۆ چاکسازی لەم پەرلەمانە دەرچووە، بندیوارتان چەند بڕیوە؟ ئەگەر وەڵامەکەشتان ئەوەیە بندیوار و دوو مووچە و سێ مووچە براوە، ئەرێ خێرە ئێوە لە کابینەی پێشووەوە تا ئێستا دەڵێن (٨٩٥)

ملیارمان پێویستە بۆ مووچە؟ ئەی بۆ کەمی نەکرد؟ رسومات و باج جەنابی وەزیری دارایی تۆ بەرپرسی لە بەرامبەر خوا و لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان، ئێستا لە بەرامبەر نوێنەرانی خەڵکی کوردستانی، باج و رسومات و گومرگ لە هەموو شوێنەکان وەکو یەکە؟ یان ناعەدالەتی هەیە؟ من یەك نمونە دەهێنمەوە جەنابی وەزیری دارایی، ناوی کەسیش ناهێنم بۆ ئەوەی نەبێتە موزایەدەی حیزبیش، یەعنی شار هەیە بە پێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عیراق فەقیرترین شاری کوردستانە، شاریش هەیە دەوڵەمەندترین شارە، بۆچی فەرقی باج لەم شارە بۆ ئەو شارە (٢٣%) بێ؟ بۆ بەدواداچوونتان نەکردووە؟ چۆن بۆ خەڵکی کوردستان روون دەکەنەوە؟ کە شار هەیە (٣٥%)ی هەموو پیشەسازی عیراقی لێیە (٢٦%) باج بدات، شارێکیش فەقیرترین موحافەزەی عیراقە (٢٣%)ی باج بدات؟ هۆکارەکە چییە؟ بۆچی هەر کاتێك کە داهاتی نەوت زیاد دەکات داهاتی ناوخۆ کەم دەکات؟ بۆ ئەوەی مووچەکە چاك نەکەنەوە، خەڵك ئەم وەڵامانەی لە ئێمە ئەوێ، ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، رۆژانە خەڵك تەلەفۆن بۆ ئێمە دەکات، دوێنێ خەڵکێك تەلەفۆنی بۆ من کردووە دەگری بۆ ئەوەی شروبێکی ئۆتیزم وەرگرێ، لە وەزارەتی صحەش دەستامن ناکەوێ بۆی، دەبێ بچێ لە بازاڕ بیسێنێ بۆ (٣٠) دۆلار، وەکو وتم سەرەتان دونیای وێران کرد بە هۆی ئەو قاچاخچێتییەوە، لە کابینەی پێشووەوە ئەم پەرلەمانی کوردستانە و بەشێك لە حکومەت و بەشێك لە حیزبەکان هەرچی خراپە و نەهامەتی ئەم وڵاتەیە ئۆباڵەکەیتان خستە سەر نەوت، کەچی ئێستا ئەو زانیارییانەی بە ئێمە دەدرێ، ئەگەر نەوت نەبوایە خەڵك دەبوایە ئێستا سواڵی بکردایە، نان و خۆڵی بخواردایە، ئەگەر ئەو نەوتە نەبوایە ئێستا لە کوردستان دەفرۆشرێ، کە ئەوە ئەو عەیبە و عارەی ئێمە و ئەو پەرلەمانە و خولی پێشوو و خەڵکیش و حیزبەکانیش، هەرچی ناعەدالەتی ئەو وڵاتە هەیە، هەرچی گەندەڵی هەیە و هەرچی ئۆباڵی نەبوونی مووچەیە خستیانە ئەستۆی نەوت، کەچی ئێستا دەرکەوتووە ئەم مانگە بۆ مانگی شەش (٣٣٥) ملیۆن دۆلاری مووچە کە دەکاتە نزیکەی (٥٠٠) ملیار دینار، کە خۆی (٧٠٠) ملیار دینارتان پێویستە بۆ (٢١%)ی لێبڕین، (٥٠٠) ملیاری لە نەوت بووە، ئەی ئەگەر نەوت نەبوایە چیمان بکردایە؟ ئێ خۆ خەڵك دەبێ خۆڵی بخواردایە، کەواتە دەرکەوت عەیبەکە لە نەوت نییە، عەیبەکە لە جێگەکەی ترە، کەواتە دەرکەوت ئەم سیاسەتە فاشیل نییە، سیاسەتێکی ناجیحە بەڵام ئەوە حزبەکانن، ئەوە کۆمپانیاکانن، ئەوە کەسانی ناو حزبەکانن کە داهاتی ئەم وڵاتە ناگەڕێننەوە بۆ ئەم وڵاتە، حکومەتێك چۆن دەبێ دەسەڵاتی لە خاڵی سنووری نەبێ؟ حکومەتیك چۆن دەبێ لە شوێنێك بتوانێ باجی زیاتر وەرگرێ، لە شوێنێك نەتوانێ باج وەربگرێ؟ حکومەتداری چۆن وا دەکرێ؟ بە خەڵکی بڵێین هۆکارەکە چییە؟ بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بەرچاوی روون بێ کێیە ناهێڵێ ئەم داهاتە بگەڕێتەوە؟ ئاخر خاڵم جەنابی وەزیری دارایی و بەڕێزان وەزیری سامانە سروشتییەکان و بەرپرسی چاکسازیش، ئەنجامی چاکسازی چی بووە؟ تکایە پێمان بڵێن، ئەگەر یاسا دەرکردن لەم پەرلەمانە هەر دەچێتە ناو رەفەکانەوە، ئەگەر رێگری لێ دەکرێ جێبەجێ بکرێ بە روونی بە خەڵکی کوردستان بڵێن، من ئەندامی فراکسیۆنی زەردم، ئەگەر پارەتی ناهێڵێ داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکان بگەڕێتەوە، فەرموون بیڵێن لەبەرچاوی خەڵکی کوردستان، ئەگەر پارەتی رێگرە لەبەردەم چاکسازی فەرموو بیڵێن، بۆ ئەوەی ئیتر ئێمەش روومان هەبێت و رووبەڕووی حزبەکەی خۆشمان بوەستینەوە،

داهات هەیە لەم وڵاتە جەنابی وەزیری دارایی، پارە هەیە، خەڵکیش دەیەوێ مووچەکەی چاك بێ، فەرقی ئێستای (٢١%)ی لێبڕین لەگەڵ فوول دا (٢٠٠) سەد ملیار دینارە، ئەم (٢٠٠) ملیارە هەیە، تکایە پێمان بڵێن بۆچی نایێتەوە؟ ئێمە دەزانین لە هەندێك شوێن خەڵك رووت کراوەتەوە بە باج، لە هەندێك شوێنیش خەڵك شەریکەی هەیە و باج نادات، هەر کارەبای ماڵان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو نوقتەیە ئیزافە بکەم، کارەبای ماڵان، (٨٤%)ی کارەبا دەچێ بۆ کارەبای ماڵان، (٦١%)ی لە یەك ناوچە کۆدەکرێتەوە، باقییەکەی تری دیار نییە، بۆ بەڕوونی بە خەڵك ناڵێن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ پرسیارەکانت، شنۆ خان، بەڵێ شنۆ خان یەك دەقە بزانین ئاشنا خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئا بەم شێوەیە بێ ئێمە تا سەعات (١٢) دادەنیشین لەم جەلسەیە، ئێمە بەلامانەوە گرنگە بە نەتیجەیەك لەم کۆبوونەوە دەربچین، ئەندامی پەرلەمان دەستیان خۆش بێ، هەموو شتی باش دەڵێن هیچی خراپ نییە، هەمووی لە دڵسۆزیەتی، بەڵام ئێمە نەتیجە لە لامان دا گرنگە، ناکرێت هەشت دەقە، نۆ دەقە، بە چ خاڵێکی پەیڕەوی رێگە بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەدرێ (١٠) دەقە قسە بکات؟ بۆیە رێگە بە هەر ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بدرێت بە دوو دەقە دەتوانێ پەیامەکەی خۆی بەگەیەنێ، بۆ ئەوەی لە کۆتایی دا ئێمە بە نەتیجەوە لەم کۆبوونەوەیە دەربچین، بە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بڵێین مووچەکانتان بە بێ لێبڕین دابەش دەکرێ، نەخێر بە لێبڕینەوە دابەش دەکرێ، ئەم نەتیجەکەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لە راستی دا ئەم کۆبوونەوەیە تایبەتمەندێتییەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەندامی پەرلەمان لە زیاتر لە دۆسیەیەك لە ناو ئەو بابەتەدا هەیە، ئەو بەرنامەی کارەدا هەیە، ئەو خاڵەی بەرنامەی کارە هەیە کە ئێمە دامانناوە، ئاشنا خان دڵنیات دەکەم ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ببڕم و مایکەکە بکوژێنمەوە، دەڵێن سەرۆکی پەرلەمان ناهێڵێ خەڵك باسی خەمەکانی خەڵك بکات، شنۆ خان بەردەوام بە، جا (٩٥) کەسیش ناوی نووسیوە تا ئێستا (١٨) کەس قسەی کردووە، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کورتهێنانی مووچە، کورتهێنان لە دۆخێك دا روودەدا کە ئەزمەیەك هەبێ، لە ماوەکانی رابردوو کۆمەڵێك بیانوو هەبوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە مووچە بە لێبڕینەوە دابەش بکات، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لەو بیانووانە نەماون، بە نموونە ڤایرۆسی کۆرۆنا و کەرەنتین کە داهاتی ناوخۆی نزیك کردەوە سفر، جموجۆڵی بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکان سنووردار کرد، دابەزینی نرخی نەوت، بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەند، لەگەڵ نەمانی ئەم هۆکارانەش نرخ دۆلار زۆر بەرزبوویەوە، کە گەیشتە

سەروو حەفتا دۆلار، کەواتە کورتهێنان لە ئێستادا بۆچی؟ یەعنی هۆکارەکەی چییە؟ ماوەی یەك ساڵە حکومەت یاسای چاکسازی ئەیهێنێ و ئەیبا، سەد رێنمایی زیاتری دەرکردووە بەڵام نەتیجەکەی چی بووە؟ یەعنی بۆچی جێبەجێ ناکرێ؟ بۆچی دەست بردن بۆ چاکسازی لە دام و دەزگاکانی حکومەت ئەوەندە سەخت بووە؟ بە گوێرەی بەدواداچوونی ئێمە لە لیژنەی دەستپاکی هەماهەنگی نییە لە نێوان وەزیرە بەرێزەکان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دا لە جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی، بە نمونە لە وەزارەتی پێشمەرگە بەرێز وەزیری پێشمەرگە خۆی لە یەکێك لە لیژنەکان ئامادە بوو، سەرۆکی هەر پێنج لیژنەکانی راسپێردراو بە جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە بە روونی و بە وازحی ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەنجومەنی وەزیران بۆتە رێگر لەبەردەمی جێبەجێ کردنی یاساکە لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە، سەبارەت بە گێڕانەوەی قەرزەکان، لە کۆی (٩٢٨) ملیار دینار قەرزی حکومەت لەلایەن سەرمایەداران و بازرگانان بە یەك ساڵ تەنها دوو ملیار گەڕێنراوەتەوە، ئەو (٩) سەد ملیارە ئەگەر یەعنی حکومەت بەم شێوەیە، بەم خاوە خاوە بیگەڕێنێتەوە بە (١٠) کابینەی تر ناگەڕێتەوە، لەسەر دۆسیەی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ هیچ کارێك نەکراوە، حکومەت بە هیچ جۆرێك دەستی بۆ نەبردووە، کە شەست هەزار مووچەخۆرن و لە سیستەمی بایۆمەتریش تۆمار نەکراون، کار لەسەر دۆسیەی فەرمانبەری پلە باڵا نەکراوە، سندووقی خانەنشینیش تاوەکو ئێستا کارا نەکراوە، لە بارەی داگیرکاری موڵك و ماڵی گشتی، لە هیچ کابینەیەك بە قەدەر ئەم کابینەیە گەندەڵی نەکراوە لەم مەجالەدا، لە ژێر ناوی وەبەرهێنان تاوەکو ئێستا داگیرکارییەکی زۆری موڵك و ماڵی گشتی دەکری، من دەمەوێ بپرسم کە چاکسازی ئەوەندە قورسە؟ بۆچی لایەنی کەم رێگری ناکەن لە گەندەڵی؟ دەستەی دەستپاکی بەم هەموو ئیمکانییەتە کەمە، بەو هەموو گرفتەی کە هەیەتی، گرفتی مالی، ئیداری، یاسایی، فشاری دەرەکی، فشاری حزبی لەسەری، ئینجاش توانیوێتی ئیسپاتی بکات کە بەهای گەندەڵی لە یەك پارێزگا کە ناسراوە بە فەقیرترین پارێزگای هەرێمی کوردستان، ناویشی ناڵێم ئەو پارێزگایە بۆ ئەوەی نەڵێن شارچێتی دەکات، قەبارەی گەندەڵی لەو پارێزگا فەقیرە نزیکە لە (٧٥٠) ملیار دینار، لە کاتێك دا لە ساڵی رابردوو هەر بە گوێرەی راپۆرتی دەستەی دەستپاکی قەبارەی گەندەڵی لە کۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (١١٨) ملیار بووە، بەڵام لەم کابینەیە هەر لەم ساڵەش دا بە حیساب یاسای چاکسازی جێبەجێ بووە، بە حیساب دروشمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی نۆیەم چاکسازییە، بەهای گەندەڵی زۆر زۆرە لە چاو ساڵەکانی رابردوو، لە چاو کابینەکانی پێشوو کە چاکسازی نەبووە، سەبارەت بە خاڵە سنوورییەکان، پێکهێنانی سێ لیژنە و پێکهێنانی هێزیش بۆ رێگری کردن لە قاچاخی، ئەوە بڕیاری زۆر زۆر باش بوون، بەڵام بەر لەوەی حکومەت ئەم بڕیارانە جێبەجێ بکات، بۆچی بە رێنماییەکانی خۆی دا ناچێتەوە؟ بەشێك لە رێنماییەکانی حکومەت دەرگای کردۆتەوە بۆ گەندەڵی لە خاڵە سنوورییەکان، گرێبەستەکان، حکومەت خۆی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کردووە، کە لە (٨٠%)ی داهاتی خاڵە سنوورییەکان بۆ کۆمپانیاکە بێ و (٢٠%)ی بۆ حکومەت بێ، ئەم بڕیارە هەڵەیە بۆچی راست ناکەنەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماوەی کەمتر لە دەقەیەك دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی لێت ئەپرسن چەند پەرلەمانتار لە نێو ئەو هۆڵی پەرلەمانەدا موداخەلەیان کرد یاخود خاڵی پەیڕەویان وەرگرت؟ بۆ تەنها ڕێگە بە ئێمە نادەی قسەکانی خۆمان، پەیامەکانی خۆمان بگەیەنین، لە کاتێك دا دوو جار ناوی منت خوێندەوە و تەئکیدت کردەوە کە بەڵێ ناوی منی تێدا بوو لە ریزبەندی ناوەکان دا، لە پاڵ ئەمە ئەو باسەی کە کرا پەیوەستە بە لیژنەی دەستپاکییەوە لە پەرلەمانی کوردستان دا، بەڵام دەیەها ئەندامیکە پەیامی خۆی گەیاندووە، پێشنیاری خۆی کردووە لەسەر ئەو پرسە، تەنها ڕێگە بە ئێمە نادەی، یەعنی گلەیی ئەوەمان هەیە چەندین جارە بەداخەوە ئێوە ناتوانن لە ئیدارەدانی ئەم هۆڵەدا بە قەت زەرەیەك عەدالەت بن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو شیرین خان، ئەو قسەیە بکە کە دەبێ بیکەی، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

بۆیە من نامەوێ بچمەوە سەر ئەو باسەش، هەر بە حوکمی ئەوەی کە ڕێگری دەکەن لێمان، دووهەمین/ لەسەر پرسی لێبڕینی مووچە یەعنی ئەمە لێبۆتەوە بە کورتییەکەی، هەڵهێنانی مەتێڵی لێبڕینی مووچە شێر و خەتی ناوێ،ئەکید لەسەر پرسی لێبڕینی مووچە هەر پرسیارێك ئاراستەی بەڕێزان لەتیمی حکومەت بکرێ هەم پاساو، هەم حجەیان هەیە، بۆیە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە و ئەو ژمارە پەرلەمانتارانەی کە ئیمزامان لەسەر یاداشتەکە کردووە تەنها و تەنها ئەوەیە کە لە ئەمڕۆدا و لە جەلسەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان دا بڕیار لەسەر لابردنی لێبڕینی مووچە بدرێت، کۆی داهاتی هەرێمی کوردستان ئێمە لە تیمی حکومەت دەپرسین چەندە؟ چەندی بۆ خەزێنەی گشتی یە؟ لەم هەرێمەدا حزب، شەخص لە حکومەت دەوڵەمەندتر نییە؟ دەنا ساڵی پار بە حوکمی ڤایرۆسی کۆرۆنا نرخی بەرمیلێك نەوت گەیشتە حەڤدە دۆلار، ئێستا حەفتا و چوار دۆلارە، نرخی داهاتی ناوخۆ نزیك بوویەوە لە سفر، ئێستا داهاتی ناوخۆ، داهاتی خاڵە سنوورییەکان، داهاتی باج و گومرگ و رسومات هەر هەموو هەڵکشاوە، بۆچی بە هەمان میکانیزمی ساڵی پار لێبڕینی مووچە بەردەوامە؟ ئەمە پرسیارێکە و رەنگە وەڵامەکەی هەر بە نادیاری بمێنێتەوە، سەبارەت بە چارەنووسی مامۆستایانی وانەبێژ، فەرمانبەرانی گرێبەست، سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە کوێ دەگات؟ پێویست دەکات، چونکە زۆر زۆر پرسیاریان لە ئێمەی پەرلەمانتار کردووە ئەمڕۆ وەڵامێکی مەنتیقیان بۆ ئەم چینانە هەبێت، سەبارەت بە بڕیارەکانی چاکسازی بۆ ڕێکخستنی داهات و باج و گومرگ لە خاڵە سنوورییەکان بڕیارەکانی ئەنجومەی وەزیران تیشکی ئەخەمە سەر بە کورتییەکەی بڕیاری ژمارە (٧٠٦)، (٧٠٧)،

(٧٠٨) له (٢٠٢٠/٣/٢٢) و بڕیــاری (٣٤٠) له (٢٠٢٠/٢/١٣)، به کــورتی و به پــوختی ڕێگــره لەبەردەم جێبەجــێ کردنــی ئەم بڕیــارانه و بــۆچی نــاچێته بــواری جێبەجــێ کــردنەوە؟لەمپەری بەردەم جێبەجێ نەکردنی یاسای چاکسازی دەتوانین بڵێین لامان روونه بای ئەوە که سیاسییەنەوەك یاسـایی یـاخود ئیـداری، چەنـد لایەن؟ چـی شەخصـییەك؟ چـی وەزارەت و وەزیرێـك ڕێگـره لەبەردەم ئەوەی که پرۆژەی چاکسازی وەکو خۆی بچێته بواری جێبەجـێ کـردنەوە، تکایه لێرەدا به شەفافییانه پێمان بڵێن و بۆ رای گشتی با روون و ئاشکرا بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، رووپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك أحمد رحمان:**

**به ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا نامەوێ ئەو شتانەی باس کران به درێژی باسی بکەمەوە، هەنـدێك خـاڵ به کـورتی دەیڵـێم، ئەوە باسـی لێبڕینـی مـووچە هەمـوو پەرلەمانتـاران باسـیان کـرد وەڵامێکـی صـەریح وەرگـرین بەردەوام دەبـێ یـاخود نـا؟ و پەرلەمـانی کوردسـتان بڕیـار بـدات ئەمـڕۆ، مـن پرسـیارم هەیه سـەبارەت به ژمـارەی فەرمـانبەران که ئایـا بـۆ ژمـارەی فەرمـانبەران کەم ناکـات؟ له کاتێـك دا دامەزرانـدن له (٢٠١٤)وە نیـیه، فەرمـانبەران مـۆڵەتی بـێ مـووچە وەردەگـرن، سـاڵانه خانەنشـین دەبن، فەرمانبەران کـۆچ دەکەن، مردنـی فەرمـانبەران خـۆی ئینسـان که ئەجەلـی هـات دەمـرێ و (٢٠١٤) فەرمانبەری زۆر کۆچی دوایی کردووە، بایۆمەتری کرا، کوا کـاریگەری لەسـەر زیـاد کردنـی داهات و هەروەها نەمانی دوو مووچە و سێ مووچە؟ ئەمە هەمووی پێمان سـەیرە له (٢٠١٤)ەوە تا ئێستا ژمارەی فەرمانبەران هەر وەکو خـۆیەتی، بـۆچی؟ چارەنووسـی حەوت مـووچەی (٢٠٢٠) چی بەسەر دێ؟ ئەو حەوت مووچەیەی که نەدرا، هەژماری بانکی مووچەخـۆران بـۆ نـاکرێتەوە؟ گەر مووچە پاشەکەوتکراوەکان نادەنەوە، بـۆ کـار به سیسـتەمی مەقاصـه نـاکەن؟ داهـاتی غـازی سروشتی چەندە؟ بۆ کوێ دەچێ؟ چونکه ئێمە داهاتی غـازی سروشـتیمان هەیه بەڵام باسـی لـێ ناکرێ، ئەو نهێنێ بەردەوامی لێبڕینی مووچەکه سەرەتا باسم کـرد که نرخـی بەرمیلێـك نەوت به (٤٠) دۆلار بـوو ئەو کـاته بڕیـار درا به (٧٦) دۆلارە و هەروەهـا نرخـی دۆلاریـش له (١٢٠)وە چـۆته (١٥٠)،بۆچی یەعنی لێبڕینی مووچە هەر بەردەوامە؟ دەمانەوێ وەڵامێکی قەنـاعەت پـێکەر و دوا وەڵام چارەنووسی گرێبەستەکان، فەرمـانبەرانی گرێبەسـت، خۆبەخشـەکان، وانەبێـژان، یەکەم و دووەم و سێیەمەکان، یەعنی وەڵامێکی صەریحمان بدەنەوە، ئایـا دەتـوانن گرێبەسـتەکان بـکەنه هەمیشەیی؟ وانەبێژان بکەنه گرێبەست؟ خۆبەخشەکان چییـان لـێ بەسـەر دێ؟ یەکەم و دووەم و سێیەمەکانیش دادەمەزرێن یان نا؟ چونکه ئێمە دوو ساڵ و نیـوە پرسـیار ئاراسـتەمان دەکـرێ، هـیچ پەرلەمانتارێـك له سـەرجەم فراکسـیۆنەکان نیـیه رۆژنه پرسـیارمان لـێ نەکـرێ و یاداشـت نەیێ بۆمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك کاوە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**
**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان دیارە هەر وەك هەموومان دەزانین داهاتەکانی هەرێمی کوردستان فرەچەشنن، هەم نەوتی، هەم نا نەوتی، ئەگەر لە سەرەتاوە لە داهاتی نەوت دەست پێ بکەین، دیارە بڕبڕەی داهاتی هەرێمی کوردستان یاخود سەرچاوەی سەرەکی داهاتی هەرێمی کوردستان نەوتە، ئەوەی کەوا دیارە و باس دەکرێ کە رۆژانە لە هەرێمی کوردستان چوار سەد و حەفتا هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەکرێ لە رێگای بۆڕی، جگە لەوەی کە لە رێگای تانکەر و جگە لەوەی کە دەدرێت بە پاڵاوگەکان، یەعنی پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی نەوت بە (٣٠) دۆلار و (٤٠) دۆلار بوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەر سێ سەد ملیۆن دۆلاری تەمویلی وەزارەتی دارایی دەکرد، دەیناردە وەزارەتی دارایی، ئێستا نەوت بووە (٧٦) دۆلار هەر هەمان بڕ، هەر سێ سەد ملیۆن دۆلار وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەیداتە وەزارەتی دارایی بۆ مووچە، بەڕاستی ئەوەی کە باس دەکرا لە مەسەلەی چاکسازی لە بواری نەوت، ئێمە دەزانین یاسای چاکسازی لە مانگی (١)ی ساڵی پار دەرچوو، بەڵام (٧/١) کەوتە بواری جێبەجێ کردن، دوو، سێ رۆژی ماوە ببێتە یەك ساڵ تەمەنی یاسای چاکسازی، ئێمە بڕیاری زۆرمان بینی لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو بۆ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی، بەڵام بەداخەوە کردارەکانمان نەبینیوە، یەعنی یەك لەوانە بەڕاستی چاکسازی بوو لە کۆمپانیاکانی نەوت، یەعنی وەك باس دەکرێ زیاتر لە هەشت سەد کۆمپانیای نەوت هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئایا چی کراوە؟ وەك باس دەکرێ نازانم رەنگە ژمارەکە بە دەقیقی لای جەنابی وەزیر بێت، ئایا چی کراوە؟ چەند چاکسازی کراوە؟ ئایا باج لە کۆمپانیاکانی نەوت وەردەگیرێ؟ بە چ میکانیزمێك باج لە کۆمپانیاکان وەردەگیرێ؟ سندووقی داهاتەکانی نەوت یەکێك لەو یاسایانەی کە لە خولی رابردوو دەرکراوە کە یاسایەکی باش بووە ئەگەر جێبەجێ بکرابایە، پێمانوایە هەتا رادەیەك شەفافییەتی لە بواری نەوت دروست دەکرد، دروست کردنی سندووقی داهاتەکانی نەوت بوو، بەداخەوە زیاتر لە شەش ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ئەم یاسایە تا ئێستا ئەو ئەنجومەنە دروست نەکراوە، ئەو ئەنجومەنەی کە سەرپەرشتی ئەم سندووقە دەکات، کە خاڵێکی سەرەکی بەدیهێنانی شەفافییەتە، ئێمە پێمانوایە بەڕاستی حکومەت بە ئەنقەست یان لایەنی دەسەڵات بە ئەنقەست ئەم سندووقە دروست ناکات، بۆ ئەوەی داهاتی نەوت، سەرچاوەکانی نەوت، بواری نەوت، کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان شەفاف نەبی، ئێمە وەکو پەرلەمان نازانین بەڕاستی تا ئێستاش داهاتی نەوت چەندە؟ چۆنە؟ چۆن سەرف دەکرێ؟ چەندی دەدرێتە کۆمپانیاکان؟ راستە هەندێ جار هەندێ ئەرقام دێتە بەردەستمان، بەڵام بەڕاستی ئەگەر ئەو ئەنجومەنە نەبێ، ئەگەر شەفافتر نەبێ ناتوانین بەو وەڵامانە بڵێین موقنیعکەر و باوەڕپێهێنەر، لە مانگی رابردوو نەوت لە عیراق بە (٦٥) دۆلار و سەرووی (٦٥) دۆلار فرۆشرابوو کۆی گشتی، بۆ هەر بەرمیلێك، بەپێی ئەوەی کەوا پێشتر هەبووە و بە پێی ئەو داهاتانەی کە لە ساڵەکانی رابردوو بڵاوکراوەتەوە، نرخی نەوتی هەرێمی کوردستان (١٠) بۆ (١١) دۆلاری فەرقە لەگەڵ نەوتی عیراق، کەواتە دەبێ نەوتی هەرێمی کوردستانیش (٥٤) بۆ (٥٥) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك فرۆشرابێ، یەعنی ئەوەی کە هەیە بەڵام هەر

سێ سەد ملیۆن دۆلارەکە دەدرێتە وەزارەتی دارایی، ئەم هەموو داهاتە چی لێهات؟ چۆن دەدرێ؟ چۆن دەکرێ بەرمیلی نەوت کە بە (٥٤)، (٥٥) دۆلار دۆفرۆشرێ تەنها (٢٢) دۆلاری دەدرێتەوە خەزێنەی حکومەت؟ یەعنی ئەمە گومانی زۆر زۆری دروست کردووە، هیوادارم بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان وەڵامێکی موقنیعکەرمان بداتەوە، داهاتی مەرزەکان، بەڕێزان قسەی زۆر زۆر دەکرێ، ئەوەی دیارە چەند مەرزێك هەیە ئەو پرسیارانە بۆ بەڕێز وەزیری داراییە، وەك دیارە چوار، پێنج مەرزی سەرەکی هەیە کە داهاتەکانیان دەگەڕێتەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان و بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کراوە لە ئێستادا تەقریبەن (١٣) مەرزی فەرمی و نافەرمی لە هەرێمی کوردستان دا هەن، ئایا داهاتی ئەو مەرزانە چی لێ دێت ئەوانەی نافەرمین؟ یەعنی باس لەوە دەکرێ فەرماندەی سەربازی داهاتی مەرزەکە بۆ خۆی دەبات و سەرپەرشتی مەرز دەکات، ئەو قاچاخچییەی دەکرێت تکایە تێمان بگەیەنن کێ قاچاخچی دەکات؟ یەعنی زۆر سەیرە، کێ دەتوانێ قاچاخچی بکات؟ کێ دەتوانێ بە دەیان ملیۆن دۆلار مانگانە لە گومرگەکان قازانج بکات؟ ئەگەر بەرپرسی زۆر زۆر باڵای ئەم وڵاتە نەبێ، چۆن خەڵکی ئاسایی دەتوانێ؟ چۆن بەرپرسێك دەتوانێ؟ یەعنی پێم سەیرە حکومەتێکی گەورە و گران هەتا ئێستا ناتوانێ ناوی ئەو بەرپرسانە بەرێ کە قاچاخچێتی دەکەن، کە دەیان ملیۆن دۆلاری هەرێمی کوردستان لەو دۆخە نالەبارەی کە هاووڵاتییان و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی تێدایە بۆ خۆیان دەبەن، یەعنی حکومەت بۆ ناوی ئەمانە ئاشکرا ناکات؟ من کە باسی مەرزەکان دەکەم بە تێکڕا باسی مەرزەکان دەکەم، بۆچی نایێن بەروونی بە خەڵك بڵێن کاکە فڵان بەرپرس، فڵان کەس، لە مانگی (١)ەوە شەش مانگە ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیارێکتان دەرکردووە هێزێکی هاوبەش پێك بێنن بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی مەرزەکان، لە وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتی ناوخۆ و کۆبوونەوەیەکیشتان کرد پێموایە وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگەش کۆبوونەوەیەکی کرد، چی لێهات؟ بۆچی نەتانتوانی ئەم هێزە دروست بکەن بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵی ئەم مەرزانە بکات؟ ئایا هیچ نیەت نییە؟ ئاخر ئێمە ناحەق نین کە دەڵێین حکومەت تەنها بڕیار دەدات کردار نییە، ئا ئەم شتانە دەبینین، ئەمە بڕیارە بەڵام کرداری لەگەڵ نییە، نابینین بڕیارەکان وەك پێویست بکەوتە سەر پێی خۆیان و بکەونە بواری جێبەجێ کردن، ئینجا بەڕێزان یەعنی ئێمە کە دەبینین ئێمە نوێنەری خەڵکین وەکو پەرلەمان، من بە گشتی قسە دەکەم، ئێمە قسەی خەڵك دێنین لێرە لەم پەرلەمانە دەیکەین، یەعنی خۆتان دەزانن بڕۆن بەس سەیری بازاڕ بکەن، تەنها لە روون لە (٢٤) هەزار بۆتە (٤٤) هەزار، تەماشای کە چەند زیادی کردووە، یەعنی بە گشتی خواردەمەنییەکان، پێداویستییەکانی خەڵك، رۆژانە زۆر زۆر زیادی کردووە،....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرفەت دەدەم کاك کاوە تەواوی بکەی، سەیری بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٥٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ بکەن، کەدەسەڵات دەداتە سەرۆکایەتی تایبەتمەندی بداتە هەندێك دانیشتن، ئێمە تایبەتمەندیمان داوە بەم دانیشتنە بۆ ئەوەی باسی هەموو ئەو دۆسیانە بکەن کە لە ناو ئەو خاڵەی بەرنامەی کاردایە، بە مەرجێك نابێ وەڵامی کەسی تر بدەیتەوە و نابێ قسەی دووبارە بکەی، بەس بۆ بەڕێزت نییە ئەو قسەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی زۆر سەیرە هەندێك پەرلەمانتار بووینە محامی سەرۆکایەتی پەرلەمان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا ئێمە محامیمان ناوێ، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

خۆی وەڵام دەداتەوە، پێویست ناکات تۆ لە شوێنی خۆت قسە بکەی، ئاخر ئەمە پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام بە، هەوڵ بدەن بەس دووبارەی نەکەنەوە، بەردەوام بە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

چواردە لیوای هاوبەش پێکهاتووە کە ئێستا ئێمە دەبینین ئەو لیوا هاوبەشانە هاوپەیمانان مووچەکانییان دەدەن، خۆ دەبێ ئەوە لە کۆی داهاتی ئەوەی کە بۆ مووچە سەرف دەکرێ لە حکومەت دەبێ کەمی کردبێ، ئێمە هەر دەبینین لە سەرەتاوە دەڵێن (٨٩٥) ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ مووچە، ئێستاش هەمان شت دووبارە دەکرێتەوە، لە کاتێکدا ئەو بارگرانییە کە پێموایە تا (٤٣)، (٤٤) هەزار پێشمەرگە مووچەکانییان لەسەر حکومەت نەماوە، دۆلار کاتی خۆی بە (١١٨) هەزار عەرز دەکرا، ئێستا بە (١٢٧) هەزارە، واتا لە یەك وەرەقە (٢٩) هەزار دینار قازانجێتی حکومەت، ئەوەش داهاتێکی ترە و بارگرانییەکی تریشە بۆ حکومەت دروستی کردووە، مەسەلەی چاکسازی لە پلە باڵاکان یەعنی ئەوەی کەوا لەبەردەستە زیاتر لە هەزار پلە باڵا و پلە تایبەت و بە خانەنشینی خەڵکی ناشایستە خانەنشین کراون بە وەزیر و بە پەرلەمانتار و بە پلەی وەزیر و پلەی باڵا و پلەی تایبەت، بەڵام تا ئێستا ساڵێکە یاسای چاکسازی کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن بە دوور و نزیك خۆی نەداوە لە قەرەی ئەمانە، بۆچی مووچەکانییان نابڕن؟ کە ئەمانە ناشایستەن، وەکو برادەرانیش باسیان کرد دەیان موستەشار و کۆنە جاش و کۆمەڵە خەڵکی تر هەیە کە ئێستا مووچە لە حکومەت وەردەگرێ، من شەوی رابردوو پێشمەرگەیەکم بینی لە کەناڵێکی راگەیاندن دەگریا، پێشمەرگەی کۆن بوو مووچەی نەبوو هەتا ئێستا، بۆچی جاشەکە، رەئیس جاشەکە خەڵکێك کە پێشتر کوردی تیرۆر کردووە مووچەی هەیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ بۆ خەڵکە شایستەکە تا ئێستا نییەتی؟ بۆ زیندانی سیاسی تا ئێستا نییەتی؟ شتێکی تر بەراستی ئەو پرسیارە بۆ وەزیری داراییە، یەعنی لە ئێستادا ئێمە یاسایەکمان دەرکرد، یاسای بە کرێدان و فرۆشتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت، ئێمە ئەو یاسایەمان دەرکرد بۆ ئەوەی ئەمە بە یاسایی بکرێ و رێکاری یاسایی وەرگرێت و داهاتیش بۆ حکومەت بگەڕێتەوە، کە من خۆم دەنگیشم پێ نەداوە، یەعنی لە ئێستادا بەم یاسایە مەکتەب دەفرۆشرێ، قوتابخانە دەفرۆشرێ، نەخۆشخانە دەفرۆشرێ، زەوی باش باش لە شارەکان نامێنێ، یەعنی بە کەیفی خۆی حکومەت بەربۆتە موڵکی گشتی و دەیفرۆشێت و دابەشی دەکات، یەعنی خۆ ئەم یاسایە بۆ ئەمە نییە؟ ئینجا جگە لەوەش کۆمەڵەك زەوی زۆر بە بەها لە شارە گەورەکان دەدرێتە کۆمەڵەك وەبەرهێنی دیاریکراو، کە من یەك نمونەتان بۆ بێنمەوە، لەو شاری هەولێرەی ئێمە لێی

دائەنیشین زەوییەکی (٧٥٠) دۆنمی دراوەتە وەبەرهێنێك، من خۆم لە ناو بابەتەکانم، وەبەرهێنی تر هەبووە تەلەفۆنی کردووە بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی باج و ئەوانەی سەر بە وەزارەتی دارایی گوتویەتی کاکە من (٦٠٠) ملیۆن دۆلار دەدەم ئەو زەوییە بدەنە من، من وەبەرهێنانی تێدا دەکەم، بیفرۆشنە من (٦٠٠) ملیۆن دۆلاری دەدەم، یەعنی (٦٠٠) ملیۆن دۆلار مووچەی یەك مانگی تەواوی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانە، بۆچی حکومەت نایفرۆشی، نایدەی بەو وەبەرهێنە بە پارەکە مووچەیەکی تەواوی مووچەخۆرانی پێ بدەی؟ یان لێبڕینی مووچە نەهێڵی، بۆچی دەیدەیە وەبەرهێنێك؟ ئەمە وەکو کورد دەڵێ ئەم ماستە مووەکی تێدایە، ئەگەر نا بۆچی حکومەت ئامادە نییە ئەم داهاتە، کۆمەڵەك ئەوەی تریش هەیە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك کاوە، تەواو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

ئاخیر خاڵم مایە تکایە، نازانم بۆ بەس لە ئەوەی من دەبێتە هاڵلا؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر لە هەر هەمووی زیاتر قسەت کرد.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

خەڵکی تر هەبوو لە من زیاتر قسەی کرد، ئاخیر خاڵم لەسەر مەسەلەی بەنزین، بەڕێزان خۆتان دەزانن بەنزین بە شێوەیەکی نائاسایی زیادی کردووە، ئێستا تەقریبەن کەم ماڵ هەیە ئۆتۆمبێلی خۆی نەبێ، جگە لەوەی هاتووچۆی هەرێم هەمووی بە ئۆتۆمبێلە، لەبەر ئەوەی میترۆ و شتی تر نییە هاتووچۆی پێدا بکەین، یەعنی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر خەڵك کردووە، سەرەڕای ئەوەی لێبڕینی مووچە هەیە، بەنزینیش بە شێوەیەکی نائاسایی زیاد بووە، زۆر زۆر زیاد بووە، یەعنی پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی با نەڵێین باسی خۆی دەکا بەڵام من نمونەیە، بۆچی سەرۆکی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ بەنزین بدات بە پێنج سەد دینار دابەشی بکات؟ بۆچی حکومەتێکی گەورە و گران ناتوانێت نرخەکە دابەزێنێت؟ لە کاتێك دا کۆمەڵێك هۆکار هەیە بەڕاستی، تکایە کەس وەڵامم نەداتەوە، چونکە سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە با وەڵامم بداتەوە، من پرسیارەکانم ئاراستەی وەزیرەکانە تکایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پشووتان درێژ بێ، ئەوە ئاخیر خاڵییەتی، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

تکایە پرسیارەکانم ئاراستەی سەرۆکایەتییە، من وەڵامی کەس نادەمەوە، دەمەوێت پرسیارەکانم ئەمڕۆ کاتەکەم تەرخان بکەم بۆ ئەمە، ئاخیر شت ئێمە ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆمان بۆ ئەوەیە کۆتایی بە لێبڕینی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بهێندرێ، (٥٦) پەرلەمانتاریش واژوومان کردووە کە لێرە بڕیار بدرێ، هیوادارین لە کۆتایی جەلسەکە بڕیار بە لێبڕینی مووچە

بێ، چیتر ئەم بڕیارە نایاسایییە بەسەر مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نەچەسپێندرێ، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە شوێنی خۆتانەوە قسە مەکەن، ئێمە کاتەکەمان کراوە کردووە، بەڵام هەر ڕەحم بە ڕەفیقەکانی خۆتان بکەن، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند پرسیارێکم هەیە بۆ سەرەتای پرسیارەکەم ڕوو لە بەڕێز وەزیری داراییە، ئەو بڕیاری نایاسایی لێبڕینی مووچە ژمارە (٦١) کە لە (٢٠٢٠/٦/٢٤)دا دەرچوو، لە چوار بڕگەیە، بڕگەی دووەم خاڵی (ب) هەر نەصەکەت بۆ دەخوێنمەوە هی بڕیارەکە دەڵێ (میکانیزمی هاتوو لە بڕگەکانی ئەم بڕیارە ڕێکارێکی کاتییە و بۆ خۆگونجاندنە لەگەڵ کورتهێنان و تەنیا بۆ مووچەی ئەم جارەیە کە دابەش دەکرێت)، خێرە ساڵێکی خایاند لە بری ئەوەی مانگێك بخایێنێ؟ ئەمە پرسیارێ، پرسیاری دووەم/ ئەو لێبڕینەی کە ساڵێکە بەردەوامە ئایا وەزارەتی دارایی، ئایا حکومەت چ میکانیزمێکی هەیە ئایا وەکو قەرز وەریگرتووە؟ بە نیازە بیداتەوە بە فەرمانبەران؟ یان ئەویش هەر ئاوا ئەڕوا بە بێ، یەعنی ئەژماری بانکی فەرمانبەران ئایا ئەوە وەکو قەرز دەخرێتە سەر ئەژماری بانکییەکە یان بێ سەروشوێن دەبێت؟ خاڵێکی تر لەگەڵ ئەوەشی کە ئەم (٢١%) مووچەیە ئێستاش (٣٠) ڕۆژ بە لێبڕینیشەوە حکومەت بەم هەموو داهاتە زیادە کە پەرلەمانتارانی بەڕێز باسیان کرد، ئێستاش ناتوانێ (٣٠) ڕۆژ جارێ بیدات، بەس لە (٢٥)ی مانگ دا دەست پێ دەکات، ڕۆژی دەستەیەك، وەزارەتێك بەس بۆ بەرێکردنە بەس بۆ ئەوەی بڵێ لە (٣٠) ڕۆژ جارێك دا من مووچە دەدەم، خاڵی دووەم/ بۆ تا ئێستا کورتهێنان هەیە، لە کاتێك دا کە نرخی دۆلار بەرامبەر بە دینار گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە، لە هەمان کات دا نرخی نەوتیش بەرزبۆتەوە بۆ (٧٦) دۆلار، خاڵی سێیەم/ پرۆژە یاسای بودجە بۆ هەر لە بەینی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییدا دێت و دەچێت؟ وا خەریکە ئێمە دەچینە مانگی (٧)ی ساڵی (٢٠٢١)، تا ئێستا ئەو پرۆژە یاسایە نەهاتۆتە پەرلەمان، خاڵی چوارەم/ بەڕێز وەزیری دارایی و پلاندانانیش، بەرنامەتان چییە بۆ دامەزراندنی سێ یەکەمەکان، مامۆستایانی وانەبێژ، لەگەڵ بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان، کە هەموویانەوە (٥٥) هەزار کەسن؟ خاڵی پێنجەم/ داهاتی نەوتی و نانەوتی لە سەدا چەندی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی وەزارەتی دارایی؟ خاڵی شەشەم تایبەت بە یاسای چاکسازی، یاسای چاکسازی کە پەرلەمانی کوردستان دەری کرد بە ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠)، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای یاسای چاکسازی کە لێرەیە و ئەو ڕاپۆرتەشی کە وتراوە پەرلەمانتاران نەیانخوێندۆتەوە، من چەند جار خوێندوومەتەوە و چەند پرسیارێکم هەیە، یاسای چاکسازی (١١٦٩) پلە باڵا بە پلەی وەزیر، بریکاری وەزیر، مودیر عام، ئەمانە خانەنشین کراون بێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بە فیعلی ئەم پۆستەیان بینیبێ، تا ئێستا شایستە داراییەکانییان، مووچەکانییان وەردەگرن، نەیتوانیوە یەك دانەیان لابدات، مووچەی یەك دانەیان ببڕێت، (١٤٨) موعەوەم هەیە کە (٩٨)یان سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، هەتا ئێستا

ئەوانیش مووچەی خۆیان وەردەگرن، یەك دانەیان مووچەی نەبڕاوە، یاسای چاكسازی شەست هەزار لە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ كە یاسای چاكسازی خۆی تەئكید دەكاتەوە سەر بایۆمەتری، بە پێی بایۆمەتری دوو مووچە و سێ مووچە و خانەنشینی نایاسایی و بندیوار دەبڕێ، شەست هەزار لە ئاسایشی ناوخۆ مەعقولە تا ئێستا بایۆمەترییان بۆ نەكراوە؟ بۆچی تا ئێستا هێزەكانی (٧٠) و (٨٠) یەكییان نەگرتۆتەوە؟ ئایا بەرهەمی یاسای چاكسازی بۆ ئەوەی بوو كە پاسەوانی وەزیرەكان لە (٦)وە بكرێن بە (١٠)؟ لە بری ئەوەی كەم بكرێنەوە، چەند داهاتی گەڕاندۆتەوە بۆ خەزێنەی هەرێمی كوردستان؟ ئەو كاتە كە یاساكە دەركرا تەخمین كرا لە (٨٠) ملیار تا (١٠٠) ملیار دەگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەی هەرێمی كوردستان، چەند گەڕێنراوەتەوە؟ ڕێگرییەكان چییەكە یاسای چاكسازی بەو شێوازە بە سیستی دەڕوا و خاڵ و بڕگە و ماددەكانی جێبەجێ ناكرێ لە ئاستی پێویست دا نییە؟ خاڵی حەوتەم/ قاچاخچێتی خاڵە سنوورییەكان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەكات، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەكات، بۆچی تا ئێستا یەعنی هەر هیچ نەبێ بۆ ناتوانرێ سنووردار بكرێت؟ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری خۆی دەردەكات و لیژنە دروست دەكات، بۆ لیژنەكان بە فیعلی ناتوانن كارەكانییان جێبەجێ بكەن؟ پرسیارێكی ترم بۆ بەڕێز (خالد شوانی) وەزیری هەرێم، ئەو شاندانەی كە ڕۆشتوونەتە پەرلەمانی عیراق و ئەنجومەنی وەزیران لە بەغدا لەگەڵ هەرێم دا دانووستانییان كردووە، بڕیار بوو پێشتر ئەو دانووستانانە دەكرا لەسەر ئەوەی كە پرۆژە یاسای بودجەی عیراق ببێ بە یاسای بودجەی عیراق، كە بوو بە یاسای بودجەی عیراق، پشكی هەرێم بۆ تا ئێستا بڕگە و ماددەكانی بە تایبەتی ماددەی (١١) پەیوەندی بە هەرێمەوە هەیە، بۆ تا ئێستا جێبەجێ نەكراوە؟ ئایا ئەو دانوستانانەی كە لە بەینی هەرێم و عیراق دا هەبوو، بۆچی جێبەجێ كردنی بڕگە و ماددەكانی یاسای بودجەی عیراق ئایا سەری لەوە دەرچوو هەرێم دیسان داوای قەرزی دوو سەد ملیار لە بەغدابكات؟ یەعنی ئەوە دەستكەوتەكەی بوو؟ خاڵێكی نۆهەم/ بەڕێز سەرۆكی حكومەت لە دانیشتنی (٢٠٢٠/١٠/٢٧) لەم پەرلەمانە وتی حكومەتی هەرێمی كوردستان (٢٨) ملیار و نیو قەرزارە، بەڕێز وەزیری دارایی خۆمان دەزانین قەرز كردن ئێمە یاسامان هەیە لە ڕێی پەرلەمانەوە دەبێ بكرێ، حكومەت قەرزی لە كێ كردووە، بۆچی قەرزی كردووە؟ ئایا ئەم قەرزانە لە سەرمایەداری كردووە؟ بە پێی یاسا كردویێتی؟ نایاسایی كردویێتی؟ ئایا پاشەكەوتی مووچە كە نزیكەی (٤٠) مووچە پاشەكەوت كراوە، ئایا ئەوە خراوەتە باسی قەرزەوە؟ ئایا قەرزەكانی هەرێم (٢٨) ملیار و نیوە پاشەكەوتی مووچەش قەرز حیساب كراوە؟ چونكە لێبڕین ئەوە دیارە هیچ بنەمایەكی یاسایی نییە، بەڵام ئایا پاشەكەوتی مووچەش بە هەمان شێوەیە؟ لە كۆتاییدا،بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، سەرجەم فراكسیۆنەكان بە فراكسیۆنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە هەموویان داتا و زانیارییان خستەڕوو لەسەر ئەوەی كە پارە هەیە و پێویستە كۆتایی بە لێبڕینی مووچە بێت، هەموویان جەختییان لەسەر ئەوە كردەوە لەگەڵ لێبڕینی مووچەنین،داواكارم ئەم دانیشتنە بڕیارێكی تەشریعی لێدەربچێت بە كۆتایی هێنان بە بڕیاری نایاسایی لێبڕینی مووچە بخرێتە دەنگدانەوە، كۆتایی بەم بابەتە بێت، سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی كاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموابێ ئەو دانیشتنە بە پێی ماددەی (٦٦)ە وانییە؟ ماددەی (٦٦) بڕگەی (حەوتەم): (پێویستە ئەو ئەندامانەی کە واژوویان کردووە ئامادە بن و دەستپێکی ئاخاوتنیان پێ دەدرێت)، ئەوەی من دەیبینم بەڕاستی هیچ ئەو خاڵی پەیڕەوییە جێبەجێ ناکرێت و بۆیە پێشێلی پەیڕەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانم بڵێم ئیمزایان کردووە، لەبەر ئەوەی پەنجا و حەوتیەك و شەست و پێنجییەکیشمان هەیە.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەنجا و حەوتییەکە بەپێی ماددەیەکی ترە، ئەو دانیشتنە بە پێی ماددەی (٦٦)ە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی چۆنە؟ ئێمە ئیعتیباری ئەوەشمان کردووە کە هەردوو یاداشتەکە، بە حیسابی هەردوو یاداشتەکە جەلسەمان داناوە، یەعنی با هەموو ئەندامانی پەرلەمان، دوایی ئەوە کەی موشکیلەیە کێ پێش کێ قسە دەکات؟ هیچ کێشە نییە، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی برادەرەکان قسەیان کرد لەسەر نرخی نەوت کە زیاد بوو، باشە کە نرخی نەوت زیاد بوو وەزیری دارایی کوا پارەکەی کە زیاد بووە؟ لە کوێیە؟ کوا فەرقی بەرزبوونەوەی دۆلار زەحمەت نەبێت؟ کە دۆلار لە (١٢٠) بوو ئێستا بۆتە (١٤٥) حکومەت دەیگۆڕێ، ئەو فەرقە لە کوێیە کە مووچەی خەڵکی پێ چارەسەر نەبوو؟ کوا داهاتی گومرگ کە تەنها من پرسیارم ناردووە بۆ حکومەت لە وەزارەتی بازرگانی، تەنها لە پێنج مانگی ئەمساڵ مۆڵەتی (٢٤٨٨) مۆڵەت دراوە بۆ هاوردەکردنی کاڵا لە دەرێ، (٦٠%) تەنها لە سلێمانی بووە، مانگی رابردوو وتتان داهاتی سلێمانی کەم بۆتەوە، بە پێی ئەم بەدواداچوونەی من لە ئامارەکانی فەرمی حکومەت دەرکەوت ئەو قسە راست نییە، جەنابت دەبێ ئێستا لێرە روونکردنەوەی بدەی بۆ ئێمە، بەڕێز وەزیری دارایی و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لێرەن، سێ گورزی گەورە لە مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کەوتووە، یەکەم/ (٢١%) مووچە بڕاوە، دووەم/ (٢٣%) زەربەی بە فەرقی پارەکەی، قیمەتی پارەکەی کەوتووە، هی سێیەم/ بازاڕ گران بووە، ئەدی ئەم هەموو داهاتەش هەبووە، زیاد بووە، زەحمەت نەبێ بۆ ئەم داهاتی خەڵکە وەکو خۆی بە خەڵك نادرێ؟ لە کوێ دەدزرێت؟ عەیب نەبێ کونەکە لە کوێ پارەکە تێیدا دەڕوات و بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان ناگەڕێتەوە؟ کە حەقی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، متمانەی بەم پەرلەمانە داوە، ئەم پەرلەمانە متمانەی بە حکومەت داوە، ئەم حکومەتە ئیشی ئەوەیە ژیانی خەڵك خۆش بکات، بەڕێز وەزیری دارایی (١٨٤٤٠) ئۆتۆمبێلی خوار مۆدێل داخیل کراون، ئەم ئۆتۆمبێلانە پارەی خەڵکە دەبات، گومرگی وەرناگرێت، جەنابت چۆن رێگا دادەنێن بە گومرگەکانی هەرێمی کوردستان کە بەرپرسی لەو

مەلەفە، ئەم ئۆتۆمبێلانە هەموو رۆژێ داخیل دەبن، بەڕێز وەزیری دارایی، وەزیری کشتوکاڵی عیراق هاتە ئێرە قسەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد وتی تکاتان لێ دەکەم ئەو قاچاخچییانەی لە قاچاخچیێتی لە گومرگەکان دەکرێت رابگرن، یەعنی ئەمە بەڵگەی خۆماڵی (١٠٠%) لە ناو پەرلەمان دەخەنە بەردەستی جەنابت، عیراقیش هاتۆتە ئێرە، عیراقیش ئەو قسە دەکات، داوا دەکات، هاوار دەکات، بابە زگی عیراق بە هەرێمی کوردستان ناسووتێ، بە خەڵکی خۆیان دەسووتێت پێتان دەڵێن راگرن بۆ ئەوەی شتەکە بە رەسمی داخیل ببێت، ئەم شتەی کە بە رەسمی داخیل دەبێت دەبێتە سەرچاوە، دەبێتە داهات، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی خۆی پێ زیاد بکات، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، تەقریبەن گومانمان بۆ دروست دەبێ لە بڕیارەکانی حکومەت، کە حکومەت بڕیارێك دەدات، حکومەت خۆی پێ جێبەجێ ناکرێت،حکومەت خۆی قەراری داوە کاکە داد و بێدادی هەموو حیزبەکان و خەڵك و پەرلەمان و حکومەت لە دەروازەکان، حکومەت قەراری داوە هێزێك دروست بکات، کە حکومەت خۆی نەتوانێ ئەو قەرارە جێبەجێی بکات کە دەریکرد، زەحمەت نەبێ لە هەموو ستاف پرسیار دەکەم، کێ بەرپرسە لەوە؟ کێ دەتوانێ جواب بداتەوە؟ جوابی ئەو پرسیارەمان دەوێ کە ئەندامانی حکومەت لێرەیە، ئێمە قسە لەسەر چاکسازی دەکەین، راپۆرتی دووەمی چاکسازی، چوار کۆبوونەوە لە لیژنەی دارایی کراوە، (٨٠%)ی یاسای چاکسازی پەیوەستە بە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمانتاران، یاسای چاکسازی تەقریبەن سستە، وەکو پێویست جێبەجێ ناکرێت، مووچەی هەندێك خەڵکی فەقیر بڕاوە ئەویش بە هەڵە، مووچەی خەڵکی دەوڵەمەند و ئەوانەی کە بۆ بەرژەوەندی ئەم حزب و ئەو حزبە ئیش دەکەن نەبڕاوە، من لێرەوە ئەوە رادەگەیەنم، حکومەت لێرە دەبێ وەڵاممان بداتەوە، بۆ نەیانکردووە؟ ئەگەر پێیان ناکرێت ئەو یاسایە لە حکومەت سەحب دەکەین بەڕاستی، ئەگەر چاکسازییان پێ ناکرێت، پرسیار بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، بۆ ئێمە بەرهەمی نەوت زیاد ناکەین تاوەکو بتوانین بەنزینی خۆماڵی داخیل بکەین؟ ئەگەر بڵێین عیراق قبوڵ ناکات، عیراق دەڵێ کاکە هێلکە داخیل نەکەن ئێمە داخیل دەکەین، عیراق نابێت نوحاس و ئاسن و ئەوانە بچنە دەرەوە، ئێمە دەبەنە دەرەوە، بۆ بەوە گوێ لە عیراق ناگرین؟ بەمە گوێ لە عیراق دەگرین؟ هەموو رۆژێ لەو هەولێرە، لە دهۆك، لە سلێمانی ئۆتۆمبێلی خەڵك بە هۆی ئەو بەنزینەی کە حکومەت لە گومرگەکان رێگەی پێ دەدات داخیلی هەرێمی کوردستان دەبێت، ئۆتۆمبێلی خەڵك دەسوتێت، حکومەت بۆیان قەرەبووش ناکاتەوە، ئەو بەنزینە خەراپەش دێتە ناو شار، بۆ هەرێمی کوردستان ناکات؟ ئەگەر پاڵاوگەکانی ئێمە کەمە، بۆ زیاد ناکەین؟ چ زۆر پارە زۆر، چ زۆر کۆمپانیا زۆر ئەو ئیشە بکەن، دونیا هەمووی شەرێتی لەسەر نەوت، ئێمە بڵێین وەڵلا ئێمە ناتوانین بیکەین، ئایا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پلانی هەیە بەرهەمی نەوت زیاد بکات، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لایەنی کەم مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی پێ دابین بکەین؟ غەدرێکی یەکجار زۆریش هەیە لە دابەشکردنی پارەکان لە هەرێمی کوردستان، ئێمە بەڕاستی هەڵوەستەی لەسەر وەردەگرین ئەنجومەی وەزیران کە لێرە حازرن، بە یەکسانی، بە عەدالەت پارە لە هەرێمی کوردستان لەسەر پارێزگاکان دابەش ناکرێت، من زۆرترین دەنگی پارێزگای دهۆکم هێناوە، برادەرانی دیکەش لێرەنە، زەغتەکی یەکجار زۆر لێرەیە، (٥١%)ی نەوتی هەرێمی

کوردستان لەو پارێزگایە دێت، لە گومرگەکان، (٤٩%)ی گومرگی هەرێمی کوردستان داهاتەکەی لە پارێزگای دهۆکە، بۆ هەژارترینە؟ زەحمەت نەبێ وەزیری دارایی و ئابووری ئەوە ناوی وەزارەتەکەیە؟ وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێ پلانی ئیقتیصادیت هەبێت، بۆ ئەمە تا ئێستا هەژارترینە؟ نەك هەژارترینە، فەجوای نێوان هەژاری پارێزگاری دهۆك و پارێزگاکانی تر سێ بەرامبەرە، (١٢%) هەژاری ئێستا لە دهۆك، ئەوەش راست نییە کە دەڵێن (٨,٥%)، هێشتا زیاد بووە، زەحمەت نەبێت پلانی ئەو وەزارەتە چییە؟ چی دەکات بۆ ئەوەی ئەو هەژارییە لەم پارێزگایە نەمێنێت؟ هەموو رۆژێش دەگۆشن، هەموو رۆژێ دەیگۆشن، لە نەوتەوە دەیگۆشن، لە داهاتی گومرگ دەیگۆشن، لە باج دەیگۆشن، قورگی ئەو خەڵکەیان گرتووە، خەڵکی تریش ئەم پارەیە نادات، پارەی ئەوانیش لێ وەردەگرن دەچن لە شوێنی تر خەرج دەکەن، ئەگەر ئەوها بێت بەڕاستی دەبێ هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم کارانە بکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیکات، ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە لێرەن داوایان لێ دەکەم جوابی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فرید، فەرموو.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی شاندی حکومەت.**

بەڕاستی زۆربەی خالان هاتنە گۆتن، بەلام دوو خاڵی گرنگ هەیە، یەکەم/ وەك مەبدەئی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە گەلێ مە کلدۆ ئاشوورییەکان، ئەز داخازی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و لە پەرلەمان و لە لیژنەی مالییەی پەرلەمان، تەرخان کرنێ بودجەیەکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی مەلەفی زێدەرەوی یەعنی (تجاوزات) لەسەر گوند و زەوی و مولکی خەڵکی مە، تایبەت ئەم بابەتە پتر لە سێ ساڵ ئەم مەلەفە دیراسەت کراوە، تەحقیق کراوە، تەصنیف کراوە، بە تەنها پێویستە بودجەکی کو بێتە چارەسەر کرن، دووەم/ دابەش کردنی پلەی وەزیفی، یەعنی (درجات وظيفية تعويضية) یەعنی ئەم بابەتە هیچ زەغتەکی، هیچ فشارەکی لەسەر حکومەتی ناکات، هەندێك هاتینە فەصل کرن پشتی (٢٠١٤) پشتی هاتنی داعش لەم دەڤەرە، داخازی ل حکومەتێ دکەین کو ئەم بابەتە چارەسەر بکات، یەعنی هەموو (٢٥٠)ی تا (٣٠٠) کەس نییە دەرەجاتی تەعویزی یەعنی تەعینی (جدید) نییە، خالی دووەم/ ئێمە وەك لیستی رافیدەین بە هیچ شێوەیەك موافقی لە ئەم بڕیارەی بردنی مووچەی (٢١%) نینە، داخاز دکەین کو بە کۆتایی ئەم دانیشتنە کۆتایی ئەم بڕیارە بێتە کرن، پرسیارەکی بۆ ئەز جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری، ل دیڤ ئەخبار و ل دیڤ مەعلومات کو ئەگەر بەغدا بودجەی هەرێم فرەی کرد یەعنی بە (أثر رجعي)، یەعنی شەش مانگ، ئایا ئەو (٢١%) دەگێرێتەوە بۆ فەرمانبەران یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حمە رحیم:**
**بە ناوی خوای گەورە.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵـلا ئەم سـتافە بەڕێـزەی ئەنجـومەنی وەزیـران پێمـوایە هەنـدێکیان چەنـد جـارێکی دیـکە هـاتوونەتە ئێـرە، وێـڕای ئەوەی بەخێرهاتنیـان دەکەم، پرسیارەکە ئەوەیە، چەنـد جـارێکی دیـکە هاتوونەتە ئێرە، یەك شت گرنگە لەمـانە فشاری خەڵکمـان لەسـەرە، مـافەکی خۆیـان و حەقێکـی ڕەوای خۆیانە، ئەویش ئەوەیە ئایا بەڕاستی ئێوە دەتوانن بۆ نمونە لێبڕینی مـووچە کۆتـایی پـێ بێـنن؟ بەڕێـز وەزیـری دارایـی، یەعنـی مـن بە نەص وەڵامـی ئەم پرسـیارەم دەوێـتەوە، دەتـوانن لێبڕینی مووچە کە بڕیارێکی نایاساییە کۆتایی پێ بێنن؟ پارەی تەواوتان لەبەردەستدایە بەوەی کە مـووچەی تەواو دابەش بـکەن؟ هەمـوو ئەو داتـا و ڕەقەمـانەی کە بـرادەران باسـیان کـرد ب نمـونە ئەگەر حکـومەی هەرێمــی کوردســتان بەپێــی ئەو داتایــانەی کە وەزارەتــی ســامانە سروشتییەکان خۆی بڵاو دەکاتەوە، ئەگەر (٤٧٠) هەزار بەرمیل بفرۆشـێ لە ڕۆژێکـدا زەربـی (٣٠) بـکە، بـا بە (٧٦) دۆلار نەبـێ کە ئێسـتا نەوت بەوەنـدەیە، بـا ئێـوە بە (٦٥)یـش بیفرۆشـن، بـا بە (٦٤)یـش بیفرۆشـن زەربـی (١٤٧) هەزار دینـاری بـکە، نزیکـی تریلیۆنێـك بـۆ نمـونە، ئەی داهـاتی ناوخۆی هەرێمـی کوردسـتان (٣٥٠) ملیـار دینـارە، هاوپەیمانـان (٢٥) ملیـار دینـارە، هەروەهـا ئەو نەوتەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەیـدا بە کۆمپانیـا ناوخۆییەکـانیش نزیکـی (٤٠) بـۆ (٤٤) ملیار دینارە، پرسیارەکە ئەوەیە هەمـوو ئەو پـارەیە کـۆی گشـتی مـووچەی مووچەخـۆرانی هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکی (٨٩٥) ملیار دینارە، ئەگەر حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەڵێت من پارەی حەق دەستی کۆمپانییاکان بدەمەوە، مانگـانە (٣٧٥) ملیـۆن دۆلار دەدەم بەوان، یەعنـی بەمەشـەوە هێشـتا هەر زیـادی هەیە، ئەی ئەو پـارەی کە بڕیـارە کە حکـومەتی ناوەنـدی عیراق مانگی (٢٠٠) ملیار دینار وەکو سولفەیە، وەکو پێشینە لە چوارچێـوەی ڕێککەوتـنەکەیە کە ساڵێك ئێوە دەچن و بەو ڕێگەوەیە، ئەگەر ئەمەش بچێتە سەری ئێوە هەر نـاتوانن؟ یەعنـی ئـێمە لەوە تێناگەین بالفعل قسەکەی کاك عباس زۆر تەواوە، من ئێسـتا گەیشـتمە قەنـاعەت ئەگەر وایە یەعنی وەزیری سامانە سروشتییەکانی خـولی پێشـووی پەرلەمـانی کوردسـتان ڕاسـتی کـردووە، یەعنی بەرمیلێ نەوت ببێ بە ملیۆنێك دۆلاریش ئێوە هەر بەم جـۆرە مـووچە دابەش دەکەن، بـۆ مووچە ناچێتەوە بـۆ دۆخـی خـۆی؟ بـۆ ئەو بڕیـارە نـادەن؟ دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانیش بەڕاستی ئەو (٥٧) واژوویەی کە ئـێمە ئەو یاداشـتەی کە دانیشـتنی پێشـوو ئاراسـتەی دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کـرد، بەڕێـزان ئـێمە وتمـان ئەم بڕیـارە بڕیـارێکی نایاسـاییە، دوای ئەو بەدواداچوونـانە، دوای ئەو داتایـانەی کە هەن، دوای بەرزبـوونەوەی نرخـی دۆلار، بەرزبـوونەوەی نرخــی نەوت، بەرزبــوونەوەی نرخــی دۆلار بەرامــبەر بە دینــار هەمــوو ئەوانە پێمــان دەڵــێن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بۆ نمـونە پـارەی پرۆژەکـانی وەبەرهێنـانیش دابنێـت، ئەگەر پارەی حەقدەستی کۆمپانیاکان و ئەوانەش بداتەوە، دەتوانێت مووچە بە زیادەوە دابەش بکـات، بۆیە ئێمە دەمانەوێت ئەمڕۆ ئەم پەرلەمانی کوردستانە بە بڕیارێکی تەشریعی بڕیـاری نایاسـایی لێبڕینــی مــووچە هەڵبوەشــێنێتەوە، شەســت و پێــنج پەرلەمانتــار بە جیــا، پەنجــا و حەوت پەرلەمانتار بە جیا ئیمزامان کردووە بیخەنە دەنگدانەوە بۆ نمـونە بـزانن کـێ لەگەڵیـایەتی و کـێ

لەگەڵیا نییە؟ دڵنیام بەشێکی زۆری ئەم برادەرانە دژی لێبڕینی مووچەن، من لە وەزیری دارایی دەمەوێت بە تەواوەتی ئەم وەڵامەم بداتەوە، بە کورتی، لێبڕینی مووچە لەم مانگەوە چاك دەبێت یان نا؟ دوای ئەوە من تێناگەم بەڕاستی وەزارەتی دارایی و ئابووری، یەعنی ئەوە دارایی و ئابوورین بەس یەعنی چاوەڕێی ئەوەن پارەکەتان بۆ بێ لە بەغدا، پارەتان بۆ بێ لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و لەوێوە کۆی دەکەنەوە هەمووی، ئینجا دوایی لیستی دەکەن و بەس لیستی مووچە رادەگەیێنن و دابەش دەکەن؟ ئەوە وەزارەتی دارایی و ئابوورییە؟ ئەوە پلانەکانتانە بۆ نمونە؟ ئەی ئەگەر قەیرانی دیکەی وەکو کۆرۆنا و قەیرانی دیکەمان بۆ نمونە رووبەڕوو بۆوە، ئەوەیە؟ سەر دەلەقێنێ وەڵلاهی نازانم......

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری، قسەکانت تەواو کە، کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری أنور حمە رحیم:**

ئەگەر هەر ئەوەیە بۆ نمونە من نازانم ئەوە کەی ئەرکی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە؟ وەزیری سامانە سروشتییەکان لە ساڵی (٢٠١٥)وە بڕیارێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ئەنجومەنی وەزیران هەیە کە مۆڵەتی بەنزینخانە نەدرێت، بەڵام بۆ نمونە لە پارێزگاکان دا، بۆ نمونە لە سلێمانی، لیژنەیەك هەیە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش نا، هەر لە محافەزییەتە، نزیکی زیاد لە (١٥) بۆ (١٧) مۆڵەتی کردنەوەی بەنزینخانە دراوە، مۆڵەتی سەرەتاییان پێ دراوە، بەنزینخانە بەرز کراوەتەوە و (إلخ)، لە هەولێر بۆ نمونە مۆڵەتی بەنزینخانە و چەندین بەنزینخانە کراوەتەوە، لە دهۆك کراوەتەوە، ئەم صەڵاحییەت و ئەم دەسەڵاتە لە کوێوە داوتانە بەوان؟ ئەوانە چۆن ئەوە دەکەن؟ ئێوە ئاگادارن یان ئاگادار نین؟ دانی مۆڵەتی بەنزینخانە ئیشی پارێزگارە؟ بەڕێز وەزیری دارایی لە مانگی (٣) لەسەر پرسی یادەکانی راپەڕین و ئەوانە، دوای ئەوەی کە هاتن بۆ مەوزووعی مانگی (٤)کیمیاباران و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان، بەتایبەت لە یادی ئەنفال دا، ئێوە هاتن و لێرە کۆمەڵێك داواکاری و، بەشێك لە ستافی ئەنجومەنی وەزیران هاتوون لەبەر ئەوەی مەعنین و وەزیری داراییین، کەواتە ئێوە لە نێو سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لێرەیە دەمەوێ بزانم هیچتان کرد بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان لە چەمچەماڵ؟ کێشەی ئاوی چەمچەماڵ؟ ئاوی خواردنەوەی چەمچەماڵ چارەسەرکرا؟ پارەی بۆ دابین کرا یان نا؟ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە؟ ئایا هیچ پارەیەکتان بۆ کەرتی تەندروستی هەڵەبجە صەرف کردووە لە ماوەی رابردوودا؟ بە تایبەت لە کاتی کۆرۆنادا، هیچ دۆسیەیەك، هیچ گەندەڵییێك لەمەدا هەبووە یان نەبووە؟ من دەمەوێ بەڕاستی وەڵامی ئەوانە وەربگرمەوە، بابەتی زیندانییە سیاسییەکان، بەڕێز وەزیری دارایی، لە ماوەی رابردوودا لە کۆی بیست و سێ هەزار و سەد و ئەوەندە زیندانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، (٥١٦٢)یان لە ماوەی (١٠) ساڵی رابردوودا مینحەیان وەرگرتووە، دوای یاسای چاکسازی ئەمانە وەستان، ئەوانەی کە هیچ مووچەکیدیان نەبووە کە بایۆمەترییان کردووە وەجبەیەکیان (٦٣٩) کەس بۆ جاری دووەمیش (١٩٧) کەس ئێستا مینحەکەیان پێ دەدرێت و بەردەوام بوون، پرسیارەکەم روونە؟ قسەکەم لەسەر ئەوەیە ئەوانەی کە مینحەکانییان بڕاوە کەی بە تەواوەتی وردبینی دەکرێ لە دۆسیەکانییان دا؟ ئەوە یەکەم، دووەم/ ئەو هەژدە

هەزارەی کە چەند ساڵە کۆدتان بۆ کردوون و چەند ساڵە چاوەڕێی ئەوەن میـنحە وەربگـرن، کەی مینحەکانییـان پـێ دەدەن؟ لەو پێـنج هەزارەی ئەوانەی کە دەبڕێـت وەجـبەی دیـکە دەخەنە شوێنی ئەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاسین، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە یەکەم ئەندام پەرلەمانەوە تا ئاخیری پشتگیری هەمـوو قسـەکانییان دەکەم، بەڵام مـن لە قسەیەکی پیرەمێردەکـی دەسـت پێـدەکەم، لەو مـاوانەی پێشـوو لە دۆڵـی خۆشـناوەتی بـووم کە لانکەی شۆڕش و خەباتە، بریا وەزیری ئـاوەدانکردنەوە لێـرە بـایە، قـوڵتی تێـدانە ئەمـن تێـدا بـزر دەبم،پیرەمێردەك گوتی کاکە یاسین لە پەرلەمانم دیتی قسەی جوانت کردن، بەڵام قسە بە کەلـك نایێ، کردار شەرتە، گوتم بۆ؟ گوتی: من لە (٧٤)ەوە گوێ بە رادیۆی وەدەنێم هەتا ئێسـتا قسـەکی خۆشم گوێ لێ نەبووە، یەعنـی بەڕاسـتی، مـن دەمەوێ چەنـد پرسـیارەك ئاراسـتەی ئەو وەزیـرە بەڕێزانە بکەم، بەخێربێن سەرچاوان، یەکەم/ وەزیری دارایـی پێمـان بڵـێ داهـات چەنـدە؟ چەنـد سەرف دەکـرێ؟ لە چـی سـەرف دەکـرێ؟ ئەوەی مەعاشـە پێمـان بڵـێ، ئەوەی بـۆ خزمەتگـوزاری، دووەم/ وەزیری نەوت زەحمەت نەبێ پێمان بڵێ داهاتی کوردسـتان نەوتەکە چەنـدە؟ بە چەنـدی دەفرۆشێ؟ کێ دەیکڕێ؟ چۆن دەڕوا؟ چۆن ناڕوا؟..

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەڕوات کاکە، بەڕێزان تکا دەکەم، فەرموو کاکە.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

بەڕێزان من یەك قسەم نەکردووە لە کاتی هەر ئەندام پەرلەمانەك قسەی دەکات، تێگەیشتی؟..

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەڕێزان با کاك یاسین قسە بکات.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

زۆر سـوپاس کە شـەهادەم نیـیە، ئێـوە شـەهادەدارن زۆر عەیـبە بە مـن پێـدەکەنن، مـوزایەدەی سیاسیش ناکەم، عەیـبە، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، یەعنـی وەزیـری نەوت پێمـان بڵـێ کـێ ئەو نەوتە دەکڕێ؟ کێ دەیفرۆشێ؟ ئەو کۆمپانیایەی پەنجا ساڵ عەقدی کـردووە کێـیە؟ کـێ ئیمـزای کردووە؟ من سێ ساڵە ئەنـدام پەرلەمـانم، نـازانم، یەعنـی بە جیـددی، پرسـیارەکی دیـکە بـۆ کـاك خالـد، جەنـابی کـاك خالـد زەحـمەت نەبـێ ئەو رێککەوتنـامەی بەغـدامان بـۆ ئاشـکرا بـکە، چـۆن پێکهاتوون؟ یەعنی جەنابت نووسـیوتانەوە کە بەیـانی ئێـوە نەمێـنن ئـێمە ببـین بە وەزیـر لەگەڵ حکومەتی عیراق قسە بکەین، چتان کردووە؟ پرسیارەکی دیکە بۆ وەزیری پلانـدانان، لێـرە نیـیە، ئەی هاوار چ بکەم؟ بەڕێزان من دەمەوێ یەك شت بڵێم، هەموومان باسی مووچە دەکەیـن، بەڵام

کەرتی پەروەردە فەشەلی هێناوە، کلاواتەکانی کەرتی ئەهلی، ڕێگاوبان فەشەلی هێناوە، یەك خزمەتگوزاری تێدا نییە، لێرە ئەمن هەتا دەچمەوە رانییەی پەنجا جار دەبێ لە تاسان بدەم، کەرتی ئەمنی، من یەك پرسیار لە حکومەت دەکەم، وەزارەتی ناوخۆمان هەیە، ئاسایشمان هەیە، پۆلیسمان هەیە، یەعنی ئێمە سیکیورتیمان بۆ چییە؟ یەعنی ئەمن هەست دەکەم بە جیددی برادەرینە با شەفاف بین لەگەڵ یەکتری، ئەو هەموو کۆمپانیایە بۆچی لە کوردستانە هەنە؟ یەعنی ئەمن ئەگەر وەزارەتی شارەوانی هەیە کۆمپانیای پاککەرەوەم بۆ چییە؟ ئەگەر وەزارەتی ناوخۆم هەیە کۆمپانیای سیکیورتیم بۆ چییە؟ ئەگەر خوێندنی باڵا تۆ ئەو خوایەی بە ویژدانتان گوناح نییە لە یەکێك لە زانکۆکانی کوردستان تەلەبە تەلەفۆنی بۆ کردووم دەڵێ ماموستا دەڵێ شەهادەکەت نادەمەوە تا پارەی نەدەی، یەعنی بە جیددی ئێوە ناترسێن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو میللەتەمان لێ راپەرێ؟ یەعنی ئەوانەی پێشمەرگەی کۆنن بەیانی چ بە شەهیدەکان دەڵێن؟ من لێرە ناترسێم، من لە قیامەت دەترسێم شەهیدەکە بڵێ من بۆ ئەوە کوردستانم رزگار نەکردووە پەرلەمانم دانەناوە کە دزی تێدا بکرێ، یەعنی مەعقولە خوێندن بە پارە بی؟ بە پێی دەستووری عیراق خوێندن بەلاشە، کابرا هاتووە تەکلیفی لە من کردووە وتویەتی پێنج سەد دۆلارم بدێ هی خوێندنێ، ئێواران دەخوێنێ، یەعنی تەکلیفمان کردووە لە خوێندنی باڵا، لە جەنابی وەزیر لە رێی ئاشنا خانەوە کە شەهادەکانییان بدەنەوە، یەعنی بەڕاستی برادەرینە ئەو میللەتە تاوانی ئەو میللەتەی چییە ئێمەی هەموو کردە ئەندام پەرلەمان؟ هەمووی کردنی بە وەزیر؟ ئەو کوردستانە جوانە، ئەو کوردستانە بەهەشتە، زۆربەتان زیندانی سیاسی بووینە، زۆربەتان پێشمەرگەی کۆن بووینە، یەعنی بەڕاستی کە ئەو پەرلەمانەی دەبینم گریانم دێ، کاتێ کە قوپی سەرگەڵووی میراوە گیرا دوو برادەرم شەهیدبوون، یەکیان (خدر ئەندێکی) بوو، یەکیان شەهید (عمر زێوەیی) بوو، ئێستاش تاتەکەم لەبەرچاوانە، کەچی منداڵەکانیان لە برسان بگرییێن، یەعنی وەرن کاکە لێرە بەدواوە گەردەنتان ئازا بی لە باتی هەموو کوردستان، (٣٠) ساڵە ژێرخان و بن خان و هەموو شتتان برد، بەڵام ئێستا منداڵەکانمان ناخوێنن، بۆ؟ کەرتی پەروەردە فەشەلی هێناوە، من کچەکەم موهەندیسە دانەمەزراوە لەسەر ئەوەی گوتویانە گۆڕانی، باشە؟ کچەکەم دانەمەزراوە، بە کوڕەکەم دەڵێم: بخوێنە، دەڵێ: جا بابا خۆ تۆ گۆڕانی من دانامەزرێم، لەو ماوانە کوڕێك،پێشمەرگەیەك پێمخۆشە چاك ناوی بێنم، پێنج ئینزیباتی کوشتن کە (هەژار مەرگەیی) یە، پێم خۆشە چاك چاك ناوی بێنم، دوو ئینزیبات بریندار بوون، سێشی کوشتن، هەر سێك تفەنگەکەی بردن، کوڕەکەی لە زانکۆی ئەمریکی دەرچووە، لە کۆمپانیای کار لە نەوتی وەریاننەگرتووە، کە یەکەمی زانکۆشی هێناوە، بەس لەسەر حیزبایەتی گوتویانە بابت گۆڕانە، یەعنی ئەمە تاوانی چمان هەیە؟ پێمخۆشە چاك بزانن، ئێمە سبەینێ هەڵبژاردنی عیراقە، چۆن بچین بە دەنگدەرەکانمان بڵێین دەنگمان بدەنێ؟ پیاوی چاك بن وەرنەوە ناو خەڵکی، ئەوە میللەتە، کە برسێتی رەگێکی لە هارییە، پێتان دەڵێم وەڵلا پێشی هەمووانماڵی من دەسووتێنن، وەڵلا ماڵی من دەسووتێنن من حیمایەم لەگەڵ دا نییە....

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین گیان، سوپاس.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

یەك دەقەی تریش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، توخوا یەك مانگە دانەنیشتووین، بە جیددی گریانم دێ......

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرفەت بە برادەرەکانی تریشت بدە.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

مەنتیقەی من (٨٠%)ی چەکدار و پێشمەرگەیە و موەزەفە، رانیە و قەڵادزێ، یەعنی هەر هەموو خوا ئاگادارە هەموو گەنجەکانمان رۆیشتن، رۆژانە ئێمە دەبێ بچینە پرسان، یەعنی بیکەنە خاتری خوای دەست لە ناو دەستی یەکدی نێن، کاکە من یەك شتی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێم، کتابەك هەیە چاکسازی جۆرجیای، بڕۆن بیخوێننەوە هەموو بەرپرسەکانتان، لە خیلالی یەك حەفتە شازدە هەزار پۆلیسی خانەنشین کرد، هەرچی سەرمایەداری ئەو وڵاتە هەیە بانگیان کەن وەرن کاکە لەسەر حیسابی ئەو حکومەتەی ئێوە دەوڵەمەند بووینە، بێنن پارەکانتان (٥٠%)ی بێننەوە، یەعنی بۆ ناکەن بۆ؟ بۆ دەترسێن کاکە؟ کاکە وەرن من بکەنە بەرپرسی ئەوەی وەڵلاهی بە دوو مانگان معاشی چاك دەکەم، ئەگەر چاکم نەکرد ئیعدامم کەن، ئەو کۆمپانیا دز و جەردانە پەیدا بووینە، کۆمپانیای دەرمانی، کۆمپانیای ئاردی، کۆمپانیای نەوتی، بۆ حکومەت ئەو ئیشانە ناکا؟ یەعنی بە جیددی بۆ نایکا؟ مەعقولە دەرمانی ئێکسپایەر لە خەستەخانەی هەیە؟ مەعقولە کەسێك نەخۆش بووە لە خەستەخانەیەك لە خەستەخانەکان، دەڵێن نابی بچیە دەرێ هەتاکو پارەی نەدەی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك یاسین گیان، یەك دنیا مەمنون، سوپاس، بەڕێزان وەکو پێشتر ئیشارەتمان پێدا (٩٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ناویان تۆمار کردووە، تا ئێستا ئەو پەڕی گەیشتوونەتە (٢٦) ئەندامی پەرلەمان، بەس بۆ زانیاریتان، کاك لقمان، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، ئاشکرایە بڕیاری لێبڕینی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی نایاسایی یە، لەوە خراپتر ئەوەیە کە چارەنووسی ئەو لێبڕینەش تاکو ئێستا دیاری نەکراوە، بەپێی ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە (٤٥٠) بۆ (٤٧٠) هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشرێت، بەپێی نرخی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نرخی نەوت لە مانگی (١)ی ساڵی (٢٠٢١) بەشی (٦٥٠) ملیۆن دۆلار نەوت فرۆشراوە و لە مانگی شەش (٨٠٠) ملیۆن دۆلار، کەچی مانگانە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار داهاتی ئەو نەوتە دەگەڕێتەوە خەزێنەی وەزارەتی دارایی، بەو پێیە یەك لەسەر سێی نرخی نەوت دەگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی، ئەوەی تر لە ژێر ناوی حەقدەستی کۆمپانیا و کرێی گواستنەوە و بۆڕی ون دەبێ، هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا ئێمەش لە ئەندامانی پەرلەمان ئەم مەتەڵەمان پێ حەل نەبووە، کە ئەمە مەتەڵە؟ سحرە؟ ئەمە چییە؟ کە ئێمە لە وڵاتێکین وڵاتیکە خاوەنی نەوتە، بەڵام ئەم نەوتە نەبۆتە مایەی خۆشبەختی بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی

دووەمی داهاتی هەرێمی کوردستان خاڵە سنوورییەکان و باج و دەرامەتی ناوخۆیە، ئەویش ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی رابردوو لەگەڵ ئەمساڵ کە دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە مانگی (٤)ی ساڵی رابردوو چوار بڕیاری لە ئەنجومەنی وەزیران دا، کە من پێموایە تەنها جێبەجێ کردنی ئەم چوار بڕیارە ئەبووە مایەی ئەوەی کەوا داهاتێکی یەکجار زۆر بۆ حکومەت و بۆ خەزێنەی گشتی بگەڕێتەوە، ئەویش پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکان، باج و رەسمەکان، گرێبەستی دەروازە سنوورییەکان، بەداخەوە تاکو ئێستا ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە هیچ هەنگاوێك نەهاوێشتراوە، بۆیە لە بواری دەروازە سنوورییەکان و باج و دەرامەتی ناوخۆ دەمانەوێ بەڕێز وەزیری دارایی وەڵاممان بداتەوە، دەمانەوێ بە دیاریکراوی لە جەنابی وەزیری سامانە سروشتییەکان بپرسین، زیاتر لە (٨٠٠) کۆمپانیای بواری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بە پێی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، لە ماددەی (٤٠) (هیچ کۆمپانیایەك لە باج نابەخشرێ تەنها بە یاسا نەبێ)، لەم پەرلەمانەی کوردستانەش دا هیچ یاسایەك دەرنەچووە بۆ بەخشینی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز لە باج، ئەی لەسەر چ بنەمایەك ئەم کۆمپانیانە لە باج بەخشراون؟ بە هەمان شێوە داهاتی خاڵە سنوورییەکان ئەگەر سەیر بکەین، بەراورد بکەین لەگەڵ ساڵی رابردوو بەرێژەیەکی یەکجار زۆر بەرز نەبۆتەوە، ئەویش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ هەنگاوێك نەهاوێشتراوەتاکو ئێستا بە ئامانجی چاکسازی کردن لەو گرێبەستە خزمەتگوزاریانەی کە لە خاڵە سنوورییەکان دەکرێ، لە بەڕێز وەزیری دارایی دەپرسین بۆ ئەو گرێبەستانەی لە خاڵە سنوورییەکان کراوە گرێبەستەکان بە شێوازێك ناهاوسەنگە (٨٠%)ی بۆ کەرتی تایبەتە و (٢٠%) بۆ (١٠%)ی بۆ حکومەتە، ئایا بەشێك لەو کارە خزمەتگوزارییانە حکومەت بە فەرمانبەرانی خۆی ناتوانێ بیکات؟ خوشك و برایانمان باسی هێزی هاوبەشییان کرد، من دەپرسم ئایا هێزێك لە هەرێمی کوردستان یاخی بووە لە حکومەت دەستی بەسەر خاڵێکی سنووری دا گرتبێ و پێویستی لەوە بووبێ هێزێکی هاوبەشی بۆ بنێرین تاکو ئەم خاڵە سنوورییە رزگار بکەی؟ ئەی ئەم خاڵە سنوورییانە لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پارێزگارییان پێ ناکرێ؟ بۆیە من پێموایە ئەگەر هەنگاو بنێین بە ئاراستەی چاکسازی پێویستیمان بە دروستکردنی هێزی هاوبەش نییە، کە رەنگە ئەوەش ببێتە ئەرك و بارگرانایییەکی تری دارایی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان وەزیرە پەیوەندیدارەکان، ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا دەبینین کە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان لەو پەڕی خراپبووندایە، بازاڕ چەند قات گران بووە، نرخی دەرمان و نەخۆشخانە ئەهلییەکان بۆتە بەڵایەکی گەورە بەسەر شانی هاووڵاتییانەوە، ئاو پارەی زیاد بووە و بڕەکەی کەم بووە، کارەبا نرخەکەی زیاد بووە و بڕەکەی کەم بووە، بەنزین خۆتان دەزانن لە چ دۆخێکی گرانیدایە کە پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییانەوە هەیە، بۆیە هاووڵاتییان چاوەڕوانی ئەوەنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئێوەی بەڕێز، لە ئێمەی نوێنەرانی خەڵك کە لەم دانیشتنەدا بە بڕیارێك، بە هەنگاوێك دەربچین کە لەسەر نەخشە ڕێگایەك دیاری بکەین بۆ چاکسازی، بۆ زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات، بۆ ئەوەی بە رێژەیەك بتوانین هەرێمی کوردستان و وڵاتەکەمان و خەڵکەکەمان لەم قەیرانە داراییە سەختەی کە تێی کەوتووە رزگاری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی شاندی بەڕێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، مـن پرسـیارێکم لەلا دروست بووە لە بەڕێزانی لیـژنەی دانووسـتان، دیـارە بـرادەران وەکـو باسـی دەکەن ڕۆژانە (٤٦٠) هەزار بەرمیل نەوت لە کوردستان دەفرۆشرێ، دەبێ (٢٥٠) هەزار بەرمیل وەکـو ئەقیـام پـارەکەی بە بەغـدا بـدرێ، ئایـا باشـتر نیـیە ئەو (٢٥٠) هەزار بەرمـیلە تەسـلیمی سـۆمۆ بکـرێ، لەبەر ئەوەی ئەوان حکومەتی عیراقی بە سیعرێکی بەرزتر ئەو نەوتە دەفرۆشن؟ لێرەدا داهـاتێکی باشـتریش بۆ حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەمینێـتەوە، ئەو بـاقییەکەی دیـکەش کە دوو سـەد و قسـوور هەزار بەرمیلیـیەکە کە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ خـۆی دەتـوانی چـۆن دەیفرۆشـی و تەصەروفی پێوە بکات، پرسیارێکم لە کاك (د.ئومێد صباح) و کاك (د.ئامـانج) هەیە، دیـارە یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆلیج و پەیمانگاکان چەند ساڵە کە دانـامەزرێن ئەوەش بەڕاسـتی پێمـوایە زانست لە کوردستان تووشی چەقبەستوویی دەبێ، چونکە ناکرێ لە زانکۆکـان یەکەم و دووەم و سـێیەم سـاڵانە دانەمەزرێـن، بـۆ ئەوەی زانکۆکانمـان، عـیلم و زانسـت کـواڵتییەکەی دانەبەزی، بەداخەوە تـا ئێسـتا ئەو شـتە جێبەجـێ نەکـراوە و ڕۆژانەش ئەو برادەرانەمـان لەسـەر خەتـن، گرێبەسـتەکان وەکـو ئـێمە پرسـیارەمان کـردووە کـاك (شـێخ ئـاوات)، (کـاك (د.ئومێـد) و کـاك (د.ئامانج) ڕەهەندی دارایی نییە ئەگەر گرێبەستەکان بکرێتە هەمیشـەیی، وەکـو بـرادەران بـاس دەکەن لەوانەیە هەندەك پارەش بۆ حکومەتی هەرێم بگەڕێنێتەوە، ئەو ترسەی نـاوێ بڵـێن ئەگەر ئەو گرێبەسـتە بکـرێتە هەمیشـەیی پـارەی زیـاتری دەوێ، پێمـوانییە، لەوانەیە حکـومەت لەوە قازانجیش بکات، وانەبێژەکان، وەزارەتی پەروەردە ئەگەر پێویستی بە وانەبێژ نەبێ بۆ دەیگری؟ بە پێـنج مانـگ و شـەش مانـگ مووچەکەیـان بـۆ سـەرف نـاکرێ، خۆتـان دەزانـن بـاری دارایـی لە کوردستان قورس بووە، بەڕاستی حەقە ئاورێکیان لێ بدرێتەوە، بریـا وەزیـری پەروەردەش لێـرە بوایە، خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ ئێمە لەمێژە چاوەڕێی حکومەتین پـرۆژە یاسـای خانەنشـینی بنێری، لەبەر ئەوەی ئێستا زیاتر لە سەد ئەفسەری پلە باڵای ئاسایش پـارتی و یەکێتـی خانەنشـین بوونە، بۆ ساڵێك و دوو سێ مانگ دەچی مووچەکانییان بۆ سەرف ناکرێ، هەر لەبەر ئەوەی هەتـا پـرۆژە یاسـای چاکسـازی دێـتە پەرلەمـان و دەکـرێتە یاسـا، بەڕێـز کـاك (شـێخ ئـاوات) حەق وایە میکانیزمێك بـدۆزرێتەوە تـا ئەو کـاتەی ئەو پـرۆژە یاسـایە دێ، ئەوانەش پێویسـتییان بە بژێـوی ژیان و ماڵ و منداڵی هەیە، مووچەکانییان بۆ سەرف بکرێ، مەقاصە: دیارە لەو چەنـد سـاڵەی کە حکومەتی بەغدا مووچەی هەرێمـی کوردسـتانی بـڕی هەروەهـا مووچەکانییـان پاشـەکەوت کـرا، حکـومەتی هەرێـم مەبلەغێـك قەرزدارە، بڵێـین چەنـد تریلیۆنێـك قەرزداری مووچەخـۆرانە، هەروەهـا خەڵکـی کوردسـتانیش قەرزداری حکـومەتی هەرێـمە لە خزمەتگوزارییەکـان، لە ئـاو و کارەبـا و چەنـد خزمەتگوزارییەك، بـۆ هەر بـۆ سـووککردنی سەرشـانتان ئەو قەرزانە بە مەقاصـە

بكرێ، بەراوردییان بکەن لەگەڵ یەکدی؟ هەم بۆ حکومەت هەم بۆ خەڵك شتێکی باشە، من سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.صباح، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنەکی گەرمی شاندی حکومەتی دەکەین، بەڕاستی زۆربەی سوئالەکانی من کرا، بەس هەندەك مەوازیع موتەعەلیقە بە لیژنەی ئێمە، هەندێك پرسیارم هەیە دەمەوێت ئاراستەی وەزارەتی دارایی و دیوانی سەرۆکایەتی حکومەت بکەم، بەڕاستی سندووقەك هەیە بە ناوی سندووقی (شێرپەنجە)، پێویستی بە سیوولە هەیە، خەڵکێکی زۆر گلەییمان لێ دەکەن، نەخۆش زۆر هەیە، بە سوپاسەوە سەرۆکی حکومەت هاتبووە دەنگ، برێك ئەو پارەیەی زیاد کردووە، بەس کافی نییە بەڕاستی، پێویستییەکی یەکجار زۆرمان هەیە کە ئەو سندووقە باشتر بێتە دەعم کرن، چونکی بەڕاستی خەڵکێکی زۆریش لە مەنتیقەی (١٤٠) دێن عیلاج وەردەگرن، چ لە دیالە، چ لە موصڵ، چ لە کەرکووك، هەتا لە بەغدا و لە جنوبیش دێن، چونکە دەرگای خەستەخانەکانی هەرێمی کوردستان کراوەیە بۆ هەموو کەسێك کە رووی لێ بکات، لێرەوە داوا لە شاندی حکومەت لە بەغداش دەکەم بەڕاستی، کە زەغتەکی زۆر لە حکومەتی عیراق بکەن، کە فشار بخەنە سەر عیراق کە ئەو حصەی هەرێمی کوردستان لە دەرمان زیاد بکەن، نوقتەی دووەم بەڕاستی سندووقەك هەیە بە ناوی سندووقی (ژینگە)، بە ئیعتیبار لیژنەی ئێمە مەعنییە بە ژینگەوەش، بەڕاستی دەمانەوێت ئەو سندووقەش بێتە تەفعیل کرن، ئەو سندووقە بەڕاستی لەگەڵ سەرۆکی ژینگە (د.عبدالرحمن) قسەمان کرد، گوتی هیچ پارەیەك نەهاتۆتە ئێرەوە، بە پێی قانونیش وەختی خۆی ئەو سندووقە دەبێ بێتە تەفعیل کرن، رجا دەکەین کە ئەو سندووقە بێتە تەفعیل کردن، سوئالی تر ئایا پاشی ئەو دانووستاندن و ئەو ئیتیفاقییە لەگەڵ حکومەتی عیراق کە کرایە، ئایا نرخی نەفت لە بازاڕی جیهان ئەوەی لە کوردستان کە دەچێت دەفرۆشرێت سعری بڕەك زیاتر بووە؟ چونکی ئەو مەترسی جاران و ئەو رێزی کو جاران شەریکات لێی بکڕێت نەماوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنەکی گەرمی تیمی بەڕێزی حکومەت دەکەم، لای جەنابیشتان مەعلومە کە ئێمە لە حەفتەی رابردوودا لەگەڵ تیمی وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆبووینەوە، قەرار بوو ئەمڕۆش لەگەڵ تیمی بەڕێزی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پەروەردە کۆببینەوە لەسەر چەند بابەتێکی گرنگ کە بابەتی کەیسی مامۆستایانی وانەبێژ و سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان و فەرمانبەرانی گرێبەست و کاندیدانی تواناسازی بوون، بەڵام لەبەر گرنگی ئەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆ دیارە

وەزیری دارایی مەفرووز بوو لێرە حازر بێت، کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ چەند رۆژی داهـاتوو، بەڵام ئەم هەڵە دەقۆزینەوە کە لەم کۆبوونەوەیەدا باسی ئەم بابەتە بکەین و هیـواداریـن تیمـی بەڕێـزی حکـومەت و بەڕێـز وەزیـری دارایـی روون و راشـکاوانە وەڵامـی راسـت و دروسـتمان پـێ بـدەن، بەڕێـز وەزیـری دارایـی لێـرە دەمانەوێـت بپرسـین لە کاتێـکدا کە داهـاتی خـاڵە سـنوورییەکان و گومرگەکان و باج و داهاتی دوازدە وەزارەتی حکومەت کەك مونتیجن، داهاتی نەفتی و نـانەفتی کە زیادیکردووە، ساڵانە نزیکەی شەش هەزار فەرمانبەری حکومەت خانەنشین دەکرێن، کەچـی تـاوەکو ئێسـتا بەدەم داواکـاری ئەو چیـنە گرنگـانەی کۆمەڵگـاوە نەهـاتوون کە جـگە لەوەی سـەقفێکی زەمەنیتـان دیـاری نەکـردووە بـۆ دامەزرانـدنیان تەنـانەت نـزیکەی شـەش مـانگە موسـتەحەقات و کرێـی مامۆسـتایانی وانەبێـژ نەدراوە، لە کاتێـك دا نـزیکەی بیسـت هەزار مامۆسـتای وانەبێـژ هەن زیـاتر لە (١٥%)ی کـۆی میلاکـاتی وەزارەتـی پەروەردە پێـك دەهێـنن، پەروەردە و فێرکردنی زیـاتر لە (١٥%)ی کـۆی قوتابییـان و خوێنـدکارانی کوردسـتان لە ئەسـتۆی ئەوان دا، بۆیە دەپرسین ئێمە ڕەوایە کە حەقی ماندووبوون و شەونخوونی ئەوان نادیدە بگرن؟ سەبارەت بە کەیسـی سـێ یەکەمەکـانی زانکـۆ و پەیمانگاکـان کە ژمارەیـان زیـاتر لە پێـنج هەزار کەسن، لە کاتێك دا کە یاسا ئەوەی تەنزیم کردووە کە لە حـاڵەتی دروسـتبوونی فەراغـی وەزیفـی لە خوێنـدنی بـاڵا پێویسـتە ئەولەویـیەت بـدرێ بە سـێ یەکەمەکـانی سـەر ئاسـتی زانکـۆ و پەیمانگاکان بۆ دامەزرانـدن، بە پێـی بەدواداچوونەکانمـان لە مـاوەی رابـردوودا لە زۆربەی بەشـە زانستییەکان لەسەرجەم زانکۆ و پەیمانگاکـان ئەو فەراغە وەزیفیـیە هەیە، بـۆچی تـاوەکو ئێستا خەم لە کەیسی ئەوانە نەخـوراوە و ئەوانە دانەمەزراون؟ سـەبارەت بە فەرمـانبەرانی گرێبەسـت کە نزیکەی بیست و شەش هەزار فەرمـانبەری گرێبەسـت لە دام و دەزگاکـانی حکـومەت دا هەن، جـگە لەوەی کە پێمـان وانیـیە بـارگرانی دارایـی بـۆ حکـومەت دروسـت بکـات، ئەگەر ئەمـانە بە هەمیشـەیی بکـرێن، بەڵام سـەرباری ئەوەی کە ئەوانە بە هەمیشـەیی نەکـراون لە چەنـد رۆژی رابردوودا لە ئەنجومەنی وەزیـران پەیـڕەوی ژمـارە (١١)ی سـاڵی (٢٠٢١) دەرچـوو کە بریتـی یە لە مۆڵەتی خوێندن بۆ فەرمانبەرانی حکومەت، بەڵام فەرمانبەرانی گرێبەست کە ژمارەیان بیست و شـەش هەزار کەسـن لە پێدانی مـۆڵەتی خوێنـدن بـێ بەش کـران، دەبـوایە ئەو مافەیـان بە رەوا بدیتبایە بۆ ئەوان، سەبارەت بە کاندیدانی تواناسازی کە زیاتر لە (٨٠٠) مامۆسـتای زانکـۆ هەن کە خوێنـدنیان تەواو کـردووە لە دەرەوەی وڵات، ئێسـتا لە دام و دەزگاکـانی حکـومەت خـزمەت دەکەن، هەرچەندە کە بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەت هەیە بە تەمـویلی ئەو بـڕە پـارەیەی کە (٣٠) ملیـۆن دۆلارە، لە (٢٠١٥) و (٢٠١٦)ەوە تـاوەکو ئێسـتا (٢٠) ملیـۆن دۆلاریـان بـۆ خەرج کـراوە، تاوەکو ئێستا (١٠) ملیۆن دۆلار ماوە سـەرف بکرێـت، تـاوەکو ئێسـتا هـیچ بڕیـارێکی لـێ نەدراوە، بەڕێز وەزیری سـامانە سروشـتییەکان ئایـا جەنابتـان ئاگـادارن لە گرانبـوونی بەنـزین لە هەرێمـی کوردستان؟ چ پلانێکتان هەیە بۆ رێگری کردن لە گرانبوونی بەنـزین؟ ئایـا جەنابتـان ئاگـادارن لە قـۆرخکردنی سـنوورەکان لەلایەن هەنـدێك لە کۆمپانیاکـانەوە، مـن لە چەنـد رۆژی رابـردوودا چەنـدین کۆمپانیـا پەیوەنـدییان بە ئـێمەوە کـردووە کە مـۆڵەتی فەرمـی لە وەزارەتـی سـامانە سروشتییەکان و لە وەزارەتی پیشەسازی هەیە، بۆ ئەوەی نەفتـی خـام و قیـر ببەن بـۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام لە سـنوورەکان، مـودیری گـومرگەکە پێـی دەڵێـت دەبـێ لە فـلانە کۆمپانیـا مـوافەقە

بهێنی، مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی پیشەسازی لای ئێمە ئەهمییەتی نییە، ئایا چ پلانێکتان هەیە بۆ ڕێگری کردن لەم قۆرخکارییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی بەڕێزان دەکرێت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمی هەموو لایەکمانە، کاتێک کە دووبارەیە ئێمە پێویست ناکات کاتەکە بکوژین، هەم قسەکان دووبارە بکەینەوە، ئیدارەدانی جەلسەی پەرلەمانیش یان ئەوەتا زۆر حەدێکی زیادی دەدەنێ، یان زۆر حەدێکی کەمی دەدەنێ، حەدی وەسەت نییە لە ئیدارەدانی جەلسەی پەرلەمان، کاتێ کە یەکێک دەیەوێ قسە بکات بە جیددی دەیکاتە مەجلیسی خۆی و دەست بە هەموو قسەکان دەکات، ئەوە قسەی هەموومانە، کە کرا پێویست بە دووبارە بوونەوە ناکات، پشتگیری تەواوی هەڤاڵانم دەکەم لەسەر پرسی مووچە و ئەو بابەتانەی کە باسیان کرد، من پرسیار دەکەم لە بەڕێز (خالد شوانی)، ئەو ڕێککەوتنانەی کە دەکرێت لە عیراقەوە چ دەستێکی لە پشتە کە ئەو ڕێککەوتنانە جێبەجێ ناکرێت؟ بۆچی ڕۆژێك دەڵێن جێبەجێ کرا؟ ڕۆژێك دەڵێن پارە دێ؟ ڕۆژێك دەڵێن پارە نایێ؟ بۆچی حزب دەستکاری کاری حکومەت دەکات؟ چ دەستێك لە پشت ئەوە هەیە؟ سوپاس، بۆ (د.عبدالحکیم خسرۆ) لە مەوزووعی چاکسازی کەمئەندامان، کەمئەندامی سەنگەرمان هەیە کە لە (٧٥%)ی کەمئەندامە و مووچەی هەیە، بۆچی مووچەی ئەوانە دەبڕدرێت؟ بۆچی مووچەی کەمئەندامێك کە بەڕاستی کەمئەندام نییە و ناوی لە لیستی کەمئەندامان هەیە مووچە وەردەگرێت؟ ئایا چاکسازی لەو بوارە کراوە؟ ئایا لیژنەی بۆ تەشکیل کراوە؟ ئەو کەمئەندامانە بینراون تا سەدا چەندیان کەمئەندامە و سەدا چەند کەمئەندام نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان تەنها بۆ تەئکید کردنەوە لە خاڵە پەیڕەوییەکە بە پێی ماددەی (٥٤) خاڵی (چوارەم) بڕگەی (یەکەم)، ئەندامی پەرلەمان بۆیە هەیە تەنها سێ خولەك قسە بکات، جگە لەو دانیشتنانەی تایبەتن بە بودجە یان سەرۆکایەتی پەرلەمان تایبەتمەندییان دەداتێ، ئێمە کارنامەیەکی دوور و درێژمان هەیە، بابەتێکی گرنگە لەم دانیشتنە قسەی لەسەر دەکرێ، بۆیە ئێمە کاتی زیاترمان لە سێ خولەکەکە داوەتە تەواوی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەشزانین قسەکان زۆربەیان دووبارەن، پرسیارەکان هاوشێوەن، بەڵام ئەگەر کاتتان بۆ دانێین پێمان دەڵێن کاتەکانمان لێ کەم دەکەنەوە، ئەگەر لە کاتی دووبارە کردنەوەتان لێتان قەتع دەکەین پێمان دەڵێن سەرۆکایەتی لێمان قەتع دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە تکاتان لێ دەکەین بەڕێزان (٦٢) ئەندامی پەرلەمان ماون، ئەگەر یەکی پێنج دەقەش قسە بکەن پێنج سەعات و نیوی ترمان دەوێت، واتا دەکاتە سەعات (١١)ی شەو، ئەدی دەرفەت بۆ بەڕێز وەزیرەکان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ؟ بۆیە تکاتان لێ دەکەم ئێمە تایبەتمەندیمان داوەتە ئەو جەلسەیە، تکاتان لێ دەکەم هاوکارمان بن، هاوکاری خۆتان بن بۆ ئەوەی بتوانین هەر کەسە بتوانن لەو کاتەی کە پێی سپێراوە لە پێنج

دەقە دەتــوانێ هەمــوو ئەو پرســیارانەی کە هەیە بــاس بکــرێن لەگەڵ ئەو خــاڵانەی کە روون دەکرێتەوە، کلارە خان، فەرموو.

**بەڕێز کلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕاستی برا پتریا ئاخافتنا من و پرسیارێت من هاتنە گوتن، لێ دوماهیکی مـن دڤێـت ئەز دبێـژم لێبڕینی مووچە کارتێکردنەکا زۆرا یا سلبی ل سەر ژیانـا خەلکـی کـریە، دۆلار بلند بـوویە، کەل و پەل گران بووینە، باج لەسەر خزمەتگوزاری زێدە بووینە، لەوما پێتڤیا لێبڕینـی مـووچە دومـاهی بهێت، ئیدی خەلکی مە وەستیا ئەم ژی وەستیاین نەشێن باجا ناکۆکی و نابەرپرسیاریێ هەنـدەك لایەنا کەسێن گەندەل بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نزار، فەرموو. بەڕێزان بۆ ئەوەی دڵنیـابن ئـێمە ئەوەتـا ناوەکانمـان لەبەر دەسـتدایە، زۆن بە زۆن، هەر زۆنی دوو کەس، دوو بەڕێـز لێـرە، سـێ بەڕێـز لێـرە، دوو بەڕێـز لێـرەدا، ئێـرەش هێشتا نەهاتووینە سەری، بۆیە لەبەر چاوتانە ناتوانین هەمووتان لە یەك کات دا وەرگرین، تکاتـان لێ دەکەم، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بە ناوی خودای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنم بۆ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە بەردەوام خۆمان بە نـوێنەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان زانیوە، بە خەمخۆری هاووڵاتییانی هەرێمی کوردسـتان زانیـوە، بـۆیە ئەو تێبینییــانەی ئەمــڕۆ کە کۆمــان کــردۆتەوە دەمــانەوێ بیخەیــنە بەردەم شــاندی هەرێمــی کوردسـتان و بە سـینگێکی فـراوان لێمـان قبـوڵ بـکەن، سـەبارەت بەو بارودۆخـانەی کە پێشـتر قەیرانـی دارایـی، کۆرۆنـا، ئەو هەمـوو گیروگرفـت و ئاسـتەنگانە لەبەردەم حکـومەتی هەرێمـی کوردستان دابوو، بەڵام لە ئێستادا هەست دەکەین شوکور بۆ خودا بـارودۆخەکە بەرەو باشـبوون دەچێ، وێڕای بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و فرۆشـتنی نەوت بە دۆلار و دابەزینـی نرخـی دینـاری عیراقی، بەڵام هەست دەکەین چەند دیـاردەیەکی خەراپ رووبەڕووی کۆمەڵگاکەمـان بـوویتەوە، لە ئێسـتادا ئـێمە هەسـت دەکەیـن کۆمەڵێـك گەنـج خەریـکە ئینتیمـای وڵات نـامێنێ، خەریـکە ئینتیمای خاك نامێنێ، خەریکە گەنجەکان کـۆچ دەکەن بەرەو هەنـدەران، خەریـکە رۆژانە رێـژەی جیابوونەوە لە دادگاکان لە زۆربوونـدایە، چەنـدین دیـاردەی تـریش، بـۆیە پێویسـتە لە بەرنـامەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بیرێـك لە رەخسـاندنی هەلـی کـار بکـرێتەوە بـۆ ئەو گەنجـانە، بیانخەنە سەر کار، بۆ ئەو گەنجانەی کەوا سـاڵ بە سـاڵ هەزارەهـا گەنـج لە کـولیژ و پەیمانگاکـان تەخەروج دەکەن، ئەمانە هەمووی چـاوی بژێـوی ژیـان و دامەزرانـدنیان هەیە، بـۆیە داواکـارم لە ئێسـتادا ئەمە لە بەرنـامەی کـاری ئەم بەڕێـزانە دابـێ، سـەبارەت بە خـاڵێکی تـر ئـێمە لە (٦/٢٠) دیدارێکی تەلەفزیۆنیمان هەبوو لەگەڵ چەند سەد شوفێرێکی سنووری پارێزگای هەولێـر، وێـڕای

تێبینییەکان، وێڕای ئەوەی کە ساڵانە ئەو دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات سەبارەت بە گرانی نرخی بەنزین و هەستانی نرخی بەنزین، چەند پێشنیارێکییان کرد، ەم پێشنیارەم بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکانە، داوایان کرد وەکو پێشتر کۆبۆن بکرێ بۆ شۆفێری تەکسییەکان، یاخود چەند وێزگەیەکی تایبەت بە تەکسی لە پارێزگاکان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە هەر هەستان و داکشانی نرخی سووتەمەنی شوفێرانی تەکسی یاخود ئەم بارە گرانەی کە دەخرێتە سەر هاووڵاتی، لە کاتی هەستان و دابەزینی نرخی بەنزین دا کێشە بۆ هاووڵاتییان دروست نەکا، بۆیە داواکارین کۆبۆن بۆ تەکسییەکان دابندرێ، وێستگەی تایبەتییان بۆ بکرێتەوە، سەبارەت بە دابەش کردنی بەنزین بەسەر تەکسییەکان، ئەمەیان خاڵێک، سەبارەت بە خاڵێکی تر سەبارەت بە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران کە پێشتر ماوەیەك بوو ڕاگیرا بوو، بەڵام شوکور بۆ خودا پێموایە بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران کاریان لەسەر کردووە، ئەمەش جێی دەستخۆشییە، سەبارەت بە هەمواركردنی بڕوانامەی چەند مامۆستایەك، بەڕێز وەزیری دارایی، ئەوەی ئێمە لێی ئاگادارین لە (٢٠١٥/٤/٥) مۆڵەتی بێ مووچەیی وەرگیراوە، هەموان هەمواركردنییان بۆ کراو، ئەوانەی لە ئێستادا هەموارییان هەیە و پشتگیری وەزارەتی پەروەردەشییان هەیە ئەمە چوار ساڵە ڕاوەستایە لەلایەن وەزارەتی دارایی، ئایا ئەوە کەی دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردن و بۆیان دەکرێ؟.
خاڵێکی تر بەڕاستی سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی کەوا لە ئێستادا حەز دەکەین دابەشکردنی زەوی لە هەرێمی کوردستان وەستاوە، یاخود دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ شەهیدانی شەڕی داعش، ئایا ئێوە وەکو شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کەوا یەکەی نیشتەجێبوون بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دروست بکەن، یاخود زەوی بەسەر بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دابەش بکەن، کە لە ئێستادا بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان چاویان لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و دابەشکردنی زەوییە بەسەریان دا، سەبارەت بە خاڵێکی تر پێکهێنانی ئەم لیژنەی کەوا بەڕێزانم لە پەرلەمانتاران و بەتایبەتی هەڤاڵانم لە فرکسیۆنی پارتی ئاماژەیان پێکرد، دروستکردنی لیژنە بۆ خاڵە سنوورییەکان، لە ئێستادا ئێمە هەست دەکەین گرفتێکی گەورە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوویتەوە، کەوا زۆری بیزنسمانەکانمان، زۆری بازرگانەکانمان لە ئێستادا خاڵە سنوورییەکانی ئێمە چۆڵ دەکەن، ڕوودەکەنە خاڵە سنوورییەکانی ترێبێل و فلان و فلان شوێنە، ئایا ئەوە کاریگەری ناخاتە سەر دابەزین یاخود سەر ئاستی داهاتی ناوخۆ لە گومرگەکان، ئایا ئەو لیژنەیە چی بەسەر هات؟ بۆچی دەست بەکار نابێ؟ ئەوەش پێویستمان بە ڕوونکردنەوە هەیە، سەبارەت بە خاڵێکی تر بەپێی ئەوەی کە ئێمە ئەندامی لیژنەی ناوخۆین، سەبارەت بە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ، پێموایە لە ئێستادا ئەم یاسای خانەنشینی هێزەکای ناوخۆ هاتۆتە حکومەت، هەرچەندە پێشتریش زانیاریمان هەبووە ڕەهەندێکی دارایی لەسەر حکومەت دروست دەکات، بەڵام هیوادارم دەرچەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە بەرنامەی کاری داهاتووشمان ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ پەرلەمان بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عثمان، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێویستی دەزانم کاتێك کە ڕێمان لێ دەگیرێ قسە نەکەین ناڕەزایی دەردەبڕین، بەڵام کاتێك کە ڕێمان پێ دەدەن بە پێویستی دەزانم دەستخۆشیتان لێ بکەم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مافی خۆتانە مامۆستا عثمان.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

بەخێرهاتنی تیمی حکومەت دەکەم، فەرموودەیەکی گەورەمان عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت): (لا خیر فیکم إن لم تقولوها و لا خیر فینا إن لم نسمعها)، بە قەومەکەی دەفەرمووێ (ئەگەر بێت و ئێوە حەق نەڵێن خێر لە ئێوەدا نییە بەڵام ئەگەر ئێمەش گوێ نەگرین خێر بە ئێمەشەوە نییە)، بۆیە ئەو حەقەی کەوا ئێمە هەڵمان گرتووەحەقی هاووڵاتییانە لێرەدا لە خزمەت ئەو تیمە بەڕێزە باسیان بکەین، من لە لیژنەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی بەڕاستی گلەیی زۆرمان هەبوو کە بەڕێز کاك (د.ئومێد) موافەقەی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنکە تەندروستییانەی وەزارەتی شەهیدان کردووە، کە بەداخەوە جێیەکانیشییان بەکار دێ بۆ کەرتی تایبەت، موافەقە کرا بە ناوی ئەوەی کە مانگانە (٥٩) ملیۆن دیناریان دەوێ بۆ خزمەتگوزاریی، لە بری ئەوەی بندیوارەکان، لەگەڵ ڕێزم، بندیوارەکان و مووچە ناشەرعییەکان ببڕن، هەستاون ئەو خزمەتگوزارییان بڕیوە کە بۆ شەهید و خانەوادەی شەهیدان کراوە، لێرانە بەڕاستی داوا دەکەم دکتۆری بەڕێز ڕوونکردنەوەیەك بدات، من لێرانە بەڕاستی داوا دەکەم کەوا ئەم دانیشتنە بەرهەمدار بێ، تەشریعی بێ، لەو بوارەی کە بڕیار بدەین ئێمە، یەعنی دەستخۆشی لە هەموو پەرلەمانتارەکان دەکەم بە بێ جیاوازی، کە هەر هەمووی ناڕازییە بە لێبڕینی ناشەرعی مووچە، ئەدی کێیە مووچە دەبڕێ؟ ئێستا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەیداتە دەنگدان، کێ لەگەڵ بڕینی مووچەیە با دەست هەڵبڕێ، کەس شەرم ناکات، ئەگەر نا هەموو وا دەڵێین و کەسیش ئیجرائات ناکات، ئێمە با لێرە بڕیار بدەین ئەو حکومەتە دەست لە کار بکێشێتەوە، نەیتوانیوە ئاو دابین بکات، نەیتوانیوە کارەبا دابین بکات، تریاك بە تەن دێتە وڵات، تریاك، وەڵلاهی لە هیندستان شتی وا نەبووە، یەعنی بە داخەوە لەسەر یەك کۆمێنت خەڵك دەگیرێ، بەڵام لەسەر ئەو هەموو لافاوە گەندەڵییە بۆ کەس باسی ناکات؟ فەرموو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بڕیار بدەن بڕینی مووچە ناشەرعییە یان نا؟ با لێرانە بڕیار بدەین، ئێمە دەبێ ئەورۆکە یەکلابکرێتەوە، هەڵگرتنی ئەو لابردنە بەڕاستی دەبێ یەکلابکرێتەوە، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەرفەت دەدەینە ئەو بەڕێزانەی لێرەشن، چونکە دەرفەتمان نەدابوو، دەرفەت بدەنە یەکتری بەڕێزان، تۆزێك ڕەحم بە یەکتری بکەن، هەمووتان پێکەوە ناتوانن قسە بکەن، کاك سەرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پرسیاری ئەوەمان هەیە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە مژدەی ژیانێکی نوێ و خۆشگوزەران لە سایەی ئابووری سەربەخۆ دەدرا بە گوێی هەموو هاووڵاتییانی خۆمان دا، خەڵکی کوردستان چاوەڕێی دەکرد کە ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی هەبێ، بەڵام وەکو بەداخەوە نەك پارە نەخرایە سەر حیسابی هاووڵاتییان و مووچەخۆران، نەك خۆشگوزەرانی دروست نەبوو، بەڵکو لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە پاشەکەوتی مووچە سەپێنرا بەسەر مووچەخۆرانی کوردستان، کە چاوەڕێی ژیانێکی رەفاهییەتی دەکرد لە سایەی فرۆشتنی نەوت، ئێستا ئێمە نەوت سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی هەرێمی کوردستانە، جگە لە سەرچاوەی خاڵە سنوورییەکان، لەگەڵ سەرچاوەی داهاتی ناوخۆیی، جگە لەو پارەی کە لە هاوپەیمانەوە وەردەگرین، پێشووتریش کە پارەمان لە بەغداوە وەردەگرت، پرسیارەکەم بەڕاستی زیاتر ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکانە کە ئێمە لەوەتەی دەست بەکار بووە لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان سێ جار داوامان کردووە بێتە لیژنەکەمان، بەڵام ئامادە نەبووە بێتە لیژنەکەمان، هیچ داتایەکی فرۆشتنی نەوت و نرخەکەی و چەندێك دەفرۆشرێت، ئەوەندەی ئێمە لە سۆمۆ وەریدەگرین، ئەوەندە لە وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان وەرنەگرتووە، پرسیارەکەم ئەوەیە: بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان نەوت بە چەند دەفرۆشرێت؟ ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت لەم قاعە باسی ئەوەی کرد و لە دیدارە تەلەفزیۆنەکانی دا باسی ئەوەی کرد کە ئێمە کەمتر لە هەشت دۆلار نەوتی هەرێمی کوردستان دەفرۆشین، دەمەوێت بە دەقیقی پێمان بڵێیت بەرمیلێك نەوتی هەرێمی کوردستان بە چەند دەفرۆشرێت؟ چەند بۆ کۆمپانیاکان دەچێت؟.

بەڕێز وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئەوەی باس دەکرێت کە قاچاخچێتی نەوت لە یەکێك لە مەرزەکانی سوریا و هەرێمی کوردستان دەکرێ، باس لەوە دەکرێت کە رۆژانە (٢٧) هەزار بەرمیل نەوت لە فیشخابوورەوە دێت، پێویستە روونکردنەوەمان لەسەر ئەوە بدەنێ، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، مانگانە چەند هەزار بەرمیل دەفرۆشرێت بە تەنکەر لە رێگەی تورکیاوە؟ دەمانەوێت زانیاریمان بدەیتێ لەسەر ئەوە، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئێمە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان کە تەنها دوکەڵەکەی بۆ ژینگەی هەرێمی کوردستان، بۆ تەندروستی هاووڵاتییانی کوردستان دەچێت و زووخاوەکەی دەچێتە جەستەی خەڵکەوە، تێکچوونی رێگا و بانەکان دەکرێت، ئەو پاڵاوگانە کە نەوت لە بێجی و لە خواروو و وەسەتی عیراقەوە بۆ پاڵاوگەی،ئەو دوو پاڵاوگەی کە لە هەرێمی کوردستاندایە نامەوێ ناویان بەرم، ئامادەن نەوت، بەنزین بۆ جنوبی خواروو و بۆ حکومەتی عیراقی بە (٤٥٠) دینار و (٤٢٠) دینار بنێرن، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆچی پشتیوانی ئەو پاڵاوگانە ناکات و نەوتییان ناداتێ؟ بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت نرخی لیترێك بەنزین بە (٤٥٠) دینار بۆ هاووڵاتییانی دەستەبەر بکات، پرسیاری دیکەم ئەوەیە: چ رەوای حەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك باس لەوە دەکات ئێمە قەرزاری کۆمپانیاکانین، بڵێت ئێمە قەرزاری هەم کۆمپانیاکان، هەم قەرزاری دەوڵەتی تورکیاین، کە نرخی نەوت بەرز بووە دەبێت ئێمە

قەرزەکانمان زیاتر بدەینەوە، بەڵام ئامادە نییە ئەم حکومەتە مووچەی میللەتەکەی بداتەوە، ئەوە یەکێکە لەو پرسیارە جەوهەرییانەی کە ئێمە لەلامانە.
یەکێکی دیکە لە پرسیارەکانم لە وەزیری دارایی و ستافی ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە لە مانگی (١)ەوە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی کردووە لە (١/٥) و (١/٧) بۆ ئەوەی کە بودجە ئامادە بکرێت و بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان، بڕیار وابوو کۆتایی مانگی (٢) بودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان، پەڵام ئەوەی کە ئێمە زانیارییەکانمان پێ دەڵێن ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکاری دواکەوتنی ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان ئەوەیە کە لەسەر دەسەڵاتەکانی هەم بەڕێز سەرۆکی حکومەت، هەم بەڕێز وەزیری دارایی رێکنەکەوتن، هیوادارین روونکردنەوەمان بدەنێ لەسەر ئەوە، ئایا نییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێکخستنەوەی دەرماڵە بۆ ئەوە نییە بە شێوازێکی تر لێبڕینی مووچە سابت بکات لە ژێر مکیاجی چاکسازی دا؟ ئەوە ئەو پرسیارانەیە کە لەلای ئێمە لە لیژنەی دارایی و لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان لەلامان دروست بووە، بەڕێز وەزیری دارایی.
بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکرێت لە باج دانان لە دوکانی فەلافلێك بکرێ، یان دوکانی سەرتاشخانەیەك دا بکرێ، بەڵام تاکو ئێستا ئێمە وەکو لیژنەی دارایی نازانین چاکسازی کراوە لە گرێبەستە نەوتییەکان؟ چاکسازی کراوە لە باجدانی ئەو کۆمپانیانەی کە لە بواری نەوت و سیکیورتی و خزمەتگوزارییەکان دا کار دەکەن؟
بەڕێز وەزیری دارایی، ئێمە لە ماوەکانی رابردوو لیژنەی دارایی سەردانی سەرجەم خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانمان کرد، ئەوەندەی کە هەم فەرمین، یەکێك لە کێشەکانی ئەو کاتە ئەوە بوو سیستمی گومرگی بۆ زۆربەی لە حاجی ئۆمەران، لە باشماخ، لە پەرویزخان بەسترابۆوە بە بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، تەنها گەورەترین دەروازەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان کە إبراهیم خلیل بووە نەبەسترابۆوە بە سیستمی گومرگەوە، ئایا تا چەند ئەوە کۆتایی هاتووە؟ گەیشتووە بە چی؟
پرسیاری دیکەم لە بەڕێز وەزیری دارایی: یەکێك لەو کێشانەی کە ئێمە لە لیژنەی سەردانی خاڵە سنوورییەکانمان کرد ئەوە بووە لە هەندێ خاڵە سنوورییەکان دا چاپەمەنی خۆیان هەبوو بۆ دروستکردنی وەصل، کە ئەمەش یەکێك بوو لەو کێشانەی کە دەهاتە بەردەستمان.
پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە لێرە جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان کە لێرە نییە، ئایا ئێمە ئەم دانیشتنەمان بۆ ئەوەیە کە تەنها ئەوەی کە قسەی لە پێشووتردا لە ساڵی رابردوودا ئێمە کارمان لەسەر ئەوەی کردووە، قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە لێبڕینی مووچە نەمێنێ، ئەم بڕیارە بڕیارێکی نایاساییە، جا حزبی من دابێتی، حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان، یان گۆڕان، یان ئەوانەی کە لە حکومەت دا بەشدارن، هەر کەسێك دابێتی ئەمە بڕیارێکی نایاساییە، ساڵێکە ئێمە چەند جارێك جەلسەی پەرلەمانی تێکچووە لەسەر ئەوەی کە ویستوومانە بڕیاری لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بێت، بۆیە داواکارم لە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان، فراکسیۆنە بەڕێزەکان، لێرە بڕیارێکی تەشریعی بدرێت کۆتایی بە ستەم و لێبڕین و گیرفان بڕینی مووچەی مووچەخۆران بهێنن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، گوڵیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز كلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن وەكـو جێگـری لیـژنەی سـامانە سروشـتییەكان پـێش دوو مانگێـك پێشـنیارێكم ئاراسـتەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كردبـوو بـۆ دابـین كردنـی بەنـزین لە رێگـای كۆبـۆن بـۆ خـاوەن شـۆفێری تەكسییەكان، لەبەر ئەوە من تەئیدی قسەكانی كاك نزار دەكەم، من سێ پرسـیارم هەیە بە كـورتی بـۆ بەڕێـز وەزیـری دارایـی، هەروەهـا دوو پرسـیارم ئاراسـتەی وەزیـری سـامانە سروشـتییەكان دەكەم، پرسیاری یەكەمم بۆ وەزیری دارایی، پرسیار دەكەم كە دەمـانەوێ بـزانین داهـاتی نەوتـی جیاوازییەكەی چەند بووە بەراورد ئەم شـەش مـانگە؟ چەنـدی زیـاد كـردووە؟ داهـاتی نـا نەوتـی هەر چـوار پارێزگاكـان چەنـدی زیـاد كـردووە؟ چـونكە وا بـاس دەكرێـت جـوولەی بازرگـانی زیـاد كردووە، ئەگەر زیاد كرابێت بێگومان دەبێت داهاتیش زیاد بێت، پرسیار لە بەڕێز وەزیری سـامانە سروشتییەكان دەكەم.

پرسیارەكەم ئەوەیە كە حكومەتی عیراقی فیدراڵی بڕی یەك ملیۆن بەرمیـل رۆژانە بـۆ كاروبـاری ناوخۆیی تەرخان كردووە، ئەوەش بۆ دابـین كردنـی بەنـزین و موشـتەقاتی نەوتـی، ئایـا لەم بـڕە هەرێمی كوردستان هیچ بەشێكی نییە؟ لە كاتێك دا ئەم بڕە وەكو داهات لە نـاو بـودجەی عیـراق هەژمـار ناكرێـت، كوردسـتان دەبێـت بـێ بەش بێـت، پرسـیارێكی دیـكەم چەنـد چاكسـازی لە وەزارەت كراوە؟ خەرجییەكان چۆن رێكتـان خسـتووە؟ بـۆچی هـیچ راپۆرتێكتـان لەوو بـوارەوە بۆمـان نەهـاتووە؟ لە كاتێـك دا گـرنگە بـۆ ئـێمە بـزانین داهـات چەنـد زیـاد كـراوە؟ یـان نـا؟ خەرجییەكان زۆر بووە؟ یان كەمی كردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مەم برهان، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر لە ئەنـــدامانی بەڕێـــز تێبینـــی و پێشـــنیازی زۆر گرنگیـــان تەرح كـــرد، لەگەڵ بۆچـــوونی زۆربەیانـدام، ئەوەی خـاڵی هاوبەشـە لەو دانیشـتنەدا كە مـن دەیبیـنمەوە، بە ئۆپۆزسـیۆن و دەسـەڵاتەوە بۆچوونییـان نـزیكە لەیەكەوە، مـن ئەوە دەقـۆزمەوە دەرفەتێكـی زۆر باشـە، كەواتە ئەوەی ئامانجی ئەم دانیشتنەیە بڕیـارێكی تەشریعی دەرچێـت، ئەو دیفـاكتۆیە دروسـت بكەیـن، بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی تەماشا بكەین ئایا زۆرینەی دەنگـی پەرلەمـانی بە دەسـت دەهێنـێ یـان نـا؟ ئەم مەسـەلەی كە پەیوەندیـدارە بەبڕیـارێكی نـاڕەوا و نایاسـایی كە بڕیـاری ژمـارە (٦١) ئەمڕۆ كە ساڵێك و سێ رۆژی بەسەردا تێدەپەڕێ لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـران بڕیـاری لێـدراوە، كە سەرەتا بۆ یەك مانـگ بـوو، تەماشـا دەكەیـن دوای سـاڵێك بەردەوامبـوون بە هەمـان شـێوەیە، ئەوەی كە ناوی بڕیارێكی دەركردووە ئەنجومەنی وەزیران دەڵێ (خۆگونجانـدن)، بـا بە مەنتیقـی خۆگونجاندنی بەڕێز وەزیری دارایی، وەزیری هەرێم بۆ كاروباری بەغـدا، بڕیارێكتـان دەركـردووە ناوی (خۆگونجانـدن)ە، بـا مـن بە مەنتیقـی خۆگونجانـدنەكەی ئێـوە موناقەشـەتان لەگەڵ بـكەم،

خۆگونجاندن لە کاتێك دا کراوە کە نرخی بەرمیلێك نەوت (٣٠) دۆلار بووە، باشە؟ ئەکە یەك، کۆرۆنا لە لوتکەدا بووە و داهاتی ناوخۆ نزیك بووە لە سفر، نرخی دۆلار (١١٨) هەزار دینار بووە، ئێستا هەموو ئەمانە بەرزبوونەتەوە، لە (٣٠) دۆلارەوە چۆتە (٧٦)، (٢٠%)یش تەقریبەن زیادی کردووە، ئەگەر بە مەنتیقی خۆگونجاندنەکەی ئێوە بێت، جەنابتان کە لە ئەنجومەنی وەزیران کە (٢١%) بوو ئێستاکە دەبێ مووچە (١٥٠%)ش بدەن، بەم مەنتیقە بێت یەعنی بەم مەنتیقە بکەین، دەبێ نەك (١٠٠%) بدرێ دەبێ بە زیادەوە پاشەکەوت بدرێتەوە، ئەمە مەنتیقی عەقلانی یە، هەست دەکەم فەلسەفەك هەیە پێی دەگوترێت سوریالیەت، ئەمە حکومڕانییەکی جۆرێ لە سوریالیەتی تیایە، مەنتیق نییە، واقیعی نییە بڕیارەکە ئێستا تا ئەم لەحزەیە بەردەوامە، بۆیە ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی لێبڕینی مووچە، ئێستا ئێمە هەمووی پەرلەمانتاران داوای ئەم پرسە دەکەین، هەموو هاوڕێیەتیمان هەیە لەگەڵ بەشێکی زۆرتان، ئێوە نین لە دۆڵێك دا ئێمە لە دۆڵێك، بەڵام ئێتاکە مەنتیقەکە وا کەوتۆتەوە کە لە دوو دۆڵی جیاوازین، حکومەت لە دۆڵێکە، خەڵکی لە دۆڵێکە، پەرلەمانتاریش لە نێو ئەو شوێنانەدا هەمیشە پەرلەمانتاران ڕەخنەی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە کە نەمانتوانیوە هێزی فشار بین، نەمانتوانیوە ئەم خاڵە هاوبەشە بدۆزینەوە، بۆیە من ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەزیری دارایی دەکەمەوە، وەزیری دارایی دەڵێ (٣٠٠) ملیۆن دۆلار لە سامانە سروشتییەکان دێت، ئێ نەوت بە (٣٠) دۆلار بێت و بە (٧٦) بێ چ مەنتیقێك قبوڵ دەکات هەر (٣٠٠) ملیۆن دۆلار بدرێت؟ ئەم موعادەلەیەمان بۆ حەل بکەن؟ حەز دەکەم جەنابتان پێمان بڵێن کە ئەم مەسەلەیە چۆنە؟ ڕۆژانە (٤٦٠) هەزار بەرمیل نەوت بە پێی ئەو داتایانەی کە رادەگەیەنرێ، هەرێمی کوردستان نەوت دەفرۆشێ، من حیسابێکی زۆر بچکۆلەم کردووە، ئەم حیسابە حاسیبەیەك بدەیتە خوێندکارێکی پۆلی شەشی سەرەتایی ئەم نەتیجەیەمان دەداتێ دەڵێ ئیتر نابێ لێبڕین بەردەوام بێ، چۆن؟ ئەگەر بەرمیلێك نەوت بۆ نمونە کە ئێستا (٧٦)ە لە بازاڕی جیهانی دا، ئەگەر بە (٤٥) دۆلار بێ واتا (٣١) دۆلار کەمتر، (٨) دۆلار ناڵێ (٣١) دۆلار کەمتر بێت، داهاتی نەوت دەکاتە (٦٢١) ملیۆن دۆلار، ئەگەر بە (٤٥) دۆلار بفرۆشرێ، ئێستاکە کە (١٤٧) هەزارە نرخی سەد دۆلار بەرامبەر بەوەوە لەگەڵ (١١٨) هەزارەکەی پێشووتردا (٢٩) هەزار دینار بۆ سەد دۆلار زیادی کردووە، نزیکەی (١٨٠) ملیار دینار تەنیا لەم ئاڵوگۆڕە قازانجی کردووە حکومەتی هەرێم لەم مەسەلەیە کە هاونیشتیمانییان زەرەریان کردووە، دەکاتە داهاتی نەوت (٩١٢) ملیار دینار بەس ئەگەر بە (٤٥) دۆلار بێ، بەڵام بە پێی ئەم ڕەقەمە کە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار دەداتە وەزارەتی دارایی من حیسابم کردووە کەواتە یەك بەرمیل نەوت بە (٢١) دۆلار و (٧٠) سەنت کەوتووە، نزیکەی (٥٠) دۆلاری دەڕوات، ئەمە مەنتیقە هەرێم نەوتی هەرێم بەم شێوەیە دەمێنێتەوە بە (٢١) دۆلار ئەگەر (٧٦) بێت؟ ئەمە چ نەگبەتییەکە بۆ خەڵکی کوردستان کەوا ئەو داهاتی نەوتە بەم شێوەیە هەراج دەکرێ؟ ئەمە جۆرێکە ببوورن کە ئەم دەستەواژەیە بەکار دەهێنم جۆرێکە لە تاڵانکردنی سامانی ژێر زەوی وڵاتی ئێمە، کە گرێبەستەکان کێشەی هەیە، چی هەیە، ئەمە پەیوەندیدارە بە حکومەت.

خاڵێکی تر هەیە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتێکمان هەیە ناوی پلاندانانە، وەزارەتی پلاندانان بایی ئەوەندە پلانی دانەناوە کە مەسەلەی لێبڕینی مووچە چارەسەر بکات؟

بـایی ئەوەنـدە پلانـی دانەنـاوە ئەم هەمـوو سـاڵانە چەنـدین هەزار خەڵـك خانەنشـین دەكرێـت، فەرمـانبەر دەمرێـت، كـۆچی دوایـی دەكـات، هەمـوو ئەمـانە مەعاشـیان كەم دەكـرێتەوە، بـایی ئەوەندە پلانی دانەناوە سێ یەكەمەكان پێنج هەزار كەسـن دابمەزرێنـێ؟ كێشـەی گرێبەسـتەكان چارەسەر بكات، وانەبێژەكان چارەسەر بكات، حكومەت گەنج بكاتەوە، لە حكومڕانی هەر وڵاتێـك دا جۆرێك لە سەركەوتنی حكومەت لە گەنج كردنەوەی حكومەتدایە، لە چاكسـازی دا بەڕێـوبەری گشـتی ئەوەی كە پەیوەندیـدارە بە سـەرۆكی لیـژنەی جێبەجـێ كردنـی چاكسـازی رەخـنە لە پەرلەمانتار دەگرێ دەڵێ بۆ ئەوەی مووچەكانتان حەڵاڵ بـكەن زەحـمەت نەبـێ یاسـای چاكسـازی راپۆرتەكانمان بخوێننەوە، چۆن راپۆرتمـان نەخوێنـدۆتەوە؟ كەمتـرین حـاڵەت باشـترین شـت كە من بەدەم راپۆرتەكان دا رۆیشتووم (١٠%)ی یاسای چاكسازی جێبەجـێ نەكـراوە، لە مـانگی (١)ی ساڵی رابردوودا یاسای چاكسازی دەرچوو و چەند پەیـڕەوی بـۆ دەرچووێـندرا و نـزیكەی سـاڵێكە چۆتە بواری جێبەجێ كردنەوە، كە من دەنگم بە یاسـای چاكسـازی نەداوە، بەڵام زەحـمەت نەبـێ یاسای چاكسازی چەندتان لێ جێبەجێ كردووە؟ مەنتیقی تیایە دوو ساڵە دەووترێت؟ ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی وەزیران دوو ساڵە دەووترێت پـارەی مـووچە (٨٩٥) ملیـار دینـارە، ئـێ باشـە (٨٢٥) ملیار دینار ئەگەر چاكسازی كراوە ئێ خـۆ دەبـێ ببـێ بە (٨٩٤)، جـگە لەوە هەر هـیچ نەبـێ یەعنی پانزە ملیۆن دینار كەمی نەكردووە لەمە كە بەس تەنیا دەرماڵەی ژێـر دەسـتی وەزیـرێكە؟ یەعنی ئەمە هیچ شـتێ كەمـی نەكـردووە؟ یەعنـی حەز دەكەیـن ئەمەمـان بـۆ روون بـكەنەوە لە مەسەلەی چاكسازی دا،.....

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر تۆزێك جەمعبەندی بكەی كاك مەم، بووە حەوت دەقە بۆ جەنابت.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

بەسـەرچاو، ئەو هێـزە هاوبەشـەی كە پەیوەندیـدارە بە مەسـەلەی دیسـانەوە هێزتـان پێـك هێنـا بەڕێز وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشتییەكان، دوو وەزیری گرنگن، ئەو هەموو مفـاوەزاتە لەگەڵ بەغدا هەر بە صەراحەت ئایا بەغدا پارە دەنێرێت؟ دەینێرێت؟ یەعنی ئەوەمـان پـێ بڵـێن بەڕاستی، دەینێرێت یان نا؟ ئایا دەینێرێت ئەو دوو سەد ملیار دینارە كە وەكو سلفەیەك دەیـداتە هەرێم، دواتر ئەو مەسەلەیەی ئەوەی پەیوەندیدارە بە دیوانی چاودێرییەكان وەكو خۆتان باسی دەكەن یەكلایی كاتەوە، ئەو پارەیە یەكسەر مووچەی پـێ چارەسـەر دەكەن یـان نـا؟ لە كاتێـك دا مـن گومـانم نیـیە قەنـاعەتم وایە وەكـو حیسـابە سـەرەتایی كە دەیكەیـن ئێسـتاكە حكـومەت بە زیـادەوە پـارەی مـووچە و پـارەی خزمەتگوزاریی و پـارەی پرۆژەكانیشـی لەبەر دەسـتدایە، دوو ساڵە، ...

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

ئەگەر رێگەم بدەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمـان، دوو سـاڵە نەوت نەگەیشـتۆتە ئەم ئاسـتەی ئێسـتا، هەرێمی كوردستان نەبۆتە خاوەنی ئەو داهاتە بێ شومارەی كە هەیە، مـن حەز دەكەم وەزیرانـی بەڕێز و نوێنەرانی بەڕێزی ئەنجومەنی وەزیـران كە هـاتوون لە عمومیـات دا قسـەمان بـۆ نەكەن،

بە تەحدیـد پەنـجە بـخەنە سـەر ئەو پرسـیارە تەشخیصـکراوەی کە رووبەڕووی جەنابتـانی دەکەینەوە، پێمان بڵێن مەتەڵەکە ئەوەندە دەهێنێ، لێبڕین دەمێنێت یان نا؟ بـۆچی لێبـڕین وایە؟ ئەوەی کە زۆری ئەندام پەرلەمانی بەڕێز باسیان کرد، ئەوەی کە نوقتەیەکی زۆر گرنگە مەسـەلەی ئەگەر پەرلەمـان لێـرە بە بڕیـارێکی تەشـریعی ئەم مەسـەلە یەکلانەکـاتەوە و نەخـرێتە دەنگـدان یەکلایی نەکاتەوە، هیچ جەدوایەك نامێنێ بـۆ مەسـەلەی ڕۆڵـی پەرلەمـان لە مفـاوەزات دا لەگەڵ حکومەت دا لەسەر چارەسەر کردنـی کێشـەکان، بەداخەوە حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئـێمە تێبینیمـان زۆرە لەسـەر ئەدای پەرلەمـان و لەسـەر سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کە زەمیمـانن، لەسـەر ئەوەی کە پێگەی پەرلەمان وەکو پێویست نەبووە و حکومەتیش ڕەئیەك و پێشـنیازەکانی ئـێمەی بە هەنـد وەرنەگرتـووە، ئەنـدامێکی لیـژنەی سـامانە سروشـتییەکان دەڵـێ سـێ جـار داوامـان لە وەزیری سامانە سرووشـتییەکان کـردووە نەهـاتووە بـۆ لیـژنە، دەیـان ڕاپۆرتمـان لیـژنەی فەرعـی پێشکەش کردووە کەوا وەزیرەکـان جێبەجێـی نـاکەن، ئەمە پەیوەنـدییەکی زۆر خـراپ لە نێـوان حکـومەت و پەرلەمـان دا هەیە کە کێشـەی گەورەی لـێ کەوتـۆتەوە، کە کێشـەی گەورەی بـۆ هاونیشتیمانییان لێ کەوتۆتەوە، فیعلەن هەمـوو باجەکـان لەسـەر هاونیشـتیمانییان زیـاد کـراوە، بەڵام لە بەرامبەریش دا مووچەکانییان کەم کراوەتەوە، دەمەوێ زۆر بە کورتی....

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم، زۆر بە کورتی ئەوە بووە (١٠) دەقە بۆیە تکایە تەواوی بکە، شـادی خـان فەرمـوو، ئەگەر جەنابت کۆتایی پێ بێنـی بەڕێـز کـاك مەم بـۆ ئەوەی برادەرانـی تـریش وەختمـان هەبـێ، چـونکە ئەگەر وابێ تا بەیانی ناتوانین تەواوی بکەین.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

بەڵـێ، نـوقتەی کۆتـایی مـن ئەو دانیشـتنە دەزانـی بـۆ چیـیە؟ بڕیـارێکی ناقـانونی هەیە لە هەر وڵاتێك دا بێت...

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، سوپاس کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

نا تەواوم نەکردووە، من وتوومە (لاتقربوا الصلاة) بـا تەواوی بـکەم، ئەزانـی چ شـتێکە ئەمەی کە بڕیارێـك هەیە نـاوی بڕیـاری ژمـارە (٦١)ە لە (٢٠٢٠/٦/٢٤)دا دەرچـووە، هەمـوو ئەم دانیشـتنەمان دەزانـی بـۆ چیـیە؟ بەس ئەم بڕیـارە هەڵبوەشـێتەوە، لە کاتێـك دا لە هەر وڵاتێـك بێـت، لە هەر سیستمێکی دیموکراسـی دا بێـت، حکـومەت بڕیـارێکی لەم شـێوەیە دەربکـات کە ناقـانونی بێـت موسائەلەی حکومەت دەکرێ و متمانەی لێ دەسـەندرێتەوە، ئـێمە زەمـیلانە بە ئێـوە دەڵێـین، ئەم بڕیارە دەبێ هەڵبوەشێتەوە، لە کاتێك دا دەبوو پەرلەمان وەکو ئەمرێك ئەوە بکات.......

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس کـاك مەم، تەواو، چـونکە ئەوە بـووە (١١) دەقە و شـتێك، بەڕێـزان، ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان هەیە لە سێ دەقە (١١) پرسـیاری کـردووە، بـۆیە ئەگەر بتوانرێـت تۆزێـك جەمعبەنـدی بکەن بۆ ئەوەی سوود لە کات وەرگرین و دەرفەتێکی یەکسـان بـدرێتە هەمـوو لایەك، تکاتـان لـێ دەکەم، شادی خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە سەرەتا دەبێ لەم خاڵەوە دەست پێ بکەین کە لامان یەکلایی بێتەوە بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان خۆیان بە پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەزانن، یاخود دابینکەری خەدەمات لە کابینەی حکومییەوە بۆ هاونیشتیمانی، دوو جیاوازی زۆر زۆر گەورە هەیە لە نێوان ئەم دوو خاڵەدا، بێگومان ئەصل ئەوەیە کە هەموو کابینەیەکی حکومی پارێزەری مافەکانی مرۆڤە بۆ هاونیشتیمانییانی خۆی، ئایا هەرێمێکە یاخود دەوڵەتێکە.
ئەوەی ئێمە دەیبینین بەڕاستی لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان زیاتر لەسەر ئەو ئەساسە مامەڵە لەگەڵ هاونیشتیمانییان دەکەن کە دابینکەری خەدەماتن، ئەمە راست نییە، مووچە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی دانیشتووان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، داهاتی ماددی یەکێکە لە مافەکانییان، ئەوان کار دەکەن و پێویستییان بەوە هەیە داهاتێکی ماددیان هەبێ تا ژیانییان بەردەوام بێ، ئێمە چەند خاڵێکمان هەیە لەم مەجالەدا قسەیان لەسەر بکەین، بەڵام برادەران باسی زۆرێك لە خاڵەکانییان کرد، من دێمە سەر پرسیارەکانی تر کە نەکراوە.
بەڕێزان لیژنەی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی، بێگومان من خۆت باش دەزانی کە ئەم پرسیارەم دوو جاری دیکە لە دوو موناسەبەی تردا ئاراستەت کردووە وەڵامم دەست نەکەوتووە بە هیوام ئەم جارەیان وەڵامم دەست بکەوێ، لەدەرئەنجامی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی رێژەی داهاتی ساڵانەی تاك کەم دەبێتەوە، ئەمە واقیعی یە، ئەگەر یاسای چاکسازی لە (١%) جێبەجێ بکرێ یاخود لە (١٠٠%) هەموو یاساکە جێبەجێ بکرێ، پلانی ئێوەی بەڕێز چییە بۆ پڕکردنەوەی ئەو نەقصەی لە دەخلی سەنەوی فەردا دروست دەبێ، چونکە ئەم خاڵە زۆر زۆر گرنگە، دەخلی سەنەوی کاتێك کە دادەبەزێ تەئسیر تەنها لەسەر ئەو فەردە ناکات، تەئسیر لەسەر بازاڕ دەکات، تەئسیر لەسەر هەموو خێزانەکە دەکات دواتر بازاڕ، دواتر هەتاوەکو هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، ئەمە وایکردووە رێژەیەکی زۆر کۆچمان بۆ دروست ببێ لە نێوان چینی گەنجان دا، وەك کاك یاسین ئاماژەی پێدا دەڤەری رانیە و قەڵادزێ و ئەو ناوچانە زەرەرمەندی سەرەکی بوون لە کۆچی گەنجان، لەوەی کە گەنجێکی زۆرمان روویان لە دەرەوەی وڵات کردووە لەبەر ئەوەی کار نەماوە، کاسبی نەماوە، داهاتییان نەماوە، مەجبوورن وڵات و هەرێم بەجێ بهێڵن و بڕۆنە دەرەوە.
خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە لە ناو خێزانەکان و لە ناو ئیتاری خێزان دا ژنان و منداڵان لە کەمبوونەوەی داهات دا زەرەرمەندی سەرەکین، ئەمەش وا دەکات رێژەکانی توندوتیژی، رێژەی کوشتنی ژنان، رێژەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر یەکێك لەو گرفتانەی کە پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە جارێکی دیکە ئێمە گرفتار دەبینەوە، رێژەکانمان بەرزتر دەبنەوە، ئێمە لەم ئاستەی ئێستا رازی نین، چ جای ئەوەی کە ئەو تەئسیرانە لە ساڵێکی تر، چەند ساڵێکی تر ببینین.
خاڵێکی تر کە زۆر زۆر گرنگە ئەوەیە بە پێی دوایین لێکۆڵینەوەی لایەنە نێودەوڵەتییەکان و (UN WOMEN) کە کردوویێتی ئەو ژنانەی کە زەرەرمەندبوون لە تەئسیراتی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کارەکانییان لە دەستداوە رێژەکەیان زۆر زۆر بەرزترە لەو پیاوانەی کە کاریان لە دەستداوە، ئەگەر رێژەکان موقارەنە بکەین ژنان زۆر زۆر بەرزترە، هەروەها داتایەکی بڵاو کردۆتەوە کە ئەو

ژنانەی کاریان لە دەستداوە پێویستییان بە سێ بۆ پێنج ساڵە بۆ بە دەستهێنانەوەی فورسەتێکی عەمەل، ئێمە کە مووچەمان نییە من لەم رۆژانەی رابردوودا بەدواداچوونێکم کرد لەسەر ئاستی پارێزگایەك هەموو ئەو شوێنانەی کە فورسەتی عەمەلی بچووك دروست دەکەن بۆ گەنجانمان، بۆ ژنان، بۆ کچان لە ناو کۆمەڵگادا ئەمانە رووبەڕووی ئەمە بوونەتەوە کاتێ باجەکان زۆر زۆر زیادی کردووە لە سەریان، زەریبە زۆر زیادی کردووە لە سەریان، مەجبوور بوون تەقەلوصات بکەن لەوەی کە کارمەندییان کەم بکەنەوە، تەنانەت خاوەنی پرۆژەیەکی بچووك بە منی وت (ئەگەر گەشتیاری عەرەب نەبوونایە لەم جەژنەدا، من دەبوایە شوێنەکەمم داخستایە)، ئەمە بەڕاستی کارەساتە، هۆکارەکە دابەزینی دەخلی تاکە لەم هەرێمی کوردستانەدا، بە لێبڕینی مووچەتەوە، بە بازاڕتەوە، بە بەرزبوونەوەی سعری دۆلارەوە، بە گرانبوونی مەوادەوە، بە زەریبەوە، بە باجەکان کە باجەکان هەموویان ئەوانە گرانبوون، ئەمە تەئسیراتەکەیەتی، خاڵێکی دیکە ئێمە لە چەند ساڵی رابردوودا پلە بەرزکردنەوە بە هەموو شێوەیەك وەستاوە، کە پلە بەرزکردنەوە وەستاوە رێژەیەکی زۆر خانەنشینمان هەبووە لەم چەند ساڵەی کە هەموو پلە بەرزکردنەوەکان تێایدا وەستاوە، ئەو خانەنشینانە هەموویان موستەحەقی ئەوەبوون چەند پلەیەکییان بۆ بەرزبکرێتەوە، پلەیەك، یان چەند پلەیەك، کە ئەمە تەئسیری کردووە لەسەر رێژەی ئەو مووچەیەی کە بە خانەنشینی بۆیان بڕاوەتەوە، ئەوان ئێستا خانەنشین کراون، بەسەریان دا تێپەڕیوە، پلە بەرزکردنەوەکەیان بۆ نەکراوە، چۆن حیسابییان بۆ ئەکەن؟ بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشتییەکان تەئسیراتی بەڕێزتان لەسەر ئەوەی کە پێداچوونەوە بە هەموو عقودی نەوت کە کراوە، ئەمە چۆن کاریگەری دەبێ لەسەر بەرزکردنەوەی دەخلی تاك لە هەرێمی کوردستان دا، تا ئێمە بە دەست گرفتی کۆچ و بەرزبوونەوەی رێژەکانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، بە گشتی رێژەکانی توندوتیژی و هەموو لادان لە مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دا خۆمان بە دوور بگرین، خۆشمان ئامادە بکەین، چونکە بەڕاستی ئەو تەئسیراتەی کە لە چەند ساڵی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان دا لەسەر تاك بەجێماوە لە بەدەرهاویشتەی ئەزمەی مالی زۆر زۆرن، ئێستاش دەرهاویشتەکانی دەبینین، چەند ساڵی داهاتووش رووبەڕووی دەبینەوە، بەڵام ئەوەیە کە ئێمە لە ئێستا بەدواوە چۆن کار دەکەین بۆ ئەوەی ئەو تەئسیراتانە بە کەمترین رێژە ببینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من حەز دەکەم لە بەردەمی جەنابتان و بۆ رای گشتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە داتا و رەقەم بیسەلمێنم کە بەڵێ بە داتای مەوسوق حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ کۆتایی بە لێبڕینی مووچە بهێنێت و هەموو مانگێك (٣٠) جارێك مووچە لە کاتی خۆی دا دابەش بکات، ئەم کێشانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دا هەن، بە کێشەی دانەمەزراندن،

بە کێشەی فەرمانبەرانی گرێبەست، بە کێشەی ئەو هەمـوو خوشـك و بـرا پەرلەمانتـارانە باسـیان چارەسەریان بکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان لە ئێسـتادا نرخـی یەك بەرمیـل نەوت (٧٥) دۆلارە، واتـا (٤٧٠) هەزار بەرمیـل نەوت، ئـێمە لە ڕۆژێـك دا تەسـویق دەکەیـن لە بازاڕەکـانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، کە ئەمە دەکـاتە (٣٥) ملیـۆن و (٢٥٠) هەزار دۆلار بـۆ هەر ڕۆژێـك، بـۆ هەر مانگێـك سـەرووی یەك ملیـار دۆلار، بـۆ هەر سـاڵێك دەکـاتە نـزیکەی (١٣) ملیـار دۆلار، کە تەنهـا وەزیـری دارایـی جەنابییـان فەرموویـانە کە تەنهـا (٣٠٠) ملیـۆن دۆلاری بـۆ خەزێـنەی حکومەتی هەرێمــی کوردســتان دەگەڕێــتەوە، واتــا (٢١) دۆلار بــۆ هەر بەرمیلێــك، مــن لێــرەوە دەمەوێ ڕایبگەیەنم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکانیش لێرەیە، هیــوادارم ئەگەر هەڵەم ڕاســتم بکــاتەوە، بە ســێ ســیناریۆ پــارەی نەوت دابەش دەکــات، ئەم سیناریۆیەی کە ئێستا دەگیـرێتەبەر بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیـت سـیناریۆی (٥٢) بە (٤٨)ە، واتـا (٥٨) بـۆ کۆمپانیاکـانی نەوتە و (٤٢)ی بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانە، بەم سـیناریۆیە (٣١،٥) دۆلار بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەمێنێـتەوە، مـن سـەیرە بەلامەوە بەڕاسـتی بەداخەوە هەندێك لە پەرلەمانتارانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستانیش باس لەوە دەکەن کە (٢١) دۆلار دەمێنێتەوە، ئەم (٣١) دۆلارە ئەگەر بمینێتەوە زەربی کەین بـۆ (٤٧٠) هەزار بەرمیـل بـۆ یەك ڕۆ ژ دەکاتە (١٥) ملیۆن دۆلار، بۆ مانگێك دەکاتە (٤٥٠) ملیۆن دۆلار، بۆ ساڵێك دەکـاتە (٥) ملیـار و (٥٠٠) ملیۆن دۆلار، واتا لە مانگێك دا (٦٥٠) ملیار دینـار تەنها پـارەی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە هەمـان کـات دا (٣٠٠) بـۆ (٣٥٠) ملیـار دینـار داهـاتی ناوخۆمـان هەیە، ئەمانە پێکەوە دەکاتە سەرووی نزیکەی (٩٥٠) ملیار دینـار ئـێمە بـۆ ملیۆنێـك و دوو سـەد و چوار هەزار مووچەخۆری هەرێمی کوردستان کە لە بایۆمەتری تۆمار کراوە، تەنهـا پێویسـتمان بە (٨٩٥) ملیـار دینـارە، زەحـمەت نەبێـت کە ئـێمە خـاوەنی سـەرووی (٩٥٠) ملیـار دینـارین تەنهـا بە داهـاتی نەوت و ئیـزافەتەن بـۆ بەشـێکی داهـاتی نـاوخۆ دەتـوانین مـووچە دابەش بکەیـن، ئەم لێبڕینی مووچەیە تا کەی؟ سەرباری ئەمانە (٢٠٠) ملیـار قەرارە کە لە بەغـداوە بێـت، کە ڕەنـگە لە ئاینـدەیەکی نزیـك بگـاتە هەرێمـی کوردسـتان، ئیـزافەتەن بـۆ ئەوە داهـاتی نـاوخۆی هەرێمـی کوردستان و داهاتی نەوت و داهاتی بەغدا بە تەمویلی هاوپەیمانان دەگاتە نزیکەی تریلیۆنێـك و سەد و هەشتا بۆ دوو سەد ملیار دینار لە یەك مانگ دا.

بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، ئـێمە پێشـتر ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران پێیـان ڕاگەیانـدووین ئەگەر بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان تریلیۆنێـك و دوو سـەد ملیـار دینـاری لەبەر دەسـت بێــت دەتــوانێ مــووچە بــێ لێبــڕین و لە کــاتی خــۆی، دەتــوانێ کێشــەی دامەزرانــدن، کێشــەی فەرمــانبەرانی گرێبەســت، کێشــەی ئــاوەدانکردنەوە و گەیانــدنی باشــترین خزمەتگــوزاری بە هاووڵاتییــانی هەرێمــی کوردســتان بە باشــترین شــێوە جێبەجــێ بکــات، دەی ئێســتا فەرمــوو تریلیۆنێــك و دوو ســەد ملیارمــان هەیە و ئەوانەش هیچــی نــاکرێن، بەڕێــز وەزیــری ســامانە سروشتییەکان، لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان نەوت دەردێنێت،ئەوە سـاڵی (٢٠٢١)ە کە دەکـاتە مـاوەی (١٤) سـاڵ تێچـووی بەرهەمهێنـانی کۆمپانیاکـانی نەوت بـۆ هەمـوو ساڵێك پارەیەکی زۆرتر بووە لەوەی کە لەسـەر حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان کەوتـووە، واتـا تـا ئێستا نزیکەی (٥٠) بۆ (٦٠) ملیار دۆلار دراوە بەو کۆمپانیانە، زەحمەت نەبێ پـارەی ئیستیسـماری

نەوتی لە کوردستان بە هەمان قەبارەیە؟ زەحمەت نەبێ دەبوایە (٢٠٠) هەزار کەس لە کەرتی نەوتی لە هەرێمی کوردستان دا کاری بکردایە، کە ئێستا (٧٠٠٠) کەس کار دەکات، ئەم جیاوازی و ئەم (gap)ە گەورە بۆ؟ زەحمەت نەبێ ئەم (٥٠) (٦٠) ملیارە تەواو نەبوو، کەی تەواو دەبێت؟ پارەی تێچووی کۆمپانیاکان لە هەرێم کەی تەواو دەبێت؟ پرسیارێکی تر بە گوێرەی قانوونی رەقەم (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) یەکێك لەو کۆمپانیانەی کە پێویستە دابمەزرێ کۆمپانیای (کیپکۆ)یە، ئەم کۆمپانیای (کیپکۆ)یە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان (٢٠%)ی ئەرباحی نەوتی هەرێمی کوردستان لە قازانجی کۆمپانیاکان دەباتەوە، کەواتە دەبێ ئەرباحی (کیپکۆ) لە ئێستادا و پشکی (کیپکۆ) لە بازارەکانی جیهانی لە بۆرصەی عالەمی سەرووی (٥٠) ملیار دۆلار بێت، زەحمەت نەبێ دەتوانن پێم بڵێن کۆمپانیای (کیپکۆ) لە کوێ یە لە هەرێمی کوردستان؟ دەتوانن بارەگایەکەیم پێشان بدەن بۆ ئەوەی کە من سەری بدەم؟ کۆمپانیایەك کە دەبێ ساحیبی (٥٠) ملیار دۆلار بێ لە بۆرصەی عالەمی تا ئێستا بارەگاکەشی دیار نییە و بە دەیان جاریش من ئەو پرسیارەم کردووە، وەڵامەکەم وەرنەگرتووە، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئەو جیاوازییەی کە من باسی دەکەم بە رەقەم نزیکەی (١٥٠) بۆ (٢٠٠) ملیۆن دۆلارە، زەحمەت نەبێ پێمان بڵێن ئەم پارەیە چی بەسەر دێت؟ دەچێ بۆ کوێ؟ بڕیار بوو چاکسازی و پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئێمە پرۆسەیەکمان هەیە کە (**Ten days selective price**) واتا هەڵبژادرنی کەمترین نرخ لە ماوەی (١٠) رۆژدا، خۆتان بڕیارتان فەرمووە کە ئەوە کۆتایی پێ بێنن ئەسعاری نەوتی واتا پشکی هەرێمی کوردستان بەرز دەبێتەوە، لە هەمان کات دا ریسکی هەرێممان هەبووە کە (٢) دۆلار کەمتر نەوتتان فرۆشتووە بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا باستان لەوە کردووە کە ئەمەش کۆتایی پێ دێت، کەواتە پێنج دۆلار چۆتە سەر سعری هەر بەرمیلێك نەوت کە پێشتر باسمان لەوە کردووە کە نزیکەی (٩) دۆلار دەیفرۆشین، کەواتە نزیکەی (٥) دۆلارمان بۆ گەڕاوەتەوە، ئەو پارەیە چی بەسەر دێت؟ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئێمە لە مانگێك دا شەست ملیۆن دۆلار و لە ساڵێك دا نزیکەی (٧٠٠) بۆ (٨٠٠) ملیۆن دۆلار دەدەین بە کۆمپانیایەك بۆ گواستنەوەی دوو کۆمپانیا کە (**joint venture**)ێکیان هەیە، بۆ گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە ئەم بۆرییە پێشتر هی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات کە بڕی ملیارێك و هەشت سەد ملیۆن دۆلار پێتان فرۆشتوونەتەوە، واتا شەش دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت، لە کاتێك دا حەقلی نەوتیمان هەیە تەنها پێنج کیلۆمەتر لە بۆڕییەکەوە دوورە، حەقلی نەوتیمان هەیە (١٩٥) کیلۆمەتر لە بۆڕییەکەوە دوورە، مەنتیق چییە کە شەش دۆلار وەردەگیرێ بۆ هەردووکیان؟ ئایا بەڕاستی ئەوانە چۆن چارەسەر دەکەن؟.

بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان خۆتان فەرمووتان کە پێشتر وەزیری سامانە سروشتییەکان لەم پەرلەمانی کوردستانە کاك (ئاشتی هەورامی) بووە، وتوویەتی کە (ئێمە باج لە کۆمپانیاکانی نەوت وەرناگرین بۆ ئەوەی کە تەرکیزیان رابکێشین بەلای هەرێمی کوردستان داوا بکەین کە لێرە وەبەرهێنانی نەوتی بکەن)، ئەوە ساڵی (٢٠١٢) بووە، ئێستا ساڵی (٢٠٢١)ە، لەگەڵ ئەوەی کە روکنێکی ئەساسی نەوت کە (capacity building) واتا واتا بونیەی تەحتیە کە جێبەجێی ناکەن، باجیش وەرناگرن، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی چییە کە

بتوانێ باج وەربگرێت؟ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان زۆرینەی پرسیارەکانم رووبەڕووی جەنابتە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە سێ ساڵە لە پەرلەمانی کوردستانین جەنابتان ماوەیەکی زۆر نییە دەست بەکار بوون، یەکەم جارتانە تەشریف بێنن بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئێمە سێ پاڵاوگەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان قەترەیەك نەوت، بەنزین، هیچ جۆرێکی سووتەمەنی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان ناپاڵێون، وایان کردووە کە بەنزینێك بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە کە ژەهرێکە دێتە ناو هەرێمی کوردستان، ئێمە لە ماوەکانی پێشوو بە راپۆرت تەسلیمی جەنابتمان کرد و دامان بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش کە ئەم بەنزینەی دێتە ناو هەرێمی کوردستان و گازەی کە بەکار دەهێنرێت هۆکاری ئەساسی یە بۆ نەزۆکی، هۆکاری ئەساسی یە بۆ سەرەتان، هۆکاری ئەساسی یە بۆ دەیان جۆری تری نەخۆشی مەترسیدار کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دا وجودیان هەیە، هاتوون بەڕێزتان بە بڕیارێك، بە بڕیاری (٤٨٣) لە (٢٠٢١/٢/٨) بۆ ئێمە موعالەجە بکەن، بڕیارێکتان دەرکردووە لە ئەنجومەنی وەزیران کە رێگە نەدەن بەنزین بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، دەی پاڵاوگەکانیش ناپاڵێون بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەوە وای کردووە کە لیترێکی بەنزین بە (٩٥٠) بۆ (١٠٠٠) دینار لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشێت، ئەی چۆن موعالەجەی ئەو کێشەیە دەکەن؟ لە کاتێك دا هەمان ئەو پاڵاوگانەی کە ئێمە ئاماژەمان پێ کردن لیتری بە (٤٥٠) دینار بۆ خوارووی عیراق دەپاڵێون، ئێوەش ناتوانن سووتەمەنییەکیان پێ بدەن،...

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر جەمعبەندی بکەی کاك کاروان، حەوت دەقەت تێپەڕاند.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە چاوان، زۆر بەخێرایی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە مەشاکیلی گەورەمان هەیە، خەریکە پرسی ئەساسی لە هەرێمی کوردستان بەلاڕێدا دەبرێت، پرسی ئەساسی و داهاتی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان داهاتی نەوتە، پێویستە ئەم پرسیارنەی کە ئاراستەی بەڕێزیانمان کرد وەڵامەکانیان وەربگرین، خەڵکی هەرێمی کوردستان رۆژێك بە دەست دەرمانی بەسەرچوو، رۆژێك بە دەست قاچاخچێتی لە زاخۆ تا خانەقین بە بێ جیاوازی و خاڵە سنوورییەکان، رۆژێك بە دەست نەهامەتی و بە هۆی کێشەی گەورە لە پرۆسێسی نەوتی لە هەرێمی کوردستان ژەهر دەکرێ بە قورگیان دا، مووچەکانییان دەبڕدرێت، مووچەکانییان دوا دەکەوێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من دەمەوێ لە کۆتایی بڵێم خەڵك لە قسەکردن بێزار بووە و خۆشمان بێزار بووین، بەڕاستی ئەگەر ئەم دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیارێکی تەشریعی نییە بۆ ئەوەی کۆتایی بە لێبڕینی مووچە بهێنین، قسەکانمان باتڵ دەبێتەوە، لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم خەڵك خەریکە رقی لە هەموومان دەبێتەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خەریکە وای لێ دێت دۆخێك دروست بووە لە هەرێمی کوردستان کە هیچ کامێك لە بەرپرسەکانمان، بە خۆشمانەوە، بە خۆشم پێش هەمووتانەوە خۆشەویست نەماوین، چۆن بتوانین موخاتەبەی خەڵك بکەین جارێکی دیکە؟ بۆیە تکا دەکەم بڕیاری نایاسایی لێبڕینی مووچە بەرمەبنای داتاکانی نەوت کە

ئێمه عەرزمان کرد بخەنە دەنگدان، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ کۆتایی بەم بڕیارە نایاسایی یە بهێنین و کۆتایی بەو زوڵمە بهێنین، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان باسمان کرد، هەر زۆنەی سێ بەڕێز، من ناتوانم بە کۆری هەمووی وەرگرم، تەواو بەڕێزان، کاك شاخەوان، فەرمو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەین، من لێرە پێشنیار دەکەم یەعنی تکا دەکەین با ئەمڕۆ بە نەتیجەیەکی باش لەم کۆبوونەوەیە دەربچین، نەتیجەکەش لە بەرژەوەندی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان بێت، ئەوەی کە گرنگە من پرسیارەکان بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، زەحمەت بکێشی بۆمان روون بکەیتەوە رۆژانە یەعنی بە دەقیقی وەکو خۆی رۆژانە چەند هەزار بەرمیل دەڕوات و هەناردە دەکرێت؟ بەرمیلی بە چەندە؟ چەند دەمێنێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ جیاوازی سعری مانەوەی یەك بەرمیل نەوت لە بەینی حکومەتی هەرێم و لە بەینی حکومەتی ناوەند دا؟ ئەوە گرنگە؟ جەنابتان چیتان کردووە بۆ پێداچوونەوەی رسوماتی کۆمپانیاکان کە ئەوە بەشێك لە پارەی داهاتی نەوت رسوماتی کۆمپانیاکان بەشێك لە پارەکە دەبات؟ خاڵێکی دیکە داهاتی راستی مانگانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چەندە؟ قەصدمان ئەوە نییە کە ئەو پارەی کە دەخرێتە سەر حیساب بانقی وەزارەتی دارایی، قسەکە لەسەر ئەوەیە داهاتی راستەقینەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چەندە؟ چەند بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمێنێت؟ خاڵێکی دیکە بۆ بەڕێزان (د.ڤالا) و (د.ئومێد) و (د.ئامانج) لە ئەنجومەنی وەزیران لە دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی ئەنجومەنی وەزیران بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتەکان رێنماییەکیان دەرکردووە یان پەیڕەوێکییان دەرکردووە، ئەم پەیڕەوە لە دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی دەتوانم بڵێم بەڕێژەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی وەزارەتەکان و لە بەرژەوەندی مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نییە، ئەمە بابەتێکی گرنگ و بابەتێکی مەوزووعییە، حەقوایە ئەمڕۆ لە راستی دا موناقەشەیەکی زۆر باش لەسەر ئەو بابەتە بکەین، چونکە لە دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان بەو رێنماییەی یان بەو پەیڕەوەی کە دەرچووە، هەر وەزارەتێك پەیڕەوێکی دەرکردووە، لە راستی دا ئەوە یەعنی کۆمەڵێك قەید و بەند و کۆت و ئەوەی ئیداری کردووە بۆ فەرمانبەران و بۆ مووچەخۆران، خاڵێکی دیکە من دێمە سەر پرۆسەی با بڵێین چاکسازی لە وەزارەتی شەهیدان، هەتاکو ئێستا وەزارەتی شەهیدان من دەتوانم بڵێم وەکو پێویست نەیانتوانیوە چاکسازی یان پاکسازی لە لیستی شەهیدان بکەن، هەمووومان دەزانین لە رابردوو هەمیشە وتوومانە چەند جارێکی دیکە لەم قاعەیەدا باسمان کردووە، لە لیستی شەهیدان یەعنی لەگەڵ رێزم دا خەڵکی تیابووە پێش راپەڕین پیاوی رژێم بووە ئێستا کراوە بە شەهیدی سەنگەر، یەعنی ئەوە لە راستی دا دەتوانم بڵێم خیانەتێکی زۆر گەورەیە و ئەوە بابەتێکی مێژوویی یە، مێژووش رەحم بە هیچ کەسێك ناکات، چونکە ئەوە پێویستە، گرنگە پاکسازی لە لیستی شەهیدان بکرێت، خاڵێکی دیکە بە نیسبەت خانەنشینی

سەربازی، بەشێکی زۆر لە هاوڕێیان باسی خانەنشینی سەربازیان کرد، خانەنشینی سەربازی لە هەرێمی کوردستان ئێستا بە پێی ئەو ئامار و ڕەقەم و هینانەی کە هەیە (١١٧) هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان مووچەی خانەنشینی پێشمەرگە وەردەگرێت، من پرسیارەکەم ئەوەیە لە تیمی حکومەت، یەعنی پێش راپەڕین (١١٧) هەزار کەس پێشمەرگە بووە؟ (١١٧) هەزار پێشمەرگەمان هەبووە پێش راپەڕین، ئێستا (١١٧) هەزار کەس خانەنشین بووە؟ بە پلەی سەربازی لە جوندی هەتاکو دەگات بە لیوا یان سەرووتر، من دڵنیام بەشی زۆری ئەوانەی خیانەتی نیشتیمانییان کردووە، دژی شۆڕش بوون، دژی میللەت بوون، ئێستا بەشی زۆری ئەمانە من ناوی سیانیم لایە، باشە؟ کە ئەمانە پێشمەرگە نەبوون، خیانەتی نیشتیمانییان کردووە، ئێستا خانەنشین بوون بە پلەی عەقید و عەمید و لیوا، باشە؟ خەڵکی تیایە بە شەهیدی سەنگەر تەسجیل کراوە و تۆمار کراوە لە حادیسەی سەیارە تیاچووە، یان پێش راپەڕین پیاوی حکومەت بووە، ئێمە چەندین جار ئەمەمانبە وەزارەت و بە تیمی حکومەت و بە لایەنی پەیوەندیدار وتووە لەسەر ئەم بابەتە، خاڵێکی دیکە ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لەگەڵ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان چەند جارێك قسەمان کردووە بۆ ناردنی پرۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش کە بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانی ئێمە باسی ئەوەیان کرد کە ئەوە بابەتێکە لە راستی دا لەسەر ئەو مەوزووعە، حەقوایە دەست و برد بکرێ لە ناردنی پرۆژەکە بۆ ئەوەی هێزەکانی ئاسایش و هیزەکانی ناوخۆ لەم پرۆژە موستەفید بن و ئەوە گرنگە، ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە خاڵە سنوورییەکانەوە یەعنی بەڕاستی لەم قۆناغە گرنگە پیداچوونەوە بکرێ بە خاڵە سنوورییەکان، بەشێك لە هاوڕێیان باسیان کرد کە داهاتی خاڵە سنوورییەکان زیادی کردووە بۆ ئەم قۆناغەی ئیستا ئەمە شتێکی باشە، بەڵام جارێکی دیکە پێداچوونەوە گرنگە بکرێ بە خاڵە سنوورییەکان لەبەر ئەوەی ئێستا هەموو ئیعتیمادی حکومەت و مووچەی هەموو خەڵکی کوردستان لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و زائیدەن داهاتی خاڵە سنوورییەکان و زەریبە و گومرگەکان و داهاتی وەزارەتی دارایی یە، بەشێك لە هاوڕێیان باسی ئەوەیان کرد لە ئەخیری ئەم کۆبوونەوەیە کۆتایی ئەم کۆبوونەوە بەوە کۆتایی پێ بێت لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بێت، من دڵنیام ئەگەر هەتاکو (٧/٢٠) حوکمەتی عیراقی ئەو پارەی کە بڕیارە رۆژانە (٢٠٠) ملیۆن دۆلار بنێرێ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تا (٧/٢٠) و تاکو دوای (٧/٢٠)، یەعنی تا (٧/٢٠) نەینێرێ، لەبەر ئەوەی بەرەو ئینتیخاباتی عیراق دەچین لە (١٠/١٠) ئینتیخاباتی عیراقە، دڵنیام ئەوە جگە لە موماتەڵە و دەستی دەست پێکردن ئەوە هیچی تر نییە، ئەمە بانگەشەیەکی ئینتیخابە یان جۆرێکە لە بەڕێکردنی هەندێ بابەتی سیاسی و ئەوانە، یان ئەوە تەنها وەکو ریکلامێك بەکاردێت بۆ ئینتیخاباتی عیراق، هەموومان دەزانین کە ئێستا ئەو حاڵەتەی کە ئێستا لە عیراق هەیە حاڵەتێکی زۆر نائاسایی یە، لە بەینی هەموو هێزە عیراقییەکان دا بە شیعە و بە سونەوە کە ئێستا مونافەسەیەکی توندو لە بەینی حکومەتی ناوەند و لە راستی دا تا رادەیەکی زۆر صیراعێکی گەورە لە بەینی حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم هەیە، ئەم بابەتە حەقوایە بەڕاستی حکومەتی هەرێم لەسەر ئەو پرسە قسەی حیسابی هەبێ، قسەی جیددی هەبێ، بۆ

ئەوەی ئەم بابەتە یەکلایی بکرێتەوە لە بەینی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند دا بەتایبەتی مەسەلەی (٢٠٠) ملیۆن دۆلارەکە.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شاخەوان، ئەگەر جەمعبەندیەك بکەی، حەوت دەقەت تەواو کرد، تەواو؟.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی:**

نا ماومە، یەك خاڵی دیکەم ماوە، ئەوەی کە گرنگە براداران یەعنی دڵنیابن من ئەم پەیامە بۆ تیمی حکومەتە، ئێمە هەموومان فراکسیۆنە جیاجیاکان، هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەمڕۆ وا رێککەوتووین، وامان پێ باشە کە لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بێ، چونکە بەڕاستی لە قاڵبدانی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان با لێرە بوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەلا جیهاد، فەرموو.

**بەڕێز جهاد حسن إبراهیم:**

**ناڤێ خودا مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا شاندێ حکومەتی دکەین کو ئەڤرۆکە ل ڤێرێ ئامادەبووی، وەکیا دیار کو مووچە مافێ هەر خەلکەکییە، هەر فەرمانبەرەکییە کو هەر کەسەك هەبی میهنا خۆدا کا بکەتن، بەس د بێژم ئەڤرۆکە نەکو ب لێبرین بەلکی ئەز بێژم ئەڤێ درست بێتەدان شایستەی ژیانا ڤێ خەلکێ هەنێ ناکاتە هەرێمێ، ب تایبەتیبا ئەکە ئەم بێین بەرێ خۆ بدەینێ کو هەکە خێزانەك هەبیتن درستا وی نەشێت هیڤی و ئومێدێت خۆیێ ماڵا خۆ بجێە بینیتن، ئەڤرۆکە لێبرینا ڤی مووچە هەنە بڕاستی دەبوایە هۆکارەکە و گەلە گەلەك ئاریشەیەت ناڤ خەلکی دا پەیدابووین، سەرەڕای ئەم سوپاسیێ خەلکێ خۆ دکەین، کو بهێن فرەهیێن وان کوزانیا ئەڤرۆکە چەوا ئاریشەش کیڤە بویە چەوا بشێن ڤێ چەندەها خول بەر بگرن لە بەینا دیار کرن بۆ جەنابێ هەوە، دزانم ژی هین پتر شمێد ناڤ خەلکێ دا وەزیرێت بەڕێز وابزانم سەرۆکێ حکومەتێ ژێ پتر خەمخۆرە ژمە باوەر بکە بۆ ڤێ شەعبا هەنێ، بۆ هاووڵاتییێت هەنێ لە ئەمە د بێژن ئەڤرۆکە پتر بیر هینانەکە کو ئەم بین ئەڤ کەسێ هەن راتبەکی وی (٢٧٠) هەزار بڕاستی جهێ وی تەنگە نەشێت مەزەلە خۆ فەرە بکاتن، ناشێت زادێت درست بخاتن و ڤێ تەندروست و پی نەمریتن، کو بونیا ویە درست ببیتن، ئەڤرۆکە نەشیت بچیتە ئیحتیمالە ئێك دوو بێژن نەخۆشخانە، یان عیادە، نەشێت بۆ خۆی سەفەرەکی بکات یان گەشتوگوار، نەشێت ب دروستاهی عائیلا خۆ فرێ کاتە خاندنێ ب شکلەکی عام تەئسیر حەتا ل سەر بازاڕێ کوردستانێ ژی کردییە، چونکی ئەمێ دبینین وەختی راتبیت دیتلیستا کو بێژن دێتە دیار کرن کو دێ فلان رۆژێ فلانێ دهێتە وەرگرتن حەرەکەش نەکە کەفتە د بازاری دا، سەرەڕای وەختەکا دۆلاری گران بووی، ئەم دزانین کارەب یا کێمە نزانین ئەڤرۆکە بەنزینا گران بووی، یەعنی گەلەك گەلەك کارێت هەین ئەڤرۆکە خەلك گەلەکا بەر تەنگاڤیێدا، دیسان ئەز دبێژمەڤە بڕاستی یەعنی نابێژم هەڤە ئەڤرۆکە هین چ ناکەن، یان هەوە چ نەکرییە، ئەم نابێژین هەن گوناهکاربی، چونکە شەری گەندەلیی نە شەرەکی وەسا ب ساناهیە، هەمی ژی دزانن ئەڤرۆکە هەندەك حەتا دەولەتی دەوروبەرێت مە حەتا هەندەك

کوردێت هەین وەکی وان گورگانە ئەڤێت برسی کو خینێت دانەڤا دڤێتن ئەزموونا هەنە هەرێما کوردستانێ تێك بچیتن، ئەڤرۆکە هین بەرامبەری ڤێ ڤان کاردانێت هەنێت مەزن ئەمەش بیر ناکەینەڤە هینێت ناڤ خەلکی دا باوەر بکە ئیحتیمالە وەزیرێت هەی ناڤێت ناڤی وی بێژم بەس هەر کەسەکی دچێتە وەزارەتێ ڤە دبینیت موعامەلێت خەلکی، د مەشینی تەلەفۆنێت خراکا ڕادکەت ئەمی پاریزگارا دبینیت ناڤ خەلکی دا، بێ حیمایە دەرکەڤن، ئەڤە هەمی براستی جێی دەستخۆشییە، بلا ئەم ژی توسانا بینم بکەوینە بن کار تیکرنا فەیسبووکێڤە ئەئم بئاخڤین و ئەڤرۆکە رەشبین وبێژینە حکمەتا خۆ چ نەهاتییە کرن، چونکە براستی ئەڤەژی ئەزموونەکا گەلەکا مەزنە وەسا بەرێ خۆ بدەینێ ئەڤ وی چەند هاتنە کرن، ئەڤرۆکە پرۆژەی مەزنێت دێنە کرن، تەنێ مووچە ژی نینە، لە پێش چاوێت مەو ئەڤێ دبینین، ئەز دەست بە پرسیاری خۆ کەم بەس بەرێ پرسیاری خۆ ژی کەم، پرسیار کرن وەك ئەندام پەرلەمان ژ وەزیرا و گەلی وەزیرا ئەز حەز وەکو بیر هینانەك ئەڤرۆکە کە چا بەرامبەرێ مە راوەستینە ئەم پرسیارا ژ هەوە دکەین، سبەهێ ڕۆژا قیامەتێ برامبەر خودێ تەعالا ژی ڕاوەستین و دێ پرسیارا ژ هەوە تێتە کرن سەر ئەڤێ عەمرێ هەنێ کورتی دنیا، ژ رەحمەت بی وەزیری بشێت کو ئەز بخۆ ژ کیشا هەمی ئەندام پەرلەمان ژی یەعنی بێژە پتر خزمەتێ بکات، پتر خۆ بوەستینی، پرسیارا ئیکێ ئەمە بۆ د.ئومێدیە، ئەم دزانین یەعنی حکومەتا مە هاتی کو ڕۆتین کم ببیتن، رۆتین گەلەکا زێدە بوویە ڤە دکتۆر ئەم حەز دکەم پێداچوونەکی بکەین ئەڤرۆکە دەوائیرێت مەدا، ئەز نموونەکی بینم ئەڤرۆکە مراجەعەکی چووە دائیرەکی بۆ معاملەکا خۆ بڕێڤە بباتن، ڕێڤەبەر مۆڵەتا وەرگرتیە مانگەکی گوتا ئەز ئیشێ تە نانەشینم هەتا ئەز دێمە سەر دەواما خۆ مۆڵەت خلاس ببیتن، راستی یەعنی گەلەك جار ڕیڤەریت مە دبینین دینە دهۆکێ دینە هەولێرێ وەزاەرتێ ئیحتمالە تشتەکا گەلەکا ب ساناهیە ژی لەو ما بارێ خەڵکی خۆ یی داراییت تێك چوویە هاریکار بن سەر ڤێ چەندێ، پرسیارەکا منیا دی ژی بۆ هەر دیسا وەزیریت سامانێ سروشتی، ئەز دبیژمێ ئایا هندی تو هاتیە ڤێ تە چ طهۆرین کرینە کە تو بکورتی بۆمە گۆت با دڵێ خەڵکێ خۆش با، وێ دی ژی ئەم کوردشین حەتا کەنگی ژ گەرمێت ڤێ نەفتا هەمی بیتن ئەگە نا بومە دیار بکەڤە حەتا حەتایی نەمینیتن یان چەند ساڵەکی ژ بیری تەبعەن مەنتقا کەرکوکێ و ماددێ/ ١٤٠ ئەم بەحسێ وانە ناکەین، ئەڤە نوکە لبەر دەستێ مەدا خەڵکێ مە تنێ پڤیا مووچە ژی نەبیتن و پتر سەیتەرێ چاندنا ئەڤرۆکە چاڤێ خۆ بدەینێ، سوپاس بۆ گوهداریا وە.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سوسن خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەو خولەی پەرلەمان دەرچوونی یاسای چاکسازی یە، بۆیە هەموومان زۆر خۆشحاڵ بووین کە ئەو یاسایە دەرچوو، بەڵام بەداخەوە کە چووە ئەنجومەنی وەزیران دوای ئەوەش کۆمەڵەك پەیڕەو دەرکران بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕگانە کە خۆتان دەزانن چەندین وەزارەت پەیوەندیدار بوون بە جێبەجێ کردنی ئەو بڕگە و ماددانە، من وەکو ئەوەی کە ئێمە لە لیژنەی شەهیدانین، لە راستی دا ئەوەی کە جێگای تێبینی ئێمەیە من

دەمەوێ لێرەدا لەو دانیشتنە بیخەمەڕوو، چونکە لە راستی دا ئێمە تەعامول لەگەڵ کەس و کاری شەهیدان، لەگەڵ زینـدانیانی سیاسـی دەکەیـن، بەو پێـیەی کە رۆژانە ئێمە ئاگـاداری موعانـاتی زینـدانیانی سیاسـین، رۆژانە ئێمە ئاگـاداری موعانـاتی کەس و کـاری شـەهیدان و جینۆسـاید کـراوان و کەم ئەنـدامانی سـەنگەرین، بـۆیە یەعنـی ئەوان زۆر گلەیـیان هەیە لە جێبەجـێ کردنـی ئەو بـرگە و مـاددانەی یاسـای چاکسـازی، بەتـایبەت دوای ئەوەی کە لیژنەکـانی چاکسازی دانران، ئەگەر من بۆ نمونە باس لە پێداچوونەوە بە لیستی زینـدانیانی سیاسـی بـکەم، لە راسـتی دا گلەییەکـی زۆر زۆر هەیە لەسـەر ئەوەی کە پێـداچوونەوە بە لیسـتی زینـدانیانی سیاسی زۆر زۆر بە سستی بەڕێوە دەچی، ئەوەش بـووەتە گلەییەکی زۆر، هەر دوێنـێ و پێـرێ بـوو کە کۆمەڵێـك لە زینـدانیانی سیاسـی هـاتبوون ئێمە پێشـوازیمان لـێ کـرد، باسـی موعانـاتی خۆیـان کـرد، کە ئێمە پشـتمان بەو حکـومەتە گەرمە، ئێمە لەسـەر دەسـتی رژێمەکـانی پێشـوو ئەشکەنجە دراین، ئازار دراین، یەعنی موعاناتی زۆرمان بینی، بەڵام حکومەتی خۆمان بـۆ بە دەم داواکارییەکانی خۆمان نایێ؟ بۆ مافەکانمان پێ نادا؟ بۆ کاتێ کە ئێمە مردین ئێمە چی لە ماف و ئیمتیازاتەکـانی خۆمـان بکەیـن؟ یەعنـی بەڕاسـتی ئێمە بە هەمـوو شـێوەیەك پشـتیوانی ئەوان دەکەین، ئێمە تەمەنای ئەوەمان دەکرد دوای ئەوەش کە ئێمە چەنـدین جـار سـەردانی وەزارەتـی شەهیدانمان کرد، لیژنەکانی چاکسازی وەعدی ئەوەیـان پێـداین کە زۆر بە زوویـی پێـداچوونەوە بە لیستی زیندانیانی سیاسی کۆتایی پێ دێ، بەڵام بەداخەوە کاتێکی زۆری پێچوو، مـن لە بەڕێـز سـەرۆکی لیژنەکـانی چاکسـازی (د.عبـدالحکیم) دەپرسـم بـۆچی ئەو هەمـوو سسـتی و خـاوییە؟ بۆچی؟ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ یەعنی مەسەلەی زیندانیانی سیاسی بەتایبەت زۆر زۆر ئاسـان بـوو، یەعنی وەعدیان بە ئێمە دا لە مانگێك دا، لە حەفتەیەك دا کۆتایی پێ بێ، کەچـی ئەوەی سـاڵێکە، دوای ئەوەش یەعنی لیژنەیەك دانرا کە پێداچوونەوە بە لیستی زینـدانیانی سیاسـی بکـات، بەڵام دوای چەنـدین مانـگ ئەو لیـژنەیە بە هـیچ شـێوەیەك نەچـووە سـەر کارەکـانی خـۆی، ئایـا هـیچ شتێکتان کرد، هیچ کاردانەوەیەکتان ئەنجام دا کە ئەو لیـژنەیە بـۆچی کارەکـانی خۆیـان نەکـرد؟ چونکە زیندانیانی سیاسی دەقە و سەعات دەژمێرن بۆ ئەوەی بگەنە مافەکـانی خۆیـان، ئێمە لە ناو موعاناتی ئەوان دەژین، لە راستی دا ئێمە کە گـوێ لە موعاناتیـان دەگرین بەڕاسـتی نـاتوانین تەحەمـول بکەیـن، ئەوەنـدە موعاناتیـان زۆرە کە لەوانەیە مـن نەتـوانم بە چەنـد دەقەیەك لێـرە تەعبیـر لە موعانـاتی ئەو زینـدانیە سیاسییانە بـکەم، ئەو کەس و کـاری شـەهیدانە بـکەم کە ئەو پەرلەمانە، ئەو حکومەتە لەسەر دەستی خـوێنی ئەو شـەهیدانە بەرهەم هـاتووە، لەسـەر دەسـتی ئەشـکەنجەدان و ئـازاردانی ئەو زینـدانیە سیاسـییانە بەرهەم هـاتووە، بـۆیە مـن داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان راستە جێبەجـێ کردنـی مـاددە و بڕگەکـانی یاسـای چاکسـازی زۆر زۆر زەحمەتە، بەڵام لە هەندێك قۆناغ دا بۆ نمـونە پێـداچوونەوە بە لیسـتی زینـدانیانی سیاسـی، پێـداچوونەوە بە لیسـتی شـەهیدان، ئەوە دەبـێ بخـرێتە ئەولەوییەتـی کارەکـانی حکـومەتی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی کە هەمووومان قەرزاری کەس و کاری شـەهیدانین، بەو پێـیەی کە هەمووومان دەبێ نازی زیندانیانی سیاسی و نازی جینۆسـاید کـراوان و کەس و کـاری جینۆسـاید کراوان و رزگاربووانی ئەنفال هەلگرین، بۆیە مـن دەنگـی خـۆم دەخەمە پـاڵ دەنگـی ئەو کەس و کاری شەهیدان دا، دەنگـی خـۆم دەخەمە پـاڵ دەنگـی زینـدانیانی سیاسـی کە هەرچـی زووە کـار

لەسەر پێداچوونەوە بە لیستی زینـدانیانی سیاسـی بکـرێ، بـۆ ئەوەی ئەو کەسـانە بـگەنە مـاف و ئیمتیازاتەکانی خۆیان، ئەوەی تۆ بەڕاسـتی ئەوەی کە روونە لای هەموومـان، یەعنـی هەموومـان تێدەکۆشین بۆ ئەوەی وەزعی ژیان و مەعیشەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان خۆش بکـرێ، بـۆیە مـن دەپرسـم بەڕاسـتی، دوای بەرزبـوونەوەی نرخـی نەوت، دوای زیـادبوونی داهـات، دوای بەرزبـوونەوەی نرخـی دۆلار، دوای ئەوەی کە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان رسـومات و بـاجی زیاد کرد بەراستی ئەو لێبڕینی مـووچەیە بـۆ لە هەمـوو مانگێـك دا ئەوە مـاوەی سـاڵێکە تەنیـا لە (٢١%) بـۆچی مانگێـك کەم نەبـوو؟ بـۆچی مانگێـك زیـاد نەبـوو؟ یەعنـی هۆکارەکـان بـۆچی دەگەڕێنەوە؟ ئایا حکومەت لەسەر ئەوە پێکهاتووە کە هەموو مانگ هەر (٢١%) بیـت؟ هۆکـارەکە چییە؟ یەعنی پێمان خۆشە بۆمان روون بکـرێتەوە و ئـێمە هەموومـان پشـتیوانی ئەوەیـن کە لە راسـتی دا هەمـوو کەس و کـاری ئەنفـالکراوان، زینـدانیانی سیاسـی، هەمـوو هاووڵاتییـانی کوردستان ئەو هیوایەیان هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەم داواکاری هاووڵاتییـانی کوردستان بێت، بەو پێـیەی کە پەرلەمـان و حکـومەت تەواوکەری یەکتـرن، ئـێمە هەمـوو تەمەنـا دەکەین کە ئەورۆ، کە ئەو دانیشتنە کە دانیشتنێکی درێژ خایەنیشە دەرەنجـامێکی باشـی هەبـێ، هەموو کەسێك بگات بە ماف و ئیمتیازاتەکانی خۆی و بڕیارێکی بـاش لەو دانیشـتنەی پەرلەمـان دەربچێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان تکایە با روونکـردنەوەیەك بـدەم، چـونکە لە هەر فراکسـیۆنێك و لە هەر زۆنێـك ئێمە کە سێ هەڤاڵ، چوار ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان هەڵدەبژێرین، هەمـووی ئیشـارەت بـۆ ئـێمە دەکات دەڵێن (من، من، من)، ئێمە دەمانەوێت بە شێوەیەکی یەکسان بەڕێزان بەپێی ئەو ناوانەی لامانە، چونکە (٩٥) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان نـاوی نووسـیوە، ئێسـتا گەیشـتۆتە نـزیکەی (٣٦) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان، دەبـێ ئـێمە حەوت سـەعاتی تـر لێـرە بـین تـا تەواوی ئێـوەی بەڕێـز کۆتایی بە قسـەکانتان دەهێـنن، بـۆیە ئـێمە نـاتوانن هەمووتـان پـێکەوە لە یەکجـار دا وەربگـرین، تکایە هاوکاری یەکتـری بـکەن، چـونکە هەمووتـان یەکسـانن لە دەرفەتەکـان، ئەوە نەهـاتووە کـێ پێش کێ ناوی نووسیوەتەوە، کاك رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئێستاوە بۆ ئەو پێشنیارە زۆر تاخیرین، یەعنـی ئەوەی کە قسـەکراوە دەق دەقە کـراوە، ئەوەی کە پێویستیش بیتن ئەمن باسی دەکەم، هێڤیـدارم کەسـیش موقـاتەعە نەکـاتن، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمان، زۆر سـوپاس بـۆ ڤـێ دەرفەتـێ، بخێراتنـا وەفـدا ئەنجـومەنی وەزیـران دکەیـن، گەلەك بەخێـربێن، سـەرەتا پێشـنیار دکەم ئەڤ پرسـیار و تێبینیێـت ئەنـدامێت پەرلەمانـا هەرچەنـدە بەڕێزان دڵنیام دێ جوابدەن، بەس ئەگەر بکرێتیش ب راپۆرتەکا چڕوپڕ تەسـلیمێ سـەرۆکایەتیا پەرلەمانێ بکەن، هەم وەك ئەرشیف بمینێتن و سوبەش رادەستێ لایەنێت پەیوەندیدار بکەن بـۆ هەندێ کەت بەنیش ئەو جواب هەبن، تەبـعەن ئەم هەمـووت نیگەرانـین لە ئەڤ کەم و کـوڕییەی کو لە بودجێت هەی ئێك ناڤێ وێ دانێتن (بڕینا مووچێ)، ئێك ناڤی وی دانێـتن (خۆگونجانـدن)، ئێك دانێتن (نایاسایی) رەنگە هەمیش وارد بن، یەعنی بـێ بنەمـا نیـنە ئەڤ ئاخـافتن ب تەئکیـد،

ئەز حەز دکەم زیاتر ئەو روویێ دیێ حەقیقەتا ئەڤ وەزعێ کو هەرێما کوردستانێ کەفتە تێدا بۆ جەنابێ هەوە، بۆ رەئیا گشتی روون کەینەڤە، لبەر هەندێش دبیتن پێنگاڤەك لە ئەحداسا بچینە پاشتر کەس بەحسا هەندێ نەکر، زێدەتر مە بەحسا دەرەنجامێت ڤێ وەزعێ نالەبار لە هەرێما کوردستانێ کرد، بەس مە بەحسا هۆکارێت وێ نەکرن، ئەز دەبێ ئیشارەتا بە دوو سێ خالا بدەم کە پەیوەندی بە هۆکارێت ئەو وەزعەیا هەیە، یەکەم هۆکار و هۆکارا سەرەکیش حکومەتا عیراقێ یە کە زۆر بە بەرنامە، بەرنامەیەکی سیاسی، بەرنامەکی دارێژراو، لە زەغتەکا سیاسی بۆ هەندێ کو هەرێما کوردستانێ حزبێت سیاسی کەڤ نا ناکۆکییەوە، رکابەری دگەل ئێك و دوو، وەزعی ئابووری، وەزعی سیاسی، وەزعی کۆمەڵایەتیا هەرێما کوردستانێ تێك بچیتن، براستی بودجا هەرێما کوردستانێ هاتە برینێ، ئەڤەیە نایاسایی، ئەڤەیە ناعەداڵەتی، ئەڤەیە شەرمەزاری بۆ حوکمەتا عیراقێ، ئەو حکومەتە کە رەنگە هەرێما کوردستانێ بە هەموو قوەتا خۆ، بە حزب و لایەنی سیاسیەت هەرێما کوردستانێ شیای ببیتە خودانێ ڤێ دەسەلاتێ کو نوکە ئەم سەر کورسی رۆیشتینە، وەفدێت هەرێما کوردستانێ و حکومەتا هەرێما کوردستانێ بە هەموو حزباڤە هاوکار بووینە کو حکومەتا عیراقێ ببیتە خودانی دەستوورەکی، حەتا وەکی دبینێ ناوەندگیری لە بەینا ئەو لایەنێت عیراقی کە لگەل گەلێ کوردیش ناکۆك بوینە گەورەترین و باشترین دەور هەرێما کوردستانێ هەبوویە، کو ئەمن و ئاسایش و ئیستیقرار بۆ عیراقی بە شێوەیەکی گشتی بگەرێتەڤە، بەڵام بەداخەوە لەبری هەندێ کو ئەڤ تشتا ل بەرچاڤ بیتن زۆر نا یاسایی، بێ ویژدانانە بودجا هەرێما کوردستانێ بڕی، تەبعەن لایەکی ئەڤە تەعەدایەکی زۆر مەزنە لە هەرێما کوردستانی کری، بەس لە لایەکی دیکەشڤە مەزترین چاکیا ل هەرێمان کوردستانی کری بۆ هەندێ کو بزانی چ گاڤا حکومەتا عیراقێ بۆ هەڵکەویت، هەل بۆ بیتە پێش ئەگەر نووکە ژی بودجەی بنێری، یان بەشەکی بودجە بۆ هەرێما کوردستانی بنێریتن دێ جارەکی دیکە بودجا هەرێمی کوردستانی ببڕیتن، بۆیە چاکیا وە ئەویە، کو دبیتن حکومەتا هەرێما کوردستانی بزانیتن لەمەودوا درێژ خایەن پشت بە خۆ ببەستیتن، هیچ ئیعتیمادەك لەسەر سیاسەتی حکومەتا عیراقی نەکات، چاڤیش لە پارەی حکومەتا عیراقی نەبیتن، ئەو پارە کو نوکە منەت تێدا داناتن بۆ هەرێما کوردستانێ، تەبعەن ئەگەر مە گوتن دەبیتن حکومەتا هەرێما کوردستانێ پشت ببەستیتن کو تەئکید دەبی هەنگاڤێ ستراتیجیێت درێژخایەنیش پاڤێژیتن، بۆ هەندێ دێ پرسیاری دکەم ئەڤ دوو سێ پرسیاری کو نوکە لە بەرێزیەت پلاندانێ دەبا لێرە با، کو تەبعەن سامانە سروشتی تەنیا نەفت نیە، بەس بەحسی نەفتیت دکەن، تەرکیزا مە لەسەر خالێت سنوورینە، ئەم زیاتر راستی وەکی حکومەتا هەرێما کوردستانێ یان هاووڵاتی ئەم زیاتر کڕیاری بەرهەمی خۆماڵی مە نییە، وەکی پێویست ئاستێ کشتوکاڵ ل پەرەما پێ نەدایە، ل بەر هەندێ بەرێز وەزیرێ سامانە سروشتییەکان بەدیلی نەفتێ چییە؟ بەدیلی نەفتێ رەنگە ئینسان بشێتن بێ نەفت بژیتن بەس یەك لە باشترین سەرچاڤێت کو بیتن هەرێما کوردستانی ڤێ قۆناغێ بەرەو قۆناغەکا باشتر و بەرهەمهێنەر بیتن رەنگە ئاڤ بیتن، حکومەتا هەرێما کوردستانێ تا بشێتن دەبی دەستی خۆ دانێتە سەر ئاڤا لە هەرێما کوردستانێ، بەنداوا چێ کاتن د گەل بەنداوا رەنگە کێشا کارەبایی نەمینێتن، رەنگە کشتوکال پەرە پێ بدەین، رەنگە گەشت و گوزار پێشڤە چیتن، یەك لە خاڵێت هەرە سەرەکیا تەبعەن بەری نەفتێش یەعنی کانزای

دی سروشتی له هەرێما کوردستانێ هەی وەکی زێـر، وەکـی مەرمەڕ، وەکـی زۆر ئەوی دیـکە، ئایـا بەڕێـز وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان سـەبارەت ڤـا کانزێیـت کـو هەرێمـا کوردسـتانێ پـێ دەوڵەمەندن، ئەنگو چ بەرنامەك هەیە؟
تەبعەن زۆر لە خوشك و برايێت منێت پەرلەمانتار بەحسێت وەزعی نالەبارا هاووڵاتییێت هەرێما کوردستانێ کری، بەڵێ وەیە، وەزعـی کۆمەڵایەتی، تەبـعەن ئەو سیاسـەتە کـو حکومەتـا عیراقـێ گرتیە بەر نوکە دەرەنجامێت وا باش بوو تێبینی خراپیش ئەم بۆ خـو دبیـنن، بـۆ نمـونە (بالفعـل) ناکۆکیێت حزبێت سیاسی یێت زێدەتر بووی لەبەری هەندێ کو ئەم پەنجە بـۆ حکومەتـا عیراقـێ درێـژ بکەیـن و بیـنەوە نـاحەقن هەن زوڵمـا ل خەلکـی کـری ئەم خەریکـێ شـەڕ و موناقەشـە و تۆمەتبار کرنا ئێك و دووینە، هەمی لێرەراش ئەز حەز دکەم ڤێ نوقتێ ئیشارەت پـێ بـدەم و ئەز ئیدانا هەموو ئەو هەڵسوکەفتێت ناشەرعی و نادەستووری و نائینسانی بەرامبەر خەلکێ هەرێما کوردستانێ کر ئیـدانە دەکەم و شـەرمەزار دەکەم، دەبیـتن مە لە بیـدایەتی ئەڤ ئیـدانە کربـا ڤـێ رەفتـاری نـا نـوکە ئێـك و دوو پـێ تۆمەتبـار کەن، بەڵـێ وەزعـی خەلکـی لەو پەڕی خراپیـدایە، بـا هەندەك لە بەڕێزان ئیشارەت ب کوچا هاوەڵاتییێت مە دای، بەڵێ لە خیلالـێ سـاڵەك و نیڤـا رەنـگە نوکە سەرڤەی بیست و حەفت هەزار نوخبێت هەرێما کوردستانێ، هێزێ هەرێمێـت کوردسـتانێ، لە کوردستان چووی رەنگە رێژەکا زێـدەتریش نـوکە لە بەرنـامێ وان دابیـتن هەرێمـا کوردسـتانێ جێ بێلن، بەڵێ ناکاری تەنیـا هۆکـارەك نیـیە کە خەلـك بەرەو مـادا هۆشـبەر بچیـتن، بـۆ ئاگاداریـا هەنگو بەڕێز سـەرۆکا پەرلەمـانی هینـاتنێ مـاددەی هۆشـبەر بـۆ هەرێمـا کوردسـتانێ بەرنـامەیە، دارێژراوە، ئەمەش جارەکی تر، پلانەکی ترە ئێمە لە حکومەتی خۆمان نەك بە شك و گومان نیـنە، بە شـانازیەوە بە حکـومەتی خۆمـان داڕامیـنـین، سوپاسـی هەمـوو ئەو حـزب و لایەنەکـانیش دەکەیـن کە لەم وەزعـی ئـاڵۆزە، لەم وەزعـی خـراپ دا، لەم قەیـرانەدا هەوڵـی چارەسـەرکردنی کێشەکان دەدەین، خالی تر کە حەز دەکەم باس بـکەم هەر کـاتەك حکـومەتەك تەنیـا یەعنـی هەتـا هاووڵاتی ئەگەر نییەتی ئەوە بیتن کە سوبە لە زانکۆ کە دەردەچیـتن ئەرك و وەزیـفەی حکـومەتە کە دامەزرێنیـتن بەڕاسـتی ئەو کۆمەڵگـا بەرەو پێشـڤە نـاچیتن بەرەو پـاش ڤە چیـتن، بـۆیە داوا دەکەین لەو بەڕێزانە کە هەرچەندە وەزیریەی پلاندانان کە لێرە نیـیە، بەڵام پێویسـتە ئەگەر حەز دەکەی کۆمەلگایەکی سەرکەوتووت هەبیـتن، دەسـتی بـۆ حکـومەتی عیـراق درێـژ نەکەی دەبێـت کۆمەلگایەکی بەرهەمهێنەر ئەتوو پێك بێنی نەك ئەوەی چاوی تە .. .

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار حەوت دەقەکەت تەواو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

خـالەکی دی مـاوە چـونکە ئەو خـالە زۆر گـرنگە، گـوایە ئـێمە لێـرە دانیشـتووینە حەز دەکەی ئەو پرسیارانە لەو بەڕێزانە بکەم، ئەگەر ئەمە بە عاتیفە بڕیـار بـدەین کە بەلـێ ئەگەر بە عـاتیفە بیـتن ئەمە سێ ساڵ پـێش ئاسـان دەبیـتن نەدرابـا، (بالفعـل) ئەمە لەگەلـی نیـنە کەسـیش لەگەڵ نیـیە، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەم بڕیارە بـدەن یـان ئەگەر بەتەمـاینە ئەم بڕیـارە بـدەین ئایـا فعلەن بە بڕیـارا ئەتوانیتن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەی تەنفیز بکات؟ یا نا؟ لەگەڵ رێزم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیلی خان، فەرموو.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مووچەی فەرمانبەران یەکە لە کێشە سەرەکییەکانی هاووڵاتییان، بۆیە پێویستە زۆر شەفافانە قسە بکەین ئاستەنگی و گرفتەکانی بەردەم کۆکردنەوەی داهات بخەینەڕوو، لەسەر ئەم بنەمایە دەپرسم وا بڕیار بوو کە حکومەت هێزەکی هاوبەش پێك بێنێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەروازە سنوورییەکان و پاشتر داهاتەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، دەخوازم بپرسم تا چەند ئەم هێزە دەستی بە کارەکانی خۆی کردووە؟ یان ئەگەر دەست بە کار نەبووە هۆکارەکانی چنە؟ سەبارەت بە ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی (٢٠٢١) باس لەوە دەکرێت کە شاندی هەرێم رازی بوویە بە نرخی سۆمۆ بری (٢٥٠) هەزار بەرمیل بدات بە حکومەتی فیدراڵ، بەڵام ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوت لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت لەو بڕە کەمترە، بۆیە گرنگە روونکردنەوەمان لەسەر ئەو خاڵە بدەن، سەبارەت بە داهاتی نانەوتی لەسەر ئەم خاڵەش حکومەت دەڵێت لە کابینەی نۆیەم دا توانیومانە رێژەی داهاتی ناوخۆ بە دوو بەرامبەر زیاد بکەین، بەڵام لە هەمان کات دا گوێبیستی ئەوەش دەبین کە دەڵێین داهات کەمی کردووە، ئایا جیاوازی ئەم دوو خاڵە چۆن یەك دەگرنەوە؟ لەگەڵ ئەوەش دا پشتگیری هەموو ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە باسی پلە بەرزکردنی فەرمانبەران و هەروەها گرێبەستی بکرێنە هەمیشەیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و شاندی یاوەریان دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، من سەرەتای پرسیارەکەم هەوڵ دەدەم ئەوانەی کە لەپێشووتر وتراوە دووبارەی نەکەمەوە، لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان دەستپێدەکەم، ئایا لەو ماوەی جەنابت دەست بەکاربووی چیکراوە بۆ کەم کردنەوەی خەرجی نەوت؟ دیارە من لە بابەتە ئاڵۆزەکان دەستپێناکەم، ئەو بابەتە ناڵێم کە عقوداتی مراجعی، عقوداتی نەوت و ئەوانە کە هەندێکیان رەنگە کاتی بوێت، هەندێکی تەکنیکە بێت، من چەند نمونەیەکی ئاسان بە بەڕێزت دەڵێم کە پێم وایە جەنابت لەماوەی دەستبەکاربوونت دەتوانی لە ماوەی مانگێك معالەجەی بکەی، داهاتێکی باش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێنیتەوە، بە نمونە ئێمە سەرباری ئەو هەموو هێزە زۆرە لە برایانی ئاسایش، پۆلیس، هێزەکانی پێشمەرگە هەمانە، ئێمە سکیورتیمان هەیە لە کێڵگەی غازی سروشتی کورونور کە دراوە بە کوڕی بەرپرسێك مانگانە شەش سەد هەزار دۆلار وەردەگرێت، دیارە ئەمە لە مەسروفاتی نەوتدا دەڕوات، دواتر بە ئەوەش پێتی دەڵێم، هەروەها نمونەیەکی تری بەصیت کە سی و دوو ئۆتۆمبێل دیسان لە هەمان شوێن کە کاردەکەن ماوەی دوازدە ساڵە هەموو مانگێك بۆ هەر یەکێکیان کۆمەڵێك دانراوە کە بە مەجموع بیست و سێ هەزار دۆلار بۆ

ئەو سی ئۆتۆمبێلە دابینکراوە کە لە جۆری مینی پاسە، دیسانەوە هی بەرپرسێکە و بەڕێزت دەتوانیت بیبڕی، دواتر بە ژمارەش و بە ناوی بەرپرسەکەش دەیخەمە بەردەستی بەڕێزت، دیسانەوە دوو ئۆتۆمبێلی تری لە جۆری درع کە ماوەی دوانزە ساڵە هەموو مانگێك سی هەزار دۆلار بۆ ئەو دوو ئۆتۆمبیلە دابین دەکرێت، لە ماوەی ئەو کاتەی دانراوە تا ئێستا چوار ملیار و سێ سەد و بیست هەزار دۆلار بەو دوو ئۆتۆمبیلە دراوە، کە وەزارەتەکەی بەڕێزتان دەیتوانی بە کەمتر زۆر زۆر لەو پارە دوو ئۆتۆمبیل بکرێت، چارەسەری بکات لەکاتێکدا ئەوە هی بەرپرسێکە، هەر بۆ مەعلومات بەڕێزت لەو کاتەوەی کڕاوە تا ئێستا سلفی پێ لێنەدراوە بە حیساب بۆ مودیری شەریکەی دانە غاز کڕدراوە، ئەو دوو ئۆتۆمبیلە درعە وە سکویرتی باشە، بەڵام بەداخەوە هەر لەژێر کەپرەکان ماوەتەوە، تایەکانی فس کراوەتەوە، وەکو دەوترێت با بەو زمانە گەرمیانییە بیڵێم بۆ ئەوەی لێیتێبگەی، پاتریشی لەسەر نییە هی بەرپرسێکە تا ئێستا چوار ملیۆن و سێ سەد و بیست هەزار دۆلاری وەرگرتووە، هاوکات کە ئەمانە پێویستە ساڵانە عەقدەکانیان تازە بکرێتەوە بەناویش دەتدەمێ تەئکید دەکەوە، هاووڵاتییەکی بەغدادی کە دوانزە ساڵە کرێی گۆڕینی رۆنی مەکائین و مۆلیدەکان دانە غازی بردووە هەر لەگەڵ تەندەرەکەی فرۆشتۆتەوە بە کەسێك مانگانە بە سی و پێنج هەزار دۆلار ئەویش لەو ماوە تاوەکو ئێستا پێنج ملیۆن و چل هەزار دۆلاری وەرگرتووە، کە ئەمانە بە قەراری ئیداری زۆر بەصیت بەرێزت دەتوانی ئەوەی پێبکەی، هەروەها خواردنی دانە غاز، خورمەڵە، کە بۆ هەر کەسێك لەو دوو کەمپە کە بۆ خۆت دەزانی زیاتر لە سێ هەزار کارمەندیان هەیە، بیست و سێ دۆلاری بۆ دابین کراوە، لەو خواردنە باشتر دەتوانرێت بە دە دۆلار تێپەرێنرێت، ئەمەش بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لەو عەقدە بکرێت، دوانزدە ساڵ لەسەر یەك بۆ یەك مقاول دەرچووە، لە کاتێکدا دەکرێت ئەم شتە بەصیتانە ئێمە شتی زۆر قورس ناڵێین کە لەتوانای بەڕێزتان نییە، داواکاریەك ناکەین، مراجعی عقودات دەزانین، کاتی ئێوە شتی تەکنیکی ئیلتیزامی بۆ سەر ئیقلیم ئیلتیزامی وڵاتە بیانییەکان ئەمانە قورسن، بەڵام باوڕت هەبێت ئەوەی من بە جەنابت دەڵێم ئەگەر دەسەبار بین بە دروستکردنی نەك لێژنە کە نوێنەری بەرێزتان لە سامانە سروشتییەکان هەیە، هەموو ساڵێك لە تازەکردنەوەی عەقدەکان دادەنیشێت بەبێ ئەوەی ئیمێل بۆ شەریکاتەکانی تر بڕوات دەدرێتە یەك شەریکە، یەعنی بەراستی ئەمە غەدرە هەم لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لەو ناوچەیەش دەکرێت کە جەنابت دەزانی ناوچەی چەمچەماڵ ناوچەیەکە کە زیاتر لە دوو سەد هەزار دانیشتوانی هەیە لە ئێستادا کێشەکەی تەنها بە سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار کێشەی ئاو چارەسەر دەبێت، چارەسەر نەکراوە، یەعنی هەر نەوتمان لێ دەبەن تۆزەك ئاوەکەمان بدەنێ! ئەمە بۆ جەنابت بەراستی گرینگە، خاڵیکی تر بۆ بەڕێز (د، اومید صباح) پێی بڵێم بارودۆخی زیندانیەکان زۆر زۆر خراپە، ئەکرێت بەڕێزتان دەزانم حکومەتی هەرێمی کوردستان پارە و بودجەیەکی باشی بۆ زیندانیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی خواردنێکی شایستە و ژیانێکیان هەبێت لایەنی کەم لەگەڵ بنەماکانی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ بگونجێت کە عێراق ئەندامە تیایدا، بەڵام بەداخەوە ئەگەر بچینە ئەوەێ بارودۆخی زیندانیەکان لەرووی خواردنەوەخراپە، سەبەبەکەشی بۆ بۆ بەڕێزت روون دەکەمەوە لەبەر ئەوەی تەندەری یەك چاکسازی کە دراوە بە بەڵێندەرێك بیست و حەوت دەفتەر بەرتیلی

لێوەرگیراوە بە بەڵکەش پێت دەڵێم لەکوێ لێی وەرگیراوە؟ کێشە ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەرچووە؟ ئەگەر ئێمە ئەو شتە بەصیتانە لێرە و لەوێ چاك بکەین من دڵنیام ئێستا سندوقی شێرپەنجە پارەی تێدا دەبوو، ئەویش مشکیلەمان نەدەبوو، بۆیە سوپاستان دەکەم هیوادارین هاوکاری یەکبین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو گرفتە بەصیتانە پێکەوە چارەسەر بکەین، بتوانین بارو ژیانی گوزەرانی خەڵك چاك بکەین، لە شتە قورسەکان بگەڕێن، بەس شتە بچوکەکان چارەسەر بکەین، دڵنیام داهاتێکی باش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (جنان)، فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، بەراستی ئاشکرا بوو لای هەموومان ئەم قەیرانە هۆیەکانی چیە، قاچاغییە لە خاڵە سنوورییەکانە، داهاتەکە لە یەك سندوق نەیەتن، سێیەمیش ئەو هێزەیەکە پێکهێنراو ئیشی خۆی ناکات لەبەر چەند هۆیەك، لێرە دەبی بەراستی بەڕای من دەبی هەموومان یەك هەڵوێست و یەك ئیرادە و یەك قەراری سیاسی موەحەدمان هەبی، دەتوانین ئەو مەشاکیل و ئەو قەیرانانە حەلی بکەین و ئەو موشکیلەی مووچە و پاشەکەوت و ئەوانەش پێویستە لە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان ئەمە هەموومان بەبێ جیاوازی یەك هەڵوێستمان هەبی جەختمان هەبی لەسەر ئەحزابە سیاسییەکان، لەسەر حکومەت بە هەموو ئەحزابەکان ئەوەیە ئەو قەیرانە حەلی بکەن، دەبێت ئەو هەڵوێستەش بەراستی ئەمە بەکاری بێنین، ئەمە جەختیش بکەین لەسەر حکومەتی بەغدا ئەو شایستە داراییە کە دەستوورییەن مافی ئێمەیە مەفروزە هەموو مانگ بنێردرێت، بۆ چارەسەر کردنی بڕەك لەو کێشانەی، پرسیارەکانی ئێمە من دوو پرسیار لەبۆ جەنابی وەزیری دارایی، چاریش لەبۆ جەنابی وەزیری سامانە سروشتییەکان، بەڕێز وەزیری دارایی موشکیلەکمان هەیە ئەمە نوێنەری خەلکین ئەمە دەبی مەسجی خەڵکی بنێرین بۆ جیهەتی تەنفیزی، هەموو دەپرسن بۆچی فەرمانگەی زەریبە بەس لە عەنکاوە هەیە؟ بەبێ جیاواز لە شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستان نییە، بۆ بەس لە عەنکاوە هەیە؟ بۆ ڕێژەی زەریبە و رسومات لە عەنکاوە زیاترە لە هەموو جێیەك؟ دەپرسن ئایا تەقاعود بۆ جیاوازی هەیە لە مابەینی ئێرە و بەغدا؟ ئایا پلانتان هەیە قانون تەقاعود و موەحەد دەربینن مووچەی ئێرە و بەغدا یەك بی؟ لەبەر ئەوەی لە بەغدا هەژدە مانگ موکافەئەی وەردەگری لێرە شەش مانگ کابرا تەقاعودی دەردەچی وەردەگری، بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان ئایا وەزارەت چ پلانەکی هەیە بۆ دابەزاندنی خەرجی کەرتی نەوت و غاز؟ ئایا لایەنی سکویرتی لە لایەنی کەرتی تایبەت بەڕێوە دەبردرێت داهاتەکەی بۆ ئەوانە؟ ئایا هەلی کار بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت لە سێکتەری نەوت و غاز ڕێژەی کرێکارانی ناوخۆ لەم سێکتەرە چەند لە سەدە؟ ئایا پلان هەیە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پرۆژەیەك دابنێت بۆ ئەو غازەی کە فلێری بیر و مصافی دەردەچێت ئەگەر (ما محطاطي عزل استخلاص) ئەگەر بیکەینە غازی باش غازی (حلو) پێ دەرێن بۆ پرۆژەکانی تەولیدی کارەبا بەوە خەرجیەکانی حکومەت کەم دەبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (ابوبكر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

درێژەکێشانی ئەم جەلسەیە پەیوەندی بە بەڕێزتانەوە هەبوو، بۆ ئەم بڕگەیە شەشە تەوەرتان داناوە، لە شامەوە بۆ شیراز، چۆنییەتی پڕکردنەوەی کورتهێنانی بوودجە، کاری جێ بەجێ نەبوونی یاسای چاکسازی، یاسای بوودجەی عێراق، کەم و کوری خاڵی سنوور، داهاتی نەوت، داهاتی ناوخۆ، ئەکرا بەس ناوی بابەتی لێبڕینی مووچە بوایە و ئەوەنە درێژەشی نەدەکێشا، دووەم من لە تیمی حکومەت دەپرسم بەڕێزت فەرموت ئەوان راوێژی خۆیان کردووە، کۆبوونەوەی خۆیان کردووە، ئایا ئێوە بە چ بڕیارێکەوە هاتوون؟ زمانی جەستەتان ئەوەمان پێدەڵێت کە ئێوە نیازی لابردنی لێبڕن و خۆگونجاندنی مووچەتان نییە، ئایا ئەگەر ئەمڕۆ ئەم بڕیارە تەشریعە دەربچێت ئایا ئێوە جێبەجێی دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان بدەنەوە، دووەم كاك (اوميد صباح) ئێوە لە (٢٠٢٠/٣/٢٢)، (٢٠٢٠/٣/٢٤)، (٥/٢١/ ٢٠٢٠) کۆمەڵێك بڕیارتان دەرکردووە تایبەت بە پێداچوونەوە بە بڕیار و رێنماییەکانی لێبوردنی گومرگی، تایبەت بە گرێبەستی خزمەتگوزاری خاڵە سنوورییەکان، تایبەت بە دیراسەتکردنی بارودۆخی سەرجەم خاڵە سنوورییەکان، تایبەت بە کۆمپانیاکانی ئاسایشی نەوت، کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێت، مەعقولە نیوەی خەڵکی کوردستان قەرزاری کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێتە و ئەوان باج نادەن! ئەمە لەکوێی وڵاتانی دونیا هەبووە؟ بەڕێز وەزیری دارایی كاك (خالد) هیوادارم ئەم پەیامەی منی پێبگەیەنێت، تۆ پێشمەرگەی هەکاریت، لە شاخی کێلە شین لەناو بەفردا بە موعجیزە دەربازت بوو، وەزارەتەکەی تۆ وەزارەتی پارە دابەشکردنی یان وەزارەتی دارایی؟ ئایا هەموو داهاتەکانی حکومەت دێتەوە بۆ وەزارەتەکەی تۆ؟ ئەگەر نایێتەوە بۆ ئەم حەقیقە و راستیانە ناڵێی! تۆ بەتەمای چیت؟ لای هەندێ هەقاڵا و لە هەندێك مەجلیسی دۆستانەتا وتوتە دەچم حەقیقەتەکان دەڵێم، کێ رێگرە؟ چ حیزبێك؟ بۆ نایڵێی ئەو داهاتە نایێتەوە بەردەستی تۆ؟.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من سێ کۆمێنتی سێ هاووڵاتیت بۆ دەخوێنمەوە لە دانیشتنی ئەمڕۆ، ئێمە ماندوو بووین بە دەست حکومەتەوە! هەندێك وەزیر وەڵاممان ناداتەوە، وەزیری تیایە لەم مەجلیسەدا من حەز ناکەم ناوی کەس بێنم بیشکێنم، جوابی تەلەفۆن ناداتەوە، دەڵێم من (ابوبكر هەڵەدنی)م نامەکە دەبینێت، بە (**Whatsapp**) دەیبینێ، بە (**Viber**) دەیبینێ جواب ناداتەوە، وەزیر هەیە لێرە دانیشتووە، ناوی هەموو وەزیرەکانی پێ دەڵێم کە جواب نادەنەوە، بە هەر حاڵ، گوێ لەم هاووڵاتییە بگرە دەڵێ لەو کاتەوەی ئێوە باسی لێبڕین و مووچە و چاکسازی دەکەن بیست و حەوت هەزار هاووڵاتی رۆیشتووە، بیست و حەوت هەزار گەنج، بە قەدەر دوو کورسی پەرلەمان.

دووەم دەڵی هەموو ئیبداعی ئەمڕۆی پەرلەمان ئەوەبوو لێبڕین و پاشەکەوت و خۆگونجاندنی مووچەی گۆڕیوە بۆ چۆنیەتی بڕکردنەوەی کورتهێنانی بوودجە، سێیەمیان دەڵێ سوودی ئەم دانیشتنە چییە جگە لە قسەی سواو، فیعلەن هەموومان قسە دەکەین، دڵنیام کۆتایی ئەم

مەجلیسەش بە بڕیاری تەشریعییەوە دەرناچین، چونکە ئەم بەڕێزانەی ئەنجومەنی وەزیران کە هەڤاڵ و هاوڕێمانن بەو بڕیارەوە نەهاتوون کە کۆتایی بەم مەسئەلەیە بهێنرێت.
خاڵێکی تر ئەوەیە لە راستیا کە ئێمە لە (٢٠١٤)ەوە تاوەکو ئێستا بە قسەی کاك (حازم گۆران) چل هەزار کەس خانەنشین بووە، ئەم ساڵیش لە دایك بوانی ساڵی (١٩٥٨) خانەنشین دەبن پێنج هەزاری تر، ئایا بۆ لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا خەڵك دانەمەزراوە؟ ئەم رۆژە کە خانەنشین دەبێت بۆ نایەن وەکو هاوڕێیان وتیان دەرچوانی سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ئەوانی تریش دابمەزرێنن؟ وانە بێژەکان گرێبەستەکان، (د.احمد انور) قسەیەکی جوانی هەیە سەرۆکی دەستەی دەست پاکی دەڵێ ئەگەر هەموو هەرێمی کوردستان هەر شەش ملیۆن کەسەکە ببن بە دەستەی دەست پاکی فریای گەندەڵی ناکەوین، بۆ فریا ناکەوین؟ چونکە ئیرادە نییە، ئەم حکومەتەش ئیرادەی نییە، ئەم کابینەیەش ئیرادەی نییە، (د. عبدالحکیم خەسرەو) معاشەکەمان چاك حەڵاڵ کردووە برای خۆم، بەخوا هەردوو راپۆرتەکەی تۆم لەبەرە! ئێستا دەچینە ئەو دیو امتحانم بکە هەمووم لەبەر کردووە، هەر هەموو، راپۆرتەکەی ئێوە جگە لە دەرکردنی رێنمایی هیچی کە، هەر دەڵێ وا ئەکەین، وا ئەکەین، تێبینی لەسەرە، یەڵە ناوی سەد کەسم پێبڵێ، سەد بندیوارم پێ بڵێ بڕیبێتتان؟ سەد دوو مووچەم پێ بڵێ بڕیبێتتان؟ لەبەر ئەوە خۆشەویستان حکومەت و پەرلەمان ئێمە لە دوو جەبهەیا نین بەرامبەر بە یەکتر، ئەگەر لەم جەلسەیە دەرچین دڵی خەڵك خۆش بکەین، ئاهێك بەبەری ئەو گەنجە خێر لەخۆنەدیوانەدا بهێنینەوە، بەخوا گەرمیان هەیە لە صمود ئەوە کاك (رزگار) دەزانێ تاقانەی ئەنفالە (شیرین) خانیش دەیناسێ، بە تاقی تەنێ دەرچووە، رەسمی پرۆفایلەکەی کردووە بە صەدام حسینی گۆڕ بە گۆڕ، دەسەڵاتی کوردی تەریق نابێتەوە! عائلە دەناسم لە رانیە ئەو زێدەی کاك (یاسین) باسی دەکات، پێنج شەهیدی سەنگەری هەیە، کوڕی ئامر کەرت، ئامر مەفرەزەی حەفتاکان و هەشتاکان، دەڵێ چووم شەقم لە کێلی شەهیدەکانم هەڵداوە! بۆ کاکە؟ ئیرادە هەبێ بۆ چاکسازی، ئیرادە نەبێت بۆ چاکسازی بە دڵنیاییەوە ئەم ئەزمونەش بەراستی لە لێواری لێکترازانە، ئەخیر قسەم ئەوەیە بۆ ئێمە ئەم لێبڕینە بەردەوامە؟ لەبەر ئەوەی ئێوە نە چاکسازی دەکەن، نە قاچاغچیەتی خاڵە سنووریەکان دەیبڕن، نە هەموو داهاتەکانیش دێتەوە بۆ حکومەت، تەنانەت هەموو ئەو کوردستانە من بیرۆکەیەکیشم هەیە پێشکەش بە ئێوەی دەکەم پەنجا ساڵی تر هەرێمی کوردستان بووە بە موڵکی عەرەب، نۆ سەد و بیست و هەشت هەزار ئاوارە لێرەیە، سەرۆکی حکومەت دەڵێ تێچوونەکەیان ساڵانە هەشت سەد و شەست و نۆ ملیۆن دۆلارە، بۆ کارێك ناکەن ئەمانە بگەرێتەوە؟ بۆ تەنها بەرپرسەکانی حکومەت ئەوانەی گوند و ڤێلاکانیان هەیە تەنها خەمی پڕکردنی گیرفانەکانیانە؟ بۆ ئەم یەکانەی نیشتەجێبوون هاووڵاتییەکی کەم دەرامەت و مووچە خۆرێکی قوربەسەر کە (١٢) ساڵە زەوی وەرنەگرتووە ئەوانە ناتوانن سوودمەند بن لێی؟ قسەی تر زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەوەی بیهێڵمەوە بۆ کاتی هاوڕیکانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سیروان)، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو چەند سعاتەی کە دانیشتووین لێرە، وەفدی حکومەتی هەرێمیش لێرەن، ئێمە هەمووومان خەمەکە وا کۆیکردوینەتەوە ئومێدیشمان وایە و خەڵکیش لە دەرەوە ئومێدی وایە کە بە یاسایەکی تەشریعی ئەو یاسایە یا ئەو بڕیارە نایاساییە هەڵبوەشێنینەوە کە لێبڕینی مووچەیە، هیواداریشم ئەو مافە بگەڕێتەوە، کە بەسیتترین مافە کە لەناو ئەم پەرلەمانە بەڕێزەدا بگەڕێتەوە، کات زانستی ناوێت خۆ علمێکی گەورەی ناوێت کە بزانی ئەم وڵاتە هاووڵاتیەکانی لە دۆزەخدا دەژین، بەوەیا بزانین کە ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین هیچ خزمەتگوزارییەك نییە، شەقامەکان و ڕێگا و بانەکان هەموو ئەو وەزیرە بەڕێزانە، هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە، هەموو ئەو هاووڵاتییانەی ئەوانەی لە سلێمانییەوە بێن بۆ هەولێر دەزانن جادەیەکمان نییە شایستەی ژیانبێت تیایا، ژیان بە مانای مردن و ژیان، ئێمە هەمووومان دەبێت بزانین کە سیستەمی تەندروستی لەبەر گەندەڵی و لەبەر قۆرغکاری، لەبەر فرۆشتنی قاچاغی دەرمانی خراپ کەس ئومێدێك و هیوا و کەس بڕوای بە دکتۆرەکان نەماوە، نازانم ئێوە بینیتان یان نا من بۆخۆم لەگەڵ پیشمەرگەیەکدا بۆ دوو منداڵی کەم ئەندامی صواڵم کرد! خوا عالیمە سواڵمان کرد چەند ڕۆژێك! بەس بۆ ئەوەی پارەیەکی پێبێت بۆ ئەوەی رابکات، پاش بیست و سێ ساڵ لە وڵاتی غەریبی هاتمەوە وتم ڕەنگە لەگەڵ هەندیك هاوڕێدا فێرببێتین شتێك بخەینە سەر خەرواری ئەو ژیانە ناخۆشەی ئێرە، ئێستا بەدڵی لەرزییەوە دەڵێن خوا عالیمە ئەگەر بمرین ڕەنگە لەو دونیا محاسەبەمان نەکەن بڵێن ئێوە لە دۆزەخەوە هاتوونەتە ئەم شوێنە، ئەگەر سەیرێکی هەندێك داتا هەیە نرخی یەدەگی نەوتی جیهانی لە عالەمدا هەشتا و یەك ترلیۆن و حەوسەد ملیار بەرمیل نەوتە، ئەم کوردستانە داماوەی خۆمان پەنجا ملیارد بەرمیل نەوتی خەملێنراوی هەیە، ئەو هەشتا و یەك ترلیۆنە بای چل و حەوت ترلیۆن دۆلارە، ئەمەی کوردستان ئەگەر هەمووی دەربێنن بە یەکجار بیفرۆشن نەجاتمان بێت ڕێك بای سێ سەد و پەنجا ملیار دۆلارە، یەعنی هەر هاووڵاتییەکی کورد لە دە ساڵی تردا لەو نەوتەی کە ئێستا ئەڕوات و ئەڕوات کەس نازانێن چی لێئەکەین هەر هاووڵاتییەکی کورد لەو نەوتە سێ سەد و نەود و یەك هەزار دۆلاری بەردەکەوێت، هەر هاووڵاتییەکی کورد خاوەنی سێ سەد و نەوەد و یەك هەزار دۆلار! ئەوە داتاکەیە، هەر هاووڵاتیەك لە کوردستان، بە تورکمان و عەرەب و هەر کەسێك کە لێرە دەژی، دوبەی دوای ئەوەی کە بە نەوت بوو بە دوبەی ئێستا لە کەیەکەوە نەوت نافرۆشێت، ئێستا هیچ نەوت دەرناهێنن، ئێمە باسی نەوت دەکەین، باسی فرۆشی نەوت دەکەین، باسی ئەوە ناکەین لە حاصڵاتی نەوت چیتر دەردەچێت، خەڵك لە نەوت تایە دروست دەکاتە خەڵك لە نەوت نازانم چی دروست دەکات، ئێمە بە باسی ئەو بەرمیلە نەوتە دەکەین، ئەوانی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەفدە بەڕێزەکەی حکومەت، ئەمڕۆ سەنگی مەحەك ئەوەیە کە ئێمە بەرپرساریەتیمان لە ملدایە، لەسەر شاندایە، ئێمە بەرەوڕووی ئەو خەڵکە دەبینەوە، ئەو خەڵکەش حەقی خۆیانە یەخەمان دەگرن، بە کورتی و بە کوردی من هەندێك خاڵ دەڵێم یەعنی خۆکوشتن لەم وڵاتە لە ستاندارتی جیهانیدا لە سوید لەبەر ئەوەی ژیانێکی سارد و کەئابەیە خۆکوشتن زۆر زۆرە بەس لەوێ ئیحصائیات هەیە ئەگەر باسی بکەین، ئەگەر یەکێك بێت بە

ویژدانەوە ئیحصایات بکات لە کوردستان خۆکوشتن، کوشتن لەسەر ناموس، منداڵ کوشتن، تەعزیبدان، خراپ بەکارهێنانی خێزان، ئەمانە هەمووی مایەی ئەوەیە کە خەڵك مووچەی نییە، دوێنێ لەگەڵ فەرماندەیەکی پێشمەرگەدا قسەم کردووە من وام دەزانی (١٣) رۆژ دەوام دەکات ئەوەی تری لە ماڵەوەیە دەڵێ وەڵا (٢٧) بە (٣) رۆژە! یەعنی پێشمەرگە بە (٢٧) رۆژ کاك دانێ (٢٣) رۆژە، یەعنی پێشمەرگەیەك لە جەبهەیـیە لە رەبایەیەکدا (٢٧) رۆژ دەوام دەکات (٣) رۆژ دەگەرێتەوە لای ماڵ و منداڵەکەی ئەو (٣) رۆژە مووچەکەشی پێ نییە، ئێستا کە ئێمە باسی مووچە دەکەین باسی هەموو خەصڵەتەکانی ژیان، باسی هەموو سێکتەرەکانی ژیان دەکەین، لەم وڵاتەدا نە دامەزراندن هەیە، ئەوە کاك (یاسین) دەڵێ کورەکەم گوتویەتی جا منیش خۆ بخوێنم تەعین ناکرێم، نە دامەزراندن هەیە، نە خانەنشینی هەیە، نە جێگۆرکێ هەیە، کاك (ابوبکر) دەڵێ وەزیر جواب ناداتەوە، وەڵاهی ئەو (سیروان)ە پەرلەمانتارم نامەم ناردووە بۆ مودیرێك لە سلێمانی دەڵێم گەندەڵی کراوە، دزی کراوە نیو ملیۆن دینار دزی کراوە سەیری کردووە جواب ناداتەوە! ئێستا چی بکەین یەعنی! ئێستا ئەوەیە ئێمە داوا لە جەنابت دەکەین داوا لە پەرلەمانی بەرێز دەکەین هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی ئێستا بەس بزانین کێیە دەڵێ ئەو لێبرینە یاساییە، هەمووی دەڵێ نایاساییە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بەدواداچونی چەند جارەکیم کردووە بەنداوێکمان هەیە لە دوکان بەنداوی دوکان وێستگەی کارەبای تێدایە، ئایا بەرێزەکان کەس دەزانێ بەنداوی وێستگەی کارەبای دوکان یەك دیناری بۆ ناچێتە ناوەوە! کەس نازانێ ئەو پارەیە بۆ کوێ دەچێت!.

من لێرەوە داوا دەکەم هەر بەرێوەبەرەکەی بانگ بکەن خۆی دەڵێ ئەی هاوار ئەم کارەبایە سەروەتێکی نیشتمانییە، لە زەمانی مەلیکەوە دروست کراوە یەك دیناری ناچێتە ناو بەشی حکومەت، هەر ئەرواتە ئەچێتە گیرفانی کێ کەس نازانێ ئایا هەیە، یان نییە، یەعنی سەرەرۆییەکە لەم وڵاتەدا، بەڵێ ئەوە بە نامە نوسیومە داومە بە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بتان داتێ، یەعنی تێکەڵبونێك هەیە لەم وڵاتەدا ئەو سەری دیار نییە، ئێستا ئێمە ئەگەر باسی ئەوە بکەین کە کێشەکانی ئەم وڵاتە چییە؟ کێشەی خوێندنە، کێشەی تەندروستییە، کێشەی سامانە سروشتییەکان، کێشەی ئاوە، گەرەکێك هەیە لە سلێمانی ناوی خەلیفاوەیە هەزاران خەڵکی تێدایە وەڵاهی دور لە رووی ئەم مەجلیس پیسایی پیا ئەڕوا! پیسایی بە ژووری میوانەکانیاندا دەڕوا، بوودجەی بۆ دەرچووە شارەوانی سلێمانی پارەکەی دەستگیرکراوە، پارێزگار هەموو بەرپرسەکان بوودجە یەك سندوقە دروست دەکرێت بە نیو ملیار دینار، نیو ملیار دینار نەسریەی یەك وەزارەت نییە بۆ هەفتەیەکە هی چەنێکە، یەعنی هەزاران خەڵك لەناو پیساییا دەژی ئەمە چییە ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین نەوتمان لە ژێردایە، ئەمە چییە ئێمە لە وڵاتیکدا دەژین ناوێرین قسە بکەین، یەعنی من دەچم لایقێك دەکەمەوە خەڵکەکە دەڵێ کاك (سیروان) بە قوربان با ماڵەکەم دەرنەچێت ئاسایش دێ ماڵەکەم دەروخێنێت، ماڵەکە رووخاوە، ئێستا ئەم ژیانە کولەمەرگییە، ئەم عەزابە ئەوە ئەهێنێ ئێمە ئاوا بکەین بۆی؟ ئینجا لە کوێی بینین لەکوێی بەرین هەموو ئەو فراکسیۆنە بەرێزانە و هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەرێزانە کۆکین لەسەر ئەوەی کە حکومەت پارەی هەیە، من با ئاخیر شت بیسەلمێنم بۆچی حکومەت پارەی هەیە.

بەڕێز وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچی نەکردووە دانیشتووە لە ماڵی خۆی خەوتووە، بەیانی هەستاوە عێراق بڕیارێکی دەرکردووە دۆلاری لە (١١٨٠٠) ەوە کردووە بە (١٥٠) لە وێدا سەد و نەوت ملیار دیناری مانگانە قازانجە لە فرۆشی نەوت و دۆلار ئەوە هیچ، لە ئەنجامی لێبڕینی مووچە (٢١%) وە (٥٠%) لە پلە باڵاکان و ئێمە سەد و حەفتا ملیۆن دۆلاری قازانج کردووە، حیسابی دەکەین کاك (ئاوات) چ قەیدی دەکا، حاسیبەیە و حیسابی دەکەین، چۆن وا نییە، من حیسابم کردووە هەمووتان دەخەمە بەر دەست، لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت و ئەوانە ترلیۆنێك و چوار سەد هەزار دینار دێتە ناو خەزێنەی حکومەتەوە، ئێوە حەوت سەد بۆ هەشت سەد هەزارتان پێویستە کەواتە شەش سەد بۆ حەوت ترلیۆن زیادەیە چی لێهاتووە؟ من پرسیارەکەم وا لێدەکەم بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان کە جەنابت دەستت بەکار بوو ئێمە خۆمان ئەو گرێبەستەی بەینی کوردستان و تورکیامان نەبینیوە بۆ (٥٠) ساڵ ئایا بەڕێزن بینیوتە؟ ئەو پرسیارەم دەمەوێت جواب بدەیتەوە، ئەو گرێبەستەی لە نێوان تورکیا و کوردستانە (٥٠) ساڵە، (١٥) ساڵی ئایا چەندە بەڕێزتان بینیوتانە؟ پرسیارێکی تریشم بۆ وەفدی بەڕێز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا مێشکمان چوو بەدەست ئەوەی کە کێ پاڵەوانە و کێ پاڵەوان نییە لەوەی کە بوودجەی عێراق و (٢٠٠) ملیارەکە هاتوو ئەم لاو ئەو لا، ئێستا پاڵەوانەکان دیارن، پاڵەوانەکان زۆرن کەسیش ناوێرێت قسەیان لەگەڵدا بکا، هەموویان زەلامی باڵا بەرزن، ئێستا پێمان بڵێن کێ بەرپرسە کە ئەو پارەیە نایەت؟ ئایا ئەوە هی ئەوەیە کە ئێمە نهێنیمان نییە هەموو دەوڵەتێك لە دونیادا سڕی هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەرچی دەوڵەت هەیە، ئەو عێراقە، ئەوە سوریایە تێکچووە سڕی هەیە، ئەم وڵاتەی ئێمە سڕی نییە، دوو کەس دەچن کۆبونەویەك دەکەن هەردوکیان یەنە دەرەوە کێ پەلاماری مایکەکە بدات لیمان تیکبچێت، من دەمەوێت ئەوە بپرسم بزانم ئایا بۆ ئەو وڵاتەی ئێمە، ئەم هەرێمەی ئێمە بۆ سڕی نییە؟ یەعنی چییە هەموو شتێکمان دەبێت لە عەلەنا بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.هەورامان)، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمه شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە راستیدا قسە زۆر کران، تێبینی و داتاکانیش زۆر باسکران، ئەم بڕگەیە بڕگەی چوارەم کە لوب و کاکڵی دانیشتنەکەی ئێمە وە داخوازییەکەی ئێمە بۆ ئەمە بوو بەراستی، چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچە دەبوایە ئاوا نەبوای، ئێمە یاداشتمان بۆ ئەوە نەدا، یاداشتمان دا بۆ چۆنیەتی بۆ نەهێلانی وە کۆتایی پێهێنانی ئەو بڕیارەی کە هەموو لایەکمان بە ستەمی ئەزانین وە پاساوی نییە، پاساوی نەماوە، کە لێبڕینی مووچەیە، هۆکارەکانی جێبەجێ نەبوونی یاسای چاکسازی بەراستی ئەوەیە کە حکومەت تاوەکو ئێستاش وێڕای یاساکە دەرچووە هێشتا نایەوێت چاکسازی بکات، هۆکارەکەی ئەمەیە کە نایەوێت چاکسازی بکات، ئەگینا من خۆم قەناعەتم وایە کە چاکسازی بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژێك و بە پێنج مانگ و شەش مانگ و ساڵ و

ئەوانە تەواو نابێت، چاكسازی قۆناغی هەیە، كۆمەڵێك قۆناغ و كۆمەڵێك پلە بەندی هەیە، بەس دەبوو ئێستا دوای ساڵێك و دوای دەرچوونی ئەم یاسایە كەمێك لە بەروبومی ئەم چاكسازیەمان هەر ببینیایە، ئێمە ئەو كاتە كە ئەو یاسایەمان دەرچوواند لە خولی پێشوشدا كارمان زۆر لەسەر كردووبوو بۆ تەحقیقكردنی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (تأخذ من أغنياء هم فترب علي فقراء هم) لە دەوڵەمەندەكان وەرگیرێتەوە بدرێتەوە بە فەقیرەكان، بەڵام ئەوەمان بەراستی نەبینیوە لە چاكسازی، بەداخەوە! كەم وكوڕی خاڵە سنوورییەكان هەر وەك خۆی وایە، ئەوەی كە باسكرا، ئەوەی كە كۆمەڵێك برای بەڕێز خستیانە روو بەتایبەت برای بەڕێز كاك (علی حمه صالح) كە زۆر بە مفەصەڵی باسی كرد، هەر وەكو خۆیەتی، داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ بە پێچەوانەكەوە داهاتی نەوت دیارە كە نەوت گران بووە، بووە بە دۆلار، دۆلاریش لەولاوە بەرزتر بۆتەوە، داهاتی ناوخۆ زیادی كردووە، بەراستی ئەوەی من دەمەوێت بە كورتی زۆر بە گوشراوی ئەوە بڵێم كە ئایا ئێوەی بەڕێز كە نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانن، نوێنەری حكومەتن هەر فعلەن ئەم حكومەتە ئەیەوێت حكومەتداری بكات، ئەگەر دەیەوێت حكومەتداری بكات ئەوە بەراستی بە حەلوا حەلوا دەم شیرین نابێت، پاش سی ساڵ ئێستا تۆ ناتوانی، ئێستا ئێمە دانیشتوین لە جێی ئەوەی مناقەشە بكەین لەسەر ئەوەی كە ئەم وڵاتە چۆن پێشخەین، چۆن خەدەمات پێشكەش بكەین، چۆن ئەوەی لە وڵاتان هەیە لە وڵاتی ئێمەشدا بەلایەنی كەمەوە بێت، تازە مناقەشەی ئەوە دەكەین كە حكومەت مووچەی وەكو خۆی پێنادرێت، كە دەبو مانقەشە و بابەتەكە لەسەر شتی تر بوایە، دوای سی ساڵ ئێستا باسی ئەوە دەكرێت، بەراستی فیعلەن ئەگەر حكومەت دەیەوێت حكومەتداری بكات (ترجي نجاة ولم تسلك نساليكها ان سفينة لاتجري علي اليبس) كەشتی بەسەر وشكانیا ناڕوان كەشتی لەناو دەریادا دەڕوات موسەبەباتی خۆی هەیە بەراستی، خاڵی زۆر كورتكراوە و گوشراو ئەوەیە من خۆم قەناعەتم وایە ئێوەی بەڕێز ئەمڕۆ ناتانەوێت بابەتی كۆتایی هێنان بە لێبڕینی مووچە بخرێتە دەنگدانەوە و بڕیاری تەشریعی بۆ دەرچێت، بۆ؟ لەبەر ئەوە ئەگەر بتانویستایە حكومەت بیویستایە ئەو بڕیارە دەربكات نەیدەهێنایە پەرلەمان، لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارەكەی دەردەكردوو، چاكەكەی بۆ خۆ دەهێشتەوە بەراستی، نەك بیهێنێتە بەردەم نوێنەرانی گەل و لەوێ بڕیارەكە دەربكات، من ئەوە قەناعەتمە، نەتیجەكەشی دەبینین، یارەبی خوایە ئەو قەناعەتەی من وا نەبێت ئەمڕۆ پێچەوانەكەی بێت، بەڵام ئێمەش نوێنەری گەلین، ئێوەش نوێنەری ئەو حكومەتەن، ئێمەش نوێنەری ئەو گەلەین، ئەمڕۆ خەڵك هەموو چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەكات بە ئێمە و بە ئێوەوە (ادخال سروری فی قلوبهم) تۆزێك خۆشی بخەینە دڵ و دەرونیانەوە، خەڵك هەمووی ئاوها چاوەڕوان دەكات ئەم پەرلەمانە ئەم شەو كە جەلسەكە كۆتایی پێبێت بەوە كۆتایی پێبێت كە ئەم لێبڕینە كۆتایی پێ بێ و نەمێنێت، لەبەر ئەوە ئێمە قەناعەتمان وایە، گەل قەناعەتی وایە كە پاساوەكەی نەماوە بەراستی، پاساوی ئەم لێبڕینی مووچەیە نەماوە، ئەم دانیشتنە ئەوەل و كۆتاییەكەی بۆ ئەم بابەتەیە، (والسلام و عليكم).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستییەکەی زۆربەی زۆری پرسیارەکان و ئەو بابەتانەی کە نییەتی ئێمەش بوو باسی بکەین، هاوڕێیانیش باسیان کرد بۆیە من قسەکانم زۆر کورت دەکەمەوە دەبوو سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەتیش ئامادەبونایە لەم جەلسەیە ئەگەر قەرارا وایە ئێمە بڕیارێك بدەین، بەراستی، ئەو قەرارەی کە دراوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ لێبڕینی مووچە، پێشێلکردنی قانوونە، پێشێلکردنی یاسایە، ئێمە وەکو پەرلەمان ئەرکی چاودێریکردن و جێبەجێکردنی قانوونەکان و یاساکان دەکەین، ئەم پێشێلکارییەی زەقەی کە بەرامبەر بە قانوون کراوە چیتر نابێت ئێمە قبوڵی بکەین بەراستی لەم پەرلەمانی کوردستانە، پێویستە بڕیار بدەین، کۆتایی بەو زوڵم و ستەمە بکرێت کە لە مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، من زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (هاوری)، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەرمەبنای راوبۆچونی هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانانەی لە فراکسیۆنە جیاوازەکان من بۆ خۆم قەناعەتم وایە ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە کە ئەو بڕیارە پەرلەمانییە دەربکرێت لە دژی لێبڕینی مووچە، لە هەمان کاتدا پێم وایە ئەگەر بێت و ئەو بڕیارە پەرلەمانییە نەخرێتە دەنگدانەوە تاوانەکەی لە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێت، لەبەر ئەوەی هەم تیمی حکومەت لێرەن، هەم وەزیرە بەڕێزەکان لێرەن، هەم کۆدەنگییەك لەنێو کۆی گشتی فراکسیۆن و پەرلەمانتارەکان هەیە، نەمەتی قسەکردنی پەرلەمانتارەکان دەبینی ئێستا ئەگەر لە پرۆتۆکۆل دەبینی هەم گوێتا لێبووە لە پرۆتۆکۆلیش پێم وایە ئەوە کراوە، دواتریش بۆ بەڕێز وەزیری دارایی چەند پرسیارێك لە راستی رەنگە پرسیارەکان هەندێك دووبارە بن زۆر لە پەرلەمانتارە بەرێزەکان قسەیان لەسەری کردووە، بە هەمیشەیکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست، مامۆستایانی وانەبێژ دەکەن بە گرێبەست یان بە هەمیشەیی؟ سێ یەکەمی زانکۆ و پەیمانگاکان، کارمەندانی تەندروستی پێم وابێت کەمترین قسەی لەسەرکرا، کارمەندانی تەندروستی خۆبەخش کە رێژەکەیان زۆرە لەکۆی گشتی شار و شارۆچکەکان لەهەرێمی کوردستاندا وجودیان هەیە، یەعنی ئەو کارمەندانە ئەو خەڵکانەن لەکاتێك کە بەرپرسەکانمان لە ماڵەوە خۆیان دەشاردەوە، ئەو کات ئەوان چوون خۆبەخش لە نەخۆشخانەکاندا کاریان کردووە لە کاتێکدا کە ڤایرۆسەکە زۆر بەربڵاو بوو، بۆیە هیوادارم ئاوڕیان لێبدرێتەوە لەلایەن حکومەتەوە، هەر دیسان بۆ بەڕێز وەزیری دارایی ئێمە بەدواداچوونێکی وردمان کردبوو لە گەرمیان لە چەمچەماڵ لە دەربەندیخان لە کەلار لە کفری، ناحیەی رزگاری، سەر قەڵاو، ناحیەی سەنگاو، ناحیەکانی دەوروبەر، راستی لە کۆی گشتی ئەو پێداویستیانەی بۆ ئەو ناوچانە کە راستی من بە نووسراوێکیش ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانم کردووە، دیسانیش هەر ئەمەش پەیوەستە بە وەزیری داراییەوە لەبەر ئەوەی قاصەکە لەلای بەڕیزیانە، نزیکەی سەد و هەشتا

ملیۆن دۆلار کۆی کولفەی تێچووی ئەو پـرۆژە زۆر زۆر گرینگـانە ئەوانەی کە شـتی هەنـوکەیین بتوانین بە شێوازێکی ئینقازی تەماشای بکەین لە ناوچەی گەرمیان ئەوەندەی تێدەچێت، راسـتی بۆ هەوڵ نادەن ئەو مەبلەغە پارە سەرف بکەن؟ لە کاتێکـدا هەموومـان دەزانـین گەرمیـان چەنـد قوربـانی داوە، چەنـد خـاوەن تەصحیەن، بـۆ بەڕیـز (د.ڤـالا) هەمـواری یاسـای وەبەرهێنـان لە ماوەکانی پێشوو دیسان لەگەڵ بەڕێزت دانیشتین ئێمە وەکـو سـەرۆکایەتی لیـژنەی وەبەرهێنـان گەیشتۆتە چی؟ ناکۆکیەکان لەنێـوان دەسـتەی وەبەرهێنـان و وەزارەتەکـان چییە؟ ئەگەر بۆمـان روون بکەیتەوە سوپاست دەکەین، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە سـێکتەرە گرینگەکـان لە وەبەرهێنـان، ئەگەر حکومەت بە بەرنامە و پلان کاری لەسەر بکات دەتوانین بڵـێین حکـومەتەکی بچـوککراوەیە لەنـاو حکومەتـدا، داهـاتێکی باشـیش بـۆ حکـومەت دەگەڕێـتەوە، دیسـان مـن زۆر جـار ئامـاژەی پێدەدەم کە دەڵێم حکومەت ئەو حکومەتە رەشیدەی کە هەمـوو داهاتەکـان لە خـزمەت خەڵـك و هاووڵاتیـان و مووچەخـۆرانە بتـوانێ سـەرف بکـاتەوە، بـۆ کـۆی گشـتی سـتافی حکـومەت ئەم پرسـیارە رەنـگە گشـتی بێـت بەرێزیـان هیـوادارم وا بیریـان نەکـردبێتەوە کە لێبڕینـی مـووچە، مووچەخـۆران پێـی راهـاتوون، ئەگەر وا بیریـان کـردبێتەوە دڵنیـام خـراپ بیریـان کـردۆتەوە و قەنــاعەتم وایە چیــدی مووچەخــۆران لە هەرێمــی کوردســتان ئەم غەدرە نایاســاییەی کە بەرامبەریان دەکرێت لە حکومەتی قبوڵ ناکەن، ئێمە زۆرجـار وتمـان قبـوڵی نـاکەین لە پەرلەمـان بەڵام بەداخەوە ئەو قــوە دەنــگە دیموکراســییەی کە زۆر جــار بابەتەکــان یەکـلا دەکــاتەوە لە ماوەکانی پێشوو نەمـانتوانی ئەوە یەکلا بکـرێتەوە، ئەمـڕۆ قـوە دەنگیـیەکە هەیە لە پەرلەمـانی کوردستان، ئومێد دەکەم سـەرۆکایەتی درێـخی نەکـا و ئەو بـابەتە بخـاتە دەنگـدانەوە، بـۆ بەڕێـز وەزیری سامانە سروشتییەکان راستە من دەنگم بە جەنابیـان نەداوە، بەڵام پرسـیارم لێـی هەیە، چەند پرسیارێکم لە بەڕێزیان هەیە ئایا لەماوەی دەسـتبەکاربونیان توانیویـانە دەسـتی کۆمپانیـا حزبییەکــان لە قــۆرغکردنی ســێکتەری نەوتــی ببــڕن؟ ئیــدی لە دەرهێنــان، لە فرۆشــتن، لە هەنـاردەکردن، لە گرێبەسـتەکان، هەر هەنگاوێکیـان نـاوە بە هەنگـاو دڵخۆشـکەر بێـت بـۆ ئـێمەی پەرلەمانتـار ئەگەر پێمـان بڵێـت سوپاسـی دەکەیـن، خۆشـحالیش دەبـین، ئایـا لە کاتێکـدا نرخـی نەوت بەرز بـۆتەوە دەبێـت داهاتەکـان بەرز بێـتەوە بـۆچی لێبـڕین نەوەسـتاوە؟ دیسـانەوە ئەمە پەیوەندی بە وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەزیری دارایـی و کـۆی گشـتی سـتافی حکـومەت هەیە، رێککەوتننـامەی (٥٠) سـاڵە ئومێـد دەکەم وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان لە ماوەکـانی دەستبەکاربوونی توانیبێت مەلەفێك لەبەردەستیا بێت بـۆ ئـێمەی شـەرح بکـات، ئایـا ئەم مەلەفە بە کوێ گەیشتووە؟ ئایا ئەگەر ئەمە دیسان پرسـیارەکەم لەگەڵ ئەوەی پێشـودا رەبـت دەکەمەوە ئێسـتا نرخـی نەوت زۆر بەرز بـۆتەوە لەچـاو ماوەکـانی پێشـوو کە بە سـەردەمێکی قەیراناوییـا تێپەڕین، ئەگەر داهاتەکان گۆڕانکاری نەکردووە لە نەوتا کەوایە ئەو گومانە پشتراسـت دەکـاتەوە کەوا زۆر جار دەوترا یان دەڵێن نەوتی هەرێمی کوردستان پێش دەرهێنانی فرۆشراوە بە وڵاتێـك لە وڵاتەکـان فرۆشـراوە بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێك، ئەگەر وایە دیسـان ئەوەیە کە وتـم ئەگەر داهاتەکـان فەرقـی نەکـردووە ئەوەمـان بـۆ پشتراسـت دەکـاتەوە، پـێم خۆشـە یەك بەراوردکـاری بکەین لەنێوان ئەو کاتانەی کە نرخی نەوت لە ئاستێکی نزمدابوو وە بۆ ئێستا ئەگەر گریمـانەیەك دابنێین کاتێك نەوت بە (٢٠) دۆلار فرۆشـراوە ئێسـتا بە نـزیکەی (٧٥) دۆلار دەفرۆشـرێت یەعنـی

بەو گۆرانكارییەی كە لە نرخی دۆلار و دراوی عێراقیدا هەیە ئەگەر كۆی بكەیتەوە نزیكەی سەدا سێ سەد بەسەرەوە ئەبێت داهاتەكان زیادی كردبێت ئێستا لە هەرێمی كوردستان، هۆكار چییە لێبڕین بە هەمان میكانیزم و شێواز بەردەوامە؟ هیوادارم دیسان ئەوەش رونكردنەوەی لەسەر بدەن، بۆ بەڕێز وەزیری هەرێم كاك (خالد) پێم وابێت هەندێك لە برادەران پرسیاریان كرد لەسەر ئەوانە وابزانم دیسانەوە دووبارەی دەكەمەوە نەك شتێكی نەوترابێت، رێككەوتنەكانمان بە چی گەیشتوون؟ ئایا لەپای ئەو دڵخۆشبونە زۆر و زەهەندەی كە هەمان بوو پەرلەمانتاران، خەڵك هاووڵاتیان، مووچەخۆران، ئایا ئەو دڵخۆشییە هیچی لێ سەوز بووە؟ ئایا دەتوانێت ئەو رێككەوتنە ببتە هۆكارێك بۆ ئەوەی ئەو پارەیە لەلایەن حكومەتی عێراقەوە بنێردرێت بتوانێت ئەو كورتهێنانەكە من بڕوام وا نییە كورتهێنان هەبێت لە دارایی هەرێمی كوردستان، ئەو كورتهێنانەی خۆتان باسی دەكەن پڕی بكاتەوە، یەعنی لام مەبەستە بزانین ئایا گیرفانی چۆلی ساردی بڕاوی هاووڵاتیان گەرم دەكاتەوە، پێم وایە ئەوە دەبێتە كۆتایی قسەكانم و پێشنیارەكان، من راستی لە شوێنی تر وتوومە پێشنیار دەكەم بۆ ئەم وەزیرە بەڕێزانە ئەوانەی دیكەش كە نەهاتوونەتە پەرلەمانی كوردستان ئێستا، ئێمە باسی ئەوەم كرد كە هەوڵی ئەوەمان داوە فشار دروست بكەین نازانم بۆ نەكراوە، ئومێد دەكەم یەكێك لە ئێوە ئەگەر ببورن مەبەستەكە شتی شەخصی نییە، بەڵام دڵنیام هەر یەكێك كە پۆستێك وەردەگرێت كۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەتی بۆ دروست دەبێت بە رێكاری یاسایی، ئومێد دەكەم یەعنی هەر یەكێك لە ئێوەی بەڕێز دەست لەو بەرژەوەندیانە هەڵبگرێت ئەگەر دەزانن دەست لەكاركێشانەوەتان دەبێتە كارتێكی فشاری بەهێز لە بەرامبەر ئەو بڕیاربەدەستانەی لە حكومەتن بۆ ئەوەی كۆتایی بە لێبڕینی مووچە بهێنرێت، ئەگەر ئەمە راستە دەستلەكاركێشانەوەتان بەرامبەر ئەو بڕیارەی حكومەت دەبێتە ئەو كارتە فشارە ئومێد دەكەم ئەو كارتە فشارە بكەن بۆ ئەوەی ئێمە ئەو كات من بۆخۆم وێنەیەكتان لە ماڵەكەم هەڵدەواسم لە پێناو ئەوەی كەوا لەبەر قوتی خەڵك هاتوون دەستتان لەكار كێشاوەتەوە، دیسانەوە بۆ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان تەصەوڕ دەكەم ئەمە كۆتا قسەم بێت، ئومێد دەكەم ئەمڕۆ ئەم خولەی پەرلەمان كۆتایی دێ، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت مێژوویەكی جوان بۆخۆمان تۆمار بكەین، مێژوویەك كە ئەگەر حكومەتیش پێوە پابەند نەبوو ئێمە بڕیارێكی پەرلەمانیمان هەبێت بڵێین لە فڵانە رۆژ ئێمە دەنگمان دا لەسەر ئەوەی كە بڕیارێكمان دەركرد لە پەرلەمانی كوردستان كە لێبڕینی مووچە كۆتایی پێبهێنرێت، ئومێد دەكەم جەنابتان دەستپێشخەری بكەن، بۆ ئەوەی ئەم تۆپە لە ساحەی ئێمە دەربچێت، بۆ ئەوەی هەموو فراكسیۆنەكانیش تاقی بكرێتەوە پێی، حكومەتیش ئەوكاتە ملكەچ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (لنجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزان دەكەم لە شاندی حكومەتی هەرێمی كوردستان، خاڵی یەكەم منیش هەمان پرسیاری هەڤاڵانم لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز

دەربارەی رێکارەکانی چارەسەری پرسەکانی دەروازە سنوورییەکان، لێبڕینی مووچە، ئاراستەی شاندی بەڕێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، ناچمە ناو تەفاصیلەکان لەبەر ئەوەی بە زۆر شێواز باسی لێوە کرا، خاڵی دووەم ئایا هۆکار و ئاستەنگەکان چین کە بونەتە رێگر لە جێبەجێکردنی یاسای موازەنەی ئیتیحادی و ناردنی پشکی هەرێم کە رەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتیحادیشی لەسەرە؟ ئێمە دەزانین کە هەندێ لایەنی شۆفینی لە عێراق ئەم بابەتە وەك بانگەشە بۆ هەڵبژاردن بەکار دەهێنن، ئایا پلانی (B) حکومەتی هەرێم چییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم بابەتە کە قوتی خەڵکی کوردستان دەکەنە ئامرازی بانگەشەی هەڵبژاردن؟ ئەمە خۆی لەخۆیدا تاوانێکی گەورەیە، هەمان پرسیاری برای بەڕێز مامۆستا مەلا (احسان) دەکەم ئایا ئەو (٢٠٠) ملیارەی کە دێت قەرز حیسابە لەسەر هەرێمی کوردستان یان لە پشکی موازەنەی ئیتیحادی حیساب دەکرێت؟ خاڵی سێیەم پرسیار ئاراستەی شاندی بەڕێز ئایا لە بوودجەی ساڵی (٢٠٢١)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چەند رەچاوی بوودجە لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی، واتا یەکسانی جێندەری کراوە، جێی کراوەتەوە، کە بەشێکی باش لە کێشەکانی ئافرەتان و توند و تیژی و یەکسانی جێندەری لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، ئەگەر بەرچاوروونیەکمان لەو بابەتە بدەنی گرینگە و سوپاستان دەکەین، خاڵی چوارەم بەراستی جێی ئاماژەپێکردن و دەستخۆشییە کە چ لە کابینەی پێشوو پاشەکەوتی مووچە، چ لە کابینەی نوێیەم لەکاتی خۆگونجاندن و لێبڕینی مووچە، کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی لەم بڕیارە بەدەر بوون وە ئیستیسنا کران، نە پاشەکەوت گرتنیەوە، نە لە بڕینی مووچە، بەڵام ئەو بابەتە کە ماوەیەکە لەئارادایە و کاری لێدەکرێت لەنێوان ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی کاروباری شەهیدان بەپێی یاسای چاکسازی، ئەو زیندانە سیاسیانەی کە (١٠) ساڵی مینحەکەیان بەپێی یاسا تەواو بووە، هیچ مووچەیەکی تریان نییە لە حکومەت مینحەکەیان بەردەوام بێت، ئایا ئەوە بە کوێ گەیشتووە؟ ئەگەر پەلەی لێبکرێت چونکە داواکارییەکی زۆر لە زیندانیانی بەڕێزی سیاسی کە ئەوانەی هیچ مووچەچەکیان نییە لەسەر ئەو بابەتە ئاراستەی ئێمە وەکو لێژنەی شەهیدان و ئەندامانی لێژنەی شەهیدان دەکرێت، خاڵی چوارەم سەبارەت بە فەرمانبەرانی گرێبەست گرینگە و کاتی هاتووە کە بە دوو وەجبەش بی بخرێنە بوودجەی ساڵانی (٢٠٢١) و (٢٠٢٢) بەپێی ساڵانی خزمەت، هەموومان دەزانین فەرمانبەر هەیە هەشت ساڵی تێپەڕاندووە تا ئێستا گرێبەستە و چاوەڕێیە ببێتە فەرمی، پشتگیری لە رای برای بەڕێزم کاك (عبدالسلام) دۆلەمەڕی دەکەم تا ئەو کاتەی کە دەبن بە فەرمی بەلایەنی کەم ئەوانەی کە ساڵانی یاساییان تەواو کردییە لە مۆڵەتی خوێندنی فەرمانبەران بێبەش نەکرێن و ئەو مافەیان پێ بدرێت، خاڵی شەشەم لەبارەی چاکسازی بە گرینگی دەزانم کە ئەو ماوەی دادێ جەخت لەسەر بڕینی مووچە ناشایستەکانی پلە باڵاکان، پلە تایبەتەکان، سەربازیەکان و دوو مووچە و سێ مووچە بکرێت، کە دەبوایە لە هەنگاوەکانی یەکەمی چاکسازی بی بەڕێزان، نازانین بۆ نەکراوە؟ هۆکارەکان چییە؟ گەرانەوەی ئەو بڕە بوودجەیە رەنگە تا رێژەیەکی باش هۆکار بێت بۆ چارەسەری گرفتی فەرمانبەران و مامۆستایانی گرێبەت و یەکەمەکانی زانکۆ و چارەسەرەکانیان، هیوادارین هەموومان بەیەکەوە چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە و خزمەتی زیاتر بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (پێشەوا)، لێرە نییە، كاك (بهجت)، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشیێ بخێرهاتنا تیمی حوكمەتێ دكەین بۆ پەرلەمانی كوردستانی، هەڵبەت ئەڤ رۆنیشتنا مەیا ئەڤرۆكە ژبەر هەندێ بوویە كە ئەم دچەوا شێنوێ كورتهینانا موچەیێ فەرمانبەرێت هەرێما كوردستاندا هەی بكەین، هەڵبەت بوو هەندێ كو ئەم بشێین چارەسەریا ڤێ كورتهینانا بكەین ڤێ تەم بزڤرین بۆ سەرچاو ژێدەرێ داهاتێ لهەرێما كوردستانێ كا چنە، من پێ خۆشە ئەز بۆ هەمی برادەرا و هەڤالێت مە بەحس بكەم كە داهاتێت رەئیسی لهەرێما كوردستانێ چار داهات ژێدەرن بوو هندێ كو داهات بۆ حكومەتا هەرێما كوردستانێ بێتن، یەك داهاتێ نەفتێیە، دوو داهاتێ نا نەفتییە، ئەڤێت وەزارەتێت ناڤخۆ و خالێ سنووری و گومرگا و زەرائیبا و رسوماتا كۆمدبیتن، سێ داهاتێ یان ماف و شایستەێت داراییێت خەلكێ كوردستانێ نەكەش بەغدا دێت بۆ هەرێما كوردیستانێ، ئەو رێژا هاریكاریێ كە هاڤپەیمانی پێشكەشی هێزێت پێشمەرگەی كوردستانێت دكەن، براستی ئەگەر ئەم سەر خالێ داهاتێ نەفتی بەحس بكەین ئەندامێت دێت پەرلەمانی بەڕێز هەمی ئەم پرسیارێت مەدڤیت بكەین ێتكرین، هەروەسا سەر داهاتێ نانەوتی ژدیسان ئەندامێت پەرلەمانێت بەرێز هەمی پرسیارێت خۆێش وەزیرێت پەیوەندیدار كری، یا من دڤێتن ئەز راوەستم كە ئەو هەردوو خالێ دی یەعنی مافێت خەلكی كوردستانێنە، مافێن فەرمانبەر و مووچەخۆرێت هەرێما كوردستانێنە كە ئەم هەمی پێكڤە رشدی سەر هندێ چەوا فشارێ بینین بۆ هندێ كە ئەڤ مافێ وان بۆ بێتە دابین كرن، لێشبیر نەكەین كە ژبلیت وان مافێت مە لسەر وان داهاتێت ناڤ هەرێما كوردستانێدا هەی، مە هەندەك مافێ دیژێت هەی ئەو ژی مافێن دستووری و یاسایی و ئیدارینە كە حوكمەتا عیراقا فیدرال بۆ هەرێما كوردستانا دێتن كە برادەرا گەلەكا شوان زۆر بلاوازی بەعس ڤەكر، لێ ئەڤە سەبەبەكی رەئیسییە بۆ هندێ كە رێژا لێبڕینێ بگەهیتە ڤی ئاستی، لەوما ئەم داخازێ دكەین جدی، هەمی لایەن بەشدار بن، فشارێ بۆ لایەنێت خۆیێ سیاسی بینن بۆ هەندێ كە فشارێ حیكمەتا عیراقێ بكەن ئەڤ ماف و شایستەێن داراییێت هەرێما كوردستانێ كە زۆرێت دستوورینە لگۆرێت بوودجەیێ عیراقی مادده (١٠)، (١١) تێدا هاتینە دیاركرن، شاندێ دانوستانكار حیكمەتا هەرێما كوردستانێ راستە بەردەوام سەدانێ كرین بۆ رێككڤتن و رێككەڤتن هاتە كردن لگەل حیكمەتا مەركەزی بۆ یاسا لێ نەهاتە جێبەجێكرن؟ ئەز پرسیارێت دكەم بەڕێز كاك (خالد شوانی)، یەعنی ئەڤ گیرۆبوون یان جێبەجێنەكرنا ئەڤێ یاسایا بوودجەیێ كە ئەڤە مافە یەعنی بۆچی ئەم هەموو پێكڤە نابینە پاڵپشت، نابینە هاریكار، بۆ ئەسلەن ئەم نارازیتبونێ خۆ چ وەكو پەرلەمان ژی دیار بكەین بۆ عیراقێ كە ئەڤە حەقێ مەیە بۆ توو نادەیەمە، یەعنی سەبەب چنە؟ بۆمە بداتە دیاركرن، هەروەها راستی بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی یەعنی ئەم پرسیارێت مە دڤیای هەمیا برادەرایێت كرین، هندەما ئیدی پرسیارێت ژدەستەی سەرۆكایەتیا پەرلەمانی بكەین یەعنی چنەمایە بێژین هەمی مە كرن، لبەر هندێ ئەم داخازی دكەین لسەرۆكایەتیا پەرلەمانێ هەمی ئەندامێت پەرلەمانێ بەڕێز ژی ئەو ژی هەمی ژی پێكڤە فشاری بینن بۆ حوكمەتا مەركەزی كە ئەو ماف و

شایسـتـەیێت داراییـێ خەلکـی هەرێمـا کوردسـتانێ کە نزیکـی (٣٥) بـۆ (٤٠%) بـوودجە بـۆ فەرمـانبەرایە نـاهێتە هەنـاردن، ئەڤە رێژەیەکـا کەم نیـنە کە ئەم چاوپۆشـیێ لێـبکەین، بەرێـز وەزیرێ دارایی لسەر بوودجا (٢٠٢١) ئەڤە ئەم تەقریبەن گەهیشتینە نیڤا سالا داراییـا مە بەرەڤ سەری چوو یەعنـی ئەم دەربـازبووین، حەتـا نـووکە ئەڤ بـوودجە نەهـاتیە، یەعنـی ئایـا بوودجا (٢٠٢١) بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ دهێتە هەنارتن، پرسیارەکا دی بۆ بەرێز کاك (عبـدالحکیم) ئەگەر بۆمە وان ئاستەنگێن بەردەم یاسایێ چاکسازێ دێـتە دیـار کـرن؟ بریـار بـوو کە هەر سـێ هەیڤا جارەکی راپۆرتەکـا چاکسـازییێ لسـەر وان پێنگاڤێـت هـاتینە هـاڤێتن شـلایەکا حیکمەتـا هەرێمـا لسەر هەمی سێکتەرێ ناڤ موئەسەساتێت حیکمەتێدا کا گەهیشتییە چ قۆناغ؟ ئایا دبۆ راپـۆرتێ سێێ دهێتە هەناردن بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێم دەکەم، چەند پرسـیارێکم لە وەزیـری دارایی هەیە، کاتێك بڕیاری لێبڕینی مـووچە و مووچەخـۆران درا چەنـد هۆکارێـك هەبـوون، وەك دابەزینی نرخـی نەوت، هـاتنی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا، نەدانـی بەشـە بـوودجەی هەرێمـی کوردسـتان لەلایەن حکومەتی عێراق، کەم بوونەوەی داهاتی ناوخۆ، بەڵام لەئێسـتادا نرخـی نەوت زۆر بەرزە رۆژانە لە بەرزبوونەوەدایە، کۆرۆنـا تـا ئاسـتێکی بـاش کـۆنترۆڵ کـراوە، رێککەوتـن کـراوە لەگەڵ عێراق، کە بەشە بوودجەی هەرێم بنێرێت، باج و رسومات زیادی کـردووە، نرخـی دۆلار بەرامـبەر بە دینار بەرزبۆتەوە، ئایـا تـا کەی مـووچە بە لێبـڕین دابەش دەکرێـت؟ لە کاتێـکدا موبەررێـك بـۆ لێبڕینی مووچە نەماوە، خاڵێکی تر ئایا مووچەی مامۆستایانی گرێبەسـت کەی سـەرف دەکرێـت، کە چەنـد مـانگە وەریـان نەگرتـووە؟ خـاڵی سـێیەم بەڕێـز وەزیـری دارایـی لە (٢٠١٤) پـلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران شارستانی وەستاوە، ئایا کەی بڕیاری پێدانی ئەو پلە بەرزکـردنەوەیە دەدەن لەکاتێکدا ئەوە مافێکی یاسایی خۆیانە بۆ ئەوەی شایستە داراییەکای خۆیان و پلەکانیـان وەربگـرن؟ خـاڵی چـوارەم بڕیـاردرا هێزێکـی هـاوبەش بـۆ کـۆنترۆڵکردنی خـاڵە سـنوورییەکان دابمەزرێـت، پرسـیار ئەوەیە لەبەر چـی، چ هۆکارێـك هەیە تـاوەکو ئێسـتا ئەم هێـزە دەسـتبەکار نەبـووە و بـۆ بنبڕکردنـی قاچـاغچیەتی لە خـاڵە سـنوورییەکان؟ خـاڵە پێـنجەم بەپێـی یاسـای چاکسازی هەر خانەنشینێکی نایاسایی کە خانەنشـین کـراون ئەو خانەنشـینیە هەڵدەوەشـێتەوە، ئایا بۆ تا ئێستا خانەنشینی یاسایی پلە باڵاکان هەڵنەوەشاوەتەوە؟ خـاڵی شەشـەم دامەزرانـدنی سێ یەکەمەکـان یەکەمەکـانی زانکـۆ و پەیمانگاکـانی حکـومی کە لە سـاڵی (٢٠١٧) تـاوەکو ئێسـتا کەسـیان دانەمەزراون لە کاتێکـدا مـافی خۆیـانە کە دابمەزرێـن، چـونکە شـەونخونی و ماندووبونێکی زۆریان کردووە، بەشی هەرە زۆریشیان کوڕی و کچی خەڵکی هەژارن، خـۆ ئەگەر حکومەت باسی ئەوە دەکات توانای دارایـی نیـیە ئەوانە دابمەزرێنـرێن، بـۆ پاڵپشـتیان ناکـات بـۆ دامەزراندنیان لە کەرتی تایبەت هەر یەکەو بەپێی پسپۆڕی خۆیان، خاڵێکی تر ئایا بـۆچ مەقاصـە ناکرێـت؟ لەنێـوان قەرزەکـانی حکـومەت و لەسـەر مووچەخـۆران و وە قەرزی مووچەخـۆرانیش

لەسەر حکومەت وەك قەرزی کارەبا، وەرزی عەقار، سولفەی زەواج، قەرزی بچوك، مووچەی پاشەکەوت، گەر ئەم مەقاصەیە بکرێت بێم وایە سوودێکی هەیە بۆ حکومەت و هەم بۆ مووچەخۆرانیش، خاڵی هەشتەم ئایا پرۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ کەی دێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی بکرێت بە یاسا لەکاتێدا دەبینین مووچەی خانەنشینانی هێزەکانی ناوخۆ زۆر کەمە ناگاتە ئەو ماندووبوونەی کە ئەوانە داویانە خۆ ئەگەر مووچەی خانەنشینان باش بکرێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆریان خانەنشین بکرێت و دەرفەت برەخسێت بۆ دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان، پرسیارێکی تریش بۆ وەزیری سامانە سروشتییەکان، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین چییە لە ئێستادا؟ ئایا پلانی وەزارەت چییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە؟ دەکرێت چارەسەری ئەم بابەتە بکرێت لەرێگای دابەشکردنی کۆبۆن بەسەر شۆفێران بە شێوەیەکی گشتی، بۆ ئەوەی نرخی بەنزین دابەزێت، خاڵێکی تر هۆکار چییە بەنزین لە مەصفاکانی حکومەتی هەرێم دەپاڵێورێت و حکومەتی عێراق بە (٤٥٠) دینار دابەشی دەکات، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستانن بە (٧٥٠) دینار دابەش دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (هدیە) خان لێرە نییە، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فللك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داهاتی خاڵە سنوورییەکان دەمەوێت قسە بکەم، بەڕێزان ئامادەبوان لەم لاو لەو لا دەبیستین کە داهاتی خاڵە سنوورییەکان کەم بۆتەوە، هەر بەرپرسێکیش لە حکومەتی هەرێم بێ و لە حکومەتی عێراقیش بێت لێدوانی جیاواز دەدەن، بۆ نمونە بەرپرسانی عێراق یەکێك لەوانە کە سەرۆکی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراقە رای گەیاندووە کە بەهۆی جیاوازی لە شێواز و رێژەی باج ئەمە وای کردووە کە بازرگانەکانی عێراق روو بکەنە دەروازە سنوورییەکانی هەرێم، ئەمەش پێمان دەڵێت چی کەواتە جوڵە بازرگانییەکان لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێم زیاد بووە، کەم نەبووە، کەچی بەرپرسانی هەرێم ئەوانەی کە پەیوەستن بەم بابەتەوە هەندێك جار دەڵێن (٨٥%)، (٨٠%)، (٧٠%)ی داهاتی خاڵە سنوورییەکان بەتایبەتی لە (باشماغ)، (پەروێزخان) کەمی کردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕیننەوە ئەڵێن بازرگانەکان ئەچن بۆ دەروازە سنوورییەکانی عێراق، سەیری ئەم لێدوانە پێچەوانەیە بکە! یەکێك دەڵێت خەڵك دێت بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوی تر دەڵێت خەڵکی ئێمە دەچێت بۆ دەروازە سنوورییەکانی عێراق، بەمەش نەوەستان بەڕێزتان (ساماڵ عبدالرحمان) کە جەنابیان لێرەن دەرفەتێکی باشیشە ئێمە وەکو لێژنەی دارایی دەمانویست بانگێشی جەنابی بکەین، وابزانم دەبێت بانگێشی بکەین، باسی لەوە کرد کە وتی شتی وا نییە داهاتی دەروازە سنوورییەکان کەمی نەکردووە (٢٠%) زیادی کردووە، لێدوانی جەنابیەتی، دەمەوێت ئەمەشمان بۆ وەڵام بداتەوە، پرسیاری دووەم سەبارەت بە رێککەوتنی بەغدا و هەولێرە، سەبارەت بە بوودجەی عێراقە، ئەگەر ئەو شاندەی کە ئامادەبوون لە ئەندامانی شاندەکە وەڵاممان بدەنەوە، ئایا ئەو شاندەی لە دیوانی چاودێری دارایی هاتە هەولێر و هاتە خاڵە سنوورییەکان وردبینیان کرد

هەڵسـەنگاندنیان چـی بـوو سـەبارەت بەوەی کە ئەو وردبینیەیـان کـرد؟ ئایـا داهـاتی خـاڵە سـنوورییەکان لای ئەوان شـەفاف بـوو یـان تێبینیـان هەبـوو، هـیچ کـاریگەری دەبێـت لەو ڕێککەوتنەی کە لەنێوان ئێمە و عێراق دروست بووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (روبینە) خان، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەنـدە بـرادەران بەحسـی هەمـوو ئەڤ بـابەتێ کـر کـو تـایبەت مـووچەڤە، بەس هەنـدەك کۆمێنتێت خەلکی تێن ئەز پێشکەشی وەفدێ هەرێما کوردستانی دکەم، ئایا لێبڕینـی مـووچە دی هەتا کەنگە مینیـتن؟ مەصیری پاشـەکەوتی مـووچە دێ چ لێهێـتن؟ هۆکـاری بەرزبـوونی نرخـی بەنزین، بەرزبوونی بەهای دۆلار، ئەڤە چەند ساڵە ئەم دبینین حەتا نوکە هەندەك پلێت فەرمـانبەر نەهاتینە بەرزکرن ئایا چ میکانیزمەك، پلانەك هەیە کو ئەڤ پلە بهێنە بەرزکرن؟ نسـبەت میـنحەی زیندانی سیاسی ئەڤە چەند ساڵە تەقریبەن هەندەك معامەلا و هەویەێت هاتینە وەرگرتن لێـبەری حەتا نووکە مینحێت وان نەهـاتیە دان، بەری نـوکە کـو مەدیـتن بـوو هنـدەکا پـارە هـاتنە صـەرف کرن، مینحە هاتیە صەرف کرن لێ بەلێ بـۆ وان کەسـا بـوویە، ئەو کـو مـووچە نیـیە، تەئکیـد ئەو زیندانی سیاسی کو مووچەش هەیە دوێ باوەرێدامە مووچا وی زیاتر لە دوو سەد هەزارش نییە نەقـریبەن ئەڤەش بـێ مـووچە حیسـابە، بەحسـێ هەنـدێ مخصصـات تێـتە کـرن ئایـا دێهەنـدێ مخصصـات تێـنە بـڕین ئایا ئەو مخصصـات بـو کیـنە؟ ئایـا بـۆ چ پـلەی وەزیفیـت فەرمـانبەرانە؟ هێڤیدارین ئەڤ پرسیارە مە جواب هەبیتن و لهۆڵی ژدەرنەکەڤین ئەگەر چارەسـەر ژنەبیـتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لە تیمـی حکـومەت دەپرسـم بـۆچی پـارە نیـیە کاتێـك سـلفەی زەواج لە شـەهیدێکی شـەری داعش وەردەگیرێتەوە؟ تەبلیغ بـۆ ئەو کەسـە دەچێـت کە کەفیلـی شـەهیدێکی شـەری داعشـە و پێـی دەگوترێـت مـووچەکەت رادەگیرێـت ئەگەر سـلفەی زەواجەکەی نەدرێـتەوە، ئەوە بەڵـگەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە شەهید (ئاوارە احمد رسول) لە شەری داعش شەهید بـووە لە سـاڵی (٢٠١٦)، لە ساڵی (٢٠١٨) فەرمانی بەخشینی بـۆ کـراوە لەو سـلفەی زەواجە بەڵام هەتـاوەکو ئێسـتا مانگی پێشوو وەکـیلەکەی بەڕێـز (سـتار جەلال) کە مامۆسـتایە تەبلیغـی بـۆ چـووە، مـووچەکەی چەند جارێك راگیراوە کە بۆچی سـلفەکەی نـاداتەوە یـاخود ئەو پێشـینەیە نـاداتەوە، کـاکە کـابرا شـەهید بـووە لەسـەر ئەو وڵاتە یەعنـی چـۆن دەبێـت ئەو هەڵە ئیـدارییانی بەسـەر حکومەتـدا تێپەڕێت، ساڵی (٢٠١٨) حکومەت خۆی فەرمانی بەخشین و لێخۆشبوونی بۆ دەرکردووە، جـێگەی داخە کە منـداڵی بـێ بـاوك پـارەی بـاوکی بـداتەوە کە سـلفەی زەواجـی راکێشـاوە، هیـوادارم ئەو بابەتە حەل بکرێـت، ئەگەر رۆیشـتنەوە بـۆ ئەنجـومەنی وەزیـران لە وەزارەتـی شـەهیدان یـاخود

لایەنی پەیوەندیدار ئەو بابەتە حەل بکرێت، ئەو کەسانە ئیزعاج نەکرێن کە بونەتە کەفیلی ئەو شەهیدە قارەمانانە کە لەپێناو ئێمە، لەپێناو ئازادی دانیشتنی ئێمەدا شەهید بوون، سەبارەت بە مامۆستای وانەبێژ هەرچەندە ئەو بابەتانە زۆر باسکرا بەڵام من بەپێویستی دەزانم باسی ئەوە بکەم مامۆستای وانەبێژ کە بڕیار بوو لە (٦/٢) دانیشتن ئەنجام بدرێت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی منت نەدایەوە دوایی.

بەڕێز وەزیری دارایی بڕیار بوو پێشتر ئێوە ئامادە بن لەو دانیشتنە کە بڕیار بوو (٦/٢) ئەنجام بدرێت، مامۆستای وانەبێژ لەم ساڵدا یەك فلسیان وەرنەگرتووە، شوێن هەیە، ناوچە هەیە بەس مودیرەکەی دامەزراوە و میلاکە ماباقی هەمووی مامۆستای وانەبێژ پڕی کردۆتەوە، ژمارەی مامۆستای وانەبێژ لە (بەردەڕەش) زۆر زیاترە لە مامۆستای میلاك، باشە ئەگەر ئەوانە پێویست نین یاخود دایاننامەزرێنن، یاخود مشوریان ناخۆن ئایا بۆچی داتان ناون؟ بۆچی فەراغتان پێ پڕکردونەتەوە ئەگەر پێویست نین؟ ئایا ئەوان لە هاویندا چی بکەن؟ ئەوان لە ساڵی (٢٠٢١) یەك فلسیان وەرنەگرتووە، ساڵی (٢٠٢٠) یان وەرگرت، ئینجا نازانرێت بە مەقتوع وەردەگیرێت یاخود بەو سی هەزار و چوار هەزارە کە پێی دەگوترێت کرێ، وەکو کرێکاری وایە، جێگەی داخە ئێمە ئا بەو چەشتە ئەو حکومەتە ڕێز لە مامۆستا دەگرێت، کە هەموومان قەرزاری مامۆستاکانمانین.

سەبارەت بە فەرمانبەری گرێبەست کە خوێندنەوەی یەکەی بۆ کرابوو چەندین جار ئێمە باسمان کردووە، بۆچی فەرمانبەری گرێبەست ناکرێن بە ڕەسمی؟ کاکە ئەگەر فەرمانبەری گرێبەستن بار سوکی نەبن، بارگرانیش نین، ئەوان کاتێك کە دادەمەزرێن خانەنشینییان لێوەردەگیرێت بڕێك پارە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، کە دادەمەزرێن ئێستا بەهۆی ئەو لێبڕینە سێ سەد و چوار سەد و ئەوانەیان هەبێت ئەو کاتە دوو سەد و شتێك مووچە بنەڕەتییەکانیانە پاشان ووردە ووردە دەرماڵەیان بۆ زیاد دەکرێت و پارەکەیان بۆ زیاد دەبێت، فەرمانبەری گرێبەست کاتی خۆی بڕیار وابوو لە ماوەیەکی کەم مووەدە وەرگیرا، بۆ ئەوەی کە پێداچوونەوە بکرێت سەبارەت بەو زانیارایانەی کە زانیاریان لەسەر کۆبکرێتەوە، وەڵاهی بیدەنە دەست من بە الله بە یەك هەفتە هەرچی زانیاری فەرمانبەری گرێبەستە هەمووتان بۆ دێنم، بە یەك تەلەفۆن بە یەك هەفتە وەعد بێت بۆتان دێنم، بەس ئێوە بڕیار بدەن بیکەن بە ڕەسمی، سەبارەت بە یەکەمەکان بەداخەوە ئەو جوانەمەرگە ئەوە یەکێکە لە سێ یەکەمەکانی سلێمانی، یەکێکە لە گەنجە یەکەمەکان، من چووم بۆ لای باوکی بڕوا بکە باوکی نەیدەتوانی قسە بکات دەیگوت بە کرێکاری و بە دەستی تەزی و بە سەرماو سۆڵە ئەوەم پێگەیاندووە ئەوەش پشتی شکاندم، لە بێ ئومێدیدا ڕای کردوو، شەهید بوو جوانە مەرگ بوو، بەداخەوە! ئێ باشە ئێمە چاوەڕێ بکەین چەند گەنجی دیکەمان وەکو کاکە (هەژین)ی جوانە مەرگ لەنائومیدیدا ئەو وڵاتە بەجێبێڵێت، دەزانن بەڕێزان ڤیزە گران بووە لەبەر ئەوەی کۆچی گەنجان بە لێشاو زیادی کردووە، باشە ئەوە گەنجەکانمان سەرهەڵدەگرن ئەی ئەوە کورەکانمان دەتوانن هەر چۆنێك بێت خانوو بە عائیلەکانیان دەفرۆشن، قەرز و قۆلە دەکەن، ئەی کچەکانمان هەمووی تووشی کەئابە بوو لە ماڵەوە، یەك دنیا کچی دەرچووی دانەمەزراومان هەیە، هیچ دەرفەتێکی کاری نییە، سەبارەت بە دەرچووی دانەمەزراو حکومەت هەمیشە دەڵێ کەرتی تایبەت ئێمە ناتوانین تەعینیان بکەین دەبێت لە کەرتی تایبەتدا

جێگەیان بکرێتەوە، ئێ باشە کەرتی تایبەت لە سەیدسادق چی دەکات، لە رانیە، لە قەڵادزێ، لە زۆربەی قەزا و ناحیەکان چی دەکات؟ وەرە کەرتی تایبەتێکم پی بڵێ لە سەیدسادق، گەنجەکانی ئەوێ چی بکەن؟ باشە ئەگەر حکومەت دەستی نەگرێت، ئەگەر حکومەت پێشینەی پێنەدات یارمەتی نەدات لەو صنعاتەی کە خۆی دەیزانێ نەتوانێ کارێکی دامەزرێنێت، قەرزی بچوك و مام ناوەندی پێنەدرێت، یاخود کۆمپانیای زەبەلاح و حکومەت هەندێك وەبەرهێنان نەکات، لەوێ کۆمپانیا نەکرێتەوە، ئەو گەنجە داماوە چۆن بچێ بۆ کەرتی تایبەت، خۆی دروستی بکات، بە گیرفانی بەتاڵ، بە گیرفانی بەتاڵ کەرتی تایبەت دروست دەبێت؟ بەداخەوە هیوادارم مشورێك لەو چوار چینە بخۆن کە بەداخەوە هەموومان تووشی کەئابە بووین، من بۆخۆم پەرلەمانتار خانەنشینیم رەت کردۆتەوە، باشە دوای پەرلەمانتاری بچم چی بکەم؟ کەرتی تایبەت نییە، حکومەتیش دامەزراندنی نییە، یەعنی چی بکەم؟ ئەوە هەر خۆم نا قەینا، بەڵام ئەو هەموو گەنجە، ئەو هەموو کچە لە ماڵەوەیە، وەڵاهی هەمووی تووشی کەئابە بوون، سەبارەت بەوەی کە دەگوترێت پارە نییە، کیسەل ئاسا مووچەی خەڵکی دەدرێت، کە بەجۆرێك ئاوا خاو دەکرێتەوە، دەشڵێن پارە لەبەردەستە و چل بۆ چل و پێنج رۆژێك دەخایەنێت، یەعنی نازانم بۆچی وای لێدەکرێت، لە دانیشتنی رابردووی پەرلەمانی کوردستان، تکایە بۆ تەشەنوج ئەوە باس ناکەم، بەڵام ئەوە راستییەکە دەیڵێم، هەمووومان لێرە بووین لەو دانیشتنە ئامادەبووین پارتی یەکێتی بەوە تاوانبار دەکرد دەیان وت ئەوان داهاتی خاڵە سنوورییەکان ناخەنە سەر ئەژماری وەزارەتی دارایی، فراکسیۆنی سەوزیش پارتی بەوە تاوانبار کرد کە داهاتی نەوت ناخرێتە سەر ئەژماری وەزارەتی دارایی هەموو داهاتەکە، لە راستیدا قسەکەی هەردووکیان راست بوو، داهات دەبرێت بۆ حزب لەبری ئەوەی بدرێت بە حکومەت، باشە ئەو حکومەتەی کە یەکێتی و پارتی سەرۆك و جێگری ئەو حکومەتەن، پارە نادەن بەو حکومەتەی کە بۆ خۆیان سەرکردایەتی دەکەن، بۆخۆیان بەڕێوەی دەبەن، ئەی باشە چۆن گلەیی لە بەغدا دەکەن کە پارە نادات بە حکومەتی هەرێم، ئەوان پارە نادەن بە حکومەتەکەی خۆیان کە خۆیان تێدا حکومڕانی دەکەن، کە خۆیان تێیدا سەرۆك و جێگرن، باشە چۆن داهاتی هەرێم یاخود ئەو مەلەفانەی کە پێویستە بخرێتە بەر دەستی بەغدا لە پێناو ناردنی بوودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، یەعنی ئەوە چۆن معالەجە دەکەن، بۆخاتری خوا کە پارە نادەن بە حکومەتەکەی خۆیان! بەڕێزان ئێمە کاتی خۆی کە لێبڕین بوو بڕیار بوو هەر بۆ یەك مانگ بێت، ئەو کاتەی کە لێبڕین بوو بەنزین بە (٤٥٠) بوو، کاتێك رێژەی لێبڕین ئەو کاتە هەر (٢١%) بوو، نرخی نەوت (٣٣$) بوو بەڵام ئێستا بە (٧٦$)ە، ئەو کات دۆلار بە (١٢٠) هەزار بوو، ئێستا بە دۆلار بە (١٥٠) هەزار دینارە، بەڕێزان هەر هەمووومان خۆ (الحمدلله) خوێندەوارین بەس حاسیبەی مۆبایلەکانمان دەربێنین ئەو حەفتا و شەشە بۆ سی رۆژ زەربی چوار سەد وحەفتا هەزار بەرمیل نەوتی بکەینەوە ئەوەی بەس بە بۆری دەڕوات واللە بزانن سەرووی ملیارێك دۆلار ناکات، ئی واللە نیوەشی بدزرێت نیوەکەی دیکەی لەگەل داهاتەکانی دیکە، لەگەل داهاتی خاڵە سنوورییەکان، داهاتی فرۆکەخانەکان، داهاتی ناوخۆ، ئەو پارەیەی کە لە هاوپەیمانانەوە دێت، زۆرێك لە داهاتەکانی دیکە واللە بەشی مووچە دەکات، واللە بەزیادەوە بەشی دەکات، یەعنی ئەوە مەگەلە نەوت بە (٣٣$) بێت لێبڕین

هەر (٢١%) بێت، نەوت بە (٧٦$) بێت هەر لیبڕین (٢١%) بێت، دەزانی حکومەتی هەرێم چ قازانجێك دەكات لە گۆڕینەوەی ئەو دۆلارە بە دینار، خۆ مووچە بە دینار دەدرێت، بە دۆلار نادرێت، بۆ خەڵك وا باشتربوو نەوت بە (٣٣) دۆلارەكە بێت، چونكە ئەو كاتە لێبڕین (٢١%) بوو، بەنزینیش هەرزان بوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەنزین هەندێك كات دەگاتە (٩٠٠) دینار لیتری، یەعنی ئەوە كارەساتە، لەم هەرێمەدا كارەبا نییە، خەڵك كرێچی دوو كارەبایە، كرێی مۆلیدە دەدا و كارەبای رەئیسی، كرێی دوو ئاو دەدات، ئاویشی نییە، تەنكەر و ئاوی رەئیسی، نەوتمان نییە، بەنزین گرانە، زۆرترین باج وەردەگرێت، بەڕێزان ئەو كاتەی یەك جار لیبڕین (٢١%) بوو یەكەم لێبڕین ئەو كاتە باج بەڕێژەی ئێستا زۆر نەبوو، ئێستا باج زۆر زۆر زیاد كراوە چەند هێندە باج زیاد كراوە، فەرموو ئەو دوكاندارانە با بدوێنین داد و بێ دادیتی لە دەست باجی ئەو حكومەتە بە كۆمەڵێك ناوەوە باج لە دوكاندار و بازرگان وەردەگیرێت، هەروەها ئەو حكومەتە دەڵێ ئێمە ئابوونە لە پێشمەرگە وەرناگرین، لەكاتە سەختەكاندا هەمووما دەڵێن پێشمەرگەین و پرۆفایلی فەیسبووكەكانمان دەكەین بە وێنەی پێشمەرگە، بەڵام والله وانییە، والله دلسۆزی پێشمەرگە نەبووین، بەقەد ئەوەی پێشمەرگە دلسۆزی ئەو میللەتە و ئێوەی دەسەڵاتدار بووە، پێشمەرگە ئابوونەی لێوەردەگیرێت دەزانن! تەئكیدم دەزانن، بەزۆریش لێیوەردەگیرێت، هەی بیست و پێج هەزاری لێوەردەگیریت، من نازانم زیاتر هەیە یان نا، بەڵام لە دوو سێ هەزارەوە دەستپێدەكات هەتا بیست و پێنج هەزاری من دەزانم، ئەی توخوا گوناح نییە پێشمەرگە كە كرێچییە كە مووچەكەی بەلێبڕینەوە دەدرێ كە لەكاتی خۆیدا مووچە وەرناگریت كە ماڵ و منداڵەكەی و خێزانەكەی بەجێدێڵێ گوناح نییە ئابوونە لە پێشمەرگە وەربگیرێ، بەرەسمی حکومەت دەڵێ ئێمە وەریناگرین، بەڵام وەریدەگرن، هەر پێشمەرگەیەك دەدوینی دەڵێ من ئابوونە دەدەم، مەوادی بەسەرچوو دەرخواردی ئەو میللەتە دەدری، بەڕێزان ئەوە ئەو پسكیتەیە كە لە زۆربەی ماركێتەكان هەیە، چەند ساڵە ئەو پسكیتە هەیە؟ هەر ئەوە نا، ئەوە بچوكترین نمونەیە كە دەیهێنمەوە، باشە ئەوە لەژێر دەستی ئێوەدا تێپەرنابێت؟ ئێوە مەئمورتان نییە؟ ئەو دەسەڵاتە باشە ئەگەر بازرگان و خەڵكی حزبی و دەسەڵاتدار ئەوە نەهێنێ كێ دەیهێنێ؟ فەرموو ئاوای لێبكە تاریخەكەی لێدەبێتەوە، زۆربەی مەوادەكانی ماركێتەكان دەستی پێدابێنە لێدەبێتەوە، من دەبەیەك زەیتم كڕیوە خۆزگە بمهێنابایە لەبیرم چوو لە دیوێكی نوسراوە (٢٠١٩) لە دیوێكی نوسراوە (٢٠٢٠) لە ساڵی (٢٠٢١) من ئەو دەبە زەیتەم كڕیوە، (٢٠٢٠)كە بە تەنەر رەشكراوەتەوە، بەڵام ئافەرین لەبیریان چووە ئەو دیوەی كە (٢٠١٩)ی لێنوسراوە بیسڕنەوە، ئێ باشە ئەوە لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدا نییە، خەڵك صەرەتان دەكرێت لەم وڵاتەدا، لەوەتەی بەتەمای یاسای چاكسازین بڕوا بكە قاچاغچیەتی زیاتر بووە، مەوادی بەسەرچوو، رێژەی صەرەتان زیاتر بووە، ئەوە حاڵی خەستەخانەكانیشمان، بەڕێزان چەند پرسیارێكم هەیە دەمەوێت كورتی بكەمەوە، من دەبێ ئەوە بپرسم، بەڕێزان من لە كاتی كەسدا قسەم نەكرد هەر كەسێك كە قسەی كردووە قسەم بە كەس نەبڕیوە، تكایە ئێوەش دەرفەت بەمن بدەن، چونكە منیش وەكو ئێوە نوێنەری خەڵكم، بەڕێزان كاتێك ئێوە مووچە نادەن بە خەڵك لەكاتی خۆیدا، بەڵام ئەو قەرزانەی كە خەڵك لەسەریەتی بە نمونە قەرزی سندوقی وەبەرهێنان و ئەوانە كاتێك كە وەری دەگرنەوە یان لەكاتی

خۆیدا ئەو خەڵکە قیستەکە ناهێنێتەوە، ئێوە سزایان بەسەردا دەسەپێنن، دەبێ سزا بدرێن و غەرامە بکرێن، ئەی خەڵك چۆن غەرامەی ئێوە بکات، ئەی ئێوە چۆن لە کاتی خۆیدا کە مووچەتان نەدا و لەکاتی خۆیدا ئێوە قیستتان دەوێتەوە، ئەی خەڵك چۆن سزای ئێوە بدات؟ بە پارە غەرامە دەکرێن ئێوە، بەڕێز وەزیری دارایی مووچەی خاتوونی بێ هاوسەر لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە بڕاوە بەناوی کۆمەڵێك ناوەوە، باشە ئەوانە هاوسەریان لەدەستداوە، شەهیدانەیان نییە، هیچ شتێکیان نییە مەدەنین، یەعنی ئەوانە چی بکەن، هەتا کەی چاویان لە دەستی خێرخواز و کۆمەڵێك ڕێکخراوی خێرخوازی بێت؟ بەڕێز وەزیری دارایی تەندەر بۆ کۆمپانیای پاکەوانی بۆچی نوێناکەنەوە؟ دەزانی لە ڕانییە لە کۆیە زۆرێك لە ژمارەی پاکەوانەکان زیاتر لە شەش مانگە یەك دوو سەد و پەنجاییان وەرنەگرتووە کە تواڵێتی خەستەخانەکان پاك دەکەنەوە، بە شایستەیەکی زۆر زۆر کەم (١٠٠) هەزارە، (٢٥٠) هەزارە واللە کەسمان دڵمان تەحەمولی ئەوە ناکەین بچین تواڵێتی نەخۆشخانەکان و شوێنە تەندروستییەکان پاك بکەینەوە ئەگەر ناچار نەبین، زۆربەیان گەنجی دانەمەزراون، زۆربەیان خاتوونی بێ هاوسەرن، تکات لێدەکەم نامەشم ناردووە بۆ بەڕێزتان بەڵام بە هیچ شێوەیەك وەڵام نەدراومەتەوە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، هیوادارم وەڵامی ئەوەم بدرێتەوە، وەڵامی من مەدەنەوە بەس تکایە بەزوترین کات ئەو تەندەرانە بۆ ئەو کۆمپانیایانە نوێکەنەوە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن شایستەکانیان بۆ سەرف بکرێت، یەعنی ئێوە بۆخۆتان هەر وەزیرن شەش مانگ پارەتان بۆ سەرف نەکرێت ئامادەن لەو وەزارەتەدا بمێننەوە؟ نە بەخوای نامێننەوە، تەئکیدم نامێننەوە، ئەوەتا لە سایەی یاسای چاکسازییەوە پاسەوانەکانی خۆتان لە شەش پاسەوان بوو بە دە، ئەی کوڕی فەقیر؟ ئەدی ئەو دەرچووە دانەمەزراوانە؟ ئەی ئەوانەی پێویستیان پێیە؟ ئەی ئەوانەی کە پاکەوانن لە نەخۆشخانەکان، یەعنی بۆ تەندەرەکە بۆ ئەوان ناکەنەوە؟ بڕوا بکەن ئەوان بە مووچەیەکی کەم ئەوە نییە لێی پاشەکەوت بکەن بە قەرز و قوڵە دەگەنەوە سەری مانگ، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆچی بەنزین، یاخود سوتەمەنی نادەن بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ، ئەو سێ پاڵاوگەیەی کە هەن دیاری حکومەتی بەغدایە بۆ حکومەت هەرێم، هی خەڵکە هی حکومەتە، یەعنی بۆچی دراوە بە کەرتی تایبەت؟ دووکەڵەکەی بۆ ئێمەیە بۆ میللەتە، صەرەتانەکەی بۆ خەڵکە، بەڵام ڕەحمەتەکەی بۆ کۆمپانیای حزبییە، بەداخەوە! هەمیشە وەزیری کارەبا و وەزارەتی کارەبا دائیمەن دەڵێن ئێمە سوتەمەنیمان بۆ دابین ناکرێت بۆیە ڕێژەی پێدانی سەعاتەکانی کارەبا کەم دەبێتەوە، کاتژمێرەکانی کارەبا، یەعنی بۆچی نایدەین ئێمە لەسەر نەوت دانیشتوین، واللە ژێرمان هەمووی نەوتە، یەعنی بۆچی نەوت نە لە زستاندا تەوزیع دەکرێت، واللە خەڵك ئەو زستانە جلیکانێك نەوتی وەرنەگریتووە، مەعقولە چەند ساڵی خەڵك جلیکانێك نەوتی وەرنەگرتووە، کە ژێرەکەی نەوتە و نەوت دەفرۆشین، بەڵام صەرەتانەکەی بۆ وڵاتی خۆمانە، بەڕێزان وەفدی بەغدا بەقەد ئەوەی کە سەردانی بەغداتان کردووە تو ئەو خوایە چەند دینارتان بۆ حکومەتی هەرێم هێناوەتەوە؟ بۆ خەڵکت هێناوەتەوە، چەندین جار ئێوە دەچن بۆ بەغدا یەك دنیا مەصارف یەعنی هۆکار چییە ئێوە ڕێك ناکەون؟ وەڵا بەقەد ژمارەی چوونەکانی خۆتان یەك دینارتان نەهێناوەتەوە بۆ هەرێم، لە کۆتایدا دەڵێم هەموو پەرلەمانتاران وەزیرە بەڕێزەکان، ئا

لێرە سوێندی یاساییمان خوار، ئا لەویّ دەستمان نا بە قورئانـدا بـۆ خەڵـك دلسـۆز بـین، تـو ئەو قورئانە با هەمووومان دەنگ بـدەین بە کۆتایهێنـان و بە لەگۆڕنـانی لێبڕینـی مـووچە، سـوپاس بـۆ هەمووتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (هلز) خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارێت هەین بۆ بەڕێـز وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان، ئەگەر ئاگاهـلمەهەبن، بەس ئاگایان لەمن نییە، بەڕیز وەزیری سامانێ سروشتی من سێ پرسیار بۆ جەنابێ تەێت هەیـن، ئایـا هەیڤانە چەند داهاتیێ نەفتێ تەحویلێ بتن سەر هەژمارا بانقیا وەزارەتا دارایی، چەنـد تەحویـل بیتن؟ ئایا هەمی پێك ڕێژا تەحولی دبیتن؟ یەعنی حەدەکی ئەم دبێژین دەستنیشانکری هەیە بـۆ ڤەگەراندنا وی برِا پارە یانا؟ چونکە ئەم دزانین هەیڤ بۆ هەیڤێ دهێتە گـۆڕین خاسـەتەن نەفـت بلنـد دبـتن و دۆلار بلنـد دبیـتن و ئایـا هەمـی وەکـی یەك هـاتیە تەحویـل کـرن یـان نـا؟ سـندوقا کوردستانێ بۆ داهاتی نەفت و غازیەکات حەتا نوکە نەهاتیە دروستکرن، ئایا سـەبەب هەنە؟ ئایـا ڕێگـر هەیە؟ ئایـا کـێ ڕێگـرە؟ بـۆچی حەتـا نـوکە کـو ئەڤە ئێکـێ ژدەسکەڤتیێ دڤـی پەرلەمـانی بوویە، بۆچی حەتا نوکە ئەنجومەنی هەرێمی بو نەفت و غاز کـۆم نەبـووینە، کـێ ڕێگـرە؟ بـۆچی کۆم نابن؟ یەعنی ئەم دزانین داهـاتی هەرە سـەرەکی یـێ هەرێمـێ بـابەتێ نەفتێـیە، بـۆچی ئەڤ ئەنجومەنێ کۆم نابیتن؟ من دوو سێ پرسیارەکێت هەین بۆ وەزیرێ دارایی، سـەرەرای پاڵپشـتیا من بۆ هەمی وان بەرێزێت بەحسی وانەبێژان کرین و گرێبەستەکان کـرین و فەرمـانبەران کـرین ێت گەل هەندی دا مە پرسیارەکا هەی برە پـارەیەکی مەقتـوع بـۆ وانەبێـژانم هـاتیە دەستنیشـان کرن جەنابی وەزیرێ دارایی کـو (٢٥٠) هەزار دینـارە بـۆ دبلـومێ، (٣٠٠) هەزارە بـۆ بەکالۆریۆسـی، تەبعەن زۆربەی ژڤانە دچنە گوندا، ناحیا، قەزا، دەوامـی دکەن، کرێیـا هـاتنوچونێ ژی دەن، کرێیـا وانەبێژیا ڕۆژانە (٣) هەزار دینارە، ئەگەر (٢٥٠) هەزار دینارا وەرگریتن (١٠٠) بـداتە کرێیـا هـاتن و چونێ مەڤگوعێ وی ڕۆژانە دبتە (٣) هەزار، ئایا مامۆسـتایەکی وانەبێـژ دشـیتن کاربکـات ب (٣) هزارا! یەعنی ئەڤە نادادیەکا دەرحەقی وان دێـتە کرنـێ، دگەل هەنـدێ ژێـدا شایسـتەێت وانێـت دارایی هەیڤا (٢،٣،٤،٥،٦) نەهاتینە دابەشکرن، یەعنی ئەڤ مامۆستایە بچ بچیتە دەوامی؟ سبەی بێـتن مـانگرتنی بکـات مەگەلەك دبێـژن مـوزایەدەیە، بەسـمافی وانـایە بـۆچی حەتـا نـووکە چاڤخشـاندنەکا دیتـر یـان ئەم بێـژین بزڤرینەکـا دیتـر لڤـێ بڕیـارێ نەهـاتیە دانـێ ئـو دکەنگـی شایستەیێ وانێت دارایـی بێـنە دان، ئەڤ پـارێ هـاتە پاشـەکەفتکری لکابینێ چوویـدا دیـاربوو ئاخافتنێـت سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران بـوو گـوتی نیزیکـی (٢٨) ملیـارا دۆلار حکـومەت قەرزدارە، ئایـا ئەڤ پـارەی پاشـەکەڤتی ئیـزافە لـگەل ڤیـدایە، یـان ئەڤە بتەنـێ قەرزە، دوو ئەڤ پارەش پار حەتا نـووکە بڕیـاری لێبڕینـێ بڕیـارا (٦١) هـاتیە دانـێ ئەڤ پـارێ هەنـێ مەسیری وی لکێرێیە؟ یەعنی فەرمانبەرێ حەڤن نوکە پرسیاربکەتن ئەڤ پارێت دێتە بڕینێ هەیڤـانە (٢١%) ە مەصیری وی چلێدێتن؟ ئایا ئەڤ کابینە خەلاص بیت کابینێت دی بێت بێژیتن من شولا پێ نینە، کابینەیەك نوکە من سەروشی دەست پێ کینەڤە، ئایا ئیلزاما حکومەتەکا کابینـا نـی بێـت ڤە دانـا

قەرزی ئان نا؟ بڕیارا لێبڕینا مووچەی (٢١%) یەعنی بەس من پرسیارەکا هەی وەتسەری زۆربەی جەماوەریدا، ئو خەلکی کوردستانیدا بۆچە ژمارە (٢١)؟ ژمارە (٢١) لدەڤ مە گەلەك رێزا هەی، سەری سالا کوردییە، خۆزی ئەو ژمارە گوهارتبا، یەعنی ئەڤ (٢١) هەنێ بۆ خەلکی بوو بە کەئابێ، ئایا حکومەتا گۆڕانکاریەکا تێدا بکات، کەم بت زێدە بتوەکو خۆ بیتن هەر (٢١%) چ گۆرانکاری بسەر نایەتن، بۆچی پلە بەرزکرن حەتا نووکە ماوەی پێنج سالا، شەش سالا نەهاتیە کرنێ، کو ئەڤە مافەکی یاساییا فەرمانبەرا بخۆ بخۆیە؟ دوماهیك پرسیارا من ئەڤەیە، جەنابێ وەزیرا دارایی، ئەو مامۆستایی هاتینە دامەزراندن حەتا (٢٠٠٣) مووچەی وانا غەلەتیەکا تێدا هەی دگەلوان مامۆستاین تایبەتێ ئەم بێژین مووچەی وانێ بنەرەت یێ کەمترە شوانا ل (٢٠٠٣) خارتر هاتینە دامەزراندن، ل (٢٠١٢) بڕیار هاتەدان قەرەبویا ڤان مامۆستایان بێتە کرنێ بدوو پێنگاڤا، یا بێژین بدوو وەجبا قەرەبویا مامۆستایا هاتە کرنێ ئەڤ مووچەی وانا بۆ هاتە ڤەگەڕاندن، لبێژن پشتی ئەڤ بڕیارە ئەڤ قەیرانە دارایی هاتی زۆربەی زۆری مامۆستایان نووکە چاڤەرێنە بزانن ئایا جیاوازیا مووچەی وانا دکەنگی دهێتە دان؟ کو ئەڤەش تەقریبەن (٤) سال تێپەڕی، زۆر مەمنونم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەخێرهاتنی ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، لێبڕینی مووچە دابەزینی بەهای دیناری عێراقی، بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك وشتومەك وسوتەمەنی بوو بەهۆی بێزاربوونی دانیشتوانی خەڵکی هەرێمی کورددستان، بووە بە هۆی سستبوونی جوڵەی بازارەکان، لەدەستدانی هەزارەها هەلی کار، من لێرەدا دەپرسم لێبڕینی مووچە بۆ لەکاتێکدا نرخی نەوت لە کاتێکدا کە بڕیاری لێبڕینی مووچە درا، لەگەڵ ئێستادا ئەوەندە و نیویك فەرقی کردووە بەرز بۆتەوە، نەوت بە دۆلار دەفرۆشرێت، مووچە بە دینار دەدرێت لێرەشدا حکومەت هەم داهاتی بۆ دەگەڕێتەوە، بەرزبوونەوەی داهاتەکانی دیکە تەبعەن بە هەمان شێوەیە وەك بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، کەواتە پێویستە حکومەت زانیاری لەسەر ئەوە بە ئێمە بدات، من لێرە دەپرسم هۆکار چییە تۆ وڵاتێك بی فرۆشەری نەوت بی لە کاتێکدا پێویستت بەوە نەبێت میزانیە تەرخان بکەی بۆ ئەوەی بتوانی نرخی سووتەمەنی نزم کەیتەوە خۆت لەو وڵاتەی کە هەرێمێکی سەر بەو وڵاتە، لە وڵاتە فرۆشەرە نەوتەکە ئەوەنە و نیوێك زیاتر سووتەمەنی بفرۆشی، بەراستی ئەمەش زەختکردنە لە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوت بۆ بەغدا دەپاڵێوێت بەغدا دەیدا بە (٤٥٠) دینار، بەڵام لێرە خۆی خراپترین بەنزینیان دەدا بە (٧٥٠) دینار، من لێرە دێمە سەر یاسایی چاکسازی، چاکسازی پێویستە لەسەرەوە بکرێت بۆ خوارەوە، نەك لە خوارەوە بۆ سەرەوە، من لێردا پێشنیار بۆ حکومەتی هەرێم کوردستان دەکەم، ئەگەر هەر بەم شێوەیە دەزانن بە هیوام وانەبێت بتوانین چارەسەری لیبڕینی مووچە بکەین، بەڵام ئەگەر چارەسەری لێبڕینی مووچەیان پێناکرێ لە جێی ئەوەی لێبڕینی مووچەی فەرمانبەران بکەن با قەوارەی حکومەتەکە بچووك بکەنەوە، هەیکەلی

حکومەتەکە، ئەو حکومەت گەورەیە لەگەڵ ئەم بارە گرانە ئابوورییە بەیەکەوە ناڕوا، حکومەت پێویستە لەخۆیەوە دەستپێبکاتەوە، هەیکەلی خۆی بچووك بکاتەوە، ئەو ئەوکاتە لەوە چەند کورتهێنانی هێنا ئەو کاتە دەتوانی دابەزێت بۆ خوارەوە، نەك بۆ مانەوەی خۆیان لەسەر ئەوە بیانەوێت زەختەکەیان بخەنە سەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، سیستەمی حکومەت بە تەعین و تەرقیە و تەنەقول و تەقاوت دەڕوات بەڕێوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر چواریانی وەستاندووە، نەدامەزراندن هەیە، نە پلە بەرزکردنەوە هەیە، نە گواستنەوە هەیە، نە خانەنشین هەیە، گۆمێك ئاو بێنە ئەگەر ئاوی نەیەتە سەر و لەبەری نەڕوات بۆگەن دەکات، ئێمە وامان لیهاتووە، ئەمەش لە ئەنجامدا بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ گەلی کورد زۆر زۆر خراپ دەبێت لەبەر ئەوە ئەمە تەنها ئەوە نییە ئێمە بڵێین خەڵکەکانمان تەعین ناکرێ، ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەو خەڵکانەی کە لە جامیعەکان و لە مەعهەدەکان تەخەروج دەکەن لە حکومەت کاریان بدەینێ، بیانخەینە سەر کار شەرت نییە تۆ تەنیا بڵێین حکومەت بەس خۆ ئەبێ حکومەت ڕێژەیەکی جیا بکاتەوە، ئەی کەواتە ئێمە جامیعەکانمان بۆ چییە، لە (٢٠١٤) هەتاوەکو ئێستا فەرموون ئێمە کێمان تەعین کردووە؟ ئەگەر کەسێك بوارێکی تەواو کردبێت لەوکاتە هەتا ئێستا لە بوارەکەی خۆیدا کاری نەکردبێت چی لەبیرماوە؟ کەواتە ئەو تەمەنەی بە خوێندنەوە سەرفی کرد، تەمەنەکەی بە زایەع چووە، ئەگەر واشبێت ئێمە تەمەنی هەموو گەنجەکانی ئەم وڵاتە بە زایەع بدەین، من پێشنیار دەکەم بەراستی ئەو دوو وەزارەتە وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا نەمێنێ، خەڵك بنێرن فێری پیشەی بکەن، لەجێی ئەوەی فێری خوێندنی بکەن و نەتوانن کاری بۆ بدۆزنەوە، من پرسیارم بۆ هەردوو ئەو بەڕێزان وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، من دەمەوێت بزانم داهاتی نەوت بە ناوخۆ و دەرەوە ڕۆژانە ئێمە چەند نەوت دەفرۆشین بە ناوخۆ و دەرەوە؟ مانگانە چەند دەفرۆشین؟ چەندیش لە نرخی بازار کەمتر دەیفرۆشین؟ خاڵە سنوورییەکان بەراستی وایلێهاتووە حکومەت تۆپەکەی فرێداوەتە ناو پەرلەمانەوە، ئێمە برادەرانی پارتی تۆمەتبار دەکەین بەوەی ئەوان داهات ناگەڕێننەوە، ئەوان برادەرانی ئێمە تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە ئێمە داهات ناگەڕینینەوە، فەرموون ئەو داهاتەی کە هەیە لە سەرجەم خاڵە سنوورییەکان با وەزارەتی مالیە بۆ پەرلەمانتاران، بۆ خەڵکیشی روونکاتەوە بزانین هەر دەروازەیەك مانگانە چەند پارە دەنێرێتەوە خەزینەی حکومەت بەپێی پارێزگاکان و بەپێی شوێنەکانیان، داهاتی ناوخۆ وەکو هەموومان دەزانین باج و رسومات بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆتەوە، بەڵام ئایا ئەم باج و رسوماتانەی بەرزبۆتەوە ئەم داهاتانە وەکو زەریبە، وەکو هاتوچۆ، ئەمانە ئەگەر ئەگەرێنەوە بۆ خەزێنەی حکومەت یان ناگەڕێنەوە بۆ خەزێنەی حکومەت؟ داهاتی غاز حکومەت هەر ئێمە مەشغول کردووە بە نەوتەوە، ئایا ئێمە غاز بە دەرەوە دەفرۆشین یان هەر لە ناوەوە دەیفرۆشین؟ داهاتی ئەم غازەش چەندە ڕێژەکەیمان پێبڵێین؟ جەنابی وەزیری دارایی ئایا مانگانە لە چەندی مانگدا یان بەرۆژانەیە یان بە کاتێکی دیاریکراوە ئایا ئەم داهاتە دەگەرێتەوە خەزێنەی حکومەت، ئەو داهاتانەشی کە دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت وەك ئاماژەمپێدا بە پێی جۆرەکەیان بە داهاتی نەوتی، بە داهاتی خاڵە سنوورییەکان، بە ناوخۆییەکان چەندە؟ خەرجیمان دەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرجی مووچەی دەوێت، خەرجی مووچەمان دەوێت بە لێبڕین، بەبێ لێبڕین، دەرهێنانی

نەوت کولفەی تێچووە و پارەی دەوێت، دانەوەی قەرزی دەرهێنانی نەوت جێگیرە یان جێگیر نییە، مانگانە چەند بۆ قەرزی نەوت دادەنرێت دەدرێتەوە؟ گواستنەوەی نەوت مانگانە چەندی دەوێت؟ خزمەتگوزاری مانگانە چەندی دەوێت؟ دەستنیشانیش بکرێت ئایا شارەکان بە چ شێوەیەك بوودجەیان بۆ تەرخانکراوە، چۆن وەبەرهێنانیان تیا کراوە، چۆن خزمەتگوزاریان تیا کراوە، ئەوەش پارێزگا بە پارێزگا بۆمان دەستنیشان بکەن، دانەوەی قەرزی ناوخۆ و دەرەکی، ئەمەش مەبلەغەکەیمان بۆدیاریبکەن کە مانگانە چەند لە قەرزی ناوخۆ دەدرێتەوە چەند لە قەرزی دەرەکی دەدرێتەوە، تکایە بۆ تەمویلی ئەمریکانە نە لە داهاتەکان نە لە قەرزەکان نەبێت، ئەشپرسم ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بێجگە لەم داهات و خەرجیانە هیچ داهات و خەرجییەکی دیکەی هەیە؟ ئەگەر هەیە تکایە ئەو داهات و قەرزانەی دیکەشمان پێبڵێن، دەمەوێت کۆی گشتی ئەو قەرزانەی کە لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستانە کەی و لەکوێ قەرزکراون، بۆچی خەرجکراون؟ لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تا پێش (٢٠١٤) لە بەغداوە بوودجەشی بۆ هاتووە، داهاتی ناوخۆیشی هەبووە، کۆتا پرسیارم بۆ بەڕێز وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پەرلەمان، یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ قەراربوو لە حکومەتەوە بێتە پەرلەمانی کوردستان لە ئێستادا، کۆمەڵێکی زۆر لە هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بە تەمای خۆ خانەنشینکردنن، بەبیانووی ئەم پرۆژە یاسایە بۆ ئەوەی بێتە پەرلەمانەوە لە ئێستا کار بە یاسای چاکسازی ناکرێت، پرۆژە یاساکەش تا ئێستا زۆر تاخیر بووە، پێم باشە ئەگەر جوابێك بداتەوە ئەگەر ئەم یاسایە دێتە پەرلەمانەوە ئەوە با ئەو خەڵکە چاوەڕێ بکات، ئەگەر ناشێتە پەرلەمانەوە ئەو دەرگایە بکەنەوە با ئەوەی دەیەوێت کە بەپێی یاسای چاکسازی خۆی خانەنشین بکات، خۆی خانەنشین بکات، خەڵك لەوە زیاتر چاوەڕوان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە من نامەوێت پرسیارەکان دووبارە بکەمەوە، بە دەقیقی ئێمە ئەمڕۆ دانیشتووین لەسەر دۆخی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان قسە دەکەین، لەم پەرلەمانە بەڕێزە لێژنەیەکی تایبەتمەند هەیە، ئێمە لە ماوەی رابردوودا دوو ڕاپۆرتی تێر و تەسەلمان هەم لەسەر دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان، هەم لەسەر خاڵە سنوورییەکان باسکردووە، لێرە بە شانازییەوە دەیڵێم یەك نەبووم لەو ئەشخاصانەی بچم مۆبایلەکەم دەرکەم هەر لە خۆمەوە رەسمی کۆنتێنەرێك بگرم بڵێم ئەمە قاچاغە، نزیکی پەنجا و حەوت سەعات ئێمە خەریکی کۆبوونەوە و بەدواچوون بووین لەو خاڵە سنووریانە، هەتا توانیمان ڕاپۆرتێکی ورد بە کۆمەڵێك ڕاسپاردەی باشەوە بخەینە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە دەردی برای بەڕێز کاك (عبدالحکیم) وتی بریا ئەنجومەنی وەزیرانیش حەقی مووچە و نەسریەکەی خۆیان بدایە، لایەنی کەم ڕاپۆرتەکانی ئێمەیان بخوێندایەتەوە ڕاسپاردەکانیان لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردووا هەندێکی جێبەجێ بکردایە لەوانەیە ئێستا دۆخەکە بەرەو باشتر بوایە، مەلەفی نەوت لە هەرێمی

کوردستان من زانیارییەك هەیە حەز دەکەم بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان باسی بکات، باس لەو خراپ ئیدارەدانە ناکەم کە لە ماوەکانی رابردووا لە مەلەف و لە کەرتی نەوت کراوە، هەموو هاوڕێکانم بە ورد و درشتی بە هەندێ ئەرقامەوە باسیان کرد، چونکە سەبەبی ئەو خراپ ئیدارەدانە، سەبەبی ئەو کۆمپانیا کارییە شەخصی و حزبیانەی کە لە کەرتی نەوت هەیە وای کردووە ئێستا ئێمە لە سەرووی (٧٠$) نرخە نەوتەوە خاوەنی (٢٢$) بین بۆ هەر بەرمیلێك نەوت، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی لای ئێمە هەیە ئەگەرکۆمپانیاکان کە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزاریانین، ماوەی مووەدەی قەرزەکانیان درێژ نەکەنەوە، مەلەفی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) ئینهیار دەکات، بەشێکی زۆری ئەو کاتەی داهاتی نەوت لەوەی کە ئێستا هەیە دوو ئەوەندە دەچێت بۆ کۆمپانیاکان لە بەرامبەر پێنەدانەوەی قەرزەکان، کە پێم وایە ئەوە ئەرکێکی گرینگی ئێستای ئەنجومەنی وەزیران رێگە و رێ وشوێنێك بدۆزرێتەوە بۆ ئیقناعکردنی ئەو کۆمپانیایانە بۆ ئەوەی ئێمە مووەدەی دانەوەی قەرزەکان درێژ بکەینەوە، مەسەلەی مەلەفی باج و رسومات، باج و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان، پەیوەندی ئینتەرنێت، هەموو ئەمانە بە تەفاصلی لە ماوەکانی رابردوودا لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی باج و لایەنە پەیوەندیدارەکان باسی لیکراوە، رێوشوێنەکان هەمووی خراونەتە روو، هەموو ئەو سێ چوار سێکتەرەی باسم کرد ئەمانە چارەسەری قەیرانی دارایی دەکات لە هەرێمی کوردستان، کە ساڵیك و سێ مانگ پێش ئیستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری بۆ دەرکردووە، من ئێستا من گوێم لە بەشێك لە هاوڕێکانم دەبێت دەڵێن با بڕیاری تەشریعی دەربکەین، حکومەت خۆی بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ ناکات، بڕیاری پەرلەمان چۆن جێبەجێ دەکات، بڕیارێك کە بە ئیرادەی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووبێت کە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدارن ناچێتە بواری جێبەجێکردن، بڕیاری پەرلەمان کە ئێمە هەموو ئەو بەڕێزانە دەزانن قوەی قانوون لە سەرووی قووەی بڕیارەوەیە، ئەنجومەنی وەزیران بە لێبڕینی مووچە پێشێلی قانوونی کردووە، قووەی قانوونی زۆر زۆر گەورەترە لە قەرارێکی پەرلەمانی، کە تۆ قانوون پێشێل بکەی بێگومان ئەشتوانی پێشێلی بکەی، دەمەوێت کورتەی پووختەی قسەکانم بەمە بکەم.

بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە دڵنیاین هەمووومان لەسەر ئەوەی کۆکین کە چاکسازی پێویستی بە ئیرادە، چونکە ئەگەر لە مەصلەحەتی کۆمەڵێك خەڵکی موستەفید لە پرۆسەی گەندەڵی، بەشێکی زۆری ئەوەی کە ئێستا رێگرە لە ئەنجامدانی چاکسازی ئەوانەن کە موستەفیدن لە گەندەڵی، یەعنی هاوکێشەیەکی زۆر زۆر بەسیتە، پرۆسەی چاکسازی لە جەوێکی ئیستیقراردا دەکرێت، بەداخەوە ئێستا ئەوەی کە من دەمەوێت بە روون و ئاشکرایی لە زمانی وەزیرە بەڕێزەکانەوە کە هاتوونەتە لیژنەی دارایی و لە زمانی سەرۆکی پەرلەمانەوە بۆ سەرۆکی حکومەت، بەروون و ئاشکرایی دیارە ناکۆکی سیاسی نێوان یەکێتی و پارتی ئەم ناکۆکیە رەنگی داوەتەوە، بووە بە رێگرێکی ئەساسی لەسەر پرۆسەی چاکسازی، من نامەوێت ئەو قسانە بکەم لەبەردەم کامێرا بوترێت، من دەمەوێت ئەو قسانە بکەم کە لە پشتی کامێرا گرینگە بیری لێبکەینەوە، چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پار بە ئاشکرا لەم هۆڵە داوای لێبوردنی لە خەڵك کرد وتی پێنج مانگە ناکۆکی سیاسی دەست و پێ ی منی بەستووە ناهێڵێ پەرلەمانی کوردستان کۆبێتەوە، بەڕێز

سەرۆكی حكومەت هاتووە دەڵێ من ناتوانم بە قورسی دەست ببەم بۆ خاڵە سنوورییەكان توشی شەڕی ناوخۆ دەبم، وەزیری پێشمەرگە هاواریەتی لەوەی كە لەباتی هێزەكانی بۆ بكەن بە هێزێكی نیشتمانی ئێستا هێزەكان بوون بە هێزی شەخصی، كۆمەڵێك نمونەی بچوك كە لەم ماوەی رابردووا بووە بەس بزانە بە بۆنەی ناكۆكی سیاسییەوە چی لێبووە، بڕیاردرا هێز بنێردرێتە خاڵە سنوورییەكان، ئەم بڕیارە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، یەكێتی دەڵێ خاڵە سنوورییەكان بە ناردنی هێز چارەسەر نابێت دەبێت رێ و شوێنی تر بدۆزینەوە بۆ ئەوەی میكانیزمی توند و تۆڵكردنی سنوورەكان پارتی دەڵێ نەخێر دەبێت بە هێز حەلی بكەین، لە ئەنجامی ئەم ناكۆكییە بڕیارەكە ناچێتە بواری جێبەجێكردن، بەڕێز وەزیری ناوخۆ لە لێژنەی دارایی باسی كرد یەك ساڵی رێك بەس دەرچواندنی پەیڕەوی رێكخستنی یەكەی پاسەوانی لەسەر ژمارەی بارەگا و بەرپرسە حزبییەكان پەكی كەوتووە، بەس لەسەر ئەوە كۆك بوون مووچەی حیمایەی وەزیرەكان لە شەشەوە بكەن بە دە، لەسەر هەمووی ناكۆك بوون، ئێمە بەپێی یاسای چاكسازی دەبوایە وەحدەی حیسابی یەكەكانی (٧٠)، (٨٠) دروست بكەین، كاك (عبدالحكیم) لە كۆبوونەوەكە بوو، بەڕێز كاك (شۆرش اسماعیل) گوتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران پەیڕە و رێنماییەكیان دەركردووە بۆ ئەم ئیشە گوتی لە دیدی ئێمەدا پێمان وایە ئەمە یەكەكانی (٧٠)یە، لە بەرامبەردا ئەوان یەكەكانی (٨٠) تۆمەتبار دەكەن بە ئیلتیزام نەكردن، یەكەی (٨٠) یەكەی (٧٠) تۆمەتبار دەكات، لە رێكخستنەوەی یەكەی پاسەوانی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان كە ئێمە بەپێی یاسای چاكسازی دەسەڵاتمان داوە بە وەزیری ناوخۆ ئەو عەقدانە دیاری بكات بۆ پاسەوانەكان، بڕوا بكە نەگەیشتونەتە نەتیجە چوون لێژنەیەكیان پێكهیناوە نوێنەری یەكەی (٧٠) نوێنەری یەكەی (٨٠)، نوێنەری زێرەڤانی، نوێنەری بەرگری و فریاكەوتن، نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ، نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمە دەرچواندنی پەیڕەوێكە بۆ رێگریكردن لە چاكسازی، بۆ رێگریكردن لە یەكخستنەوەی یەكەی پاسەوانی، بەم شكل و بەم شێوازە ناتوانین بگەینە نەتیجە، هەموو ئەو وردەكاریانەی ئێستا هاوڕێكانم لە ئەرقامەوە بۆ چارەسەری خاڵە سنوورییەكان، بۆ چارەسەری مەلەفی نەوت هەمووی خستیانە روو هەموومان دەزانین حكومەت لە ئێمە باشتر ئەوە دەزانێت، پرۆژەی زۆر وردتریان لەم قسانە ئێمە لەبەر دەستدایە، هەموو زەختی سیاسی ئەم پەرلەمانی كوردستانە ئەوە كە ئەم ئیرادە سیاسییە فەرج بكات بەسەر حكومەتدا، كە دەڵێن حكومەت یەعنی بەم شەرحەی كە من كردم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێستا شتیك هەیە ناوی حكومەتە خەریكی ئیجازەی سایەقی و تاپۆ و زەریبە و باج و ئەو شتنەیە، شتیكیش هەیە ناوی دەسەڵاتی سیاسییە كە پارەی چەكی لە دەستە، ئەم دەسەڵاتە لە حكومەت گەورەترە جەنابت لە كۆبونەوەكە بووی بە بەڕێز كاك (قوباد تاڵەبانی) مان وت ناوی ئەو گروپە سیاسی و ئەمنیانەمان پێ بڵێن كە رێگرن لە پرۆسەی سیاسی، چونكە لە هەندێك شوێن حكومەت قەرارەكەی دەركردووە، وەزیر قەرارەكەی دەركردووە، پەیڕەی بۆ دەرچووە، رێنمایی بۆ دەرچووە، ئێ ناچێتە بواری جێبەجێكردن، لەبەر ئەوەی بەرپرسێكی حزبی، بەرپرسێكی سیاسی بە قوەتتر لە حكومەت دەتوانی رێگری لێبكات، فەوج و پاسەوانەكانی ئەم وڵاتە كە مووچە لە حكومەت وەردەگرن بەوانە ئەوان رووبەرووی هیزی ئەمنی و هێزی ئاسایش و پۆلیس دەبنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەم، زۆر بەخێربێن، هاوڕێکانم و هاوزەمینەکانم قسەکانیان هەموویان کردووە، کە باسی مووچە و لێبڕینی مووچە، وانەبێژان و یەکەمەکان، بەراستی نامەوێت من ئەمانە دووبارە بکەمەوە، بەس هیوادارم ئیشی لەسەر بکرێت ئەوانە، ڕەنگە من پرسیارەکانم زۆربەیان ئاراستەی بەڕێز (د. ئومێد) سەرۆکی دیوان بێت، خانەنشینی هێزی ناوخۆ ئایا دێتە ناو پەرلەمان یان نا؟ چونکە ڕۆژانە ئێمە پەیوەندیمان پێوە دەکریت هێزەکانی ناوخۆ پەیوەندیمان پێوە دەکەن، حەقی خۆشیانە؟، چونکە مووچەکی زۆر زۆر کەمیان هەیە کە خانەنشین بکرێن، زۆربەیان بەتەمەن بوونە و تاقەتی واجب و پیشەکەی خۆیان نییە، بەڕێز سەرۆکی دیوان من باسی قەزای (کۆیە) دەکەم بەداخەوە کە بەسەر خۆڵ و خاشاك و زبڵدا وێران بووە، گرێبەستی کۆمپانیای کۆکەرەوەی خۆڵ و خاشاك ئایا بۆ درێژ ناکرێتەوە؟ دەستت خۆش بێت ئەگەر تەواو بووە، پێدانی مووچەی کارگوزارانی نەخۆشخانەی شەهید (د.خالد) کە چەند جار ئێمە چووینە لەگەڵیان دانیشتووین بەراستی شەش حەوت مانگە بەبەلاش لەوێ کاردەکەین وە ناشتوانن دەست لەکارەکەیان هەڵگرن، بێ مووچەش لەوێ ئەوە دەکەن، هیوادارم ئەوەش ببێتە ئەولەویەتی کارەکانی بەڕێزت، ئێمە لە قەزایەك دادەنیشین کە کۆنترین قەزایە یەکێکە لە کۆنترین قەزاکان لە شاری (کۆیە) نەوتی تێدا ڕۆژانە دەکرێت.

هیوادارم حکومەتی هەرێم هەر بۆ تەنکەرە نەوتەکانی خۆیی ئەو دوو سایدە تەواو بکات کە ڕۆژانە تەنکەرە نەوتی پێدا دێ و دەچی، بۆ ئەوەی ڕۆژانە تەنکەرە نەوتەکان لەسەر ڕێگا ئاگر نەگرن، نەخێر ئەو دوو سایدەی کە دە ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەراری لێدراوە و بە ئەنقەست تەواو ناکرێ، چونکە ئەوە بە ئەنقەستە لێرە من لەوەتەی لە پەرلەمانم جادەی (١٢٠)، (١٥٠) چەند ئەو جادانە تەواو بوون ئەو دوو سایدەی (کۆیە) هەر تەواو نەبوو، بەداخەوە، هۆکارەکەی نازانین چییە، ئێوە تەنکەرە نەوتەکانی پێدا دەبەن هیوادارین هەر لەبەر خاتری نەوتەکەی خۆتان ئەو دوو سایدە تەواو بکرێت، چیتر ئەوە نەکرێت، باسی خاڵە سنوورییەکان دەکرێت، سەرتاسەری خاڵە سنووریەکان قاچاغی تێدایە، بێ قەرق و جیاوازی لەو زۆن و لەو زۆن هەموو خاڵە سنوورییەکان قاچاغی تێدایە، هیوادارین حکومەتی هەرێم زەبت و ڕەبتی تەواو بەکاربێنێت، تریاك یەکێکە لەوانەی کە ڕۆژانە لەو خاڵە سنووریانە دێت بۆ هەرێمی کوردستان کە خەڵکی مە و گەنجی مە وێران بووە بەوەی کە منداڵەکانمان دەگەنە (١٥) ساڵ تووشی ئەو پەتایە دەبن، ئایا حکومەتی هەرێم ناتوانێ ئەوە ڕێگری لێبکات کە چیتر ئەو تریاکە نێت، مووچەمان نییە، ئاومان نییە، کارەبامان نییە هەرچی نیمانە بەڵام منداڵەکانیشمان خەریکەبە لارێدا دەچن، هیوادارم یەعنی ئەوە زۆر زۆر ترسناکترە لە مووچە و لە هەموو شتێك ترسناکترە ئەوەیە، ئاوی چەمچەماڵ کە چەند جارە قایمقامی قەزای (چەمچەماڵ) و خەڵکی (چەمچەماڵ) لێمان دەپاڕێتە هەر کەسێك دەچێ تکا و ڕجای لێدەکات بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە هەشت ڕۆژ یەك جار ئاوی دێت، ئێستا بووە بە (١٥) ڕۆژ، ئایا کەس لەماڵی خۆمان دەتوانین بە

(١٥) رۆژ جارێك ئـاوبێ، هەڵوێستی حکومەتی هەرێم تـا کەی بێ هەڵوێست دەبێت لە ئاستی ئـاوی چەمچەمـاڵ، وشـکە سـاڵی کە بەرۆکـی هەمـوو کوردسـتانی گرتـۆتەوە زۆربەی گونـدەکان خەریـکە چـۆڵ دەکـرێ و بیـر مەمنـوعە لێبـدرێت و حکـومەتی هەرێمـیش تـاوەکو ئێسـتا هـیچ دەستپێشخەریەکی نەکردووە بۆ ئەوە، من دەڵێم خەڵك تەعـین کـردن دلنیـای لەوەی کە جـارێکی دیکە ئەوە حکومەتی هەرێم مووچەی ئەوانەی تـری پـی تەواو ناکرێـت (٢١%)ەکە دڵنیـان لەوەی کە تەعینات نابێـت بەڵام هیـوادارین کەرتـی تـایبەت بکـرێتە ئەولەویەتـی حکومەتی هەرێـم، بـۆ ئەوەی ئەوانەی کە دەردەچـن بارسـووکیەکی زۆر زۆرەبـۆ حکـومەتی هەرێـم بچـن لە کەرتە تایبەتەکان ئیش بکەن، دەستتان خۆش بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماوەی یەك سەعات پشوو وەردەگرین سەعات (٩) دێینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێربێنەوە ئێستاش دەست بە دانیشتنەکەماین دەکەینەوە، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەك بابەت هاتنە بەحسکرن، گەلەك تێبینی و تشت هاتنە گۆتن مخابن گەلەك پرسیار دووبـارە و بیست بارە و سی بارە بوون، هەروەسا گەلەك پرسیار هاتنە کـردن کـو هـیچ پەیوەنـدی بکۆنبـۆنی نەبـووە، ئەڤ کۆنبونـا تەنهـا لسـەر مـووچەی بـوو، چەنـد خالەکـا بسـەریعی شـەرح کەم چەنـد پرسـیارەك، بەڕێـز وەزیـرێ دارایـی جەنـابی تە بـابەتی مـووچە و یەکـیش بـوو لە گرینگتـرین هەنوکەی کوردستانێ بوو، هەروەسا سـەرداهاتێ کوردسـتانێ ڤـان مـاوەی بورێـدا پەرلەمانتـارێ کوردستانێ، خەلکێن سیاسی، خەلکێ نا سیاسی، خەلکـی دەرڤەی سیاسـەت هەمـووی لێـدوان و تێبینی لسـەر وەزارەتـا دارایـی هەبـوون تەنهـا کەسـەکەی کە هـیچ تێبینـیەك و هـیچ قسـەك لڤـێ ماوەێدا نەکر جەنابێ تە بووە، مجابنیڤە پێتڤـی بـۆ جەنـابێ تە رۆژانە لسـەر شاشـا تەلەفیزیـۆنێ هەمـوو پێزانینـێ لسـەر داهـات و بـوودجە و تەسـلیمکردنا وانـا براسـتی و راشـکاوانە بەحـس کربوون، جەنابی تە لڤـی پەرلەمـانی سـوندا یاسـایی خـار کـو جەنـابێتە راسـتگۆ بێـت دگەل ڤـی خەلکی و لگەل پەرلەمانتارێ کوردسـتانێ، بەلـێ مخـابنیڤە کۆمبونـا بوریـا دگەل هەنـدێ پێزانینـا جەنابێتە بۆ مە، ناڤبەینا مە و فراکسیۆنێ یەکێتی تێك چوو لسەر هەندەك پێزانینەکـا نەدروسـت بوون.

وەکو پەرلەماتارێ پارتی تێنە جەم جەنابێ تە جەنابێ تە وەکو پارتی بدلی وان دئاخڤت، وەختـی دەڤ یەکێتـێ بدلێ یەکێتی دئاخڤت، ئەڤ بوویە سەبەب کۆمبونـا بوریـا لسـەر داهـاتێ و شـێوازا داهاتێ و نەهاتنـا داهـاتێ سـنورا زەر و کەسـك بـۆیە جهـێ ئاریشـەیێ دنـاڤ بەینـا پەرلەمانتـارا، هێڤیدارم جەنابێتە ئەڤـرۆ راشـکاوانە و راسـتگۆیانە هەمـوو بابەتـا بـۆمە بەحـس بـکەت، بـابەتێ دووێ بـرادەرەك گەلەك بەحـس کـر لسـەر فەرمـانبەر و گرێبەسـت و کـاك (هـاورێ) ژبەحسـێ خۆبەخشا کر من کورتی دڤێت بزانین چارەسەریا ڤان فەرمانبەر و گرێبەست و دەرچـووێ زانکـۆ دگاتە چی.

پرسیارەك بۆ بەڕێز (خالید شوانی) مە هەیە، چارەنقیسێ دانوستاندن دگەل بەغدا گەهیشتە چ رادەی؟ هەر جارەك مزگینیەك تێت و پشتی ڤان مزگینیا چ لێدوان ژ جەنابێ وە گوهلێنەبی، کو ئایا ئەڤە شێوازی تەکنیکی تێکچوویە؟ ئان بوودجەیا ئان سلفەیە؟ هەر جارەك تشتەك تێتە گۆتن حەتا نوکە بێژن ژبەر ئارشا تەکنیکی چارەسەر نەبوویە، نازانم کەنگی ئەڤ ئاریشەیا تەکنیك چارەسەر بن، پرسیارەك ژبۆ بەڕێز کاك (ئارمانج) دۆسیا قەرزێن هەرێما کوردستانێ دەڤ جەنابێ تەیە؟ من پێ باشە ئەگەر جەنابێ تە بکورتی بۆمە رێژبەندیەکا قەرزا هەرێما کوردستانێ کو ئاخر جار جەنابێ سەرۆك وەزیران بەحس کر کە (٢٨) ملیارە ئایا زێدەتر بوویە، ئایا بڤی شێوازی مایە ئەڤ قەرزە گەهشتنە چ رادەیەك؟ پرسیارەك ژی بەڕێز کاك (عبدالحکیم خەسرۆ) لسەر چاکسازێن جەنابێ تە حەتا ئەڤ یاسا چاکسازی هاتە جێبەجێ کرنێ چەند دسەدی هاتە جێبەجێ کرنێ؟ ئایا جەنابێ تە شرێڤە چوو چاکسازیێ لڤێ پرۆسەیێدا رازیيە یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.ڕێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، وەلا من قسەکانم بە وتەیەك کە ئینگلیزەکان باس دەکەن دەڵێ (بێ پلانی واتا شکستی ئەو کەسە) وا ئەوەی کە پلانی نەبێ پلانێکە بۆ ئەوەی شکست بێنێ، منیش پێم وایە ئەو بەڕێزانەی کە ئەمرۆ هاتوون بێ پلانن، بەڵگەی ئەوەی کە وەزیری پلاندانان لێرە نییە باس لە پلانی ئەم بەرێزانە بکات بۆ ئەوەی کە چۆن ئەم دۆخە چارەسەر بێ، باس لەوە بکات کە رێژەی بیکاری بۆچی لە هەڵکشاندایە چارەسەریان نییە، باس لەوە بکات چ پلانێکیان هەیە بۆ ئەوەی کە گەنجانی ئێمە سەرهەڵنەگرن، کە بەداخەوە لە ماوەی چەند مانگی رابردوو بە هەزارەها گەنجی ئێمە خەڵکی ئێمە لەنێو ئەو خەڵکەشدا توێژی گەنج، تەمەنی گەنج، بە هەزارەها کەس وای ئێستا سەری خۆی هەڵگرتووە رووە و هەندەرانە، من لەو بەڕێزان دەپرسم کە ئەمڕۆ تەمسیلی حکومەت دەکەن خەڵك دەپرسێت دەڵێ حکومەت کێ یە؟ من ئەو خەڵکە دەڵێم حکومەت بریتی یە لەو بەڕێزانە لەبەر ئەوەی هەر بڕیارێك دەربچێت بە بڕیاری لێبڕینی مووچەشەوە ئەم بەڕێزانە هەمووی دەنگی پێداوە، واتە بڕیارێك نییە کەسێك یان دوان تەمسیلی بکەن لە ئەنجومەنی وەزیران، حەز دەکەم ئەمە روون بێت بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، هەر وەك چۆن لە ساڵانی رابردوو لەدوای (٢٠٠٧)ەوە کاتێك کە بڕیاردرا نەوتی هەرێمی کوردستان هەنارده بکرێت ئا لەوێیا لە ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری هەموو ئەوانەی کە ئەندامن لەوێدا بڕیارەکە دەرچوو، من لەو بەڕێزانە دەپرسن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە ئایا ئەم بەڕێزانە لە معاناتی خەڵکی گەیشتوون؟ من پێم وایە نەخێر، لەبەر ئەوەی هیچ یەکێك لەو بەڕێزانە بەنزین بە پارە ناکڕێ، کاك (خالد) با من قسەی خۆم بکەم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (خالد)، کە کاك (د.ڕێبوار) تەواو بوو...

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاکە تۆ حکومەتی، جەنابت حکومەتی، قسەی خۆم تەواو نەکردووە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاری دانوستان، بە تەنها مەبەستی وەزیرێکی دیاریکراو نییە، بەڕێزان...

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕووی قسەکانم ئاراستەی حکومەتە، کە ئەم بەڕێزانە تەمسیلی حکومەت دەکەن، ئایا کاك (خالد شوانی) ئەندام نییە لە ئەنجومەنی وەزیران؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەمووەمان ئەندامین.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی چۆن، خۆ من مەبەستم وەزیرێکی دیاریکراو نییە کە سەر بە حزبێکی دیاریکراو بێت، من مەبەستم هەموو ئەو بەڕێزانەیە، من لێرە نوێنەری خەڵکم ناچارم بە زمانی خەڵك قسە بکەم، دوور لە هەموو پرۆتۆکۆلێك، بۆیە من دەپرسم ئەگەر کەسێك لە معاناتی خەڵکدا نەژیابێت حەتمەن پلانیشی نییە بۆ ئەوەی دۆخەکە چارەسەر بکات، کاتێك کە من بەنزینم بەلاش بێت، کاتێك ك من کارەبام هەبێت کاتێك کە من بۆنمونە کرێ خانوو نەدەم، لە ڤێلایەك بژیم حەتمەن ئاگام لە معاناتی خەڵك نییە، بۆیە لێرەوە داوا دەکەم ئەم بەڕێزان ئەگەر بۆ (٢٤) سەعاتیش بێت داوا بکەین هەرچی ئیمتیازاتی ماددی هەیە لێیان وەرگرینەوە بیان نێرینە ناو خەڵك بۆ ئەوەی پلانێکیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کاتێك کە بڕیاری لێبڕینی مووچە دەرچوو هەمووەمان دەمانزانی هەندێ هەڵومەرجی بابەتی هەبوو وای کرد کە ئەمە بچێتە بواری جێبەجێ کردن وە هەمووشمان ئەمەمان پێ قەبوڵ بوو، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی کە دۆخەکە هەموار کراوە باری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان باش دەبێت، داهاتی ناوخۆ زیاد دەبێت، داهاتی نەوت زیاد بووە، نرخی نەوت بەرزبۆتەوە ئینجا بەو دۆلارەش کە دەیگۆڕییەوە بە بەهای دینار ئەمیش هەر بۆخۆی قازانجێکە بۆ حکومەت، بۆچی ئێستا ئەم بەڕێزانە بیریان لەوە نەکردۆتەوە بە پلانێك کە لێبڕینی مووچە نەهێڵن؟ من دەپرسم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە وەزیری نەوت دەپرسم کە لە حزبەکەی خۆمە بۆ ئەوەی هیچ برایەکی بەڕیز لێرە هەست بەوە نەکات کە من بە زمانی حزب قسە دەکەم یان بە نەفەسێکی حزبی، (١٠) ڕۆژ من خەریکی لێکۆڵینەوە بووم لەگەڵ لێژنەی سامانە سروشتییەکان بۆ ئەوەی هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین بزانین، کۆمەڵێك پێشنیاری واقعی و عەمەلیمان خستە ڕوو ئەم بەڕێزەی کە لێرە دانیشتووە نە دەنگی هەبوو نە ڕایەکی لەسەر بابەتەکە هەبوو، ئێمە داوامان کرد بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەمە پێشنیاری ئێمەیە وەرن با کۆبونەوەیەك بەیەکەوە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەلایەنی کەم هەم نرخی بەنزین جێگیر بکەین، هەمیش

کۆنترۆڵی قۆرغکاری بەنزین بکەین، لێنەگەڕێین کوالێتی بەنزین دابەزێت بەڵام ئەو بەڕێزەی ئێستا کە ناوی وەزیری سامانە سروشتییەکانە هیچ دەنگی نەبووە، من تەحەمولی هەموو ئەو قسانە دەکەم کە ئێستا دەکەم، وەزیری دارایی جەنابتن دەزانن کە دەزانی یەکێك لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکان بۆ کۆچی گەنجان بۆ دەرەوە بریتییە لە بێکاری، ئەزانی کە رێژەی بێکاری لە هەڵکشاندایە لە هەرێمی کوردستان؟ ئایە ئێوە وەکو وەزارەتی دارایی تا چەند توانیوتانە دەستەبەری کارێك بکەن؟ ئەمە وەزارەتی پلاندانانیش هەر نەهاتووە، خۆ دەبوو وەزیری پلاندانانیش لێرەبوایە، بۆیە حەقە ئێمە هەر هەموومان بیر لەوە بکەینەوە کە هۆکارەکانی چارەسەرکردنی ئەو دۆخە چییە پێمان باشە باس لە چارەسەریەکان بکەن ئەم بەڕێزان باس لە هۆکارەکان نەکەن، من رووی قسەم ئاراستەی برای بەڕێزم کاك (د. عبدالحكیم) دەکەم کە مامۆستای خۆم بووە رێزێکی زۆرم بۆ جەنابی هەبووە، بەڵام من لێرە مەسئولیەتێکی ویژدانی و ئەخلاقیم لەسەر شانە ئەبێت هەڵوەستەیەکی بابەتی لەسەر دۆخەکە بکەم، من پێم وایە یاسای چاکسازی کە ئێمە دەرمان چواند خەوشێکی وای تێدا نەبوو، بەڵام کە چووە بواری جێبەجێکردن بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە خوێندومانەتەوە بۆ ئەوەی کاك (عبدالحكیم) نەڵێ نەیان خوێندۆتەوە، من هەست دەکەم ئەم یاسای چاکسازییە وەکو تۆرێك وایە بۆ ماسی بچووك، هەرچی ماسی گەورە و حوتە لێی قوتار دەبێت، بۆیە من داوا دەکەم بەڕێزان با بەهەموومان بە نەفەسێکی نیشتمانی وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان بیر لەوە بکەینەوە کە چارەسەریەکانی ئەم دۆخە بدۆزینەوە وە ئەو پێشنیارانەشی کە ئێمە هەمانە لەبەرچاوی بگرن، زۆ سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ئامادەنەبوونی بەڕێز (د. دارا) وەزیری پلاندانان حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێزیان بە نوسراوی فەرمی وەڵامی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی داوەتەوە کە ئامادەی ئەم دانیشتنەی پەرلەمان دەبێت، بەڵام حالەتێکی زۆر تایبەتی بەسەردا هاتووە کە لە دەرەوەی ئیرادە و خواستی خۆیەتی نەیتوانیوە لەم دانیشتنە ئامادە بێت، رەنگە پێویستی بەوە بێت ماوەی حەفتەیەك لایەنی کەم رەنگە دەوامی ئەنجومەنی وەزیرانیش نەکا، ئامانەبوونی (د. دارا) شتێك نییە پەیوەندی بە شەخصی خۆیەوە هەبێت یان نەیویستبێ بێ، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە (د. ئومید) دەکەم، ئایا (د. دارا) وەزیری پلاندانان خۆی نەیویستووە بێت، یان زروفێکی تایبەتی هەیە؟

**بەڕێز د. ئومێد صباح/سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ پێم خۆشە لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم یەعنی ئێمە هەموومان کاك (خالد شوانی)، کاك (ئاوات)، من، (د.ڤاڵا)، کاك (کەمال ئەتروشتی)، (د.عبدالحكیم)، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، نوێنەرایەتی فراکسیۆنی پارتی، یەکێتی، گۆڕان ناکەین لەناو حکومەت، یەك رِوئیامان هەیە یەك پەیامێکان هەیە، هەتا ئێستا بە دەستە جەمعی کارمان کردووە، پێکەوەش تەحەمولی مەسئولیەتمان کردووە، مەسئولیەتەکەش مەسئولیەتێکی تەزامونی بووە تکام وایە

بەتایبەتی لە فراکسیۆنی پارتی ئینجا لە لە فراکسیۆنەکانی تر، هیچ کەسێك لە ئێمە بەتەنها مەکەن بە ئامانج، ئەگەر قسەیەکتان هەیە لەگەڵ خودی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ڕێبوار) دەبێت دەرفەت بدەی ئەو قسە بکات، فەرموون.

**بەڕێز د.ئومێد صباح/سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە کاکە شێخ من قسە دەکەم، تکام وایە هیچ کەسێك لە ئێمە بە تەنها مەکەن بە ئامانج ئەگەر قسەیەکتان هەیە ئێمە هەر هەموومان تەمسیل و نوێنەرایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین پێکەوە، پێکەوە تەحەمولی مەسئولیەت دەکەین، هەر بڕیارێکیش کە داومانە پێکەوە داومانە، تا ئێستا شانمان داوەتە بەر، پێکەوە کارەکانمان کردووە، بۆیە تکام وایە ئەم بابەتە بەم شێوەیە هین کەین، ئەمە نوقتەی یەکەم دووەم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر بە تەنها وەڵامی ئەمەمان بدەوە دواتر دەرفەتی قسەکردنت پێ دەدەم، کاك (د.ڕێبوار) قسەی خۆتت تەواو کردووە، کاك (د.اومید) ئامادەنەبوونی (د.دارا) هۆکارەکەیمان پێ بڵێ؟

**بەڕێز د.ئومێد** صباح/**سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکارەکەی (د.دارا) ئەوەیە کە زەرفێکی فەقەت توانای خۆی هاتۆتە پێش نەیتوانیوە ئامادە بێت، ئیجازەی وەرگرتووە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران ئیجازەی داوە، من بە نوێنەرایەتی ئەو هەر چی پرسیارێکتان هەیە لە (د.دارا) من لەجیاتی ئەو جوابتان دەدەمەوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (محسن)، فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان، دەسپێکێ بخێرهاتنا شاندا حوکمەتا هەرێما کوردستانێ دکەم، هەڤالێت من، پەرلەمانتارێت بەرێز گەلەك خال دەستنیشان کرن، بەحسی گەلەك تێبینیا کر، سەرو بەندێ ئەڤێ مناقەشەیێ دیاربیتن کو لهەرێما کوردستانێ ئان وڵاتێ مە برینەکا جەستەی وڵاتێ مەدا هەی ئەو ژی بهەدەردانا داهاتێ ڤی وڵاتییە دزینا داهاتی ڤی وڵاتی، ژبەر هەندێ ژی ئەو داهات لهەرێما کوردستانا هەی لدیف ئەڤان داتایێ هەڤالێت مە بەحس کری کو حکومەت بەحس کاتن ئەو پارەی لحکومەتا هەرێما کوردستانێ هەمی نایێتە خەزینەی تێتە دزین، ئەڤرۆکە مصتەلەحەکی جوانتری بۆ داتاشی کو بێژن گەندەڵی، نەخێر دزییە، ژبەرهەندێ ژی براستی بیرا من تێتن شعرا بێکەسا شاعر کو پێش نیڤ سەدەی بەری نوکە بەحسی ئەڤرۆکە کرییە دبێژیتن:

گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفان پڕ دەکەن
شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین هەر سەر سەرین
پیاو دەبێ لە خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ

ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا نەوی ئەم خاکە نین
ئەوە شعرەکا بۆ ئەوان کەسایە، ئەوە پەیامەکا بۆ ئەوان کەسایە ئەڤرۆکە دبینی رەوشا خەلکی کوردستانێ یا بڤرەنگیە داهاتێ پەرلەمانێ، داهاتێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بتالان ببەن، من گەلەك خال نڤیسیبوون هەڤالێت من گەلەکا بەحس کرن، تەنها پرسیارەك بۆ جەنابێ وەزیرێ دارایی یەك ژخالێت یاسایێ چاکسازیێ ئەوە بوو کو حیسابەکا بانقی بۆ هەر فەرمانبەرەکی بێتە دروست کرن بۆ هەر هاوولاتیەکی بێتە دروست کرن، بزانین ئایاحکومەتا هەرێما کوردستانی چەند قەرز ل هاوولاتی هەیە لفەرمانبەری هەیە، حەڤی ئاڤێ، حەڤی کارەبایە، سلفەی زەواجییە، سلفەی عەقارییە، هەروەسا فەرمانبەرا چەند پارە لحکومەتی مایە؟ خەلك رەقەما خۆیێ حیسابی خۆیا دابینیتن، بەرسڤەکی بدەنە خەلکی دلنیاییەك بدەنە خەلکی ئایە ئەو پارەی هاتیە پاشەکەوت کرن ئەو پارە دبۆ خەلکی ڤەگەریتەوە یان نا، ئەوەی ئەڤرۆکە هاتیە لێبرین؟ دێ ڤەگەریتەڤە رۆژەك بی ئەگەر حکومەتا هەرێما کوردستانی پارەی پێویست لەبەر دەستی هەبیتن؟ ئەڤە خالەك، خالا دوێ ئەم دیت بەحس بکەم دیارە گەلەك ژهەڤالێت مە بەحسی بریارەکی کر لدوماهیکا ڤێ کۆمبونێ بریارەك بهێتە دان هەڤالان پەرلەمانی کوردستانێ خولی بەری نوکە بریاری دای نەهاتنە جێبەجێ کرن ئێك شوان بریارێ دای کو پەرلەمانی کوردستانێ بکۆدەنگا بریاردای موچێت پێشمەرگەی بێتە هاوتاکرن دگەل هێزێت ناوخۆ لڤێ پەرلەمانی کوردستانی بریاردرا حکومەتا هەرێما کوردستانی پێ چێ نەبویە ئەو بریارە جێبەجێ بکەت دەبی ژیرانە واقعیانە ئەم هزر لەو مەوزوعەدا بکەینەوە، بابەتی دی ئەڤ نەبوونا پلانەکی بۆ دامەزراندنێ و هەلی کار، چونکە ئەو داهاتی ئەڤرۆکە لبەردەستێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەگەر نەشێتن ئەو خەلکی دامەزراندی مووچەیا وان بدروستی بداتن ئایا چەوا بێ ئومێد بوو خەلکی دێ چێبیتن، هەر فیدیۆیەکا سۆشیال میدیایا بەلاڤ بوو پیاوەکا نزانم لسلێمانیا لکۆیە لجێیەك شوانا بێژیتن ئێدی ئەز مندالی خۆم نەفرێکەمە خێندنێ ئەڤە کارەساتە، ئەزێ مستەقبەلێ وان دبینم ئێدی خاندنێ چکەلك نەمایە، حکومەتا هەرێما کوردستانی سالی چوییدا بملیاران دۆلارا لپرۆژێ نەهێلانا نەخوێندەواریا سەرف کرییە ئەڤرۆکە خەلك بێ ئومێد بیتن ژخاندنێ، کو زارۆکێ خۆ فرێ کەنە خاندنێ! هەندێ خالێ دی من نڤیسیبوون هەڤالێت منێ بەحس کری پشتگیریا وان دکەم، زۆر سوپاس

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سروان)، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، وەکو (سروان) پشتگیری هەموو ئەوکەسانە دەکەم، ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە لەمەصلەحەتی گشتی قسەیان کردووە، ئەوەی مایکی کردبێتەوە بۆ مەصلەحەتی گشتی قسەی کردووە من پشتگیری ئەوانە دەکەم، ئەوەی تریش دەمەوێت لە ستافی حکومەت بپرسم بەراسی، ئێمە شەو و رۆژ سووکایەتی و بێڕێزیمان پێ دەکرێت لەسەر کار و گوتارەکانی ئەوان، ئەوانیش با تەحەمولی ئێمە بکەن چەند کاتژمێرێك، چونکە رۆژانە ئەوە حالی ئێمەیە بۆ مەعلوماتی ئێوە، ئێوە لەناو خەڵك نین ئێمە لەناو خەڵکین، بێ ڕێزی و

سـوكايەتی و هەرچـی ناشـرینییە بە ئـێمە دەكـرێ ئێـوە دوو سـەعات تەحەمـولی. ئەو ئەو .....
ئەصلەن بێ رێزیش بە ئێوە ناكەین پرسیاری خەڵكە لە ئێوەی دەكەیـن، بـۆیە لەسـەرەخۆتان بـن، بەراسی باجی غەڵەتیەكانی ئێوە دەدەین ئێمە، ئەوەی تریش هەر وەختەك حكومەت ویسـتبیتی مووچەی نەداوە، بە دوو مانگ جارەك مووچەی داوە، یـان مـووچەی بڕیـوە (٢١%) دروسـتە ئەوە زروفێـك بـوو هـاتوو چـوو، بەڵام ئێسـتا كـاتێكی تـرە و زروفێكـی تـرە، یەعنـی خەڵـك چـاوەڕێی شـتێكی تـرە لە ئـێمە، ئـێمە هەر بە جۆرێـك و یەك رتـم كـار بكەیـن ئەوە ئەو پەڕی بەراسـتی بـێ ویـژدانییە بەرامـبەر بە خەڵكـی دەكەیـن، ئـێمەش دەنگمـان بە حكـومەت نەداوە، حكومەتمـان تەشكیل نەكردووە بۆ ئەوەی بەراسـتی ئەوەی چاكسـازی تەنهـا بـۆ ئەوە بكـات كە پاسـەوانەكانی خۆیانیان پێ زیاد بكەن، ئێمە دەنگمان لەسەر پرۆژەی چاكسازی داوە كە بە جـۆرێكی تـر سـتافی حكومەت، ئەنجومەنی وەزیران، بەجـۆرێكی تـر مـامەڵە لەگەڵ ئەو بەرنـامەیەی چاكسـازی بكـات نەك بچـن پاسـەوان بۆخۆتـان زیـاد بـكەن و دەرمـاڵە پـازدە ملیـۆن بـدەنە بەر دەسـتی خۆیـان بە كەیفی خۆیان ئەو شتانەی تێدا بكەن، ئەگەر بەرنامەی چاكسازی دەنگـدان لەسـەر پـرۆژە یاسـای چاكسازی بۆ پاسەوانی ئێوە بوایە بە گۆڕی شەهیدان دەنگم نەدەدا، بـۆ لەسـەر هەمـوو شـتەكان ئێوە هاوڕا نین، لە یەك پرۆژەی حكومەتدا ببینە هەر سێ لایەن هەر بە دروستی بـا بیلـێم گەنگـی لە هەر سێ لایەن هەموو وەزیرەكانی هەر سێ لایەن هاوڕا بـوینە تەنهـا لە زیـادكردنی پاسـەوان بۆخۆتان نەبـێ؟ یەك بڕیـار بڵێین كە پـێكەوە داوتـانە لە بەرژەوەنـدی گشـتی بێـت بەڵام، دە ئەوە پرسیارە لە هەر هەموتانی دەكەم، یەك بڕیار بڵێین كە دڵـی پێشـمەرگە و خـانەوادەی شـەهیدان و زینـدانی سیاسـی و گەنجـی بێكـار و ئەوانەی خـۆش كردبێـت كە ئـێمە لێـرانە هەمومـان لێـرە دانیشـتوین و قسـەی بـریقەدا و نـازانم چـی دەكەیـن، یەك بڕیـار بڵێین كە لە مەصـلەحەتی ئەوان داوتانە و هەموشتان هاوڕابن، تەنها لەزیادكردنی پاسەوان نەبێـت بۆخۆتـان! لەوە هـاوڕا بـوون و كەسیش ئەصلەن هەر نـوقەی لێـوە نەهـات، پـێم سـەیرە! ئەلێـرەن بـۆیە وا دەڵـێم، ئەوەی تـریش خەڵـك رۆژانە پەیوەنـدی بە ئـێمەوە دەكـات لەسـەر كەم و كـوڕی و كێماسـییەكان ئـێمە كە پەیوەندیتان پێوە دەكەیـن ئەمـن بەڵێـنم دابـوو كە نـاو بڵێم بەڵام نـایلێم لەبەر خـاتری هەنـدێك هەڤاڵ، كە تەلەفۆنتان بۆ دەكەین وەڵامی تەلەفۆنی ئێمە بدەنەوە، ئێوە بە دەنگی ئـێمە چـوینەتە ئەوێ، ئەگەر خەڵك نەبوایە ئـێمە نەدەبـوین، ئەگەر ئـێمەش نەبواینـایە ئێـوە نەدەبـوون، وەڵامـی تەلەفۆنی ئێمە بدەنەوە، ئەگەر ژمارەكە ناناسن خەزن بكەن خـۆ ئەوەنـدە زەحـمەت نیـیە، ئەگەر مۆبایلتان توانای خەزنی پەنجا كەسە مۆبایلێكی ترتان بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی ببتە پەنجـا و یەك و سەد و یەك، زۆر پرم لەو شتانە بەراسـتی، لەبەر ئەوەی بە خـودی سـەرۆكی فراكسـیۆنی خۆمـانم گۆتییە كە تەلەفۆنی ئێمە هەڵناگیرێت، ئەوە كاك (زانا) شایەدە، بەڵام لەبەر خاتری چاوی ئەویـش ناو نادەم، چیتر ئەوە دوبارە نەبتەوە، بە گـۆڕی هەمـوو شـەهیدان ئەوەی وەڵامـی تەلەفـۆنی مـن نەداتەوە لایقی لەسەر دەكەمەوە، لە هەر كەناڵێكیش بێت دێمە بەر دەرگا رێـی لێـدەگرم، بـۆیە بـا ئەوە ئاخیر ئینزا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (ژكری)، فەرموو.

**بەڕێز ژکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بەخێرهاتنا شاندێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دکەم، چەند پرسیارەکا دێ ئاراستەی شاندا حوکمەتا هەرێما کوردستانێ کەم پێویستە چارەسەر کەن، یەك ئەم دزانن دەمەکی درێژە لەشکرکێشیا تورکیا رۆژانە تۆبیارانا هەرێما کوردستانێ دکات و هێرشا دکاتە سەر هەرێما کوردستانێ ئەڤە زیاتر پێنجی رۆژە چەندین گوندێت هاتیە چۆلکرن و چەندین خەلکی سڤیل یێ تێدا هاتیە شەهیدکرن، حکومەتا هەرێما کوردستانێ یا بێدەنگە لازمە هەڵوێست هەبی، براستی، ناچڤیت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (زکری)، باسی مووچە بکە مووچە، فەرموو.

**بەڕێز ژکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی هەموا دکەم بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی، ئەڤروکە کەرامەتا خەلکی کوردستانی گەلەك لمووچەی مەزن ترە براستی، هەرە هەفتەی بارەگایێت لەشکرکێشیا ترکیایێ هاتیە لێرە پێویستە دەرکەن لە هەرێما کوردستانی، نا چیبیت بەرهەمێ خونا هەزارەها شەهید لهەرێما کوردستانێ هاتیە ئازادکرن ئەڤرۆکە ببیتە گۆرا پۆنا شەرەف پێویستە دەربکەن، پێویستە نرخێ کەلوپەلێ لبازارا گەلەکی گران بی پێویستە دابەزینن، نرخی پەنزینێ گەلەکی گران بی پێویستە دابەزینن، پێوستە لێبڕینا مووچەی کۆتایی پێبێت، پێویستە مامۆستایێت وانەبێژ بێنە دامەزراندن نزیکەی هەڤدە هەزار مامۆستایێت ئەڤرۆکە لهەرێما کوردستانێ، پێویستە بێنە دامەزراندن، پێوستە فەرمانبەرێت خۆبەخش بێنە دامەزراندن، پێوستە دەرچوێت زانکۆ و پەیمانگاکان تایبەتی سێ یەکەمەکان پێویستە بێنە دامەزراندن براستی سیستەمێ پەروەردەیێ وای لێهاتیە خەلکی گەنج ئومێدا خوێندنێ ژنەمایە، پێویستە سیستەمێ صحێ بێتە چارەسەرکرن، بەڕێز نینەرێت حوکمەتا هەرێما کوردستانێ رۆژانە هەنگی دبینن لتورێت کۆمەڵایەتی فەیس بوکایە تێتە بەلاڤکرن فلان کەس یێ نەخۆشە یێ داخازی لخێرخوازا دەولەمەندا دکەن و یێ شێملکا لبەر دەرگەهی جامعێ تێنە رائێخستن بۆ چارەسەرکرنا ئەڤان نەخۆشێت وان فەقیر و هەژارا، ئەو پێشمەرگێت کو هن بێژنێ پێشمەرگە سونبولا نەتەوەی کوردە، بەڕێز حکومەتا هەرێما کوردستانی عائیلەی وا لبەردەرکی جامعێ شاملکا رادێخیت، پێویستە سیستەمی صحەی چارەسەر بکەن چیدیکە خەلکی نەخۆش خەلکی فەقیر و هەژار داخازی خەلکی دەولەمەند نەکا براستی، بەڕێز شاندێت حکومەتا هەرێما کوردستانی پرۆژا لشار و شارۆچکەکان زۆر زۆر ناعەدالەت تێنە جێبەجێ کرن بو نمونە هنگی ئەو پارەی یەك شارعێ هەڤلێرێ تێتە سەرف کرن دێتە خەرج کرن لپێنج سالا ئەڤ پارە لپارێزگەها دهۆکێ نایێتە سەرف کرن لەزاخۆ، لە ئامێدی، لەشێخان، لە سێمێلێ، لڤەزار ئاکرێ، لهەموو ڤەزایێت بادینان براستی، بو نمونە ئاکرێ دەروازێ راپەرینا بادینایە، پرۆژەی ئاڤێ لبێخمێ ئەڤە زیاتر دوازدە سالا ئێبرێکەڤە بەڕێز حکومەتا هەرێما کوردستانی دروستە پرۆژا دوازدە سالا تەواو نەبی لڤەزا ئاکرێ! ڤێ گاڤێ زوربەی گەرەکێت ڤەزای ئاکرێ گەلەك گەرەکی دیکەش بێکارن، بەڕێز شاندا حکومەتا هەرێما

کوردستانێ پێشمەرگە سونبولا نەتەوەی کوردە مە پێخۆشە ئەز ژیانا پێشمەرگەی ئاستێ وێ ناڤێدابی ئەو ناوێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ لێدانای سونبولا نەتەوەی کورد، ئایا لیوایا دوازدە پەیادە سەر بە وەزارەتا پێشمەرگەی ڤە یێ نزیکی قەزا ئاکرێ ئەز باش شایەدم شەرێ تێرۆرستێ داعش کا دەورەکی چەندی مەزن هەبی ئەڤێ لیوایێ ئەز بخۆ شادم ئەڤان پێشمەرگەێت قەهرەمان، چەندین خەلکی قەهرەمانی شەهید بی، ئایە بۆچی وەکو لیوایەکی دیکە لەناڤ وەزارەتێ سێ مووچەی وەرناگرن، ئەگەر بەرپرسەك لێوایەکی گەندلی بکات دروستە هەموو پێشمەرگە ببیتە سوتەمەنیا ئەڤێ بەرپرسێ گەندەل، پێویستە ئەڤان کێشەیا هەمیا چارەسەر کەن، هێڤیدارین ئەڤی جارێ بریارەکا ئێکلاکەر بدەنەمە.، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (هێرش)، فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، ئێمە هەر چەندە زۆربەی پرسیارەکانمان دووبارەیە بەڵام ناچارین لەبەر ئەوەی ڕۆژانە دەیان پرسیارمان لێدەکرێت بە هەمان شێوە دووبارەیە، ئێمە هیچ جوابێکمان پێ نییە بۆ خەڵك بۆیە ناچارین ئاراستەی حکومەتیان بکەین، هەر لە دامەزراندنی سێ یەکەمەکانەوە کە ڕۆژانە پرسیارمان لێدەکەن ئایا دۆخی ئێمە بەکوێ گەیشت؟ یاخود گرێبەستەکان، وانەبێژان، خۆبەخشانیش بە هەمان شێوە، بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران بە هەمان شێوە، خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ کە ئەمە گرفتێکی زۆر گەورەیە لە راستیدا، خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ من کارمەندی هێزەکانی ناوخۆ هەیە پەیوەندی پێوە کردووم دەڵێت دوو عائیلەم هەیە نەخۆشیشم هەیە زەخت لەخۆم دەکەم ئەگەر دەوام بکەم ڕۆژانە، ئەگەر خانەنشینیەکەم بکەم ناتوانم عیلاجی خۆم دابین بکەم، ئایا چارەسەری ئەوانە چییە؟ بۆ حکومەت پەلە ناکات لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، هەروەها بە نسبەت داهاتی هەرێم بە گشتی هەم لە نەوت و هەم لە ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکان کاتێك کە بڕیاری لێبڕینی مووچە درا حکومەتی هەرێم داهاتێکی ئەوتۆی نەبوو کە توانی بە (٢١%)ی لێبڕینی مووچە بدات، ئایا خێرە ئێستا داهات چەند بەرامبەر زیادی کردووە بەپێی ئەم داهاتە بێت ئەگەر داتایەکان بەراورد بکەین دەبوو حکومەت لەسەرەتای لێبڕینی مووچە (٦٠%)ی بڕیبایە ئێستا (٢١%)ی بڕیبایە، بۆیە من داواکارم کە کۆتایی بەم لێبڕینە بێ و دۆخی ناهەمواری مووچەخۆران چارەسەر بکرێت، هەروەها لە سەرچاوەی نافەرمی بیستوومە کە گوایە حکومەتی هەرێم دەیەوێت مووچە وەکو ئێستا کە هەیە جێگیری بکات ئەو (٢١%) ببێت بە رەسمی ئایا ئەمە وایە ئەصلی هەیە؟ یاخود ئەگەر وانییە داهات بەرز بووە بۆ گۆڕانکاری ناکرێت هیچ؟ هەروەها پرسیارێکی ترم بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئایا گرانبوونی نرخی بەنزین هۆکارەکانی چییە؟ بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت یاخود کاتییە و چارەسەرێکی بۆ دەدۆزرێتەوە؟ هەروەها بە نسبەت ئەو بێکارییەی کە ڕووی لە گەنجان کردووە وای کردووە کە زۆربەیان کۆچ بکەن بەتایبەتی لە سنووری ئیدارەی راپەڕین بە هەزارەها گەنج لە ئێستادا کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات وە بەردەوامیشی هەیە، بۆیە

داواکارم کە حکومەت پلانی هەبێت بۆ ئەوەی تۆزێك معاناتی ئەم گەنجانە جێبەجێ بکات و تا حەدێك ڕێگری بکات لە کۆچیان بەرەو دەرەوەی وڵات، لەبەر ئەوەی ئەمە زەربەیەکی زۆر بە داهاتووی ئەم وڵاتە دەدرێت، لە کۆتاییدا دووبارە من پشتیوانی هەموو ئەو رایانە دەکەم کە دەیانەوێت لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بێ و دۆخی گوزەرانی مووچە خۆران چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (گۆران)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی تیمی حکومەت دەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەری رەنجی تێکۆشانی سەد ساڵەی خەڵکی کوردستانە، سەرکەوتی ئەم کابینەیە سەرکەوتنی پەرلەمانە، بە پێچەوانەشەوە شکستی ئەم کابینە بەڕێزە شکستی پەرلەمانە، هۆکاری ئەم نارەزایەتیانەی خەڵك و حکومەت نەبوونی متمانەیە لەنێوان حکومەت و خەڵکدا، تا ئێستا ئێمەی پەرلەمانتاران کە نوێنەری گەلین بەرچاومان روون نییە لە داهاتی خاڵە سنوورییەکان و داهاتی نەوت، ئەگەر حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی شەفاف داهات و سەرچاوەکانی داهات ئاشکرا بکات بۆ ئێمەی نوێنەری گەل و خەڵکی هەرێمی کوردستان پێم وابێت متمانە لەنێوان حکومەت و خەڵکیدا دروست دەبێتەوە، خەڵکی هەرێمی کوردستان پاڵپشت و یارمەتیدەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبن لە ئەگەری هەر قەیرانێك و هەر دارمانێك و هەر بارێکی نائاسایی کە روو دەکاتە هەرێمەکەمان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە کاتێکدا کە ئێمە بە بەرچاوی خۆمانەوە کە ئێمەی نوێنەری گەل لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بە بەرچاوی ئێمەوە دەبینین کە هەرچی زەوی نایابە لە هەرێمی کوردستان و هەرچی شوێنێکی شیا و شایستەیە لەلایەن کاربەدەستان و موسئولینەوە داگیر دەکرێت چ متمانەیەکت لا دروست دەبێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری سلێمانی زۆرینەی پرۆژەکان کە پرۆژەی وەبەرهێنەرن موسئولێکی لەپشتە یاخود مەسئولێك شەریکە، چەندین کارگە لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەم کارگانە دەبنە سەرچاوەیەکی داهات بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە با نایاسایی ئەم کارگانە داگیر کراون و کاری شەخصی و کاری مەسئولینی تێدا ئەنجام دەدرێت، کە پێچەوانەوە دەبوو ئەوە بخرێتەوە گەر بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و بۆ زۆربوونی داهات و هەروەها هەلی کاری زیاتری دەرەخساند بۆ ئەو گەنجە خێر لە خۆنەدیوانەی کە سەری خۆیان هەڵدەگرن و لە رووبارەکانی ئیجە و ئەو رووبارانەی تردا دەخنکێن و روو دەکەنە ئەو وڵاتانە وەکو پەنابەر، مەسئول هەیە لە شاری سلێمانیدا بەناوی یانەی وەرزشەوە کارگەیەکی گەورەی حکومی داگیر کردوو دوای ئەوە یانەی رووخاند ئێستاش کردوویەتی بە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان و شوقەکانی لی تەخشان و پەخشان کردووە بۆ سەر کچە مۆدێلەکان، ئێمە کە ئەمانە بەبەرچاوی خۆمانەوە دەبینین متمانە لەدەست دەدەین بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە وشەی (تەمیل) داهێنانی ئەم کابینەیەیە جاران حیزبەکان بەپێی یاسای ئەحزاب پارەیان لە حکومەت وەردەگرت، ئێستا هاوکێشەکان

پـێچەوانە بـۆتەوە پـارتی و یەکێتـی تەمـویلی وەزارەتـی دارایـی دەکەن، بـۆچی ئەم پـارەیە راسـتەوخۆ نـاچێتە خەزێـنەی حکـومەتەوە؟ لەڕێـی ئەوانەوە بەبڕیـاری (٥٧%)ە بـۆ پـارتی و، (٤٣%)ی بۆ یەکێتی تەمویلی وەزارەتی دارایی دەکات، ئێمە پێمان وایە پەرلەمان دەبێت رێگری بکـات لە پێشـێلکردنی یاسـایی و بەدواداچـون بکـات بـۆ جێبەجێکردنـی ئەو قانونـانەی کە خـۆی دەری کردووە، یەکێـك لەوانە یاسـایی چاکسـازییە کە زۆرێـك لە هاوڕێیانمـان باسـیان کـرد کە تـا ئێستا بەرهەمەکەی دیار نییە داوا لە بەڕێزان دەکەین لە تیمی حکومەت روونکردنەوەمان بـدەنێ لەسەر ئەم بابەتە، خاڵێکی تر کە لێبڕینی مووچەیە ئێمە ئەمڕۆ هەمووما‌ن بـۆ ئەوە کۆبـوینەتەوە کە تەواو نایاساییە، داو دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسا جێبەجـێ بکـات، بەڕێـزان لە تیمـی حکـومەت لە (٢٠١٦/١/١)ەوە مـاوەی (٥) سـاڵە پـلە بەرزکـردنەوەی فەرمـانبەران راگیـراوە بە نایاسایی ئایا کەی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران دەست پێدەکاتەوە؟ ئەو وەڵامەشـمان بـدەنەوە سوپاستان دەکەین، هەروەها چارەنووسی خوێنـدکارە دەرچووەکـان، دەرچـووە دانەمەزراوەکـان و مامۆستایانی وانەبێژ و سێ یەکەمەکانی هەرێم و گریبەستەکان و خۆبەخشەکان چیان بەسەر دێت؟ وەڵامێکی روونمان بدەنەوە سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنــاوی خــوای بەخشــندەی میهرەبــان، هیــوادارم هەمــوو لایەك مانــدوو نەبــن، انشــاءالله کۆبـونەوەیەکی بە بەرهەم دەبێـت، مـن ئومێـد دەکەم بەبەرهەم بێـت، چـونکە بەراسـتی دۆخـی کوردستان دۆخێکی هەستیارە لە هەموو رووێـکەوە تەحەمـولی لەوەی زیـاتر ئیـدارەدانی خـراپ ناکـات، هەوڵ دەدەم ئەوپەڕی توانـا هەر لە چوارچێـوەی داهـات و خـاڵە گومرگیەکـان و داهـاتی ناوخۆ و نەوت و ئەوانە، لێبڕینی مووچە قسـە بـکەم دوور نەکەومەوە لە باسـەکان، ئەم کـابینەی حکـومەت کە لە پەرلەمـانی کوردسـتانەوە متمـانەی وەرگرتـووە لەسـەر بنەمـای ئەم کارنـامەیە، خاڵی شەشەمی کارنامەی بەرێزان دەڵێ (کار دەکەین بۆ چەسپاندنی شـەفافیەت لە گشـت بـوارە داراییەکـانی هەرێمـدا بە تـایبەت لەبـواری نەوتیەکـانی هەرێـم و داهـاتە ناوخۆییەکـان بـۆ ئەم مەبەستەی سـەرەوە کـار دەکەیـن بـۆ دامەزرانـدنی سـندوقی داهـاتە نەوتییەکـان بەپێـی یاسـای پەیوەندیدار، خاڵی دەیەمی کارنامەکەتان ئەڵێ پشتیوانی کـاری چـاودێری پەرلەمـانی دەکەیـن و بۆ ئەم مەبەستەش پابەند دەبین بە هەموو رێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پەرلەمانی هەروەها بەپێـی بنەماکـانی کـاری پەرلەمـان رێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرین) من لە مـانگی (٤) پرسـیاری داهـاتی نەوتـم لە وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان کـردووە بـرای بەڕێـز کـاك (کمـال ئەتروشـی) وەڵامـی داومەوتەوە پێـنج پرسیارە، تەبعەن پرسیاری بزەبت لەبارەی نەوت دەربـارەی هـیچ شـتێکی تـر نـا بەپێـی پەیـڕەوی نـاوخۆ لە مـانگی (٣)ی سـاڵی (٢٠٢١) هەرێمـی کوردسـتان چەنـدبەرمیل نەوتـی فرۆشـتووە؟ پەیوەندیدارە بە وەزارەتەکەی جەنابت یان نـا؟ ناوەنـدی فرۆشـتن لە مـانگی (٣) چەنـد بـووە بـۆ

هەر بەرمیلێك؟ پەیوەندیدارە بە وەزارەتەکەی جەنابت یان نا؟ کۆی داهاتی نەوت لە مانگی (٣) چەند بووە؟ چەند داهاتی نەوت گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی؟ چەندی بۆتە خەرجی وەبەرهێنان پرۆسەی دەرهێنان تا گواستنەوە و تا فرۆشتن؟ پێنجەم کڕیارەکانی نەوتی هەرێم لە مانگی (٣)ی ساڵی (٢٠٢١) کێ بوون؟ ئەمە وەڵامی جەنابتە پێم بڵێ ئەمە شەفافیەتەکەتان کامەیە، کامە پابەندیتان بە کاری چاودێری پەرلەمان، کامە ئیحترامتان بۆ کاری ئۆپۆزسیۆن؟ یەکەم سەبارەت بە وەڵامی خاڵی یەك و دوو تەواوی زانیاریەکان لە ماڵپەڕی فەرمی دامەزراوەی (دیلۆیت) بڵاو دەکرێتەوە، من و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پەیوەندی خزمایەتیمان نییە، ئێمە لەسەر بنەمای یاسا بەیەکەوە کار دەکەین، لەسەر بنەمای موئەسەساتی کار دەکەین، ئێمە ئەرکمان چاودێرییە، وەزارەت ئەرکی جێبەجێکردنە، ئیحترام گرتنی کاری پەرلەمانی ئەبێ لە چوارچێوەی یاساکاندا بێت، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە کام بڕگەی یاسادا هەیە بڵێ دامەزراوەی (دیلۆیت) پەرلەمانتار بچۆ لەوێ بزانە چ زانیاریەکی تیایە! لە کام بڕگەی یاساییا هەیە؟ لە کام بڕگەی یاسای نەوت و گازدا هەیە؟ باش خاڵی سێ و چوار پرسیارتان ئاراستەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز و وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێت، هیچ زانیاری نەدا تا ئێستا، خاڵی پێنجەم پرسیارتان ئاراستەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز بکرێت ئەی بێزەحمەت جەنابی وەزیری سامانە سروشتییەکان ئیشت چییەجەنابت لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان؟ تۆ بەپێی یاسا من هەموو ماددە یاسایەکام خوێندۆتەوە لە یاسی (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی سامانەسروشتییەکان، یاسای (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی نەوت و گازی هەرێم لە هەردووکیانا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەرپرسیارە لە پرۆسەی دەرهێنان تا گواستنەوە تا فرۆشتن تا گەڕانەوەی داهات، بۆچی وەڵامی پرسیاری خەڵکی کوردستان نادەنەوە داهاتی هەرێمی کوردستان لە بواری نەوتدا بۆ ئاشکرا ناکەن؟ باش لە یەکێك لە خاڵەکان سەبارەت بە بڕی گەڕاوەی داهات جەنابت لێرە دەفەرمووی پرسیار لە وەزیری سامانە سروشتییەکان بکە، لە وەزیری دارایی بکە، هەمان پرسیارم ئاراستەی برای بەرێزم کاك (شێخ ئاوات) کردووە، کاك شێخ (ئاوات) دەفەرمووێ بەپێی پەیوەندی کار پێویستە وەزارەتی تایبەتمەند واتا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەڵام بداتەوە، بێزەحمەت یەکێکتان پێمان بڵێن داهاتی نەوت چەندە؟ ئەمە هی جەنابتە کاك (د.کمال) دەفەرمووێ با کاك شێخ (ئاوات) وەڵام بداتەوە، داهاتی نەوت لە مانگی (٣) کاك (شێخ ئاوات) یش دەفەرمووێ با وەزیری سامانە سروشتیەکان وەڵام بداتەوە، ئاوا شەفافیەت بەرقەرار دەکەن! ئاوا ئیحترامی کاری چاودێری پەرلەمانی دەگرن! ئەمە لە نمونەی لە کوێی دونیا هەیە کە بەو جۆرە وەڵامی پەرلەمانتار و نوێنەری خەڵك بدرێتەوە، بەڕێزان بەراستی ئاستی وەڵامدانەوە و بەدەمەوە هاتنی پەرلەمانتار لەلایەن حکومەتەوە دەرخەری ئەو راستییەیە کە ئەم حکومەتە تەقدیری خەڵکی کوردستانی چەند لایە، چەند رێز بۆ نوێنەرەکانی دادەنێ ئەوەندە زیاتر پابەندی یاساکان دەبێت، باش کاك شێخ (ئاوات) جەنابت وەزیری دارایت نەوەك و ئەبێ بزانی مانگی (٣،٤،٥) و مانگی (١،٢)ی ئەم ساڵ داهاتی هەرێمی کوردستان چەند بووە، ئەبی پلانت هەبێت ئەبێ ستراتیج دانێی، ئەبێ تەوەقعت هەبێت بۆ شەش مانگی داهاتووی داهاتی هەرێمی کوردستان چەندە، هەر لەم

روانگەشەوە یاسای بوودجە دادەنرێت، واتە یاسای بوودجە چیە برتییە لە تەنەبوئی وەزارەتی دارایی بۆ ساڵی ئایندە لە روانگەی داتاکانی ساڵی رابردووە وە، من پرسیاردەکەم سەبارەت بە داهاتی مانگی (٣) جەنابت لە مانگی (٢٠٢١/٦/١٦) یەعنی دوای (٣) مانگ وەڵام دەدەیتەوە دەڵێی تا ئێستا تەرازووی پێداچونەوە بۆ مانگی (٣)ی (٢٠٢١) بەدەستمان نەگەیشتووە ئەوە خاڵی یەك، خاڵی دووەمیش وتبووت پرسیارەکەت ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکان بکە، خاڵی سێیەمیش بۆ هاوکاری هاوپەیمانان دەڵیی پرسیار لە وەزارەتی پێشمەرگە بکە، یەك زانیاری تیا نییە یەك زانیاری، باشە ئێمە پرسیاری داهات لە وەزیری دارایی وەرنەگرینەوە لەکێی وەرگرینەوە! ئەکرێ وەزیری دارایی نەزانێ داهاتی ئەم وڵاتە چەندە، کاکە بۆ داهاتوونا الحکم وللە من دەزانم خەڵکی بەتوانا بە پلان بە بەرنامە بە سیستم کار بکە ئەتوانێ تەوقعی هەبێت بۆ سێ مانگی داهاتوو بۆ شەشی داهاتوو بۆ ساڵی ئایندەی داهاتی هەرێمی کوردستان چەندە، بەس ناکرێ تۆ سێ مانگ رابردوو نەزانی، ئەی چۆن مووچەت دابەش کرد؟ چۆن خەرجی وەزارەتەکانت کرد؟ ئەی چۆن تەمویلی سێکتەرەکانت کرد؟ چۆن پارەت بۆ پرۆژەکان تەرخان کرد؟ خاڵێکی تر ئەمە لە کاتێکدا بەرێزان ئێستا سەردەمێکە بە سەردەمی تەقینەوەی زانیاریەکان ناسراوە، مارکێتێك لە هەولێر و سلێمانی کاشێرێکی داناوە کۆتایی رۆژەکە دەزانێ چەندی فرۆشتووە و چەندی قازانجە و چەندی زەرەرە، چۆن دەبێ وەزارەتی دارایی نەزانێ داهاتی ئەم وڵاتە چەندە؟ چی لێدێت؟ بۆ کوی دەچێت؟ چۆن دەبێت وەزراەتی سامانە سروشتییەکان نەزانێ نەوت چەندی فرۆشتووە بە چەندی فرۆشتووە بۆچی ئەوەندەی دەچێتە تێچووی فرۆشتنەوە، خاڵێکی تر بەرێزان ئێستا لە هەر وەزیرێکی حکومەتی هەرێم بپرسین دەسەڵاتی خەرجکردنی (١٠) ملیۆن دینارت هەیە دەڵێ نەخێر بەبی گەڕانەوە بۆ وەزیری دارایی، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مانگانە نیوەی داهاتی نەوت خەرج دەکات بەبێ گەڕانەوە بۆ کەس، بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ یاسایەك، کاك (د.کەمال) پێم بڵێ وەزارەتەکەت بەپێی چ یاسایەك، بەپێی چ رەزامەندییەك، بەپێی چ سیستەمێکی خەرجی، بەپێی چ سیستەمێکی ژمێریاری داهات بۆخۆت سەرف دەکەیتەوە! بەبێ ئەوەی هیچ دەزگایەك هەبێت لە کوردستان چاودێریت بکات، یەك ئەندام پەرلەمان پێم بڵێ بەرمیلێ نەوت لە مانگی رابردوودا بە چەند فرۆشراوە، بەکێ فرۆشراوە، بۆچی خەرجیەکەی ئەوەندەیە، باش دیوانی چاودێری داراییمان هەیە بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) دیوانی چاودێری دارایی موکەلەفە بە وردبینیکردنی هەموو وەزارەتەکانی هەموو دەستەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، واتا دەبێ هەموو موئەسەسەیەك لە کوردستانا بەپێی یاسا ملکەچ بێت بۆ چاودێر دیوانی چاودێری دارایی، بەڵام بۆ رێگە نادرێ وردبینی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکات، ئەمە رەخنەی جدی دیوانی چاودێری داراییە، یەك دۆکۆمێنت ناچێتە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان دیوانی چاودێری دارایی سەبارەت بە داهاتی نەوت سەبارەت بە خەرجییەکانی سەبارەت بە هەموو پرۆسەکان، باش بەپێی یاسا هەردوو یاسای سامانە سروشتییەکان وە نەوت و گازی هەرێم ئێوە دەبێ چوار کۆمپانیا دروست بکەن کە بەرپرسیار دەبن لە پرۆسەی دۆزینەوەی نەوت، دەرهێنان، گواستنەوە، تا فرۆشتنی، چواردە ساڵە ئەو

یاسایه نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەبێ سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوت و گازیەکان دروست بکەن، ئەم سندوقە نەوەکو ملکەچ بێت بۆ وە منی پەرلەمانتار چاودێری بکەم نا، نەك ملکەچ بێت بەوەی میدیاکان زانیاری نا، بەپێی یاسا ئەبێ هاووڵاتی لە کوردستاندا بزانێ دۆلار بە دۆلار چەند دەچێتە ئەو سندووقەوە، ئەم سندووقە کەی دروست دەکەن؟ خۆتان بەڵێنتام داوە، یاسایە، حکومەت بە یاسا کارنەکا هەرچی یاسایە وەلاتان ناوە، باش وەڵا هیچ باش نییە ئەمانە هەمووی خراپن، خاڵێکی تر سەبارەت بە خاڵە گومرگییەکان بەڕێز برای بەڕێزم کاك (ساماڵ) بەڕێوەبەی گشتی گومرگە بەپێی زانیاریەکانی ئەو (١٠٧) ملیار دەگەرێتەوە خەزێنەی گشتی ئەڵێ (٧٠) ملیار تا (١٠٧) ملیار کاك (شێخ ئاوات) دەفەرموێ (١٣٠) ملیار دوو مەتریان بەینە دوو رەقەمی جیاواز بەس لای من سێ سەد ملیار دینارە مانگانە داهاتی گومرگ، بە چی دەبێتەوە (١٣٠) سەد و سی ملیار کاك (شێخ ئاوات) قاچاغچیەتی، فرت و فێڵی گومرگی، لێخۆشبوونی گومرگی، کۆمپانیاکاری خراپی سیستەم، سێ رێگەیان ئێوە لێی مەسئولن، من سبینێ بچمە شوێنەکەی سەرۆکی حکومەت بە یەك مانگ داهاتی خاڵە سنوورە گومرگییەکان دەگەێنمە دوو سەد و سی ملیار دینار، قاچاغچیەتی یەك بەرۆژی رووناك دەکرێت کاك (شێخ ئاوات) یەعنی بە دزیەوە قاچاغچیەتی ناکرێ، ئەگەر دوو هێزی سیاسی دەسەڵات لەپشتییەوە نەبێت بە کەس ناکرێ لە کوردستاندا، بە هاووڵاتی فەقیر ناکرێ، قاچاغچیەتی مەبەستمان ئەو ترێلانەن کە بەدوای یەکدا سەرە دەگرن بە جادەی قیردا بە رۆژی رووناك لە پێش چاوی ئاسایش و پۆلیس دێنە چوورەوە، نەك ئەوەی بە کۆڵبەرێکی هەژار پەنجا هەزاری دەست دەکەوێت دەیهێنێ لەگەڵ خۆیدا، ئەتوانن قاچاغچیەتی کۆتایی پێبێنن، دەتوانن کۆمپانیاکاری کۆتایی پێبێنن، دەتوانن عەفوی گومرگی هەر ئەمڕۆ ئەم سیانە کۆتایی پێبێنن، سەد ملیار دینار داهاتی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات، گوناح نییە لە ساڵی (٢٠٢٠) حکومەتی هەرێم تەنها پێنج مووچەی داوە بە کەسوکاری شەهید، پێشمەرگە، مامۆستا، خاوەن پێداویستی تایبەت، بە هەژارەکان هیچی نەداوە، کەچی لەولا سەد ملیار دینار مانگانە بە زایەع دەچێ، ئەم کۆمپانیایانە کێن؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان توخوا دەرفەتم بدەن من (١١) سەعات سەبرم هەبووە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر) تۆزێك کۆیکەرەوە.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسەرچاو، سێزدە کۆمپانیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و دوو حیزبی دەسەڵات لە خاڵە گومرکیەکاندا، هەر کەسێك بۆی هەیە بڵێ چۆن دەزانی؟ خاڵی یەکەم ئەم کۆمپانیایانە هەموو ساڵێك گرێبەستیان بۆ دووبارە دەکرێتەوە، خاڵی دووەم ئەم کۆمپانیایانە نە رەچاوی هیچ یاسایەکی ژمێریاری نە هیچ بنەمایەکی دەستووری تەنانەت وەزارەتی پلاندانان رێنماییەکی دەرکردووە بەناوی گرێبەستە گشتییەکان رەچاوی ئەوە ناکات، لە کوردستان بەڕێوەبەرێك

ئەگەر هەندێ مێز و کورسی کۆنە بفرۆشێت دەبێت لێژنەیەك پێك بێنێت بۆ خەملاندنی، لێژنەیەك بۆ فرۆشتنی، دەبێت مەجموعەیەك خەڵك بێن تەندەر لێبدەن زیادکردنی ئاشکرا هەبێ، ئەگەر ئێمە پاککردنەوەی ناحیەیەك بدەین بە کرێ دەبێ بە ئیعلان ئاشکرا بێت، چەند دەقە بوو؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵا لەوانەیە (١٥) دەقە بووبێ.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا نەگەیشتومە ئەوەنە، بەڵام تەماشا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سیستەمەکەی خۆت تێك مەدە توخوا رجائەن لەمنا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر وەڵا لەهەموو قیاسێك چویتە دەرەوە تۆ.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو کۆمپانیای دڵنیایی ئەو کۆمپانیایەی لە (ابراهیم خەلیل) ئیش دەکا ئەوە نییە لە (باشماغ) مانگانە پێنج ملیار دیناردەست کەوتیانە لە کاتێکدا هیچ یاسایەك نییە کە هیچ ئۆتۆمبێلێك یان کەسێك یان شەخسێك پابەند بکا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سیپان) تۆ قسە بکە، تەواو، زۆر سوپاس، ڕێی چیم نەدای مامۆستا (عمر) بۆ خاتری خوا خەڵك هەموو بێزار بوو لێت، کاك (هاوڕێ) دەتوانی لەجێگای خۆتەوە قسە نەکەی، بەڵێ کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەیا گۆتنان پەرلەمانتارێن بەڕێز ئاماژە پێدا کو زۆربەیا وان ژی دلسۆزیا خۆ ژبۆوی چەندی دیار کر کو ئەڤروکە هەموو هاڤخەمێن خەلکێ هەرێما کوردستانێ ژبۆ وەکی مووچەی وان بێ لێبڕین بهێتە دابەش کرن، لێ ئەوا خەلکێ هەرێما کوردستانێ چاڤەرێیە کو پتر د(١٠) دەمژمێرە رۆنیشتنا پەرلەمانێ کوردستانێ بەردەوامە، ئایا خەلکی هەرێمێ کوردستانێ دڤان (١٠) دەم ژمێرێ کو چاڤەرێ دکر دێشێن وێ دڵنیایی وەرگرن کو ئێدی مووچەی خۆ بێ لێبڕین دێ وەرگرن، یان بتنی گۆتنەك بوو، وتووێژەك بوو پشتی مە ژی ستافێ ئەنجومەنێ وەزیران دێگۆتنێ خۆ بکەن و ئیدی هیچ چارەسەریەك ژبۆ ڤی بابەتی نائێتە کرن، چونکی ئەڤی کو خەلك چاڤەرێ دکاتن وەرگرتنا ئەڤێ بەرسڤێیە وە ئێدی خەلکی هەرێما کوردستانێ مووچەیێ خۆ بدروستی وەرگریتن ئەو مافێت وان ژلایێ حکومەتا هەرێما کوردستانێڤە مافێ وان لێهاتیە خارن، من دڤێت دەربارەی چەند پرسەکی دی ئاماژە پێبدەم دەربارەی پرۆسا چاکسازیێ قوناغەکا مەزن حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەلگرتن و خەلکی ئومێد هەبوو کو ئەڤ کابینە بشێت چاکسازی بکەت و گۆڕانکاریا بکەت، ئایا چ چاکسازی کر؟ ئایا چاکسازی دسێکتەرێ

نەفتێدا هاتیە کرن؟ دسێکتەرێ ناڤخۆدا هاتیە کرن؟ دسێکتەرێ داهاتێ گومرگادا هاتیە کرن؟ ئەگەر هاتیە کرن بیەك خال ژ(١%) هاتیە کرن هێڤیخازین بەرسڤەك لسەر ڤی چەندێ بهێتە دان، بتنێ ئەو چاکسازیا کو مە دیتی ئەنجومەنی وەزیران کری پاسەوانێت وەزیرێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ بوون کو ژ شەشان کرنە دە، بتنێ مە ئەڤ چاکسازیێ دیت ژحکومەتا هەرێما کوردستانێ، دەربارەی پرۆژە یاسایێ خانەنشینیا هێزێن ناڤخۆ کو زۆربەیا هێزا ناڤخۆ ئەڤ پرسیارا ئاراستەی مەکریبە کو ئەم ئاراستەی ئەنجومەنێ وەزیران بکەین ئایا ئەڤ پرۆژە یاسایە کەنگی دگەهیتە پەرلەمانا کوردستانێ؟ چونکی ئەڤروکە ئەندامەك ژهێزێن ناڤخۆ سێ سالایە خزمەتی دکەتن پشتێ سێ سالە کەمتر ژ (٣٠٠) هزارا دێتە خانەنشینکرن، کو نشێت بژێوا ژینا خۆیا رۆژانە دابین بکات، هەروەسا ئەنجومەنێ وەزیران ئاماژە بوێ چەندێ دایە کو ئەوێ دەسکاریێ دەرماڵەی فەرمانبەرا دا بکاتن، ئایا ئەڤ پێداچوون ددەرماڵەیێ فەرمانبەرادا بشێوەیەکی گشتتی چیش دەرماڵە بخۆڤە دگریتن، ئایا دەسکاری کین دڤان دەرماڵەیادا ؟ دەرماڵەێن جێگری نە جێگری یان چ جۆرە دەرمالەیەکن ئەڤرۆکە ئەنجومەنێ وەزیران ددسکارێدا تێدا ناکەت ببەهانەێن ژجودا ئەڤە ژی برەنگەکی لێبرینا مووچەیێ فەرمانبەرێ هەرێما کوردستانێیە، پرسەکا دی کو خەلکی زۆر دڤیا بەرسڤا دروست بزانن سولفا عەقاری بوو، سولفا عەقاری لهەرێما کوردستانێ بوو هەر سالەکی (١٠%) دچیتە سەر، پەیرەکەرێن ئاینێ ئیسلامێ لکوردستانێ ژی ئاماڤە بوێ چەندێ ددەن وەسا بدەنە دیار کرن موسلمان ئەڤ پارێ کو دچیتە سەر ریبایە، ئایا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژغەیری لێبرینا مووچەی ئەڤرۆکە دەسبریە ژبۆ یەکی خەلکی هەرێما کوردستانێ گوناهکار ژیبکەت و ریبایێ بداتن، لدوماهیێ من دڤێت ئاماژە بە وی چەندێ بدەم ئەڤروکە گرینگە کۆمبونا پەرلەمانی کوردستانێ بێ ئەنجام دوماهیك نەهێتن، تکایە سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانی هەلویستەکی لسەر وێ ئەرکەکی مێژووییە لسەر هەمی پەرلەمانتکارا ئەڤروکە هەمی پەرلەمانتار لسەر وێ چەندێ کوکن کو دڤێت مووچێ فەرمانبەرا بهێتە دابینکرن، ئەرکە لسەر وە ئەرکەکی مێژوویبە لسەر ملێ دەستایە سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ کو ئەڤی بابەتی بێخیتە دەنگدان ژبۆیەکی ئەڤ فشارێ لسەر پەرلەمانتاران کێم ببیت و خەلکی هەرێما کوردستانێ ژی بزانیتن ئەڤرۆکە پەرلەمانێ کوردستانێ دەنگ لسەر وی چەندی دا ئیدی لیبرینا مووچەی فەرمانبەرێن هەرێما کوردستانێ نەهێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (نجاة) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بخێرهاتنا بەرێزان شاندێ حکومەتا هەرێما کوردستانی دکەین، دیڤ دیڤچونا من سەرەرای مەمەزاختنا پارەی نەبوونا تەکنەلۆژیا شەهرەزایت بۆ وی پترۆلێدا جهێ شانازێیە کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ باشترین گرێبەست دگەل کۆمپانیا جیهانیدا گرێدابوون، ئەوژی گرێبەستا بناڤێ گرێبەستا پشکداربونێ دبەرهەم ئینانێدا یەعنی (المشارك فی انجاج) کربوو، ئەڤێ گرێبەستێ هیچ مەترسی و قازانجێت وەبەرهەم هێنانێ لکوردستانێ

یەعنی هاڤسەنگ دکەت یەعنی تەعادل هەبوو مە سەدێ ژی ژقازانجیدایە ژی، پرسیار من لێرە ئەوە دڤی گرێبەستی رێژا داهاتی بۆ حکومەتێ چەندە؟ هەروەسا گرێبەستا هاوبەش داهاتێ وێ چەندە؟ خەرجێت دەرهێنانا نەفتێ ژی چەندن؟ پرسیارا دووێ بەس وەزیرێ سامانی سروشتی لڤێرە نەبوو من ئەڤ پرسیارە کر، پرسیار دووێ هەروەسا بۆ وەزیرێ سامانێ سروشتی هەکەن بەرێ خۆ بدەینێ نرخا نەفتی لئاستەکێ بلندایە حەتا نووکە مووچە دێتە دابەش کرن بێ لێبڕین ڤە، ئەگەر هەرێما کوردستانی دەست بکا بنەتەوەیی کرنا نەفتا کوردستانێ نابیتە ئێك ژئیقلیمێ چارەسەریێ، پرسیارا من لدیڤڕا بۆ لیژنا بلندا چاکسازیێ (د.عبدالحکیم) هەروەسا بۆ پەرلەمانێ کوردستانی دیڤ راپۆرتا دووێ لیژنا بلندا جێبەجێکرنا یاسایێ چاکسازیێ کو وەزارەتا دارایی و ئابووری پێداچوون دوسێت فەرمانبەرێ دکات بوو هندێ کو پلەو سەرمووچەێ زێدە ئەوێت وەرگرین نەهێنن، بەس لێرە هەندەك وەزارەتا هەندەك دەستا ئەڤ پێداچوونە تەمام کرینە یەعنی خلاس بووینە بەس ئەکەم بەری خۆ بدەینێ پەرلەمانێ کوردستانێ کو بالاترین دەسەلاتا یاسادانانێ هەی و جێبەجێکرنێیە یەعنی چاڤدێری کرنێیە هەی حەتا نووکە برگەك ژبڕگێت بچیکێت یاسایێت چاکسازی جێبەجێ نەکرینە! ئەو ژی ئەکەم بەری خۆ بدەینێ دیڤ لیستا وەزارەتا دارایی بۆمە ڤەرێ کری ژناڤبەرا شەش سەد و شەست و چار فەرمانبەرێت پەرلەمانی هیچ یاسایەکا وان نەهاتیە ڤەڤارتن کو بزانن پلە زێدە و سەرمووچە زێدە تێدایە، وەك ئەم بەرێ خۆ بدەینە ڤێ ژمارێ نابیتە نیڤەکا ژمارا هندەك وەزارەتا کو خلاس بووینە، وەك ئەم بەرێ خۆ بدەینی هەروەسا یاسایێت چاکسازیی ڤەماوەی هندە دبیتە سالەك ژڤۆناغا جێبەجێ کرنێدا ئەرێ ئەکا پەرلەمانا کوردستانێ جێبەجێ نەکات برگێت یاسایێ چاکسازیێ پەوەزارەتا دیێ چەوا برگەێین یاسای چاکسازیێ ل وەزارەتا دی چاوایە.

پرسیارا من ئەوەیە لێرە کو سەقفێ زەمەنی چەندە بۆ دەست پێکرنێ کو پەرلەمانێ کوردستانێ رابیت دیڤ پێداچوونا لیستا فەرمانبەرێت خۆ؟ پرسیارا دی بۆ هەروەسا لیژنەیا چاکسازیێ پشتی هەموارکرنا خانەنشینیا شارەزایان دیڤ یاسایێ چاکسازیێ و زڤڕاندنا داهاتی بۆ خەزینا دەولەتێ دیتنا هەوە یا رێژدار زیان نەگەهشتیە وان شارەزایان ئەوێت ب حەڤێ خۆیێ فعلی نە شارەزان، ئەڤە پرسیار بۆ وەزیرێ دارایی، هەروەسا دەرئەنجاما جێ بەجێ کرنا یاسایا چاکسازیێ دڤێت ئەنجوومەنی وەزیران ئەولەویەتێ بدەتە چ، ئەولەویەت دان ب کەمترین مووچەی خانەنشینی، هەروەسا پێداچوونێ تێدا بکەت بۆ هەندێ کو ژیان و گوزەرانێ خەلکی کەمترین مووچەی خانەنشینی خۆش کەتن، ل ڤێرە کەنگی دی دەست هەندێ دکەت کو مووچەی خانەنشینێت کەمترین مووچە بێهتە راست ڤەکرن، هەروەسا وەختێ دەرچوونا یاسایێ چاکسازیێ حکومەتێ هەولدابوو کو دەر ئێخستنا پرۆژەیا یاسایا خانەنشینا یەکگرتوو یا هەرێما کوردستانێ، ئایا ئەڤ پرۆژە یاسا لە چ ڤۆناغ دایە؟ هەروەسا بۆ وەزیرێ دارایی، مە وەگۆیا خۆ دایە هەمیا ل دووماهیکێینە، دێجا مەجبورین مە گەلەك پرسیارا حازر کردبوون بەس زۆریان هاتنە کرن، ژبەر هەندێ شێوەی پرسیارا طهۆڕین، دیجا باشترە هەمی گۆیێ خۆ بدەنێ و بێ دەنگ ببن، حکومەتێ بڕیار دابوو کو ئەو سەیارەیێت مۆدێلێت کەڤن یەعنی لێدراو نەهێتە کوردستانێ، بەلێ نوکە ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ شار و شارۆچکێت کوردستانێ پڕە ل ڤان جۆرێت سەیاران، کار دکەتە سەر ژینگەها کوردستانێ، ئەرێ ل ڤێرە بۆچووی جێ بەجێ

کرنێ بڕیارێت حکومەتی ناهێنە جێ بەجێ کرن؟ هەروەسا بۆ وەزیرێ دارایی هەبوونا بودجە گرنگە بۆ کۆنترۆلکرنا ماڵپەڕێن گەندەڵیێ و چەسپاندنا شەفافیەتێ، ئەرێ ئەڤ ساڵە هەرێما کوردستانێ دێبیتە خودان بودجەییێت خۆ یان نا؟ هەروەسا بۆ وەزیرێ دارایی ئێك ژ ژێدەرێن داهاتێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ وەرگرتنا بودجەیە، ئایا داهاتی بودجە چەندە دیڤ پارێزگەهێن کوردستانێ؟ یەعنی ل دیڤ پارێزگەهێن کوردستانێ بودجەی چەندە؟ هەروەسا ئەرێ هەمی کۆمپانیا تەسفیە دکەن ل پاکی باج یان نا؟ یەعنی هەندەك ل پاکی باج دکەن و هەندەك ناکەن ئایا هەمی دکەن یان نا؟ دیار بیت بۆ مە گەلەکا باش بیت، هەروەسا ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ چەندەها پڕۆژە ئانجامداینە ل سەران سەرێ کوردستانێ ل ڤان چەند رۆژێت بوری سەرۆکی حکومەتا هەرێما کوردستانێ بڕیاردابوو کو کێشا ئاڤا چەمچەماڵ چارەسەر بکەتن، چونکە هەر پازدە رۆژ جارەکێ ئاڤ ل چەمچەماڵ دەهاتە دابەشکرن ئەو ژی سێ ملیۆن و نیڤ دینار بۆ ئاڤا چەمچەماڵ هاتینە تەرخان کرن ل دوماهیدا، راستی مادام ئەم دوماهیکیێنە دەبیت تەحەمول بکەن و گوییێ خۆ بدەنێ، مە گوییێ خۆ دا هەمیان، گوییێ خۆ ژی نادەنێ، سەبارەت ب قەرزێن بازرگانی، قەرزێت بازرگانییێ حەتا نوکە رێڤەبەرێن بانکێن بازرگانی چ ماڵ و موڵکێن رەهن یا کری فرۆشتینە بۆ وەرگرتنا قەرزان یا نا؟ ل دوماهیکێ گەلەك پرسیار هەبوون هەمی هەڤالان کربوون من محاوەلە کر کو ئەو پرسیاربن کەسێ نەکری بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە پەرلەمانی کوردستان دیوانی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی دروستکردووە و دەستی بە پێداچوونەوەی دۆسیەی ئەندامانی پەرلەمان کردووە لە ڕاپۆرتی تازەدا، بێگومان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی فەرمانبەرانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە لە راپۆرتی تازەدا دڵنیام تێدابێت، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتژمێر (١١)ەوە ئێمە دانیشتووین هەر مرۆڤێکیش تاقەیەکی هەیە، ئیتر تاقەکە خەریکە تەواو دەبێت، پرسەکەی بۆی دانیشتووین وازحە و پرسیارکراوە، پرسیاری دووبارە تاقەکە کەمتر دەکاتەوە، تکایە ئەو پرسیارانەی کە دووبارەن خۆ ئێمە هەمموو لێرەین هەمموومان لە خەمی لێبڕینی مووچەداین، هەمموومان لە خەمی ئەوەداین کە مووچە وەکو خۆی لێبێتەوە، وە ئەو کێشانەی کە باسکرا تکایە ئەگەر کاتەکە کراوە، بەڵام ئەوەندە زۆریش کراوە نەبێت، یەعنی ئەوە سەعات (١٠:٣٠) تاوەکو ئێستا شاندی حکومەتی هەرێم قەسەیان نەکردووە، تکایە قسەی دووبارە وەرمەگرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە کە لە سەرەتا گوتمان کاتەکە کراوەیە و گوتمان بەڕێزان با دووبارەشی تێدا نەبێت، بەڵام هەر کەسێك کە سرەی دێتە سەر خۆی ئیتر ئەوەی لە بیر دەچێت کە ئەو بابەتە بەو شێوەیە، یەعنی ئێمە ئەو بەڕێزانەی کە کەوتوونەتە ئەخیری کەس دە سەعاتە گوێ لە رەفیقەکانیان دەگرن، ئێمە ناتوانین ئیجباریان بکەین بڵێین والله رەفیقەکانتان چارەگێك قسەی کردووە تۆ

پێنج دەقە قسە بکە، بەڵام داواتان لێدەکەین قسەکان دووبارە مەکەنەوە، داواتان لێدەکەین دووبارەی مەکەنەوە، کە ئەوە مەسەلەیەکی تەواو پەیڕەویە، کاك هەلکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، داواکارم لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم ئەو سولفەی بانکی کشتوکاڵی لێخۆشبوونی لە (١٥%)ی بۆ بەردەوام بێت و لێخۆشبوونەکەش هاوشێوەی بەغدای لێبکرێت بکرێتە لە (٥٠%)، جووتیار تووشی وشکە ساڵی بووە و بەرەوبوومی نەبووە، وە ئازاد بن ئەو گەنمانەی کە هەیانە بۆ کوێی بەرن رێگریان لێ نەکرێت، وە ئەگەر بۆ دەرەوەی هەرێمیش بێت، بە زۆرە ملی تەسلیمی کۆمپانیا نەکرێت بە سوپاسەوە حەفتا پێنج هەزار دینار، وە ئەگەر بێتوو تەسلیمی سایلۆکانی تری دەرەوەی هەرێم بکرێت بڕی پارەکە پێنج سەد و شەست هەزار دینارە دیارە بۆ جووتیار شتێکی باشە، وە حکومەتی هەرێم دەعمی فەلاح ناکات بە هیچ شێوەیەك، لەمەو پاش پێویستە بەرنامەیان هەبێت بۆ دەعمکردنی فەلاح.

بەڕێز وەزیری دارایی، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ریگا نەگرن لە هاوردەکردنی جوجکەی هێلکە، مریشکی هێلکە و دۆگ، لەبەر ئەوەی خۆی بە نا یاسایی دێت، ئەو کاتەش کۆمپانیاکان قازانج دەکەن، زەرەرمەندی یەکەم میللەتەکەمانە و خەڵکی بە شەرەفی کوردستانە، بۆ ئەوەی ئەو داهاتەش ئەگەر بێتوو بە ئازادی بێتە هەرێمی کوردستان ئەو بڕە پارەیە دێتە سەر خەزێنەی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموومان ئیستیفادەی لێدەکەین، لێرەشدا روو دەکەمە بەڕێز سەرۆکی دیوان بەڕێز دکتۆر صباح، بەڕێز جەنابی دکتۆر نووسراوێك لە ئەنجوومەنی ئاسایشەوە هاتووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران تایبەت بە بەرزکردنەوەی پلەی چوار سەد و سی و شەش ئەفسەر کە زیاتر لە حەوت ساڵ تا دە ساڵە پلەکانیان بەرز نەکراوەتەوە بە هۆکاری نەبوونی شەهادەی پۆلی دوازدە یاخود زانکۆ و پەیمانگاکان، یاخود دەورەیان نەکردووە، ئینجا داوا لە بەڕێزت دەکەم ژمارەی نووسراوەکە (٢١٤)یە لە بەرواری (٢٠٢١/٥/٣) داواکاریان بۆ ئێوەی بەڕێز ناردووە.

ئینجا داوا لە بەڕێزتان دەکەین هەموومان خۆمان بە قەرزاری هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ دەزانین ئەوە رەمزێکە بە سەرشانی هەموومان، پیرۆزیەکە ئەو پلەیان پێبدرێت، بەڕیز کاك ئومێد، نووسراویك لە پارێزگای سلێمانیەوە هاتووە بە ژمارە (٢٥/٦٣) لە بەرواری (٢٠١٨/٧/٨) کە تایبەت دراوەتە بەر دەستی بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیران کاك قوباد تاڵەبانی بۆ دابینکردنی ئاوی قەزای شارەزور گەڕەکی هەواری شار پێنج سەد ماڵن بە ئیمزای هەر پێنج سەد ماڵەکە رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، وە دەرخستەشی بۆ کراوە لەلایەن پارێزگای سلێمانیەوە بڕی یەك ملیار دیناری تێدەچێت، وە هەموومان دەزانین ئاو سەرچاوەی ژیانە، ئەوە لەسەر ئاستی حکومەتە کە بە زووترین کات ئەو بڕیارە چارەسەر بکات بۆ ئەوەی خەڵکی دەڤەری شارەزوریش زیاتر لەو پێنج سەد ماڵە لە کەم ئاوی بێبەش نەبن، بەڕێز سەرۆکی، هەموویان باسی مووچە و داهاتیان کردووە لە گەڵیاندام لێبڕین (٢١%)ەکە نەمێنێت، بۆ هێزەکانی ناوخۆ خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و مامۆستایان پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمی قوتابیان و

زانكۆكـان، بەڵام كە ئێـوە جەنابتـان فەرمووتـان بـا نەبێـتە ئەوەی دووبـارە و سـێ بـارە، ئەمە دە بارەش بوون ئەمانە، بـۆیە مـن باسـم نەکرد لەبەر ئەوەی لەگەڵیـدام، بەڕێـز مـن قسـەیەك دەکەم گاڵتەتان پێ نێت پێشنیارێك و ڕێگا چارەیەکم هەیە بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی و داهاتەکان کە بگەڕێنەوە سەر داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش ئەمڕۆ لە کوردستاندا کۆمپانیاکـان دەستیانگرتووە بەسەر داهاتی خەڵکی کوردسـتاندا، منیش پێشـنیار هەیە بـا حکـومەتی هەرێـم بڕیـار بـدات کە خـاڵە سـنووریەکان بە تـایبەتی (باشـماخ، پەروێزخـان، حـاجی ئـۆمەران، ابـراهیم خلیـل، دەروازەی پێشـخابوور) بـدرێت کۆمپانیـای کەرتـی تـایبەت بە شـێوەیەکی ئاشـکرا و موزایەدە، دڵنیام ئەوجا ئەگەر هـاتوو بە شـێوەیەکی مـوزایەدە درا بەو کۆمپانیـای وەبەرهێنـان و کەرتی تایبەت داهاتەکانمان لە سێ سەد و پەنجا ملیۆن تا چوار سەد ملیۆن دۆلار بەس گـومرگی ئەو پێـنج خـاڵە گومرگیەمـان دەبێـت، ئەو کـاتەش خەزێنەیەکـی باشـە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەر حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، ئامـادەم بـۆ ئەم کـارە ئەگەر بێتـوو حکـومەت بیکـات ئەگەر وا دەرنەچوو ئا لەو شـوێنەی جەنابتـان ملـم بـکەن بە پەتـی سـێدارە، وە ڕەئـی خۆشـمە حکـومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تر ناتوانێت مـووچەی لە (١٠٠%) بـداتەوە فەرمـانبەرانی کوردسـتان، وە داواشم ئەوەیە ئەوەندە لەم پەرلەمانی کوردستانە حێقەی حکومەت نەگرین...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کـاك هەلـکەوت داوا لە خەڵکـی تـر مەکە چـی دەڵێـت، بەس ئەوەی خـۆت چیـت دەوێـت ئەوەی خۆتان بڵێن، فەرموو.

**بەڕێز هەلكەوت انور خليفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حکومەت ئەگەر نەیتوانی لە (٢١%)ی مووچەکە لا ببـات بـا بیکـاتە (١٠%)، وە ئەوەی بەڕێـوەبەرە گشـتییەکانیش و وەزارەتەکـانیش و پەرلەمانتـاریش بکـرێتە لە (٢٥%) بـۆ ئەوەی ئەوەنـدە موناقەشە لەناو ئەو هۆلی پەرلەمانە نەکەیـن، فەرمـانبەرانی کوردسـتان چـاوەڕێی زیـاتر لە ئێمە نەکەن، پەرلەمـانیش و حکـومەتیش بێـتە سـەر سـکەو یاسـا و کارەکـانی پەرلەمـان جـێ بەجـێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان تیمی حکومەت هەموو لایەکتان بەخێربێن، ئـێمە کە ئەم شـەو کە لێـرە کۆبـوونەتەینەوە لە بەیانیەوە تاوەکو ئێستا گومـان لە دڵسـۆزی ئێـوە نـیە، وە گومانیشـمان لە دڵسـۆزی هاوڕێیـانی خۆمان نیە، بەڵام ئێوە بە ستایلی خۆتان عوزرتان بۆ خۆتان پێیە، ئـێمەش عـوزری خۆمـان پێـیە، عوزری ئێمە خەڵکە و ئەو کەسانەیە کە لەگەڵیان تێکەڵ دەبین، عوزری ئێـوە وەکـو حکـومەت ئەو قەیران و ناڕەحەتیانەن کە ڕووبەرووتان بوونەوە، ئێمە دەزانین کە لە ماوەی یەك سـاڵی ڕابـردوو حکـومەتی عێراقـی تـاوەکو ئێسـتا یەك دۆلاری نەنـاردووە بـۆ خەزێـنەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، بـاش دەزانـین کە کۆرۆنـا بـارگرانیەکی زۆری بـۆ سـەر شـانی حکـومەتی هەرێمـی

کوردستان دروستکردووە، لەوەش تێدەگەین کە پرسی مووچە و ئەو هەموو ژمارەی مووچە خۆر کە لە رابردوو بوونەتە بارگرانیەکی قورس لەسەر شانی حکومەت ئەم ژمارەیە دابینکردنی پارەکەیان کە بە هەر ریگەیەك بووە بە هۆی هەڵەی رابردوو بووە یان هەرچی دیکە بووە نارەحەتیەکە کە دەبێت ئێستا هەمووومان ئەو بەرپرسیاریەتە هەڵبگرین، بۆیە رەجائەن یەعنی ئێمە هەمووومان کە لێرە چووینە دەرەوە کۆمەڵایەتیەن خوشك و برای یەکترین، هیچ کەس لێرە رقی لە هیچ بەرێزێکی حکومەت نیە، دانەنیشتووین باسی ستایلی قژی یەکتر بکەین، دانەنیشتووین بپرسین کە کێشەیەکی شەخصی یان هەر شتێکی دیکە لەگەڵ هەر بەرێزێك، دانیشتووین خەمی حەڵك هی هەمووومانە دڵنیام لە دڵسۆزی ئێوە، بەڵام ئەوەی ئێمەش خەمی خەڵکە و ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەیپرسین کەڵەکە بووە، وە چەندین بابەتی گرنگ بوون کە دەمانەویت وەڵامەکەی بزانین، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵپشتی لە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، پاڵپشتی لە بەرێز سەرۆك وەزیران دەکەین، لە هەمان کاتدا داوای هەڵگرتنی مەسئولیەت لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە ئەوەی کە تاوەکو ئێستا کردووتانە دەستان خۆش بێت، ئەوەی کە لە داهاتوو دێتە بەردەمتان تکایە رێگە مەدەن، بۆیە چەند سەرەنجێکی خۆمان دەخەینە روو لەوانەیە ستایلی ئێمە هەر یەکەو بە جۆرێك قسە دەکات، یەعنی هەندێکی پێی مورتاح نەبن، هەندێکی پێی مورتاح بن، ئیتر ئەوە نیەتەکە وازحە کە دڵسۆزیە، بەرێزان، چاوەڕێ مەکەن گلەییتان لێ نەکرێت، دوو سەد مەترتان بە (٢٨) بڕی بۆ پەرلەمانی کوردستان، یەکەمجار من رووی دەمم لە نوێنەرانی خۆمانە، من هیچ رەنگێك نابینم و هیچ لایەنێکی سیاسی بە ئامانج ناکەم لەم دانیشتنەدا، من باس لەوە دەکەم کە برادەرەکان دەڵێن هەژدە هەزار ئۆتۆمبیل هاتووتە ژوورەوە لەبەر چاوی کێ هاتنە ژوورەوە؟.

بەرێزان، ئێمە کە دەڵێین قەبارەی قاچاخی مانگانە چل ملیۆن دۆلارە، ئەم قاچاخیە لە کوێوە دێتە ژوورەوە؟ بەرێزان، وەڵاممان دەوێت، وە بەبەرچاوی کێوە دێتە ژوورەوە؟ لە ماوەی یەك ساڵدا سەد ملیۆن دۆلار تەنها قاچاخی ئۆتۆمبێل بووە کێ لەمە بەرپرسە؟ وەڵامەکەیمان دەوێت بەرێزان، ئەمە ئەگەر بخرێتە سەر داهاتی خەڵك نە ئێوە ئیحراج دەبن نە ئێمە ئیحراج دەبین، بەرێزان، ئەگەر بێتوو هەموو دەروازە سنووریەکان ئەوانەی کە فەرمین ئێوە راتانگەیاندووە داهاتەکەی نۆەت و حەوت ملیۆن دۆلارە، ئەگەر بە شێوەیەکی رێك و پێك کۆنترۆڵ بکەن باش وازحە لەلاتان قەبارەی بازرگانی مۆڵەتی بازرگانی زۆر لەو داهاتە زیاترە، ئەگەر دەشتانەوێت بزانن لە کوێ ئەم گەندەڵیە رووودەدات زۆر وازحە بچن سەیری داوای مۆڵەتی بازرگانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بکەن لە داوای مۆڵەتی بازرگانیدا بۆتان دەردەکەوێت کە چ پارێزگایەك زۆرترین رێژەی گەندەڵی تێداکراوە لە دەروازە سنووریەکان، چەندین رێگا هەن بۆ پەیداکردنی داهات من هەر لە سەرەتاوە وەکو رەئی شەخصی خۆم لە یەك سەرەدانتانەوە بۆ بەغدا هیوام نەبووە، پەنجا سەرەدانی تریش بکەن من هیوام نیە، دەبێت ئێمە لە ناو خۆمان ئەم شتانەی کە ئەم برادەرانە دۆستانە پێتان دەڵێین ئیتر هەر یەکە و بە جۆرێك دەیلێت چارەسەر بکرێن، پێویست ناکات ئێمە بچین ئەو هەموو تەنازوولاتە لە بەغدا بکەین لەبەر خاتری مووچەی خەڵکی کوردستان، لەبەر خاتری خەڵکی کوردستان، بەرێز سەرۆك وەزیران رایگەیاندووە

ئامادەن بۆ چارەسەری کێشەکان لە دوای سوێندخواردنی چوّتە بەغدا ئێوەی بەڕێز عەزیەتان کێشاوە پانزە، شانزە جار چوونەتە بەغدا هەموو حزبە کوردستانیەکان چوونەتە بەغدا، بەڵام تاوەکو ئێستا بەغدا نازانم وەکو جۆرێك یەعنی نازانم لە پرۆتۆکۆل بنووسرێتەوە گاڵتەکردن بە هەرێمی کوردستان دەینێرین نایینێرین، یەکێك دەڵێت دەینێرین، بەیانیەکەی یەکێکی دیکە دەڵێت نایینێرین.
بەڕێزان ئێوە چ هیوایەکتان بە دانووستانێك هەیە لە وەڵاتێك کە بە سەرۆك وەزیرانەکەی بگوترێت ئەگەر ئیمزای بکەی گوێت دەبڕین، چ هیوایەکتان هەیە بەم دانووستاندنە، بۆچی رێگەی بەغدا دەگرنە بەر، ئەم بابەتانەی کە ئێمە دۆستانە باسی دەکەین هەموو حزبەکان بەبێ بیرکردنەوە لە رەنگ و لە نیشتیمانیانە سەیری ئەو بابەتە بکەین چارەسەر دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەنها بە جێ نەهێڵدرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی هەموو لایەنەکانە، من دەبینم ئێستا کاتێکە بەڕێزێك لە تیمەکەی حکومەت نیگەران دەبێت و بەڕێزێك لە حزبێکی دیکە دەچێت دڵی دەداتەوە، ئێوە هەمووتان خەریکی دڵدانەوەی یەکترن لە حەلکردنی کێشەکانی خەڵکیش ئاوا لە یەك نزیك بن لە یەکترەوە، یەکتر با جێ نەهێڵین، بۆچی ئازان بەوەی کە فلان کەس عادز نەبی، کاکە گیان تۆ عادز مەبە برا گیان تۆ عادز مەبە، بەڵام بۆ چارەسەری کێشەکان پارتی بوو کردی، یەکێتی بوو کردی، گۆڕان بوو کردی، کەس ئامادە نیە مەسئولیەتەکە هەڵگرێت، لە کۆتاییشدا حەملە دەکرێت زەختێك دەکرێت و فشارێك دەکرێت هەمووی بخرێتە سەرشانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
بەڕێزان، بابەتی باج بۆ ئێمە مایەی نیگەرانیە بەڕێز وەزیری دارایی، دەستی خستۆتە قورگی خەڵکی کوردستان ئەگەر بچیتە هۆتێلێکەوە لەمەودوا یان رێستورانێکەوە شەربەتێك بخۆی دەبێت ئەگەر بایی دە هەزار بێت دەبێت تۆ هەزار دینار باج بدەی، باشە بۆچی ئێمە لە جیاتی ئەوەی کە لەم رێگەیەوە داهات کۆ بکەینەوە ئەو چواردە ملیار دینارەی کە لە کارەبا دەستان دەکەوێت مانگانە بۆی نایکەن بە هەژدە ملیۆن لە زەخت کردن لەو شوێنانەی کە بە نا یاسایی کارەبایان بردووە کە چاوپۆشیان لێکراوە، ئەو معاملانەی کە بە واستە و واستەکاری کارەبای خەڵکی کوردستانیان بردووە، بۆچی لەم رێگەیەوە داهات کۆ ناکرێتەوە؟ ئێمە کاتێك دەتوانین داهات لە رێگەی باجەوە زیاد بکەین ئەگەر بتوانین مووچەیەکی باش بدەین و بازاڕ موستەقڕ بکەین و خەڵك لە پای ماندووبوونەکانی ئەرکی خۆی بە تەواوەتی وەربگرێت، ئێستاکە کە دۆخی هەرێمی کوردستان بەم جۆرەیە حکومەت ناچاربوو کە ئەم زەختە بخاتە سەرشانی خۆی کەواتە با جارێ چاوەڕێ بکەین کە ئەو بارگرانیە لا دەچێت، دوایی دەتوانین چارەسەریش بدۆزینەوە، بەڕێزان، لە زۆر بابەتدا کاتێك لە یەك تێنەگەیشتن روویداوە بە هۆی ئەوەی کە ئێوەی بەڕێز تەوزیحتان نەداوە لە مەوزووعەکان، یەعنی تاوەکو ئێستا ئێمە بەس دەمانەوێت بزانین بۆچی بەنزین گران بووە، وەرن پێمان بڵێن، بە زانیاری خۆمان دەزانین کە گوایە بەنزینی خراپ نەهاتبێتە هەرێمی کوردستانەوە، دە باشە بە خەڵك بڵێن بەنزینی خراپ نابێت بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، کە گوتت من نامەوێت ژەهر بە چوار سەد دینار بدرێت بە تۆ، ئەو کاتە خەڵك موقنیعە، هەموومان باسی شێرپەنجە دەکەین، باسی نەخۆشیەکانی پێست و هەناسە و سییەکان دەکەین، باسی پیسبوونی ژینگە دەکەین کە ئێمە وەکو ئەندامێکی لیژنەی سامانە

سرووشتیەکان قسە دەکەم، دە وەرن پێمان بڵێن بەڕێزان یەعنی ئێوە پانزە رۆژە، بیست رۆژە بەنزینتان گرانکردووە بۆ تەوزیحێك نادەن بەم خەڵکە، نامانەوێت ژەهر داخل بێت بۆ ئەوەی کە رێگری لەمە بکەین بەنزین بەم شێوەیە نرخەکەی گران بووە، ئەمەش عوزر نییە، چونکە لە ناوخۆدا ئەو بەنزینە خراپ دەکرێت، ئەو گۆڕەپانە نا یاساییانەی کە هەن کە ئێمە لەم پەرلەمانە بەڕێزە یاسامان بۆ دەرکردووە ئەگەر بێتوو ئەو یاسایەی کە دەرچوو جێ بەجێ بکرێت بە تەواوی پاڵاوگەکان مەرجی تایبەتمەندی ژینگەیی و کواڵێتی رەچاو بکەن ئەو کاتە تەندروستی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش ناکرێتە قوربانی، دووبارە بە هیوای چارەسەری هەموو کێشەکان بۆ ئێمە.

بەڕێز وەزیری دارایی مایەی نیگەرانییە کە ئەمڕۆ دوای پێنج مانگ مووچەی مانگی یەکی وانەبێژەکان دراوە، یەعنی نیگەرانیە بۆ ئێمە، ناڕەحەتییە، من لە دڵسۆزی جەنابت تێدەگەم لەوانەیە عوزری خۆتت هەبێت، بەڕێزان هەمووتان لەوانەیە عوزری خۆتان هەبێت، بەڵام یەعنی وەرە خۆت بخە شوێنی ئەم کەسە، مرۆڤ ئەگەر ویستی لە خەمی خەڵکەکەی تێبگات با خۆی بخاتە شوێنی ئەو کەم ئەندامەی کە مووچەی سەد و پەنجا هەزار دینارە تۆ دوای پەنجا رۆژ پێی بدەی، وەر شوێنی ئەو کاتە هەستی پێدەکەیت، ئێمە رۆژانە رووبەرووی ئەم حاڵەتانە دەبینەوە، بۆیە ئەمڕۆ فشار لە ئێوەی بەڕێزیش دەکەین لەوانەیە سەدان پرسیارتان لێبکەین و وەڵامەکەیمان بۆ خەڵك دەوێت، وە دڵیناشین ئەگەر هەمووومان بە نیەتێکی باش بە مەسئولیەتەوە بە رۆژ لەگەڵ حکومەت نەبین و بە شەو دژی بین، پلان لە دژی حکومەت دانەرێژین، گەلە کۆمەکی لە حکومەتەکە نەکەین، یارمەتیدەر بین لە کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنووریەکان، یارمەتیدەربین لە جیگیرکردنی هێز لە دەروازە سنوورییەکان، بەبێ گومان ئێمە دەتوانین هەم مووچەش بدەین و هەم ئێوەش عەزیەت ناکێشن ئیتر رێگەی بەغدا بگرنەبەر و ماندووبن، وە ئێمەش نامانەوێت کە ئێوە بچنە بەردەم خەڵکێك بە شایستەی ئەوەیان نازانین بەرامبەر ئێوە پێ لە ماف و داخوازیەکانی خۆمان بنێین، وە پش لە هەندێك شت بکەین، هیوامان وایە کە مەوزوعی ئەوانەی کە پەیوەستە بە لێبڕینی مووچە تەوزیحێکی تەواو بدرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش موقنیع بین بەو وەڵامانەی ئێوەی بەڕێز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دکتۆر ئامانج داوایکردووە دەرفەتی پێبدەین وەڵامی ئەوانەی خۆی بداتەوە، دیارە دەڵێت وەزعی صحیم هەندێك تێکچووە، داوا دەکات ئێمە ئەو دەرفەتەی پێبدەین، ئەوانەی تری ئەندامانی پەرلەمان دەمێننەوە پانزە، شانزە کەسێك دەمێنێت، دەرفەتی بەڕێزیان دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە خۆیکراوە، فەرموو کاك دکتۆر ئامانج.

**بەڕێز د.ئامانج رحیم/ سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سڵاوتان لێبێت و ماندوو نەبن، ئەو پرسیارانەی کە رووبەرووی بەندەکراوەتەوە تەنها تایبەتە بە بواری قەرز، سوپاسیشتان دەکەم کە بوار بە من درا لە پێش هەڤاڵەکانم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریانکرد کاك زانا مەلا خالید

و كاك دكتۆر شێركۆ جەودەت و كاك باڵانبۆ و هەڵز خان لە فراكسیۆنی یەكگرتوو و كاك چیا لە فراكسیۆنی پارتی پرسیاریانكرد لەسەر بابەتی قەرز و پابەندیە داراییەكان.
پرسیارەكانم كۆكردۆتەوە لە پێنج شەش پرسیار و هەموو پێكەوە وەڵام دەدەمەوە:
یەكەمیان: ئەو قەرزانە لە كێ كراون، قەرزەكان چەندن، سەرچاوەی ئەم قەرزانە لە كوێن، راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی چی بەسەرهات، ئەم قەرزانە كە لەلایەن بەڕێز سەرۆك وەزیران لە مانگی (١٠)ی ساڵی (٢٠٢٠) خرابە روو لەم هۆلە لە میانی راپۆرتەكەی، ئایا گۆڕانكاریان بەسەردا هاتووە زیادیان كردووە، هۆكاری زیادبوونەكەیان چیە، بابەتی قەرزی پەیوەندیدار بە نەوت، وە بابەتی ئەوەی كە پارەی ئەو قەرزانە چۆن خەرجكراوە، ئەوەی پەیوەندیدارە بەمەسەلەی قەرز چەند جارێك لەم هۆلە بەڕێزە بۆ بەڕێزتانم روونكردۆتەوە كە هەرێمی كوردستان هیچ جۆرە قەرزێكی نەكردووە، كاك دكتۆر شێركۆ پرسیاریكرد، بە داخەوە دیارە ئێستا ئامادەنیە لە هۆلەكە، هەرێمی كوردستان بەپێی دەستووری عێراق و بەپێی قانونی ئیدارەی مالی هیچ مافێكی وەرگرتنی قەرزی نییە، بۆیە هیچ رێككەوتننامەیەكی قەرز لە نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان یاخود وەزارەتی دارایی یاخود چ جۆرە وەزارەتێكی حكومەتی هەرێمی كوردستان نیە لەگەڵ هیچ بانكێكی نێودەوڵەتی یاخود لەگەڵ هیچ لایەنێكی تری دامەزراوەیەكی دارایی بۆ وەرگرتنی قەرز، بەڵكو ئەمانە زیاتر دەكەونە چوارچێوەی پابەندی داراییەوە، هەرێمی كوردستان لە ساڵی (٢٠١٤) لە مانگی شوبات كە بەشە بوودجەی بڕدرا، ئەو كاتە نزیكەی ترلیۆنێك و دوو سەد ملیار لە حكومەتی فیدراڵیەوە دەگەیشتە هەرێمی كوردستان، لە مانگی شوباتی ساڵی (٢٠١٤) ئەم بەشە بوودجەیەی هەرێمی كوردستان بڕدرا، دواتریش باس لە قەیرانەكانی تری دارایی كرا دابەزینی نرخی نەوت، هەروەها مەسەلەی هاتنی رێكخراوی تیرۆرستی (داعش)، وە لەم ئاخیرەشەوە مەسەلەی لێكەوتە ئابووریەكانی پەتای كۆرۆنا، ئەمانە هەمووی وای لێكردووە كە هەرێمی كوردستان هەمیشە كورتهێنانی هەبێت لە نێوان داهاتەكانی، هەروەها خەرجیەكانی، بەو پێیەی كە باسمكرد هەرێمی كوردستان مافی ئەوەی نەبووە كە قەرز وەربگرێت، پەنای بردووە بۆ وەرگرتنی مەسەلەن پارەی پێشەكی لە ئەو كۆمپانیایانەی كە كڕیاری نەوتی هەرێمی كوردستان بوون، لە راپۆرتەكانی دیلۆیتیش لە ساڵی (٢٠١٦) تاوەكو كۆتایی ساڵی (٢٠٢٠) دەست نیشانكراوە كە هەرێمی كوردستان چەند پارەی پێشەكی وەرگرتووە لە كۆمپانیاكانی كڕیاری نەوت و بە فائیدەی چەندە، بەشێكی تری ئەم پابەندە داراییانە بریتیە لە پارەی پاشەكەوتكراوی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی كوردستان، تەبعەن تاوەكو ساڵی (٢٠١٧) ئەم داتایانەی كە دەیخەمە روو لە پەرلەمانی كوردستان وجودیان نەبوو، بەڵكو بۆ یەكەمجار لە ساڵی (٢٠١٧) بەڕێوەبەرایەتیەك دروستكرا لە ئەنجوومەنی وەزیران بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی قەرزی گشتی كە بەرپرسیاریەتی ئەم بەڕێوەبەرایەتە تەنها كۆكردنەوەی داتاكان بووە لەسەر قەرز، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە نە من و نە ستافەكەم هیچ رۆڵێكمان نەبووە لە هێنانەدی ئەم پابەندیە دارایی و قەرزانەی كە باس دەكرێت، لە (٢٠٢٠/١٠/٣) بەڕێز جەنابی سەرۆك وەزیران خشتەی قەرزەكانی خستە روو بۆ پەرلەمانی كوردستان، وە ئێستا ئەبدەیتی ئەو قەرزانەش بۆ بەڕێزتان رووندەكەمەوە بە ژمارە، تاوەكو (٢٠٢١/٣/٣١) كۆی گشتی قەرزەكانی ئێستا گەیشتۆتە سی و سێ ترلیۆن و شەش سەد و پەنجا و نۆ ملیار و چوار

سەد سی ملیۆن کە بە دۆلار دەکاتە بیست و هەشت ملیار و چوار سەد و حەفتا و شەش هەزار و شەش سەد و حەفتا و پێنج، ئەمە بریتی بوو لەو ڕەقەمە کۆی گشتی پابەندە داراییەکان لە ساڵی (٢٠٢٠)، ئەم ژمارەیە زیادی کردووە، وە ئێستا هۆکارەکانی زیادکردنی ئەم ژمارەیە دەخەینە ڕوو، ئێستا بۆتە سی و یەك ملیار دۆلار و شەش سەد و سی و حەوت ملیۆن، بە دیناریش دەکاتە سی و حەوت ترلیۆن و سێ سەد و نۆەت چوار ملیار دینار، کە بەشێکی زیادبوونەکە دەگەڕێتەوە بۆ سعری دۆلار کە ئێستا کە تەحویلکراوە لە دۆلارەوە بۆ دینار لەسەر ئەساسی هەزار و چوار سەد پەنجا دینار لە موقابیلی دۆلارێك سعری سەرفەکەی دەست نیشانکراوە، بەشێکی ئەم قەرزانە ئەگەر سەیری ڕەقەمی گەورە بکەین بریتیە لە دوانزە ملیار دۆلار کە پارەی پاشەکەوتکراوی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانە کە لە ساڵی (٢٠٢٠) لە مانگی (١٠) کۆکەی (٩) ملیار دۆلار بوو ئێستا بۆتە (١٢) ملیار دۆلار، واتە پێنج مانگی ساڵی (٢٠٢٠)یش کە پاشەکەوتکراوە لە زمنی ئەبدەیتی ساڵی (٢٠٢١) خراوەتە ڕوو، بەشێکی تری قەرزەکان پەیوەندیدارە بە قەرزی (**TBI**) کە خۆتان زۆر گوێتان لێبووە ئێستا قەرزەکە لە چوارچێوەی یاسای بودجە عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی (٢٠٣١) ئەو بابەتەش باسکراوە کە ئەمیش نزیکەی چوار ملیار دۆلارە، وە وا بڕیارە کە بە جدوەلە بکرێت ئەم قەرزە، وە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێت، ئەم بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەبدەیتی ژمارەکانی پەیوەندیدار بە قەرز و پابەندیە داراییەکان، ئەوانی تریش لە جەدوەلەکە دراوەتە دیوانی چاودێری دارایی، بۆ نموونە پابەندیە داراییەکان هەشت ملیار و حەوت سەد و سێ ملیۆن دۆلارە، پاشەکەوت وەکو باسم کرد دوانزە ملیارە، قەرزی (**TBI**) و (**KIB**) چوار ملیار دۆلارە، وە ئەوەی موتەعەلیقە بە پارەی پێشەکی کە وەرگیراون نزیکەی چوار ملیار و سێ سەد ملیۆن دۆلارە کە وەرگیراوە لە کڕیارانی نەوتی هەرێمی کوردستان، وە ئەمەش هەمووی ئەو ژمارانە دراوە بە دیوانی چاودێری دارایی، من پێم خۆشە بەو ئیعتیبارەی کە دیوانی چاودێری دارایی دامەزراوەیەکە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە خۆتان داوا بکەن لە دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان کە دەرئەنجامی ئەو وردبینیکردن و پێداچوونەوەی ئەو ژمارانەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێیاندراوە گەیشتۆتە چی، وە ئەنجوومەنی وەزیران لە (٢٠٢٠/٦/٤) بە نووسراوی (٣٣٦٨) بە ڕاپۆرتێك خشتەی ئەم قەرز و پابەندیە داراییانەی بە بەردەوامیش بە ئەبدەیتکراوی دراوە بە دیوانی چاودێری دارایی، وە ئەوانیش دەستەیەکی چاودێریان پێکهێناوە بۆ مراجەعەکردنەوەی، وە تاوەکو ئێستا سێ ڕاپۆرتیان پێشکەشکردووە دیوانی چاودێری دارایی، ڕاپۆرتی ژمارە یەك، ڕاپۆرتی ژمارە دوو، ڕاپۆرتی ژمارە سێ، بەڵام ئێمە باسی ژمارەیەکی گەورە دەکەین کە ئەم ژمارە گەورەیە دۆکیۆمێنت و عقودی لەگەڵە پێویست بەوە دەکات کە دیوانی چاودێری دارایی مراجەعەی ئەم عەفدانە بکەن تاوەکو بتوانن دەرئەنجامی وردبینیەکانیان بخەنە بەردەم هەم پەرلەمانی کوردستان و هەم ئەنجوومەنی وەزیرانیش، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت هەم دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ئامادەبێت و هەم وەزارەتی دارایی و هەم ئێمەش وەکو فەرمانگەی قەرزی گشتی، وە هەر لیژنەیەکی تر کە پێویست دەکات بە ئامادەبوونی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بێت وردتر قسە لەسەر ئەم بابەتانە دەکەین و دیوانی چاودێری دارایی خۆیان هۆکارەکانی

تەواونەکردنـی راپـۆرتی کۆتـایی لەسـەر ئەم بـابەتە بـخەنە روو هەم بـۆ پەرلەمـان و هەم بـۆ ئەنجـوومەنی وەزیـرانیش، ئەمە بە شـێوەیەکی گشـتی پـوختەی ئەو زانیاریـانەبوو کە لەبەر دەسـتی بەنـدەیە سـەبارەت بە قەرز و پابەنـدیە داراییەکـان، ئـاخر شـت کە حەز دەکەم قسـەی لەسەر بکەم بەڕاستی.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئامانج بۆ ئەوەی لەسەر ئەوە تێ نەپەڕین، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان نووسـراومان ئاڕاسـتەی دیـوانی چـاودێری دارایـی کـردووە نـزیکەی هەشـت مانـگ پـێش ئێسـتا وەڵامیـان دابووینەتەوە کە دەڵێن ئێمە قۆناغی یەکەمی وردبینیمان تەواوکردووە، هەنـدێك زانیـاری ترمـان پێویست بووە لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان داوامـانکردووە، وە ئەگەر ئەوەش تەواو بکەیـن دەبێـت حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان خـۆی بـۆ پەرلەمـانی کوردسـتانی بنێرێـت، نەك دیـوانی چاودێری دارایی، ئەوەیان بۆ بەرچاو روونی، فەرموو کاك دکتۆر ئامانج.

**بەڕێز د.ئامانج رحیم/ سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامـادەیی خۆمـان دەربـڕی وەکـو حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان هەر کاتێـك دیـوانی چـاودێری دارایی راپۆرتەکانی خۆی تەواوکرد، چونکە بـۆ بەڕێزتـان روونکراوەتەوە لە ئـاخیر نووسـراویش کە بە ئیمـزای بەڕێزتـان ئاڕاسـتەی هەم ئەنجـومەن و هەم دیـوانی چـاودێری داراییـش کـراوە، ئەوانیش وەڵامی ئیمەیـان داوەتەوە هەر کاتێـك راپـۆرتەکە تەواوبـوو گەیشـتە لای ئـێمە دڵنیـابن لەوەی کە ئەو راپۆرتە کە وەکـو خـۆی ئاڕاسـتەی پەرلەمـانی کوردسـتان دەکرێـت، پـێم خۆشـبوو ئەگەر ئاخیر قسەم لەسەر ئەو بابەتە لە دەرەوەی ئەو بابەتانەی کە رووبەرووی بەندە کرابـووەوە، بەڕاسـتی وەکـو خـۆم سـکرتێری ئەنجـوومەنی وەزیـران هەم ئەو هەڤـاڵە خۆشەویسـتانەش کە لەگەڵمـن هەمووومـان وەکـو دکتـۆر ئومێـد باسـیکرد هەمووومـان ئـێمە نـوێنەرایەتی ئەنجـوومەنی وەزیـران دەکەیـن وەکـو یەك تـیم، وە ئـێمەش هەموومـان تێـدەگەین لەوەی کە ئێـوە نـوێنەری خەڵکن، وە ئێوە ئەمڕۆ ئەرکی خۆتان جێبەجێکـرد، وە ئەرکە لەسـەر ئێـوە کە ئەو پرسـیارانەی کە لاتــانە رووبەرووی ئــێمەی بــکەنەوە، وە ئەرکەش لەســەر ئــێمە بە داتــا و بە ژمــارە وەڵامــی پرسیارەکانی ئێوە بدەینەوە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر مەسەلەی دڵسۆزی بێت من لێرەوە دەتـوانم هەم لەسەر خۆم و هەم شاهدیش بدەم بۆ هەڤالەکانمی خۆمان دڵسـۆزی ئـێمەش لەوانەیە ئەگەر لە دڵسۆزی ئێوە زیاتر نەبێت لە ئاستی دڵسۆزی ئێـوە، ئێمەش هەموومـان لێـرە وەکـو باسـتانکرد کـاك گـۆرانیش ئامـاژەی پێـدا سـەرکەوتنی پەرلەمـان سـەرکەوتنە بـۆ حکـومەت و سـەرکەوتنی حکــومەتیش بە هەمــان شــێوە ســەرکەوتنە بــۆ پەرلەمــان، وە ئەو فراکســیۆنانەی کە لێــرە نوێنەرایەتیــان هەیە خۆیــان دروســتکەری ئەم کــابینەیەن، وە دڵنیاشــتان دەکەم ئەم وەزیــرە بەڕێزانەی کە لێرە ئامـادەبوون و بەندەش ئامـادەین بـۆ ئەوەی وەڵامـی ئەم پرسـیارانەی کە لای ئێوە دروست بووە واجبی ئێمە کە وەڵامی یەکە بە یەکەی پرسـیارەکانتان بـدەینەوە، وە ئـێمەش تێــدەگەین کە نیەتــی ئێــوەش وەکــو ئەنــدامی پەرلەمــان لە کۆتاییــدا هەمــووی لە پێنــاوی بەرژەوەنـدی گشتییە، وە ئەرکـی ئێوەیە وەکو نـوێنەری خەڵـك پـێش ئـێمەش کە پرسـیارەکانی خەڵـك بگەیەنـن بە ئـێمە، ئەوەی مـن کە بەرپرسـم لێـی هەم وەکـو سـکرتاریەتی ئەنجـوومەنی

وەزیـران و هەم وەکـو سەرپرشـتیاری ئەم بـابەتە ئامـادەم لە کۆبوونەوەکـانی داهـاتووش لەگەڵ لیــژنە پەیوەندیــدارەکان وردەکــاری زیــاتر لەســەر ئەو پرســیارانەی خۆتــان بخەیــنە روو، سوپاسیشتان دەکەم کە دەرفەتان دا بە بەندە لەبەر هەندێك هۆکاری تەندروستی خۆم داوامکرد پێش هەڤاڵەکانم وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە، کۆی قەرزەکان کاك هێڤیـدار لە (٢٠٢٠/١٠/٣) کە لە راپۆرتەکەی جەنـابی سـەرۆك وەزیـران هـاتبوو کـۆیەکەی بە دۆلاری بیسـت و هەشـت ملیـار و چوار سەد و حەفتا و شەش ملیۆن و شەش سەد و حەفتاو پێـنج هەزار بـوو کە بە دینـار دەکـاتە سی و سێ ترلیۆن و شەش سەد و پەنجا و نۆ ملیار و چـوار سـەد و سـی ملیـۆن، لە سـاڵی (٢٠٢١) تاوەکو ساڵی (٢٠٢١/٣/٣١) ئەم بڕە پارەیە زیادی کردووە لە بیست و هەشت ملیـار و چـوار سـەد و حەفتا و شـەش و شـەش سـەد و حەفتـاو پێـنج بـۆتە سـی و یەك ملیـار و شـەش سـەد و سـی و حەوت ملیۆن دۆلار، ئەمە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سعری سەرفی دۆلار بۆ دینار کە لەسـەر ئەساسی هەزار و چوار سـەد و پەنجـا دینـار سـعرەکە گـۆڕاوە، وە لە هەمـان کاتـدا پێـنج مـانگی پـارەی پاشـەکەوت سـاڵی (٢٠٢٠)ی خـراوەتە سـەر، وە جـگەلەوەی کە هەنـدێك پـارەی قەرزی پەیوەندیـدار بە نەوتـیش لە دوای ئەو تـاریخە دوای مـانگی (١٠)ی سـاڵی (٢٠٢٠) دروسـت بـووە ئیزافەکراوە، وە ئەم ژمارانەش هەمـووی دراوەتە دیـوانی چـاودێری دارایـی وەکـو باسیشـم کـرد ئەگەر پێتان خۆشبوو لەگەڵ لیژنەی دارایی ئامادەین بە حـزووری دیـوانی چـاودێری دارایـی ئەم ئەبدێتانە بخەینە بەردەمی بەڕێزتان، کاك دکتۆر شێرکۆ دوو پرسیاری کردووە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەبارەت بـۆ ئەم دۆسـیە بـا تەواو بکەیـن، چـونکە دۆسـیەیەکی گـرنگە بە نیسـبەت پەرلەمـانی کوردستانەوە، ئێمە لە بەیانیەوە جـارێکی تـر نووسـراو دیـوانی چـاودێری دارایـی دەکەیـنەوە بـۆ ئەوەی پەلە بـکەن لە وردبینـیەکە، وە ئەو بـابەتە لە کۆبـوونەوەی لیـژنەی دارایـی نابێـت بـاس بکرێـت، بەڵکـو دەبێـت لە کۆبـوونەوەیەکی پەرلەمانـدا بێـت بە بڕیـارێکی خـودی ئەنجـوومەنی ئابووری ئەنجوومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان بـووە، ئامادەکاریەکـان خۆمـان لە رووەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.ئامانج رحیم/ سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك دکتۆر شێرکۆ پرسیاریکردووە دەڵێت پابەنـدی مەبەسـتت چیـیە و جیـاوازی چیـیە لە قەرز و ئەو ژمارەی پابەندی وردەکارییەکانی چییە، پابەندی وەکـو باسـمکرد کاتێـك کە ئـێمە دەڵـێین قەرز دەبێت ئیتیفاقیەکی قەرز هەبێت لە نێوان حکومەتی هەرێـم و بانکێـك یـاخود لەگەڵ جیهەتیـك، ئەمانەی کە هەن زیاتر ئیلتیزاماتی داراییە، بـۆ نمـوونە قەرزی (TBI) هـیچ ئیتیفـاقیەکی قەرز نـیە لە نێــوان تــی بــی ئــای و حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان کە پــارەی وەرگرتبێــت، هەنــدێکی پەیوەندیــدارە بە پــارەی کۆمپانیــای بەرهەمهێــنەری کارەبــا کە موســتەحەقاتیان هەیە خۆتــان دەزانن کۆمەڵێك عقـود کـراوە ئێسـتا بەرهەمهێنـانی کارەبـا لە هەرێمـی کوردسـتان لەلای کەرتـی تـایبەتە، ئەمـانە دوو جـۆر موستەحەقیان هەیە لای هەرێمـی کوردسـتان یەکیـان کـڕینەوەی ئەو وزەیەیە کە پارەیان پێدەدرێت، یەکەکی تریـان بـریتیە لە دابینکردنـی سـووتەمەنی هـی سـاڵانی پێشوو کە ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، پرسیاری کاك دکتـۆر

کە دەڵێت ئەو هەشت ملیارەی هەیە موفەرەداتی ئەوەم باس بکە، بەشێکی بریتیە لە ئەو پارانەی کە پەیوەندی بە بانکەکانی وەزارەتی دارایی هەیە جگەلە لە بانکە ئەهلیەکان کە ئەویش نزیکەی ملیارێك و چەند سەد ملیۆن دۆلارە، دواتر ئەگەر حەز دەکەی بە جەدوەلەك هەمووی بە تەفسیلْ دەدەم بە جەنابت، بەشێکی تری بریتیە لە قەرزی ئەو شەریکاتانەی کە جگە لە کڕیاری نەوت شەریکاتی ئایۆسییەکانیش ئەوانەی کە بەرهەمهێنەری نەوتین ئەوانیش موستەحەقاتی خۆیان وەرنەگرتووە، جا من ئەم تەفاسیلاْنە وەکو باسمکرد حەز ناکەم ئەم ژمارەنەتان تاوەکو تەدقیق نەکرێن لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی ناتوانین ئیعتیمادیان لەسەر بکەین، بەڵام دڵنیاتان دەکەم ئەم ژمارانە دەخرێتە روو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر شێرکۆ ئێمە قسەیەکمانکردووە هەموو لایەنێك پێکەوە و ئەنجوومەنی وەزیرانیش موافق بوون بڕیاری خۆیان هەیە، ئێمەش داوامانکردووە کە یەك کۆبوونەوە بە تەنها لەسەر قەرز دەکەین، ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر تەفسیلْیە، تکا دەکەم با هەلی بگرین بۆ ئەو دانیشتنە کە وردبینی تەواو دەبێت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو ڕەفیقانەتان کە قسەیان نەکردووە دەرفەتیان پێ بدەن قسە بکەن، کاك شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێم دەکەم، ئەوەی کە گرنگە هۆکاری بڕینی مووچەی فەرمانبەرانە کە بە شێوەیەکی نا یاسایی ئەو (٢١%)ە لە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت، وە لە کاتێکدا نەوت لە سەروی حەفتا و پێنج دۆلارەوەیە، وە سەرباری ئەوەی کە بڕینی مووچەی فەرمانبەرانیش ئەو (٢١%)یە سی ڕۆژ جارێکیش مووچەکە نادرێت، سەبارەت بە فەرمانبەرانی گرێبەست دیارە برادەران زۆریان باسیانکرد بەڕاستی دەمانەوێت وەڵامێکی پوخت لە بەڕێز وەزیری دارایی وەربگرینەوە، وە سەبارەت بە مامۆستایانی وانە بێژ و یەکەم و دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانیش بەڕاستی دەمانەوێت وەڵامێکی کورت و پوخت وەربگرین لە بەڕێزان شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە جگەلەوەش ئایا ئەم ساڵ بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران دەست پێدەکاتەوە یاخود نا کە ماوەیەکی زۆرە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران راوەستاوە، وە هۆکاری کۆنەبوونەوەی ئەنجوومەنی نەوت چیە؟ هۆکاری گرانی بەنزین چیە؟ جگەلەوەش پرۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ بە کوێ گەیشتووە؟ وە ئەوەی کە گرنگیشە بەڕاستی ریگای کۆیە و هەولێر کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە، جگەلەوەش بەڕاستی بە دەرفەتی دەزانم لە شاری کۆیە سەنتەرێکی گورچیلە هەیە کە زۆربەی زۆری کارەکانی تەواوبووە، بینایەکە تەواوبووە و پرسیاریشم ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی کردووە بۆ ماوەی یەك ساڵە تا وەکو ئێستا وەڵامی نەبووە کە ڕۆژانە نەخۆشمان بەو شێوەیە دێتە شاری هەولێر یاخود دەچێتە رانیە، وە هەر لێرەوەش بە دەرفەتی دەزانم بەڕاستی کردنەوەی هۆبەی سەنەوی لە شاری کۆیە کە ئەمەش کار ئاسانیەکی زۆر دەکات بۆ هاووڵاتیان و شوفێرانی شاری کۆیە کە ئەمەش بە پرسیار ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆم کردووە ئەویش گوتوویەتی لە ماوەیەکی زۆر نزیك دەکرێتەوە، بەڵام چەندین

مانگە ئەو ماوە نزیکە نازانم کەی دەکات، لە کۆتاییـدا داواکـارم بڕیـاری کۆتـایی لێبرینـی مـووچە بخرێتە دەنگدانەوەی کۆتایی بەم بڕیارە نا یاسابیە بهێنـدرێت کە سـەپاوە بە سـەر فەرمـانبەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئەرشەد فەرموو.

**بەڕێز ئەرشەد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك، شتێك هەیە دەبێت بزانین ئـێمە وەکـو پەرلەمـان و هەم وەکـو حکـومەتیش دەبێت ئەو متمانەیە بگەڕێنینەوە لای حکـومەت کە وەکـو کـاك گـۆرانیش ئامـاژەی پێکـرد، کە بـۆ خەڵك متمانە دروست بێت ئەو بڕیارانەی کە حکـومەت دەری دەکـات کە پەرلەمـان دەری دەکـات یاسایەك لە ئاستی متمانەی خەڵك بێـت و جـێ بەجێـی دەکـات، راسـتی ئێسـتا ئەو متمـانەیە لەو ئاستە نیە لە ئاستێکی نزمە کە خەڵك متمانەی بە بڕیاری حکـومەت و بەو یاسـایانە نەمـاوە کە لە پەرلەمان دەر دەچێت، ئەمە لە هەموو شـتێك گرنگتـر ئەوەیە ئەو متمـانەیە بگەڕێنینـەوە، خەڵـك پێمان دەڵێن کە دۆلار گران بوو نرخی کارەبـا (٢٠%) گـران بـوو بە هۆکـاری ئەوەی کە دۆلار گـران بووە، ئەی بۆ مـووچەی مووچەخـۆران (٢٠%) گـران نەبـووە، یەعنـی زیـاتر نەبـووە، لەبەر ئەوەی دۆلار گـران بـووە، رەنـگە تـۆ چەنـد وەزعێـك هەبێـت تەئسـیر بکـات، بەڵام ئێسـتا معـادەلەیەکی پـێچەوانە هەیە، مـووچەی مووچەخـۆران لە هەمـان ئاسـتدایە، بەڵام بـازاڕ گـران بـووە، وە بەو قەیرانەی کە هاتۆتە سەر هەموو عێراق، یەعنـی ئەوە بڕیـاری بـانکی مەرکەزیە، بەڵام بـازاڕ گـران بووە، بەنزین گران بـووە، ئەمە تەئسیری زۆر بـاج زیـاد بـووە، وە داهـاتیش زیـاد بـووە تەئسـیری زۆرە، پێم خۆشە حکومەت ئەو پرسیارەی لێبکەم کە کەی دەتوانن چاك بکەن، ئایـا دۆلار بگـاتە چ مستەوایەك چاك دەبێت؟ حکومەت بە چ رێژەوێك دابڕوات چـاك دەبێـت؟ لەوانەی ئێسـتا پێنـان نەکرێت، بەڵام بەرنامەیان هەبێت بۆ ئەوەی چاك بکرێت بەڕاستی، چونکە خەڵـك زۆر پەرێشـانە، دووەم: سامانی سرووشتی تەنها نەوت غاز نیە لە هەرێمـی کوردسـتان، چەنـدین سـامانی ترمـان هەیە بـۆ نمـوونە هوماتایـت و میگناتایـت و ئەو خـۆڵانەی کە بـۆ ئاسـن بە کـار دەهێنـدرێت لە مەعەملی شـیش و ئەوانە، یـاخود لە مەعـاملی چیمەنتـۆ، ئایـا بەرنـامەی حکـومەت چیە بـۆ ئەم مەعدەنانە؟ وە دووەم ئایا پڕۆژەی پترۆکیمیایی حکومەت پڕۆژەی هەیە کە پترۆکیمیـایی بکـات بۆ ئەوەی ئێمە پێویستیمان نەبێت مەوادی خام لە دەرەوە بهێنین کە خۆمـان مەصـدەری نەفتـی رەشین، وە پێموایە راستی با هەموو نەکەینە خەتای حکومەت و پەرلەمانیش، پێمـوایە هێزێکـی دەرەکی یاخود ئەو بارودۆخەی سیاسیەی کە پەیابووە ئێستا لە هەرێمـی کوردسـتان هەم غەدری لە بەشـێك لە بڕیارەکـانی حکـومەت کـردووە و هەم لە پەرلەمـانیش، بـارودۆخێکی سیاسـی جـا حزبێکە یان چەند حزبێکە دروست بـووە ئێسـتا لایەنگری نـیە لەگەڵ هەنگاوەکـانی حکـومەت و پەرلەمـانیش، ئەم ئیـرادەیە حەق وەیە بێـتەوە نـاو موئەسەسـەکانی حکـومەت، ئەو ئیـرادەیە ئەنجوومەنی وەزیران ئەم ئیرادەیە بکات نەك لایەنێکی سیاسی، وە داوایەکیشـم هەیە کە تیمـی حکومەت لەگەڵ لیژنەی دارایی کۆببێتەوە لەسەر تەواوی ئەو داهاتـانە کە کۆتـا ژمارەمـان بـداتێ

به لیژنەی دارایی کۆبوونەوەیەك بکەین لەسەر تەواوی ئەو داهاتەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دابان فەرمووە.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، دەستپێك ئەو ژمارەیەی کە بەڕێز کاك ئامانج ڕەحیم خستیە ڕوو ڕاستی تووشی شۆکی کردم و هەر لە سەرەتای دانیشتنەکە دەبابوو ئەو قسەیەتان کردایە ڕەنگە بەشێك لە گفتوگۆکان بۆ پرسە تەرخان بکرایە، چونکە لە (٥٠%) بەرەو ژووری داهاتی نەوت تاوەکو ئێستا کە پرسیار لە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان و پرسیار لە وەزارەتی دارایی دەکرێت بۆ مەسەلەی قەرزەکانی تورکیا بۆ مەسەلەی دانەوەی ئەو پابەندیە داراییانە و کۆمەڵێك پرسی ترە، بەڵام لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووە بە جارێك قەرزەکان سێ ملیار زیادیکردبێت، من دڵنیام برادەکانی تریش هەر جێی سەرسوڕمانە، لە دەستپێکی دروشمی ئەو کابینەیەوە دەست پێدەکەم کە شەفافیەت و ڕاستگۆیی بوو لەگەڵ ئێمە و لەگەڵ هاووڵاتیاندا، وە دواتر دروشمی چاکسازی شەفافیەت ئەو وەڵامانە بەسە یان ئەو قسانە بەسە زیاتر لە شەست بۆ حەفتا پەرلەمانتار لەم هۆڵەدا کردیان هەموویان باس لەوە دەکەن داهاتی نەوت چەندە، چەند دەفرۆشرێت، وە داهاتەکەی دەچێتە کوێ و چەندی بۆ مووچە تەرخان دەکرێت، وە داهاتی سنوورەکان لە کوێن، وە داهاتی ناوخۆ چەندە هەموو ئەمانە نازانرێت، وە ئەم کابینەی حکومەت لە ماوەی ڕابردوودا بۆ چەند مانگێك لە کاتی پێدانی مووچەدا داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ و ئەو داهاتانەی کە دەستی دەکەوت لەگەڵ قایمەکەدا بڵاوی دەکردەوە زیاتر لە شەش مانگیشدا ئەوە نەماوە و ئەمە بڵاو ناکرێتەوە، بەڕێزان، یاسای چاکسازی لە ماوەی ڕابردوودا بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد لە پەرلەمانی کوردستان و لە میدیاکانەوە کە یاسای چاکسازی بەشێکی زۆر بچووکی چاکسازیە و ئەم یاسایە بەشێکە لە پاکێجێکی گەورە کە لە ماوەی داهاتوودا کاری لەسەر دەکەن، بەڵام بەداخەوە ئەم بەشە بچووکەی چاکسازی وا ساڵێکی بەسەردا تێدەپەڕێت ڕێچکەی خۆی وەرنەگرتووە، دوو نموونە باس دەکەین یەکەکیان چاکسازی لە بواری پێشمەرگە من ناچمە تەفاسیلی ئەوەی کە لیژنەی بەڕێزی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە هاتە لای ئێمە و گفتوگۆمانکرد هەر هاتنی لیژنەکە سێ بە سێ لە بەڕێزان لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، دەگەڕێمەوە سەر ڕاپۆرتی ئەمریکیەکان و بەریتانیەکان کە سەرجەمی چاکسازی لە بواری پێشمەرگەدا جێ بەجێ بکرێت ئەوان بە لەحیمکردنەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ناویان بردووە، باس لەوە دەکەن تاوەکو ئێستا هەژموونی حزبی بەسەر ئەو هێزانەوە کۆتایی پێ نەهاتووە، وە ئەوان زیاتر ڕۆیشتوون باس لە هێزەکانی بەرگری و فریاکەوتن و زێرەڤانیش دەکەن لە وەزارەتی ناوخۆ، دوو: پرسی قەرزەکانە ئەگەر ئێمە پرسی قەرزەکان تەعمیم بکەین بۆ کوێ جێ بەجێکردنی قانونەکە تاوەکو ئێستا دوو سەد و نەوەت ملیار دینار لە قەرزەکان وەرگیراوە لە کوێ نۆ سەد ملیار دینار کە فائیدەی چۆتە سەر، ئەوە

ئەگەر بە ڕێـژە وەریبگـرین لە (٠,٤%) دەکـات ئەگەر تەعمـیم بـکەی، کەواتە ئەو یاسـایە هەر بـای ئەوەندەی لێ جێ بەجێ بووە، وە لە پاڵ ئەوەدا بەڕێـز کـاك عبـدالحکیم حەفـتەی رابـردوو لەلای ئـێمە بـوو کە ئەو بەرپرسـە لە ئەنجـوومەنی بـاڵای چاکسـازی باسـی دۆسـیەیەکمانکرد لە پرسـی قەرزەکـان، بەڕێزیـان ئاگـادار نەبـوو، وە دوای ئەوە تەئکیدیشـمان کـردەوە، بەڵـێ، ئەو مەوزعە هەیە، وە سـەد لە سـەد هەیە، دەقـیقە، هەروەهـا هەر لە نـاو ئەو کـابینەیە حکـومەت حەفـتەی رابردوو بەڕێز هەیە هیوادارم کاك ئومێد صباح و کاك عبـدالحکیم بە دەقیقـی گـوێ بگـرن، بەڕێـز هەیە بە یەك تەلەفۆن حەفتەی رابردوو لە ڕێگەی ئیستیسمارەوە مۆڵەتی داوە بـای سـی و پێـنج میلـۆن دۆلارە، ئـێمە داوا لە بەڕێـزان لە سـەرۆکایەتی دەکەیـن بە دەقیقـی باسـی جـێ بەجـێ نەکردنـی قانونەکەیــان نەکـردووە، بەڵام لەوەشـدا تەتەروفکـراوە، یەعنـی زێـدە بـار کـراوە، تەجـاوزکراوە، کە بە تەلەفۆنێـك مۆڵەتـدراوە باسـی سـی و پێـنج ملیـۆن دۆلار بـووە هەر لە نـاو ئەنجوومەنی وەزیراندا بووە، خـاڵێکی تـر دەگەڕێـمەوە بـۆ ئەو بڕیـارانەی خـۆزگە کە کـاك ئومێـد صـباح لێرەبـووایە، کە لە مـاوەی رابـردوودا حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەریکـردووە، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، یەعنـی ئەم بڕیـارانەی کە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەریکـردووە گەنـدەڵی زیـاتر بـووە کەمتـری نەکـردۆتەوە، بە تـایبەتی بـۆ نمـوونە گرێبەسـتەکان لە خـاڵە سـنووریەکان زیـادیکردووە کە بڕیـاربوو هەشـت مانـگ پـێش ئێسـتا لایەنێکـی بیـانی بێـت پێـداچوونە بەم گرێبەسـتانە بکـات تـاوەکو ئێسـتا نەتیجەکەیمـان نەبینیـووە، دوو: کـاك سـاماڵ لێـرەیە پرسـی قاچـاخی لە ئەرز و مەرزەوە نەمـاوە ئێسـتا قاچـاخی لە ئاسـمانەوە دەکرێـت، کـاك ئومێد صباح ئەم قسـەیەی پـێ بگەیەنـن کۆمپانیـا هەیە حەفـتەی هەزار دەفـتەر دۆلاری دەسـت دەکەوێـت لە ڕێـگەی قاچـاخیەوە، ئەگەر وا نـیە مۆبـایلەکەم دەردەهێـنم لە ڕێـی ئەو سـکرین شۆتەوە بە ڤیدیۆ دەیڵێم، بە ڤیـدیۆ پێشـانی دەدەم کۆمپانیـا هەیە حەفتـانە نەك مانگـانە هەزار دەفتەر دۆلاری دەست دەکەوێت، سەبارەت بە داهاتی سنوورەکان، داهاتی سنوورەکان بەشـێکی زۆری بــۆ کۆمپانیاکــان دەڕوات بەشــێکی لە ڕێــگەی قاچــاخی دەڕوات و بەشــێکی کەمــی دەگەڕێـتەوە بـۆ وەزارەتـی دارایـی، سـەبارەت بە بـاج و رسـومات کـاك قوبـاد تاڵەبـانی جێگـری سـەرۆکی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان نـاو بە نـاو دەڵێـت ئـێمە بە چـوار سـەد و حەوت ڕێگـا خزمەتگوزاری دەگەیەنیـنە خەڵـك، ئەمە پـێچەوانەکەی راستە، چـوار سـەد و حەوت ڕێگـا بـاج و رسـومات لە خەڵـك وەردەگیرێـت، هەر ڕێگـایەکی بـۆ نمـوونە وەرگرتنـی پـارەی کارەبـا نـزیکەی چــوارده ملیــارە، پــارەی ئــاو (٧,٥) ملیــۆن دۆلارە، بــا یەك لەســەر چــواری ئەو ڕێگایــانەی کە خزمەتگوزاری دەگەیەنرێت پارەکەی بێـتەوە، لە کاتێکـدا نـایەتەوە، وە بـارگرانیش لەسـەر خەڵـك دروست بووە لە چوار سەد و حەوت ڕێگاوە بـۆتە چـوار سـەد و سـیانزە ڕێگـا بـاج و رسـومات لە خەڵك وەردەگیرێت، سەبارەت بە کۆمپانیاکـانی بـواری نەوت هەر ئەو بەڕێـزانە لەم پەرلەمـانەوە رایانگەیاند کە هەشت سەد و بیست و دوو کۆمپانیای بـواری نەوتـی هەیە کە بیـانی و نـاوخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، من یەك نموونە بـاس دەکەم بەڕێـز کـاك ئومێـد صـباح، باسـی ئەوە نـاکەم کە هەشـت سـەد و بیسـت و دوو کۆمپانیـا بـڕۆی پێـداچوونەوە بـکەی بەشـێکی تەبیعیـاتی دەرەوەی هەیە و ڕەنـگە قـورس بێـت، بەڵام هەیـئەیەك هەیە، کـۆمیتەیەك هەیە ئەم کۆمیتە کۆمیتەی کێڵگەکانی پێ دەڵێن، سێ بەڕێـز ناوەکانیـان کـوردن یـان عەرەبـن یـان فارسـن

بەڕێز عدنان شمەری و دیاری یەختەوان و احمد موفتی، ئەم سێ کەسە بیست و دوو کێڵگەی نەوتیان لایە، لیژنەیەکی قایمەقامیەت لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر کە چەند دوکانێك دەگەڕێ شەش مانگ جارێك گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، ئەم بەڕێزانە کارەکەیان ئەوەیە کە کۆمپانیایەك دێتە ئەم هەرێمەوە گرێبەستی لەگەڵدا دەکرێت تاوەکو ئەو ڕۆژەی نەوت دەدۆزنەوە خەرجیەکانیان بۆ دیاری دەکرێت، کۆمپانیا هەیە کێڵگە هەیە (٥%)ی کۆی بەرهەمی نەوتی هەرێم بەرهەم دەهێنێت، بەڵام خاوەنی (٦٧%)ی کێڵگەکەیە لە (٥%)ی کۆی بەرهەمی نەوتی هەیە، شەش سەد و حەوت ملیۆن دۆلاری لای وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانە، کە ئەم لیژنەیە ئەم سێ ناوەی کە بردم تەخمینیانکردووە، وەکو گوتم لیژنەیەکی قایمەقامیەت کە دوکانێکی لەفە دەگەڕێت جارێك بۆ ئەوەی تووشی فەساد و گەندەڵی نەبێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام ئەم بەڕێزانە عەدنان شەمەری و دیاری یەختەوان و احمد موفتی چەند لەم پۆستەی خۆیاندا ماونەتەوە، کۆتایی قسەکانم بەمە دەهێنم، کاك ساماڵ بەڕێزتان لە دژی ئێمە باس لەوە دەکەی کە لە (٢٠%)ی مەرزەکان زیادیکردووە، بەڕێز وەزیری دارایی کاك ئاواتی شێخ جەناب، ئێستا لە بەڕێزت بپرسین دەڵێی داهاتی ناوخۆ زیادیکردووە لە چاو ساڵی ڕابردوودا، بەڕێز کاك کمال ئەتروشی وەزیری نەوت، ئەم دەقە لێی بپرسی دەڵێی هیچ کاتێك بە قەد ئێستا داهاتی نەوتمان تەسلیمی وەزارەتی دارایی نەکردووە کە گەیشتۆتە سێ سەد ملیۆن دۆلار، بەڕێز کاك ئومێد صباح، لێی بپرسی دەڵێی کاکە گیان مەسائیلی سنوورەکان و مەسائیلی کۆمپانیاکانی نەوت و باج و رسومات زیادیکردووە، بەڵام کە زیادیکردووە بۆچی تاوەکو ئێستا لێبڕینی مووچە بە (٢١%) ماوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە (عثمان سێدەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەین، دیارە ئێمە وەکو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان چۆن لە نەهامەتیەکان لە کۆمەڵکوژیەکان لە هەموو زیانانەی کە بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە شەریکین، وە پێویستە لە داهاتەکانیش بە هەمان شێوە خەڵکی کوردستان سوودمەند ببن، دیارە بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و دۆلار کە زۆر باسکرا من نامەوێت زۆر بە تەفسیلی بچمە ناو وردەکاریەکانیەوە، پێویستە لە نزیکترین کاتدا دوای ئەم جەلسەی پەرلەمانە کە شاندی حکومەت ئێستا حزوری هەیە لێرە هەوڵبدرێت لێبڕینی مووچە نەمێنێت و بەمەش فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان جارێکی تر ئیتر دڵخۆشیەك بە دڵیاندابێتەوە و رزگاریان بێت لەو قەیرانەی کەوا تێیکەوتوون، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئێمە بە تەنها بەس لە خەمی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستاندا دابین دیارە هەموو ئەو خەڵکانەی وەکو گرێبەستەکان و یەکەمەکان و وانە بێژەکان ئەمانەش هەموو چاوەڕوانی ئەوەن وەکو دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان چاوەڕوانی ئەوەن کە مەنفەزێکیان بۆ بدۆزرێتەوە بۆ دامەزراندن لەم حکومەتەی ئێمە، بۆ ئەم مەبەستەش دیارە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە شەست هەزار کەس خانەنشینکراون لە دامودەزگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشێك لەمانە

گیانیـان لە دەسـتداوە، وە بەشـێکیان بەرەو هەنـدەران ڕۆیشـتوون بـۆ ئەم مەبەسـتە ئەگەر ئـێمە حسـابی شەسـت هەزار کەس بکەیـن لە هەشـت سـاڵی ڕابـردوودا لەوانەیە بـودجەیەکی بـاش گەڕابێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە لایەنـی کەم ئـێمە هەوڵبـدەین لەم سـاڵدا لایەنـی کەم دە هەزار یـان پـانزە هەزار کەس دابمەزرێنرێـت وەکـو ئەوەی کە چـۆن لە هێـزی حەفتـا و هەشـتا، وە لە وەزارەتـی پێشـمەرگە دانـان و لادان هەیە پێویستە بە هەمان شێوە لە ناو دامودەزگاکانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانیش دانـان و لادان هەبێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سـەیر بکەیـن دائیـرە هەیە بەس مـودیرەکەی و جێگـری مـودیرەکەی سـایەقەکەی مـاوە، کارمەنـد نەمـاوە بەشـی هەر زۆری خانەنشین بووە، لەبەر ئەوە بۆیە ئێمە پێمـانوایە دەبێـت هەوڵبـدرێت یـان لە دەرچـووانەی کە باسـمانکرد لەو شـوێنانە جـارێکی تـر لە دامودەزگاکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پـڕ بکـرێنەوە بە خـوێنی نـوێ و بە خەڵکـی گەنـج، وە بە ئەو خەڵکـانەی کەوا چاویـان لەسـەر دامەزراندنە، خاڵێکی تریش ئەوەیە بەستنی پلەی ئەو پلەدارانەی مەدەنی و سەربازی کەوا چەند ساڵێکی زۆرە چاوەڕوانی ئەوەن کە پلەکانیان بەرزبۆتەوە هەوڵبـدرێت پلەکانیـان بـۆ ببەسـترێت، وە بە خۆشحاڵیەوە کە وەزارەتی پێشمەرگە بڕیاری ئەوەیداوە لە مانگی شەشـدا زیـاتر لە شـەش هەزار پـلە بەرزکـردنەوە مووچەکانیـان بـۆ ببەسـترێت کە ئەمە مـایەی خۆشـحاڵیە بـۆ هەمـوو لایەکمان، بەڵام بەو ئومێدەی کە هێزەکانی حەفتا و هەشتا و هەمـوو دامودەزگاکـانی تـریش ئەم بڕیارە بیانگرێتەوە، چارەسەرکردنی بە پەلەی نرخی بەنزین لە نۆ سەد و پەنجا دینارەوە بۆ چـوار سـەد و پەنجـا دینـار کە ئەوەتـا وەکـو دەبینـین ئەوە پـردێ و قەرەهەنجیـرە چەنـد کیلۆمەترێـك لێرەوە دوورە یان لە چەمچەماڵ و سلێمانیەوە دوورە، بەڵام بەنزین لەو شوێنانە بە چوار سـەد و پەنجا دینارە، بەڵام بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان کە ئێمە هەمووومـان دەزانـین دەوڵەمەنـدین بە کانزایەکی زۆر و نەوتێکی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا کە بەنزین بە نـۆ سـەد و پەنجـا دینـارە، بەڵام لە تەنیشت خۆمانەوە بە چوار سەد و پەنجا دینارە، هەروەها داواکارم لە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕەزامەنـدی بفەرمـوون لەسـەر ئەو دوو پـڕۆژەی کە مـن ئێسـتا ئیشـارەتی پێـدەدەم، ئەویـش یەکێکیـان ئەو پـڕۆژەیە کە تـایبەتە بە خانەنشـینانی هێزەکـانی نـاوخۆ کە ملیۆنێك سێ سەد هەزار دینار مووچەی بووە، ئێستا دوو سەد شەست هەزار دینار مـووچەیەتی، وەرن خۆتـان بـخەنە شـوێنی ئەوان بـزانن لە نـاو عـائیلەی ئێـوەدا ئەوە ڕووبـدات یەعنـی چ کارەساتێك دەگوزەرێت لە کاتێکدا تەلەبەی زانکۆ و پەیمانگـا و لەوانە ژیـان و گوزەرانیـان چەنـد قورسیش بووە، هەروەها پڕۆژە یاسایەکە چەنـد سـاڵێکە لە خـولی چـواری پەرلەمـانەوە هـاتۆتە پەرلەمـانی کوردسـتان ئەویـش تـایبەتە بە مـاف و ئیمتیـازاتی تێکۆشـەرە دێرینەکـانی ئەم میللەتەمان، واتە پێشمەرگە دێرینەکانی ئەم میللەتەمـان کە دوای سـی سـاڵ بەڕاسـتی کارەسـاتە ئـێمە قسـە لەسـەر مـافی نـوخبەیەك بکەیـن کە ئەو نـوخبەیە بەشـی هەرە زۆری هاوڕێکانیـان شـەهیدبوون کە ئـێمە کەس و کـاری شـەهیدانیش بەداخەوە نەمـانتوانیووە یەعنـی مـافێکی شایستەیان بۆ دابین بکەیـن، پـێش ئەوەی داکـۆکی لە مـافی تێکۆشـەرە دێرینەکـان بکەیـن ئـێمە دەبێـت داکـۆکی لە مـافی کەس وکـاری شـەهیدەکان بکەیـن لە کـچ و کوڕەکانیـان بکەیـن، وە لە خانەوادەکانیـان بکەیـن، ئەم پـڕۆژەیە پێویسـتە لەلایەن حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە لە

نزیکترین کاتدا رەزامەندی لەسەر دەربڕێندرێت، وە ئێمە لە وەرزی یاسادانانی داهاتوو کە دوو مانگێکی تری ماوە هەوڵبدەین بخرێتە بەرنامەی کار و ئەو پرۆژەیە بکرێت بە یاسا، بۆ ئەم مەبەستە دەیان پێشمەرگەی دێرین گیانیان لە دەستدا بە نەخۆشی کچەکانیان و کوڕەکانیان وازیان لە خوێندن هێنا بە هۆی ئەوەی کە نەیانتوانیووە بە هۆی بێ ئیمکانیەتیووە بخوێنن، لەبەر ئەوە ناکرێت لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەوەی کە بینای دروستکردووە و ئەوەی بینای تێکداوە لەم وڵاتەی ئێمە وەکو یەك سەیر بکرێت، لەبەر ئەوە بەداخەوە پێشمەرگەی دێرین بینای دروستکرد، ئەم پەرلەمانەی دروستکرد و ئەم کیانەی دروستکرد بۆ ئێمە، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئێمە دوای سێ ساڵ لە رزگاربوونی بەشە هەرە زۆری وڵاتەکەی خۆمان ئێستا هێشتا نەیانتوانیووە کەمترین مافەکانیان بۆ دابین بکەین، هەروەها پێویستە هەلی کار بۆ گەنجان بڕەخسێندرێت بەمەش ئەو خەڵکانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هێندراون بۆ کارکردن بگەڕێندرێنەوە وڵاتەکانی خۆیان ئەم فەرستە بۆ گەنجانی خۆمان بڕەخسێندرێت، هەروەها بودجە پێویست تەرخان بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی برا جوتیارەکانمان، ئەو برا جوتیارانەی کە لەم وشکە ساڵیە بەڕاستی رووبەرووی زەرەرێکی زۆربوونەوە بەمەش یەعنی خەڵك هەیە هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نیە بێجگەلەوە زیاتر، هەروەها بۆ پشتگیریکردن لە گەنجانی ئەم وڵاتە و لە رێگریکردن بۆ کۆچبەری و هەندەران پێویستە ئێمە هەوڵبدەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەر گەنجێك کە هاوسەرگیری بکات پارچەیەك زەوی بۆ دابین بکەین وەکو پاڵپشتیکردن لە گەنجانی ئەم وڵاتەمان کە ئەوان لە ئێستادا خاوەنی راستەقینەی ئەم وڵاتەی ئێمەن، جێ بەجێکردنی یاسای چاکسازی وەکو بەشێکی زۆری برادەران باسیانکرد بەداخەوە تاوەکو ئێستا وەك پێویست کاری پێناکرێت، پرۆژەی ئاوی گۆپتەپە برادەران باسیانکرد، لێخۆشبوونی بەشێك لە قەرزی سەر هاووڵاتیان کە نیەت پاکی حکومەت پێشاندەدات بەرامبەر بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە داواکارین لایەنی کەم بەشێکی گرنگی ئەو قەرزانەی هاووڵاتیان لەسەر حکومەت هەیەتی و کە حکومەتیش بەسەر هاووڵاتیان هەیەتی بۆ نیەت پاکی لە جیاتی یەك بگیرێت، بۆ ئەمەبەستە پێویستە حکومەت بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە دەستپێکردنی قسەکانم من پێمخۆشبوو کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لێرەبووایە، بۆ ئەوەی قسەیەکی ئەو بیربخەمەوە کە ئەمڕۆ بەیانی کردی لەسەر ئەدای پەرلەمانتاران و لیژنەکان، بەڕاستی ئەوە بۆ نیگەرانی هەموو پەرلەمانتاران وە دەرخستنی ئەو ژمارەیەش ئاماژەی بەوە نەکرد کە ساڵێك دۆخی تەندروستی کە رێگربووە لەسەر کار و چالاکیەکانی پەرلەمانتاران، لە هەمان کاتیشدا کاری تاك پەرلەمان کە کەسێك دەیکات کە رۆژانە بێت سەرەدانی دامودەزگا حزبی و حکومیەکان بێت یان خەڵك هەژمار ناکرێت لە ناو کار و چالاکیەکاندا، بۆیە پێشنیاری منیش ئەوەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمانخۆشە لە جەلسەی داهاتوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داتای سەرۆکایەتی پەرلەمانیشمان بداتێ بزانین سفر و پوینت

چەنـدە، بـۆ ئەوەی کە لە داهـاتوودا کـاری جـدی بکرێـت لەسـەر کارەکانمـان، بەرێـزان، ئـێمە داواکاریەکانمـان لەسـەر شـاندی حکـومەت وێـڕای بەخێرهاتنیـان هەمـوو ئەو داواکاریـانەیە کە پێشتر کردیان، داواکاری مووچە و وەرگرتنی باج لە کۆمپانیا زەبەلاحەکان و گرانی نرخی بەنزین و دامەزراندنی سێ یەکەمەکان و گرێبەست و وانە بێژان، کورتی دەکەمەوە ئەوە داواکـاری ئـێمە هەمووانە، لە ربردوودا ئێمە بـاش ئاگـادارین کە دۆخـی تەندروسـتی و دۆخـی سیاسـی و دۆخـی ئابووری رێگربوونە لەسـەر ئەو هەمـوو حاڵەتـانەی کە بـووە، بەڵام ئێسـتا ئومێـد بەخشـێك هەیە، بۆیە ئێمەش پێمانخۆشە کە ئەو ئومێد بەخشـە ببێـتە هۆکارێـك بـاری خەڵـك سـووکتر بکرێـت و حکومەت رێگاکان خۆشتر بکات بۆ ئەوەی خەڵکـی کوردسـتانیش لەو نەهامەتیـانەی کە رابـردوو هاتۆتە سەری و لەگەڵ حکومەتدا پێکەوە چێشتوویەتی و بەڕێی کردووە، ئومێدێکمان بدەنێ بـۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەمووکمان پێکەوە ئەو بارگرانیە لەسەر خەڵکـی کوردسـتان هەڵبگـرین، ئەمە ئەو داواکاریـانەیە کە هەمـوو پـێکەوە کردیـان، بەڵام هەنـدێك خـاڵی تـری زۆر گرنـگ هەیە کە تایبەتن چ بە وەزیری دارایی یان وەزیری سامانە سرووشتیەکان یان ستافی حکومەت بە گشتی، گرانـی نرخـی کەل و پەل لە بـازاڕ هۆکـارێکی زۆر ئەساسـیە بەڕاسـتی، راسـتە دۆلار لە (٢٠%) بەرزبۆتەوە، بەڵام نرخەکانی بازاڕ لە (٥٠%) تاوەکو (١٠٠%) بەرزبـۆتەوە، ئایـا حکـومەت تـا چەنـد چـاودێری ئەو دۆخەی کـردووە کە گرانـی بـازاڕ ئەو هۆکـارەیە قەیرانێکـی زیـاتری بـۆ خەڵکـی کوردستان هێناوەتەوە، هەندێك لە حاڵەت و رێنماییەکانی تـر کە وەزارەتـی دارایـی دەریکـردووە لەو دۆخـانەی کە رابـردوو هەبـووە، بەڵام هۆکارەکـان زۆرجـار زیـانی بە کەرتـی زانسـتی داوە بە تایبەت لە خوێندنی باڵادا سەرجەم وانەکـانی زانسـتی خوێنـدنی بـاڵای پرۆفسـیۆر و دکتۆرەکـان کـراوەتە (٥٠%) ئەمەش کـارێکی زۆری کـردووە لەسـەر کەرتـی زانسـتی لە خوێنـد بە تـایبەت ماجستێر و دکتۆرادا کە رێنماییەکانیش بەدەرن یەعنی پێچەوانەی یاساکانن، وە لە هەمان کاتـدا لە مینحەی زانکۆکان وەزارەتی دارایی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان زانکۆکان دەکـات کە مینحەیـان دەداتێ، دژایەتی هەندێك زانکۆ دەکرێت، ئایا بۆچی تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٢) بە پێدانی نازنـاوی زانسـتی بەسـەرجەم هەڵگرانـی بڕوانـامەی ماجستێر و دکتۆرای دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا هیچ پەیڕەوێکی بۆ جێ بەجێ نەکـردووە و ئەو یاسایەش دوای نۆ ساڵ جێ بەجـێ نەکـراوە، بەڕێـز وەزیـری سـامانە سرووشـتیەکان، ئایـا مانگانە خەرجی کارەبا چەندە لەسەر حکومەت کە غاز گازوایلی پێدەدرێت؟ چـونکە کێشـەیەکی زۆر گەورەیە لەبەردەماندایە لە وەرزی هاوین بەردەوام کێشەی کارەبا دەبێـت، وە هەر کـاتێکیش بەڕێز وەزیری کارەبا گوتی کارەبا نیشـتیمانی زیـاد دەکرێـت ئەو کـاتە کەم دەبێـتەوە، ئایـا هۆکـار چـیە کە ئەو لێـدوانە پـێچەوانە دەبێـتەوە بە درێژایـی کـابینەی حکـومەت لە رابـردوو و تـاوەکو ئێسـتا هەیە؟ خـاڵێکی تـری گرنـگ بەڕێـز وەزیـری دارایـی، ئـێمە لە هەرێمـی کوردسـتان لە سـاڵی (١٩٩١)ەوە تاوەکو ئێستا خاڵێکی سنووری یەکجـار فراوانمـان هەیە لە زاخـۆ و بادینـان بە گشـتی تـاوەکو دەگـاتە بـارزان و برادۆسـت و باڵەکـایەتی تـاوەکو پێنجـوین و هەڵەبـجە لەو سـی سـاڵەی رابردوو زۆرترین قوربانی ماددی و گیانیماندا کە خەڵکی کوردستان بە هۆی وڵاتانی دراوسێ یان بە هـۆی کێشـەی سیاسـیەوە بـۆتە قوربـانی، تـاوەکو ئێسـتا نە قوربانیـان تەعـویزکراونەتەوە نە هاوکاریشـکراوە لەلایەن حکـومەتەوە، وە بەشـێکیان کە خـودی خۆیـان هەم پێشـمەرگەن یـان

فەرمانبەرن تەعویزیش نەکراونەتەوە و ئەوانەی بوونە قوربانیش بە بەسیترین شت بە شەهید هەژمار بکرێن بە شەهید هەژمار نەکراون، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جدی کار لەسەر ئەمە بکات و ئەم دۆسیەیە رێك بخاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتی مێوانانی بەڕێز دەکەم، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی چەندین جار نووسراومان ئاراستەی وەزارەت کردووە بۆ چارەنووسی وانە بێژان و جەختمانکردۆتەوە لەسەر پێدانی شایستە داراییەکانیان لە کاتی خۆی، بەڵام بەداخەوە نزیکەی شەش مانگە شایستە داراییەکانیان وەرنەگرتووە ئەمڕۆ شایستە دارایی مانگی یەکیان بۆ خەرجکراوە، چەندین جاریش لە جەلسەی پەرلەمان باسکراوە، بۆیە ئەمڕۆ دەمانەوێت چەند وەڵامێکی کۆتایی و یەکجاریمان هەبێت بۆ چارەنووسی وانە بێژان، چونکە زۆربەی وانە بێژان نەیانهێشتووە پڕۆسەی خوێندن راوەستێت و خزمەتیانکردووە لە ناو شار و لە دەرەوەی شار، کرێی سەیارە دەدەن و زۆربەیان منداڵی نەخۆشیان هەیە و کرێچینە، هەروەها کاتێك میلاك هەبێت و انە بێژان وەلا دەنرێن، چونکە هیچ یاسا و رێنماییەك نیە دیفاعیان لێبکات، بۆ ئەوەی کەرتی پەروەردە پێش بکەوێت دەبێت شایستە داراییەکانیان لە کاتی خۆی بۆ خەرج بکرێت، بۆیە پرسیار ئەوەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، چارەنووسیان چیە و کەی دەکرێن بە گرێبەست یان هەمیشەیی و شایستە داراییەکانیان چۆن بۆ خەرج دەکرێت؟ سەبارەت یە یەکەمەکانی زانکۆکان کە مافێکی سەرەتایی خۆیانە دامەزرێنرێن، چونکە بۆشاییەکی زۆر لە زانکۆکان دروست بووە لە بەشە زانستیەکان بە هۆی چوونی موعیدەکان بۆ خوێندنی ماجستر، بۆیە پێویستیان بەم یەکەمانەیە کە دابمەزرێن، وە زۆربەی هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستر و دکتۆرا دانەمەزراون، بۆیە پێویستە کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی جیا بکرێنەوە لە زانکۆکان تاوەکو هەموو سوودمەندبن، وە بڕوانامەکانیان یەکسان ناکرێت بە هۆی دەرکردنی رێنمایی کە بۆ چەند مانگێك یان چەند ساڵێك دەردەکرێت لە وەزارەتی داراییەوە بەشێك بەر ئەو رێنماییانە دەکەون و بەشەکەی تریش مافیان دەسووتێت، سەبارەت فەرمانبەرانی گرێبەستەکان لە هەموو وەزارەتەکان کەی دەکرێنە هەمیشەیی، چونکە گرفتی زۆریان هەیە کە ناتوانن بخوێنن کە لەم دواییە پەیڕەوی مۆڵەتی خوێندن بۆ فەرمانبەران دەرچوو و فەرمانبەرانی گرێبەستی لێ بێبەشکرا، بە تایبەتی ناتوانین مۆڵەتی دایکایەتیش وەربگرن زۆربەی لە فەرمانبەرانی گرێبەست، ناتوانن مافی چاودێری منداڵە کەم ئەندامەکەیان بکەن کە بۆ ئەم مەبەستە سەرەدانی بەڕێز وەزیری داراییشمان کردووە کە رێنماییەکانی گرێبەست رێگەیان پێ نادات وەکو فەرمانبەری هەمیشەیی ئەوان ئەو مۆڵەتە وەربگرن و چاودێری منداڵە ناکامەکە و کەم ئەندامەکەیان بکەن، بۆیە پێویستە بە لایەنی کەم ئەگەر نەکرێنە هەمیشەییش رێنماییەکانیان بۆ هەموار بکرێتەوە، بە نیسبەت شایستە داراییەکانی تواناسازی پێویستە شایستە داراییەکانیان وەربگرن، چونکە لە کاتێکدا ئەوان خوێندنی خۆیان بەسەرکەوتووی تەواوکردووە و ئێستا خزمەت دەکەن لە

زانکۆکان و گەڕاینەوە بۆچی ئەو گرێبەستەی لە نێوانیان و لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە کە مافی خۆیانە شایستە داراییەکان پێبدرێت، هەندێکیان بڕوانامەکەیا پێ نادرێتەوە لە زانکۆکانی دەرەوە، چونکە پارەکانیان نەداوە، وە هەندێکیان خانوویان لە ڕەهن داناوە و کێشەی کۆمەڵایەتی دروستبووە، بۆیە جەنابی وەزیر دەبێت کاتی خەرجکردنی ئەو بڕە پارانە دیاری بکات لەو کۆبوونەوەیە، ڕاستە بارودۆخێك هاتە پێش بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و کۆرۆناوە کە گوتیان با هاووڵاتیان بێ مووچە نەبن، بۆیە (٢١%) مووچەیان لە هاووڵاتیان بڕی و مووچەیان دابەشکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە نرخی نەوت بەرزبۆتەوە و باج و رسومات زیادکراوە و لێبڕین هەر بەردەوامە، بۆیە بەڕێز وەزیری دارایی کەی کۆتایی بەم لێبڕینە دەهێنن و سستی بازاڕ ناهێڵن، هەروەها بە نیسبەت جیاوازی مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆ لە ساڵی (٢٠٠٣)یەوە تاوەکو ساڵی (٢٠١٣) کە جیاوازیەکی زۆری مووچە هەبوو لە نێوان فەرمانبەرانی شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەشێك لە فەرمانبەران وەریانگرتەوە و بەشێك بۆی خەرج نەکراوە لە زانکۆکان، هەندێك زانکۆکان فەرمانبەرەکان وەریانگرتووە، بەڵام مامۆستاکان وەریان نەگرتووە کە ئەوەش بۆتە هۆی کێشە، هەروەها یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٢) بۆچی تاوەکو ئێستا پەیڕەوی بۆ دەرنەچووە کە بەرزکردنەوەی پلەی زانستیە، وە لە ڕووی چاکسازیەوە پرسیارمان ئاڕاستەی دکتۆر عبدالحکیم خەسرەوە، ئایا لە ڕووی چاکسازی ژینگەییەوە چی کراوە؟ دەبێت چاودێری پیسبوونی ژینگە و سرووشتی ژیان بکرێت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان، چونکە لەم بوارە بازرگانەکان مەبەستیان قازانجی بازرگانیە و ئیهمالیەکی زۆر لە قازانجی کۆمەڵایەتی و تەندروستی هاووڵاتیانکراوەتەوە، بۆیە هەندێك خواردن و شت سەرەڕای ئەو بارە داراییە هەندێك خواردن کە ڕێگە پێنەدراوە دێتە هەرێمی کوردستانەوە کە دەبێتە هۆی گرانی و کاریگەری لەسەر بەرهەمی ناوخۆ، هەروەها کاریگەری دەبێتن لەسەر جوتیاران، هەروەها کاریگەری تەندروستیشی هەیە لەسەر هاووڵاتیان بەڕاستی ئەوە جێگەی نیگەرانی و سەرەنجە، بۆیە دەبێت هەڵی کار بۆ دەرچووانی زانکۆکان بڕەخسێندرێت ئەویش بە کاراکردنی سەندوقی خانەنشینی بۆ کەرتی تایبەت، هەروەها پرسیارێکی ترم لە بواری چاکسازی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیانی تایبەتە، ئایا تاوەکو ئێستا کە پێداچوونەوەی بە مووچەی کەم ئەندامان کراوە کە نزیکەی حەوت ساڵە هیچ کەم ئەندامێکی نوێ تۆمار نەکراوە بۆ شایستە داراییەکانیان ئەوەش کە دەبێت پەلەی لێبکرێت، چونکە حەوت ساڵە منداڵێکی کەم ئەندام کە دایك و باوکی مەسرەفی لێبکەن و پێویستی هەیە و شەلەل دەماغە، بۆیە دەبێت پەلەیەکی لێبکرێت ئەوانە تەسجیل بکرێن، بە تایبەت ئەو کەم ئەندامانەی کە (١٠٠%) کەم ئەندامیەکەی، بە نیسبەت یاسای مافی بەکاربەر تاوەکو ئێستا بۆچی ئەنجوومەنی وەزیران پێمخۆشبوو دکتۆر ئامانج لێرەبێت کە ئەوە ئیختیصاصی خۆیەتی بۆچی تاوەکو ئێستا ئەنجوومەنی مافی بەکاربەر دانەمەزراوە کە خەڵك کاتێك کاڵایەکی خراپی پێدەگات و لە کێ سکاڵا بکات، چۆن مافی خۆی وەربگرێتەوە لە بازاڕەکە کە ئەو هەموو کاڵا خراپە هەیە، هەروەها پاڵپشتی دکتۆر صباح دەکەم بۆ سەندوقی شێرپەنجە و کە پێویستیەکی زۆری هەیە دەستخۆشی لە سەرۆکی حکومەتیش دەکەین کە پارەیەکی بۆ تەرخانکردووە، پێمانباشە کە پارەی زیاتریش تەرخان بکات، هەروەها بە نیسبەت

سەندوقی ژینگە کە ئەوەش کارێکی باشە و لە بواری تەندروستیش گرێبەستانی وەزارەتی تەندروستی مافیان هەیە هەندێك لەوانە گرێبەستی پەرەپێدانن لە کاتی نوێکردنەوەی گرێبەستەکانیان بۆ وەزیری دارایی، چوار مانگ گرێبەستەکانیان تاخیر دەبێت بەو هۆیەش چوار مانگ مووچەکانیان تاخیر دەبێت، بۆیە پێمباشە لە سەرەتای ساڵی کە پێش مانگی دوازدە گرێبەستەکانیان بۆ نویّ بکرێتەوە بۆ ساڵی تازە کە تووشی ئەم کەم کوڕیە نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا حسیبە فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، وەك ئاشکرایە کە پەرلەمانی کوردستان هەلبژێردراوی جەماوەری کوردستانە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش متمانەی لە پەرلەمانەوە وەرگرتووە، بۆیە چەندە پەیوەندی لە نێوان تیمی حکومەت و پەرلەمانتارانەوە و لەگەڵ یەك پەیوەندیەکی باش بێت ئەوەندە کاریگەری ئەرێنی لە ناو جەماوەر ڕەنگ دەداتەوە، هەموومان دەزانین لە رابردوو و لە ئێستاشدا بگرە هەرێمی کوردستان رووبەرووی چەندین کێشەی سیاسی و ئابووری و تەندروستی بۆتەوە هەم لە ناوخۆ و هەمیش لەلایەن ئەو ناوچە سنووریەکانەوە، هەروەها لەگەڵ حکومەتی عێراقیش، پرسیارەکانی من هەر لە چوارچێوەی دانیشتنی ئەمڕۆ دەبێت ئێمە لەبەر مەبنای دانیشتنی رابردووی پەرلەمانی کوردستان پێشنیارمانکرد کە ئەو دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بێت بە پرسی چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورت هێنانی مووچە، هۆکارەکانی جێ بەجێ نەبوونی یاسای چاکسازی و یاسای بودجەی عێراق کەم و کوڕی خاڵ سنووریەکان و داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ، ئەمانە کۆمەڵێك پرس بوون، بۆیە بە پێویست زانرا کە تیمی حکومەت لەگەڵمان کۆببێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسانە، هەورەها پرسیارەکانی من هەر هەمان پرسیارن کە هەڤاڵانی من سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگە و شایستەکانی هێزەکانی ناوخۆ و ماموٚستایانی گرێبەست و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، وە تویژێکی تر کە لە یادکرابوو ماموٚستایانی کەمپی سورین کە لە ناو کەمپی ئاوەرەکان وانە دەڵێنەوە، ئەمانەش هەمووی بوون کە بە پێویستی دەزانین ئەگەر بێتوو ئێستا داهاتە ناوخۆیەکان گەیشتبنەتە ئاستێك دەرفەتی یەکەم و لە ڕێزبەندی یەکەم ماف و شایستەکانی ئەم چین و توێژانە بە گشتی دابین بکرێت، جیگەی خۆشحاڵیە کارنامەی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە پرسی چاکسازیەوە دەستی پێکرد و ئەوەش دەزانین کە پرسی چاکسازی وەکو ناوەکەی پرۆسەیەکی ئاسان نابێت و رووبەرووی چەندین تەنگەژە دەبێتەوە هەم لە ناوخۆ و هەم دەشکرێت لە دەرەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەڕێوەچوونی یان سسزبوونی پرۆسەکەوە بەڕێوەبچن، بۆیە ئێمە ئەگەر بێتوو پێداچوونەوەیەك بە کارنامەی حکومەت بکەین لە پرۆسەی چاکسازی لە هێڵە گشتییەکانی چەندین تەوەری گرنگی تێدایە لەوانە لە ئاستی خزمەتگوزاریەکان کە لە خاڵی دوازدەیەمی ئاماژە بەوە داکات کە گەنجان سەرچاوەیەکی گرنگی نیشتیمانن و پێویستە دەرفەرتی کاریان بۆ برەخسێندرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن سیستەمی وەڵات بەرەو پێشەوە ببەن، هەر بۆ ئەم

مەبەستە ئەگەر بێتوو لە داهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەولەویەتی کارەکانی بۆ دامەزراندنی ئەو چین و توێژانە بێت دەتوانێت خزمەتێکی زۆر بە گەنجانی وەڵاتەکەمان بکات، ئەمەش دەکرێت بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی هەرێم هەمان سیستەمی حکومەتی عێراق پەیڕەو بکات بەوەی کە مۆڵەتی درێژخایەن بدات بە فەرمانبەران لە کەرتی حکومی بۆ ئەوەی مۆڵەتی درێژخایەن لەگەڵ مۆڵەتی درێژخایەنیش کە ئەو فەرمانبەرانە ساڵانەی خزمەتیان هەژمار بکرێت، هەروەها مووچەی بنەڕەتیان پێبدرێت، ئەمە هاوکاریەکی باش دەبێت بۆ حکومەت و دەرفەتی باشیش بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی تر دەڕەخسێنێت، وە لەلایەکی ترەوە لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە خاڵی پێنجەم کە ئاماژە بەوەکراوە دەستەبەرکردنی مافە دەستووریەکانی هێزی پێشمەرگە و رێکخستن و بە سیستەمکردنی لە رووی شایستە داراییەکان و پێداویستی سەربازیەکان کە ئەمەیان خاڵێکی هەرە ئەرێنیە بۆ رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی یاسا و چەترێکی یەکگرتوودا، بەڵام پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە بۆچی تاوەکو ئێستا هێزەکانی پێشمەرگە لە یەکەی هەشتاوە چەند هێزێك خراوەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام لە یەکەی حەفتاوە بە سستی بەڕێوە دەچێت، لە هەمان کاتدا ئێمە لە هەفتەی رابردوو دانیشتنێکمان هەبوو لەگەڵ وەزیری خوێندی باڵا و پێشتریش دانیشتنێکی تر سەرەدانێکی تایبەتمان بۆ وەزارەتی پەروەردە هەبوو لەسەر پرۆسەی چاکسازی و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو پرسە لە نێوان ئەو دوو وەزارەتەدا دوو شتی زۆر جیاواز هەن، لە وەزارەتی پەروەردە پێیان گوتین کە پرۆسەی چاکسازی توانیوومانە کە ژمارەیەکی زۆری ئەو فەرمانبەرانەی کە بە نا یاسایی دامەزراون یاخود بن دیوار و وەهمین لە نێو خۆیان بسڕینەوە و داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت بگێڕینەوە کە بە راپۆرتێکی تایبەت ئاڕاستەی لیژنەی مەعنی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەن، بەڵام هەمان پرسیار ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا کرا کە بەداخەوە وەڵامەکەی ئەوەبوو کە تاوەکو ئێستا دەستیان نەکردووە بە پرسی چاکسازی و پاکسازی لە کەرتی فەرمانبەراندا لە ناو پرۆسەکەدا، هەروەها پرسیارێکی تری من بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتیەکان ئەوەیە کە لە خاڵی شەشەم لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانەوە لە کارنامەی حکومەتدا هاتووە دەڵێت هەوڵدەدەین هەرچی زووترە دۆسیەی نەوت و غاز لەسەر بنەمای ماددەی سەد و یازدە و دوازدەی دەستووری عێراق فیدراڵ چارەسەر بکەین، وە دەستەی گشتی چاودێری داهاتەکانی فیدراڵی وەك لە ماددەی سەد و شەشی دەستووردا هاتووە دابمەزرێنرێت، ئایا چ هەنگاوێك بۆ ئەو بابەتە نراوە؟ وە لەو کاتەی کە بەڕێزتان هاتوون ئەرکی وەزیرتان وەرگرتووە لەم وەزارەتە داهاتەکە چەند بووە و ئێستا ئەو داهاتەی کە لەبەر دەستدا هەیە چەندە؟ دوا خاڵ چارەسەرێکم پێیە ئەگەر دەرفەتم پێبدەن، لە چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچە چەند پێشنیارێکم هەیە حکومەت دەتوانێت ئەگەر لە پلانیدا نەبوو بێت پەیڕەو بکات کە بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت ناهێڵێت، یەکەمیان: دەکرێت حکومەت کەرتی تایبەت پابەند بکات بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و دارشتنی یاسایەکی تایبەت بۆ دەستەبەرکردنی تەواوی ماف و شایستەکانیان تا لەو کەرتە و لە کەرتی حکومی کار بکەن، دووەم: پێویستە حکومەت لەسەر وەبەرهێنەرانی بیانی بکاتە مەرج کە رێژەیەکی دیاریکراو

تاوەکو ڕێژەی سەدا حەفتای کرێکارەکانیان خۆماڵی بن، بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە نێو هەردوو ڕەگەزەکانـدا، سـێیەم: دەکرێـت حکـومەت بەراوردی بکـات لە نێـوان قەرزەکـانی هاووڵاتیـان لە تەواوی سـێکتەرەکان لە بـاج و زەریـبە لەگەڵ ئەو قەرز و شایسـتەی کە حکـومەت هەیەتـی بـۆ ئەوەی بتـوانن خزمەتـی زیـاتری هاووڵاتیـان بکرێـت و ئەو بـارگرانیە قورسـەی کە لەسـەر شـانی هاووڵاتیـانە کەم بکـرێتەوە، چـوارەم: کێشـەی کورتهێنـانی مـووچە لە کەرتـی وەزیفـی دەکرێـت هاوشێوەی عێراق پەیڕەو بکرێت ئەویش بە پێدانی مۆڵەتی درێژخـایەن بە فەرمـانبەران لەگەڵ پێدانی مووچەی بنەڕەتـی و هەژمـارکردنی سـاڵانی خـزمەت، وەك دیـارە لە رابـردوودا لە مـاوەی سـێ سـاڵدا زیـاتر لە سـی هەزار فەرمـانبەر گەڕاونەتەوە، بەم ڕێکـارانە حکـومەت دەتوانێـت دەرفەتی کاری زیاتر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەمێکی گەورە هەمووماني لێرە کۆکردۆتەوە کە خەمـی هاووڵاتیـان و خەمـی فەرمـانبەرانە، وا بزانم هەم پەرلەمان و هەم حکومەتیش لەو خەمەیەدا هاوبەشن، وە مانەوەی تیمی حکـومەتیش تا ئەو درەنگە شەوەیە نیشانەی پەرۆشیانە، بۆیە من دڵنیام ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردسـتان توانای دارایی هەبێت و رەوشی دارایی بەرەو باشی بچێت بە هەموو شێوەیەك هەوڵـدەدات ئەو پێشنیار و تێبینیانەی پەرلەمانتاران بە هەند وەربگرێت و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشـە و گـرفتە ئابووریەکان دەدات، کۆمەڵێك پرسیارم هەبـوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پرسـیارەکان هەمـووی کـراون نامەوێـت دووبـارە بکـرێتەوە، بەڵکـو تەنهـا دوو داواکـاریم هەیە بـۆ بەڕێـز سـەرۆکی دیـوانی ئەنجوومەنی وەزیران، داواکاری یەکەم: مـاوەیەکە کارمەنـدانی پاپـا گـروپ لە دەڤەری سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر و ڕەواندز کێشە و گرفتی هاوکـاری مانگانەیـان هەیە بۆیـان خەرج نەکـراوە کە ئەوەش گرفتێکـی گەورەیە و ژیـنگەی دەڤەرەکە بەرەو بـارودۆخێکی نالەبـار دەچێـت ئەگەر چارەسـەر بکرێـت، هەروەهـا رەوشـی تەندروسـتی سـنووری هەر چـوار قەزای سـوران و چۆمـان مێرگەسـۆر و ڕەوانـدز پێویسـتی بە ئاوڕلێـدانەوەیەکی باشـترە، رۆژی شـەممەی رابـردوو لەگەڵ مامۆستا حەسـیبە و مامۆسـتا خـدیجە سـەرەدانێکی نەخۆشـخانەی ئاشـتییمانکرد لەوێ ئـامێری بینینـی گەدە کە زۆر زەرور و پێویسـتە بە مەبەلەغێکـی زۆر کەم پێویسـتی بە چـاککردنەوەیە لە مـانگی سـێیەوە نووسـراوکراوە تـاوەکو ئێسـتا رەزامەنـدیان بـۆ دەرنەبرِیـووە، ئەگەر بکرابـا هەر لیـــژنەیەك لەئەنجـــوومەنی وەزیـــران یـــاخود لە وەزارەتـــی تەندروســـتی تەکلیفکرابـــان پێـداچوونەوەیەکی ئەو سـنوورە کرابـا و رەوشـی تەندروسـتی پێویسـتی بە ئاوڕلێـدانەوەیەکی زیاتر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێم دەکەین، من بە قسەیەکی مارك توین دەست بە قسەکانی خۆم دەکەم دەڵێت لەوانەیە چەندجار مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ هەر دووبارە بوونێك نرخەکەی بڵندتر دەبێت، ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان روو دەدات سەرەڕای ئەوەی کە هۆکاری دەرەکی هەبووە بۆتە سەبەبی ئەو رەوشەی کە تێیکەوتووین، بەڵام لە نەتیجەی ئەو سیراعە نا تەندروستەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە خۆشمان بەشێکین لە دروستکردنی ئەو قەیرانە بەڕاستی، بۆیە با جارێکی تر ئەو رەوشە وەکو خۆی دووبارە نەکاتەوە، چونکە لە دووبارەکردنەوەدا باجەکەی قورستر و گرانتر دەبێت، بەڕێز شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو قسانەی کە هاوکار و هاوپیشەکانم لە هەموو فراکسیۆنە جیاوازەکان ئاڕاستەی جەنابتانیان کرد لە تێبینی و لە پرسیار و لە پێشنیار و لە گلەیی ئەوە لە نەتیجەی دڵسۆزی و خەمخۆری جەنابیانە، لە نەتیجەی ئەو گوشارەیە کە رۆژانە لەلایەن خەڵکەوە لەسەریان دروست دەبێت، وە دڵنیاین لەوەش کە جەنابتان بە شەو بە رۆژ لە خەمی ئەوەدان کە ئەم وەزعەیە چاك بێت، گومان لەوەدا نیە، من لێرە بە فەقەرەیەك پێچەوانەی هاوڕێکانی خۆم دەست پێدەکەم بە گلەیی دەست پێ ناکەم، من دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم لە کابینەی نۆیەم لە جەنابتان، ئەو قەیرانەی کە تووشی هەموو دنیا بوونە ئێمەش بەشێکین لەو جیهانە پەتای کۆرۆنا، سەرەڕای ئەو سیاسەتە رەگەز پەرستانە و تایفیانەی کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکات من دڵنیام ئەگەر شەونخونی جەنابتان نەبوایە رەنگە ئێمە لە رەوشێکی خراپتردا دەبووین، بۆیە دەستخوشیتان لێدەکەم کە ئەو وەزعە بەم شێوەیەتان راگرت سەرەڕای ئەوەی کە لە خواستی ئێمەدا نیە و لە ژێر هەر بارودۆخێکدا بێت دەبێت حکومەت وەك دایك و باوك بژێو و ژیان و ئیدارەی رۆژانەی هاووڵاتیانی خۆی دابین بکات، ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان روویداوە کە تێیکەوتووین ئێستا دەزانین کابینەی ئێستای حکومەت هەرێمی کوردستان لێی بەرپرس نیە، ئەمە لە ئەنجامی کەلەکە بوونی چەند ساڵی رابردووە، لە ئەنجامی ئەو ململانێ سیاسیە نا تەندروستەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە ئەنجامی ئەم شەڕە نەخوازراوەیە کە تووشی هەرێمی کوردستان بووە، لە ئەنجامی ئەو قەیرانەیە کە هەموو جیهان تووشی بووە و هەرێمی کوردستانیش تووش بووە، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە سەقەت و فاشل و تایفیەیە کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکات، من هەندێك پرسیارم هەیە هەوڵمداوە دووبارەی نەبێتەوە، ئەگەر دووبارە بێتەوە داوای لێبووردن دەکەم، چونکە ئەوەندە قسەیە کرا نازانین کام شت باسکراوە و کام باس نەکراوە، جەنابی وەزیری دارایی، ئایا هەموو داهاتی هەرێمی کوردستان دێتەوە وەزارەتی دارایی؟ ئایا داهات زیادیکردووە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت بۆچی لێبڕینەکە بەردەوامە؟ بەپێی ئەو زانیارانەی کە هەمانە حکومەت بە نیازە پەیڕەوێك دەربکات بۆ رێکخستنی دەرماڵە کە لە یاسای چاکسازیدا ئەو دەسەڵاتە بە حکومەت دراوە، لە هەموو شوێنێك رووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە خەڵك دەڵێت ئایا دەرماڵە دەبردرێت تکایە وەڵامی ئەوەشمان بدەنەوە؟ وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان، ئایا وەزارەت ئاگاداری هەموو

پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستانە؟ یان لە دەرەوەی وەزارەت و سازیەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە بە نەوت دەکرێت و داهاتە ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت؟ پرسیارێك دەربارەی دەروازەکان ئایا هیچ ڕێگریەك هەیە بۆ چاکسازی و کۆنترۆلکردنی دەرگا سنووریەکان دەروازەکان؟ من بە ئیجازەی هەڤاڵان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پرسیارێك ئاڕاستەی هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکانیش دەکەم، ئەوانەی ئێستا لێرەن هەر یەکە نوێنەری فراکسیۆنەکە، نوێنەری لایەنێکی سیاسیە، پرسیارێك دەکەم ئەوە زۆر گرنگە، زۆر باسی ئەوەیانکرد کە گوایە پارتی و یەکێتی سەبەبن، لەو شوێنە پارتی و یەکێتی گەندەڵیانکردووە، من وەکو پارتیەك ئەو شاهێدە دەدەم کە پشکی شێر لە گەندەڵی بەر پارتی و یەکێتی دەکەوێت، من ئەو ئیعتیرافە دەکەم، بەبێ ترس و شەرم ئەوە دەڵێم، بەڵام کاك لە جەنابتان لە حزبی خۆی دڵینایە کە لە ماوەی رابردوودا دزی و گەندەڵی لەم هەرێمە نەکراوە، کێ دڵنیایە بە بەڵگە بۆتان دەسەلمێنم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم وەعدی بە مندا تەشەنوج دروست نەکات، بەڵام ئەو قسەیە تەشەنوجی دروستکرد، بە نیگەرانیەوە کە دەڵێم نەدەبوو ئەو پرسیارە بکەی، بەڵێ، کاك مەم بە گوێرەی ماددەی (٥٧) ئاگادارت دەکەمەوە کە ئارامی دانیشتنەکە بپارێزی، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی تیمی حکومەت دەکەم، پشتگیری لە قسەکانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە باسی لێبڕینی مووچە و باسی کورتهێنانی مووچەیانکردووە، وە سەرەڕای ئەوەی کە (٢١%)ی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بڕاوە باجی ئاو و باجی کارەبا و نرخی کەلوپەلەکان و نرخی داو دەرمان و ئەوانەی لە نەخۆشخانە تایبەتەکانن رۆژ بە رۆژ ئەو نرخانە لە زیادبوون دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من چەند پرسیارێك ئاڕاستەی تیمی حکومەت دەکەم، ئایا دوای گەیشتنی پارەکە لە بەغدا لێبڕینی مووچە کۆتایی پێدێت؟ پرسیاری دووەم: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەوە کە سی رۆژجارێك مووچەی مووچەخۆرانی هاووڵاتیان بدات؟ سێیەم: مووچەی پاشەکەوتکراو چی لێدێت؟ چوارەم: ئایا یاسای چاکسازی بۆچی تاوەکو ئێستا بە سستی جێ بەجێ دەکرێت؟ ئایا شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا رۆژێك دەڵێن ریککەوتووین و دەشڵێن مانگی داهاتوو مووچەی مووچەخۆران بەبێ لێبڕین دابەش دەکەین کەچی هەر بە لێبڕینەوە دابەش دەکرێت؟ کۆتا پرسیارم ئەوەیە ئایا هەرێم دەتوانێت بەبێ رێککەوتن لەگەڵ بەغدا مووچەی هەرێمی کوردستان دابین بکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حكومەت دەكەم، هیوادارم بەڕێزیان ئەو بەڕێزانەی كە ئامادەن لێرە نوێنەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەڵامی پرسیارەكانی پەرلەمانتاران بە ڕوونی بدەنەوە، وەكو چۆن پرسیارەكان كراوە نەبێت بە پرسیارە نووسراوەكانمان كە ئاڕاستەی حكومەتی هەرێمی كوردستانی دەكەین، وە ئەم پرسیارانە پرسیاری خەڵكی هەرێمی كوردستانە، پرسیاری ئێمە نیە، تا ئێمەش بتوانین بگەین بە نەتیجەیەك كە كۆتایی بەم لێبڕینە نا یاساییەی مووچە بهێندرێت، من هیوادارم هۆكاری لێبڕینی مووچە هۆكارێكی سیاسی نەبێت لە كاتێكدا قەوارەی هەرێمی كوردستان لەبەردەم مەترسیەكی گەورەدایە لەلایەكی تریشەوە خەڵكی هەرێمی كوردستان باجی ململانێی سیاسی بدەن و لێبڕینی مووچە بەو هۆكارە بێت، پرسیارەكانی من سەبارەت بە جێ بەجێكردنی یاسای بودجەی عێراق ئایا حكومەتی هەرێم پابەندە بە جێ بەجێكردنی یاساكەوە لەوەی كە لە ئەستۆیەتی؟ ئەگەر یاساكە جێ بەجێ بكرێت دەبێت لە (٢٠٢١/١/١)ەوە جێ بەجێ بكرێت، ئەو شەش مانگەی ڕابردوو چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت لەكاتێكدا لە (٢١%)ی لێبڕینی مووچە هەبووە.

پرسیارێكی ترم ئایا حكومەت پڕۆژەی هەیە بۆ چاكسازی لە سەرچاوەكانی داهاتی نەوت و ناوخۆ و باج و گومرگ و خاڵە سنووریەكان و گرێبەستە نەوتییەكان؟ سەبارەت بە خانەنشینی هێزەكانی ناوخۆ و سێ یەكەمەكان و فەرمانبەرانی گرێبەست و مامۆستایانی وانە بێژ من هەمان پرسیاری هەڤاڵانم هەیە؟ سەبارەت بە یاسای چاكسازی من لام سەیرە حكومەت خۆی پڕۆژە دەنێرێت و جێ بەجێی ناكات كە دەبێت بە یاسا، ئەگەر پەرلەمان بیەوێت پێشنیازە یاسایەك پێشكەش بكات دەڵێت ئەوە بارگرانی دارایی هەیە ڕەفز دەبێت، ئەی چی جێ بەجێ دەكرێت ئەگەر ئەوەیە یاسای چاكسازی دەركراوە تەنها ڕێنمایی و پەیڕەوی پێدەركراوە، كوا جێ بەجێكردنەكەی، سەبارەت بە زیندانیانی سیاسی جێ بەجێكردنی یاسای چاكسازی سەبارەت بە و زیندانیانی سیاسی گەیشتۆتە كوێ، نزیكەی هەژدە هەزار زیندانی سیاسی و گیراوی سیاسی و ڕزگاربووی ئەنفال چاوەڕوانی مینحەكانیانن، ئایا ئەم مینحەیان بۆ نابەسترێت؟ ئەگەر ئەو پێنج هەزارەی كە ئێستا منیحە وەردەگرن كۆتایی بە كاتەكەیان نەیەت و ئەوەی ئەوان تەواو نەبێت ئەمان هەر دەبێت لە چاوەڕوانیدابن، سەبارەت بە ڕزگاربووانی ئەنفال نازانم دەنگۆیەك هەیە كە پەیڕەوێكیش دەركراوە پەیڕەوی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٢٠) لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە كە ئەمان وەكو مەوقوفێك مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، داوای موقتەبەسی حوكمیان لێدەكرێت، ڕزگاربووانی ئەنفال پێویستیان بە موقتەبەسی حوكم نیە، بە ڕوونی لە یاسای زیندانیانی سیاسی ناویان هاتووە، بۆیە ئەوان گۆڕە بە كۆمەڵەكان و كەس و كارە ئەنفالكراوەكانیان موقتەبەسی حوكمە بۆیان، هیوادارم بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ نەكرێت وەكو ئەوەی لە یاساكە هاتووە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١١) سەرجەم خزمەتكوزاریەكان بیانگرێتەوە.

سەبارەت بە چاكسازی هەر یاسای چاكسازی بۆ كەس و كاری شەهیدان كوا لیستی شەهیدان لە كوێ پاككراوەتەوە، تەنها ئەو خاڵەی تێدابوو كە تایبەت بوو بە شەهیدان، ئەو بڕگەیەی تێدابوو تایبەت بێت بە شەهیدان تا ئێستا تۆماری نوێی شەهیدان نەكراوە، پارەی بەخێوكەری وارسی

شەهیدان بڕاوە، پارەی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەرف نەکراوە، پارەی خوێندنی سێ ساڵی نەوە و کوڕ و کچی شەهیدان لە زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنگا ئەهلیەکان سەرف نەکراوە کە هەندێکیان ئێستا کێشەیان بۆ دروست بووە قەید ناکرێنەوە لەو شوێنەی کە دەخوێنن یان لەو ناوەندی خوێندنەیە، سەبارەت بە چارەسەری کرێی خوێندنی ئەو منداڵ و نەوەی شەهیدانەی کە کەوتوونەتە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەپێی یاسای چاکسازی ئەمە ئێستا بۆیان سەرف ناکرێت لە کاتێکدا پێشتر ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات نەیدەگرتنەوە ئێستا ئەوانیش ئایا ئەوان ئەو شەهیدانەی هەرێمی کوردستانە نین، ئێمە شەڕیان لەسەر دەکەین لە کاتێکدا دەڵێین کەرکوك دڵی کوردستانە و قودسی کوردستانە بۆچی کەس و کاری شەهیدەکان کە لەو زانکۆیانە دەخوێنن بێ بەش دەکرێن لەوەی کە ئەو مافە بەدەست بێنن، سەبارەت بە بڕیارێکی سەرۆکی حکومەت کە سی و پێنج ڕۆژ پێش ئێستا سەبارەت بە خەرجکردنی بڕی چوار ملیار و چوار سەد ملیۆن دینار بوو کە پێشتر پێنج ملیار و حەوت سەد ملیۆن دینار بوو بۆ باخچەکانی سلێمانی و سەوزکردن بوو، وە بۆ ئاودانی باخچەکان بوو بڕیاری لێدا، هۆکاری کەمکردنەوەکەی چی بوو؟ بۆچی تاوەکو ئێستا سەرف نەکراوە؟ وا باخچەکان هەمووی وشك دەبن لەم گەرما و لەم بێ ئاویەدا، هۆکار چییە یەعنی بڕیار دەدرێت و جێ بەجێ ناکرێت؟ هیوادارم ئەوە ڕوون بکرێتەوە بۆمان، هەروەها هیوادارم لێرە بتوانین و ئێوە هەر ئەو قسانە نەبێت یەعنی کە خۆتان دەتانەوێت بیکەن وەڵامی ڕوون وەربگرین و بتوانین لێرەدا ئەو خەڵکەی کە دانیشتووە چاوەڕوانی ئەم کۆبوونەوەیەیە، ئایا بڕیارێك دەدرێت لە بەرژەوەندی یان بڕیارێك دەدرێت بۆ کۆتایی هێنان بە لێبڕینی (٢١%)ی مووچە و بتوانین ئەو بڕیارە بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کەکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە دەنگم باش نیە بەهۆی ئەو ڕووداوە نەشیاوەی کە ڕوویدا بەرامبەر من لە ناو پەرلەمان، بەڵام قسەکانی خۆم هەر دەکەم، ئێمە لە کۆبوونەوەی ڕابردوو یاداشتێکمان پێشکەشکردە سەرۆکایەتی کە بڕیاری لێبڕینی مووچە بخاتە دەنگدانەوە، ئەوەش دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بەپێی ماددەی (١٨) بڕگەی شەشەم کە بابەتێك یان بڕیارێك بخاتە دەنگدانەوە، تەوەری دووەم سەندوقی شێرپەنجەیە کە بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٢) دامەزراوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشانی شێرپەنجە، هەروەها بۆ پاراستنی هاووڵاتیان لە تووشبوون لە شێرپەنجە، بەڵام ئەم ساڵ بەداخەوە ئەوە شەش مانگە زیاتر لە دوو سەد و شەست کارمەندی تەندروستی و پزیشك مووچەکانیان بدل عیادەیان پێ نەدراوە، هەروەها بەشێك لە کۆمپانیاکانی دەرمان شایستە داراییەکانیان پێ نەدراوە بەهۆی ئەمەشەوە بەشێك لە دەرمانەکانی شێرپەنجە یان کەم بۆتەوە یان نەماوە، دەپرسم لە بەڕێزان بریا وەزیری

تەندروستی و سەرۆکی حکومەتیش لێرەبووایە، ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە، تەقریبەن سێ ساڵ پێش ئێستا وەزیری تەندروستی کابینەی پێشوو ڕاگەیاند لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن کە پارەی سەندوقی شێرپەنجە دراوە بە مووچە، کۆی پارەی سەندوقی شێرپەنجە بەتاڵکراوە دراوە بە مووچە، بەڵام ئەوەی کە من پرسیارم ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی و دارایی کرد بە پێچەوانەوە وەڵامیان دامەوە کە گوایە هیچ پارە دەرنەکراوە، ئایا ئەم پێچەوانەی قسەیە، یەعنی بڕوا بە کام لا بکەین، کام وەزیر قسەی ڕاست دەکات، هەروەها سەبارەت بە باج بەشێکی باج لەسەر مەشروب و جگەرە و شتە زیان بەخشەکان لە سنوورەوە دەچێت بۆ سەندوقی شێرپەنجە.

بەڕێز وەزیری دارایی تەقریبەن شەش مانگ پێش ئێستا لە نوێ ڕێنمایی دەرکرد کە کۆمپانیاکان پابەندبوون بە پێدانی باج لە سنوورەکان، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی زۆری قاچاخەوە ئەو باجەی وەرناگیرێت، سەندوقی شێرپەنجەش وەکو پێویست پارەی تێ ناکرێت، ژمێرەی کۆتایی لە ساڵی (٢٠١٩) ئەوەی سەندوقی شێرپەنجە زیاتربوو لە نەوەت و چوار ملیار دینار و زیاتربوو لە هەشت ملیۆن دۆلار، لە ساڵی (٢٠٢٠) زیاتربوو لە شەست و شەش ملیار دینار و زیاتریش بوو لە حەوت ملیۆن دۆلار، ئایا ئەم پارانە چییان لێهات؟ ڕاستە سەرۆکی حکومەت فەرمانی دەرکردووە، بەڵام پێشتر جەماعەتی لە بری نۆرینگە یەعنی عیادە بەبێ فەرمانی سەرۆکی حکومەتیش ئەو شایستە داراییەی خۆیان وەرگرتووە، ئێستا چی لە بابەتەکە گۆڕاوە بۆچی سەرۆکی حکومەت لە نوێ فەرمانی دەرکردووە بەو مەرجەی کە لەسەر بودجەی پارێزگاکان بێت، ئەی ئەو کاتە پارێزگاکان چی بکەن کە تووشی کورت هێنان دەبن، بودجەی پارێزگاکان ئەگەر ئەو مووچەیە سەرف بکرێت پێمان باشە میکانیزمی ئەو سەرفکردنەمان بۆ ئەو فەرمانە بۆ ڕوون بکەنەوە بە ئەرك نەبێت؟ هەروەها داواکارم بەڕاستی با وەڵامەکان ڕوون و ڕاشکاوبێت هەمووومان تێبگەین بابەتەکە چییە بابەتی سەندوقی شێرپەنجە، چونکە دیارە خەڵکانێکی زۆر پێوەی دەناڵێنن، ئێمە پێشتر باسمان لەسەرکردووە لەسەر ئەو بابەتە، هەورەها پێویستە و زۆر زەرورە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستاکاری پارەی سەندوقی شێرپەنجە نەکات و ئەوەی براوە بخرێتەوە ناوەوەی لە پێناو پێدانی شیاستە داراییەکانی کارمەندان و پزیشکان، هەروەها دابینکردنی دەرمان بۆ نەخۆشەکانی شێرپەنجە، دەپرسم ئایا بەپێی کام یاسا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پارانەی لەسەندوقی شێرپەنجە دەرکردووە؟ هەروەها ئەو فەرمانەی سەرۆکی حکومەت بە کام میکانیزمە جێ بەجێ دەکرێت لە کاتێکدا مووچەکە و شایستە داراییەکان لە سەندوقی شێرپەنجەوە سەرف دەکرا ئیستا لە ئەوەی پارێزگاکانەوە سەرف دەکرێت، ئایا ئەگەر فەرمانەکەشتان جێ بەجێ نەکرد کەی دەست دەکەن بە دابەشکردنی؟ چونکە زیاتر لە دوو سەد و شەست فەرمانبەرە شەش مانگە بە خۆبەخش دەوام دەکەن، هیوادارم وەڵامی ڕاست و دروست و ڕاشکاوم بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و وەفدی یاوەریان دەکەین، بەڕاستی هەرچەندە ئێمە دواکەوتووین کەوتینە کۆتایی جەلسەکە، بەڵام هەڵوێستی سەرجەم پەرلەمانتاران بەڕاستی جێگەی دڵخۆشیە، یەك هەڵوێستی بۆ کۆتایی هێنان بە لێبڕینی مووچەی فەرمانبەران، بەڕێزان، ئێستا نزیکە یەك ملیۆن دوو سەد هەزار کەس مووچەخۆر و فەرمانبەران لەگەڵ خێزانەکانیان چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم دانیشتنەی پەرلەمانن، دانیشتنی ئەم پەرلەمانی کوردستانە ئەنجامەکەی چی دەبێت بە لێبڕین و پاشەکەوتی مووچە چۆن دەبێت، بەڕێزان، لەم وڵاتەی خۆمان کە وڵاتێکین لەسەر نەوت دەژین، بەڵام بەداخەوە کە نەوت دەفرۆشین و گومرگ و باج و رسومات و ژینگە و ڕێگا و بان وەردەگرین مووچەخۆرانمان لەو پەڕی دۆخێکی خراپدا دەژین، ئایا سەرجەم داهاتی هەرێم چەندە مانگانە ئەوە داوا دەکەین لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەو نەتیجەمان بداتێ؟ ئێمە بە زۆر کە خوێندکارانمان زانکۆ و پەیمانگاکان تەواو دەکەن بەهۆی بێ کارییەوە روو لە هەندەران دەکەن، بەڵام لەو وڵاتانە بەڕاستی جێگەیان بۆ دابین دەکرێت و مووچەیان بۆ دابین دەکرێت کە ئەوان نەوت دەکڕن، کە ئێمە نەوت دەفرۆشین ناتوانین ئەوانە جێ بەجێ بکەین، زۆر بەداخەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڕێزان، بەڕیز وەزیری سامانە سرووشتیەکان، نرخی بەنزین لە هەرێم هەشت سەد و پەنجا دینارە، لە عێراق چوار سەد و پەنجایە، لە پاڵاوگەکانی هەرێم ئەو نەوتە دەپاڵێورێت و دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاکانی خوارووی عێراق، هۆکاری جیاوازی نرخی بەنزین چیە؟ بۆیە داوا دەکەین کە وەزیری سامانە سرووشتیەکان روونکردنەوەی تەواو لەسەر ئەو بدات، خاڵێکی تر یاسای خانەنشینی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە کە بە تایبەتی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لە دوای سی ساڵ خزمەت دوو سەد و بیست هەزار دینار وەردەگرن کە لە کاتی ئەرکدا لە ملیۆنێك و دوو سەد تا ملیۆنێك و پێنج سەد وەردەگرن بەڕاستی ئەمە کارەساتێکی گەورەیە بۆ خانەنشینان، دامەزراندنی سێ یەکەمەکان و گرێبەستەکان زۆر پێویستە جێ بەجێ بکرێت کە زۆربەیان زانکۆ و پەیمانگایان بە پارە تەواوکردووە نەك بە بەلاش بخوێنن، هەموویان لە قوتی دەمی دایك و باوك و خوشك و کەس و کاریان گرتۆتەوە تاوەکو بتوانن زانکۆ تەواو بکەن، بۆیە پێویستە پەلە بکرێت لە دامەزراندنی سەرجەم ئەوانەی دەرچووی زانکۆکانن نەك هەر یەکەم و دووەم و سێیەمەکان و مامۆستایانی گرێبەستیش، پرسیارێکی تر ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، بەڕێز وەزیری دارایی، ڕێگای کەلار دەربەندیخان بە ڕێگای مەرگ ناسراوە، ئەو ڕیگایە کە چل کیلۆمەترە بۆ ماوەی دە ساڵە ئەگەر هەر ساڵەی چوار کیلۆمەترتان تەواو بکردایە ئێستا ئەو جادە دەبوو بە دوو ساید، بەڵام بەداخەوە نازانین هۆکارەکەی چییە کە پارەی بۆ سەرف ناکەن، کە لە سەدا شەستی جادەکە تەواوبووە و لە سەدا چلی ماوە هەمووی بڕی پارەکە تەقریبەن شەست ملیار دیناری ماوە، ئایا بۆچی سەرفی نەکەن؟ بۆچی پلەی لێناکەن؟ کارەکان زۆر بە سستی لە یەکی مانگەوە تاوەکو ئەمڕۆ وابزانم دە ملیاری بۆ سەرفکراوە لەم کاتانە

ماوەیەکی کورتە، بۆیە داوا دەکەین کە پەلە بکرێت لە تەواوکردنی ئەو ڕێگایە کە بەهۆیەوە ڕۆژانە خەڵك دەبێتە قوربانی، حەز دەکەم سەیری فەیس بووك بکەن بزانن ئایا ئەو خەڵکانە ڕۆژانە ڕۆژی دوو یان سێ گیان لە دەست دەدات، بەڕاستی ئەمە کارەساتە لە وڵاتێکدا کە لە دوای سی ساڵ حوکمڕانی نەتوانین جادەیەك تەواو بکەین کە نزیکەی چل کیلۆمەترە، نرخی دینار بەرامبەر بە دۆلار، تەبعەن هەمووی کارەساتە بەسەر مووچەخۆر و فەرمانبەرانە، سەد دۆلار بەرامبەر بە سەد و پەنجا هەزار دینار دەکات، گرانی بازاڕ بڕینی لە (٢١%) هەمووی کاری لەسەر مووچەخۆر و فەرمانبەران دەکات، پرسیار لە کاك خالد شوانی دەکەین، ئایا ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا بە چی گەیشت؟ دەربارەی مووچە و بودجە و پرسەکانی تر دەربارەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دەربارەی غاز، بەڕاستی بە جدی ئێمە هەر باسی نەوت دەکەین باسی ئەو شتانەی تر دەکەین کە غاز پێویستیەکی سەرەکیە لە وڵاتانی تر، غاز مەترێکی سێ جاری غاز نزیکەی سێ دۆلارە، ئایا غازمان هەیە بۆ فرۆشتن یان نیمانە بۆ فرۆشتن؟ تکایە وەڵاممان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بورە دکتۆرە من قسەم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چ ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان و چ بەڕێزان لە حکومەت ئێمە لە دوو بەرەی دژ بە یەك نین، هەردووکمان یەك ئامانجی هاوبەشمان هەیە، هەر بۆیەشە لە بەیانیەوە دانیشتووین بۆ ئەوەی کە لەسەر بابەتێك قسە دەکەین ئامانجمان ئەوەیە کە بتوانین ژیانی خەڵك باشتر بکەین، وە بتوانین ئاستی خزمەتگوزاری کە پێشکەش بە خەڵك دەکرێت باشتر و کوالێتیەکەی بەرزتر بێت، ئەمەش مافی هاووڵاتیانە لەبەر ئەوەی کە ئەم خەڵکە ئەم هاووڵاتیانە گەورەترین سەرمایەیان حکومەتن و بە خۆراگری خۆیان لە هەموو دۆخە سەختەکاندا پاڵپشتی حکومەت بووینە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێستا بەڕاستی کاتی ئەمە هاتووە کە حکومەت پێداچوونەوەیەك بکات بۆ بارودۆخی هاووڵاتیان و هەوڵێکی جدی تر بدات بەوەی کە ژیان و گوزەرانیان باشتر بێت، لە بەیانیەوە ئێمە دانیشتووین لە ڕاستیدا هیچ هاوکێشەیەکی ئاڵۆزمان نیە و هەموو کەسێك دەتوانێت لەوە تێبگات و هەموو بەڕێزان پەرلەمانتاران بە تەفسیڵ باسیانکرد، لەلایەکی ئەو هاوکێشەیە حکومەتەکمان هەیە کە داهاتەکانی بەرزبۆتەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی سعری نەوت، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار داهاتەکە یەکجار زۆربۆتەوە، لەلایەکی تریش خەڵکمان هەیە کە بە هەمان لێبڕینی پێشوو هەر مووچە وەردەگرن، لەلایەکی تریش بازاڕ دوو قات و سێ قات گران بووە، وە ئەو بار قورساییە هەمووی لەسەر شانی خەڵکە، بۆ

هاوسەنگكردنی ئەم هاوكێشەیە و جێ بەجێكردنی مەفهومی خۆ گونجاندنیش وەكو خۆی پێویستە حكومەت هەندەك شت هەیە كە دەبێت بكات، لەوانەش لێبڕینی مووچە نەهێڵێت یاخود بەپێی ئەو داهاتەی كە بەرزبۆتەوە ئەو لێبڕینە زۆر كەم بكاتەوە، دەست بەوەی كە پلە بەرزكردنەوە دووبارە دەست پێ بكاتەوە، پلانەك هەبێت بۆ ئەوەی كە وردە وردە بۆ دامەزراندنی گرێبەستەكان ئەوانەی كە فەرمانبەرن گرێبەستن، هەروەها بۆ دامەزراندنی یەكەمەكان پێویستە هەنگاوەكانی جێ بەجێكردنی یاسای چاكسازیش زۆر خێرا بكرێتەوە بۆ ئەوەی كە نەتیجەیەكی مەلموسی هەبێت و خەڵكیش هەستی پێ بكات و كاریگەری بەسەر ژیانی خەڵكدا دروست بكات، بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕێزان لە حكومەت كە لێرە ئامادەنە، بەڕاستی پرسیارەكە لای ئێمە و لای هەموو خەڵكە ئەو پرسیارە، ئایا ئێوە دەتوانن ئەم كارانە بكەن ئەو بابەتانەی كە ئێستا باسمكرد چارەسەر بكەن؟ ئەگەر ناتوانن پێمانباشە كە بە روونی و بە وازحی هۆكارەكان باس بكەن كە ئایا هۆكارەكە چییە، كێشەكە لە داهاتی نەوتە، لە نەگەڕانەوەی داهاتی خاڵە سنوورییەكانە، یان هەر بابەتێكی ترە بە روونی بۆ خەڵكی كوردستان باس بكەن، بەڕێز وەزیری دارایی، ئایا بە هاتنی ئەو سولفەیە كە لە عێراق باس دەكرێت دەتوانن ئەو كورتهێنانەی كە ئێستا هەیە لە كوردستان پڕ بكەنەوە بە تایبەت ئەو مووچەی خەڵكی بە لە سەدا سەد بدەن؟ خاڵێكی تریش سەبارەت ب خانەنشینی پێشمەرگەیە كە بۆچی پاداشتی خانەنشینی پێشمەرگە خەرج ناكرێت؟ ئەوە چەند ماوەیەكە كە ڕاگیراوە كەی دەست پێ دەكەنەوە و بۆچی ڕاگیراوە؟ بەڕیز وەزیری سامانە سرووشتیەكان، ئایا هیچ چاكسازیەك لە كەرتی نەوت كراوە تاوەكو ئێستا لە رووی موراجەعەكردنی گرێبەستەكانی كۆمپانیاكان و كەم كردنی خەرجیەكانی نەوت؟ ئایا بۆ بەنزین چ دەكەن بەڕاستی كواڵێتیەكەشی زۆر خراپە و سعرەكەشی زۆر بەرزبۆتەوە؟ بەڕێز شاندی دانوستكار، پرسیارێك لە ئێوە دەكەم كە ئەو سولفەیە كە دێت مەسەلەكەی چیە ئایا دێت یان نایەت؟ ڕۆژەك دەڵێن دێت و ڕۆژەكیش دەڵێن نایەت بەڕاستی منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزەی كە باسیكرد هەست دەكەین كە لە بەغدا جۆرە یاریكردنەكە بە هەستی خەڵكی كوردستان، هاتوو و نەهات وەڵامێكی روونمان بدەنەوە كە ئایا دێت یا نایەت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیاری من ئاڕاستەی بەڕێزان وەزیری دارایی و دكتۆر ئومێد صباح و بەڕیز دكتۆر عبدالحكیم دەكەم، بەڕێز دكتۆر ئومێد، پێوەری دابەشكردنی داهاتی هەرێم لەسەر پارێزگاكان چیە؟ ئەوەی من زانیوومە هەژماری دانیشتوانی هەر پارێزگایەك پێوەرە بۆ دابەشكردنی داهات ئەگەر ئەمە ڕاست بێت بە بۆچوونی من ئەمە نا دادپەروەریە بەرامبەر پارێزگای دهۆك دەكرێت، چونكە تاوەكو ئێستا سەر ژمێری لە كوردستان نەكراوە، هەروەها ناكرێت پارێزگایەك كە زۆرترین ڕێژەی داهاتی هەیە كەمترین سوود لە داهاتی هەرێم ببینێت، وە پێویستە حكومەت پێداچوونەوە بە پلانی سەبارەت چۆنیەتی دابەشكردنی داهات بكات، پرسیاری دووەمم بۆ بەڕێز دكتۆر ئومێد،

بەدیلـی ئەمـانی بـنکە تەندروسـتیەکانی شـەهیدان بـۆ خزمەتکردنـی کەس و کـاری سـەربەرزی شـەهیدان چـیە لەلایەن حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە؟ پرسـیاری سـێیەم: سـەبارەت بە رێکخسـتنی کەرتـی تـایبەت، زۆربەی زۆری کۆمپانیاکـان بەداخەوە کەسـانی بیـانینە لە کاتێکـدا هەمووومـان دەزانـین بە هەزاران گەنـج و لاوی ئەم وڵاتە دەرچـووی پەیمانگـا و زانکۆکـانن و بـێ کارن، پێویستە حکومەت بڕیارێك بدات کە یەکێك لە مەرجە هەرە سەرەکیەکانی پێدانی مۆڵەت بـۆ کۆمپانیاکـان ئەوە بێـت کە سـوود لە هێـزە مرۆییەکـانی نـاوخۆ وەربگیرێـت، بەڕێـز دکتـۆر عبـدالحکیم، کە بەداخەوە لێـرە نـیە بەس پرسـیارەکەم ئاڕاسـتە دەکەم هیـوادارم بەڕێـز دکتـۆر ئومێـد وەڵامـی پرسـیارەکەم بـدات، ئایـا دەسـتان بە پێـداچوونەوە بە دۆسـیەی ئەو زینـدانیە سیاسیانە کردووە کە کۆدیان وەرگرتووە تاوەکو ئێستا مینحەیان بۆ سەرف نەکراوە؟ مەبەسـتی من وەجبەی نۆیەم تا کۆتاییە میکانیزمی پێداچوونەوە بۆ دۆسیەکان چۆنە؟ ئایا بەپێـی ژمـارەی کۆدە یان بەپێی وەجبەکەیە؟ لە هەردوو حاڵەتـدا بە بۆچـوونی مـن زیـان بە بەشێك لە زینـدانیە سیاسـیەکان دەگەیەنێـت کە زینـدانی راسـتەقینەن، بـۆیە پێشـنیار دەکەم پێـداچوونەوە بەپێـی دۆسـیەی زینـدانیان و بەپێـی ئەو سـاڵانە بێـت کە لێـی حوکمـدراوە، زینـدانی هەیە لە سـاڵانی شەسـتەکان حوکمـدراوە، هەیە حەوتاکـان و هەیە لە هەشـتاکان بەپێـی تەسەلسـولی سـاڵانی حوکمـدراوە پیـداچوونەوە لەسـەر دۆسـیەکانیان بکرێـت، بەڕیـز وەزیـری دارایـی، دۆسـیەی زیندانیانی سیاسی لە وەجبەی یەکەم تـاوەکو هەشـتەم پێـداچوونەوە لەسـەرکراوە پێـنج هەزار کەس بوونە لەو پێنج هەزار کەسـە هەشـت سـەد کەس مـاون کە فایلیـان ئیشـکالیان تێـدا نـیە و یاسـای زینـدانیانی سیاسـی، هەروەهـا بەپێـی یاسـای چاکسـازی مـاف و ئیمتیـازاتی زینـدانیان شمولیان دەکات، مانگی رابردوو حکومەت مینحەیان بۆ سەرفکردووە بۆ بەشێکی بـووە نەك بـۆ هەموویـان، پرسـیارم ئەوەیە بـۆ مـاوەیەکی زۆر مینحەیـان راگیرابـوو بەهـۆی پێـداچوونەوە لە فایلەکانیـان ئایـا ئەو مـاوەیەی کە راگیرابـوو بۆیـان سـەرف دەکرێـت ئەگەر سـەرف دەکرێـت میکانیزمی سەرفکردنەکە چۆن دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فیصل فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی شـاندی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن، دیـارە هەمـوو هەڤـاڵانم باسـیان لەسـەر مـووچە کـرد، مـن شـتێك بـاس دەکەم ساڵەك لەمەوبەر لەو هـۆڵەی پەرلەمـانە دانیشـتنی پەرلەمانمــان ئەنجامــدا لەســەر مــووچە ئەو مــاوەیە ئەو ســاڵە بەردەوام هەڤاڵانمــان باســی مووچەیانکرد، بەڵام بە کوێ گەیشت، ان شاءالله جارێکی تر لەو هـۆلە باسـی مـووچە نـاکەینەوە، داواکـارین ئەو غەدرە چیتـر لە مووچەخـۆران نەکرێـت و لێبڕینـی مـووچە کۆتـایی پـێ بێـت، خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ نـا حەقـی و غەدری زۆری تێـدایە، داواکـارین ئەو پـڕۆژە یاسـایەی پێشکەشکراوە بـۆ خانەنشـینی هێزەکـانی نـاوخۆ بە بیـانوی رەهەنـدی دارایـی لەلایەن حکومەت وەڵام نادرێتەوە بخـرێتە بـواری جـێ بەجێکـردن، چیتـر غەدر لە ئاسـایش و هێزەکـانی ناوخۆ نەکرێـت بەرپرسـانی حیزبـی و پەرلەمـان و حکـومەت ئەمنیەتیـان لە ئەسـتۆی هێزەکـانی

ئاسایش و ناوخۆیە، ئەگەر باس لەسەر چاکسازی دەکەین چاکسازی تا لە خاڵە سنووریەکان و داهاتی نەوت نەکرێت وەکو رەئی خۆم بە چاکسازی نازانم، ئێمە باسی چاکسازی دەکەین کەی ئەمە چاکسازیە بەپێی پەیڕەو ژمارەی پاسەوانەکانی وەزیر و بریکار لە بڕی ئەوەی کەم بکرێت زیادکراوە، لە کاتێکدا پاسەوانی پلە باڵاکان بە یاسا رێکخراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، روونە ئەم دانیشتنە بۆ لێبڕینی مووچەیە، بەداخەوە ئەویش ئەنجامی ئەوەیە کە چاکسازی وەکو پێویست نەچۆتە پێش، ئەگەر چاکسازی لە داهات و لە خەرجی بکرایە بە دڵنیاییەوە ئەوە رووی نەدەدا، بەڵام بەداخەوە هیچ هەنگاوێکی چاکسازیمان نەبینیوە، من دەمەوێت لەوەوە باس بکەم دیارە ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، ئەگەر کاك دکتۆر رێباز بینووسێت سوپاسی دەکەین، ئەو داهاتانەی کە داهاتی پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە و داهاتی ئیدارەی گەرمیانە و داهاتی ئیدارەی راپەڕین و ئەو ناوچەیە دێتە بانکی هەرێم، ئەو بەدواچوونەی کە کردوومە لەوێ کۆمپانیایەکی دیار لە سلێمانی با بڵێین دێت ئەو پارە بە حەفتانە بە ناوی پرۆژەوە ئەو کۆمپانیایە روونە کاری پرۆژەکانی ئیستیسماریە کەوا شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات، وە روونە ئەو یەکەی نیشتەجێبووانەش بە قستی درێژخایەن و پێشەکیان لێ وەردەگیرێت، بەڵام ئەو پارەیەی کە دیبات دبێت روون بکرێتەوە بزانین ئەو پارەیە بۆچی دەبات، زۆر بەداخەوە ئەو زەویەی کە وەك ئیستیسمار بەکاری دەهێنێت کە هیچی نرخی لە پارەی نەوت کەمتر نیە، وە دەکرێتە شوێنی نیشتەجێبوون زەویەکە زەوی جوتیارانە و دوای ئەوەش لەسەر گیرفانی خەڵك دروستی دەکرێت و بە پارەیەکی زۆر دفرۆشێتەوە، وە دوای ئەوەش ئەو کۆمپانیایە بابڵێین ئەو وەبەرهێنەرە وازی لێناهێنێت و تیجارەتی لەسەر دەکات بە سکوێریتیەوە و بە ئاوەوە و بە کارەباوە و بە پاککەرەوەوە زۆر بەداخەوە، خاڵێکی تر دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم سەبارەت بە داهاتی خاڵە سنووریەکان ئەویش هەر ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، داهات زۆرە لە خاڵە سنووریەکان، بەڵام ئەم داهاتە کۆمپانیای حزب و شەخصی حزب دەیبات، بۆ نموونە ئەگەر من خۆم چەندجارێك چوومەتە خاڵی سنووری پەرویزخان لەوێ چەندین دەزگا هەیە کەوا چەندین دامەزراوە هەیە کە داهاتی هەیە گواستنەوەی نەوتە، کێشی قەپانە، تەعقیمە، سۆنەرە، چەندین پشکنینی تر هەیە هەموو ئەو پارانە دەچێتە گیرفانی شەخص و کۆمپانیای حزبەوە، زۆر بەداخەوە کۆمپانیا ئەم وڵاتەی وێران کردووە، خاڵێکی تر ئاراستەی بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان دەکەم، روونە و هاوڕێیانم باسیانکرد کە داهاتی نەوت ئێستاکە دەبینین نەوت لە هەڵکشانێکی باشدایە و لە رابردوودا بەهۆی پەتای کۆرۆناوە ئەو داهاتە رووی لە نزم بوونەوە کرد، ئێستا داهاتی نەوت بەرمیلێك نەوت خۆی نزیك دەکاتەوە لە هەشتا دۆلار، بەڵام ئەمە سعرەکەیەتی ئەی باشە هەناردەکەی بابڵێین ئێستا ئێمە ئەگەر باسی بلۆکە نەوتیەکانی حەسیرە سەر بە ئیدارەی گەرمیان بکەم، بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان، لە ساڵەکانی (٢٠١٠) بۆ

(٢٠١٥) پێنج بۆ دە هەزار بەرمیل هەناردەی بوو، بەڵام ئێستاکە سی بۆ سی و پێنج هەزار بەرمیل هەناردەی هەیە، ئەی باشە ئەو هەناردەیەش هەر داهات نیە؟ هەر ناچێتە سەر داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ بۆ هەر باسی سعرەکەی دەکرێت و ئەی داهاتەکەی کە زیاد دەکات ئەوە بۆ کوێ دەچێت؟ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، داهات زۆرە لەم وڵاتە، بەڵام کەس نیە پارێزگاری لێبکات، زۆر بەداخەوە لە رابردوودا جەنابیشتان ئاگادارن لە سەرۆکایەتی پەرلەمان هەندێ دادوەری بەرێز کە لە ناویاندا داواکاری گشتی هەبوون لە ئیدارەی گەرمیان لەسەر نا یاسایی بوون لە ئیدارەی گەرمیان لەو ناوچەیە کۆمەڵێك دادوەری بەرێز مانیان گرت بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت، لە جیاتی ئەوەی دەستخۆشیان لێبکرێت و دەستخۆشیان لێبکەن بەداخەوە ئەو دادوەرانەیان سزادا و دوورخرانەوە، دوای ئەوەش دادوەرێکی تر کە ویستی بەرگری بکات لە تالانکردنی زەوی و لە تالانکردنی خاڵە سنووریەکان ئەویشیان زۆر بەداخەوە لە کارەکەی دورخستەوە و نەیانهێشت بەرگری بکات، ئەوەش بەڕاستی جێگەی نیگەرانیە و پێچەوانەی یاسای چاکسازیە بەداخەوە، پرسیارێکی تر ئاڕاستەی بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری عێراق دەکەم، من لێرەدا ناڵێم باسی ئەو رێککەوتنەمان بۆ بکە، لێرەدا پرسیارەکەم ئەوەیە دەڵێم جەنابتان ئەو رێك نەکەوتنەمان بۆ شی بکەنەوە کە رێك نەکەوتوونە لەسەری، لەبەر ئەوەی ئەوە حەوت مانگی ساڵ تێپەڕی تاوەکو ئێستا ئێمە هیچ بەرهەمێکی ئەو رێك نەکەوتنەمان نەبینیوە زۆر بەداخەوە، داواکارین لەم دانیشتنە لەم پەرلەمانە بەرێزە بە تەواوەتی لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بهێندرێت، لەبەر ئەوەی بەڕاستی کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر جولانەوەی بازاڕ، لەبەر ئەوەی کە بازاڕ جولەی نیە زۆربەی ئەو کارگانەی کە پێشتر کاریان ئەوەبوو گەنجان لەوێ کاریان دەکرد ئێستا کاریان نەماوە بەهۆی ئەوەوە بێکارن و سەفەر دەکەن زۆر بەداخەوە ئەوەش کارەساتە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، من لێرەدا داوایەك دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لە تیمی حکومەت بەرگری بکەم لەوەی خانوو تاپۆ نەکرێت بە ناوی عەرەبەوە، بەداخەوە ئێستاکە عەرەبەکان پارەیان پێیە، کوردیش بەهۆی ئەم قەیرانەوە خانووەکەی دەفرۆشێت و عەرەبەکە دەیکڕێت، لە ناحیەی سمود کە ئێستا ناحیەی رزگاریە، من خۆم خەڵکی ئەوێم لە ناو گەڕەکی ئەنفالکراوەکاندا عەرەب خانووی کڕیووە زۆر بەداخەوە، باشە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها بیر لە داهاتی نەوت دەکاتەوە هەر باسی نەوت دەکات ئەی باشە وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەوڵنادات کەوا بەرهەمێکی سرووشتی ناوخۆیی هەبێت، ئەگەر باسی هاوپەیمانان بکەین، هاوپەیمانان کە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە و کوردستان دەکەن وڵاتی تێدایە لیترێك نەوتی نیە، بەڵام پارە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات بۆ پێشمەرگە، پارە بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکات، لەبەر ئەوە ئەوان لە رووی پێشکەوتنەوە پێشکەوتوون، ئەگەر باسی ئەم هاندەیە بکەم، ئەم هاندە باسی هەزار دۆلارە پارەی چەند بەرمیل نەوتە، ئەگەر بە پەنجا دۆلار حیساب بکەین دەکات پارەی بیست بەرمیل نەوتە، ئەی باشە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو خاکە جوانەی هەیە بۆ ناتوانێت بەرهەمێکی هەبێت و پشت بە بەرهەمی خۆی ببەستێت، تەنها بە نەوت نەبەستێت، زۆر بەداخەوە، لە کۆتاییدا نیگەرانبووین کە گوێمان لەوەی کاك دکتۆر ئامانج بوو کەوا ئێمە چاوەڕێمان دەکرد لە وەڵامدانەوەی تیمی حکومەتدا گوێمان لێبێت کە ئەو لێبڕینی مووچەیە و

ئەوە بێ خزمەتگوزاریەی کە ئێستا لە جادە و لە ڕێگا و بانەکاندا هەیە کە ناکرێت پارەکەی بۆ قەرز ببردرێتەوە، بەڵام بەداخەوە قەرزەکە زیادیکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو:

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی گرنگ و هەستیارە، خەڵکی چاوەڕوانی بڕیاردان لەسەر کۆتایی پێهێنانی لێبڕینی مووچە دەکات، خۆشبەختانە ئەمڕۆ کۆدەنگیەك هەیە لە هۆڵی پەرلەمان کە هەر سەد و یازدە پەرلەمانتارەکە هەمووی غەمی ئەوەیانە کە لێبڕینی نا یاسایی مووچە کۆتایی پێ بێت، بەڕێز وەزیری دارایی، سێ ساڵە مووچەخۆران و فەرمانبەران هاوار دەکەن داوای سەرەتایی ترین مافی خۆیان دەکەن کە کۆتایی پێهێنانی مووچەیە و بە دابەشکردنی لە کاتی خۆیدا، ئەمە زوڵمێکی گەورەیە لە مووچەخۆران دەکرێت هەم نا یاساییە کە بە لێبڕینی مووچەیان پێ دەدەن و هەم لە کاتی خۆشیدا مووچەیان پێ نادرێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا تەبعەن خەرجی بەرامبەر بە هاووڵاتیان زیادیکردووە ئەویش لە بواری باج و رسومات و پارەی ئاو و کارەبا و نرخی سووتەمەنی و دەرمان و نرخی خزمەتگوزاریەکانی تر و هەموو ئەوانە لە رووی هاووڵاتیانەوە و لەگەڵ پێ نەدانی مووچە و لێبڕینی نا یاسایی مووچە زیادیکردووە، بۆیە هەر ئەمڕۆ پێویستە بڕیار لەسەر کۆتایی پێهێنانی لێبڕینی مووچە بدرێت، با ئەمڕۆ بکەینە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ پەرلەمان و حکومەت، وە دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە ئەو گەنجە خێر لە خۆ نەدیوانە چاوەڕێی دامەزراندنن، ئەم چاوەڕوانیە وا لە گەنج دەکات خوێندن لە هەرێمی کوردستان هیچ ئەرزشێکی نەمێنێت، وە مونافەسەی خوێندن نەمێنێت، ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە هەلی کار بڕەخسێندرێت بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەگەر هەلی دامەزراندنیش نیە لە کەرتی تایبەت بواریان بۆ بڕەخسێندرێت، ئەگەر وا نەکەین گەنجەکانی وڵاتمان کە گەورەترین سەرمایەی وڵات و بڕ بڕەی پشتی کۆمەڵگان بەڕاستی هەمووی رووی لە هەندەران دەکەن کە بە بەرچاوی خۆمان زۆرێك لە هاوڕێکانمان خستیانە روو لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان گەنجەکانمان وڵات بە جێ دێڵن، کە ئەمە خەسارەتێکی گەورەیە وەکو هاوڕێکانیشم ئیشارەتیان پێدا لە یەك مانگی رابردوودا دیراستە بکەن بزانن بەس تەنها لە دەڤەری پشدەر و بتوێن چەند گەنج کە خەریکە ئەو ناوچەیە دەبێتە ناوچەی بە ساڵاچوان بەداخەوە ئەویش بە بۆنەی نەبوونی هەلی کارەوە، ئەوەش خەسارەتێکی گەورەیە، بەڕێز وەزیری دارایی، تا کەی گرێبەستەکان دەکرێن بە هەمیشەیی کە بەپێی یاسا دەبێت دوای سێ ساڵ بکرێن بە هەمیشەیی، هەروەها مامۆستایانی وانە بێژ چەندین ساڵە خزمەت دەکەن هاوتای مامۆستایانی دامەزراو و بە هەمان حسە و خزمەتەوە کار دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراون بە هەمیشەیی، هیوادارم ئەمڕۆ بڕیار لەسەر ئەو پرسانە بدەن کە پێویستە و هاووڵاتیان چاوەڕوانن، هەروەها خۆبەخشەکان لە هەر دامودەزگایەك کار دەکەن فۆرمێکیان بۆ پڕکراوەتەوە گوایە دوای ماوەیەکی دیاریکراو کە بە خۆبەخشی کار دەکەن بکرێن بە گرێبەست،

بەڵام بەداخەوە مەگەر یەکێك تەسکیەی حزبی هەبێت ئەو بوارەی بۆ رەخساوە، جەنابتـان چـی وەڵامــی هاووڵاتیــان دەدەنەوە کە داهــاتی هەرێمــی کوردســتان بە شــێوەیەکی بەرچــاو زیادیکردووە، زۆر لە هاورێیانم باسـی گرفتـی ئـاوی چەمچەمـاڵ و زۆربەی شـار و شـارۆچکەکان کرا بە تایبەتی چەمچەماڵ سێ کـابینەی حکومەت و سێ خـولی پەرلەمـان هـاوار دەکەن و داوا دەکەن کە گرفتی ئاوی چەمچەماڵ کۆتایی پێ بێت بەداخەوە تاوەکو ئێستا چارەسـەر نەکـراوە، بەڕێز وەزیری دارایی، ئومێد دەکەین کە بەڕاستی بە هەستێکی زیاتر بەرپرسـانە رووبەرووی ئەو گرفتەوە بچن کە زۆربەی سەرهەڵدانی گرفتەکان و توونـدوتیژییەکان و کوشتن و بڕین بە بـۆنەی قەیرانی بێ ئاوییەوەیە کە بەپێی بەدواداچوونەکـانی لیـژنەکەی ئـێمە، وەزیـرە بەڕێزەکـان، ئێـوە لایەنی تەنفیزین لە ناوەندی بڕیـاردان تکایە خەڵکی بەش مەینەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئاشـت بکەنەوە، مافە سەرەتاییەکانیان جێ بەجێ بکەن، بەڕێزان، گرفتێك هەیە وەکو برای بەڕێـزم کـاك رزگار ئیشارەی پێدا هەولێـر و سـلێمانی لەبەردەم پرۆسـەیەکی تەعریبـی راسـتەقینەدان بەهـۆی ئیستیسـمار و بـازاڕی خـانووبەرە، وە فرۆشـتنی رێژەیەکـی زۆری شـوقە موڵـك بە عەرەب، ئەوە پرۆسەیەکی بە هەڕاجکردنی کوردستانە خەریکە هەولێر و کوردستان دەبـنە موسـتەعمەرەیەکی عەرەبی، ئەوەی بەسەر هەولێر و سلێمانیدا دێت هیچی کەمتر نـیە لەوەی کە بەسـەر حەویـجە و کەرکـوك داهـاتووە، بـۆیە ئەمە حـاڵەتێکی پرسـیدارە پێویسـتە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت، دوو پرسیار ئاڕاستەی بەڕێـز وەزیـری داراییـی دەکەیـن، یەکەم: تـا کەی پـلە بەرزکـردنەوە دەسـت پـی ناکاتەوە کە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە ئەم بابەتە راگیراوە وەڵاممان دەوێـت ئەوە زۆربەی هاورێیانیشـم ئەو پرسـیارەیانکرد، دووەم: سیسـتەمی مەقاسـە بـۆ کـاری پـێ ناکرێـت، پاشـەکەوتی مـووچە و لێبڕینـی مـووچە بـۆ نـاخرێتە بـری کارەبـا و ئـاو و خزمەتگوزاریەکـان؟ ئەمەش پرسـیارێکە کە ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا هەمی برادەران دکەم ژ بۆ خەمخۆریا وان، هەرچەندە پرسیارێت من هاتنە کـرن، بەس ئەز پرسـیارێت خـۆ جارەکـا دی دووبـارە دکەمەڤە، هێژایـان، ئەم ل دۆڵەکـی نیـنە و حکومەتـا هەرێمـی ل دۆڵەکا دی بیـت، ل دۆمـاهیکێ ئەم هەردوولا تەمـام کەرێـن ئێکین و ژ بـۆ هەنـدێ ل ڤێرەنە دا ب شێوەیەکی باشتر خزمەتا خەڵکێ خۆ بکەین، چونکی شایستەی کـارێن باشـترن، لـێ هەندەك کـار دبـنە ئەولەویەتـا حکومەتـا هەرێمـا کوردسـتانێ، سـەرۆکا پەرلەمـانی، ل رۆژا (٢٣)ی مانگی دگەڵ ستافێ وەزارەتا خوێنـدنا بـاڵا ئەم روینشـتین و جەنـابێ وەزیـری هەنـدەك بەرسـڤ دانە مە ل سەر سێ یەکەمێن زانکۆ و پەیمانگەهـان لـێ مە دڤێتن وەزیـری دارایـی ژی، چـونکی جوابەکـا موقنیـع نەبـوو ژ لایـێ وەزیـری خوێنـدنی بـاڵا ڤە، لەومـا مـن دڤێـتن ڤـان پرسـیاران ئاڕاستەی جەنابێ وەزیری دارایی بکەم بـۆ هەنـدێ بەرسـڤە مە بـدات، سـەبارەت ب دامەزرانـدنا دەرچووێن ئێکەم و دووەم و سێیەمێن زانکۆ و پەیمانگەهـان کـو ئەڤە ماوێـت چەنـدەها سـاڵانە نەهاتنە دامەزراندن، ژمارا وان پتر ژ پێنج هەزار دەرچوویانە و چـاڤەڕێی دامەزرانـدنێنە و حەتـا

نوكه نەهاتنه دامەزراندن، لەوما ژ تيما حكومەتێ دخازين و ل جەنابێ وەزيرى دارايى بەرسڤەكا دەقيق و ئێكلاكەرەوە بۆ چارەنڤسێن سى ئێكەمێن زانكۆ و پەيمانگەهان بدەنە مە و بۆ رەئيا گشتى روون و ئاشكرا بكەن، يا دووێ: سەبارەت ب مامۆستايێن وانە بێژ كو ژمارا وان پتر ژ هەژدە هەزار مامۆستانە كا بۆچى ناكەنە گرێبەست، سەرەڕاى هەندێ ئەگەر بەس ژمارا وان مامۆستايان رێك بخن و هەر رێڤەبەريەك ل هەرێمێ و بەهەر چوار پارێزگەهڤە وان ناڤێن وەهمى و ئەو ناڤێن بەرزە ژ ناڤ ناڤێن مامۆستايێن زەحمەتكێش و ماندوو دەربينن و بە دروستى رێك بێخن دێ حكومەت دشيت وان مامۆستايان ب ساناهى كەتە گرێبەست، وە گەلەك ژ وى پارێ ب هەدەر دچيت و گەندەلى پێتە دهێتە كرن بۆ حكومەتێ ڤە گەڕينيتەڤە و ئەو مامۆستايێن ب دروستى كارێ خۆ دكەن دگەهنە مافى خۆ، هەروەسا ژ وى بارودۆخێ سەختێ نوكە ژيانا وان تێدا دەرباز دبيت خلاس بن، چونكى هەندەك ژ وان رێكەكا گەلەكا دوير دەبڕن حەتا دگەهنە جهێ كارێ خۆ، ل سەر هەندێ را ئەڤە ناڤێ شەش مانگە پارێ ڤان وانە بێژان نەهاتيە سەرفكرن، ئەرێ كيش هەوە جهێ ڤان مامۆستايێن وانە بێژ با دا بێ مووچە نەشێت كارێ خۆ كەتن و دا پێ رازيبيتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجى سفين فەرموو.

**بەڕێز سفين اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنى تيمى حكومەت دەكەين بۆ پەرلەمان، وێڕاى تێبينى و پێشنيارەكانى هەڤالانم جارێ پشتگيرى لە هەموو ئەو خوشك و برايانە دەكەم كە باسى لێبڕينى مووچەى فەرمانبەرانى كوردستانيان كرد و باسى دەمەزراندنى سێ يەكەمەكانيان كرد، باسى فەرمانبەرە گرێبەستەكانيان كرد، ئوميدەوارم ئەم شاندە بەڕێزە وەڵاميان لابێت و بڕيارى كۆتاييهاتنى لێبڕينى مووچەى هاووڵاتيان و دامەزراندنى سێ يەكەمەكان و فەرمانبەرە گرێبەستەكانيان لابێت، هەدەفى هەموومان كە لەم دانيشتنە لە بەيانيەوە خەمخۆرى ميللەتين و خەمخۆرى ئەو هاووڵاتيانەين، لەم دانيشتنەش هەموومان يەك هەدەفمان هەيە ئەگەر بێتو پڕۆژەى چاكسازى بە تەواوى جێ بەجێ بكرێت و گەندەڵى لە مەلەفى نەوت و غاز و خاڵە سنووريەكان بكرێت و داهات زياد بكرێت كێشەى مووچە چارەسەر دەبێت، ژيان و گوزەرانى هاووڵاتيان باش بكرێت، پێداچوونەوە بە باج و نرخى كارەبا و ئاو و سووتەمەنى بكرێت و بێ نيزامى بەنزينخانەكان چارەسەر بكرێت، دەبينى هەر بەنزينخانەيەك بە كەيفى خۆى سعرێكى داناوە، كواڵێتى بەنزينخانەكان زۆر خراپە، خەڵك زۆر زيانى پێگەيشتووە، سەيارە لەبەر كواڵێتى بەنزينەكە خەڵك سەيارەى سووتاوە و زيانى پێكەوتووە، دەمەوێت لەسەر كەرتى وەبەرهێنان و كشتوكاڵيش هەندێك قسەى بكەم هەرچەندە وەختەكەش درەنگە، تاوەكو ئێستا لە كەرتى وەبەرهێنان و نيشتەجيبوون كۆمپانياى شەخص سوودمەندبوونە، هيوادارم خەڵكى فەقير و كەم دەرامەت سوودمەندبن لە پڕۆژەكانى وەبەرهێنان، يەكێك لە گرفتە سەرەكيەكان كوژانەوەى زەوى كشتوكاڵيە بۆ مەرامى شەخص و بۆ چەند شەخصێك سوودمەندبووە، بە سەدان هەزار عائيلە بێ كاربووە و لە كار كەوتووە، ئەگەر بێى سەيرى بكەين بە سەدان هەزار

دۆنم زەوی کشتوکاڵی سرف یەعنی بەرەوبوومی سرف هەمووی پرۆژەی کشتوکاڵی لەسەربووە، هەمووی بیری ئیرتوازی لەسەربووە، مەشروعی دەواجنی لەسەربووە و کوژایتەوە و دراوەتە شەخص و بۆ وەبەرهێنان بەکارهاتووە، هەروەها با بە تەنها پشت بە کەرتی نەوت نەبەستین، بۆیە پێشنیار دەکەم پەرە بدرێت بە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان، ئایا دەزانن ئێمە لەبەر هەڕەشەکی گەورەی ئاو داین، یەعنی بیر لەوەکراوتەوە چیتر ئەو رووبار و سەرچاوە ئاویانە لە هەرێمی کوردستان بە فیڕۆ بڕوات و دەست بکرێت بە دروستکردنی بەنداو و بە گڵدانەوەی ئاو، پلانی حکومەت چیە بۆ بەرنگاربوونەوەی وشکە ساڵی و دەعمی جوتیاران و بەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵ بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وەختێ وە ناڤ نڤیسین ئەز دبێژم ناڤێ سی و پێنج یان چل و هەشتێ بوو رێکوردێت هەین، ڤیدیوییێت هەین ئەز دبێژم بچن سەح کەنێ، ئەو وەختێ وە گوتی ئەو ناڤا مە حازر ژی من نڤیساندن، ناڤێت مەحازر ژی و حەمی خاندن، بەس ل ڤێری بووین و ناڤێ مە خاند ژی، وە پشتی وە خاندن تەئکید لێکر من هەژمار یان سی و پێنجی بوو یان چل و هەشتێ بوو....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای لێبووردنت لێدەکەم، عیلاقەی بەوە هەیە ناوەکان بە تێکەڵی نووسرابوو، کە کردمانە بە زۆن تۆمان لە بیرچووبوو لەگەڵ کاك حاجی سفین، بمانبوورە، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە چەند جەلسەیە هۆسایە دکتۆرەی بەڕێز، ئەز عێدز نابم، ئەزێ پرسیارا خۆ دکەم، هەر ل جەلسەی دی ئەوجا عەمدی بیت یان نەش عەمدی بیت تۆ سبەی بۆ من بێژی ئەڤ تەعامولە گەل من دێتە کرنێ و ئەزێ دەرباز دکەم، ئەزێ هەر پرسیارا خۆ دکەم، جەنابێ تە ئاماژە ب هەندێ کر ل ماددەی (٥٤) حەق هەیە دەستەی سەرۆکایەتی تایبەتمەندیێ بدەتە هەر دانیشتنەکێ، بۆچی ل بڕگەی چوار ئەوە بەحس لێ نەکر کو هین تایبەتمەندیێ بدەنێ، بۆچی ئەڤ وەختە حەمی ببیت نوکە کی هشیار مایە، کێ ئەو تاقەتە مایە و ئەو تەحەمولە مایە نوکە نە گویێ خۆ بدەتە من و نە خەڵکەك مایە گویێ خۆ بدەتێ، نە هەڤاڵ مایە و نە ئەڤێت ناڤێ خۆ نە نڤیسین و نە ئەڤ مانە ل ڤێرێ، وە حەمی ژی دشێن بچن سەح کەنێ و رەسمیش گرتی هەین، تێبینیەکا دی ل سەر ڤێ ناڤ نیشانێ دویر و درێژ داین ل ڤی بابەتی، چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورتهێنان ئاخری کورتهێنانا مووچەی گفتوگۆی ل سەر بکەی لازمە پێشنیارا بدەن، کێ پیشنیار دانە، ئاخر ل ڤێرێ هەمی مەبەست ژی هۆکاران دیارکەن، هۆکار چ بینە ل ڤێرێ، باشترە بکەینە لێبڕینا مووچە و هۆکارێت وی، هۆکارێت وی چنە؟ حەمی دزانن نەهاتنا بودجەی ل عێراقێ ڤە و جێ بەجێ نەکرنا یاسایا بودجەی عێراقێ، ئەو کەم کورییێت خاڵێ سنووری هەین، هەروەسا داهاتێ نەفتێ و نا رێك و پێکیا داهاتێن ناڤ خۆ یان ژی جێ بەجێ نەکرنا

یاسایا چاکسازیێ بی، بۆ نموونە خالێت سنووری، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی، ئەز ڤێ پرسیارێ ئاڕاستەی وەزیری دارایی بیتن یان ژی رێڤەبەرێ گۆمرگا بیتن، مەسەلەن گومرگێت مە ئێك ژ عەجایبێت دنیایێ وەك ئەنداما لیژنەیا تەندورستی و ژینگە و مافی بەکاربەر ئەزێ بەحس دکەم، ئاخری گازندێت خەلکینە خەلکەکی ڤان پرسیارا دکەتن، بۆچی مریشك هەندە وێ ریکێ ببڕیتن مریشکا تورکا بچیتن ل ئیرانێ ڤە را بێتن دەرباز ببتن، ئەز حەزکەم ڤێ پرسیارێ جواب دەن، چونکی پشتی بیست و چوار سالێت خاندنا من و ب راستی دنیا دیتنا من هەندی مە دیتی مە ئێك سنوورێت هەی ل گەل تورکا ئەو ژی وازحە، بەڕێز وەزیری دارایی، پار وەکی ئەڤرۆکە واللە ئەڤە سێزدە سەعاتە بووری چوو بووە (٢٩)، (٦/٢٨) بڕیارەکا جەنابێ وە نازانم راپۆرتا چاکسازییێدا هەبی ئاخری کاك عبدالحکیم ژی دزانیت ل سەر دەرمالێت مەترسیێ بی کو وان دەرمالێت مەترسی پێویستی ب پێداچوونەوە هەیە، دەست خۆش، ئەوێت نا شایستە ئەگەر هاتوو هاتن لێبڕین و هەندەك کەسێن شایستەی وان دەرمالانە و مەترسی ل سەر حەیاتا وان هەیە، بۆ نموونە پەرستارن، پەرستار چێ دبیت گەلەك جارا بەس رۆژا جیهانیا پەرستاران ل بیرا مە بن، ل ڤێ دووماهیکێ ژی کۆرۆنا بیرا مە هێنان و ئاماژە ب راپۆرتا خۆ دا بەحس کر بوو ئاماژە پێکربوو ب دەیان کەسان ئەوێت شایستەی ب فعلی مەترسی ل سەر وان کەسان بیتن، ئەم حەز دکەین پەرستارا ل ڤێرێ ژ بیر نەکەین، پرسیارەکا دی بۆ وەزیری دارایی بیت یان بۆ دیوانا حکومەتێ ڤە بیتن، زۆرترین داهاتێ فعلی ئەم دزانین نەفت و غەیر نەفتی ئەم حەز دکەین بۆ مە دیار بکەن ل کیڤە دێتن، زۆرترین داهات و زیاترین خەرجی بۆچی دچیتن؟ نا عەدالەتیا هەی ئەم حەز دکەین هۆکارا بۆ مە بێژن، وان هۆکاران بۆچی نا عەدالەتی هەیە؟ بۆچی زێدەتر داهاتێت ژ جهەکێ دێتن و بۆچی خەرجی زێدەتر بۆ جهەکێ دی دچیتن؟ کاك هێڤیدار بەحس کر، پرسیارەکا دی ئەم حەمی دزانین ئەڤ دوو سەد ملیارەی دێت ژ بودجەی عێراقی شایستەیەت هەرێمێ ئەگەر هاتوو ئەو دوو سەد ملیارە هاتن چ گەرەنتیەك هەیە ئەڤ لێبڕینا مووچەی نەمینیت، ئەم حەز دکەین ل ڤێرێ بۆ خەلکێ مە دیار بکەن هۆکار چنە؟ بۆچی ئەگەر جارا مەهێ گوێ لێبوو حەتا ئەو دوو سەد ملیارەش بێن لێبڕینا مووچەی دێ هەر دمینیت، ئەم حەز دکەین ل ڤێرێ وەزیرا دارایی بێتن یان هەر بەڕێزێك بۆ مە دیار بکەتن تیما حکومەتێ کو ئەڤ لێبڕینە بۆچی دێ بەردەوام بیت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان، قسەکردنی ئەندامانی پەرلەمان تەواوبوو (٩٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان قسەیکرد، کاك حکمت قسە بکە فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە تشتەکی وە نەمایە ئەز بێژم، چونکە ئاخر کە ئەزم، بەخێرهاتنا شاندێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دکەین، هەمی قسە هاتنە کرن، بەس ب راستی من ژی دڤیا وەکی رۆژان خانی بێژم، یەعنی ئەڤە چەندین جارە یان دەبینە دوماهیکی یان هەر ناڤێ مە ناهێتە خواندن، بتنێ من دڤێت ئێك پرسیارا مای ئەز ل شاندێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دکەم ئەو ژی ل سەر پارێزگەها دهۆکێیە، رێژەیا دانیشتییێت دهۆکێ (٢٦%)ە ل هەمان کاتدا (٢٠%)

خزمەتگوزاری بۆ دهـۆکێ دێـنە ئەنجامـدان، دیسـان (٢٦%)ی وان دانشـتیێت دهـۆکێ (١٥%) ژێ فەرمانبەرن یەعنی ل گۆرەی سـەرجەم هەرێمـا کوردسـتانێ، وە ئەگەر رەخەکـی دیـڤە بەرێ خـۆ بـدەینێ داهـاتێ هەرێمـا کوردسـتانێ (٤٠%) ژێ پارێزگەهـا دهـۆکێ دێـت، کەمتـرین بێکـاری ل پارێزگەها دهۆکێ یا هەی، ژبەر هەندێ داخـازێ ل حکومەتـا هەرێمـا کوردسـتانێ دکەیـن جارەکـا دی بەرێ خۆ بدەنە پارێزگەها دهۆکی و عیلاجەکـێ بـۆ کێم کاریـا وانـا ببیـنن و خزمەگـوزاریەت وانا ژێ زێدەتر لێبکەن، هەروەسـا ل دەمـێ دامەزرانـدن دێـتن یەعنـی ئەو قەرەبـووە بـۆ خەڵکـێ پارێزگەهـا دهـۆکێ بێتەکـرن کـو رێـژەی (٢٦%)ە کە (١٥%)یە کـو ئەو قەرەبـووە بێتەکـرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، دەسـتان خۆشـبێت، سـوپاس بـۆ پشـوو درێژیتـان، بەڕێـزان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خـاڵێکی پەیـڕەوی وەردەگـرین، سـەرچنار فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قسـەی خۆیـانکرد و هەمووشـیان جەختیـان لەسـەر ئەوەکردەوە کە بابەتی لێبڕینی مووچە بخرێتە دەنگدان و کۆتایی پێ بێت، بەپێی ماددەی (٨) لە برگەی شەشـەم داوا لە بەڕێزتـان دەکەیـن ئەم بـابەتە لە پـێش ئەوەی تیمـی حکـومەت قسـەی خۆیـان بـکەن بـا بخرێتە دەنگدان و یەکلایی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمـــوون ئەو بەڕێـــزانەی کە هـــاتوون بـــا قســـەی خۆیـــان بـــکەن، (٩٦) ئەنـــدامی پەرلەمـــان قسەیکردووە، ئەو بەڕیزان بەس نەهاتوون بەس گوێ بگرن، هاتوون گوێ بگرن و قسـەش بـکەن، کاك دکتۆر شێرکۆ بەڕێزت خۆت لە سەرەتای دانیشـتنەکە گوتـت بەڕێـزان لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان تێبینـی نانووسـن دیـارە بە تەمـا نـین وەڵامـمان بـدەنەوە، کەواتە تـۆ بەڕێـزت خـۆت حـــازرکردووە ئەوان وەڵامـــمان بـــدەنەوە، بەڕێـــزان ئەنـــدامانی پەرلەمـــان، ئەو بەڕێـــزانەی کە لە ئەنجـوومەنی وەزیـران هـاتوون وەزیـرە بەڕێزەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و شـاندی یاوەریان نزیکەی سیانزە سەعاتە گوێ لە ئەندامانی پەرلەمان دەگرن، وە ئێستا دەیان پرسـیارتان لێکردوون، ئایا لەم دانیشتنە ئێوە پرسیارتان لێکـردوون لەبـارەی ئەوەی ئایـا دەتـوانن وانە بێـژان دابمەزرێـنن؟ پرسـیارتان لێکـردوون ئایـا دەتـوانن گرێبەسـت بـکەن بە هەمیشـەیی؟ پرسـیارتان لێکردوون ئایا دەتوانن دەستکاری خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بکەن، بەڕێزان، ئەوانە هەموو بابەتی گرنگن بە تەنها ئێمە بۆ مووچە دانەنیشتووین، چین و توێژەکانی تریش گـرنگن کە ئێستا مووچەیان نیە، لەبەر ئەوە دەرفەت دەدەین بە هەموو ئەو وەزیرانەی لێـرە دانیشـتوون بـۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن و وەڵامی پرسیارەکانی ئەنـدامانی پەرلەمـان بـدەنەوە، ئـێمە ناکرێـت خەڵك بێنین بەس گوێمان لێبگرن، خەڵك دێنین وەڵامیشمان بـداتەوە، بەڵـێ، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمان، بەڕێزان لە تیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆتان تەسەلسولەکە تەحدیـد بـکەن و وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بدەنەوە، بەڕێز کاك ئاوات وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب نوری/ وەزیری دارایی وئابووری:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشـك و برایـانی ئەنـدامی پەرلەمـان، تكـام وایە وەكـو ئـێمە بە پشـوویەكی درێـژەوە گوێمـان لێگرتن ئێوەش تۆزێـك تەحەمولتـان هەبێـت، تكاشـم وایە ئەو قسـانەی كە ئـێمە دەیكەیـن و ئەو ئەرقامانەی كە من پێتان دەڵێم ببێت بە مایەی ئەوەی هەندێك مەعلومات ئەگەر خوا نەخواسـتە غەڵەت بوو لەلاتان راستی بكەنەوە بۆ ئەوەی بە نەتیجە ئێمە هەردوولامان تەواوكەری یەكتـرین، ئەم موشـكیلەی كە كوردسـتانی پێـدا تێپەڕیـووە و هەرێمـی پێـدا تێپەڕیـووە بە تـاقی تەنیـا مەسئولیەتی حكومەت نـیە دەربـازبوون لێـی، ئەم حكـومەتەی ئـێمە خۆتـان متمانەتـان داوەتـێ، كابینەی نۆیەمە هاتووە بۆ چاكسازی بـۆیەش هـاتووە بـۆ چاكسـازی لەبەر ئەوەی گەنـدەڵی هەیە، بـۆیە بەرنامەكەشـی لەم پەرلەمـانە مـوحتەرەمە تەصـدیقكراوە لەبەر ئەوەی شـتێك هەیە نـاوی گەندەڵیە، ئەم حكومەتی سێ لایەنە هەیە یان ئەم حكومەتی سیستەمە سیاسیەی هەردوولامـان بە حكـومەت و پەرلەمـان حكـومەتێكە هەرێمـێكە دەبێـت بە هەوڵـی هەمووومـان و بە هەوڵـی پارێزگاری و پارستنی بكەین، من سەرەتا بە قسەی عام دەست پـێ دەكەم، مـن كەسـێكم لەوانەی كە ماوەیەكی دوور و درێژ پێشمەرگایەتیم كردووە، برینداربووم، سـجن بـووم، چـی بـووم و چـی نەبووم قەصدم لە پێ فرۆشتنەوە نیە، قەصدم لەوەیە من تەجروبەیەكم هەیە لە ژیـانی خۆمـدا، ئەو تەجروبەیەی كە هەمە لەم دوو ساڵی كۆتایی حكومەتدا ئەوەی من چوومەتە بەغـدا نـزیكەی سی جار چووینەتە بەغدا راسـتیەك بـۆ مـن دەركەوت حەز دەكەم بە دڵسـۆزی و بە راسـت گـۆیی بۆتـانی بـاس بـكەم، ئەویـش ئەوەیە كە كـورد مەترسـیەكی گەورەی لەسـەرە لە دوو لایەنەوە، كەوتۆتە بەینی دوو بەرداشەوە، یەكێكیـان لە بەغـداوەیە بەداخەوە زۆربەمـان ئەم فقرەیـان بیـر چـۆتەوە، ئەوەی تریـانیش لە نـاو خۆمـانەوەیە كە ئەویـش گەنـدەڵیە، لەگەڵیشـیدا نەبـوونی یەك ریزی گەلی كوردە، مەخـرەجیش فەقەت چاكسـازیە، یەعنـی غەیـری چاكسـازی نـیە، یەعنـی بـۆ ئەوەی جەنابتان بیزانن بە غەیری چاكسازی یەك شـتێكی تـر بە دەردی بـێ دەوای كـورد نـاخوات هەر چاكسـازیە و چاكسـازیە، مـن هەنـدێك زانیاریتـان دەدەمـێ بەرپرسـم لەسـەر هەمـووی، لە هەموو رەقەمەكانی بەرپرسـیارم، هەر یەكێكیش لە ئێـوەی خۆشەویسـت هاتبێـت بـۆ وەزارەتـی دارایـی مـن هەمـوو ئەو شـتانەی دەخەمە بەردەسـت، ئەوەی ئەم پێشـكەیەی دەیـكەم لە زمنـی وەڵامی كاك عمر دەدەمەوە لەسەر میزانی موراجەعە و ئەوانە بـۆ ئەوەیە كە دەسـتمكرد چـوومە نـاو مەوزوعەكەوە نەگەڕێـمەوە بـۆ شـتی جزئیـات، لە سـایەی ئەو تەزەخـومە زۆرەی كە لە نـاو حكـومەتی هەرێمـدا دروسـت بـووە و ژمـارەی مـوەزەفین گەیشـتۆتە رەقەمێكـی خەیـاڵی و كەفائەتی ئیداریش كەمبۆتەوە، بۆ زانیاری كاك عمـر ئـێمە بـۆ میزانـی مـوراجەعە كە جەنـابی لای قورس بووە كە گوتوومـانە هـی مـانگی سـێمان پـێ نەگەیشـتووە لەم دوایـیە بـۆ رەقـابەی مـالی عێراق خەریك بوو ئـێمە تووشـی ئیحراجێكـی گەورەبـین، چـونكە لە مـانگی یەك و دوو و سـێ و

چوار و پێنج دەبووایە حـازربووایە، حـازر نەبـوو ناچـاربووین لە وەزارەتـی دارایـی بڕیارێکمانـدا هەر وەزارەتێك، هەر دائیرەیەك میزانی موراجەعەکەی نەنێرێت نەسریەکەی رادەگـرین و فعلەن رامـانگرت لە ژێـر زەختـی نەسـریە میزانـی مـوراجەعەی مـانگی یەك و دوو و سـێ و چـوار و پێنجیشمان بۆ هاتووە بـۆ زانیـاری جەنابـت، ئەم حکـومەتی ئـێمە کە لە سـاڵی (١٩٩٢) دەسـتی بە دروسـتبوونکردووە تـاوەکو ئەمـڕۆ هەر لێـرە لەم پەرلەمـانە خۆشەویسـتە باسـمانکرد، لە سـاڵی (١٩٩٢) سەد و چل هەزار مووچەخۆری هەبووە، پارەی مووچەی پێویست لە ساڵی (١٩٩٤) بـۆ ئەم سێ پارێزگایە هەشتا و شەش ملیۆن دیناری سویسری بووە بـۆ ئاگاداریتـان، ئەم هەشـتا و چـوار ملیـۆن دینـارە سویسـریە لە سـاڵی (٢٠١٤)دا بـۆتە حەوت ترلیـۆن و کەسـرێك، لە سـاڵی (٢٠١٣) و (٢٠١٤)ەوە بۆ (٢٠١٩) بووە بە دە و هەشت سەد، یەعنـی لە سـاڵی (٢٠١٤) بـۆ (٢٠١٩) سـی ترلیـۆن و رەقەمێکی کەی زیادکردووە، ژمارەی مووچەخۆری ئـێمە لە سـەد و چـلەکە هـاتۆتە ملیۆنێـك دوو سەد و پەنجا بەرەو ژوور، لە ساڵی (٢٠١٣)دا بودجەی خەملێنراو کە تەصـدیقکراوە لەم پەرلەمـانە بەڕێزە شانزە ترلیۆن و نۆ سەد و چـل و دوو ملیـار دینـار بـووە، لە (٦٨%)ی نەفەقـاتی تەشـغیلی بـووە کە تەعـویزاتی مـوەزەفینە، لە (٣٢%)ی بـۆ بـودجە بـووە، سـەربارەی ئەوەی ئـێمە شـانزە ترلیـۆن لە سـاڵی (٢٠١٣) تەصـدیقکراوە سـەرووی ئەو رەقەمە هێشـتا دوو ترلیـۆن و حەوت سـەد ملیار دینار سەرفکراوە بۆ زانیاریتان، من دەمەوێت نزیکتان بـکەمەوە لەوەی کە ئەم حکـومەتەی ئێمە کە هاتووە هـاتۆ سـەر چـی، ئـێمە کە هـاتووین ژمـارەی مووچەخۆرەکـانی ئەم حکـومەتەی ئـێمە فەرمـانبەرانی شارسـتانی و سـەربازی حەوت سـەد و پەنجـا و یەك هەزارمـان هەبـووە، خانەنشـینیمان دوو سـەد و چـل و دوو هەزار هەبـووە، وارسـی شـەهیدان و زینـدانیانی سیاسـی نۆەت و هەشـت هەزار و نـۆ سـەد و سـی و حەوتمـان هەبـووە، چـاودێری کـۆمەڵایەتی و خـاوەن پێداویستی تایبەت سـەد و پەنجـا و نـۆ هەزار و سـەد و شەسـت و نۆمـان هەبـووە، کـۆی گشـتی ملیۆنێك و دوو سەد و پەنجا و یەك هەزار و چوار سەد و پەنجا و یەکمان هەبووە، بۆ زانیاریتـان رەقەمێکی گەورەی چاودێری کۆمەڵایەتیمان هەیە وا بزانم نۆەت و چـوارە، رەقەمێکـی گەورەیە ئەوەشی لەبەر ئەوەی مووچەکانیان سەرف ناکرێت ئەویشـی لەسـەر نـیە، حەز دەکەم بـۆ ئەوەی لەسورەتەکەیدابن کە لەسەر داهات زیـادکردن و کەمکـردن ئەو جەدائیلانەتـان بـۆ بـاس بـکەم کە ئێمە لە ساڵی (٢٠١٩) بۆتان باس دەکەم، لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠١٩) بۆتـان بـاس دەکەم مانـگ بە مانگ، ئینجا داهاتمان چی بووە لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە، چونکە یەکێك لەو بـرادەرانە پێشـنیارێکیکرد پێشنیارێکی مەعقول بوو بۆ ئەوەی لە سورەتەکەیدا لە ساڵی (٢٠٢٠) ئێمە چـۆن بـووین، ئینجـا لە سـاڵی (٢٠٢١) چـۆنین، مـانگی یەك و دوو و سـێ بـۆ ئەوەی کارەکەتـان بـۆ سـەریع بـکەم ئـێمە لە نەوتەوە سێ سەد و پێنج ملیارمان بۆ هاتووە، لە حکومەتی ناوەنـدەوە چـوار سـەد و سـێمان بـۆ هاتووە، دوو سەد و پەنجا و دوو ملیارمان لە داهاتی نـاوخۆ بـۆ هـاتووە، ئەوە لەو رەقەمە سـی و حەوتی چەك بووە، بە نەتیجە ترلیۆنێـك و سـی و چـوار ملیۆنمـان هەبـووە بـۆ ئەوە توانیوومـانە

ئێمە لەو سێ مانگەدا سەدا سەدی مووچە بدەین، رەنگە خۆشتان بیرتان بێتەوە کە ئێمە هاتینە حکومەت تا مانگی چوار تا پەتای کۆرۆنا هات ئێمە هەندێك مەشاریعیشمان خستە کار و جولە و حەرەکەتی ئاوەدانکردنەوە و ئیستیسماراتیش دەستی پێکردەوە، لە مانگی چوار پەتای کۆرۆنا هات، لە مانگی چوار داهاتی سامانە سرووشتیەکانی ئێمە بوو بە سفر، ئەوەی حکومەتی عێراقی بوو بە سفر، داهاتی ناوخۆمان هاتە سەر نۆەت و چوار ملیار دینار، لەو نۆەت و چوار ملیارە چواردەی چەك بوو، ئەوەی کە بە تەواوەتی هاتۆتە گەنجینە لەبەر دەستی ئێمەدا بێت هەشتا ملیار دینار بووە، مع العلم ئێمە خۆمان پێویستمان بە رەقەمێکی زۆر لەوە گەورەتر هەبووە، یەعنی کۆی داهاتەکانی مانگی چواری ئیمە هەشتا ملیار دینار بووە، وەرە خوارەوە بۆ مانگی پێنج پارەی دوو مانگی نەوت کۆکراوەتەوە کراوەتە شەش سەد و حەڤدە ملیار دینار لە تەمویلی حکومەتیش ئەو مانگە سەد و حەفتا و حەفتمان بۆ هاتووە، ئینجا داهاتی ناوخۆمان بەرزبۆتەوە بۆ سەد و نۆەت و پێنج، بیست و نۆی چەك بووە، سەد و شەست و شەشی ماوەتەوە بە نەتیجە نۆ سەد و هەشتا و یەکمان هەبووە ئەو مانگەش بۆ مووچەمان بەکارهێناوە، وەرە خوارەوە سەبر سەبر داهاتی نەوتی ئێمە ئینجا بۆ مانگی شەش بووە بە سێ سەد و هەشتا و سێ ملیار دینار، ئینجا دیسان بۆتەوە بە سفر، چونکە دوو مانگ دوو مانگ بووە، ئینجا لە مانگی هەشتدا بووە بە دوو سەد و حەفتا و دوو، لە عێراقەوە سێ سەد و بیستمان بۆ هاتووە، لە مانگی دە بووە بە دوو سەد نۆەت و دوو، لە عێراقەوە سێ سەد و بیستمان بۆ هاتووە، لە مانگی یانزە و دوانزە لە عێراقەوە هیچمان بۆ نەهاتووە، فەقەت لە نەوت پێنج سەد و چل و حەوتمان بۆ هاتووە ئەمە کۆی داهاتەکانی حکومەتی هەرێم بووە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، خەرجیەکانی حکومەت چەند بووە، لە مانگی یەك نۆ سەد و حەفتا چوار ملیار خەرجی ئێمە بووە، لە مانگی دوو ترلیۆنێك و چل و شەش خەرجی ئێمە بووە، لە مانگی سێ نۆ سەد و نۆەت و شەش ملیار خەرجی ئێمە بووە، لە مانگی چوار مووچە دابەش نەکراوە ئەوە بۆم باسکردن بووە بە سفر، لە مانگی پێنج مووچەی مانگی یەکی ساڵی (٢٠٢٠) خەرجکراوە نۆ سەد و هەشتا و یەك ملیار خەرجی ئێمە بووە، دێیتە خوارەوە بەم وەتیرەیە مانگی شەش مووچە دابەش نەکراوە، مانگی حەوت حەوت سەد و بیست و شەش ملیار دینارمان هەبووە، هەشت سەد و دە ملیار دینار کۆی خەرجیەکانمان بووە، مەجموعی خەرجیەکانمان تا کۆتایی ساڵ گەیشتۆتە نۆ سەد و حەفتا و حەفت ملیار کە قەصدم لە مانگی دوانزەیە، ئینجا دێینە سەر ساڵی (٢٠٢١)، ئەی چۆن ئەو رەقەمانەیە کە بۆم خوێندنەوە، دەتوانم هەمووی بە دوایی بە ئەرقام پێتان بڵێم، چونکە پێموانیە ئەوەندە زوو بێت فریای کەوم هەموو وردەکاریەکان، وەکو عەرزمکردن لەسەر ئەو رەقەمانە وەزارەتی دارایی مەسئولە بەرامبەر بە هەموو رەقەمێك لەو رەقەمانەی کە من بۆم باسکردن، لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠٢١) داهاتی سامانە سرووشتییەکانی ئێمە سێ سەد و بیست و دوو ملیارو کەسرێکە، حکومەتی ناوەندمان نییە لە ناوخۆ دووسە و سی و دوو ملیارمان بۆ

هـاتووه سـی و چـواری بەچەك بـووە بەنەقـدی سـەد و نەوەدو حەوتیمـان بـۆ هـاتووە لە داهـاتی ناوخۆ، کۆی پارەی دەستی ئێمە لە کۆی داهاتەکـان پێـنج سـەد و چـل و چـوار ملیـار دینـار بـووە، مانگی (٢) لە نەوت سێ سەد و بیست و پێنجمان بۆ هاتووە داهاتی ناوخۆ بە کونییەی سێ سـەد و شەش بووە، چل و پێنج ملیاری چەك بووە کۆی داهـاتی ئـێمە گەشـتۆتە پێـنج سـەد و هەشـتاو شەش ملیار، مانگی (٣) داهاتی نەوت بەرز بۆتەوە بۆ سێ سەد و نەوەد و شەش، شـەش سـەد و بیست و یەك ناوخۆمان بـووە بە سـێ سـەد و دە، چـل و شەشـی چەك بـووە مەجمـووعی شـەش سەد و شەش ملیـار داهـاتی ئـێمە بـووە، مـانگی (٤) چـوار سـەد و سـی و حەوت ملیـار دینارمـان هەیە ئی نەوت، سێ سەد و پەنجاو حەوتی ناوخۆمان هەیە و پەنجـاو سێی چەکە، سـێ سـەد و سی تەواوە، حەوت سەد و چل و یەك ملیارمان هەبووە، مانگی (٥) کە ئاخیرەکەیەتی چوار سـەد و نەود و چار ملیار داهاتی نەوتە کە بەرز بۆتەوە، داهاتی ناوخۆ بووە بە سـێ سـەد و یەك، چـل و پێنجی چەك بووە، حەوت سەد و پەنجاو یەك ملیار داهـاتی ئـێمە بـووە، کە دێیـتە خەرجیەکـانی حکومەتی هەرێـم بە نەقسـی ٢١، مـانگی (٤،٣،٢،١) ئـێمە لەمـانگی (١) کـۆی خەرجیەکانمـان چـۆتە حەوت سەد و هەشتا ملیار دینار، لەمانگی(٢) کۆی خەرجیەکانمان چۆتە حەوت سـەد و هەشـتاو پێنج ملیار، لەمانگی (٣) کۆی خەرجیەکانمان چۆتە هەشت سەد و چل و یەك ملیار، لەمـانگی (٤) کۆی خەرجیەکانمان چۆتە هەشت سەد و شەش ملیار، لەمانگی (٥) کـۆی خەرجییەکانمـان چـۆتە هەشت سەد و دوانزە ملیار، ئەگەرێـمەوە بـۆ تـۆزێ دواتـر لێـرە ئەبـێ جـوابی ئەوەشـتان دەمەوە لەسـەر مەوزووعـی سـلێمانی و تەنـوینی سـلێمانی قسەیەکیشـتان لەسـەر ئەوە بـۆ بـکەم، بـۆ مـووچەی (٢٠٢١) پسـولەی دابینکـراو بـۆ مـووچە لە سـنووری پارێزگاکـان مـووچەی مـانگی (١)ی (٢٠٢١) لە هەولێرو دهـۆك دووسـەد و سـێنزە هـاتووە لە سـلێمانی سـەد و شەسـت و یەك هـاتووە، مەجموع ئەکاتە سێ سەد و حەفتـا و چـوار، لەمـانگی (٢) دووسـەد و سـێنزە لە دهـۆك و هەولێـر هاتووە لە سلێمانی سەد وشەست و یەك لە سلێمانی هاتووە مەجموع ئەکاتە سێ سەد و حەفتـاو چوار ئەو دوو مانگە وەکو یەك وابـوون، لەمـانگی (٣) سـەد و حەفتـاو شـەش لە هەولێـرو دهـۆك هاتووە لە سلێمانی سەد و سی و سێ هاتووە کە دەکاتە سێ سەد و دە ملیـار دینـار، لەمـانگی (٤) سـەد و پەنجـاو سـێ لە هەولێـرو دهـۆك لە سـلێمانی سـەد و شـانزە هـاتووە ئەکـاتە دوو سـەد و شەست و نۆ کۆی گشتی پێنج سەد و شەسـت و نـۆ ملیـار، مـووچەی مـانگی (٥)ی (٢٠٢١) سـەد و بیسـت و سـێ ملیـار و دوو سـەد و پەنجـا هـاتووە لە هەولێـرو دهـۆك لە سـلێمانی نەوەد و چـوار هاتووە، مەجموع دووسەد و حەڤدە ملیـار دینـار، ئـێمە کە توانیومـانە مـووچە بە کـاملی بەیـن لە پێنج مـانگی ئەخیـری (٢٠١٩) لەگەڵ سـێ مـانگی بیـدایەت ی(٢٠٢٠) هەمـوو مانگێـك چوارسـەد و پەنجـاو سـێ ملیارمـان لە عێـراقەوە بـۆ هـاتووە، لەم حاڵەتانەیـا کە عێـراق نایـنێرێـت کە ئەوە تەقریبەن (١٠) ساڵ تێ ئەپەڕێت ناینێرێت یانی هەموو مانگێك چوار سـەد و پەنجـاو سـێ ملیـار دینا بوو ئێمە لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم بۆ تەئمینی داهـات بـۆ تێپەڕانـدنی ئەو ئەزمەیە ئەم

سیاسـەتانەی گرتـۆتە بەر بـۆ ئەوەی لاتـان ئاشـکرابێت، یەکێکیـان قەراری یەکەمـی حکـومەتی هەرێم ئەوە بووە عیلاقەی خۆی لەگەڵ مەرکەز چابکات چونکە ئەو ئیمکانەتییەی نـاوخۆی ئـێمە هەمـانە بەو ئیمکـانەتییەی ئێسـتا حکـومەتی هەرێـم هەیەتـی بەوەزعـی نەوتـی هەرێـم هەیەتـی بەوەزعی داهاتی ناوخۆ هەیەتی چوارسەد و پەنجاو سێ ملیـار ناکـات، کەباسـی بەرزبـوونەوەی نرخی نەوت ئەکەین بەڵێ نرخی نەوت بەرز بۆتەوە لەوەو پێش لە بەرزترین حاڵەتا تا مـانگی (٣) لە حدودی دووسەد و نەود و پێنج ملیارە، لەو مراجعانەی کە ئـێمە لەگەڵ عێراقـا کردمـان ئەوەی کاك پێشەوا وتی خۆزگە ئەوەندە نەچوونایە، بەحەزی ئێمە بوایە کەسمان بۆ بەغـدا نەدەچـووین بپاڕێینەوە نەشچووین بپاڕێینەوە، ئەوەش بزانن ئێمە چووین بـۆ داکـۆکی کـردن و دیفـاع کـردن لەمـافی کـورد چـووین، چـووین داکۆکیمـان لەمـافێکی دەسـتووری گەلـی کوردسـتان کـردووە کە بەداخەوە ئەڵێم خەڵکێك هەیە لەناو عێراق چاوی بەهەرێم هەڵنـایەت تەبعەن خەڵکـی باشیشـی زۆر لێــیە دۆســتی کوردیشــی زۆر لێــیە ئەوەی کە وەعــدەی عیراقــی لاگــرنگە زۆرن، بەڵام هەندێکیش هەیە کەوا کەمنین دەتوانم بڵێم لە زمنـی نـاو عیـراق دایە کە حەزی بەمـانی هەرێـم نیــیە لەبەر ئەوە تکـایە تکـایە ئەوەتـان بیرنەچێـت کە ئـێمە کێشـەیەکمان هەیە لەگەڵ عیـراق حصارێك لە (١٩٩٢) خراوەتە سەر ئێمە تـا (٢٠٠٣) لەبەر وجـوودی هەرێـم و فیـدراڵی لە (٢٠٠٣) بـۆ فەترەیەك تەخفیـف بـۆتەوە لە (٢٠٠٤، ٢٠٠٥) وە دەسـتی پێکـردوەتەوە بە غەیـر مباشـر، ئەوەلجـار لەڕێگەی سیادیەوە لە حسەی کورد کەم کراوەتەوە تا بە قەرارێکی فەوقـی لە (١٧) کـراوە بە (١٢) لە (١٢)ش حصـارەکە بەو بەردەوامیە کە ئاگاتـان لە (١٣،١٤) بەرەو دوایە، لەبەر ئەوە تکـایە وەکـو کــوردو کوردســتانی ئەو فەقەرەیە لەبیــرمەکەن ئەوەی کە مــن ئەمەوێ بۆتــان باســکەم، ئەو خگواگانەی کە حکومەتی هەرێم کردوویەتی یەکەم شت مفاوەزات بوو لە مەوزوعی مفاوەزاتـدا وەکو سیاسەت وەکو عیلاقاتی هەرێم و ئیقلیم، ئیقلیم سـەرکەوتوو بـوو ئیتفـاقێکی مـوتەوازن لەگەڵ عیراقـا بیکـا کە تەفصـیلاتەکەی کـاك خالـد بۆتـان بـاس دەکـات، ئەوەی کە لەگەڵ عیـراق ئیتفاقمان لەگەڵ کردووە پێی ئەڵێین ئیتفاقێکی موتەوازن ئەگەر عێراق موتەزن بێت بە مـاددەی (١١) وەکو ماددەی(١١) خۆی بەپێی ئەو ئیتفاقەی ئێمە کردوومانە بەشێکی گرینگـی کێشـەی ئـێمە حەل ئەبێت لە ١٠٠٪ حەل بێت نەخێر لە١٠٠٪ حەل نابێت، چونکە ئەساسـەن لە عیـراق ئیعتـراف بە مووچە خۆری ئێمە ناکا ملیۆن و دووسەد و پەنجا هەزارمان هەیە ئەوەی کە عیراق ئیعترافـی پێ دەکات شەش سـەدو هەشـتاو دوو هەزارە، لەبەر ئەوە ئەرکـی حکـومەتی هەرێـمە لە حـدودی شەش سەد هەزار کەسیکە بەخێوکات بۆ ئەوەی جەنابتان بیزانن، لە زمنی هەوڵەکـانی حکـومەت یاسای چاکسازی، کە یاسای چاکسازیمان کردووە بەهەموومان بەیەکەوە کردوومانە کە دەستمان کردووە بە جێبەجێ کردنی تکایە ئێوە نوخبەی سیاسـی ئەم موشـتەمەعە هـیچ نەوعە قرارێکـی سیاسی بەبێ زەمان زەمینە ناکرێ، ئەو زەمـان و زەمیـنەی ئـێمە بەداخەوە لەگەڵ سـلام و علیـك تەصادفمان کرد لەگەڵ کرۆناو لەگەڵ قەگعی حصـەی هەرێـم لە بـودجەی عێـراق ئەمە بە نەزەری

ئیعتیبار وەرگرن ئەمە یوساوی نیە بە سفر یوساوی نییە بە هیچ ئەمە بارودۆخێکی سیاسی ئابووری تازەیە هاتووە ئەبێ جەنابتان هەمووتان بەنەزەری ئیعتیباری وەرگرن، مەسەلەیەکی گرینگی ئێمە لەگەڵیا چاکسازیمان کرد لەگەڵیا شتێکی تر کە بەڕێوەیە وە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە بێتە خزمەتتان قانوونی بوودجەی هەرێمی کوردستانە قانوونی بوودجەی هەرێمی کوردستان برادەرێك باسیکرد وتی دواکەوتووە لەمانگی (١١) ئێمە بەخەتواتەکان لە وەزارەتی دارایی دەستمان پێکردووە چی ئێمەی هێواش کردەوە، قەدەری کورد وا هاتووە ئەبێت حساب بکات، ئەگەر عێراق پارەی نارد بوودجەی تۆ چۆن ئەبێت ئەگەر نەینارد چۆن ئەبێت، لەبەر ئەوە بوودجەی ئێمە هەڵگری هەردوو خاسیەتەکەیە ئەو بوودجەیەی ئێمە کە ناردومانە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە هەنگاوێکی تری شەفافیەت و دژایەتی کردنی گەندەڵی و چاکسازی ئێمەیە قابیلی بوودجەیەکە کە دێتە پێشەوە، ئێمە بۆ چاکسازی چیمان کردووە تەبعەن ئەویش بیرتان نەچێت لە زەمان و زەمینەیەك دروست ئەبێت یەعنی تەتبیقی چاکسازی جارێ ئەگەر بە عەمەلیەکی حسابی لێکی کەیتەوە یەك و یەك ئەکاتە دوو ئەوە پێمواییە هەڵەیە ئێمە لە (١ی مانگی٧) قانوونی چاکسازی چووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە لە زروفی کرۆنایە چووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە حەفتەیەکی دەوام پێنج ڕۆژە لە (١ی مانگی٧) حیسابی کەین بەڕۆژ ڕەقەمێك دەرئەچێت عوتڵەی لێ دەرکەی چی لێ دەرکەی کەرەنتینەی لێ دەرکەی ڕەقەمێکی تر دەر ئەچێت، ئینجا بێین سەیری حەجمی موشکیلەکە بکەین حەجمی ئەو چاکسازیەی تۆ ئەتەوێ بیکەی، ئێمە ئەبێت موڕاجەعەی فایل بە فایل ملوێنێك و دووسەد و ئەوەندە هەزار مووچە خۆر بکەینەوە ئینجا ئەبێت موڕاجەعەی دەسەد و ئەوەندە هەزار خانەنشین بکەینەوە ئینجا سەدو ئەوەندە هەزار خانەنشینی پێشمەرگە بکەینەوە ئینجا پلە تایبەتەکان ئینجا میلاك بکەینەوە هەمووشی فایل فایلە فایلێك لە یەکیتر ناچێت هەمووشی کەیسێکی موجەڕەدە خۆیەتی ئەم کەیسەو ئەویتر لەیەك ناچێت لەسەر زیندانی سیاسی لەسەر خانەنشینی و پلە تایبەت و میلاکات و لەسەر ئەمانە عەمەلیەکی موحەقەدە لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە حکومەتێکمان هەیە کە بە میراتی بۆ ئێمە ماوەتەوە ئەم حکومەتە بە ئیعترافی هەموومان لە زۆر ئیدارەی حکومەت ڕازی نین، بەلاشمەوە گرینگە من باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە ئێمە باسی نەوتمان لەگەڵ دا ئەکەن سعری نەوت دابەزیوە سعری نەوت بە نسبەتی وەزارەتی دارایی برادەرێك وتی وەزارەتی دارایی بەس ئیشی ئەوەیە پارە بێت و کۆی کاتەوە، بەڵێ وەزارەتی دارایی بە تەعریفیە قانوونەکەی ئەڵێ ئەو ئینائەیە پارەی هەموو وەزارەت و وڵات کۆ ئەبێتەوە لە وێوە ئیعادەی تەوزیع ئەبێتەوە، لە نەوتەوە ئێمە لە ٤٢% ی داهاتی نەوتمان بۆ دێت لە ٥٨%ی بۆ ئێمە نایەت کە لە٥٨%ی بۆ نایەت ئەم عەقدی نەوتە بەدڵنیایی ئێمە نەمانکردووە بەدڵنیایی ئەم کابینەیەش نەیکردووە تێئەگەی لەبەر ئەوە تکایە بە دیقەتبن کە ڕەخنە لە ئێمە ئەگرن بەقەدەر ئەوەی * ولا تحملنا مالا طاقة لنا بە* ئێمە ئیلتزاماتی حکومەت ئەوەی کە لە(١٩٩٢) لە

حکومەتی هەرێم کوردستانە بە ئیلتزامات نەقڵ بووە، بەڵام مەسئوول نین بەرامبەر بەوانەی کە لە(١٩٩٢) هەتا ئێستا قەوماوە ئێمە مەسئوول نین، ئینجا لەم دوو ساڵەیا ئێستا بۆ نموونە ئەم مووچە زەبەلاحەی کە ئێستا بۆ بەغدا بووە بە ملی ئەم حکومەتی هەرێمە فەرزە لەسەری تەئمینی کات ئێمە لە کابینەی ڕۆشتوو وەرمانگرتووە کەسمان لەگەڵ خۆمان نەمانهێناوە ئەصڵەن ئێمە هاتووین ئەم کابینەیە جوزئێك بین لە چارەسەر ئێمە جوزئێك نین لە کێشە ئەبێتە هەموو ئەو بڕادەرانە بیزانن ئێمە جوزئێك نین لە دروست بوونی ئەم موشکیلەیە، ئەم موشکیلەیە هەبووە بە حەدەدی مووچە خۆری بە گرێبەستی بە وانەبێژی بە مامۆستا گرێبەستەکانی بە هەموو صەغیرەو کەبیرەی کە لەو هەرێمی کوردستانەدا بۆ ئێمە ماوەتەوە ئێمە بە ئیلتیزامات وەرمان گرتووە بە مەسئوولیەت من مەسئوولبم یان هەریەکێك لەم ستافەی ئێمە بێت لەبەر ئەوەی چی قەوماوە لەوەو پێش مەسئوول نین، بەڵام مولتەزەمین بەپێی ئەو نیساق و عسەقد و سوێندەی لەبەردەمی ئێوەیا خواردوومانە بەشێکبین لە چاکسازی ئێمە بەشێك نین لەو فەسادەی کە هەیە یانی جەنابتان بابیزانن، من دێمە سەر ئەوەی بەدڵنیایی زۆر هیلاکن دێمە سەرئەوەی کە بۆ نموونە ئێمە لە قانوونی چاکسازی چیمان کردووە ئەو ئیشانەی کە وەزارەتی دارایی کردوویەتی بۆیە ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی دانیشتین دانیشتنێکی زۆر بەسوودمان کرد زۆر موتەفەهمیش بووین هەردوولا کە خۆم وا تەوەقعەم دەکرد ئەوە کۆبوونەوەیە نەقڵ بوویێت، بەڵام دیارە نەقڵ نەبووە، لەبەر ئەوە من لە خزمەتی ئێوەیا ئەیڵێم ئەوەی پەیوەندە بە وەزارەتی داراییەوە ڕەبتی بە چاکسازیەوە هەیە وەزارەتی دارایی ئەگەر لە١٠٠% ی ئیشەکانی خۆی تەواو نەکردبێت لە٨٠%ی تەواو کردووە ئەوەی کە ئێمە لە وەزارەتی دارایی کردوومانە تەبعەن دوای لەسەر تەفسیلاتی قانوونی چاکسازی دکتۆر عبدالحکیم بۆتان باس ئەکات، بەڵام بۆ وەزارەتی دارایی من خۆم بۆتان باس دەکەم سەبارەت بە پێداچوونەوەی دۆسیەی فەرمانبەرانی وەزارەت لەم لیستەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە ژمارەی دۆسیە (١٤٤٣٧) دۆسیە تەدقیق کراوە پلەی زیاتر (٩٨٦) پلەی زیاتر تەحدید کراوە سەرمووچەی زیادە (١٥٤٨) سەرمووچەی زیادە تەحدید کراوە، پارەی گەڕاوە بۆ خەزێنەی حکومەت سەدو حەڤدە ملیۆن گەڕاوەتەوەو بۆ خەزێنەی حکومەت سەبارەت بە هەمووارکردنەوەی مووچەی خانەنیشان بە ناونیشانی شارەزا کە ژمارەیان (٤٩٤) خانەنشینە بڕی چوار سەدو دە ملیۆن دینار مانگانە گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، گواستنەوەی دۆسیەی خانەنشیانی دادوەران لە ئەنجوومەنی دادوەری بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین و هەمووارکردنەوەی مووچەی خانەنشینان لەگەڵ ئەندامانی داواکاری گشتی بەڕێژەی لە ٧٠% مووچەو دەرماڵەکانیان کە ژمارەیان (١١٣) خانەنشینە بەمەش مانگانە نەوەد و دوو ملیۆن دینار گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، هەموار کردنەوەی مووچەی خانەنشیان (٣٠٤) خانەنشین بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بە بڕی سەد و هەشتاو چوار ملیۆن دینارو دووسەد و نەوەد و دوو ئەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی

حکـومەت، هەروەهـا کـارکردن لەسـەر مـاددەی (٧) لە یاسـایی چاکسـازی بەردەوامە و داوای دۆسیەی خانەنشینی ئەو پـلە تـایبەت و پـلە باڵایـانە کـراوە کە یاسـای چاکسـازیی دەیـانگرێتەوە هەروەهـا جیـاکردنەوەی دۆسـیەی (٤٤٧) خانەنشـین کە بە پـلەی بەڕێـوەبەری گشـتی خانەنشـین کراون کە بەڵگەنامەی پێویست یان بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون.

د- هەموار کردنەوەی مووچەی خانەنشینی (١٧٦) خانەنشین بە پلەی ڕاوێژکار بڕی سـەد و سـی و حەوت ملیۆن دینار دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، هەروەهـا جیـاکردنەوەی (١٥٤) دۆسـیەی خانەنشینی پلەی ڕاوێژکار کە بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بەبڕیاری تایبەت خانەنشین کراون.

سێیەم/ سەبارەت بە خانەنشینانی پلەی وەزیرو بریکـاری وەزارەت ڕاوێژکـار بەڕێـوەبەری گشـتی ئەوانەی بەفعلـی پۆسـتیان نەبینیـوە هەروەك لە مـاددەی (٩) لە یاسـای هـاتووە بە لیسـتێك کە پێکهاتووە لە(١١٦٩) خانەنشـین ڕەوانەی لیـژنەی چاکسـازی کـراوە لە سـەرۆکایەتی ئەنجـوومەنی وەزیران بۆ بڕیـاردان لەسـەر دۆسـیەکانی، بەڵام ئەوەی جێگـای سـەرەنجە هەنـدێك لە نـاوبراوان کاتی خۆی ڕاژەیان هەبووە، بەڵام ڕاژەکانیان بۆ هەژمار نەکراوە لەبەر ئەوە پێویستیان پێنەبـووە بەتـایبەت ئەوانەی ڕاژەی پێشـمەرگایەتیان هەیە لیـژنەیەك بـۆ ئەم مەبەسـتە پێکهێنـراوە کە ئەم خانەنشـینانە جیابکـاتەوە لەگەڵ ئەوانەی هـیچ ڕاژەیەکیـان نیـیە کە ئەمەش کـارکردن تێیـدا بەردەوامەو تاکو ئێستا دوو کۆبوونەوە لەلایەن لیژنەی پێکهێنـراو ئەنجامـدراوەو تێیـدا فۆڕمێـك پەسـەند کـراوە بـۆ ئەوەی لەلایەن گشـت خانەنشـینانی پـلە تـایبەت پڕبکـرێتەوە بـۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە زانیاری تەواومان دەستکەوێت بتوانین پۆلێنیان بکەین،

چوارەم/ سەبارەت بە خانەنشـینانی نایاسـایی بەشـێوەیەکی بەرزتـر لە پـلەی خۆیـان خانەنشـین کراون لیژنە لە گشت بەڕێوەبەرێیەتیەکانی خانەنشینی پێکهاتووە بەردەوامە لە کارەکانیان.

پێــنجەم/ کــارکردن لەســەر مــاددەی (٧) لە یاســای چاکســازی بەردەوامەو داوای دۆســیەی خانەنشینی ئەو پلە تایبەت و پلە باڵایـانە کـراوە کە یاسـای چاکسـازی دەیـانگرێتەوە، لە مـاددەی (٨) لە یاســـای چاکســـازی بە هەڵوەشـــاندنەوەی ئەو یەکە ژمێریـــانەی کە لەدەرەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی خانەنشینی وەزارەتی دارایی و ئـابووری مـووچەی خانەنشـین خەرج دەکەن بەتــایبەتی ئەوانەی لە وەزارەتــی پێشــمەرگە و خانەنشــینی یەکەی (٧٠، ٨٠) وە پەیکەرێــکە ڕێکخستنی نوێمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین ئامادەکردووە.

شەشـەم/ چەنـد کۆبـوونەوەیەك لەگەڵ وەزارەتـی پێشـمەرگە و بەڕێـوەبەرایەتی خانەنشـینی پێشــمەرگە و کەمئەنــدامانی ســەنگەر و هەردوو خانەنشــینی یەکەی (٧٠، ٨٠) ئەنجــام دراوەو یەکەی (٧٠، ٨٠) ئامادەییـان دەربڕیـوە لیسـتی خانەنشـینی پێشـمەرگە و دۆسـیەکان ڕادەسـتی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی خانەنشـینی پێشـمەرگە دەکەن، لە ئێسـتادا چـاوەڕێی هـاتنی ئەو لیسـتە دەکەین.

حەوتەم/ بـۆ هەمـوار کـردنەوە پەیـڕەوی نـوێی سـندوقی خانەنشـینی دوای دیراسـەکردن و کۆبوونەوەمـــان لەگەڵ لیـــژنەی تایبەتمەنـــدی وەزارەتمـــان پێمـــان بـــاش بـــوو بکـــرێتە بەڕێـوەبەرایەتییەك سـەر بە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی خانەنشـین، لە ئێسـتادا پێشـنیارمان وایە پەیکەرەکە بچووك بکرێتەوە بۆ ئەوەی بارگرانی کەمتر بێت لەسەر حکومەت و وەزارەتمان.

هەشتەم/ لەدوای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازیی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین هەموار کردنەوەی مووچەی خانەنشینی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاو قایمقام و ناونیشانی شارەزا گوژمەی هەشت سەد و بیست و چوار ملیۆن و سێ سەد و شەست و شەش هەزار دینار گەڕێندراوەتەوە بۆ خەزێنەی هەرێم هەروەها کارکردن لە ڕاگرتنی دوو مووچەدا بەردەوامە و لیستی ناوی هەشت هەزارو نۆسەد و چل و حەوت خانەنشین کە ناویان لە لیستی دوو مووچەدا هاتووە مووچەکانیان ڕاگیراوە کە نزیکەی شەش ملیار دینار گوژمەی پارە دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو ئەم لیستەدا هەندێك لە خانەنشینان مەرج نییە دوو مووچەبن بەڵکو سەرکار یان ڕاسپێردراون بۆیە ڕەوانەی بەڕێبوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی کراوە بۆ یەکلای کردنەوەو ڕاگرتنی مووچەکانیان دوای یەکلا بوونەوە مووچەکانیان ڕادەگیرێت ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت کەوا بڕی گوژمەی گەڕاوە بۆ خەزێنەی هەرێم چەندە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك تۆز دەنگت بەرز کەیتەوە بەڕێز وەزیری دارایی وە تۆزێك مایکەکە لەخۆت نزیك کەیتەوە.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

خەتایی پەرلەمانە موکەبەرەکانی باش نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا موکەبەرەکانمان زۆر زۆر باشە تۆ خۆتی لێ نزیك بکەوە هیچ کێشەی نییە.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

لیستی ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی، قایمقام، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا، شارەزا، دادوەر، هەموار کراو ئەوانەی کە هەموار کراون شارەزا (٤٩٦) کەس کراوە مووچەی کۆن هەشت سەد و پەنجا و شەش ملیۆن و شەسەد و سێ بووە، مووچەی نوێ چوارسەد و چل و پێنج جیاوازی مووچە چوارسەد و دە ملیۆن کەمیکردووە، دادوەر (١١٣) ئەوە بۆتان دووبارە ناکەمەوە گوێتان لەوانە بووە، سەبارەت بەفرە مووچەی (١٠٦٠٩) مووچە خۆر لەخۆ دەگرێت کە بەمشێوەیەی خوارەوە مووچە وەردەگرن، ئەوی لەدوو شوێن فەرمانبەرە (٧٩١) کەس، فەرمانبەرو خانەنشین (٣٩٠٩) کەس، خانەنشین و خانەنشین (٥٩٠٩) کەس هەیە، بۆ ئەم مەبەستە گشتاندنمان کردووە بۆ گشت وەزارەتەکان بۆ ڕائساندنی مووچەی شایستە کە دەسەڵات دراوە بەگشت وەزارەتەکان بۆ مووچەی شایستە، سەبارەت بە قەرزە بازرگانیەکان قەرزی ئاسانکاریی گشت ڕێکارە کارگێڕی و یاساییەکان ئەنجام دراون بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان، ئێستا گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی وە پێکهێنانی لیژنەیەك لە وەزارەتمان بە ژمارە ئەوەندە کە پێکهاتووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان و بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی و بەڕێوەبەرایەتی ژمێرکاری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی و دکتۆر عبدالحکیم، کۆی گشتی قەرزەکان چوارسەد و شانزە ملیارە سەرجەمی سوودەکەی سێ سەد و نەود و چوارە، ئەوەی کە وەرگیراوەتەوە دوو ملیارو نۆسەد و یانزەیە، سەرجەمی قەرزی ماوە نۆسەد و ئەوەندە هەزارە، ئەمەوێ لێرە ئەو ڕوونکردنەوەیەکتان پێ بڵێم ئەگەر بیرتان بێت بەیەکەوە موناقەشەی یاسای چاکسازیمان کرد کەهاتە سەر مەوزووعی قەرزی ئاسانکاریی من دوو جار عەرزی ئەوەم کرد کە ئێمە لە وەزارەتی

دارایی دەستمان کردووە بە ئیشکردن لەسەر ئەم کەیسە پێویست بەوە ناکات بچێتە خانەی چاکسازیی، بەڵام جەنابتان دوای ئیسرارتان کرد ئەم کەیسە کەیسێکی قانوونی صرفە ئەم قانوونییە وەکو بەعزەجارێ بڵاو دەکرێتەوە کە خاترانەی تیایە، نەخاترانەی تیایە نە هیچی تیایە ئەخیر بڕیاریی ئێمە لەسەر ئەوەی جەنابتان بیزانن، بڕیارەکانتان پێ ئەڵێم بۆ ئەوەی کورت بێتەوە.

یەکەم/ دەستنیشان کردنی نوێنەر بۆ هەر دۆسیەیەك لە دۆسیە قەرزاریەکان لای بانقی بازرگانی بە نووسراوی فەرمی دەبێت گشتاندنی پێبکرێت بۆ گشت لقەکانی.

*دووەم*/ بەپێی یاسای چاکسازیی گەڕاندنەوەی قەرزی بازرگانەکان دەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی بەدواداچوونی بۆ بکرێت، بۆیە بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی ڕاسپێردراوە بۆ ئەم مەبەستە.

سێیەم/ بڕیار درا بەجیاکردنەوەی دۆسیەی قەرزەکان کە لەدووبەش پێکهاتووە

١ -ئەو قەرزانەی کە دراون بە ڕەهانی موڵکەکان.

٢ -ئەو قەرزانەی کە دراون بە حجزی موڵکەکان.

چونکە ئەو مووڵکانەی کە ڕەهەند کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە یەکلایی دەکرێتەوە، وە ئەو مووڵکانەی کە حجز کراون لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنەوە یانی تەنفیز یەکلای دەکرێتەوە.

چوارەم/ بڕیار درا دوای تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان لەسەر موزایەدە کردنی مووڵکەکان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر ئەگەر کەس ئامادە نەبوو مووڵکەکان بکڕێتەوە واتا نەکاتە نرخی لە ٨٠% ی مووڵکەکە ئەوە بە ئامادە بوونی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی ئەمەتان بۆ تیکرار دەکەمەوە چونکە ئەمە وەك عەرەب دەڵێ (بیت قصید) ئەگەر کەس ئامادە نەبێت مووڵکەکان بکڕێت واتا نەکاتە نرخی ٨٠% ی نرخەکان ئەوا بە ئامادەبوونی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە ئەگەر موڵکەکە ڕەهن کرابێت و ئامادەبوونی نوێنەری باجەکان و خانووبەرەی میری وەنوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانەکان هەروەها کڕیار ئامادە دەبێت و بە کۆنووسێك بڕیار دەدرێت بەهەڵگرتنەوەی ئەو موڵکانە بەناوی ئەو بانکەوە دەکرێت کە قەرزەکەی داوە.

پێنجەم/ ئەگەر موڵکەکە نەگەیشتە نرخی قەرزەکە ئەوا بەنووسراوێك لەلایەن بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرە گۆژمەی جیاوازی نرخەکە واتا ئەو گۆژمەی کە دەمێنێتەوە لە بەناوکردنی موڵکەکە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردن دەکرێت بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدات بە ئاگادارکردنەوەی قەرزدارو لێوەرگرتنەوەی کۆی گشتی قەرزەکە بە حجزکردنی سەروەت و سامانی گواستراوە.

ئەوەی کە ئەمەوێت لە سەرەتای قسەکانم پێتان بڵێم من هەق دەدەم بەخۆم بەناوی خۆم و کاك خالد و تەنانەت کاك کەمالیش قسە بکەم کە ئێمە هاتووین بۆ ئەم وەزیفەیە هاتووین ببین بە جوزئێك لە چاکسازی ئێمە جوزئێك نین لەو فەسادەی کە هەبووە مەصدەری فەسادەکە چۆن هاتووە ئێمە لێی بەرپرس نین بەناوی هەموو وەفدەکە قسە دەکەم، لەبەر یەك شت قسەم کرد کە فەرقێك هەبێ ڕەنگە لەبەینی ئەم سیانەمان و ئەمانە لەگەڵ ڕێزی زۆرم لەگەڵیان ئێمە

هەمـوو خوشـك و بـرای یەکتـرین، ئـێمە پـێش ئەوەی بێـین بـۆ ئەم وەزیـفەیە نەبـوو نەبـووین هەبووین ئیمتیازاتمان وەزیر بووین بۆ ئەوەی جەنابتان بزانن لە مەوزووعی دڵسـۆزیش پێمـوایە ناڵێم لە ئێوە موهیم تـرین ئەوە ئێـوە بـرای خۆشەویسـتن و گومانمـان لە دڵسـۆزیتان نیـیە، بەڵام هیچ نەبێ بەقەدەر ئێوە دڵسۆزین لەسـەر مانـدووبوون و دابـڕان لە خەڵـك ئـیمە نەك دانەبـڕاوین من خۆم وایدانێ ژیانم نەماوە ڕۆژی وا هەیە لە وەزارەتـی دارایـی مـن (٧٠) کەس ئەبیـنم، ئەگەر من لەناو خەڵکا نەبم والله کەس لەناو خەڵکا نییە ئەگەر من ڕۆژی بتـوانم (٧٠) کەس و (٥٠) کەس ببیـنم و بە قەولـی ئێرانـی بە مەردووم حیسـاب نەبێـت ئەی کـێ حیسـابە، شـتێکی تـر هەیە مـن دێـمەوە سـەر ئەو قسـەی کە کردمـان ئەم نیـزامە سیاسـەی ئـێمە هەمووهـان لەم کەشـتیەداین باوەڕتـان بێـت کەس لێـی دەربـاز نابێـت لەبەر ئەوە لەجیـاتی مـوزایەدە کـردن لەسـەر یەکتـری واباشـترە بیـر لەسـەر ئەوە بکەیـنەوە چـۆن کەشـێکی سیاسـی بـاش دروسـت کەیـن بـۆ ئەوەی هەنگاوەکـانی چاکسـازی بەرەو پێشـەوە بچێـت، یـانی خۆتـان ئەزانـن لەهـوو شـتێك کە ئـێمە بـۆ چاکسازی ئەچین دەولەی عەمیقە لە هەمـوو شـوێنێك هەیە لەهەمـوو شـوێنێکی ئەم سیسـتەمی سیاسـی ئـێمەو ئەم حکـومەتەدا هەیە دەولەی عەمـیقە لە دەروازە هەیە لەنـاو وەزارەتەکەی مـن هەیە ئەگەر پـێم بڵێـی دەولەی عەمـیقە چـیە؟ نامەوێـت شـەرعی کەم بـۆ ئەوەی حەساسـیە بـۆ کەستان ڕانەکێشـم، بەڵام وازحە لێـرەوە مـن دێـمەوە سـەر ئەو قسـەی کە دەیڵـێم لەم کەشـتیەدا بەیەکەوەیـن ئەگەر کـوردو کوردسـتانمان خـۆش بوێـت واباشـترە لەسـەر مەعلومـاتی دەقیـق هەڵوێستەکانمان دروستکەین، داهاتمان زیادیکرد کاکە داهاتمـان بەو نیسـبەتە زیـادی کـردووە کە هەیە ئێسـتا داهـاتی نەوت مـن دیفـاع لە قـووتی نەوت نـاکەم بـۆ مەعلوماتتـان زدیشـیم پێشـی ڕازینیم من لە زمنی ئەو دەنگانەم کە لەناو ئەنجوومەنی وەزیـران کە بە خۆشـحاڵی ئیجمـاعە کە ئەبێت موراجەعەی ئەو عقودانە بکرێتەوە کە ئیجمـاعە بـۆ ئەوەی جەنابتـان بـزانن، مـن لە زمنـی ئەو گروپەیام کە لەنـاو ئەنجـوومەنی وەزیـران کە ئیجمـاعی هەیە لەسـەرەوە چاکسـازی بکرێـت ئیـرادەی هەبێـت لەو چاکسـازییەی بکرێـت، بەڵام لێشـتان ناشـارمەوە مەشـاکیلی سیاسـی هەیە دەولەی عەمیقە ڕێگە نادات کە نامەوێت لەوە زیاتر بڵێم قسەکانم، ئەوە کاك کەمال لێـرە نیـیە تـا دێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر کەمێك ئارامی بپارێزن، هەندێك پرسـیار هەیە کـاك (عەلـی حەمەصـالح) دەرفەت هەبـێ بەشـێکی پرسـیارەکانم لەبیرمـاوە هەنـدێك پرسـیار کە بـابەتی کۆمپانیاکـان و بـابەتی چاکســازی لە دەروازە سـنوورییەکان سـەبارەت بە دۆسـیەی بـاج سـەبارەت بە ئیمکـانییەتی حکومەت بۆ دامەزراندنی وانەبێژان و گرێبەستەکان و سێ یەکەمەکان فەرموون وەڵام دەنەوە.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی قەرار بوو ئێمە قسەی خۆمان بکەین و پرسیارو جواب ئیتر نەبێ بەسـەرچاو، ئـێمە لەسـەر مەوزووعـی بـاج حەزدەکەم هەمووتـان بیـزانن جەدوەلێکمـان هەیە بۆتـان ئەخـوێنینەوە ئـێمە شانازی بەوە بکەین کە ئەڵێین لە حکومەتین داهاتی ناوخۆمان زیادکردووە داهاتی ناوخۆ بـریتیە لە گومرگ و لە باج وەکو وەزارەتی دارایی دەڵێم تەبعەن، لەگەڵ باقی وەزارەتەکانی ترا داهاتمـان

سەد ملیۆن دۆلار زیادی کردووە بەباج و بە هینەوە، من بۆچی ئەو ڕەقەمانەتان ئەدەمێ بۆ ئەوەی ئەم ڕەقەمانە بتانخاتە ناو واقیعەکەوە، داهات لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ حەزدەکەم یەك شت بیزانن شارێك بۆ شارێك لەسەر جیبائەی زەڕائی بوو لەسەر پارەی ئاو و کارەبا فەرقی هەیە ئەو فەرقە بڕواناکەم کەسمان پێی خۆش بێت لەسەر مەوزووعی باج ئێمە لە هەفتەی پێشوا من خۆم حازر نەبووم، بەڵام قەرار بوو کە تووشی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بووم، بەڵام موودیرعامی باجەکان چووە بۆ سلێمانی لەگەڵ باقی شارەکانیش دەستمان کردووە بە کۆبوونەوە کردن بۆ ئەوەی چۆن مەوزووعی باج تەنزیم کەینەوە، لەسەر مەوزوعی باج هەموو لایەك دڵنیا دەکەمەوە کە ئێمە یەك دینار باجمان زیادنەکردووە، نەك یەك دینار فلسێکمان زیادنەکردووە ئەوەی کە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین ڕێکارەکانی وەرگرتنی باجە بۆ ئەوەی جەنابتان بیزانن لەسەر مەوزووعی باج، لە مانگی یەك کۆیی گشتی باج بەهەر پێنج مانگەکەی ئێمە لەهەولێر گەشتۆتە سەد و سی و هەشت ملیار دینار لە سلێمانی گەشتۆتە سی و دوو ملیار لە دهۆك گەشتۆتە هەژدە ملیار لە دەروازەی گومرگەکان هەندێ لە زەریبەکان لەوێ وەردەگرین کە گەیشتووەتە سەد و دوانزە ملیار کۆی گشتی باج بە پێنج مانگ سێ سەد و یەك ملیارە تەبعەن موقارەنەتان بە ساڵی ڕابردوو ئەو ڕەقەمانەی ئێمە زیادی کردووە بۆ ئاگاداریتان.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان خۆی ئەڵێ جیاوازی هەیە بەڕێزیان ئەڵێ ئەوان لە ئیشکردنن بۆ یەکخستنی، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

یەکێ لەو برادەرانە ئێستا بیرم کەوتەوە لەسەر باجی کۆمپانیاکان قسەی کرد، یەکێ لە مووشکیلەکانی زەریبە شەریکاتێکی زۆر زۆر هەیە لەم وڵاتە مووسەجەل نەبوون، ئێستا ئێمە دەستمان کردووە بە تەسجیل کردنی هەمووی لەلای مووسەجەلی شەریکات و دائیرەی زەریبە کە هەموویان ئەبێت جەرد کرێ و بکرێ بە قایمە و یەکە یەکە دەستکرێ پێیان، تەبعەن ئەم قسەیە لەسەر شەریکاتی نەوتیش بۆ ئاگاداریتان تەتبیق ئەبێت بەتایبەتی لەسەر شەریکاتی خەدەمات لەسەر شەریکاتی ئینتەرنێت کە دەست کراوە بە ئیشکردن لێیان خەریکین لەڕووی قانوونیەوە لەسەر مەوزووعی عەقدی خاڵە سنووریەکانیش لە ئەنجوومەنی وەزیران موراجەعەی کراوە لە عەقد کردنەوە ئێمە لە وەزارەتی دارایی هێشتا عەقدەکانمان ئیمزا نەکردووە، چونکە هەندێ تەحەفوزات هەیە لەلای وەزارەتی زراعە لە پلاندانان لە تەندروستی لە بازرگانی هەندێ تەحەفوزاتیان بۆ ئێمە ناردووە، وەکو ئیرادی مانگانە ئێمە ئیرادەکەمان دەست کردووە بە وەرگرتنی بۆ ئەوەی ئیرادەکەمان نەفەوتێ، بەڵام داهاتەکەمان وەکو گرێبەست ڕەنگە لە١٠٠% لە گرێبەستەکانمان ڕازی نەبین، بەڵام داهاتی گرێبەستەکانمان لە ئێستادا بەدواوە ئەتوانم بڵێم زیاد دەکات، کێشەی مامۆستایانی وانەبێژ من خۆم حەتفم لەگەڵ هەموو کەسێکە لەوانەی کە کێشەی ئەوانەی کە بە یەومی ئیش دەکات ئەوانەی کە گرێبەستە، بەڵام بەشێکی زۆری ڕەبتی بەو قەراراتانەی پێشووەیە کە لە ساڵی ٢٠١٣- ٢٠١٤ بە تەعلیمات هاتۆتە خوارەوە وەزارەتی دارایی ئەو تەعلیماتەی دانەناوە، وابزانم دکتۆرە بوو باسیکرد ئەمەوێ پێتان ڕابگەینم

یەك تەعلیماتی تازە نییە لەم حکومەتی هەرێمەی ئێمە وە لـو وەزارەتـی دارایـیەوە دەرچووبێـت ئەم بابەتە ئیشانەی موقەیەد کردبێت هەمووی ئی پێشـووەو لەزمنـی ئەو میـراتیەیە کە بـۆ ئـێمە مـاوەتەوە بـۆ ئەوەی جەنابتـان بـزانن ئـێمە لەسـەر مەوزووعـی گرێبەسـت بەدوای مەخرەجـا دەگەڕێین لەسەر مەوزووعـی وانەبێژەکـان بەدوای مەخرەجـا ئەگەڕێـین بەشـی زۆری بەنـدە بەو ئیتفاقەی ئێمەو عێـراقەوە مـن بە ڕاسـتگۆی قسـەتان لەگەڵ دەکەم، لەبەینـی ڕەش و سـپی نییـە یـانی ئەکەوێـتە سـەر ئەوەی ئـێمە وەزعـی دارایـی ئـێمە بەم دەقەیە بەم سـورەتەیە کە مـن بـۆم خوێندنەوە وەکو پێم وتن ئێمە مەسئولین بەرامبەر بە هەموو فەقەرەیەکی، لەناو قسەکانا باسی یەکخستنی پێشمەرگەیان کرد ئەوە جوابەکانی پێموایە لای هەمووتان مەفهوومەو وازعە ڕەنـگە پێویست بەجوابی من نەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە قسەی خۆتانتان کـردووە ئەگەر لە کـۆی جـوابی هەر هەموویـان دەسـتتان نەکەوت، چـونکە خەڵك ماوە قسەبکات بەڕێزان با هەموویان قسە بکەن ئەگەر وەڵامتان دەست نەکەوتووە، بەڵـێ بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان بەڕێزتان قسەبەکەن... با هەموو تـیمەکە قسـەبکات ئەوان تیم تیمن با قسەبکەن ئەگەر جوابتان دەست نەکەوت ئەوکاتە قسە دەکەین.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیانیتان باش، زۆر پرسیار هاتە کردن لەسەر وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکان و نەوت و غـاز تەبیعـی ئەوە نزیکـی پێـنج مـانگە دەسـتم بەو ئیشـە کـردیە لە وەزارەت، وەختـی ئەو وەزارەتەم وەرگـرت دیـتم ئەساسـیەتی تێـدا نەبـوو ئەوجـا گرینگتـرین شـت وەزارەت ئـیش ناکـاتن ئەگەر مووئەسەسـاتی مووتەخەسـس و تـایبەت نەبێـت خصوسـەن لە مەجـالی نەوت و غـاز، چـونکە عەمەلیـاتی نەوت و غـاز عەمەلیـاتێکی مـوعەقەدە سیلسـیلەیەکی دوورو درێـژە لەبەر ئەوە پێویستە کە مووئەسەسـات هەبیـتن لەنـاوی دەسـتمان پێکـرد، ئەساسـەن مـن بەشـدار بـووم لە کابینەی نۆ چونکە قەناعەتەکم هەبوو ئەساسەن هەتا ئیش بـکەم لەو کـابینەیە لەگەڵ هاوڕێکـانم وەزیرەکان چونکە قەناعەتەکەم لەسـەر بەرنـامەی جەنـابی سـەرۆك وەزیـران بـوو کە ئەو کـابینە ئەساسەکەی چاکسازییە شەفافیەتە وە عەدالەتە من لەبەر ئەوە هـاتم وە ئـیلا قەت عەجەتـم بەو ئیشە نەبوو، داهاتم تەقریبەن دووسەد جار زیاتر بوو لەو مەعاشەی کەئێستا وە مەوقعـی منـیش مەوقعێکی زۆر گەورە بوو پێشان، چونکە ئێستا بە هەمـوو تەسـمیم و ئیـرادەت کە شـتێك بـکەم وەبتوانم ئەو چاکسازیە و عەدالەتە و شەفافیەتە لەنـاو ئەو وەزارەتە بـکەم دڵسـۆزانە، وەزارەتـی سامانە سرووشتیەکان وەزارەتێکـی ئەساسـیە عـاموودی فەقەری ئـابووری کوردسـتانە لەبـۆ ئەو چەنـد سـاڵەی بێـتن لەبەر ئەوە دەمەوێـت مـووقەدیمەیەك پیشـانتاندەم کە مەعنـای چیـیە ئیمکانیەتی کوردستانی نەوت وەزعی ئەو میللەتە لە مەجالی نەوت و غاز چییە وە چی لێ دێـتن چەند ساڵێکی تر لازمە ئێوە چی بکەن؟ چۆن خۆمان حازر بکەین؟ لەفەترەی نەوت وە لەفەتـرەی پاش نەوت، چۆن ئابووریەکەمان دروست بکرێتن وە چۆن میللەت پێکەوە ئـیش بکـاتن تـا خـۆی حـازر بکـاتن بـۆ کـاتی پـاش نەوت، کوردسـتان پـارچەیەکە لە حەوزێکـی نەوت و غـاز دەسـت پێدەکاتن لەکوردستان تەواو دەبێتن لە عومان مەسقەت و عومـان یەك حەوزە بەیەك ئیمکـانیەتە

بەیەك ئەساسە ئەو پارچەیە تەقریبەن دووسەد ملیۆن ساڵ لەجێی خۆی ڕاوەستاوە باشترین جێ لەسەر جیهانەوە لەبۆ تەولیدی ئیمكانیەتی نەوت و غاز فەرقەكەی ئەوەیە كە لە كوردستان وەزعی نەوت وە ئیعتیاتاتی نەوت تایبەتە مووقارەنە بكرێتن لەگەڵ عێراق و لەگەڵ سعودیە لەگەڵ ئیمارات وە ئیلا خۆی سیستەمێكی مەزلومەیەكی نەوت مووشتەرەكە و یەكە تەعقیدی مەكمەنی لە كوردستان وایكرد كە ئیحتیاتی نەوتمان تەقریبەن بووە ١٠% ئیحتیاتی لە عێراق ئیحتیماله كەمتریش بێت بۆچی؟ چونكە كوردستان كەوتە ناو سیستەمێكی زەخت و جیۆلۆجی و لە تەحقیدێكی گەورە هەموو مەكامیلی نەوت بچووكتر لێكران شكاون وە سیستەمی نەوت لەناو مەكمەن، مەكمەن بچووكتر بێتن ئیعتیاد بچووكتر دەبێتن لەبەر ئەوە مووقارەنە ناكرێتن لەگەڵ عێراق وە لەگەڵ وولاتەكانی خەلیج لە بابەتی ئیمكانیاتی ئیعتیاتی، ئەگەر ببینن خەریتەی كوردستان لێرە ئەو كێڵگانەی كەسكە نەوتن، سۆر غازە، یەكەكانی تەقریبەن لای دهۆك وهەولێر ئەوانە ئیعتیاتەكانی نەوتی كوردستان زیاترە وە مەنتیقەی گەرمیان و سلێمانی ئیعتیاتی غازیان زیاترە، كوردستان تاریخی نەوتی درێژنییە دوو دەوری ئەساسی لە كوردستان،
یەكەم/ ئەو كێڵگانەی دۆزرانەوە لە ساڵەكانی (١٩٢٧،١٩٢٨) ئەوە بوو كێڵگەكانی كەركوك و خورمەڵە و هاڤانە و بابل، ئەوەش تەبیعی ئیمكانیەتی نزیكی حەوت ملیار بەرمیلی تێدایە كێڵگەكانی وەكو تەق تەق و كۆرنور دۆزینەوە لە وەختی حكومەتی عێراق بوو لە ساڵەكانی (١٩٨٠) لەبۆ كۆرنور كە غازە، وە بۆ تەق تەق لە ساڵەكانی (١٩٥٧) شەریكەی نەوتی بەریتانی دۆزیەوە، ئەوە ئیحتیاتی تەقریبەن مەعروف بوو مووسەبەب بوو دەزانین بزەبت چەند ملیۆن بەرمیلی تێدایە وە چەند ملیار سكاف مكەعبی قیاسی بۆ حاڵەتی كۆرنور، ئەوانەی تر هەموویان لەپاش (٢٠٠٥،٢٠٠٦) ئیستفشا كران یەعنی دۆزینەوەی نەوت ئەوە زۆر درێژنییە وەكو عێراق، عێراق تەقەریبەن لە ساڵەكانی (١٩٣٠تاوەكو ١٩٦٠) دەستیان پێكرد شەریكاتی بەریتانی بوو لە جنووب بۆیە شەریكەی نەوتی عێراقی ئیشەكی مەئمولی كرد لەبەر ئەوە ئیحتیاتی نەوتی عێراق گەیشتەسەد و پانزە ملیار بەرمیل، كوردستان ئیشی لەسەر نەكرابوو هەتا ساڵی (٢٠٠٧) دەستمان پێكرد كە شەریكات و كۆمپانیایی نەوتی ئەجنەبی بێتن بەس بەداخەوە شەریكاتی نەوتی دەهاتە كوردستان لە ساڵەكانی (٢٠٠٧،٢٠٠٨،٢٠٠٩) شەریكاتی بچووك بوون هیچ خیبرەیەكی نەوتی گرینگیان نەبوو ئیختیساتیان باش نەبوو ئیمكاناتیشیان مەحدود بوو، لەبەر ئەوە وەكو شێخان وەكو كوردەمیر چەمچەماڵ دەستمان پێكرد لەگەڵ ئەو شەریكاتانە بەس بە ئیمكانییەتی مەحدود بە نەتیجە هەموو ئەركەكان ئێستا لە دەوری ئیستفشاف دۆزینەوە دەرچوون گەیشتوونە دەوری ئینتاج، عقودەكان لەگەڵ كوردستان كراون تەقریبەن هەمووی عقودی مشارەكەی ئینتاجن ئەوەش ئەم گرێبەستانە بۆ مەبەستی كلاسیكینە بێجگە لە عەقدەكەی غاز ئی كۆرنور لەگەڵ شەریكە شتێكی تر بوو، بەس بۆ عقودی مشارەكەی ئینتاج ئەمە ستاندەرە شەریكەی بیانی ئەجنەبی دێتن پارەكەی دەینێتن كۆمپانیایەكی گەورە دادەنێتن دەست بە ئیش دەكاتن ئەگەر نەوتی دۆزیەوە پارەكە دەداتن وەزارەتی سامانە سرووشتیەكان هەموو مەسرەفی وە كولفەی تەتویرو ئینتاج هەتا كولفەی دۆزینەوەش لەسەر شانمانە ئێمە ئەدەین، ئەگەر نەیدۆزیەوە دوو سێ ملیارێك دەدۆڕێنیتن و دەچێتەوە هیچ فلسێك نادەین ئێمە ئەمەش مەعنای نیە كە شەریكە گەورەبێتن ١٠٠% نەوت دەدۆزێنەوە مەسەلەن شەریكەی نەوتی فەرەنسی تۆتاڵ تەقریبەن لە دوو ساڵ هەشت سەد و بیست ملیۆن دۆلارمان دۆڕاند و چووین ئەوانەی تر چانسیان باشتر بوو چونكە هاتن لەسەر ئەساسی ئەوەی كە لەو كێڵگەیە چەند نیشانەی نەوت هەبوو وەكو گاوقێ وەكو ئەتروش وەكو شێخان نەوت دەگاتە تەقریبەن سەر

خاكەوە لەسەر زەوی دەبینی ئەوەش تەبیعی زۆر ئاسانترە کاتێك بچیە جێیەك وەکو سەفین وەکو قەرەداغ لەوێ بیرەکە قیمەتی نەوەد و پێنج ملیۆن دۆلارە پێنج کیلۆ مەتر ژێر زەوی کولفەی نەوەد و پێنج ملیۆن دۆلارەو وشکیشە ئەمە پێتان بڵێم چەندە ڕسك و مووخاتەرەی تێدایە عەمەلیاتی ئیستفشاف و ئینتاجی نەوت ئیشێکی تایبەتە وە پارەیەکی زۆری پێویستە ئیختیساسات و ئیشی هەندەسی و ئیشی ڕیازیات و ئیشی جیۆلۆجی زۆری پێویستە، ئەگەر ببینین ئێرە بەینی کوردستان و بەینی عێراق مەنزومەی نەوت مەنزومەیەکی مووشتەرەکە یەعنی سنووری کوردستان لەگەڵ عێراق نەوتەکە نازانی ئەوە کوردە ئەوە عەرەبە تورکمانە هەر کێیە نەوتەکە لەناو مەکمەل دەچیتن سەیتەرەی لەسەر ئینتاج دەکاتن شەریکەی نەوت دەکاتن ئیختیساسی نەوت دەکاتن بەشێوەیەك کە بجوڵێتن لەم لایە بۆ ئەم لایە ئەگەر ئینتفاق و شتێکی مووشتەرەك سیاسەتێکی ئینتاجی مووشتەرەك نەبیتن دائیمەن لایەك مەزڵوم دەبیتن لایەك قازانج دەکات وە نەتیجەکەش لە بابەتی ئابووری مووشکیلەی گەورە دەکاتن مووستەقبەل، ئەم ڕەسمە بەس هەتا پیشانتان بدەم دەرەجەی تەعقیدی مەکاملی نەوتی ژێر زەوی کوردستان زۆر کەم لە وڵاتان ئەو دەرەجەی تەعقیدیان هەیە، وە بەڕاستی من زۆر بەوە موعجیبم هەموو حکومەتەکانی کوردستان لە سەرەتاوە هەتا ئێستا کە ئیسراریان هەبوو بەو تەعقیدی مەکمەنیە و تەعقیدی سیستەمی نەوت ئیسراریان کرد هەتا گەیشتنە مەرحەلەیەك ئێستا کە چوارسەد و پەنجا هەزار بەرمیل دەردەهێنن یەعنی ئەوشتە شتێکی نادرە ئەوە (٤٥) ساڵە من لە نەوت ئیش دەکەم لەهەموو جیهانم ئیشکردووە بەس بەو ئیمکاناتیەو بەو ئیسرارەوە بەو ئەوە وەکو کوردستان نەمدیتیە بەس فعلەن ئەو ئیشە سەرکەوتنێکی زۆری کرد بەوە، حاڵەتی نەوتی کوردستان هەتا بزانن سوئال زۆر لەسەر کولفەی ئینتاج هات بۆچی کولفەمان زۆرە؟ بۆچی پارە ئەدەین؟ هەتا بزانین پارە ئەدەین بە بەلاش پارە نادەین ئەوە ئیشی خوایە ئەو وەزعەی کردووە لە کوردستان، ئیشێکی لە عەقەد بە کولفەیەکی زۆر گرینگ بە مستەوایەکی ڕسك مووخاتەرە لە ٩٠% ئەگەر سەیری عێراق بکەین ئەو عێراقە تەڵەبەیەکی هەندەسەی نەوتی مەرحەلە دوو دەتوانیتن بزانیتن لە کوێ بیرەکە دادەنرێت و لە کوێ بیرەکە مەکمەنەکە ئیش دەکاتن چۆن ئینتاجی بکاتن، ئەوجە لەبەر ئەوە کولفەی ئینتاجی بەرمیل لە عێراق ئەساسەن تەقریبەن یەك دۆلار و بیست سەنتە، لە کوردستان دەگاتە دووانزە تا چواردە دۆلار بۆ بەرمیلێك هەتا ئەو بەرمیلە لە مەکمەنی نەوت پێنج هەزار مەتر لە خوارەوە بگەینیتە سەری بیری تۆ لێرە دووانزە دۆلار دەدەی لە عێراق یەك دۆلار دەدەی، ئەوجا ئەوە تەئسیر دەکاتن لەسەر داهاتی نەوتەکەت وە لەسەر ئابووری میللەتەکە، ئەمە تەبیعیە شتێکی زەڕبە نییە ئەم تەعقیدە سەبەبی بەینەکانمان و سەبەبی ئەوەیە کە ئێمە کولفەی نەوتی دەدەین لەبۆ شەریکەی موستەسمر تەقریبەن زیاتر لە (٢٠،٣٠)ی جار لە وولاتەکانی تر وەکو عێراق وەکو کوەیت و سعودیە و ئیمارات و قەتەر، لەبەر ئەوە دەڵێ ئێوە بزانن کە باری وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان لەبۆ بەرهەمهێنانی نەوت شتێکی ئاسان نییە بارێکی زۆر قورسە شەو و ڕۆژ ئیش دەکەین لەسەر دەرەجەی تەعقیدی نەوت هەتا نەوتەکە بستێکی بە هەدەر نەچێتن غەڵەتێکی بچووك نیوەی ئیمکانیاتی نەوتی خۆتە دەچیتن تێکەڵی ئاو دەبیتن وە کەس ناتوانیتن دەربێنیتن غەڵەت لەناو سناعەی نەوت یەکجارە دیوار نییە بڕوخێتن و تۆ جارێکیتر دروست کەیەوە یەك غەڵەت هەتا ڕۆژی قیامەت ناکرێتەوە هەتا بزانین کە ئەو بەرمیلەی ئێمە کە بەرهەم دەهێنین لە کوردستان شەست ملیۆن ساڵی پێویستە هەتا ئەو بەرمیلە دەبێتە بەرمیلێکی تر، لەبەر ئەوە قیمەتی بەرمیلی نەوت لە کوردستان لە زێڕ زیاترە، چەند برادەرێك باسی پترۆکیمیاواتی کرد وە تەسریعی نەوتی کوردستان وابزانم من زۆر تەئیدی دەکەم چونکە کە ئەو

بەرمیلە بچێتن دوای بنێرین مەسافی بسوتێتن ببێتە بەنزین(٢٠٠کم) لێخورین یان دەبێتە تەماتەو خەیارو گۆشت و نازانم چی بیخۆین و بچیتن، وە بەرمیلەکە بچیتن کە شەست ملیۆن ساڵی پێویستە هەتا بێتەوە وە دەزانێت هەتا دەربچیتن زۆر پارەی پێویست بووە، لەبەر ئەوە تەسریحی نەوتی کوردستان کە بووەتە پترۆکیمیاوات ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ زەمانی موستەقبەلی ئابووری کوردستان لە ئینتاج یەعنی بەرزتر ببین لە موصەنەعی نەوت یانی تاجیلی نەوت ئەمە ڕەسمێکە لە حاڵەتەکانی کوردستان ئەواجا دەبینن هەتا بزانین بەگەیە ئەو مەحەلەیە تەقریبەن سێ سەد ملیۆن دۆلار صەرف دەکەین هەتا بزانین ڕەسمەکە ئەوهایە لەسەر هەموو کێڵگەکانی کوردستان، وە ئەو سێ سەد ملیۆن دۆلارە هەتا بگەیە ئەو مەرحەلەی زانیاریی زیاتر دەبیتن لەگەڵ عەمەلیاتی ئینتاج، چونکە ئیستا دەزانین مەکینەکە کوێیە ڕەسمەکە کوێیە، چەند قوڵە چەند کیلۆمەترە دوو، سێ پێنج کیلۆمەترە، ئیحتیاتەکەی چەندە ملیارە دوو ملیارە وە لە سەدا چەند لەئیحتیاتی نەوتەکە دەتوانی بەرهەم بێنی دەربچیتن، چونکە لە کوردستان تەقریبەن ١٧% یە ١٨% لە جنووبی ئیحتیاتی دەتوانین دەربهێنین لەبەر سەبەبی تەعقیدی مەکمەنی وە کێڵگەکەمان، ببورن ئەمەم بە ئینگلیزی نووسیوە جا بۆتانی شەرح دەکەم جا ئێستا ئێمە لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان یەکێك لە ئەولەویاتی خۆمان کە ئەو شەریکەی عەمەلیاتی نەوت دەکات و چ کێڵگەیەك بیتن لە کوردستان لە زاخۆ هەتا بگەیە چیاسورخ، بمانەوێ ئیستفادەی باش بکەین ئەو شەریکانە خزمەتی گوندەکان وە شارە بچووکەکان و مەنتیقەی عەمەلیات بکرێت، لەبەر ئەوە مەسەلەن لە هەولێر سێ سەدو دە پرۆژەی خزمەتگوزاری میللەت کە لەو مەنتیقەی دەژیتن چەند ئیشمان دۆزییەوە لە بۆ (٨٧٩) نۆ بلێین عائیلە، لە سلێمانی (٤٩٥) ئیستیفادە دەکاتن لە خزمەتی ئەو شەریکاتی نەوتی عەمەلیاتەکان لە دهۆك (١٥٢٥) کەس لە گەرمیان (٤٤٦) کەس، چ دەکەن ئەوانە چ خزمەتێك دەدەن لە بۆ کوردستان؟ مەکتەبی ئیبتدائی و حەزانە و نەخۆشخانەی بچووك پرۆژەی ئاو و کارەبا بۆ چەند گوندێك بۆ چەند شارۆچکەیەك پرۆژەی ڕیازیات و تەدریبی مناڵەکانیان لەسەر شت وە ئافرەتەکان بۆ خزمەتی خیاگە و شتی ئاوا، ئەوە یەکێکە لە شەریکاتی نەوت و عەمەلیاتی شەریکاتی نەوت لە کێڵگەکانی کوردستان، دوای دێین ئینتاجی نەوت لە کوردستان تەقریبەت٥٢%هەتا٥٤% لە دهۆك دەردەچیتن لە هەولێر٤٠% لە سلێمانی بەینی٦٠% هەتا١٠% لەبەر ئەوە چامپیۆنەکەمان دهۆکە لە ئینتاج تەبیعی لە کوردستان زۆر مەجمووعە نەوتمان هەیە نەوتی قورسمان هەیە ئەوەی ناجوڵێتن ئیلا بە پەمپ و تەکنەلۆجیای تایبەت وە نەوعی سوکمان هەیە وەکو سەرقەڵە تەقریبەن (٤٥) ئەی پی ئایە کە ڕەنگی وەکو کۆکا کۆلایە ڕەنگی شتێکی عەجائیبیە نەوتەکەی دەردێت لە کوالێتی دەکەین، ئێستا هەتا جواب لە پرسیارەکانی کولفەی نەوت چییە؟ بۆچی ئەمە ٥٨% لە داهاتی نەوت دەدەینە کولفەی نەوت و شەریکاتەکان و ترێدەرەکانی ئەوانەی نەوتی کوردستان دەکڕن ٥٨% زۆرە ئەوە نەوتی خۆتە غازەکەی خۆتە ماڵی خۆتە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە ئەو پرسیارە جەوهەریەیە کە هەموومان کردبوومان، بۆچی کولفەی نەوت لە داهاتەکەی زیاترە؟ کە داهاتەکەی بۆ خەزێنەی گشتییە.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

ئەوجا تەقریبەن ئینتاجەکەمان چوار سەد و پەنجا هەزار بەرمیل لە ڕۆژێك ئەوەش بۆ مەعلوماتی خۆتان بیزانن کە ئەوە شتێکی سابت نییە موشکیلەیەکی بچووك پەیابیتن ١٠ دە هەزار بەرمیل دێتە خوارێ ڕۆژێ، بەس بەم مووعەدەلەوە ئیشی وەزارەت وە موتابەعەی

شەخسی لەسەر هەموو کێڵگەکانی کوردستان کە هیچ مەجال نەبیتن بۆ موشکیلەیەك تەبیعی جاروبار خۆناتوانین چونکە تۆ تەعامول لەگەڵ پێنج هەزار مەتر لە قوڵاتی لە خوارەوە پێنج هەزار چوار هەزار مەترە وە سیستەمی زەخت و سیستەمی کیمیاویات ونەوعیەتی نەوت و موشائاتی سەتعی یانی بەشەرنین ئەمری لێ بکەین یانی مەکینەیە خراپ دەبێتن جاروبار کەم دەبێتەوە بەس بە موعەدەل چوار سەد و پەنجا هەزار بەرمیل هەموو رۆژێك لە هەموو نەوعە نەوتێکی تێکەڵاو، تەبیعی حکومەت یەعنی بەرپرسیارێتی نەفەقاتی ئینتاج دەکاتن بەتەواوی چۆن دەتوانین کۆستی نەوت یانی کولفەی نەوت کەم بکەین کولفەی نەوت مەسەلەیەکی زۆر ئەساس و مووهیمە زانیاریەکی تەواو پێویستە مێشکێکی زۆر گەورەشی پێویستە قابیلیەت و ئیخلاس وە ئەمان و ئیشی بەشەرەفی پێویستە ئیطلاق نابێتن چاومان بگرێت لە عەمەلیاتی نەوت ئەوەی کە شەریکەیەکی ئەجنەبی دەکاتن چونکە شەریکەی ئەجنەبی هیچ ئیخلاسی نیە نە لەبۆ کوردستان نە لەبۆ هیچ وڵاتێك کە ئیش دەکاتن لەناو ئەو وڵاتە ئیطلاقەن، شەریکەی ئەجنەبی دێتن پارەکەی دادەنێتن بەزووترین کات نەوتەکەت تەواو دەکاتن پێت دەڵێتن خوات لەگەڵ مووهیم نییە چەند ئەو نەوتە بەردەوام بیتن وەدەزانیتن تۆ لەسەر شانتە هەموو مەسرەفەکەیان لەنانەکەی لە تەیارەکەی لە سەفەرەکەی لە ئیشەکەی لە بورغیەکەی مەوقعی ئینتاجی عەمەلیات هەتا بگەیە بورجی حەفر قیمەتی چەندە؟ پەنجا ملیۆن دۆلارە لەبەر ئەوە چاودێری تەواو متابعەی تەواو کە بزانین ئەو عەمەلیاتە هەمووی پێویستە یانیش مەسەلەن قسمێکیان ژمارەی کولفەی زیاد دەکەن، چونکە نە هەموو کەس دڵسۆزە لە بۆ ئەو میللەتە وە بۆ منداڵەکانی ئەو میللەتە لەبەر ئەوە مەفروزە وەزارەت چاو کراوەبیتن وە زەختی هەبیتن لەسەر شەریکات وە خەبیری تایبەتی هەبێتن موتابەعەی عەمەلیات بکاتن هەتا بزانیتن کولفەکەی ڕاستە یان درۆیە قیمەتەکە حەقیقیە یان قیمەتەکە دوو سێ جار زیادکراوە، لەبەر ئەوە ئەم مەسەلەیە ئیحتیماله ئەساسیەکەی لەسەر ئەوەیە چۆن وەزارەت تەسەروف دەکات چ نەوعە خیبرەتێکی هەیە وە چۆن ئیخلاسی موخلیس هەڵدەگرێ وەزارەت خۆی و موزەفەکە موخلیسە بۆ میللەتەکەی خۆی یان نا ئەوە شتێکی زۆر ئەساسیە ئینجا کۆنترۆڵی کۆستی عەمەلیاتی نەوت ئەگەر بەینەکان دەربینینە دەرەوە کۆستەکان بەڕێژەی٢٠% لە٢٠% ئینتاج یان بە بەرمیل باس دەکەین یان بە دۆلار باس دەکەین یەکشتە ٢٠% بەس بەینەکان وەختی بەسەر دەکەوێتن جەنابتان دەزانن بۆچی بریندار بووین، ئێمە عەنبار بوویەکی تەواو لە عێراق لەسەرمان بوو مەمنووعە نەوتەکەمان بفرۆشین بە دڵی خۆمان نەوتەکەمان خراپ نییە تێکەڵەکەی دەبێتە مستەوای نەوتی کەرکوك، وە دواتر وەختی داعش و ئاوارەکان کە دوو ملیۆن کەس هاتن دوای شانزەی ئۆکتۆبەرو ئەوە ئەو هەمووە وای لێهات وە عەنبار بووی عێراق و ڕاوەستانی بودجە بە تەواویەوە تەبیعی دەگەیتە قۆناغێك کە تۆ هەتا بەردەوامی سناعەتی نەوت بکەی لازمە شتی ئاوا هەڵگری هەتا شەریکات ڕانەوەستی، چونکە ئەگەر شەریکە ڕاوەستا ئەگەر بیر ڕاوەستا ئەوە دەرگا نییە کە قفڵی بکەیت بە کەیفی خۆت بیرەکە ڕاوەستیتن بێ سیانەت ئەوە مەعنای ئەوەیە بیرەکەت مرد، یەعنی پەنجا ملیۆن دۆلارەکەی دانا ئەوە چوو جارێکیتر لازمە دەست بە ئیش بکەینەوە، لەبەر ئەوە بەردەوامی سناعەتی نەوتی کوردستان شتێکی ئەساسیە وە لازمە بەردەوام بیتن و چاودێریەکی تەواو لەسەر عەمەلیاتی نەوت ئەوە ئەساسیەن لازمە بەردەوام بێتن، شتی دووەم وەك دەبینن لێرە لە قیمەتی نەوتی یەعنی ئینتاج دەکرێتن لە هەموو کێڵگەیەك گرێبەستەکەی، یەعنی شەریکە بەژدار بێتن لەگەڵ حکومەت لە ئیحتیاتی نەوت بەڕێژەی ١٤%لە ئیعتیاتی خۆت ئی کوردستان بۆ گیرفانی شەریکەیە بەداخەوە ئەگەر من بام پێشی ١٥ ساڵ تا ئێستا من کۆمپانیایەکی نەوتی هاووڵاتیم دروست دەکرد هەتا داهاتی نەوت

دەبـووە ١٠٠% بـۆ میللەتـی کـورد، ئەڵـێم ئەگەر کـاتی خـۆی ئیمکانیـات هەبـا وەختـی خـۆی بە تەشـکیلی کۆمپانیـایەکی هـاووڵاتی کوردسـتانی بـۆ عەمەلیـاتی دۆزیـنەوەو ئینتـاجی نەوت ئەو حـاڵەتە تـۆ موحتـاج نەبـووی کۆمپانیـایەکی ئەجنەبـی بێنـین ١٤% لە نەوت بچێـتە گیرفـانی وە تەحەمولی هەموو کـولفەی عەمەلیـاتی بـکەی، ئەوە بـا ئێـستا وەزعەکە دەبـووە شـتێکی تـر وە هەتا ئێستا ئەو نییە یەعنـی ئێـستاش تـاخیر نەبـووینە، ئێـستا سیاسـەتی مـن دەسـتم پێکـرد کە کادیرێکی کوردستانی تایبەت تەدریـب بـکەم وە ئیشـرافی لەسـەر بـکەم هەتـا مـوحتەمەلە پێـنج ساڵ شەش ساڵی تر ئیمکانیەتمـان هەبێـتن بە ژن و پیـاوی بە خیبـرەت خۆیـان ئینتـاجی نەوتـی کوردستان بکەن، ئەوە مەسەلەیەکی گرینگە ئەگەر ئەوهـا نەبێـتن ئیحتیاتـاتی کوردسـتان پێتـان بڵـێم یەعنـی زۆر بەردەوام نابێـت، تەبیعـی شـتی تـر لە کۆسـتەکە تەبـعەن ئەمە لە١٤% نـاتوانین مووناقەشەی لەسەر بکەین، چونکە ئەوە بە عەقدەوە مەجال تێـدا نییـە ئەوەی دەتـوانین بکەیـن من کە مەسئولم لە حکومەتی کوردستانی- عێراق دەتـوانین زەبتـی کـولفەی ئینتـاج بـکەم ئەوەی دەتـوانم زیـاتر لەوە نـاتوانم، تەبـعەن لەگەڵ ئەوە دەتـوانم شـتێك ئیـزافە بـکەم کە بتـوانین لە شەریکە زیاترین فایدە بۆ میللەتی کورد بە تەتویرو بە تەدریب و بە ئیمکانیات وە خزمەتگـوزاری مەناتقی گوند و شاری بچووك ئەوەش لە دەسـتیان بیـنمە دەرێ، نـاجێح بـووم لەوە ئەوە شـتێکم کرد ئەگەر ئەوەش نەکرا تەبیعی حاڵم دەبێتە حاڵی وەزیرێکی بەسیت بیست و چـوار سـەعات لە کوردسـتان نـامێنم جانتـام هەڵـدەگرم و دەچـمەوە، ئەوجـا ئەوە تەحەدیەکـی گەورەیە کە مـن هاتوومە بۆ ئەو تەحەدیە یان دەیکەم ئەگەر نەمکرد دەڕۆم، شـتێکی تـر تەبیعـی کـولفەی خۆمـان موحتەمەلە هەندە برادەرێك ببینیتن کە زۆرە یەکەك لە ئەساسیاتی کولفە مەسەلەی نـاردنی نەوت بەڕێگای تورکیا، تەبیعی پێش ئەوە هەتـا پـای پلانـی کوردسـتان دروسـتکرا پـێش ئەوە هەمـووی تانکەر بوو یەعنی تانکەر پڕ دەبوو دەچووە شـوێنێکی تـر مووشـکیلە ئەوەیە جـارێکی تـر عێـراق عەنبـار بـووی لەسـەرمان کـرد، چـونکە نـابێتن پـای پلانـی عێراقـی مەجـالی هەبـووە کە نەوتـی کوردیش لەگەڵ بچێتن بەس مەجالی نەدەدا، مەجبوور بووین عەقـدێك بکەیـن لەگەڵ تورکیـا بە کولفەیەکی زیاتر لە کـولفەی نەوتـی عێراقـی کـولفەی ئیجمـالی تەقریبەن ٠٦% لە داهـاتی نەوت ئەم کولفەیە نە بەس بۆڕییەو دەچێتە ناو خاکی تورکیـا، بەس ئەمە تەبـعەن نەشـائاتی تـورکی لە تێرمینـاڵی جیهـان ئەمە بەکـاردێنی وە خزمەتـی ئـێمە دەکەن تەبیعـی ئەوە کۆسـتە هەمـووی تەقریبەن٠٦%، ئێستا باسی غاز دەکەم ....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ با باسـی نەقڵمـان بـۆ بکـات کـاك علـی حـمە صـالح ئێـستا باسـی دەکـات، ئەوانەی کە باسـی دەکـات ئەگەر هەمـووی کـۆکەنەوە ئەو ڕەقەمـانە دەکـات کە پێمـان وایە دیـارنین بەس گـوێی لێبگرن ڕێك ئەو ڕەقەمانە دەکات، فەرموو.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

ئێـستا بەس شـتێکتان ئەدەمـێ لەسـەر مەسـەلەی غـازی، چـونکە مەسـەلەیەکی سـتراتیجیە و ئەساسـیە ئەوە مەسـەلەیەکی جیـایە ٢٠% کۆسـتەکەی عەمەلیـاتی نەوتە نەشـائاتی صـەتحییە نەوتەکە دەردەچیتن شتێکی پـیس و قـۆڕە وە دەچیـتە نەشـائات، لەوێ ئـاوەکەی لـێ جیـادەکەن زۆر شـتی تـری تێـدایە، نامەوێـت چـاوم ببینیـتن شـتێکی زۆر ناشـرینە، ئەوە بیسـت لەگەڵ ئەوە دەبێتە ٢٦% لەگەڵ ١٤% لە حەقی شەریکاتی نەوت ئەویش دەبێتە ٤٠%...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بیستمان زانی ئەوە ئی عەمەلیاتی ئینتاجە، شەشمان زانی ئی نەقڵە لە تورکیا، چواردەمان زانی ئی حسەی شەریکاتە، سەبرتان هەبێت بەڕێزان مەجالی بدەن بۆ ئەوەی قسە بکات.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

ئێستا باسی غاز دەکەم، چونکە غاز ستراتیجی ترە بۆ کوردستان لە نەوت، نەوت زۆر تەمەنی نەماوە غاز ئەساسە باش تێبگەن غاز موستەقبەلی مناڵەکانتانە بۆ ئێوە، نا نازانم ئێوە دەمێنن (٢٠) ساڵی تر یان نا بەس موستەقبەل غازە، ئەوە مووسیبەتێك بوو...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی هەندێکی تر لەو بابەتە کاك دکتۆر ئومێد وابزانم جواب دەداتەوە با ئەم نەپچڕێت.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

ئێستا باسی غاز دەکەین تەقریبەن ئێستا ئینتاجی غازمان لە یەك کێڵگەی غاز دێتن ئەوە کوردنورە، غازی دووەم غازی موساحبە ئەو غازەی لەگەڵ ئینتاجی نەوت دەرەچیتن، ئەو غازە بەداخەوە دەسوتێتن ئەوە حەوت ساڵە مەفرووزە نەسوتێتن بەس شەریکات دەیسوتێنیتن، ئێستا هەموو غازەکەی ئینتاجی کوردستان ئەمە دەکڕین هەر هەزار سکاف مکعب قیاسی بە سێ دۆلارو نیوە و دەچێتە کارەبای کوردستان، تەقریبەن هەولێرو ئاوا لەسەر غازە کە لە کورنۆر دێتن، هەتا ئێستا تەقریبەن چوار سەد ملیۆن مکعب ڕۆژێ ئینتاج دەکرێتن، تەبیعی ئەوەش زیاتر دەچیتن بە تەتویری عەقدی کورنۆر تەتویر بکەین غازەکە زیاد دەبێتن ئیحتیماله ٢٠٢٣ دەگەینە حەوت سەد ملیۆن سکاف، ڕۆژێ حەوت سەد ملیۆن شتێکی باشە کارەبایەکی باش پەیدا دەبیتن، تەبیعی ئێستا ئەگەر ببینن بۆ کوێ ئەچێتن ئەو غازە؟ بۆ قەیوان نەوەد و پێنج ملیۆن دەچیتن ڕۆژێ بۆ کار سی ملیۆن دەچیتن بۆ هەولێر سەد و سی و پێنج ملیۆن دەچیتن بۆ چەمچەماڵ سەد و سی و پێنج دەچیتن، هەمووی ١٠٠% کارەبایە هەمووی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی بەڕێزتان ئەڵێن غاز نافرۆشرێ ١٠٠% بۆ کارەبا بەکاردێت.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

١٠٠% بۆ کارەبایە چەند ساڵی تر ئەگەر خوا ویستی ئەگەر قابیلیەتمان هەبێ دەگەینە قۆناغێك بۆ فرۆشتنی غاز لەو حاڵەتە غاز دەبیتە داهات بۆ کوردستان، ئێستا باسی بەنزین دەکەین مەسەلەی مەسافی چۆن لە مەسافی وەزعی مەسافی چی دەکاتن، کوردستان ڕۆژێ دەوری پێنج بۆ شەش ملیۆن لیتری پێویستە یەعنی شەش ملیۆن لیتر دەسوتێتن هەموو ڕۆژ لەناو سەیارەکان لە کوردستان حکومەت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی نابێت ئەوەندە قسەکانی بپچڕێنیت بەڕێزان، با قسەکانی تەواو کات وادەڵێت، بەڕێزان نابێت لەناو قسەکانی ئەوا قسە بکەن با فکرەکەی بگەیەنێت، کاك دکتۆر بەڕێزتان فەرموون، کاك

علی توخوا دەرفەتدەن بێزەحمەت، بەڕێزان دەرفەت بدەن بۆ ئەوەی بەڕێزی قسە بکاو دوای ئەوە ئیتر بەڕێزێکی تر لە ئەنجوومەنی وەزیران قسە دەکات فەرموو کاك دکتۆر قسەکەتان تەواو بکەن.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

ئینجا بەنزین لە بابەتی گازوایل بەنزینەکە تەقریبەن ئەوە پێنج بۆ شەش ملیۆن لیترە ئەمە تەقریبەن یەك ملیۆن لیتر حکومەت تەسفیە دەکاتن لە مەسفای شەریکەی کار ئەو ملیۆنە ئەوە ئەیدەینە کار تەقریبەن بە قیاسی بیست و پێنج هەزار بەرمیل یانی بیست و پێنج هەزار بەرمیلی نەوتی خاو دەچێتە کار لەوێ کار تەسفیە دەکاتن وە یەك ملیۆن لیتر بەنزین ئینتاج دەکرێتن، ئێستا لەو کاتە بەنزین تەقریبەن بە (٦٦٠)دینارە ئەوە بە ئیتفاق لەگەڵ شەریکەی کار یانی نابیتن شەریکەی کار زیادبکاتن قیمەتەکەی لازمە (٦٢٠) دیناربێت ئەگەر فایدەی تاجیل بچێتە سەرێ مەفرووزە ببێتە (٦٦٠) دیناری عێراقی بۆ هەر لترێك...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با قسەکەی بکات بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کاك دکتۆر کەمال بەڕێزت لەنا قسەکانتا پرسیار وەرمەگرە، ئەوەی کە خۆت داتناوە بیڵێ، فەرموو کاك دکتۆر قسەی خۆت تەواوکە.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

ئێستا تەبیعی لە مەسەلەی ستافی کورد شتێکی زۆر مووهیمە کە لەگەڵ عەمەلیاتی نەوت لەگەڵ ئینتاجە نەوت لە کوردستان ئێمە بتوانین کە ستافی کورد ئی محەلی تەدریبەکی باش هەبێتن وە تەتویرێکی باش هەبێتن لەگەڵ عەمەلیاتی ئینتاجمان تەقریبەن ئێستا لە مانگی سێ ساڵی(٢٠٢١)، ئەو ساڵە ستافی کورد گەیشتووەتە مستەوای لە ٨١% لە ستافی عەمەلیات لە سناعیەی نەوتی کوردستان کوردن ئەوە شتێکی ممتازە ئەوە موستەقبەلی کوردستانە ئەوانەی مەجالی نەوت، یەعنی ئەوانە ئەساسی عەمەلیاتی موستەقبەلن پاش چەند ساڵی تر دەتوانین بەو ئافرەت و پیاوە سیناعیەی نەوتی کوردستانی هەر بەردەوام بێتن ئەگەر ئیختسادیاتی نەوت بۆ شەریکەی ئەجنەبی زۆر شتێکی گرینگ نەبێت بڵێتن ئەمن دەچم شەریکە بچێتن بەس ستافی کورد بتوانێتن بەردەوامی ئەو کێڵگانەی کوردستان بکاتن و ئینتاجەکەشمان هەر بەردەوام بیتن، ئێستا لەسەر مەسەلەی داهاتی نەوت بە حیسابی ئەوەی تەقریبەن پێنج مانگە لە مانگی یەك هەتا مانگی پێنج ئینتاجمان لە نەوت تەقریبەن شەست و پێنج ملیۆن و سێ سەد هەزارو شەش سەد و چل و شەش بەرمیل بوو لە هەموو کوردستان، موعەدەل سێزدە ملیۆن تەقریبەن مانگێك لەو پێنج مانگانە ئەگەر بە حیسابی پەنجاو یەك دۆلار ئەوەمان دانایە کە موعەدەلی سعر پەنجاو یەك دۆلارە ئەوەمان دانایە لەهەر بەرمیلێك ئەوە بۆ فرۆشتن موعەدەلی سعری فرۆشتن بەنەتیجە بۆ پێنج مانگ دەبێتە یەك ملیارو سێ سەد و بیست و شەش ملیۆن ئەوە بۆ معاشەکانە، دوو سەد و شەست و پێنج ملیۆن دۆلارو دوو سەد و بیست و سێ هەزار ئەوە بۆ بودجەیە، ئێستا ئەگەر بێین کۆستەکەش دانێینە سەر کۆستی نەوت ئەوەی ئیلاقەی بە دەینەکان و لەسەر مانگی دوانزە هەتا مانگی پێنج ملیارەك و نۆ سەد و شەست و نۆ ملیۆن دۆلار لە کۆستەکەی کولفی کولفەی نەوت ئەساسەکەی ئی (١٠ی مانگی ٢)، مانگێك دەبێتە سێ سەد و نەوەد و سێ ملیۆن دۆلارو هەشت سەد و نەود و سێ هەزار، کولفەی نەوت ئەوەی ئیلاقەی بە

دەینەکـانە وە ئیلتزاماتمـان بەهەمـووی دەبێـتە تەقـریبەن٥٨% لە داهـاتی نەوت ئەوە کـولفەی ئینتـاج، کـولفەی عەمەلیـات و دەینەکـان هەمـوو دەینەکـان تـێکەڵاو تەقـریبەن ٥٨%، لە داهـاتی ئەساسی ئەگەر بشکێنی بەس بـۆ عەمەلیـات دەبێـتە ٢٠% لە داهـات ئەوە کـولفەی عەمەلیـاتە بـۆ ئینتاج ئەوە کەم نییە یەعنی هەقی شەریکە تەقـریبەن لە ١٤% یە ٠٦% کـولفەی تـرانس سـپۆرتە ئەوەی کە باسمانکرد لە پای پلانی ڕێگایی تورکیـاو موشـائاتی تـورکی ئەوەی تـر چیە قەرەبـووی بینایەکانی لەسەر خۆمـانە ئەو بەینـانە لازمە بـدەین هەتـا بەردەوامـی سیناعاتی نەوت و غـاز لە کوردستان بەردەوام بێتن نەك ڕاوەستیتن هەتا بتوانین معاشەکانی ئەو مـیللەتە بـدەین بـێ ئەوە داهات نییە، یانی بەدیلێکت نیـیە ئیمـڕۆ ئەوەی ڕاوەسـتێنی بلێـی ئەوە هەمـووی غەلەتەو بـاش نیـیە ئەو بەدیلەمـان هەیە کەی داهـات بەشـی معـاش و بەشـی ئیسـتپمارات و بەشـی ژیـانەکی تەبیعـی بکـاتن لەبەر ئەوە وەزع ئەمـڕۆ ئـاوایە سـەیتەرەکەمان لەسـەر کۆسـتەکە هەیە لەسـەر کولفەکەیە ئەوەندە بتوانین تیمەکەم بەهێـزە، ئێسـتا کـولفەکەی کەم بکەیـن داهـاتی زیـاد بکەیـن وەجــارێکی تــر ئەگەر لەنــاو پــڕۆژەی ســتراتیجی خۆمــان کە گفتووگــۆیەکی دی بکەیــن مناقەشەیەکی تر بکەین لەسـەر عقـودی مشـارەکەی ئینتـاج ئـی شـەریکاتی ئەجنەبـی خەبیرمـان هەیە ئەوانەی لەژێــر دەســتیان ئیشــیان دەکــرد هەریەکەك (٣٠، ٣٥، ٤٠) ســاڵ خیبرەتــی نێــو دەوڵەتیان هەیە و من هەڵبژاردن بەتەواوەتی شتی باشم هێنایە دەتوانین سـەیتەرەیەکی تەواو لەسەر عقودەکانی خۆمان بکەین وە پارەکەی قیمەتی کولفەی نەوتـیش بـدەین کە ١٠٠% دەزانـین ئەو کولفەیە موستەحەقی ئەو کەمیەی بەرمیلی نەوتە پێشان ئەوها نەبوو، ئەوە تەبیعی پرسـیار هاتبوو...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزتان بۆ ئیسرحات ناکەن لەشوێنی خۆتان ئەگەر ئیشت بە ئەوە نەماوە، دەست خۆش.

**بەڕێز کەمال ئەترووشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

ئێستا برای خۆشەویست خوشکەکانم چەند پرسیاری جەنابتان هەبوو لەسەر...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتیەکان وەڵامی پرسیارەکانتان ئەداتەوە لەکاتی وەڵامدانەوە پرسیاری لێ مەکەن بەڕێزان فەرموو.

**بەڕێز کەمال ئەترووشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

بەس هەتا پرسیاری جەوهەریتان هەبوو ئەو پرسیارە بەڕاستی ئەوڕۆ خۆشحاڵم تێگەیشتم چـی هەیەو چــی نیــیە مەشــاکیل هەیەو ئەمــانە مــن (٢٤) کــاتژمێر مێشــکم لە مەســەلەی نەوتــی کوردسـتانە، چـونکە چاکسـازییەکی لەنـاو بـکەم ئێسـتا زانـیم مووشـکیلەی ئیجتمـاعی چیـیە؟ مووشـکیلەی مـووچە چیـیە مووشـکیلەی بەنـزین چیـیە؟ ئێسـتا ئەو هەمـووە مەعلومـاتی پێـنج مانگم هەیە، یەعنی پێنج مانگە لێرەمە ئەوە (٤٠) سـاڵە عێـراقم نەدیـوە نە کوردسـتان نە عێـراق ئینجا هاتوومە لە پاش (٤٠) ساڵ هەتا کوردیەکەم باش نییە یەعنی قسەم پێنەکردووە (٤٠) سـاڵە بەس هەرباشە خراپ نییە ئەوە پێنج مانگە فێربووم خراپ نییە، باسی کۆستەکانمان کـرد باسـی کـولفەی نەوتمـان کـرد و چـۆن دەتـوانین کـولفەکەی کەم بکەیـن باسـی بەدیلـی نەوتمـان کـرد برادەرێك خوشکێك لە ئێـوە باسی بەدیلـی کـرد ئەگەر نەوت تەواو بـوو چـی بکەیـن؟ بەدیلمـان هەیە باسـی کـانزای دەکـرد، مـن سیاسـەتێکی تـایبەتم هەیە بـۆ کانزاکـانی کوردسـتان ئـێمە فەترەیەکــی زۆر دووروو درێــژە لە وەزارەتــی ســامانە سرووشــتییەکان پێشــی مــن بــگەم

مەنتیقەیەکیان تەقریبەن کردیانە حەوت بلۆکی ئیستیشاف دۆزینەوەی تەقینی مەعدەنی بەس هیچ ئیشی لەسەر نەکراوە حەلەل ئیگلاق تەقاریدی لەسەر ئیمکانیاتی مەعدەنی کانزاکانی کوردستان هەموو تەقاریدی ساڵی(١٩٦٥، ١٩٧٠)یە، تەبیعی ئەوە هیچ قیمەتی فەنیی و علمی و ئیختسادیان نەماوە ئەمن ئێستا لە هەیکەلی نوی هەیکەلێکی زۆر پێشکەوتوو داناوە لە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان ئەو هەیکەلە پێی ئەڵێن سەیتەرە کردن، هەموو کانزای نەوت وغاز کردمە ژێر ئەقسانی تایبەتی موتەخەسس بە موتابەعە وبە مەسئولیەت ئەوە ئیشەکەی چییە؟ ئیشەکەی دوو شتە ئەمە دوو نەوعە عقودمان هەیە کولفەی زۆرە لەسەر شانی خۆمان یەعنی لە گۆشتی خۆمان دەخورێتن عقودی شەریکاتی نەوتە ئەوە تەواوی کرد سەیتەرەیەکی تەواوم کرد لەسەری ئێستا ناتوانن یەك ملیمەتر بجوڵێن یەك فلس ناتووانن بدزن یان بەشێوەیەکی بێ قانوونی و بێ ئسوول وەرگن ئەوە تەواوە تەبیعی دڵیان ناخۆشە زۆر دڵیان ناخۆشە، نەوعی عەقدی دووەم عەقدەکانی خزمەتگووزاری خۆمانە جەماعەتی خۆمانە ئەوەی نان دەباتن عەقدی نان بۆ ئەوێ ئەوەی ئاو دەباتن ئەوەی نەقڵ دەکاتن ئەوەی سکوێریتی و ئەوشتانە ئەوەش چیم لێکرد بۆ سکوێریتی هەموو عەقدەکانی پێشان ڕەفز کران ئێستا سکوێریتی ١٠٠% لە دەستی (OPF) ئی خۆمە یەعنی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان پۆلیسی وەزارەت تەئمینی هەموو کێڵگەکانی نەوت ئەکات تەبعەن حکومییە کۆمپانیای سکوێریتی ئیلا بۆ پاراستنی شەخسی سەرۆکی کۆمپانیای ئەجنەبی یان مودیری عەمەلیات وەختی دەچێتن لە ماڵەکەی تا ئۆفیس ئەوەش شتێکی مووقارەنەتەن بە کولفەی پێشان هیچ نییە پێشان بە مەلاین بوو ئێستا لەژێر دەستی منە پاراستنی کێڵگەی کوردستان بە پۆلیسی کوردستانە تەواو، ئەوجە ئەوە مەسەلەی عقودی سکوێریتی شتی ئاوا، ئەوە بۆ برام یا شێخ مەسدەرێکی پارەشم هێنایە ئەو (OPF) نییە، ئەوەی پاراستنی کێڵگەکان دەکات چ پارە دەداتن شەریکات پارە دەدات ئەمەش تحویلی برام دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کاك دکتۆر شێرکۆ پرسیاریی جانبی لێ مەکەن، بۆ ئەوەی تەرکیزی هەبێت، ئەیەوێت مەعلوماتمان پێ بدات بەو تەمەنەوە فەرموو بەڕێزتان.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

کەسێك ووتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ٥٠% لە داهاتی نەوت خۆی دەخوات و سەرف دەکاتن نازانم ئەوە لەکوێ هاتووە یەعنی بودجەی شانزە ملیۆن دیناری عێراقیە ئەمن وەزیرم وەزارەتیشم هەیە ٥٠% لە داهاتی نەوت، یەعنی دەبمە ملیاردێر بە دوو مانگ و دوای خواتان لەگەڵ باوەڕبکەن ئەوە ڕاستی نییە دینارەك لە وەزارەت دەرناچێتن بە گەندەڵی و دینارەك نایەتە ناو وەزارەت بە درۆ بە گەندەڵی تەوقێکی ئاگر وە ئاسنم دانایە بە حەیاتی تاریخی ئەو وەزارەتە نەبووە لە هیچ وەزارەتێکی تریش نییە نیزامی عقودم دانایە بۆ تەندەرەکان خاسەتەن بۆ جەماعەتی خۆمان ئەوەی ناوخۆ ئەوانەی نان ئەبات بۆ ئەوانە وام لێکردوونە کە بەس خواو من وە مودیرعام دەزانیتن کێ کامە تەندەری تەقدیم کردووە و بەچی سعرێك لەوە سێ کەس دەزانن خوا من وە مودیرعامی ئیختسادی ئیتلاقیەن کەس نازانیتن کێ تەقدیمی کردووە بەچی سعرێك گەندەڵی سفرە ئەوەی گەندەڵی دەکاتن لەلای من نە شەرەفی هەیە، نە ناموسی هەیە،

نە ئەسلی هەیە، نە ئەخلاقی هەیە، ئەوجە باوەڕ بکەن بەحەقی خوای رب العالمین ئەوەی بگرم مۆزەفی من بێت بیانی بێت یان چاوشین بێت ئەجنەبی بێت سەد پارچەی دەکەم بە قورئان....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان با قسەکانی بکات بەرێز کاك دکتۆر کەمال وەزیری سامانە سرووشتییەکان قسەکانت بکە دەست خۆشیت لێدەکەین بەردەوامبن، الحمد الله پێدەکەنن هەمووتان زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان بەڵێ بەردەوامبن بەڕێزتان.

**بەڕێز کەمال ئەتروشی/ وەزیری سامانە سرووشتییەکان:**

بەس یەك نوقتەم هەیە بێزەحمەت ئەوە پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدراڵی ئیلاقەتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئەوە(١٥) ساڵە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدراڵی باش نەبووە هەتا ئیلاقەتی ئسولی و دبلۆماسیەوە ئەوەش نەبووە، من وەزیری نەوتی عێراق باش دەناسم وە زۆر منی خۆش دەوێت وابزانم ئەوە مناسەبەیەکی باشە کە ئیلاقەتێکی نوێ هەیە مەجالی دەستووری ئەمە حەقمان هەیە بەئیستپماراتی نەوتی کوردستان بە دەستی کورد ئەساسی دەستوورییە (١١١، ١١٢)، وە مەجالی نیقاشی نییە ولآتی خۆمانە نەوت و غازی خۆمانە میللەتی کورد لێرەیە حەقی ئینسانی و دەستوورییە ئیستپماراتی ئەو نەوتە بکاتن بۆ ئەو میللەتەیە بەس چییە ئسولەن ئیلاقەتێکمان هەبێتن مەعقول دبلوماسی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدراڵی ئەوە یارمەتیشمان دەکاتن، چونکە زۆر عقودی موشتەرەکمان هەیە بەینی خۆمان، هەتا هەموو شتێك بکەوێتە ناو ستراتیجیەکی دیار و وازح هیچ مووشکیلە پەیدا نەبێتن ئیتفاقێکی ئەخلاقیش هەبێتن بەینی خۆمان، چونکە مەنزوومەی نەوت لە کوردستان دەست پێبکات لە ئەڵمان مەصقەت تەواو دەبێتن یەکە دوو نییە یەکە، لەبەر ئەوە لەگەڵ دراوسێ کە عێراق بێت یان کەسی تر باشە نەوعەکی ئیجابیەت هەبێتن لە ئیلاقاتی نهێنی و ئەخلاقی وە دەستووریەن هەریەکەو حەقی خۆی دەزانێتن ئەوجە لەو بابەتە من دەمەوێت کەمێ بۆنی خۆش دانێمە سەر ئەو وەزعەی هەبووە لەو (١٥) ساڵە وابزانم هەر فایدەیەکی تێدایە وە ان شاالله خێری تێدا دەبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان بەڕێزتان قسەدەکەن تەکمیلەکەی دکتۆر ئومێد دەیکات.

**بەڕێز خالد شوانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز ئەم کاتەتان باش، دیارە من سەرەتا باسی ڕەوتی مفاوەزەتەکان و ئاخیر پرسیار کە ئێوە زۆر ئەتانکرد گەیشتوونەتە کوێ باسی دەکەم دوایش ڕەیی خۆم دەڵێم لەسەر هەندێك لە مووداخەلەکانی ئێوەی بەڕێز.

یەکەم/ قانوونی موازەنە لە(٢٠٢١/٣/٣١) ئیقرار کرا لە پەرلەمان ئەم قانوونە بەشێوەیەکی عام مەبلەغەکەی لە کۆی مەبلەغی موازەنە بریتی بووە لە (١٢٩) تریلیۆن، (١٠١) تریلیۆنی ئیراداتە (١٢٨) تریلیۆنیش حجزی هەیە، ئیلتزاماتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ئینتفاقەی کە کراوە کاك ئاوات باسیکرد ئیتفاقێکی موتەوازنە لەنێوان ئێمەو لەنێوان لایەنی حکومەتی ئیتعادی

تەبعەن ئەوە سەرەتا تەرحی ئێمە نەبووە بۆ ئەو ئیتفاقە ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین ئەو ئیتفاقەی کە لەگەڵ حکومەتی ئیتعادیا کردبوومان ڕۆژانە (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوت تەسلیمی سۆمۆ بکرێت، بەڵام ئەم ئیتفاقە لەگەڵ حکومەتی ئیتفاقیدا لەگەڵ پەرلەمان کەوتینە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مفاوەزات لەگەڵ ماڵی شیعەیا ماڵی شیعە بەپێی حزبەکان پێیان وابوو ئەبێ هەرێمی کوردستان قیمەتی (٢٥٠) هەزار بەرمیل تەسلیم بکات ئەمە ئیلتیزامی یەکەمە لەسەر شانی ئێمە بەپێی سعری سۆمۆ کە حکومەتی عێراق ڕۆژانە پێی ئەفرۆشێت.
دووەم/ ٥٠٪ داهاتی زەرائیبی ئیتیحادی و ڕسومی ئیتیحادی کە لەقانوونی ئیدارەی مالیی عێراقدا ژمارە (١٦) ی ساڵی (٢٠١٩) دیاریکراوە ئەبێ بیدەینە عێراق، ٥٠٪ داهاتی خاڵە سنوورییەکانیش ئەوەش ئیلتزامی سەرشانی ئێمەیە ئەبێت بیدەینە عێراق قەرزەکانی **TBI**کە مەسرەفی عێراقی تیجارە کە ئەبێت تەسلیمی عێراقی بکەین بریتیە لە(٤) چوار ترلیۆن و پێنج سەد و دوانزە ملیار دینار کە لەئەرسیدەی ئەوان بووە لەسەر حیسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنفیزکراوە وە ئێستا ئەوان داوای دەکەن ئیزافەتەن بۆ یەك ترلیۆن و دووسەد و سیانزە ملیار دینار کە وەکو فائیدە باسی دەکەن دابەشی سەر(٧)ساڵیان کردووە، بەڵام ئەمە ئیتفاقێکی لەسەر کراوە دوای برای بەڕێم کاك حەکیم باسی دەکات، ئەمەش دوای لە ئەخیرا باسی دەکەم بۆ ئەم وەزعەی هەرێمی کوردستان و بۆ ئاوای لێهات و کێ بەرپرسە لەوەی (٤) چوار ترلیۆن دینار لە ماوەی (٣) ساڵ دا بکرێتە قەرزو جێبەجێ بکرێت و بخرێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیمتیازاتی هەرێمی کوردستان لەناو ئەم قانوونەیا چیە ئیمتیازاتی ئیقتسادیمان هەیە ئیستقرارێکی ئیقتسادی بەدوای خۆی ئەهێنێ، شەرعیەتی بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان داوە ئەمە مەوقعیەتی تەفاوزی بەقوەت ئەکا لەگەڵ شەریکاتی نەوتا کە برای بەرێزما کاك دکتۆر کەمال دەست پێبکات لەگەڵ کۆمپانیاکانا لەگەڵ نەوتی هەرێمی کوردستان بە قاچاغ نییە لە ناو موئەسەسەی قانوونی دەوڵەتی عێراقیە، ئەتوانی سعری نەوت بەرزتر بکەیتەوە وە مەسائیلی کولفەی ئینتاج و کولفەی نەقڵ و ئەوانەش کومتر بکەیتەوە وەزعێکی ئیقتیسادی باشتر بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکات لەڕووی ئیمتیازاتی مالیی لە ئیستحقاقاتی مالیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قانوونەدا لە فەقەرەی (هـ) دیاریکراوە کە ئەڵێ ئەو سێ ئیلتزامەی پێشتر باسم کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتوو ئیلتزامی کرد حکومەتی ئیتعادی ئەبێت تەسدیدی هەموو مووستەحەقاتی هەرێمی کوردستان بکات، برادەران لێرە ئێمە دواتر ئێستا ئەو مووشکیلەی کە هەمانە لەگەڵ وەزارەتی دارایی لێرەوە سەرچاوە ئەگرێت ئەوان حسەی هەرێمی کودستان بەپێی نەفەقاتی فعلی حکومەتی عێراقیە (١٢) فاسیڵە (٦٩)ی ئەو نەفەقاتی فعلیەیە، ئێمە کاتی نووسینەوەی ئەم ئینتفاقە زانیمان حکومەتی ئیتحادی لەکاتی جێبەجێ کردن ڕەنگە ئەو مشکیلەیەمان بۆ دروست بکات، بۆیە ئەم فەقەرەیەمان دانا لەناو قانوونەکە ئەگەر هاتوو ئێمە ئیلتزاماتمان کرد زەمان چیە حکومەتی ئیتعادی ئیلتزام بکات لێرە دامانا هەموو ئەو ئیستحقاقاتانەی لەناو قانوونی موازەنە هاتووە وە لەناو جەداولەکان کە هاوپێچن لەگەڵ قانوونی موازەنەدا ئەبێت سەرف بکرێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر ئەم نەسەش وای کردووە کە لە جێی لایەنە عێراقیەکان بکەین لەکاتی جێبەجێ کردنی قانوونی موازەنەدا وەئەم دەرهاوێشتانەو ئەم

بڕیـارانەی ئێسـتا کە هـاتووەو ئەم دوو سـەد ملیـارەو ئەوانەی لێکەوتـۆتەوە، ئەگەر هـاتوو ئەو ئیستحقاقاتی خۆمـان ١٠٠% وەربگـرین سـاڵانە (١٢) تریلیـۆن دووسـەد و شەسـت و حەوت ملیـار دینار ئەبێت بێت بۆ هەرێمی کوردستان کە مانگانە ئەکاتە (١) یەك تریلیۆن و بیسـت و دوو ملیـار دینار ئەبێت بێت بۆ هەرێمی کوردستان یان ببێـتە حسـەی هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی مـوازەنە، لەدوای دەرچـوونی قـانوونەکە هەنگاوەکـان چـی بـووە بـۆ جێبەجـێ کردنـی مـاددەکە چـونکە هەندێکجار گوێشمان لەوە ئەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیویستووە ماددەکە جێبەجێ بکـات وەهەنـدێك جـار ئیلتزاماتەکـانی خۆیـان نەکـردوە بـرادەران هەروەك وتـم (٢٠٢١/٣/٣١)، قـــانوونەکە ئیقـــرار کـــرا لە هەفـــتەیەك دوای ئیقـــرار کردنـــی قـــانوونەکە لە کۆبـــوونەوەی ڕۆژی(٢٠٢١/٤/٧)، بڕیاری ژمـارە(٩٥)ی ئەنجـوومەنی وەزیـران دەرچـووە ئەنجـوومەنی وەزیرانـی حکومەتی هەرێم لیژنەیەك دروست کـراوە بەسـەرۆکایەتی بـرای بەڕێـزم کـاك شـێخ ئـاوات کـاك کەمال برای بەڕێـزم وەزیـری پلانـدانان لەگەڵ بەنـدە لەگەڵ سـەرۆکی دیـوانی چـاودێری دارایـی بەمەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی قـانوونی مـوازەنە بەتـایبەتی مـاددەی (١١)، لەڕۆژی (٢٠٢١/٤/١٣)، بەنووسـراوی ژمـارە (١٦٣) لە (٢٠٢١/٤/١٣)، بە نـوێنەرایەتی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و وەزارەتـی دارایـی موخـاتەبەی وەزارەتـی دارایـی عێراقـی کـردووە ئەڵـی ئـێمە ئامـادەین بـا ڕێ وشـــوێنەکانی جێبەجـــێ کردنـــی ئەم مـــاددەیە بگـــرینە بەر، بەڵام وەڵاممـــان وەرنەگرتـــووە لە (٢٠٢/٤/١٥)، بە نووسـراوی ژمـارە (١١٨٦) یەك یەك هەشـت شـەش، بە ئیمـزای بەڕێـز سـەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان نووسراوێکی ڕەسمی ئاراستەی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق کـراوە ئەڵێن بـا مـاددەکە جێبەجـێ بکەیـن، بەڵام جـارێکی تـریش لەوێ وەڵاممـان وەرنەگرتـووە، لەبەر ئەوەی وەڵاممـان دەسـت نەدەکەوت ئـێمە لە ئەنجـوومەنی وەزیـران بڕیـاری ئەوەمـان دا کە وەفـدێکی بـاڵا دروست بکەیـن بە سـەرۆکایەتی بـرای بەڕێزمـان کـاك قوبـاد تاڵەبـانی جێگـری سەرۆکی حکومەت لە ڕۆژی (٢٠٢١/٥/٣٠)، ئێمە سەردانی بەغـدامان کـرد مفاوەزەکانمـان لە بەغـدا ئەنجامدا و دەستی پێکرد بەشێوەیەکی تر تیمەکەمان دابەش بوو بەسـەر چەنـد تیمێکـدا (تیمـی دارایی، تیمی نەوت، تیمی چاودێری دارایی، تیمی TBI)، تیمی دارایـی مـن و بـرای بەڕێـزم بـووین لەگەڵ وەزیـری دارایـی عێراقـدا کۆبـووینەوە تەبـعەن ویسـتیان وا نیشـان بـدەن کەمتەرخەمـی لەلایەن حکــومەتی هەرێمــی کوردســتانەوە هەبــوو، بەڵام کاتێــك کە ئــێمە نووســراوەکانمان نیشـاندان ووتـی بەڵـێ ئـێمە نووسـراوەکەمان بینیـووە، بەڵام ڕەنـگە هەنگاومـان نەنـاوەو ڕەنـگە هەنـدە هۆکـاریی سیاسـی هەبێـت و ئەوانە لەوێ ئیتفاقمـان کـرد لەسـەر میکـانیزمی جێبەجـێ کردنـی ئەم مـاددەیە چـۆن بێـت لە چوارچێـوەی ئەو ئینتفـاقەی کە کردمـان وەزیـری دارایـی نووسـراوێکی کـردووە بـۆ سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق بە ژمـارە(١٠/٩٠)، دە/نەوەد، لە(٢٠٢١/٥/٢٥) داوای ئەم سێ خاڵەی کردووە وەکو ئیلتزامی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکـات بـۆ ئەوەی ئەو حسەی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

یەك: نووسراوێکی بـۆ بـڕوات لە سۆمۆوە کە قیمەتـی ئەو (٢٥٠) هەزار بەرمیلە ڕۆژانەیە نیشـان بدات.

دوو: دیوانی چاودێریی دارایی حکومەتی ئیتعادی بە تەنسیق لەگەڵ دیـوانی چـاودێریی دارایـی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووردبینی لە داهـاتە نـا نەوتیـیە نـا ئیتحادیەکـان بکـات بـۆ ئەوەی

بزانن چەندە و بۆ مەعلوماتی ئێوە ئەوان سەد ملیۆن دۆلاریی مانگانەیان لە تەخنین کردووە وەك داهاتی نانەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان قابیلە بۆ تەدقیق کردن لەلایەن ئەو تیمە مووشتەرەکەوە کە پێویستە دروست بکرێت، لە چوارچێوەی ئەم سیناریۆیەو جێبەجێ کردنی ئەم نووسراوە کە بۆ ئێمە هاتووە لەلایەن مەکتەبی سەرۆك وەزیرانەوە کۆبوونەوەیەك لەنێوان وەفدی ئێمە لەگەڵ سۆمۆ کرا ئیتیفاق کرا کاك ( دکتۆر کەمال ) بەنووسراوی ژمارە ( ٤٥٩٦ ) لە ٢٠٢١/٦/٦ تەفاسیلی فرۆشتنی نەوت و قیمەتی نەوت و ئەو تەکالیفی نەوت و هەموو بابەتەکانی گرێدراون بە نەوت بەو (٢٥٠) هەزار بەرمیلە کۆی ئەوەی ئینتاج ئەکرێ ناردوویەتی بۆ وەزیری نەوتی عێراقی، وەزیری نەوتی عێراقی لە ڕۆژی (٢٠٢١/٦/٨) بەنووسراوی (٢٢٣) ئەم ڕاپۆرتەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستانی پەسەند کردووە ناردوویەتی بۆ مەکتەبی سەرۆك وزەراو بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی ئیتحادی، واتا ئیلتزامی یەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێت بیکات بەپێی ئەو کتابەی تەبعەن کتابەکانم هەمووی لەلایە ئەگەر ویستتان ئەتوانم نووسخەیەکتان بدەمێ، دوای وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو ئیلتزامەی حکومەتی هەرێمی پەسەند کردووە، سەبارەت بە چاودێری دارایی بۆ تەدقیق کردنی داهاتی ئیتحادی نانەوتی لە (٢٠٢١/٢/١٥) ئێمە ڕەشنووسێکی موزەکەرەی تەفاهوممان لەگەڵ لایەنی عێراقی ئیمزا کردووە دواتر لە مانگە (٥) ڕەقەمەکان هەموو کتابەکانم لەبەر دەستە بە سێ نووسراوی یەك لەدوای یەك.

یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆی پیشانداوە بۆ ئەنجامدانی تەدقیق.

دووەم: کتابێك کراوە لە دیوانی چاودێریی دارایی عێراقەوە لە ڕۆژی (٥/٢٦) ژمارە (١/١٥) پانزە لەسەر یەك لەسەر (١٠٥) داوا دەکات نوێنەری چاودێریی دارایی حکومەتی ئیتحادی دیاریی بکرێت، بۆ ئەوەی وردبینی دەست پێبکرێت لە (٢٠٢١/٦/١) تیمەکە دروست کراوە بەنووسراوی ژمارە (الەسەر١٠٩) لە (٢٠٢١/٦/٧) ئەوان دەست بەکار بوونە دەستیان کردووە بە تەدقیق کردن لە داهاتە نانەوتییەکان سەردانی مەرزە ڕەسمیەکانی هەرێمی کوردستانیان کردووە وە دەستیان کردووە بە تەدقیق کردن، لە ڕۆژی (٢٠٢١/٦/٢٤) ئەمان ڕاپۆرتی خۆیان بەرز کردۆتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە حکومەتی ئیتحادی هەندێك تێڕوانینی جیاوازمان هەیە لەسەر شێوازی تەدقیق کردنەکان هەر ئەوەش وایکردووە کە مەجلسی وزەرا دواتر بڕیارەکەی کە دەری کردووە (١٩٤) لە ڕۆژی (٦/١٥)دا، بەشێوەیەك لە شێوەکان بڵێی تاکو تەدقیقی چاودێری دارایی تەواو دەبێت ئەو پارەیەی کە(٢٠٠) ملیارە بۆ هەرێمی کوردستان بڕوا، دوای ئەوەی ئەمانە کە هەمووی کۆکرایەوە چووین لەگەڵ وەزیری دارایی جارێکی تر کۆبووینەوە، ئێمە گوێمان لە هەندێ قسە بووە لە هەندێ تەفسیری وەزیری دارایی بووە بۆ ئەو نەسەی کە هەیە بە ئاڕاستەیەك بوو ڕەنگە لە هەندێك لەم لاو ئەولا لە ڕاگەیاندن باس کرابێت، بەڵام من لێرە بە ڕەسمی پێتانی ئەڵێم ئەو وتی بەپێی حیساباتی وەزارەتی دارایی عێراق ئێوە ئەبێت ڕاستە (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوت تەسلیم بکەن پارەی (TBI) کە ئیتفاقی لەسەر کراوەو ئیتفاقەکە چۆنە کاك حەکیم بۆتانی باس ئەکات وە لەگەڵ تەدقیق کردنی داهاتە نانەوتیەکاندا بەپێی حیساباتی وەزارەتی دارایی ئیتحادی بە موعەدەل مانگانە لە مانگی (١و٢و٣و٤) ئێوە ئەبێت لە سەرووی ئەوەشەوە(١٥٠) ملیۆن دۆلار بە موعەدەل قەرزارن دەبێ بیدەنە حکومەتی

ئیتحـادی، تەبـعەن ئەوە سـەدمە بـوو بەلای ئـێمەوە ئـێمە موعـاجەزەی قـانوونی خۆمانمـان کـرد لەگەڵیانـا کەوتیـنە قسـەکردن کۆبوونەوەمـان لەگەڵ سـەرۆك وەزیرانـا بـوو سـتافی وەزارەتـی نەوتیان لەگەڵ وەزیری دارایی و سەرۆکی دیوانی چاودێریی ئەم موناقەشانەمان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق کرد، دەرەنجـام دەرکەوت تێڕوانینەکـانی ئێمـی لە ڕووی قـانوونییەوە مەنتقیـیە وە قانوونییەکانی ئێمە تەواوترە، بۆیە وەزیری دارایـی وتـی باشـە مـن ئەمە وای لێهاتووە، بەڵام من ئەترسم با پاڵپشتییەکی سیاسیم هەبێت پاڵپشتیەکی قانوونیم هەبێت ئەوجا من ئەو پـارەیە سـەرف دەکەم، بـۆیە ئەم پڕۆسـەیە گەیەنـرایە کـوێ گەیەنـرایە ئەنجـوومەنی وەزیـران ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژی (٢٠٢١/٦/١٥) بە بڕیاری ژمارە (١٩٤)، ئەم بڕیارەی دەرکـرد بڕیـارەکە بریتیە لەمەی خوارەوە، کە حکومەتی ئیتحـادی تـاکو فەریقەکـانی چـاودێری دارایـی کارەکانیـان تەواو ئەکەن ئەو (٢٠٠) ملیـار دینـار لە ڕۆژی (٢٠٢١/١/١)وە، بنێرێـت بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دەفعـی موسـتەحەقەکانی وە دواتـر تەسـفییە لەم حیسـاباتە بکـرێن لەسـەر ئەم ڕاپۆرتانەی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی کە تەشکیل بـووەو خەریکـی ئـیش و کارەکانیـانن، ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران بە کتابی (٤٢/٥/١/١٠) دە لەسەر یەك لەسەر پێنج لەسەر چـل و دوو، لەڕۆژی (٢٠٢١/٦/١٧)، لە ئەمینداریەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی وەزارەتـی داریـی کراوە، ئاخیر قسـە لەسـەر وەزارەتـی دارایـی و مەسـیری ئەم کتـابە لە کـوێیە، مـن دوێنـێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق قسەم کـرد ئەم بـرا بەڕێـزانەش لەوێ بـوون لە کۆبـوونەوەکە قسـەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوانەی خوار وەزیر لەگەڵ وەزیر قسەم نەکرد دەستم نەکەوت وە قسەیەکی ئەوتـۆم دەست نەکەوت ئەوان پارەکە ئەنێـرن یـان نـاینێرن ئەم کتـابە جێبەجـێ ئەکەن یـان نـایکەن هەر ئەڵێن وا خەریکی دیراسـەین چـاوەڕێکە وەختمـان بـدەرێ ئەمڕۆنـا سبەی ئەمڕۆنـا سـبەی، هەتـا ئێستا ئەم بڕیارە یانی وەڵامێکی وازح و سەریحمان لە وەزارەتی دارایی عێراقەوە وەرنەگرتـووە ئەم مەبلەغە دێـت یـان نـایەت، دوا پێشـهاتی مفاوەزەکانـا مـن هەر بەکـورتی باسـم کـرد ئەمەش نەتیجەکەیەتـی ئیتـر لە هەوڵەکانمـان بەردەوام دەبـین لەگەڵ وەزارەتـی دارایـی عێـراق لەسـەر خەت ئەبــین، بــۆ ئەوەی بتــوانین ئەمە ئیســتحقاقی ئــێمەیەو ئــێمە بتــوانین ئیســتحقاقی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانەو بگاتە هەرێمـی کوردسـتان، دێـمە سـەر ئەوەی کە ڕەئـی خـۆم وەك ئەنـدامێکی ئەنجـوومەنی وەزیـران لەسـەر ئەم بـارودۆخەی کە هەیە وە بەتـایبەتی لەدوای ئەوەی کە ڕەخنەکـان زۆر ڕووبەڕووی ئـێمە بـۆوە وە هەندێکیشـی برینـدار کـردن بـوو لە ئاسـتی میهەنـیەت و ئاسـتی کـاری حکـومی و پەرلەمـانی و ئەوانە دەرچـوو گەیشـتە ئەوەی هجـوومی شەخسی بکرێتە سەرمان، وەك ئەوەی بڵێی من و کاك ئاوات و کـاك کەمـال و کـاك ئومێـد عەقـدە نەوتییەکانمان ئیمزا کردووە، وەك ئەوەی بڵێی ئێمە ئەو هەموو کولفەی ئینتـاج و نەقـڵ و نـازانم کۆمپانیا ئەجنەبیەکانمـان هێنـاوەتە ئێـرە، وەك ئەوەی بڵێـی هەمـوو ئەو بـابەتە کارەسـات بـارەی مەجـالی نەوت کە کـاك دکتـۆر کەمـال باسـیکرد لەڕووی مەهمـیەوە لەڕووی ئەرقـامەوە لەڕووی علمـیەوە باسـیکرد، بەڵام مـن داوا لە ئێـوە ئەکەم ئەوە ئـێمە نـین ئەو عەقـدانەمان کـردووە ئـێمە حکومەتێکمـان وەرگرتـووە (٢٨) بیسـت و هەشـت ملیـار دۆلار قەرزار بـووە هەموومـان بەڵێنمـان بەئێـوە داوە چـاکی بکەیـن ئەچیـنە بەغـداد مفـاوەزات ئەکەیـن لە بەغـداد دیفـاع لە هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن ئەبێ ئێـوەش لێـرە پاڵپشـتی ئـێمە بـکەن بـۆ ئەوەی ئـێمە بەقـووەت بـین لە

بەغداد بتوانین مافەکانی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنین مافی فەرمانبەران بەدەست بێنین، ئەگەر ئێمە بەرپرسیارین لەم کارەساتە ئیقتصادەی کە بەسەر هەرێمی کوردستان هاتووە لە کابینەی (٩) و بەتایبەتی ئەم برادەرانەمان کە هەن ئێمە ئامادەین تەحامولی شەخسی خۆم و ئەم برا بەرێزەم ئامادەین مەسئولیەت بکەین و یەك ڕۆژ لەم پۆستە بەردەوام نەبین ئێمە هاتووین عەقدە نەوتەکان، ئێمە نەمان کردووە، ئێمە نەمان وتییە ٥٨% بدرێتە، من ئەلێرە ئەم پرسیارە لە ئێوە دەکەم وەکو هاووڵاتیەکی ئەم کوردستانە کێ ماف و دەسەڵاتی داوە بەو برا بەرێزانەی ئێمە ئەم جۆرە عەقدانە بکەن و ٥٨% و سەروەت و سامانی ئەم میللەتە بدرێتە کۆمپانیاکان و ٤٢% بۆ هەرێمی کوردستان بێت؟ لەهەموو وڵاتانی دەورووبەر ٢٠% بۆ مەسائیلی عقودی کۆمپانیاو ئەوانەیە فەرموو وەرە منیش لەگەڵ ئێوە داوادەکەم با ئێوە ئەو ڕەخنانەتان لە ئێمە کرد من بە قەبوڵی دەکەم و بەسینگێکی فراوەنەوە دەزانم ئێوە لە دڵسۆزیتانە وە هەموومان لە پێناو ئەو میللەتەمانە فەرموو وەرە ئەم مەلەفە بکەنەوە کێ بەرپرسیارە، ئەگەر منم لەپێش هەموو کەسێکا ئیجرائات لەگەڵ مندا بکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرە دابنیشین بەتایبەتی ئەم برادەرانە کە هاتووین لەگەڵ ئێوەدا چاکی بکەین، بەڵام ئێوە وابزانن ئێمە مووتەهەمین، بەڵام من مووتەهەم نیم هیچ مووتەهەم نیم لەم بابەتە ئەوەی لە توانادا بێت ئەمەوێ چاکی بکەم وە لە ئێوەش زیاتر من گلەیم هەیە ئەم قسەیە بەس قسەی من نییە تەقریبەن تیمی حکومەت بە سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران بەهەموومانەوە ڕەئیمان وایە مەلەفی نەوت خراپە ئەبێت چاك بکرێت، بۆیە من لێرە کە توڕەش بووم ئەوەیە ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران شەڕ ئەکەین بۆ ئەوەی عەقدە نەوتەکان باش بکەین نەصێکمان کەوتۆتە ناو قانوونی موازەنەی عێراقەوە لەناو قانوونی موازەنەی هەرێمی کوردستان ئەگەر بۆتان بێت دەسەڵاتی قانوونی بدەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کارەساتەی مەجالی نەوت چاك بکرێت تاوەکو چاك نەکرێت وەزعەکە هەر ئاوا ئەبێت، بایی هەشت سەد ملیۆن دۆلار نەوت فرۆشراوە چوار سەد و هەشتا ملیۆن دۆلاریی بۆ شەریکات ڕۆیشتووە و سێ سەد و بیست ملیۆن دۆلاری هاتۆتەوە وەزارەتی نەوت ئەمە ئەگەر پێمان بڵێن ئەبێت چاك بکرێت ئەبێت گەندەڵی نەمێنێت ئەمەوایە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەبێت پرسیار لەوە بکەین وەزعەکەی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتە ئێرە ئەمە سەبەبەکەیە ئەبێ لەمە بکۆڵینەوە ئەبێت ئەوانە چارەسەر بکرێت ئەوە بێجگە لە بابەتەکانی تری پەیوەست بە ضەبت کردنی خاڵە سنوورییەکان لە سمێلکاوە بۆ برایم خەلیل بۆ حاجی ئۆمەران بۆ باشماخ بۆ پەروێزخان، بۆ کاکە با داهاتی خەڵکی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان بێت با بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت دابەش بکرێت، بەڵام پێتان وابێت مەسەلەی نەوت بە خاڵە سنوورییەکان دابپۆشرێت مەسەلەی خاڵە سنوورییەکان بە نەوت دابپۆشرێت هەمووی ئەبێت چاکسازی تێدا بکرێت وەئێمە ئەگەر ئەو هەنگاوانە ئەنێین بەو ئاڕاستەیەیە هەنگاوەکانمان وە ئەمانەوێت ئەم چاکسازییە بکرێت لایەنی کەم ئێمە نیەتمان ئەوەیە، بەڵام ئەو بابەتە ئەمە من وەکو شەخسی خۆم یەعنی وەك ئێوە پەرلەمانتار بوومە قسەکانتان هەمووی تەئید دەکەم وە دەعمتان ئەکەم ئەوەی لە توانام بێت دەنگی ئێوەش دەگەیەنمە ناو ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەمان، بەڵام من بەوازعی ئەیڵێم من بەشێك نیم لەو گەندەڵییەی کە هەبووە بە تەئکید ئێوەش ئەمە ئەزانن وە

بـابەتی (TBI) کـاك حەکـیم باسـی دەکـات ڕێککەوتبـووین لەسـەری پاڵپشـتیمان بـکەن ئەتـوانین هەنگاو بنێین تیایا سەرکەوتوو ئەبین یان نـابین وەك کـاك دکتـۆر کەمـال وتـی والله سـەرکەوتوو نەبین و من خـۆم نەتـوانم شـتێك بە شـتێك بـکەم منـیش هـیچ ئامـادەنیم ڕۆژێـك لەو مەنصـەبە بمێنمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بەو قسانەی کاك خالد بەڕێزیان کە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان بە سیفەتێکی وەزیـری هەرێمـی کوردسـتان هـاتووە کە وەزیـری هەرێـمە بـۆ کاروبـاری دانوسـتان لەگەڵ حکـومەتی فیـدراڵی کـابینەی (٩)یەم، درێـژە پێـدەری کارەباشـەکانی کـابینەی (٨)ە، وەباشـترین خاڵیش بۆ دەست پێکردن بۆ خۆ چاك کردن ئەوەیە کە ئیقرار بکەین لە شوێنێکا هەڵەت کـردووە، هەریەکێك لە ئێمە ئەبێت ئیقرار بەوە بکات کە لە شوێنێکا هەڵەمان کـردووە پرۆسـە نەوتییەکـان لایەنی ئیجابی و لایەنی سلبیشیان هەیە، ئەوەی ئیجابییە ئەبێت بڵێین دەست خـۆش ئەوەی کە سـلبیە ئەبێـت بە هەمووەمـان چـاکی کەیـن، لەبەر ئەوەی کـابینەی (٩) میراتگـری کـابینەی (٨)تە، بەباشـی و بەخراپەکـانییەوە وە خـولی (پێـنجەم)ی پەرلەمـانی کوردسـتان میراتگـری خـولی (چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستانە بەخراپی و بەباشیەکانییەوە ئەم بابەتە با تێپەڕێنـین دەڕۆیـنە سـەر بـابەتێکی تـر، دەڕۆیـنە سـەر وەڵامـی وەزیرێکـی تـر، کابینەکـانی تـری حکـومەتی هەرێمـی کوردستان ئیشی باشیشیان کردووە بەدڵنیـایی، فەرمـوو کـاك دکتـۆر ئومێـد بەڕێزتـان قسـەبکەن فەرموو.

**بەڕێز د. ئومێد صباح عثمان/ سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئازیزان ئەم کاتەتان بـاش سـەعات (٣)یە، ئەگەر کەمێـك تەرکیزمـان هەبێـت کەمێـك کـاتم لێتـان ئەوێت، چونکە ئەو ڕەقەمانەی دەتاندەینێ ئەڕقامی ڕەسمین ....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دکتۆر ئومێد کۆمەڵێك پرسیاری لێکراوە، جگە لەوەی کۆمەڵێـك پرسـیاری لێکـراوە خـۆی داوای کردووە کە تەکمیلەی زانیارییەکانی بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان بکـات، دەرفەت بدەن بۆ ئەوەی قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز د. ئومێد صباح عثمان/ سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران:**

زۆر زۆر سـوپاس سـینگتان فراوانبێـت کەمێـك کـاتم پێویسـتە، مـن چـوار مەلەفتـان لەگەڵ باسدەکەم و لە خزمەتان دەبین، یەکەم: مەلەفـی نەوتە تەبـعەن مەلەفـی نەوت چـوار مەرحەلەیە بەڕێزان ( مەرحەلەی ئینتاج، مەرحەلەی نەقـڵ لەنـاو کوردسـتان، مەرحەلەی نەقـڵ لەنـاو تورکیـا، مەرحەلەی فرۆشـتن و تەسـدیر) چـوار مەرحەلەیە بەڕێـزان، بـۆ ئەوەی بە مووتەکـاملی باسـی بکەین هەرچوار مەرحەلەکە تیشك ئەخەینە سەری، مەرحەلەی ئینتاج جەنابی وەزیر باسـیکرد بە تەفسیر ئینتاج چۆنە کولفەکانی چۆنە باسیکرد، مەرحەلەیەکـی تـر هەیە کە ئینتـاج تەواو ئەبێـت دەخـرێتە نـاو بـۆڕی ئەم بـۆڕییە ئـی کەرتـی تـایبەتە وە ئـێمە کـولفەی لەسـەر ئەدەیـن کـولفەی ئیستسماری وە کولفەی تەشغیلی ئەدەین من دوای تۆتاڵەکەشتان پـێ ئەڵـێم کـولفەی نەقـڵ لەنـاو کوردسـتان چەنـێکە، کە لە کوردسـتان تەواو بـوو لە حـدود ئەچێـتە مەرحەلەیەکـی تـرەوە کە

مەرحەلەی تەبعەن کە ئینتاج تەواو ئەبێت لە عەقدەکان ئەچێتە ناو بۆڕیەکە عەقدێکی تر دەست پێدەکات، مەرحەلەی یەکەم وەك گوتم ئینتاجە مەرحەلەی دووەم کە ئەچێتە ناو بۆڕیەکە کە چووە ناو بۆڕیەکی کوردستان هەتا سەر حدود ئەوە عەقدێکی ترە لەم دیوی تورکیاوە هەتا دەگاتە جیهان بە عەقدێکی ترەو بە نسبەیەکی ترە لە جیهانەوە کە دەفرۆشرێت وە چۆن دەفرۆشرێت کێ دەیفرۆشرێت کێ دەیکڕێت ئەم تەفاصیلانە چوار مەرحەلەیە، مەرحەلەی یەکەم باس ناکەم جەنابی وەزیر باسیکرد کە مەسەلەی ئینتاجت، مەرحەلەی دووەم ئەم بۆڕیە ئی قیتاعی خاصە لە ڕێگەی قیتاعی خاصەوە ئێمە ئیستمراریەتی ئەم کولفەیە تەشغیلیەکەی ئەدەین مەرحەلەی تورکیاش بەهەمان شێوە نسبەکانتان پێ ئەڵێم، مەرحەلەی سێیەم و چوارەم کە زۆر زۆر گرینگە ئیصلاحاتی زۆر زۆر تێکراوە لە مەرحەلەی چوارەم کە فرۆشتن و تەصدیرە سێ شت هەبوو.

یەکەمیان: کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت ناوی(**IMNS** ) بوو کەسەکە ناوی(مورتچی) بوو ئەرکی ئەوە بوو کە کاروبارەکانی ڕێك دەخستەوە وە لەگەڵ کڕیارەکان لەسەر خەت دەبوو پێویستیەکانی حازر دەکرد وە لەگەڵ وەزارەتا بوو ئەمە کەرتی تایبەت دەیکرد.

دووەمیان: ئەو پارەیەی کە دەفرۆشرا دەچووە حیسابێك کە لەبانقێکی ئەهلی بوو بەناوی حکومی نەبوو، باسی دەکەم قوربان من لەجەنابت دەقیقترم زۆر بەشەفافی قسە ئەکەین.

سێیەمیان: کێ دەیکڕێت پێنج کۆمپانیا دەیکڕێت کە عەقدمان هەیە لەگەڵیان جەنابی سەرۆکی حکومەت یەك ساڵە خۆی سەرپەرشتی ئەم سێ عەمەلیە ئەکات لەگەڵ ئەو تیمەی کە هەیەتی لەگەڵ تیمی سامانە سرووشتیەکان هەرسێکی چاکسازی تێدا کراوە لە(١ یەکی/ مانگی٥) (**IMNS**) وە(مورتچی) نەماون لەناو عەمەلیەکەیا، ئێمە ئێستا تیمێکی حکومی خۆماڵی بەخۆشحاڵیەوە کە ئەمە گەورەترین چاکسازییە لە کەرتی نەوت کراوە ئەم تیمە کە ئەم کۆمپانیایە نەماوە تیمێکی خۆماڵی حکومی بەشانازیەوە ئێستا سەرپەرشتی کردنی چۆنیەتی فرۆشتن ئەکەن لە یەکی مانگی پێنجەوە ئێمە ئیستیلامی ئەم مەلەفەمان کراوە ئەمە یەك.

دوو: جاران ئەو پارەی نەوتە دەچووە نا حیسابێك دواتر تەحویلی حکومەت دەکرایەوە، بەڵام ئێستا پارەکە ڕاستەوخۆ دەچێتە حیسابێك لە گەورەترین بانقە وە حیسابەکە بەناوی حکومەتی هەرێمە کوردستانە ئەمە دوو بۆ حکومی، واتە یەکەم فرۆشتنەکە بوو بەحکومی دووەمیش حیسابەکە بوو بەحکومی.

سێ: ئەو پێنج کۆمپانیایەی کە ئێمە گرێبەستمان هەیە لەگەڵیاندا کە ئەم نەوتە دەکڕن ئەم پێنج گرێبەستە کۆمپانیایی گەورەن خسوماتی تیایە دیسکاونتێکی زۆر زۆری تێدایە جەنابی سەرۆکی حکومەت یەك ساڵە باوەڕتان هەبێت خۆی ئیشراف دەکات لەوانەیە لە حەفتەیەکا چوار ڕۆژی بۆ ئەمە تەرخان کردبێت، پێنج گرێبەستن بە خۆشحاڵیەوە لە هەنگاوی زۆر زۆر موتەقەدمین و دووانیشی تەواو بووە لە موراجعات ئێمە خەریکی ئەوەین کە دووانیشیان تەواو بووە بە تەواوەتی دوو لەو گرێبەستانە تەواو بووە وە خەریکین موراجەعاتی سێیەم دەکەین ان شاالله سێیەمیش بکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، کەواتە ئێمە لە کەرتی نەوت دانەنیشتووینە دەستە وەستان سەیری بکەین کاك شێرکۆ برایان خوشکان هاتووین دەستمان لەسەر گرفتەکان داناوە و بەئیرادەش چووین ئەم بابەتانەمان چارەسەر کردووە، واتا مەرحەلەی یەکەم ئینتاج

دووەم نەقڵ لەناو کوردستان مەرحەلەی سێیەم نەقڵ لەناو دیوی تورکیا مەرحەلەی چوارەم فرۆشتن و تەصدیرە ئەم سێ چاکسازیەی تێدا ئەنجام دراوە، لەکۆی گشتی ئەگەر سەیریکەن ئەو ٥٨%ی کە جەنابی وەزیر وتی چۆن دابەشکراوە (٣٤) ی (٢٠) بە (١٤)ی بۆتان شەرح کرد ئەوە (٣٤، ١١) نەقڵە لەناو کوردستان ئەمە گرێبەستە، بەڵام لەبەر ئەمەش وەستاوین جەنابی وەزیر خۆی لەگەڵ کۆمپانیای نەقڵ لەناو کوردستان کەوتۆتە مفاوەزات ئەم ١١% بۆ موراجعە کردنە وابزانم لە خەیاڵی نەبوو باسی بکات، سێیەم مەرحەلە لەدیوی تورکیایە ٠٦%، وە ئێمە لە ساڵی (٢٠٢٠) جەنابی سەرۆکی حکومەت خۆی لەگەڵ دیوی تورکیا قسەی کرد، ئەو کاتە داوای ئەوەیان لێکرد وتیان ئێمە کۆرۆناو وەزعمان ئاوایە ناتوانین هەموو پارەکانتان بدەینێ بەشێك لە پارەکانتان تەئجیل بکەن، بەسوپاسەوە حکومەتی تورکی لەبەر ئەوەی ئەم دوو کۆمپانیایەی ئیش بۆ ئێمە دەکەن لەم دیوەوە کۆمپانیای تورکین ڕەسمین حکومین ئەوان بەشێك لە ئیلتیزامات و ئیستحقاقاتی خۆیان تەئجیل کرد، بۆیە ئێستا ئەو ٠٦% ئێمە لەم ساڵەوە ٠٢%ی بۆ ئیزافە بکە بۆ دانەوەی ئیستحقاقاتی ساڵی (٢٠٢٠) ئەکاتە ٠٨%، ٣٤% بە ١١% بە ٠٨% پێنج ئەمێنێتەوە ٠٥% ئەم ٠٥% بۆ چییە؟ بۆ دانەوەی قەرزەکانی ئایوسیەکانە لەگەڵ هەندێ قەرزی لیترایدەرەکان چوار مانگ موستەحەقاتی ئایوسیەکان نەدرابوو مانگی (١١، ١٢، ١، ٢) وە ئێمە کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵیانا بە مانگانە بە نامەیەکی بەڕێز سەرۆك وەزیران دواتر بە نامەی وەزیری سامانە سرووشتییەکان کەوتینە جەدوەل کردنی ئەم قەرزانە وە ٠٥% ی ئەگەر حیسابی بەکەن ٣٤% بە ١١% بە ٠٨% بە ٠٥% دەکاتە ٥٨% ئەلێرە ئەگەر مەجالەك بدەنە برای خۆتان با بەتەفاسیڵ بۆتانی شەرحکەم، لە پێنج مانگ چەند نەوت فرۆشراوە شەست و پێنج ملیۆن و سێ سەد هەزارو شەس سەد و چل و حەوت بەرمیل فرۆشراوە بە موعەدەلی چەند ئەکا یانی مانگێك زیاد مانگێك کەم بێت موعەدەلەکەی لەم پێنج مانگە سیانزە ملیۆن و شەست هەزار بەرمیل بووە موعەدەلی فرۆشتن لەم پێنج مانگە ئیتر لە چل و سێ وە دەستی پێکردووە لە مانگی یەك دواتر بۆتە چل و پێنج فرۆشتنی کوردستان باس ئەکەم نەك فرۆشتنی برێنت، لەبەر ئەوەی ئێمە خسوماتمان هەیە دیسکاونتمان هەیە دیسکاونتەکانیش کە باسم کرد ئێستا بۆتان شەرح دەکەم کە سکاونتەکانیش کە چۆن بووە، ئێستا ئێمە خەریکی موراجعە کردنی گرێبەستەکانیشن، لەبەر ئەوە ئەم داهاتە بە موعەدەلی کردوویەتی (٥١) یانی بەرمیل لەم پێنج مانگە بە موعەدەلی بە (٥١) فرۆشراوە، ئەگەر ئەو شەست و پێنج ملیۆن بەرمیل لە پێنج مانگ جارانی (٥١) بکەین چەنێك ئەکا پارەکەی سێ ملیارو سێ سەد و حەفتاو سێ ملیۆن دۆلارو کەسرێك ئەکا ئەمە داهاتی ئێمە بووە، ٥٨%ی ئەوە نیە هەر ئەو سێ سەد ملیۆنەی ئەڕوا بۆ دارایی نەخێر بایی سێ ملیار بووە، بەڵام ٥٨%ی بۆ ئەو نەفاقاتانەیە کە باسمان کرد لەو ماوەیە پێنج مانگە ملیارێك و نۆ سەد و شەست و نۆ ملیۆنی بۆ ئەم نەفەقە هاتوو نەفەقاتی ئینتاج نەفەقاتی نەوت لەناو کوردستان نەفەقاتی دیوی تورکیا وە نەفەقاتی دارایی قەرزەکان ملیارێك و نۆ سەد و شەست و نۆ، چەندێك ماوەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی ملیارێك و سێ سەد و شەست ملیۆن، نا نا ببوورن، لەبەر ئەوەی ئێستا بۆتان شەرح دەکەم کە فەرقێکی بەسیت هەیە، لە مانگی یەك کە قسەیەك ئەکرێت بەڕێزان حەقی خۆتانە مەحلوماتتان لانەبێت حەقی خۆتانە تەفسیرات بکەن ئێمە مولزەمە مەعلوماتی تەواوتان بدەینێ بۆ ئەوەی ئیعتیماد نەکەنە سەرت

فەرەزیات و تەحلیلات مەعلوماتی دەقیق ئەمەیە وەك وەزارەتی داراییش باسیانکرد لەمانگی دوانزە/ کە مووچەمان دابەش کرد داهاتی نەوت دوو سەد ملیۆن بوو، مانگی یەك/ دوو سەد و بیست و پێنجمان داوە، مانگی دوو/ دوو سەد و بیست و پێنج ملیۆن دۆلارمان داوە، مانگی سێ/ دوو سەد و حەفتاو پێنج ملیۆن دۆلارمان داوە، مانگی چوار/ سێ سەد ملیۆن دۆلارمان داوە، مانگی پێنج/ سێ سەد و سی و پێنج ملیۆن دۆلارمان داوە، کەواتە لەماوەی پێنج مانگ لە داهاتی نەوت سەد و سی و پێنج ملیۆن دۆلار زیادی کردووەو وە حصەی وەزارەتی دارایی زیادی کردووە لە مانگی دوانزە دووسەد ملیۆنی وەرگرتووە بۆ مووچە، بەڵام لە مانگی پێنج سێ سەد و سی و پێنج ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە نەقصەکە لە کوێ بووە ئێستا پێتان ئەڵێم نەقصەکە لە داهاتی ناوەخۆ بووە هێواش هێواش داهاتی ناوەخۆ دابەزیوە لەبەر ئەو ئەسبابانە باسی ئەو ئەسبابانەش دەکەم کە هەیە، ئەگەر بێین لێکی دەینەوە ملیارێك و سێ سەد و شەست بۆ ئەو پێنج مانگە و سی ملیۆنێك ماوەتەوە لە مانگی شەش وەرگیراوەتەوە بۆ مووچەی مانگی شەش بەکاری دێنین ئەمە مەلەفی نەوتە بابێمە سەر مەلەفی دارایی تەکمیلەی دۆسیەی دارایی بکەین، مەلەفی نەوت زانیتان لەو پێنج مانگە چەند نەوت فرۆشراوە بەچەند فرۆشراوە چەندی بۆ نەفەقات بووە و چەندیشی بۆ وەزارەتی دارایی ڕۆشتۆتەوە، بابێینە سەر وەزارەتی دارایی وەزارەتی دارایی تەبعەن بە سوپاسەوە کاك شێخ باسیکرد، بەڵام هەندێك ڕوونکردنەوەی زیاترتان ئەدەمێ با لەبەر چاوتان ڕوونبێت ئەم مەعلوماتانەی من باسی دەکەم مەعلوماتی دەقیقە میزانی موراجەعەی هەموو وەزارەتەکانە لە یەکی یەکەوە ١/١ تا ٤/٣٠ بەمشێوەیەیە داهاتی ناوخۆی تریلۆنێك و سەد و سی و شەش ملیارو دووسەد و پەنجاو چوار بووە بۆ چوار مانگ، ئەگەر سەیری کەین لێکی دەینەوە ناکاتە دووسەد ملیۆن دۆلار لە مانگێکا، کەواتە تۆ ئەگەر موعەدەلەکە لێکدەیتەوە لە نەوت سێ سەد ملیۆنت بۆ مابێتەوە هەموو داهاتی ناوخۆ دووسەد ملیۆن دۆلار بێت ئەوەندەش ناکات بە هەزارو چوار سەد و پەنجا لێکی دەیتەوە، یەعنی تۆ داهاتت پێنج سەد ملیۆن بووە ئەوەی کە ماوەتەوە خەرجیەکانی نەوتی لێدەرکە باشە ئی بەس مووچە پێنج سەد ملیۆن دۆلاری پێویستە بەڕێزان یانی ڕەقەمێك نییە بیشارینەوە بەس بۆ مووچە پێنج سەد ملیۆن دۆلاری پێویستە ئەلێرە دەبێت بەرچاوتان ڕوونبێت ئەمە میزانی موراجەعەی وەزارەتەکانە بگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی دارایی دەتانداتێ نووسخەیەکتان دەداتێ بڕۆن لێکی دەنەوە لەگەڵ دیوانی ڕەقابەی دارایی خۆمان بڕۆن لێکی دەنەوە بە ئیفیراز نابێت بە تەخمین نابێت بە تەحلیل نابێت ئەمە ڕەقەمە ڕەقەمی نەوت وازحە لە خزمەتتان دام، بابێین ئەو ترلیۆن و ئەوەندەیە چۆن دابەش بووە ترلیۆنێك و سەد و سی و شەش چۆن دابەش بووە بەڕێزان سێ نەوعە، یەکەمیان داهاتی وەزارەتی داراییە کە زەرائیب و گومرگە ئەوەی تریان کارەبایە ئەوەی تریان ڕسوماتی وەزارەتەکانە، لە داهاتی ناوخۆ حەزدەکەم زۆر بە دەقیقی گوێ لە برای خۆتان بگرن لە داهاتی ناوخۆ لەو سەد و نەوەد ملیۆن دۆلارەی کە هەیە لەو سەد و پەنجایە لەو دووسەد و نەوەد و پێنجە لەو دووسەد ملیۆنەی کە بڵێین کۆی گشتی داهاتی ناوخۆییە ٦٥%ی داهاتی وەزارەتی داراییە، یەعنی حەزدەکەم وەزارەتی دارایی بەڕاستی وجوودی خۆیان کردووەو وە نەڵێین کاك شێخ لێرەیە بەڕاستی هەوڵێکی یەکجار زۆریان داوەو دەست خۆشیان لێدەکەین توانیوویەتی لەکۆی گشتی داهاتی ناوخۆ ٦٥%ی لە

ڕێگەی گومرگ و زەریبە پێکبهێنێت، واتا لەکۆی گشتی داهاتی ناوخۆ ٦٥%ی داهاتی وەزارەتی داراییە لەڕێگەی گومرگ و زەریبە، ئەم٦٥% موشکیلەی تیایە بەڵێ ئەرێ واللە مووشکیلەی تیایە ئەتوانین بڵێین لەگومرگەکان ئێمە لە حاڵەتی میسالین نەخێر لەحاڵەتی میسالی نین هەر بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران سێ هەنگاوی کردووە، یەکەم ئیعفائاتی گومرگی نەهێشتووە نایاسایی، بەڵام ئیعفائاتی گومرگی بە یاسا ئێوە خۆتان ئیقرارتان کردووە لەم پەرلەمانە ناڵێم ئێوە بۆ نموونە بەپێنج قانوون ئیعفائاتی گومرگی ئەدرێت ئێ کاکە بڕۆن قانوونەکان هەڵوەشێننەوە قانوونی ئیستیسمار قانوونی ئیستیسمار نووسراوە هەرکەسێك پرۆژەیەکەی هەبێت (١٠) ساڵ ئیعفائاتی گومرگی بۆ ئەکرێت پەرلەمانی بەڕێز برۆ کاکە هەڵی وەشێننەوە ئێمە ناتوانین هەڵی وەشێنینەوە ببوورە مەشروعەکە حازرە بۆتان ئەنێرین ئەوکاتە ئێوە خۆتان خاوەن بڕیارن ئەیکەن بە پێنج ساڵ ئەیکەن بە یەك ساڵ ئەوە لەبەر دەستی خۆتانە پێنج سەرچاوەی قانوونی هەیە کە ئیعفائاتی گومرگی ئەدات، ئێمە چیمان کردووە ئەوەی کە لەدەسەڵاتمان بێت ئەو ئیعفائاتە گومرگیانەی کە ناقانوونین هەڵیانمان وەشاندۆتەوە ئەو لیژنەیەی کە دروستمان کرد من خۆم ئیمزام کردووە لە(٣/٢٢) کارەکانی تەواو کردوەو بنەماکانی داوەتە وەزارەتی دارایی لەدوای ئەو تاریخەوە هیچ ئیعفایەکی گومرگی ناقانوونی نەکراوە ئەگەر کراویشە پێمان بڵێن واللە خۆشحاڵ دەبین ئەمە یەك.

دوو: لە گومرگەکان لێژنەیەکی ترمان دروست کردبوو هەموو جارەك دەڵێن ئەو لیژنانەی کە دروستان کرد خۆتانن جێبەجێی ناکەن نا بەڕێزان جێبەجێ کراوە، بەس ئێمە کەمتەرخەم بوونە لەوەی کە پێتان بڵێین چیمان کردووە لێژنەی یەکەم کە ئیعفائاتی گومرگی بووە لێژنەکە تەوسیاتی خۆی نووسیوە کە ئەم پێج قەرارە یان قانوونە یان ئەو پێنج سەرچاوەیە تەعدیل بکرێن وە ئیعفائاتی گومرگی ناقانوونیمان ڕاگرتووە ئەمە یەك.

دوو: لیژنەیەکی ترمان دروست کردووە تایبەت بە گومرگەکان مەسەلەی پێداچوونەوە بە گرێبەستەکان لەو وەزارەتی دارایی بوو دواتر هاتە ئەنجوومەنی وەزیران لێرە ئەم لیژنەیە کارەکانی تەواو کردووە کارەکانی ئێستا خولاسەی کارەکانی ئەم لیژنەیە لە وەزارەتی داراییە لە دوای ئەوەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کرا، با هەر مەسئولیەتەکە تەحدید کەم پیداچوونەوە بە گرێبەستەکان وەزارەتی دارایی ڕەئی خۆیاندا لیژنەیەکی بۆ دروست کرا کە لیژنەکە ڕەئی خۆیدا چووە ئەنجوومەنی وەزیران لە ئەنجوومەنی وەزیران ئیشی لەسەر کرا لەوێ بە تەفصیل دواتر نەتائیجی ئەنجوومەنی وەزیران نێردراوەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ جێبەجێ کردن ئەمە دووەمە.

سێ: زەبتی حدودە کە لیژنەیەکی تری بۆ دروست کرا موخرەجاتی ئەم لیژنەیە ئەوە بووە کە قواتێك تەشکیل بکرێت ئێ ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری داوە ئەم قواتە تەشکیل بکرێت وە هەردوو وەزارەتیش موکەلەفن کە وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی پێشمەرگە بچن کەواتە گومرگەکان ناتوانین بڵێین لە حاڵەتێکی میسالین بۆیە دەستمان بۆ بردووە، یەك ئیعفائاتی گومرگی، دوو پێداچوونەوە بە گرێبەستەکان، سێ مەسەلەی تەشکیل کردنی قواتی موشتەرەك ئەمە گومرگەکانە تەفاسیلمان لەلایە بە دەقیقی کە گومرگ لەم شارە بۆ ئەم شارە چەنێکە، بەڵام ئەمە نهاییەکە نیە ئەوەی کە گرینگە من کوردستانیانە بیردەکەمەوە من مەسئولم لە هەموو

کوردستان من مەسئولم کە ئەمەوێت پەروێزخان ببینم بە باشترین حاڵەتی بەس سەیری ابراهیم خەلیل نەکەم، بۆیە تەرکیزمان لەسەر ئەوەیە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئومێد مەبەستت لە من، حکومەتی هەرێمی کوردستانە؟

**بەڕێز د. ئومێد صباح عثمان/ سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ببوورن کەلیمەی من، نا نا ببورن من خزمەتکارم ئەو تیمەین خزمەتکاریی ئێوەین، ببوورن ئەو کەلیماتانە هەندێکجار بەکاردێنین سەعات (٣:٣٠)ی شەوە ئەگەر غەڵەتێکیشم کرد لێم ببورن، بابیکەمە ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمانەوێت پەروێزخان باشماخ حاجی ئۆمەران ابراهیم خەلیل بەیەك مونەصەق بێت بەیەك مستەوابن بەتەواوەتی لەژێر چەتری قانوونی حکومەت بێت کاری لەسەر ئەکەین کاتێك نەمان توانی هێشتا ئیشەکە لە حەوزی ئەنجوومەنی وەزیرانە بەڕێزان هێشتا ئێمە تەسلیم نەبووینە ئەگەر نەمان تووانی دێینە سەرشاشە دەڵێین کاکە ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران نەمان تووانی گومرگەکان ڕێکخەینەوە پەرلەمانی کوردستان میللەتی کوردستان کاکە لەبەر ئەم ئەسبابانە نەمان تووانیوە گومرگەکان ڕێکبخەینەوە دڵنیاتان ئەکەمەوە شەفاف ئەبین لەگەڵتانا.

بابێمە سەر زەریبە بەڕێزان زەریبە زۆر قسەی لەسەر دەکرێت، زەریبە تەبعەن ئەگەر سەیری کەین دوو نەوعە زەریبە هەیە غەڵەتیکە لە کوێیە لە ڕەقەمەکانە زەریبەیەك هەیە لەناو گومرگە پێی ئەڵێن زەریبەی گومرگی لەگەڵ زەریبەی تر نییە، ئەمە گومرگە کاك ساماڵ وایە تەواوە دەروازەکانە، دوو نەوعە زەریبەمان هەیە ئەو زەریبەیەی کە زیادیی کردووە زەریبەی گومرگیە لە تاجیرەکە وەرگیراوە ڕاستەوخۆ لە حدود ڕاستەوخۆ ئەزانن لەمانگێکا چەند داهاتی زەریبەی ئێمەیە بیست و حەوت ملیۆن دۆلار زەریبە زیادنەکراوە بەڕێزان بە جدیی زەریبە تەنها ڕێکخراوەتەوە ڕاستە خەلەلێکمان هەیە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر نسبەی جیبایە لە هەولێر زیاترە لە دهۆك و لە سلێمانی سێ مووشکیلەمانە هەیە لە زەریبە.

یەکەم: زەریبە بەتەواوەتی لەو دوو شارەی تر کۆناکرێتەوە دەبێ تەفعیلی بکەین بەڕێز وەزیری دارایی خۆی سەرپەرشتی ئەم بابەتە ئەکات وەبەرێز سەرۆك وەزیران خۆی لەسەر خەتە جێگری سەرۆك وەزیران لەسەر خەتە ئاخیر کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەوەمان کردووە کە تمووحی ئێمەیە جیبایەی زەریبە لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان بگەیەنینە یەك ئاست.

دووەم: هەندێك لە کۆمپانیاکان، یەکێك لەو ئەزیزان باسیکرد ڕاستە هەندێك حاڵەت هەیە وە لیژنەیەکی تەحقیقیمان دروست کردووە بۆ ئەم بابەتە نەجات خان جەنابت بووی، هەندێك لە کۆمپانیاکان تەسفیە کراون بەبێ ئەوەی پاکانەی باجیان بۆ بکرێت تەبعەن ئەوە لیژنەیەکی تەحقیقیمان لەسەر ئەم بابەتە دروست کردووە بۆ مەعلووماتتان وە بەدواشیەوە ئەبین.

سێیەم: مووشکیلەی باج کە ئێمە دەمانەوێت لە هەندێك شوێن لە هەندێك سێکتەر دەبێت تەوازنێك وەربگرین لە بەینی ئەوەی کە ئەو کەسەی کە موستەسمرە چەندێك ڕوبح ئەکا لەگەڵ ئەو نسبەی زەریبەیە دەبێت بە مینیارێکی علمی نابێت بە گۆترە دابنرێت.
ئەم سێ خەلەلە یە، بۆیە ئێمە بە جدیی لیژنەیەکمان دروست کردبوو بۆ زەریبە بە ڕیئاسەتی کاك دکتۆر ئامانج بوو ئەم لیژنەیە کارەکانی خۆی تەواو کردووە بەڕێزان دوو بڕیاریشی بۆ دەرچووە بڕیاریی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٦٤) لەگەڵ (٩٦) وە کاریشی لەسەر ئەکەن ئەمە بە نسبەت زەریبەوەیە داهاتی ناوخۆیی بەشێکی وەزارەتی کارەبایە، وەزارەتی کارەبا بەداخەوە یانی دەڵێم ئێمە سێ بۆ چوار نەوعە مووشتەرەکمان هەیە لە کارەبا هەندێکیان زۆریان ماڵانن هەندێکی صناعیە هەندێکی زراعیە هەندێکی تیجاریە ٨٠%ی ئەوانەی کە بەژدارن لە کارەبا ماڵانن بەڵێ لێرەش مووشکیلەمان هەیە بەڕێزان لێرەش پارەی وەرگرتنی کارەبا لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە با صەراحەت قسە بکەین، بۆیە دەبێت ئەمەش چاکەوە بکەین لە ئاخیر کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەم بابەتە کراوە بەڕێز وەزیری کارەبا تەکلیف کراوە کە مستەوای جیبایە کردن وەرگرتنەوەی پارەی کارەبا لە شارەکان تەوحید بکرێت و دەبێت لە یەك ئاست و نەسەق بێت، دێینە سەر ڕسوماتی وەزارەتەکان بەشێکی تەبعەن ببوورن وتم ٦٥%ی داهاتی ناوخۆی لە وەزارەتی داراییە، ١٤%ی لە کارەبایە، ٢١% ڕسوماتی وەزارەتەکانە بۆ زانیاریتان لەو کابینەیە یەك ڕسومات زیاد نەکراوە تەنها ڕێکخراوەتەوە هێشتا ئاستی تموحی ئێمە نییە بەڕێزان ئەگەر ئەو ڕسوماتانە بەجوانی ڕێکخرێنەوە جبایە بکرێن دەقیقی ئەوکاتە داهاتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر ئەبن، ئەمە مەسەلەی داهاتەکانە بێینە سەر خەرجیەکان پێم خۆشە لەسەر مەسەلەی خەرجییەکان هەندێك قسە بکەین مەسەلەی مووچە باسمان کرد کە چۆنەو چۆن نییە مەسەلەی خەرجی پڕۆژەکانتان بۆ باسکەم قسە لەسەر ئەوە ئەکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیە هیچ پڕۆژەیەکە نەکردبێت بەڕاستی ئەمەیان لەوانەیە جۆرێك لە ناعەدالەتی لەم قسەیە هەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ئەو چوار مانگە بەتەشغیلی وئیستیسماری سێ سەد و حەفتاو دوو ملیار دیناری سەرف کردووە بە چوار مانگ یانی ئەم کابینەیە لەم چوار مانگە هەوڵیداوە مووچەیەك بدات (٣٠) ڕۆژ جارێك وە لەگەڵ ئەوەشا ئەوەندەی پێیکراوە تەشغیلی نەوەستێ کە خەدەماتە ئەساسییەکانە لەگەڵ ئەوەشا پڕۆژەشی کردووە ئێستا بۆتان باس دەکەم سێ سەد و حەفتاو دوو ملیار دینار سەرف کراوە نەقدلە مانگی یەك پەنجاو نۆ ملیار لە مانگی دوو حەفتاو نۆ ملیار لە مانگی سێ سەدو سی و چوار ملیار سەرفکراوە بەڕێزان بۆ پڕۆژەکان لەگەڵ تەشغیلیەت وە لە مانگی چوار سەد ملیار سەرف کراوە، ئەگەر سەیری گشتی بکەن بەینی ئیرادات و خەرجییەکان ئەوەی کە مووچە و تەشغیلی و ئیستیسماری لێکدەیتەوە ٨٨%ی داهاتی ئێمە بۆ مووچە ڕۆشتووە ١٢%ی داهاتەکەمان بۆ تەشغیلی و ئیستیسماری بووە بەڕێزان ئەمە موعەدەلەیەکە کە ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنین واقعێکە لە وڵاتانی تر دەبێت عەکس بێت ٨٠%ی داهاتەکە بۆ تەشغیلی و ئیستسماری بێت و ١٢%ی بۆ مووچە بێت، بەڵام ئێمە لەو چوار مانگە ٨٨%ی داهاتەکەی خۆمان بۆ مووچە ڕۆشتووەو ١٢%ی بۆ تەشغیلی و بۆ ئیستیسماری ڕۆشتووە حەقی خۆتانە بپرسن بۆ شارەکان چی کراوە، ببورن خەرجی ئیستیسماری لە جیاتی دکتۆر دارا

وتم من وەكیلی ئەوم بۆتان باسکەم پرسیار کرا لە بیدایەتی ئەم کابینەیەوە تاکو ئەو ساتەی کە ئێمە لە خزمەتی جەنابتانین چوارسەد و سی و چوار ملیار دینار سەرف کراوە بە نەقد بۆ چەند بۆ (٢٧٩) پرۆژە بۆ پارێزگای هەولێر (١٠٨)، دهۆك (٣٩)، سلێمانی (١٠٦)، هەڵەبجە (١٦)، ئەمانە دابەش بوونە بەسەر پەرەپێدانی پارێزگاکان وە دابەش بوونە بەسەر ئیستیسماری وەزارەتەکان، بۆ ئەم ساڵ چیمان کردووە بەڕێزان بۆ ئەمساڵ ئێمە سێ سەد و چل و نۆ ملیارمان تەرخانکردووە بۆ پرۆژەکانی ئیستیسماری ئەگەر دەقەیەك مەجال دەن بۆتان دەخوێنمەوە بەمشێوەیە ئەمە پلانی ئێمەیە بۆ ساڵی(٢٠٢١). پلانی مەشاریع (٣٤٩) ملیارمان تەرخان کردووە بۆ هەولێر (١٢٨) ملیار بۆ دهۆك (٧٧) بۆ هەڵەبجە (٣٠) ملیار بۆ سلێمانی (٧٨) ملیار بۆ راپەڕین (٢١) ملیار بۆ گەرمیان (١٥) ملیار، چۆن دابەش کراوە؟ هەولێر (٢٨) پەرەپێدانە (١٠٠) وەبەرهێنانی وەزارەتەکانە، دهۆك (٣٢) پەرەپێدانە (٤٥) دهۆکە، هەڵەبجە (٢٢) پەرەپێدانە (٨) وەبەرهێنانە، سلێمانی (٢٤) پەرەپێدانە (٥٤) وەبەرهێنانە، راپەڕین هەمووی وەبەرهێنانە وە گەرمیانیش هەمووی وەبەرهێنانە، ئەمە پلانی خەرجییەکان بووە، بێینە سەر دۆسیەی ئابووری تەبعەن دۆسیەی نەوتمان باس کرد، دۆسیەی مالیەم بۆتان باس کرد، با بێمە سەر مەلەفی ئیقتصادی قسەیەك لە سەر مەلەفی ئیقتصادیش باس بکەم، چونکە زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت دەڵێن ئەو حکومەتە هیچ رۆئیاییێکی ئیقتصادی نییە تەنها تەرکیزی لە سەر ئەوە بووە هەندێك پارەی دەست کەوێت و بیدات بە مەعاش، نەخێر وا نییە بەڕێزان حەز دەکەم پلانی خۆمانتان بۆ شەرح بکەین بە دیقەت کە چی کراوە بۆ خوتەی ئیقتصادی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆسیەی ئابووری تەبعەن بەڕێزان پێنج دۆسیەیە مەلەفی ئیقتصادی لە هەرێمی کوردستان پێنجە ئیستسمارە، ( pp) یە، تیجارەتە، صناعەیە لەگەڵ زراعە ئەم پێنج مەلەفە هەمووی دەبێتە مەلەفی ئیقتصادی بۆ ئیستسمار چی کراوە تەبعەن تەنها لەم کابینەیە لە (٢٠١٩/٨/١)ەوە تاوەکوو ئەم لەحزەیە (١٣٣) پرۆژەی وەبەرهێنان موافەقەیان پێدراوە بە سەرمایەی (٨٥٠٠) هەشت ملیار و نیو موافەقەیان بۆ کراوە حەتمەن ئەمە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە خەریتەیەکی ئیستسماری داناوە وە توانیوەتی موستەسمیرەکان رابکێشن بۆ ئەم پرۆژانە (١٣٣) پرۆژە موافەقەی پێدراوەبە رەئس ماڵی (٨٥٠٠) هەشت ملیار و نیو، مەسەلەی (pp) یەکێکە لەو بیرۆکانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وەزارەتی تەختیت رۆڵێکی نایابی لەم بابەتە گێڕاوە هەستاین (pp) پێش ئەم کابینەیە ئیتاری قانونی نەبوو تەعلیماتمان بۆ دەرکردووە نیزامەکەمان بۆ دەرکردووە ئیتارە قانونییەکەشمان بۆ دەرکردووە ئێستا بەڕێز وەزیری پلاندانان خۆی سەرپەرشتی مەسەلەی (pp) دەکات وە رۆڵێکی ئێکجار باش دەگێڕێت ئێستا ئەو نۆ بەنداوەی کە بە دەستمانەوییە بەڵی کە دەڵێم (pp) یەعنی (**شراكة بين قطاء العام و قطاء الخاص**) هاوبەشی لە بەینی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی بەڕێز وەزیری پلاندانان خۆی سەرپەرشتی ئەم دۆسیە دەکات ئێستا نۆ بەنداومان هێناوە بە (pp)، وە ئێستا وەزیری پلاندانان خۆی سەرپەرشتی ئەوە دەکات لەگەڵ (UNDP) شەش بیرۆکەی نایاب بێنێتە پێشەوە بۆ ئەوەی لە رێگەی (PBP) تەقدیم بکرێت، بازرگانی بەڕێزان زۆرترین جوڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان خۆراکە، پێداویستی پزیشکییە، کاڵای پیشەسازییە، بابەتی کشتوکاڵییە، کەرەستەی بیناسازییە، ئەلکترۆنییە، ئۆتۆمبێلە، کحولیاتە، لە ماوەی ئەو پێنج مانگە بۆ ئەوەی بزانن کە

حكومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ئیقتصادی هەیە (٢٤٨٨) دوو هەزار و چوار سەد و هەشتا و هەشت ئیجازەی ئیستیراری داوە، ئەوە مەعنای ئەوەیە کە حەرەکەی تیجاری لە هەرێمی کوردستان ئەگەر ئەم رەقەمە موقارەنە بکەین لە گەڵ (٢٠٢٠) ئێمە چووینەتە پێش، بۆیە هەوڵمانداوە کە حەرەکەی تیجاری تەنشید بکەین لە هەرێمی کوردستان کارگەکان یەکێکە لە مەلەفی ئیقتصادی بەڕێز وەزیری تیجارە و صناعە کاك کمال ئیشێکی زۆر باش لەم مەلەفە دەکات کاری باشی کردووە هەندێك لە کارگەکانمان لە کار کەوتوون بە موعەدەل تەبعەن کارگەی بچووك و مام ناوەند لە وەزارەتی صناعەیە کۆی گشتی کارگەکانمان (٣٩٠٤) سێ هەزار و نۆ سەد و چوار کارگەمان هەیە بە داخەوە (٢٠٠٠) دوو هەزار کارگە زیاتر لە کار کەوتووە ئێستا پلانی وەزارەتی تیجارە و ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کە ئەم کارگانە جارێکی تر بخرێنەوە گەڕ، دۆسیەی کشتوکاڵ یەکێك بووە لەو دۆسیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە ئیهتیمامەوە ئیشی لە سەر کردووە، وە دەستخۆشی لە جەنابی وەزیری زراعەش دەکەین کە کاری زۆر جدی لە سەر ئەم بابەتە دەکات ئەوانەی لە لای ئێمە تۆمار کراون (٥٣٠٠٠) پەنجا و سێ هەزار جووتیارن ئەمە رەقەمێکی باشە کە دڵمان پێ خۆش بێت بە فیعلی لە وەزارەتی زراعە تۆمار کراون وە ئیعاناتیش تا حەدەیێك وەردەگرن تەوەقوعات ئەوەیە کە سەرەوەی ملیۆنێك تەن ئێمە گەنمان هەبێت ئەمە رەقەمێکە پێمان دەڵێت هەرێمی کوردستان لە سەر رێگایەکی راست و دروستە ئەم رەقەمانەتان لە بەر چاو نەبێت ناتوانین بڕیار بدەین (٥٣٠٠٠) پەنجا و سێ هەزار کەس لە کەرتی کشتوکاڵی ئیش بکات ملیۆنێك تەنیش گەنمت هەبێت ئەمە مەعنای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە سەر رێگایەکی راستە ئیش لە سەر ئەوە کراوە کە (٣٧٥٠٠٠) سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار تەن لە عێراق وەربگرێت ئەو سایلۆیانەی کە لە کەرتی تایبەت دروستکراوە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار تەن وەرگرێت ئێستا خەریکی ئەوەین ئەو باقیەکەی تریش بازاڕی بۆ بدۆزرێتەوە و کاری لە سەر بکرێت، بەنداوەکان بەڕێزان حکومەتی هەرێمی کوردستان (٣٠) سی بەنداو تەمویل دەکات بچووك و مامناوەند، سی بەنداو لە بەر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بچووك و مامناوەندن کاری لەسەر دەکەین ئەوەی کە هەیە هەندێك پرسیاری تایبەت کرا پێم خۆشە پێش ئەوەی پرسیارە تایبەتەکان جواب بدەمەوە، بەڕێزان رێزی تەواوم بۆ قسەکانی برای بەڕێزم کاك خالد شوانی من دەزانم لە حرسەوە لە دڵسۆزیەوە وە ئەندامێکی کارای ئەنجومەنی وەزیرانە وە بە راستی جێگەی متمانەی هەمووانە وە دەستخۆشی لێ دەکەین وە لە هەموو ئیشەکانی سەرکەوتوو بووە، بەڵام لێکدانەوە بۆ قسەکانی حەز دەکەم من تەکمیلەی قسەکانی ئەو بکەم نالێم لێکدانەوە تەکمیلەی قسەکانی کاك خالد دەکەم ئێمە لە کابینەی نۆ وەریسی هەشت کابینەی پێش خۆمانین قانون وامان پێ دەڵێت دەستوور وامان پێ دەڵێت من ناتوانم لەو مەسئولیاتانەی کە لە پێش ئێمە بووە پێم خۆش بێت یان پێم ناخۆش بێت من وەریسی ئەو کابینانەم لە رووی قانونییەوە لە رووی دەستوورییەوە ئێمە تەحەمولی ئیلتیزاماتی هەموو ئەو کارانە دەکەین، ئەگەر بێین سەیری بکەین و الله عەدالەت نییە بڵێین هەمووی خەراپ بووە هەمووی خەراپ نەبووە بەڕێزان لە (٢٠٠٧) ئێمە صناعەتی نەوتی بورغییەکیشمان نەبوو، بەڵام ئێستا (٤٥٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار بەرمیل نەوت ئینتاج دەکەین بە چی کراوە ئەمە؟ پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئەمانتوانی

باشتر بین بەڵێ دەمانتوانی باشتر بین لە بەینی سفر و سەد نابێت بڵێین ئەمە هەر سفربووە ئێمە دەمانەوێت بیکەین بە سەد نەخێر قسەکە لە سەر ئەوەیە کە واقعێك هەبووە ئێمە دەبێت زروفی ئەو کاتەش بخوێنینەوە بە باشی بیخوێنینەوە بزانین ئەو رەفیقانەی پێش ئێمە لە کابینەکانی پێشووتر بۆ ئەم بڕیارانەیان داوە؟ چ سەبەبێك هەبووە وایان کردووە ئەم بڕیارانە بدەن؟ لە نەتیجە قسەکە ئەوەیە من دڵنیام قسەی من و کاك خالد ئەوەیە کە دەمانتوانی باشتر بین بەڵێ دەمانتوانی باشتر بین بەس ئەوە نییە کە بڵێین هەر سفرە وە زەربی ئەوە بکەین کە بڵێین هەمووی خراپە، نەخێر هەمووی خراپ نییە شتی باشیشی تێدایە ئێمە هەوڵ دەدەین باشەکان باشتر بکەین خراپەکانیش بێنینەوە قۆناغی باشی، ئەو پرسیارانەی کە لە براتان کرا ئەگەر پێنج دەقەیەك مەجال هەبێت بۆ ئەوەی نەڵێین مەجالمان دەست نەکەوت هەر بە سەریعی هەندێکی باس دەکەم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئاشتی هیچی لە لا ماوە؟

**بەڕێز ئومێد صەباح عثمان/ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك دکتۆر ئاشتی یاریدەدەری سەرۆکی حکومەتە لەو موعادەلەی کە باسم کرد ئێستا رۆڵی راوێژکاری دەبینێت تەنها، وە لە هەموو موعادەلەکان برایەکی خۆشەویست و برایەکی گەورەی ئێمەشە و دەوری هەیە کاری کردووە و لەو مەرحەلەیە کاری باشی کردووە ئێستا تەنها رۆڵی ئیستشاری دەبینێت بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەت وەك یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت ئەمما لە مەسائلی تەنفیزی ئەو بەڕێزانەی کە باسمان کرد ئەوان ئیشەکان دەکەن، پرسیارەکان ئەوەیە کە باسی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە پێنج بڕیارمان دابوو چوار بڕیاری جێبەجێ کراوە لیژنەکانی تەواو بووە بڕیارێك ماوە ئەویش رسوماتە سبەی برای بەڕێزمان کاك (قوباد) سەرپەرشتی ئەو بابەتە دەکات و هەوڵ دەدەین تەواوی بکەین، باسی وەزارەتی پێشمەرگە کرا هەمووومان خۆمان بە خزمەتکاری پێشمەرگە دەزانین وە ئەو بارودۆخەی کە هەمانە لە سایەی ئەوانە لە سایەی قوربانییەکانی ئەوانە، بەڵام یەکجار وەزعەکەیان ئەوەندە خەراپ نییە بەڕێزان، ئێمە مانگانە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ لیوا موشتەرکەکان دوو ملیار و چوار سەد ملیۆنیان دەدەینێ بەس بۆ نەسریە ماعەدا تەشغیلی ئەمە بە بێ یەکەی حەفتا و هەشتا، یەکەی حەفتاش دوو ملیار و شتەك وەردەگرێت یەکەی هەشتاش دوو ملیار و شتەك وەردەگرێت زێرەڤانی و فریاکەوتنیش شتێك وەردەگرن یەعنی ئێمە وەزعی پێشمەرگەمان لە ئەولەویەت داناوە نزیکەی هەژدە ملیار نەسریەی دام و دەزگاکانی ئێمەیە لە پێشمەرگەوە بگرە بۆ ئاسایش بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئەوانەی تر ئێمە ئەوانەمان بە ئەولەویەت داناوە نیوەی پێشینەکانی حکومەتمان لە خزمەتی ئەوان داناوە، چونکە ئەوان لە ساتری پێشەوەن لە بەرگری پێشەوەن، بۆیە وەزعی پێشمەرگەش ئەوەندە خەراپ نییە بەڕێزان راستە لە مستەوای تموح نییە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو وەزعە خەراپەی خۆیەوە مانگانە لە حدودی هەژدە ملیار بۆ ئەم کەرتە تەرخان دەکات وەك پێشینە یەعنی ئەو رەقەمانتان حەز دەکەم لە بەر چاو بێت بۆ ئەوەی بزانن یەعنی یەکێك لەو بەڕێزانە بە شێوەیەك تەسویری کرد کە ئەنەهوو

ئێمە خۆمان بێ بەری کردووە لە پێشمەرگە نەخێر پێشمەرگە خاوەنی هەموو شتێکە وە ئێمە خزمەتکاری ئەوانین، باسی هەموار کردنەوەی شەهادەکان کرا یەکێك لەو بەڕێزانە کاك مەلا احسان باسی کرد، ئێمە پەیڕەوێکمان دەرکردووە دوو هەفتە پێش ئێستا ئەو پەیڕەوە هەموو بابەتەکانی یەکلا کردوتەوە پەیڕەوی مۆڵەتی خوێندنە هەموو ئەو تەفاسیلانە چۆن تەعدیلی شەهادە دەکرێت یەکلایی کراوەتەوە، مەسەلەی هەژمار کردنی ساڵێك دوو ساڵ بۆ مەسەلەی خزمەتی پێشمەرگایەتی لەگەڵ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە لە سەر خەت بووینە کۆبوونەوەیەکی زۆر باشمان کردووە کۆنووسێکمان نووسیوەتەوە بۆ چۆنیەتی هەژمار کردنی راژە و کاری لە سەر دەکەین (ان شأ الله) وا دەکەین بە شێوەیەکی باش بە دڵی هەموو لایەك بێت، یەکێك لەو قسانەی کە کرا گووتیان کە ئەنجومەنی وەزیران رێگرە لە مەسەلەی چاکسازی لە مەسەلەی پێشمەرگە من تەعەجوبم دێت لەو مەسەلەیە بە راستی ئیستغرابی دەکەم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەموو سێکتەرەکانی ئەنجومەنی وەزیران لە گەڵ ئەوەن کە چاکسازی بکرێت لە کەرتی پێشمەرگە، بەڵام یەك شتتان پێ بڵێم ئێمە نابێت پینە و پەڕۆی بکەین نازانم لە کەرکوك پێی دەڵێن پینە و پەڕۆ پێنە و پەڕۆ ناکرێت کاکە ئەگەر دەمانەوێت وەحدەی حسابی حەفتا و هەشتا رێك بخەینەوە دەبێت ببێتەوە یەك بەڕێز، بەڵام هەر ئیقتراحێکی تر بکرێت بۆ ئەوەی کە واقعی حال وەك خۆی بمێنێتەوە ئەمە لە ئەنجومەنی وەزیران ناڕوات، چونکە قانونەکە پێمان دەڵێت چی قانونی چاکسازی پێمان دەڵێت دەبێت وەحدەی حسابی حەفتا و هەشتا بکرێت بە یەك، نەی وتووە واقع حاڵەکە وەك خۆی بمێنێتەوە من رێزم هەیە هەندێك پێشنیار کراوە بەڵام ئیسراری ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کە قانونی چاکسازییەکە وەك خۆی جێبەجێ بکەین، باسی چەمچەماڵ کرا من بە حوکمی کەرکوکی بوونەکەم حەقێکیان لە سەرم هەیە مەسەلەی چەمچەماڵ بە راستی یەکێکە لەو شوێنانەی کە زۆر مەغدورن وە بە جدی من خۆمیش چوومەتە ناو بابەتەکە حەلی جەزری ئەوەیە کە مەشروعی ئاوی چەمچەماڵ گۆپتەپە بکرێت بە راستی حەلە جەزریەکە ئەمەیە تەخمینمان کردووە پارەیەکی دەوێت لە بەینی سەد بۆ سەد و پەنجا ملیۆن دۆلارێکی دەوێت ئەمە حەلە جەزریە ستراتیژییەکەیە حەلێکی ئانی هەیە ئێستا سێ ملیار و نیومان سەرف کردووە حەوت ملیار و نیوی تریش سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە بۆیان سەرف بکرێت، یەعنی لەو مەجالەدا وەك حەلێکی ئانی سێ و نیوی بۆیان سەرف کردووە سەرۆکی حکومەت وە حەوت و نیوی تریشیان بۆ سەرف دەکات ئەمە دەبێتە حەلێکی ئانی، وە لە گەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانیش قسەمان کردووە محاوەلە دەکەین تەمویلێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی کە ئەو سەد و پەنجا ملیۆنە تەئمین بکەین و کاری لە سەر بکرێت، سندوقی سەرەتانی هەم دکتۆر صباح هەم دکتۆرە شایان باسیان کرد قانونێك هەیە بۆ مەسەلەی سندوقی سەرەتانی تەبعەن ئێمە هەوڵمان داوە تەمویلی ئەم سندوقە بەردەوام بێت مانگانە ملیارێك بە سوپاسەوە لە لایەن وەزیری داراییەوە تەمویلی سندوقەکە دەکرێت، وە جگە لە تەمویلی سندوقەکە حەز دەکەم ئەگەر دکتۆرە شایان لێرە بوایە بۆم شەرح بکردایە مەسەلەکە ئەوە نییە ئێمە دەعمی سندوقەکەمان کردووە سندوقەکە مانگانە ملیارێکی دەدەینێ لەگەڵ ئەوەش مانگانە ملیارێك و شەش سەدی تریش بۆ نەخۆشخانەکانی شێرپەنجە تەمویل کراوە، یەعنی بە هەمووی دەکاتە

دوو ملیار و شەش سەد تەمویلی ئەم سێکتەرە دەکرێت مەسادیری تەمیلی سندوقەکە دەبێت تەنزیم بکەینەوە لە گەڵ وەزیری دارایی و برادەران و وەزیری تەندروستی لە سەر خەت دەبین تا ئەم سێکتەرە رێك بخەینەوە، بەڵام ئێستا مانگانە دوو ملیار و شەش سەد تەمویلی ئەم سێکتەرە دەکرێت ئەو رەقەمەش ئەوە نییە کە بڵێین هەر سفر نا نەخیر سفر نییە دوو ملیار و شەش سەدیان بۆ تەمویل دەکرێت، دابەشکردنی زەوی بە سەر خانەوادەی شەهیدان بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت داوای کردووە کە خوتەیەکی گشتگیر بۆ هەموو کوردستان دابنرێت نەك تەنها لە یەك شوێن زەوی بە سەر خانەوادەی سەربەزی شەهیدان دابەش بکرێت، بەڵکو دەبێت لە هەموو کوردستان ئەم پرۆسەیە بگرێتەوە، وە ئێمەی تەکلیف کردووە کە ئەم دیراسەتەی بۆ ئامادە بکەین، باسی خەستەخانەی شەهیدان کرا بەڕێزان من حەز دەکەم تەرکیزتان لە سەر ئەو نوقتەیە بێت خۆی موستەشفا ئەگەر ئێمە توخوا بەڕێزان ئەو قسەیە بۆ هەمووتانە کاك مەلا احسان ئەو مەوزووعە پەیوەندی بە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانەوە هەیە هەمووتان ئاگادار بن، ئەسڵ چییە موستەشفا دەبێت سەر بە وەزارەتی تەندروستی بێت موستەشفا نابێت سەر بە وەزارەتی شەهیدان بێت لە مەرحەلەی پێشوو هاتوونە موستەشفاکانیان کردووە سەر بە وەزارەتی شەهیدان ئێمە چیمان وتووە وەزیری شەهیدان پێشنیاری کردووە کاکە من موختەس نیم لە موستەشفایات ئەم موستەشفایەتانە با بمێنن خزمەتگوزاری پێشکەش بکەت بە خانەوادەی شەهیدان، بەس با بگەڕێتەوە سەر وەزارەتی تەندروستی خۆ نەمانوتووە دابخرێت نەخێر ببوورن پارەکە تەمویلیش کراوە دیاری گیان ئێستا تێتان دەگەینم بیرۆکەکەی وەزیری شەهیدان ئەمەیە دەڵێت کاکە ئەم موستەشفایاتانە با بمێنن ئێمەش قەبووڵمان کردووە پەنجا و هەشت ملیۆنی پێویست بووە ئەوانەشمان موافەقە کردووە، بەس وتوومانە نابێت سەر بە وەزارەتی شەهیدان بێت بەڕێزان تکایە موستەشفا با بچێتەوە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ ئەوەشدا من کتابێکم کردووە وتوومە کاکە هەر دوو وەزارەت بە یەکەوە دابنیشن ئەم موستەشفایەتانە با بەردەوام بێت بۆ خانەوادەی شەهیدان بێت و بە خۆڕایی بێت پەنجا و هەشت ملیۆنیشمان بۆ داناوە، بەس عادیەتی موستەشفاکە مەنتق نییە من خۆم لە گەڵ ئەوە نیم موستەشفا سەر وەزارەتی شەهیدان بێت موستەشفا دەبێت سەر وەزارەتی سحە بێت، بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بێت لەگەڵ ئەوەشدا هەر دوو وەزیر چی بڵێن ئێمە لە دیوان هاوکار دەبین و هەماهەنگیش دەبین لەگەڵیان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر دانیشتنێکی تری پەرلەمان دەکرێت سەبارەت بە دامەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژان و بە هەمیشەیی کردنی گرێبەست دەمانەوێت سیاسەتی ئەنجومەنی وەزیران لەو بارەیەوە بزانین.

**بەڕێز ئومێد صەباح عثمان/ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی سجنەکان باسکرا بەڕێزان پرسیارە دوایی بەڕێزان دەڵێن جوابمان نەدرایەوە، لەبەر ئەوەی لە من پرسیار کرابوو مەوزوعی سجنی چەمچەماڵ ئەو سجنە سەر بە وەزارەتی عەدلی عێراقییە سەر بە ئێمە نییە، بەڵام ئەگەر بارودۆخی کۆی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان

باس بکەین ئێمە لیژنەیەکی مەرکەزیمان دروست کردووە بەڕێز کوێستان خان بە راستی جێگەی دەستخۆشییە دەستخۆشی لێ بکەین زۆر جدی لە سەر ئەم بابەتەیە بەڕێز وەزیری ناوخۆ زۆر بە جدی لە سەر ئەم بابەتەیە ئێمەش لە ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە لیژنەیەکمان دروست کردووە دەمانەوێت چاکسازییەکان فراوان بکەین بڕیاریش دراوە کە چاکسازییەکی گەورە دروست بکرێت وە هەوڵ بدەین ئەو قەرەباڵغیەی ناو چاکسازییەکان هەیە جگە لە چاکسازی ئیداری و هەروەها لە چەند بابەتێکی تر لەو بابەتانە بکرێت، مەوزوعی کۆیە باسکرا پاکردنەوەی کۆیە تەواو بووە تەرخانەکەی کراوە ئەوەی خەستەخانەی شەهید دکتۆر خالید کاك قوباد پێریێ لە کۆیە بوو باسی کرد تەواو بووە ئەویش لە قۆناغی تەواو بوونە یەعنی ئەمرەکە لە ئەنجومەنی وەزیران تەواو بووە و کۆتایی پێ هاتووە ئەو جووت سایدە لە بەرنامەیە بەس تەمویلێکی زۆری دەوێت دەبێت دیراسەتی بکەین هەوڵ بدەین تەمویلەکەی بۆ پەیدا بکەین، وشکەساڵی باسکرا وتتان هیچ نەکراوە بۆ وشکەساڵی وانییە بەڕێزان کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران کرا جەنابی سەرۆکی حکومەت جێگری سەرۆکی حکومەتی تەکلیف کرد لەگەڵ وەزارەتەکان لە نەتیجەدا کۆمەڵێك بڕیار دراوە وە دوو ملیار و نیو موافەقەی بۆ کراوە بەڕێزان بۆ موعالەجە کردنی کەم ئاوی مەرحەلەی یەکممان ئەوە بووە کە نەهێڵین کەم ئاوی هەبێت دوو ملیار و نیو تەخسیس کراوە بۆ ئەم بابەتە، کاك هەڵکەوت بە سەر چاو من موتابەعەی ئەو دوو نوسراوە دەکەم، باسی مەقاسە کرا بۆ کۆمپانیانەك بەڕێزان ئێمە مەقاسە بۆ کۆمپانیایەك دەکەین لە سەر حەق بێت من ئەو مەسەلەی کە یەکێك لەو برایانە باسی کرد تەبعەن ئەو مەقاسەی ئێوە باسی دەکەن ئەو بەڕێزەی کە ئێوە باسی دەکەن ئەو کۆمپانیایە نوسراوەکەی تەقدیمی ئەنجومەنی وەزیران کردووە نێردرا بۆ وەزارەتی مالیە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان با گوێمان لە وەڵامەکان بێت، فەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز ئومێد صەباح عثمان/ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمپانیایەك تەقدیمی ئەوەی کردووە دەڵێت من ئەوەندە حەقم لە لای حکومەت هەیە، حکومەتیش ئەوەندەی هەیە لە لای من ئەم بابەتە چووەتەوە لای وەزارەتی مالییە لە وەزارەتی مالیە کتاب بۆ ئێمە کراوە، ئێمە ویستوومانە تەدقیق بکەین پرسیارمان لە وەزارەتی مالییە کردووە وتوومانە بۆمان یەکلایی بکەنەوە لەگەڵ وەزارەتی تەختیت بە نووسراوی رەسمی ئەم بەڕێزە ئێمی پێی قەرزارین بە کتابی وەزارەتی مالییە و تەختیت بۆ ئێمە هاتووە و تەقتیت کراوە دەڵێت ئێمە وەك حکومەت ئەوەندە پێی قەرزارین ئەوەندەش پارەمان لە لایەتی، بۆیە مەقاسەکەی بۆ کراوە هەر بەڵگەیەکتان لە لایە بماندەنێ زۆر تەبیعیە سود نە بەس مەسەلەی مەقاسەکە بەم شێوەیە بووە ئەگەر مولاحەزەیەکی ترتان هەیە بماندەنێ، بەڵام دوو وەزارەت تەئیدی کردووە وەزارەتی مالیە و تەختیت وتوویانە ئەم بەڕێزە ئەوەندە حەقەی هەیە و ئێمەش ئەوەندە حەقەمان لایان هەیە، بۆیە مەقاسەمان کردووە ئەگەر هەر مولاحەزەیەکی

ترتان هەیە بمان دەنێ، مەسەلەی پاپا گروپ ئەوەی سۆرانیش حەل کراوە بەڕێزان ساڵێکی بۆ تەمدید کراوە ئەوەی سوران کێ بوو پرسیاری کرد ئەوەش تەواو بووە یەعنی ساڵێکیان بۆ تەمدید کراوە وە ریسایکلینەکەش لەوێ دەکەین بڕیارمان داوە ریسایکلینی سۆرانیش دەست پێ بکاتەوە، بەس لە دوای ساڵەکە دەبێت تەندەرێکی تازە بکرێتەوە وە دەبێت مەعمەلێکیش بۆ سۆران بە تایبەتی دروست بکرێت..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان با جوابی هەموو پرسیارەکان بداتەوە با تەواو بێت، ئینجا ئەگەر شتێك مابێت پێی دەڵێین.

**بەڕێز ئومێد صەباح عثمان/ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆرە شایان باسی بەدەل عیادەی کرد بەڕێزان بەدەل عیادە خۆیان چۆنیان ویستووە ئەوها قبووڵکراوە یەك ملیار و تەقریبەن سەد ملیۆن وەك خۆیان پێیانم وت بانگیانم کرد وتوومە کاکە دکتۆر صباح، دکتۆر سامان، دکتۆر دلۆڤان وەرن لەگەڵ دهۆك وەرن خۆتان چیتان دەوێت خۆیان چیان ویستوووە یەك دیناریشمان لێیان کەم نەکردۆتەوە بەدەل عیادە، بەڵام بەڕێزان با شتێکتان پێ بڵێم ئەم سێکتەرە دکتۆرە لێم تێ دەگەی ئەم سێکتەرە تەنزیم نەکرا بوو ئێمە هاتین تەنزیممان کرد ڕێنمایی نەبوو لە سلێمانی بە شێوازێك بوو لە هەولێر بە شێوازێك بوو لە شوێنێکی تر بە شێوازێك بوو کاکە بەدەل عیادە دەزانی یەعنی چی؟ بەدەل عیادە یەعنی دکتۆر بۆ ئەوەی ئێواران عیادەی شەخسی نەکات و خزمەت بە حکومەت بکات ئێواران پارەیەکی بدەینێ کاکە سکرتێر، شۆفێر، کاتب بەدەل عیادە وەردەگرێت دەبێت؟ نابێت ئێمە پارەیان لێ نابڕین بە ناوێکی تر ئەم سیستەمە ناکرێت بەم شێوەیە بەردەوام بێت، بۆیە هاتووین ڕێنماییەکمان داناوەتەوە تەعریفی بەدەل عیادە کراوە کێ موستەحەقی بەدەل عیادەیە وە ئەوەی سکرتێریشە بۆ ناوی دەنێی بەدەل عیادە ناوی بنێ حەوافز خۆ پارەکەیان لێ نابڕین پارەکەیان دەدەینێ بەس بە ناوێکی ڕاست، تەقریبەن من جوابی هەموو پرسیارەکانم دایەوە یەك مەوزوع ماوە مەسەلەی قەرزەکان، بەڕێزان من بە ڕاستی لەگەڵ ئەو مەنهەجە نەبووم بەڕێزان بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بێت من تەقدیرم هەیە بۆ زروفی سحی کاك دکتۆر ئامانج، بەڵام دەبوایە بمایەتەوە وە ئەو گلەییە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەکەم بۆ ئەوەی مەعلومات بە ناقسی نەڕوات بە نەقس برۆت ئێستا ئێوە عەلامەتێکی ئیستفهام پێش لە چاوتان دروست بووە ئێستا من خۆم لە بەردەمتانم کۆمەڵێك قسەم کردووە ئێستا ئەگەر شتێك هەبێت من نارۆم ئەوەتا لە بەر دەستانم دکتۆر ئامانج هەندێك قسەی کرد یەکسەر رۆیشت من لە گەڵ ئەو ئسلوبە نەبووم، بۆیە من داواتان لێ دەکەم جەلسەیەکی تر بکرێت لیژنەی موختەس دکتۆر ئامانج رەقابەی مالی بێن رەقەمەکانتان بدەنێ بە دەقیقی ئەو رەقامانە بە ڕاستی لە لای ئێمە تەسبیت نەکراوە لە ئەنجومەنی وەزیران تەسبیت نەکراوە کاك شێرکۆ نەخێر ئەوە فەرمانگەی قەرزەکانە یەك دەقە بۆت باس دەکەم بزانە پرۆسێسەکە چۆنە فەرمانگەی قەرزەکان تەسجیلی قەرزەکان دەکەن دەیدەنە رەقابەی مالی پرۆسەکە دێنێتە ئەنجومەنی وەزیران لە ئەنجومەنی وەزیران

تەسبیت دەکرێت من خۆم کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەشدار دەبم کاك خالید، کاك ئاوات ئەم رەقەمە لە لای ئێمە تەسبیت کراوە؟ نەکراوە کاکە دکتۆرە قالا کراوە؟ نەکراوە تەسبیت نەکراوە، بۆیە من لە گەڵ ئەو مەنهەجە نیم داواتان لێ دەکەم بەڕێزان بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین جەلسەیەك حەز دەکەن با عەلەنیش بێت هیچ شتێك نییە بیشارینەوە، بەس بە دەقیقی لێرە کاك دکتۆر ئامانج حەز دەکەن منیش لەگەڵی دێم هەرچەندە من مەسئولی ئەو مەلەفە نیم بەڵام دێم بۆ ئەوەی رەقابەی مالی لە پێش چاو بڵێت ئەو راپۆرتە لە ئەنجومەنی وەزیران هێشتا پەسەند نەکراوە بەڕێزان، بۆیە من لەگەڵ ئەو مەنهەجە نەبووم، بەڵێ؟ دەبێت لە رەقابەی مالی بێتەوە بۆ ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی بکەین بینێرین بۆتان ئێمە نەمانبینیوە کاکە من خۆم شەخسی ئەم رەقەمانەم نەبینیوە، بۆیە من پێم خۆش بوو لە جیاتی برای بەڕێزم کاك دکتۆر ئامانج زۆر هیلاك بووە رێزی تەواوم بۆی هەیە کوڕێکی میهەنی یەکێك لە دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێکی کوردستان، بەس من باسی ئەم جوزئیەتە دەکەم ئەم جوزئیەتە نابێت بەم مەنهەجیەتە موناقەشە بکرێت مەلەفێکی حەساسە هەموو خەڵك ئێستا سەیری ئەم بابەتە دەکەن، بۆیە تکاتان لێ دەکەم، بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین کاك دکتۆر ئامانج بێت منیش دێم لەگەڵی مەسئولیەتەکە هی هەموومانە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی شەرحی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆئەوەی ئەم بابەتە بە جۆرێکی تر نەچێتە ناو دەزگاکانی راگەیاندن ئێمە چاودێری مەلەفی قەرزەکان دەکەین وەکوو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە جارێك ئێمە نوسراومان بۆ دیوانی چاودێری دارایی و نوسخەشمان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دواین وەڵام کە دیوانی چاودێری دارایی وەڵامی ئێمەی داوەتەوە وەڵامیشی ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەڵێت هێشتا هەندێك زانیاری وردمان پێویستە لە فەرمانگەی قەرزەکان وەری بگرین ئینجا ئێمە راپۆرتەکەی خۆمان تەسدیق دەکەین یەعنی لای خۆمان وردبینی دەکەین راپۆرتەکەمان دەنێرینەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە تەسدیقیان کرد تەسدیقکراوەکە دێتە پەرلەمان، واتا رەقەمی حەقیقی ئەوەیە کە وردبینی تەواو دەبێت دەگاتە قۆناغی کۆتایی دەچێتە ئەنجومەنی وەزیران تەسدیق دەکرێت ئەوە دێت بۆ ئێمە نەك ئەوەی کە دیوانی چاودێری دارایی وردبینی دەکات و راستەوخۆ بێت بۆ ئێمە پرۆسەکە بەم شێوەیە مەنهەجیە، وە ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگ و حەساسە تکا دەکەم ئێمە دەبێت لە کاتی خۆیدا قسەی لە سەر بکەین، بەڵێ فەرموو کاك دکتۆر ئومێد جەنابت بەردەوام بە، بەڵێ بەڕێزان من دەزانم پرسیارەکانتان چییە بەڕێز سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان کە لێرە ئامادەییتان هەیە، ئێمە مەلەفێکی ترمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان بابەتی وانەبێژان، بابەتی گرێبەستەکان، بابەتی بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان، بابەتی سێ یەکەمەکان، بابەتی خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە بەردەوامی لە پەرلەمانی کوردستان داوای دانیشتن دەکرێت لە سەر ئەو بابەتە ئەوەی زیاتر گوێمان لێ بووە زیاتر لە سی چل ئەندامی پەرلەمان لە سەر ئەم بابەتە قسەیان کرد ئێوە سیاسەتێکی موعەیەنتان نییە بۆ موعالەجە کردنی ئەم بابەتە؟ مەلەفی قەرز هەتا وردبینی نەکرێت نابێت، کاك دکتۆر ئومێد صباح فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد صباح عثمان/ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

هەر یەك لە ئێمە موختەسین بە مەلەفێك هێشتا دوو مەلەفی تر ماوە دکتۆرە ڤالا و کاك دکتۆر عبدالحکیم ماوە هەندێك شت هەیە دەبێت وەك تیمەکە گشتمان جواب بدەینەوە نەك بەس من جواب بدەمەوە یا بەس کاك ئاوات جواب بداتەوە هەندێك پرسیار هەیە دەبێت هەموومان بە یەکەوە جواب بدەینەوە با ئەم دوو بەڕێزە قسەی خۆیان بکەن، ئینجا دوایی پرسیارە عامەکان جوابتان دەدەینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بە سەر چاو، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەموون دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز فرید ابراهیم / وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لە سەر دوو پڕۆژە یاسا قسە دەکەم ئەو پرسیارانەی ئاراستە کران یەکەمیان پڕۆژە یاسای وەبەرهێنانە ئایا هەموار دەکرێتەوە؟ ئەگەر هەموار دەکرێتەوە کەی دەنێردرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان؟ پڕۆژە یاسای وەبەرهێنان هەموار ناکرێتەوە بەڵکو پڕۆژە یاسایەکی تازە دانراوە نەك پڕۆژە یاسا بەرکارە کۆنەکە تەعدیل بکرێت پڕۆژە یاسایەکی تازە دانراوە لە نێوان کوتەلی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر هەندێك خاڵ موفاوەزات بەردەوامە، بۆ ئەوەی داڕشتنی بە شێوەیەك بێت کە جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت هەر کاتێك ئەو موفاوەزاتە تەواو بوو کە ئێستا لە کۆتاییەکەی داینە پڕۆژە یاسای وەبەرهێنان دەنێردرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان مەجلس شوورای بڕیوە هەموو ڕێکارە یاساییەکانی بڕیوە تەنها پەسەند کردنی ماوە لە ئەنجومەنی وەزیران راستەوخۆ دەنێردرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی تەشریع کردنی، پڕۆژەی یاسای دووەم پڕۆژە یاسای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە بە سوپاسەوە وەزارەتی ناوخۆ ئەو پڕۆژە یاسایەشی ناردووە بۆ ئێمە وە ئێمەش ناردوومانە بۆ مەجلسی شوورا، هەر کاتێك لە مەجلسی شوورا گەڕایەوە دەینێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە ئەنجومەنی وەزیرانیش پەسەندی کرد دەینێرین بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی تەشریع کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان ئەو دوو پرسیارەتان لێ کرا بوو، بەڕێز دکتۆر عبدالحکیم خەسرۆ فەرموون، جارێکی تر موداخەلە لە سەر موداخەلە ناکرێت، دەزانی بۆمان بنوسن کاك بەڵێن ئەو دەرگایە ناکەینەوە.

**بەڕێز عبدالحکیم خەسرۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان زۆر سوپاس بۆ ئەو سەرنج و تێبینی و مولاحەزاتە کە لە سەر یەکێك لە یاسا گرنگەکانی خولی پەرلەمانی و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بریتییە لە یاسای چاکسازی، وە زۆر سوپاستان دەکەم، بۆ ئەوەی کە بە وردەکاری و بە وردی

هەموو زانیارییەکان کە لە ناو ئەو راپۆرتە و ئەو زانیارییەی کە خۆتان جەنابتان چ لە راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی یا لە راپۆرتی دەستەی دەسپاکی بە دەستان هاتووە وەرتان گرتووە، لە هەمان کاتیشدا لە چەند هەفتەی رابردوو لە شەش دانیشتن لە پەرلەمانی کوردستان لە لیژنەی دارایی لەگەڵ لیژنەی دەسپاکی لە گەڵ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بە یەکەوە دانیشتین لە سەر کێشە و گیر و گرفتەکانی بەردەم یاسای چاکسازی بەشێکی روونکردنەوە بوو لە سەر ئاستی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی و ئەوەی کە پەیوەستە لەوەی کە ئاسانکاری بکرێت پاڵپشتی دام و دەزگاکان بکرێت، بۆ ئەوەی کە پرۆسەکە بە پێی ئەو ئامانجە بێت کە یاسای چاکسازی بۆ دەرچووە لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین گشت بڕگە و ماددەکانی وەك خۆی جێبەجێ بکەین دەبێت بێ ئەوەی هیچ کێشە و گیر و گرفتی هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پرسیارتان کردووە کاك دیاری لە تەنیشتیوە دانیشە پێکەوە قسە بکەن، تۆزێك لە سەرخۆ دانیشن لە تەنیشت یەکەوە بە وردی قسە بکەن دەنگتان گەیشتووە، بۆیە ئەو ناتوانێت قسە بکات، ئێمە گوێمان لە دەنگتانە بەڕێزیان ناتوانێت قسە بکات.

**بەڕێز عبدالحکیم خەسرۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان یاسای چاکسازی وەکوو جەنابتان دەزانن و لێی ئاگادارن، یاسای چاکسازی تەنها یاسایەك نییە ئەم یاسایە ئاماژە بە جێبەجێ کردنی چەندین یاسا دەکات کە پێشتر لە هەرێمی کوردستان بەرکار بوون، وە پرسی مووچە و بەخشینی ئیمتیازاتەکان رێك دەخات لە هەرێمی کوردستان، تاکە تەعدیل کە لە یاسای چاکسازی هەیە پەیوەستە بە خانەنشینی پلە باڵاکان، ئەگینا هەموو بڕگە و ماددەکانی پەیوەستە بە جێبەجێ کردنی گشت بڕگە و ماددەکانی یاسای چاکسازی من باسی ئەو یاسایانە دەکەم کە یاسای چاکسازی داوای کردووە جێبەجێ بکرێت یاسای خزمەتی شارستانی ساڵی (١٩٦٠)، یاسای میلاك تەبعەن ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)، یاسای میلاك ژمارە (٢٥)ی ساڵی (١٩٦٠)، یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٣٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای پەکەوتەیی پێشمەرگە ژمارە (٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای مووچە و خانەنشینی پێشمەرگە ژمارە (٣٨)ی ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای وەزارەتی پێشمەرگە ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای مووچە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠١١)، یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) یاسای خانەنشینی پلە باڵاکان کە بە یاسای چاکسازی هەڵوەشاوەتەوە، یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٦)، یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٩٩) کە تەعدیل کراوە بە ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)، یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٩)، یاسای موچەی کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)، بەڵام ئەم یاسایە یاسای ئەساس بوو بۆ رێکخستنەوەی موچەی گشتی لە هەرێمی کوردستان وە بەشی زۆری دەرماڵەکان لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) هاتووە جگە لەوەی لەو یاسایانەی کە ئاماژەم پێکرد بە هەمان شێوە باسی دەرماڵە دەکات، واتا لە هەر یەك لەم

یاسـایانە ئامـاژەی بە دەرمـاڵە کـردووە و شـێوازی خەرجکردنـی ئەم دەرمـاڵە یاسـای ژمـارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان کە تەعـدیل کـراوە بە یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای مـاف و ئیمتیـازاتی زینـدانیانی سیاسـی ژمـارە (١١)ی ساڵی (٢٠١١)، یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە گشـتییەکان ژمـارە (٥٦)ی سـاڵی (١٩٧٧)، یاسـای مـاف و ئیمتیازاتی پەکەوتە و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١)، بەڕێزان ئەمـانە هەمـوو ئەو یاسـایانەن کە پێویسـتە لە چوارچێـوەی یاسـای چاکسـازی جێبەجـێ بکرێـت وەکـوو باسم کرد هەڵوەشانەوەی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) لە گەڵ تەعدیلی یاسای پەیوەست بە خانەنشینی تەنانەت یاسای خانەنشینی دادوەرانیش بە هەمان شـێواز تەعـدیل کـراوە لە هەمـان یاسـا، واتـا پەرلەمـانی کوردسـتان کاتێـك کە ئەم یاسـایەی دەرکـرد داوای لە حکـومەتی هەرێمـی کوردستان کرد کە ئەو یاسا بەرکارانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە وەکوو خۆی جێبەجـێ بـکەن سـەرپێچی نەکرێـت، لە بەر ئەوەی پێشـتر وەکـوو خـۆی جێبەجـێ نەکـراوە سـەرپێچی کـراوە یـا لەوانەیە بە تەواوی جێبەجێ نەکرابێت، بۆیە پێویست بوو هەمـوو ئەو یاسـایانەی کە ئاماژەمـان پێکـرد ئـێمە دووبـارە بگەڕێیـنەوە ڕێنماییەکـانی جێبەجـێ کردنـی یاسـاکان ئەو پەیـڕەوانەی کە پێویستە لە چوارچێوەی ئەم یاسـایانە بـۆ نمـونە ئەگەر بگەڕێـنەوە بەڕێزتـان ڕەخنەیەکتـان لەوە بووە کە لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەمان تەنها لە پەیڕەو و ڕێنمایی و تەعلیمات و ئەمانە کردووە دەتـوانم بڵـێم لە وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان ئــێمە لە ســفر دەســتمان پێکــردووە، لە بەر ئەوەی ئەو یاسـایەی لە وەزارەتـی شـەهیدان هەبـووە بە تەعلیمـات جێبەجـێ نەکـراوە بە پەیـڕەو جێبەجـێ نەکراوە بە بڕیار جێبەجێ کراوە، واتا ئەو بڕیارانە ئەگەر سەیری بکەن تەنانەت بڕیاری پێشـتر کە ماف و ئیمتیازاتێك درابێتە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، ئەمانە لە چوارچێـوەی بڕیـار بـووە، بۆیە ئێمە ناچـار بـووین کە پەیـڕەوی بـۆ دەربکەیـن دواجـار ئەم پەیـڕەوە پێویسـتی بە چەنـدین ڕێنمـایی هەبـوو کە پێویسـتە ئەم ڕێنماییـانە ڕێـك بخـات، بـۆیە کە دەڵـێین وەزارەتـی کاروبـاری شەهیدان پرۆسەکە بە خاوی بەرێـوە چـووە ڕاسـتە تـا ئەو کـاتەی کە مـن ڕاپـۆرتەکەم پێشـکەش کردووە بە جەنابتان وەکوو سکرتاریەتی لیـژنەی بـاڵای جێبەجـێ کردنـی یاسـای چاکسـازی کە بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە وە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـرانە وە وەزیرە بەڕێزەکان کە ئەندامن لە لیژنەکە و تایبەتمەندن بە جێبەجێ کردنی یاسای چاکسـازی لەو کـاتەی کە ئـێمە ڕاپۆرتەکەمـان پێشـکەش کـردووە لە چوارچێـوەی ئامـادە کردنـی هەمـوو ئەو ڕێکارانە بووین کە پێویست بوو لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان کاری لە سەر بکەن دوا ئامار کە وەرمگرتووە لە وەزارەتی کاروبـاری شـەهیدان لەبەردەسـتمە دەتـوانم دواجـار بۆتـان بـاس بـکەم وەکو چۆن جێبەجێ کراوە، ئێستا لە مەجموعی (١٠٣٠٠٠) سەد و سێ هەزار دۆسـیە کە شـەهیدان دەگــرێتەوە وە زینــدانیانی سیاســی لەگەڵ جینۆســاید وە بەرکەوتــووانی کیمیابــاران ئەمــانە هەمـووی چەکـی کیمیـایی ئەمـانە هەموویـان (١٠٣٠٠٠) دۆسـیەیە (١٢٠٠٠) دوازدە هەزار دۆسـیە

یەکلایی بووەتەوە وە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێتەوە، وە ئێستا زۆریش بە خێرایی پرۆسەکە دەڕوات چونکە لیژنەکانیان زۆر ئەکتیڤن و لە مەیداندا ئیش دەکەن، وە بۆیە سوئتەفاهومێکیش دروست بوو کاتێك کە داواکرا بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان سەردانی پەرلەمان یا لیژنەی تایبەتمەند بکات وەڵامەکە ئەوە بوو باشتریشیان زانی وە پێیان باش بوو لیژنەی تایبەتمەند لە واقعدا سەردانی کاروباری شەهیدان و لیژنە لاوەکیەکان بکات بۆ ئەوەی بزانێت لە سەر ئەرزدا چۆن کارەکانی خۆیان دەکەن وە زۆریشمان پێ خۆشە بە راستی بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان لە پەرلەمان و پەرلەمانتاران خۆیان بەدواداچوونی پرۆسەکە بکەن لە سەر ئاستی وەزارەتەکان، ئەمە وەکوو نمونە بۆ جەنابتانم باس کرد تەنانەت ئەوەی کە پەیوەستە بە دەرماڵە ئەوەی کە لە مادده (٥) هاتووە پەرلەمانی کوردستان داوامان لێ دەکات کە دەرماڵەکان رێك بخرێتەوە لە چوارچێوەی دادپەروەری وە لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان بەڕێزان هەموو ئەو یاسایانەی کە ناوم هێنان ئەمانە بەشێکی دەرماڵە دەبەخشێت، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران لە دوا کۆبوونەوەی خۆی لە (٢٠٢١/٥/٢٦) لە کۆنووس ئاماژەی بە بڕیارێك کردووە کە لەم بڕیارە رۆڵی پێداچوونەوە بە دەرماڵەی دابەش کردووە لە بەینی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەتمەندی پێکهێنا، هەروەها وەزارەتی دارایی و ئابووری کە لیژنەی دیراسەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری پێداچوونەوە بەو رێنماییانە دەکەن کە لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان رێنماییان بۆ دەرچووە چونکە تەنانەت زۆر جار سەرپێچی لە رێنماییەکان کراوە بۆ نمونە رێنماییەك دەرچووە ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان دەکات لە چوارچێوەی ئەو کۆنووسە دەرماڵە بە شەریحەیەك دراوە ئەمە دەرماڵە ئێستاش خەرج دەکرێت وە لە یاسای بۆ نمونە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بۆیە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەنها ئەو رێنماییانەی کە لە چوارچێوەی یاساکان هەیە دەبێت پێداچوونەوەی بکات ئایا موتابقە لە گەڵ یاسا یا نا؟ چونکە ئەمە دەبێت تەتابوق بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە (٢٦) بڕیارمان هەیە یا نوسراومان هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە بۆ خەرج کردنی دەرماڵە وە لەم (٢٦)ە چەندین جۆری دەرماڵە چ مەقتوع بێت یا ئیستسناً بێت یا تایبەت بێت دراوە بە شەریحەیەك بەشێکیان گشت فەرمانبرانی وەزارەتێکی گرتۆتەوە یا بەشێکیان پەیوەستە بە شەریحەیەکی دیاریکراو ئێمە ئەگەر سەیری یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) بکەین لەوێ تەنها دەسەڵاتێك دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش دەسەڵاتی خەرجکردنی دەرماڵەیەك کە لە (٥٠%) زیاتر نەبێت لە موچەی بنەڕەتی، واتا دەسەڵاتی دەرماڵەی مەقتوعی نەبووە، بەڵام ئێستا ئەو لیژنەیە خۆیان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان لە هەر شوێنێکی تریش بێت ئەو دەسەڵاتەی کە بە ئەنجومەنی وەزیران درابێت ئەوان پێداچوونەوەی بۆ دەکەن، بۆ ئەوەی بزانن تا چەند ئەوە موتابقە لەگەڵ یاسا، وە دڵنیا بن لەوەی کە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش دڵنیا دەکەینەوە

به هیچ شێوەیەك ئەمە لێبڕینی دەرماڵە نییە، بەڵكو ڕێكخستنەوەی دەرماڵەكان بە شێوازێك بێت كە دادپەروەری تێدا بێت، فەرمانبەرێك كە ناونیشانێكی هەبێت لە چوارچێوەی یاسای خزمەتی شارستانی بۆ نمونە لە وەزارەتێك بێت دەبێت لە گشت وەزارەتەكان تەنانەت لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی كوردستان و لە هەر شوێنێك دەوام بكات بە هەمان ناونیشانی مەدەنی، بۆ نمونە دەبێت دەرماڵەی خۆی وەربگرێت ئەمە خاڵێكی گرنگە، چونكە ئەو پەیامەی جەنابتان بۆ جێبەجێ كردنی دادپەروەری لەم پرسە ئێمە كاری لە سەر دەكەین، بەڕێزان سەبارەت بە پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران ئەمە یەكێكە لەو بابەتانەی كە جەنابتان باستان كردووە، وە پرسیاری ئەوە كراوە كە چەند پارە دەگەڕێتەوە تەبعەن ئەو بابەتانەی كە بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێكرد بۆ خانەنشینی پلە باڵاكان ئەوەی كە كراوە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری من باسی ناكەم بەڵام ئەوەی كە زۆر گرنگە لێرە باسی وەزارەتەكان بكەم، ئایا لە سەردەمی كەرەنتین لە (٧/١)ەوە و لە هەڵ و مەرجی نەبوونی مووچە لەو وەزعەی كە فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستانی تێدا بوو لێرە بیستمان كە جەنابیشتان وەكوو پەرلەمانتار بەشێك لە مەعاناتی جەنابتان ئەوە بووە لەو فەتەرەیە لە فەترەی كۆرۆنا كاریگەری هەبوو لە ئیشو كارەكانتان بە هەمان شێواز لەگەڵ لیژنە لاوەكییەكان من باسی گشت وەزارەتەكان دەكەم ئەگەر دەتانەوێت وەكوو ئەرقام بۆتان باس دەكەم بۆ ئەوەی لەبەرچاوتان بێت، لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە (١٠٨٩) دۆسیە (٩٦٩) دۆسیە پێداچوونەوەی بۆ كراوە، واتا تەها (٨٠) دۆسیە ماوە، لە دەستەی مافی مرۆڤ (٢٩٥) دۆسیە (٢٤٢) دۆسیە پێداچوونەوەی بۆ كراوە، لە وەزارەتی ناوخۆ لە فەرمانبەری مەدەنی لە (٥٤٠٥) دوسیەوە (٥٢٢٦) دۆسیە پێداچوونەوەی بۆ كراوە، ڕەقەمی گۆڕانكاری پلەكانیش ئێستا لەبەر دەستە بۆ نمونە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە دەستەی مافەكانی مرۆڤ، لە وەزارەتی ناوخۆ ڕەقەمی كولیشمان هەیە كە بۆتان باس دەكەین، وەزارەتی داد لە (٤١٥٨) (٣٥٦٥) دۆسیەی پێداچوونەوەی بۆ كراوە، وەزارەتی دارایی و ئابووری (١٤٤٣٧) سەدا سەد پێداچوونەوەی بۆ كراوە، لە وەزارەتی تەندروستی (٤٩٠٠٠) (٤٦٠٠٠) پێداچوونەوەی بۆ كراوە، لە وەزارەتی پەروەردە سەدا سەد جێبەجێ كراوە وە پێداچوونەوەی بۆ كراوە (١٦٢٦١٣) فایلی فەرمانبەر پێداچوونەوەی بۆ كراوە، ئەمە سەدا سەدە تەواو بووە، لە ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن سەدا سەد جێبەجێ بووە (٥١٧٥) فەرمانبەریان هەبووە (٥١٧٥) دۆسیە پێداچوونەوەی بۆ كراوە هەمووش گۆڕانكاری لە دۆسیەكان لە پلەكان هەبووە وەزارەتی شارەوانی لە (٢٤٣٨٢) (١٧٥٢٧) فیل پێداچوونەوەی بۆ كراوە، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە (٣٠٧٣٨) (٢٣٦٩٢) پێداچوونەوەی بۆ كراوە، وەزارەتی پلاندانان سەدا سەد جێبەجێ بووە، وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی تەنها (١٥) فایلی ماوە لە (٥٧٩٠) فایل، ڕۆشنبیری و لاوان، كاروباری شەهیدان، كشتوكاڵ، بازرگانی ئەمانە كاروباری شەهیدان سەدا سەد تەواو بووە،

کشـتوکاڵ تەنهـا (١٠٠٠)ی مـاوە، بازرگـانی و پیشەسـازی سـەدا سـەد جێبەجـێ کـردووە (٣١٤٩) دۆسـیەیە، گواسـتنە و گەیانـدن (٥٠٠٠)ە (٤٤١٥) پێـداچوونەوەی بـۆ کـراوە، ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینی سەدا سەد جێبەجێ کراوە (١٢٥١٠) فایل پێداچوونەوەی بۆ کراوە، کارەبا (١٤١٣٩) (١٤١٢٢) فایل پێداچوونەوەی بۆ کراوە لە دوا ئامار کە بە دەستمان گەیشتووە، سامانە سرووشتییەکان (٢٠٠٠) فـایلی مـاوە، دەسـتەی وەبەرهێنـان نـزیکەی (١٠) فـایلی مـاوە، دەسـتەی نـاوچە کوردستانییەکان (٢٠) فـایلی مـاوە، دەسـتەی ژینـگە سـەدا سـەد جێبەجـێ کـراوە، ئەنجـومەنی دادوەری لە (٢١٩٧) (١٤٤٧) دۆسـیە پێـداچوونەوەی بـۆ کـراوە، دەزگـای گشـتی مـین سـەدا سـەد جێبەجێ کراوە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن سەدا سـەد جێبەجـێ کـراوە، پەرلەمـانی کوردسـتان لە (٦٦٤) فایـل (١١٥) فایـل پێـداچوونەوەی بـۆ کـراوە نـزیکەی (١٧%) لە پەرلەمـانی کوردسـتان جێبەجـێ کـراوە، دەسـتەی دەسـپاکی لە (٢٠٣) فایـل (٧٨) فایـل پێـداچوونەوەی بـۆ کـراوە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (٥٩٨) (١٠٣) فایل پێداچوونەوەی بۆ کراوە، دیوانی چاودێری دارایـی سـەدا سـەد جێبەجـێ کـراوە، بەڕێـزان کـۆی گشـتی فەرمـانبەری مەدەنـی لە هەرێمـی کوردستان ئەمە جگە لە گرێبەستەکان (٣٦٥٤٩١) فەرمـانبەرە ئەمە فەرمـانبەری مەدەنـی جـگە لە (٢٦٠٠٠)ی گرێبەست کە هەمانە لە (٣٦٥٠٠٠) (٣٤٢٥٧٩) فایل پێداچوونەوەی بـۆ کـراوە لەم هەمـوو فایلە (٦١٧٦) پلەی زیادەمان هەبووە گۆڕانکاری بەسەر دا هاتووە (١٥٤٠٢) سەر موچەی زیادەمـان هەیە ئەمە بە پێـی ئەوەی کە تەنهـا لە مـووچەی ئیسـمی گێـڕاوەتەوە بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان (١١٩٢٠٠٠) یەك ملیـار و سـەد و نەوەد و دوو ملیـۆن دینـار تەنهـا لە مـوچەی ئیسـمی گەڕاوەتەوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بەڕێـزان پرۆسـەیەکی تـر هەیە هاوتەریـب لەگەڵ ئەمە کە پرۆسەی بایۆمەترییە، پرۆسەی بایۆمەتری ئێمە (١١٠٤) هەزار و سەد و چـوار یەکەی ژمێریاریمـان هەیە لە هەرێمـی کوردسـتان لە (١١٠٤) یەکەی ژمێریـاری تەنهـا (٦١) یەکەی ژمێریـاری تـا ئێسـتا فۆڕمەکانیـان نەگەڕانـدۆتەوە فـۆڕمی کـۆدی بـێ هاوتـا یـا فـۆڕمی (UPN) بەڕێـزان لە فـۆڕمی (UPN) گشـت وەزارەتەکـان گەڕاوەتەوە وەکـوو باسـم کـرد تەنهـا (٦١)ی مـاوە لەو عەدەدە پەرلەمانی کوردستانیش تا ئێستا فۆڕمی (UPN) کە فۆڕمی کۆدی بێ هاوتایە بە پێی ئەم کـۆدە ژمـارە حسـابی بـۆ گشـت فەرمـانبەرانی هەرێمـی کوردسـتان دەکـرێتەوە ئەم ژمـارە حسـابە لە چوارچێـوەی سیسـتەمی بـایۆمەتری دەبێـت، پێمـوایە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان وە دیـوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان چەندین جار ئاگاداری جەنابتانیـانی کـردۆتەوە کە فـۆڕمەکە پـڕ بکەنەوە بەشـێکی زۆر لە پەرلەمانتـاران تـا ئێسـتا فۆڕمەکەیـان نەگەڕانـدۆتەوە سـەرەڕای ئەوەی کە چـڵ رۆژە لێرەیە مەبەستم ئیتهام نییە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە لە پرۆسـەی چاکسـازی هەنـدێك جـار ئەم جـۆرە ئالیەتانەمـان هەیە کە کـاریگەری دەکـاتە سـەر پرۆسـەی جێبەجـێ کردنـی یاسـای چاکسازی تەبعەن ئەمە خـاڵێکی بچـوکە لە گشـت ئەو پرۆسـەی ئـێمە دەمانەوێـت باسـی بکەیـن بەڕێزان بابەتەکانی جێبەجێ کردنـی یاسـای چاکسـازی زۆرە، وە جەنابتـان داواتـان کـرد کە ئـێمە

راپۆرتی سێیەم پێشکەش بە جەنابتان بکەین بە تەئکید راپۆرتی سێیەم بە گشت وردەکاری و زانیارییەکانتان بۆ رەوانە دەکەین، بۆ ئەوەی دواجار بتوانین بە یەکەوە جەنابتان وەکوو چاودێر وەکوو لایەنی تایبەتمەند بۆ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی، وە بە پێی ئەو هەماهەنگیەی نێوان دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەسپاکی بە یەکەوە کاری لە سەر بکەن بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی شەفاف بێت داتا و زانیارییەکانیان تەواو بێت وە جۆرێك لە عەدالەتی تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئەم عەدالەتە لە گشت ناوچەکانی کوردستان لە گشت فەرمانبەرەکان وە گشت موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە بە تەئکید ئێمە لە پرۆسەکانی تریش ئەوەی کە پەیوەستە بە کاروباری کۆمەڵایەتی، پەیوەستە بە شەهیدان، پەیوەستە بە کاروباری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەموو لە چوارچێوەی ئەم یاسایە ئێمە رێکی دەخەین پێمـوایە زانیارییەکان و وردەکارییەکان لە ناو راپۆرتەکان هەبوو، وە زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرسیارانە زیاتر پەیوەست بوو بەوەی کە ئایا یاسای چاکسازی جێبەجێ کراوە یا نا؟ دووبارەی دەکەمەوە لەو یاسایانەی کە من ئاماژەم پێکرد لە (٧/١) تا ئەمرۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك هەوڵی نەداوە یەك سەرپێچییەك بکرێت لە جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی بۆ نمونە تا ئێستا یەك خانەنشینی نوێمان نییە لە (٧/١) تا ئێستا کە لە دەرەوەی یاسا بەرکارەکان خانەنشین کرابێت، وە دەکرێت دیوانی چاودێری دارایی بۆ نمونە ئەگەر شتێکی وا بێت ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا سەعات چوارە نازانم پێنجە چەندە، لە کۆی گفتوگۆکان دەبێت ئێمە بە شتێك لێی دەربچین بەڕێزان کاك ئاوات فەرموون دانیشن جارێ بەڕێزتان دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی کە ئێستا لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت کرا هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە گەڵ ئەوەیە دەستەی سەرۆکایەتی هەر سێ لیژنەی دارایی و یاسایی و وزە و سامانە سرووشتییەکان لە لایەن پەرلەمانەوە رابسپێردرێن بۆ ئامادە کردنی پوختەی دارشتنی داواکارییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی ئاراستە کردنی وەك نەخشە رێگەیەك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

| **د. رێواز فائق حسێن** | **هێمن هەورامی** | **منی نبی قهوچی** |
|---|---|---|
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)ی**
**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١\٧\٦**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)
# سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٧/٦

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٧/٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) برگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە ماددەی (١٦) برگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) برگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧)، (٤٨)، (٥٢)، (٥٤)، (٥٥)، (٥٦)، (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕی رۆژی سێشەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٧/٦) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنووری شارەوانییەکانی زیادەڕەوییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکان (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خستنەرووی بیرۆکەی ئەو پەرلەمانتارانەی خوارەوە بەپێی حوکمی خاڵی (دووەم)ی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤٩)ی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ - بیرۆکەی پەرلەمانتار (عبدالستار مجید قادر) سەبارەت بە (دۆزینەوەی هەلی کار لە رێگای بەگەڕخستنەوەی کارگەکان).

٢ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (عثمان علی سمایل) سەبارەت بە (لە پێناوی پاراستنی ژینگەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەوڵێك بۆ ریسایکلی خاشاك).

٣ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (زیدان رشیدخان اودل) سەبارەت بە پرسی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٤ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (شایان کاکە صالح) سەبارەت بە ڤایرۆسی نەخۆشی (کۆڤید١٩).

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازە پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ - پێشنیاز و پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان.

٢ -پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای رەسم و پولی عیراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان.

پرۆژە یاسای بەرکارکردنی هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراوە

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان. دانیشتنی ژمارە (١٧) لە وەرزی بەهارە ساڵی سێیەم خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم بەرنامەی کاری کۆبوونەوە و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧)، (٤٨)، (٥٢)، (٥٤)، (٥٥)، (٥٦)، (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٧/٦) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنووری شارەوانییەکانی زیادەڕەوییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکان (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خستنەڕووی بیرۆکەی ئەو پەرلەمانتارانەی خوارەوە بەپێی حوکمی خاڵی (دووەم)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤٩)ی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ - بیرۆکەی پەرلەمانتار (عبدالستار مجید قادر) سەبارەت بە (دۆزینەوەی هەلی کار لە ڕێگای بەگەڕخستنەوەی کارگەکان).

٢ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (عثمان علی سمایل) سەبارەت بە (لە پێناوی پاراستنی ژینگەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەوڵێك بۆ ریسایکلی خاشاك).

٣ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (زیدان رشیدخان اودل) سەبارەت بە پرسی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٤ -بیرۆکەی پەرلەمانتار (شایان کاکە صالح) سەبارەت بە ڤایرۆسی نەخۆشی کۆڤید١٩.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازە پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ - پێشنیاز و پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان.

٢ -پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای ڕەسم و پولی عیراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان.

٣ -پرۆژە یاسای بەرکارکردنی هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی:

بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٢٨) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

چوارەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە پێشنیازانەی خوارەوە:

١ -پرۆژە یاسای نیشان و مەدالیە لە هەرێمی کوردستان.

٢ -پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

٣ -پرۆژە یاسای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی تۆ و شەتڵ و تۆمارکردن و پەسەندکردنی پارێزگاری کردنی لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٤ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای چاودێری ناکامەکانی ژمارە (٧٨)ی ساڵی (١٩٨٠)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

٥ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای چاودێری نەوجەوانان لە ژمارەی (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

٦ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستانی عیراق ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٩).

٧ -پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١).

٨ -پێشنیازە یاسای گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ.

شەشەم: خستنەڕووی گفتوگۆکردنی چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچە و هۆکارەکانی جێبەجێنەبوونی یاسای چاکسازی و بودجەی عیراق، کەم و کوڕی خاڵە سنورییەکان و داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

حەوتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی شارەوانی و یاسایی دەکەین بفەرموون بێن بۆ شوێنی خۆیان، بەڕێزان خاڵە پەیڕەوییەکانتان وەردەگرین، بەڵام بەجێبەجێ کردنی

ماددەی (٥٦) وەکو خۆی، خاڵی پەیڕەوی بێ، بۆ یەك دەقە بێ، خاڵی پەیڕەوی نەبێ دەسەڵاتی سەرۆکایەتییە ئاخاوتنەکە ببڕێ، بۆ جاری دووەم دەرفەت نادرێتەوە، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زمنی ماددەی (١٨) لە بڕگەی (شەشەم) من لەو چوارچێوەیە پرسیارێکم لە ئاستی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێت، دیارە لە جەلسەی (٢٨)ی مانگ جەلسەیەکی دەتوانین بڵێین تێروتەسەل بوو سەبارەت بە پرسی لێبڕینی مووچە، لەم جەلسەیەدا ئێمە پێشتر (٥٦) پەرلەمانتار یاداشتێکمان ئاراستە کردبوو کە لە نێوەند یاداشتەکە تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە لێبڕینی مووچە بخرێتە دەنگدانەوە، لە نێو ئەو قاعەی پەرلەمانەوە زۆر گفتوگۆ کرا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە و جێی پرسیارە ئەوە بوو فراکسیۆنە پلە باڵاکانی نێو دەسەڵات و ئەم پەرلەمانە زیاتر جەختیان لەسەر لێبڕینی مووچە کردەوە، ئەمە پرسیارەکەیە، بۆچی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئامادەنەبوو لێبڕینی مووچە بخاتە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گەیشت، د. إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من دوو بەشە، ئێکێ ڕۆژا (٥/٢٥) مە (٥٦) پەرلەمانتارا یاداشتەك ئیمزا کرد داخازەکا ئاشکرا ئاشکرا تێدابوو، ئەو بوو لێبڕینا مووچە ببیتە بریار، دەنگ سەر بێتەدان، موخابن ڕۆژا (٢٨) لەسەر (٢٩) کۆمبوونەکا درێژ هاتە کرن و ڕاوەستیانەکا مەزن تێدابوو، خەلك چاڤەڕێی هەندێ بوو بەرهەمەکێ بەردەست ببینن پشتی ماندی بوونەکا درێژ و دیماییکا شەڤێ ل بەر سپێدێ، دەرکەفت بێ بەرهەم و نەهاتە دەنگدانێ، یێ دووی/ نڤیسینا هەوە یا ڕەقەم (١٨٠٧٤) (٢٠٢١/٦/٢٨) لیژنا مە، لیژنا کاروباری پەرلەمانی و سکالا، هێشتا مە بریار بە زۆرینە نەدایە، هەمی بریارێت مە ئێك دەنگن، لێ موخابن دەستا سەرۆکایەتیێ نابینن هاریکارا لەگەل مە، پێشنیارێت مە بەرسڤ نادات یان بەرسڤەکا زێدە سادە دەدات، بێتە دەنگدان ئەم لیژنە نەمینێت، چونکە حەقیقەتەن تەعاون و هاریکاری دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەم لیژنە نییە، ئەوە مە داخازی منە، ئەوە داخازی هەموو ئەندامانی لیژنەنە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کاك کاوە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەندامانی یاسایی، یەعنی ڕێژەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکمان بەرز کردەوە زیاتر لە مانگێك بەسەر یاداشتەکە تێدەپەڕێ، داوامان کرد کە دانیشتنێکی تایبەت بکرێ لەسەر مامۆستایانی وانەبێژ و گرێبەست و دانەمەزراوان و یەکەمەکان، هەتا ئێستا نەکراوە، کە ئەوە

خەرقی پەیڕەوە، کە ئەوە ناپەیڕەوییە، خاڵی دووەمیش لەسەر دوادانیشتن بوو بەڕاستی کورت و پوخت دانیشتنەکەمان لەسەر لێبڕینی مووچەبووە، ئێمە داوامان کردبوو کە لەو دانیشتنە بڕیار بدرێ کۆتایی بە لێبڕینی مووچە بهێندرێ، بەداخەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆی کرد و پێشێلی داواکارییەکەی ئێمەی کرد، ڕێزتان لە ئیمزای (٥٦) پەرلەمانتار، (٥٧) پەرلەمانتار نەگرت کە داوای لێبڕینی مووچە دەکەن، داوای بڕیار دەکەن، ئێمە پێشتر رامانگەیاند، ئێمە قسەمان ناوێ، گفتوگۆمان ناوێ، ئێمە بڕیارمان دەوێ، بڕیار بدرێت کە لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بهێندرێ، نەك هەر قسە بکرێ، بەڕاستی بەداخەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پابەند دەبین بە ماددەی (٥٦)، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باس لە بابەتێکی یەکجار گرنگ دەکەم پەیوەست بە خەڵکی کوردستانەوە، ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٣) کە هەمووارکراوی ماددەی (٥٦)ە لە یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی حکومەتی عیراقی، لە کاتێك دا ئەم یاسایە دەرکراوە کە دژ بە پێشمەرگەی کوردستان دەرکراوە لەلایەن حکومەتی گۆڕبەگۆڕی بەعسییەوە، بەڵام بەداخەوە لە دانیشتنی ژمارە (٣٣) لە (٢٠٠٣/٩/٢٥) ئەم ماددەیە هەمووارکراوە لە پەرلەمانی کوردستان کە تەنها حوکمی لە سێدارەدان کراوە بە زیندانی کردنی هەمیشەیی و زیندانی کردنی کاتی، ئێستا ئەم یاسایە خەتەرێکی گەورەی لەسەر تەواوی هاونیشتیمانیانی کوردستان دا، گیراوانی بادینان بەم یاسایە سزادەدرێن، بەم یاسایە مەحکەمە دەکرێن، سەرباری ئەوەی کە ئەوە بۆتە خەتەرێك لەسەر نەوەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان، ژیانی تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئازادی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان دا دەخاتە ژێر پرسیار، ئەم یاسایە لە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان لادراوە، من تەمەنا دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ لەوەی کە چاودێری پێشێلی ئەو یاسایە کە بەداخەوە بۆ مەبەستی خراپ بەکار دەهێنرێت، دووەمینیان ئێمە دانیشتنێکمان کرد لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ڕووپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی ماددەی (٦٦) ئێمە کۆمەڵێك پەرلەمانتار داوامان کرد کە بانگهێشتی وەزیری پەروەردە بکرێ لەسەر کەرتی پەروەردە، ئەوە چەند مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، هەروەها مامۆستایانی وانەبێژ و گرێبەستەکانی کەرتی پەروەردە، بەڵام بەداخەوە نەکرا، هەروەها ئێمە (٥٦) پەرلەمانتار داوای ئەوەمان کرد لێبڕینی مووچە بخرێتە دەنگدان، بەڵام دوای (١٨) کاتژمێر دانیشتن لێبڕینی مووچە نەخرا دەنگدان کە دواکاری (٥٦) پەرلەمانتار بوو، داوا دەکەین ئەمڕۆ بخرێتە دەنگدان، یان روونکردنەوەمان بدەنێ و پاش ڕوونکردنەوەکە بیخەنە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك علی، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن ئەمـڕۆ بەدواداچـوونێکی وردم کـردووە لەسـەر ئەوەی کە مـووچە بـۆ نـادرێ، بەداخەوە گەیشـتوومەتە کۆمەڵێ ئەنجـامی مەترسـیدار کە لێرە باسـی دەکەم کە پێویسـتە ئەم پەرلەمـانە هەڵوێستەی لەسەر بکات، مەعقولە لەگەڵ زیادبوونی داهاتی نەوت دا لە (٤٢٪)ی داهاتی نـاوخۆ بۆ مووچە کەمی کردووە؟ لە (٤٢٪) لەم سێ مانگە، لەوەش گەڕێ، مەعقولە داهـاتی سـلێمانی لە (١٦١) ملیارەوە بۆتە (٩٤) لە (٤٢٪) کەم دەکات، لە هەمان کـات دا هەولێـریش هەر لە (٤٢٪) کەم دەکات، لە هەولێـریش لە (٢٠١) ملیـارەوە دەبێـتە (١٢٣) ملیـار، کەواتە قسـەی چـی و موناقەشـەی چـی؟ چـی ڕوویـداوە؟ هـیچ، لەوەش گەڕێ، دەڵـێم بـۆ مـووچە نـادەن بەم داهاتەشـەوە؟ دەڵێـت سلێمانی تا ئەخیـری ئەم حەفـتە (٣٥) ملیـۆن دۆلار دەنێـرێ، ئەو (٣٥) ملیـۆنەی ئێـرەش ئەوەنـدە دەدات، حەفـتەی ئاینــدە (٢٥)ی تـر تەواو دەکەن، ئەمــانیش ئەو کــاتە دەیــدەن، واتە جــگە لە قاچاخی، جگە لە خەدەماتی نەوتی، جگە لە داگیرکردنی زەوی، دەیـانەوێ دەست بەسـەر پـارەی کارەبا و ئاو و مروریش دا بگرێ، بـۆیە ئیتـر ئـێمە راسـپاردەی چـی دەرکەیـن؟ کۆبـوونەوەی چـی بکەین؟...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا أبوبکر فەرموون جەنابتان، سوپاس کاك علی.

**بەڕێز أبو بکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ ئێمە بەپێی ماددەی (٦٦) پـێش شـەش مانـگ لەمەوپـێش، داوای کۆبوونەوەیەکمـان کـرد لەسـەر کـۆچی گەنجـان، خـرایە نـاو بەرنـامەی کـار، بەڕاسـتی مەسـەلەی گەنجـان پێویسـتی بە هەڵمەتێکـی نیشـتیمانی هەیە، چـونکە لە هەمـوو رووەکـانەوە لە دەسـپێکردنەوەی پێشـینەی هاوسەرگیری، لە دابین کردنی هەلی کار، لە گێڕانەوەی متمانە، بۆیە ئەو کۆبوونەوەی ئێمە نـازانم بـۆ ئەنجـام نـادرێ؟ دووەم/ سـەبارەت بە گیراوانـی بادینـان، کە ئـێمە دوێنـێ لە جەلسـەکەیان دا ئامادەبووین و (١٢) و (١٣) و (٢٩)ی مانگیش ئەوان موحاکەمە دەکرێن، لایەنی کەم سەرۆکایەتی پەرلەمان تەنها ئەو ڕوونکردنەوە بدات کە خۆشت کەس و کار و گیراوەکانت بینیوە، لایەنـی کەم ئەوانە لە مەرحەلەی لێکـۆڵینەوە و تەحقیـق دا کە قۆنـاغێکی گـرنگە پارێزەریـان نەبـووە، بە بـێ پارێزەر ئەوانە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا کراوە، خاڵی سـێیەم/ راپـۆرتی دیـوانی چـاودێری دارایـی هاتووە دەبێ لەبەر دەستی هەمـوو پەرلەمانتـاران دا بێـت، یەعنـی چـی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان دەیداتە دەست لیژنەی کاروباری پەرلەمان، ناشـیداتێ یەعنـی کە ببینـێ، دەڵـێ بـۆت هەیە بەس تەنها تەماشای بکەی، ئەمە لە کوێی دونیادا هەبووە کە راپۆرتی دیوانی چـاودێری نەگـات بە یەك بە یەکی پەرلەمانتاران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چل ڕۆژە مووچە نەدراوە، یەك دنیا دەستە و وەزارەت ماوە مووچە وەربگرێ، مانگانە ئەو دەسەڵاتە سەدان ملیۆن دۆلار لە داهاتی ئەم وڵاتە دەدزێ، بەڵام مەعقولە (٣٠) ڕۆژ جارێك مووچەی مووچەخۆر نادا، من داوا دەکەم هەر ئەمڕۆ دەنگدان بکرێ بۆ لێبڕینی مووچە، نەهێشتنی لێبڕینی مووچە، لەبەر ئەوەی جەلسەی ڕابردوو سەرجەم پەرلەمانتاران دژی لێبڕینی مووچە بوون، فەرموو با بەڕێزت بیخە دەنگدانەوە بزانە چەند کەس داواکاری ئەوەی هەیە کە بخرێتە دەنگدان و نەهێڵرێ، داوا دەکەم وەکو جەلسەکەی تر نەکرێ، چونکە جەلسەکەی تر بەس مەسرەحی بوو، حەقدە سەعات کۆبوونەوەی پەرلەمان بوو ئیستیفادەی یەك دوو سەد و پەنجایی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبوو، پاشان سەبارەت بە د.کازم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تۆ سەرۆکی پەرلەمانی، ئێوەی لە دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ ئەندامانتان بپارێزن، بەهۆی ئێوە چۆن دەهێڵن پەرلەمانتارێك پۆلیسێك هەڕەشەی لێ بکات و پاڵی پێوە بنێ، یەعنی ئێوە ئاوا شکۆی پەرلەمانتار دەپارێزن؟ ئێوە ڕەحم بە مێژووی خۆشتان ناکەن؟ داواکارم بەو بڕیارەتان دابچنەوە، هیچیدیکە ئەو بڕیارە ناحەقیەتان بەردەوام نەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە خێرایی وەڵلا من لەسەر دوو بابەت داوا لە بەڕێزت دەکەم ئەگەر لە ڕێگەی ڕاسپاردنی لیژنەکان بەدواداچوون بکەن یان کارەك بکەن کە ئەم دوو کەیسە چارەنووسیان یەکلا بکرێتەوە، یەکەم/ (ناصح عبدالرحیم) ڕۆژنامەوانێکە لە شاری هەڵەبجە لەسەر کۆمێنتێکی فەیسبوك لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا زۆر بە خێرایی سزای شەش مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە، دووەم/ هونەرمەندێك کە بە ناوی (جوانڕۆی باڵەبان) چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا بە شێوەیەکی نادیار کوژرا، هەتا وەکو ئێستا هەم کەس و کارەکەی بێ هیوان، هەم دیار نییە بە چ هۆکارێك ئەم هونەرمەندە هونەرمەندێکی دیار بووە گیانی لە دەست داوە، بۆیە داوا دەکەم ئەو لیژنانەی کە تایبەتمەندن ڕایان بسپێرن ئێوە لەسەر ئەم دوو کەیسە بەدواداچوون بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (٢٠٢١/٣/١٠) لێرە دروست چوار مانگ پێش ئێستا راپۆرتێکمان پێشکەش کرد لەسەر مەترسییەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان. چی لێ دێ و بەرەو کوێ دەچێ؟ ئەم راپۆرتە لەم پەرلەمانە ئیشێکی شەش مانگی لەسەر کرا کە دەبێ حکومەت چی بکات؟ پلان، سیاسەتی ئاو، هەمووی، ئێستا کە کەوتوونەتە ئەو دۆخەی هەرێمی کوردستان، ئەم راپۆرتە نەچۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، ئیشی لەسەر نەکرا، هەماهەنگیتان وەکو سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت نەکرا، بۆیە گەیشتووینەتە ئەو قۆناغە، ئەوە نییە خەڵك بڵێت کاکە ئاگاتان لە هیچ نییە، هیچ نازانن، پێمان وت ئەوە روودەدات، حازری بۆ بکەن، هیچ نەکرا، ئێستا کەوتوونەتە خۆیان لە دەست هەموو لایەك دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك یاسین، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە برادەران هەندێك پرسیاری ئێمەیان کرد، من بە حوکمی ئەوەی لە دۆسیەی ماددە هۆشبەرەکان زۆر ئیش دەکەم، کەچی ئێستاکە رێژەی بخۆر لە کوردستان زیاد بووە، لە (٢٠٢٠)ەوە هەتا ئێستا (١١١٣) کەس گیراوە، بەڵام هەتاکو ئێستا دوو قاچاخچی، سێ قاچاخچی نەگیراون، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەکەم ئەوە دۆسیەیەکی زۆر ترسناکە لەسەر کوردستان دا لیژنەی تەندروستی و لیژنەی ناوخۆ رابسپێری بۆ ئەوەی ئەو دەرمانانەی کە دێن بە ناوی عیلاج، بەتایبەتی حەبی ترامادۆل و سۆمەدریل و ئارتان زۆر بووە، ئێستاکە بۆ نمونە من یەك نمونەی بەسیتت دەدەمێ، ئەگەر کەسێك بیەوێ پەنجا کارتۆن ترامادۆلی بدەنێ دەچی وەرەقەکی لە صەیدەلییەکی دەکات، دەڵێ کاکە ئەوە بۆ منە، یەعنی ئەو هەموو حەبە ترامادۆلە چییە لە کوردستان پەیدا بووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زەوی لە هەولێرێ نەما هەموو عارەب کڕی، دوو ساڵیدیکە سەرژمێری لە کوردستان بکرێ...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك د.شێرکۆ، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی دواکەوتنی مووچە و داخوازی (٥٦) پەرلەمانتار کە دەبوایە کۆبوونەوەی پێشوو بۆ بڕیاردان بوایە لەسەر نەهێشتنی لیبڕین، ئێستا ئەوەی کە روویداوە ئەو کارەساتەیە کە کودەتایەکە بەسەر ئەم پەرلەمانی کوردستانەدا کراوە، ئەوە کودەتایەکی گەورە و گرانە بەسەر ئەم پەرلەمانی کوردستانە و بەسەر هەرێمی کوردستان، داهاتی هەرێمی کوردستانە..

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.شێرکۆ، قسە بکە لە ئیتاری خۆت، باسی حیزبەکان مەکە.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

لەبەر ئەوە دەبێ ئەم پەرلەمانە هەڵوێستی هەبێ، بەڵگەمان هەیە کە داهاتی هەرێمی کوردستان حجز دەکرێ، دەستی بەسەردا دەگیرێ و نادرێ بە وەزارەتی دارایی لەلایەن ئەو دوو لایەنەوە، بۆیە دەبێ پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی هەبێ لەسەر ئەو دیاردەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك عباس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بەڕاستی پێشنیاری ئەوە بۆ بەردەمی دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێز بکەم ئەگەر دەکرێ لە هەر جەلسەیەك دا لە سەعاتێك یان نیو سەعات بۆ ڕای ئازاد بدەن، یان نا، جەنابت لە سەرەتا باسی ئەوەت کرد کە بە پێی پەیڕەو یەك دەقەیە، فیعلەن یەك دەقەکەت جێبەجێ کرد، بەڵام هیچ خاڵە پەیڕەوییەکان جێبەجێ نەکراوە، چونکە خاڵی پەیڕەوی بە ڕوونی لە پەیڕەودا نووسراوە (پێشێلکردنی یەکێك لە ماددەکان بێ یان ئەگەر گفتوگۆ لە بابەتی دانیشتنەکە لایدا یان داواکاری بۆ داخستنی گفتوگۆ بێ)، هیچ لەم بابەتانە نییە، بۆیە ئەگەر رای ئازاد و جیا هاتە ناو کاری نوقتەی نیزامییەوە، تۆ مافی ئەوەت هەیە بەڕاستی خاڵی نیزامی نەدەی بە ئەندامێکی تر، بۆیە هەمووومان قسەمان هەیە لەسەر هەموو بابەتەکان، یان بۆ هەمووومان نەبێ، یان بۆ هەمووومان هەبێ، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان سەبارەت بە خاڵی پەیڕەوی ئێمە خۆشمان گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە تەفسیر کردنی خاڵی پەیڕەوی بەم شێوەیە لە بەرژەوەندی پەرلەمانی کوردستان نییە، لەبەر ئەوە لەم پشووەی پەرلەمانی کوردستان داوا لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم هەر تێبینییەکیان هەیە سەبارەت بە هەموارکردنی ماددەکانی ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یان لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، گفتوگۆ پێکەوە بکەن، بەڵێ بەشێکی زۆری ئەو قسانەی کە دەکرێن خاڵی پەیڕەوی نین، بەڵێ د.زانا، فەرموو.

**بەڕێز د.زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کە دانیشتنی رابردووی پەرلەمانی کوردستان هەژدە کاتژمێری خایاند، گفتوگۆی زۆر باش لەم دانیشتنەدا کرا، تیمی حکومەت لێرەدا ئامادەبوون، هەموو بەڕێزان (٩٦) پەرلەمانتار قسەی کرد و پرسیاری ئاراستەی حکومەت کرد، لە ماوەی ئەو (١٨) کاتژمێرەدا (١٢) کاتژمێر پەرلەمانتاران پرسیاریان کرد، بۆیە ئەوە ناکرێت بە مەسرەحیە وەسف بکرێت، داوا لە جەنابتان دەکەین ئەوە لە پرۆتۆکۆڵ بسڕنەوە، ئەوە دانیشتنێکی گەورەی پەرلەمان بووە، هەموو لایەکمان بەیەکەوە بەشداربووین، خاڵی تر/ حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی خەڵکی کوردستانە، پێکهێنەری ئەم کابینەیە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و پێکهاتەکان، لایەنی بەشدارەکانی لەم کابینەیەدا هەمووان بەیەکەوە بەرپرسیارێتیان هەیە لەم کابینەیەدا، ئەو حکومەتە ئەو داهاتەی هەیە، داهاتی حکومەتی

هەرێمــی کوردســتانە، وەزیرێکمــان هەیە کە وەزیــری مــالیەیە ئەســڵەن نە لە پــارتییە، نە لە یەکێتیـیە، کەواتە هەمووماـن بەیەکەوە بەرپرسـیارێتی ئەم حکـومەتەین، سـەرۆکی حکـومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك مەم ئەسکەندەر، فەرموو.

**بەڕێز مەم ئەسکەندەر مەم:**

**ب ناوی خودێ.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەگەر ئیجـازە هەبیـتن بەش بە حـاڵی خـۆ ئەز هەم کـوڕە هەژارەکـی ڤـی وەڵاتـیمە هەم کـوڕە پێشمەرگەیەکی ڤی وەڵاتـیمە ب شـانازییەوە، ب خۆشـحاڵیڤە ژی، یەعنـی ب شـانازییەکا گەلەکا مەزن ل (١٣) ساڵێ دا تازە یا دەرفەت چێ بو کو ئێکێ وەکی من قەسـدا خانـدنێ بـکەت، یەعنـی تەمەنی من (١٣) ساڵ تازە ئەو دەرفەتە ژ ئەنجامێ بەرگریکردن ل ناسناما خـۆوە نەتەوەیـی، ئەز ڤێ ناکەم کو موزایەدەیە، بەلکو من و عائیلا من و خەلکێ دەڤەرێ ب رەنگەکـی گشـتی کێمتـر ل خەڵکەکی خـڕی پشـتیڤی کوردسـتانێ کـردبیتن، ئەو گوتنـا کـو گـوایە هەمـوو پەرلەمانتـارا دگەل لێبڕینا مووچەینە گوتنەکا ناپەیرەوییە، هێڤیداریش لە پرۆتۆکۆڵێت بهێتە سـڕین چـونکی هەمـی خەمی دێت وڵاتی دا ئەگە لێبڕێنا مووچە نەمینی بابێ مـن وەکـو پێشـمەرگەیەك زەحمەتکێشـێك لێ موستەفید بی، برای من موستەفید بیـتن، کەس و کـارێ مـن لـێ موسـتەفید بـن،، ئەم هەمـی نینەرێت خەلکینە، کەسی مەژی دگەل هەندێ نینە، بەس ڤیانـا مە، حەزا مە تشـتەکە، واقیعـی مە و شـیانێت مە تشـتەکی تـرینە، ژبەرهەنـدێ داخـازێ دکەیـن ئەو ئاخـافتن لە پرۆتۆکـۆلێ بێـتە رەشکرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە خێرایی لەسەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە ماددەی (١٨) دەسەڵاتی جەنابت بـڕگەی (شەشـەم) جەخـت لەو هاوڕێیــانە دەکەمەوە، بــۆ مومارەســەی دەســەڵاتی خــۆت نــاکەی؟ کە حکــومەت دامەزراوەکانی کە ڕێز لە شـکۆی پەرلەمانتـار نـاگرن، جەنابـت دەسـەڵاتی خـۆتە بـۆ مومارەسـەی ناکەی؟ بۆ مەسەلەی لێبڕینی مووچەت لە دانیشتنی (٢٨)ی مانـگ دا نەخسـتە دەنگدانەوە؟ ئەوە یەك، دوو/ لەســەر ئەو مەســەلەی کە پەیوەندیــدارە بە زۆنــی زەرد و زۆنــی ســەوز، ئــێمەش نیگەرانـین لەوە کە نـابێ زۆنـی سـەوز و زۆنـی زەرد بەکاربێـت، بەڵام پرسـیاری مـن ئەوەیە ئایـا سەرۆکی حکومەت نـاتوانێ کێشـەی قاچـاخچێتی باشـماخ و پەروێزخـان چارەسـەر بکـات؟ ئایـا جێگری سەرۆکی حکومەت کە لە یەکێتییە ناتوانێ کێشەی قاچاخچێتی ابـراهیم خلیـل و حـاجی ئۆمەران چارەسەر بکات؟ بۆچی پـارەی ئەم گومرگـانە نـایەنەوە؟ ئایـا کامیـانە نـاتوانین کێشـەی داهـاتی نەوت کە کارەسـاتی هەیە لە گرێبەسـتەکانی رابـردوودا، (٥٨%)ی دەروا بـۆ کۆمپانیاکـان چارەسەری بکەن؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس كاك مەم، فەرموو دكتۆرە.

**بەڕێز د.شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی بڕگەی شەشەم لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان تكایە ناوەڕۆكی یاداشتی كۆتاییهێنان بە لێبڕینی مووچە بخەنە دەنگدانەوە، لە مانگی یازدەوە ئەو داواكارییەتان لێ دەكەین گوێ ناگرن، وەك بڵێی بێ ئاگان لە دۆخ و گوزەرانی هاووڵاتییان، لەو دەنگدەرانەش كە ئێوە بە دەنگی ئەوان ئێستا لەسەر ئەو كورسییە دانیشتوون و، بەپێی بڕگەی (١) و (٢) لە ماددەی (١١٨) هێز و پاسەوانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی سەرۆكی پەرلەماندایە، كەواتە ئەوەی لە دانیشتنی ڕابردوو ڕوویدا لە ڕفاندنی مۆبایل لە دەستی دوو پەرلەمانتار ڕاستەوخۆ بە فەرمانی بەڕێزتان كرا، بڕیارتان چییە لەو بارەیەوە؟ ئایا خۆتان سزا دەدەن؟ چونكە ئیستیغلالی پۆستی خۆتان كردووە، پاسەوانەكانتان پێچەوانەی ئەركی خۆیان بەكارهێناوە، داوا دەكەم هەڵوێستی ڕوونتان هەبێ بەرامبەر سزادراوان و دەستگیركراوانی بادینان، عادەتەن بەڕێزتان وەڵامتان نییە بۆ پرسیارەكانی من، هیوادارم ئەو جارە وەڵامم بدەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەكانم بەپێی ماددەی (١٨) بڕگەی شەشەم، ئەرك و دەسەڵاتی جەنابتانە، منیش لەگەڵ ئەوەدام یەكێك لە خاڵی پەیڕەوی ئەوەیە كە پێشێل كردنی یاسا بێ، هەموو دەزانین كە حكومەت بە هەموو شێوازەكان لەم وڵاتەدا ماف و ئەركەكانی جێبەجێ ناكا، ماف نادا بە خەڵك، ئەوەی كە مووچە تەوزیع ناكات و پارەی لەلایە باشترین دەلیلە كە یاسای پێشێڵ كردووە، جەنابیشت دەسەڵاتی ئەوەت هەیە، بە نموونەیەكی زۆر زۆر بەسیت، ئایا ئاگاتان لێیە مانگێك زیاترە لەم هەولێرە و لە دهۆك و لە سلێمانی ئەم حكومەتە تەنها چوار سەعات كارەبا دەدا، بیست سەعاتی دەبێ خەڵك بیكڕێ، لە ناو ستییەكان دا موەزەفێكیان داناوە ئەو ستییانە هەمووی سەرزی ئەو خەڵكەیە داویانە بە وەبەرهێنەری بە بەلاش، دەڵێ ئەگەر خەدەماتەكە نەدەی كارەبات لێ دەبڕم، هیچ كەسێك هەبووە لە دنیا، لە مۆزەمبیقیش هەبووە خەڵك كارەبا و ئاوی لێ ببڕێ؟ بەس هەناسە ماوە، من ئێستا دیسانەوە دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ برادەران بە پێی ئەم ماددانە دەڵێم نەمانی لێبڕینی مووچە بخەنە دەنگدان وەك بزانین كێ لەگەڵیایەتی و كێ لەگەڵیدا نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو قەیرانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندایە ئەوە هۆکارەکە وەزیری دارایی نییە کە ناتوانێ مووچە تەوزیع بکات، ئەوە هۆکارەکە ئەنجومەنی وەزیرانە کە بەکۆی دەنگ بڕیار لەسەر لێبڕینی مووچە دەدەن و لە (٢١%)ی دەبڕن، ئەوە هۆکارەکە ئەو دەسەڵاتەیە کە خۆی تەمویلی وەزارەتی دارایی دەکات و بەپێی ئەو تەمویلەوە وەزارەتی دارایی مووچە تەوزیع دەکات، بۆیە من حەز دەکەم بەڕاستی بەڕێزتان دەسەڵاتی خۆتان لەو ڕووەوە ببینن، بە کۆتایی هێنان هەرچەندە ئێمە لە دواجاریشدا هەڵوێستمان وابووە کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ لێبڕینی مووچەنین، کۆتایی بە لێبڕینی مووچە بێت، بشخرێتە دەنگدانەوە هەر ئەمڕۆ، بەڕاستی مایەی نیگەرانییە کە کاك زانا شانازی بەوە بکات کە وەزیری دارایی لە گۆڕانە، لە یەکێتی و پارتی نییە، ئایا ئەگەر وەزیری دارایی کە لە گۆڕانە، ئەگەر قسورێکی هەبووە، ئەگەر ئاڵاوە لە دۆخێکی گەندەڵییەوە، ئەگەر دزی کردووە، ئەگەر تەقصیرەکەی لەسەر ئەوەیە کە ناتوانێ مووچە دابەش بکات، خەتای ئەوە، من ......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ناوی ئەندامێکی تر ناهێنی، وەڵامی ناداتەوە، ئەنجومەنی وەزیراتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو هێزە پێکهێنەرەکانییەوە بڕیاری داوە، بەرپرسیارێتی بڕیاردان لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردانێکی تەزامونییە، هەموو ئەو هێزە پێکهێنەرانە دەگرێتەوە کە لەوێن، ئەگەر کابینەی نۆیەم و کابینەکانی رابردوو شانازییەکیان هەیە بۆ هەموو هێزە پێکهێنەرەکانە، ئەگەر شانازییەکیان هەیە کە بێگومان سەدان شانازییان هەیە و، ئەگەر کارێکی خەراپیان کردووە، ئەگەر پێویستمان بە چاکسازییە، ئەگەر لە جومگەیەك لە جومگەکان دا مۆفەق نەبووین، ئەگەر ئێستا واقیعێك هەیە کە لێبڕینی مووچەیە، هەموو ئەمانە بابەتێکی تەزامونین، ئەوانە دوێنێ بەڕێزیان خۆیان کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئابوورییان کردووە، هیچ پەردە و حیجابێك لە بەینییان دا نییە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتری بکەن، بۆ ئەوەی گلەیی لە یەکتری بکەن، بۆ ئەوەی هەر بابەتێك کە لە بەینیاندایە پێکەوە باسی بکەن، بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران تەزامونین، هاریکارین، هەموو هێزە پێکهێنەرەکان لێی بەرپرسن و تێیدا بەشدارن، خۆ ئەگەر وەزیرێکی بەڕێز، ئەگەر سەرۆك وەزیران، ئەگەر جێگری سەرۆك وەزیران، ئەگەر هێزێکی دیاریکراو کە لەوێ حزووری هەیە بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران رازی نییە دەیان وەسیلە هەیە بۆ ئەوەی بۆ ڕای گشتی، بۆ پەرلەمانی کوردستان رابگەیەنێ کە ئەو بەرپرسیارێتی هەڵناگرێ، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین هەموو هێزە پێکهێنەرەکانی حکومەت بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن، پێکەوە ئەوان پێکەوەن، تکایە با یەکتری ئیستیهداف نەکەین، تکایە با واز لە یەکتری بێنین، بەڕێزان بڕگەیەکی بەرنامەی کار جێبەجێ دەکەین، دڵنیابن وەڵامی هەمووتان دەدەمەوە، بەڵام بەڕێزان سەعاتێك زیاترمان لێ ڕۆیشتووە، بەڕێزان، فەرموو مامۆستا عمر، بەڵام هەر دووبارەی قسەی ڕەفیقەکانتە.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

هیچ دووبارەیەك نییە، ئەگەرچی ئەوەندە گەندەڵی و خەراپەکاری دووبارەیە، وادەزانم (١٠) ڕۆژ لێرە دووبارە قسە بکەین هێشتا حەقی خۆمانە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. بە ژمارە (٣٣) لە (٢٠٢٠/١٢/٢١) یاداشتێکم پێشکەش بە ئێوە کرد سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان، تەحقیق و لێکۆڵینەوە بۆ پێکهێنانی لیژنە بۆ تەحقیق و لێکۆڵینەوە لە شەهیدکردنی (١٠) کەس کە منالّی (١٣) سالّی تێدایە، لە (٢٠٢١/١/٤) وەڵامتان دامەوە کە لیژنەیەکتان پێك هێناوە، تکایە ئەنجامی ئەو لیژنەیە چی بووە؟ ئەوە شەش مانگ تێپەڕیوە بەسەری دا، خاڵێکی تر/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکێك لە ڕۆڵە گەورەکانە، ئەرکەکانی پەرلەمان چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی یاساکانە، ئەگەر ئێمە دەسەڵاتمان بە پێی یاسا بەسەر ئەنجومەنی دادوەریدا نییە، بەسەر ئەنجومەنی ئاسایش دا نییە، ئەوە ئیمە ئەو یاسایەمان دەرنەکردووە لە پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ ئەوەی خەڵك لەسەر دەربڕینی بیروڕا و ماف و ئازادییەکان دەستگیر بکرێن، (٣٩) کەس تا ئێستا لە ئەنجومەنی ئاسایش دەستگیر کراون، ئەنجومەنی ئاسایش خۆی مودەعیيە لەسەریان، تا ئێستا (٥)یان سزادراون، (٥)ی دیکەیان لە پرۆسەی دادگاییدان، من داوا لە بەڕێزت دەکەم لیژنەیەك پێك بێنە بۆ ئەوەی لە دادگا لە نزیکەوە چاودێری پرۆسەی دادگاییان بکات، بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت کە دەیان پێشێلکاری لە مافەکان دا هەی کە بۆ هەر تۆمەتبارێك ئەم مافانە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیار دەکەم ئەم دانیشتنانەی ئێمە بە (١٨) سەعات و بە (١٠) سەعات دەیکەین چ ئەنجام و جەدوایەکی هەیە؟ لە کاتێك دا ئێمە لە کۆتایی (١٨) سەعات دا لەبری ئەوەی بڕیارێکی لێ دەرچێت، بە ڕاسپاردە خۆت دەزانی قوەتی ئیلزامیشی نییە لێی دەردەچین، بابەتی لێبڕینی مووچە و ئێستاش زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان داوای ئەوە دەکەن کە بخرێتە دەنگدانەوە و کۆتایی پێ بێت، ئێمە باس لە کاری حکومەت ناکەین، کار دەکەن بە یەکەوە دەیکەن و ئەوانە، ئەمە تەزامونییە، ئێمە باس لە کاری پەرلەمانی و چاودێری پەرلەمانی دەکەین، بڕیارێکی نایاسایی هاتووە و دەبێ بخرێتە دەنگدان، ئەوە کۆتایی پێ بێت، ڕێگر چییە لەسەر ئەوەی کە ناخرێ؟ ئەمە خاڵێك، خالّی دوو/ ئێمە وەرزمان درێژ کردەوە بۆ ئەوەی ئەو بابەتانە بخرێتە بەرنامەی کارەوە کە بابەتی زیندوون، ئێستا خەڵك ئاوی نییە، خەڵك کارەبای نییە، خەڵك مووچەی نییە، بەڵام سەیر دەکەی بەرنامەی کار باس لە یاسای ڕەسم و پول دەکات کە ئەوە هەر بە جەنابت دەڵێم یاسای ڕەسم و پول چ بەرژەوەندییەکی خەڵکی تێدایە، لە کاتێك دا خەڵك لە ناو ئەو هەموو قەیرانەدا دەژی؟ لەبەر ئەوە ئەم مانگە دەبێ بۆ ئەو بابەتە زیندووانە بێ، لە وانەبێژان، لە یەکەمەکان، لە گرێبەستەکان، ئەوانە بخرێتە بەرنامەی کارەوە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، هەڵەز خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

خالا پەیرەوی ل دیڤ ماددا (١٨)یێ بڕگا (٣) دیماهی کی نانا دانیشتنێت پەرلەمانی ئەرکێ جەنابێ تەیە، بۆ دووەم جار کۆمبوونێت پەرلەمانی بێ کۆتایی هێنان ب دیماهیك تێتن و ئەم نزانم سەر چ بنەمایەکی یاسایی؟ بۆ نمونە کۆمبوونا جارا چوویی شەش، حەفت بڕگە بوون، تەنێ سێ بڕگە هاتنە موناقەشە کرن، بڕگێ دی تر بۆ ئەڤرۆ هاتنە دەستنیشان کرن، هەروەسا بەری چەند هەیڤەکا ژی چەندین بڕگە تێدابوون ئێکێش وان بڕگا ئەڤە بوو موناقەشە بێتە کرن لەسەر بابەتی کوچا گەنجان، حەتا نوکە، چونکە ئەو کۆمبوونە ب دیماهیك نەهاتییە، کۆمبوونەکادی هاتە دیفرا، ئایا ئەڤ بابەتێت هەنێ چ لێ دێت؟ لەسەر چ بنەمایەکی یاسایی جەنابێ تە ڤان بڕیارێت هەنێ داتن؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کوشتن زۆر بووە، شاڵاوی توندوتیژی زیاتر بووە لە ناو هەموو توێژەکان، ماوەی چەند ڕۆژێکە هونەرمەندێکی ئێمە بە ناوی (جوانڕۆ کەریم) کە ناسراوە بە (جوانڕۆی باڵەبان) لە کاتی دەوامی فەرمی خۆی دا کە لە هەمان کات دا ئەندامی تیپی جووقی سەربازی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بووە، لە کاتی دەوامی فەرمی خۆیدا فراندوویانە و خنکاندوویانە، ئێمە ئیمڕۆ لە لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی داوامان کرد کە لیژنەیەکی لاوەکی دروست بکرێ بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە، بەڵام داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێزی پەرلەمان دەکەم کە جەخت بکاتەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە کاری جددی بکەن لە دۆزینەوەی تاوانباران و بەسزا گەیاندنیان، خاڵێکی تریش لیوای (١٢)ی پێشمەرگە چەند مووچەیەکی نەدراوە و ڕاگیراوە، داوا دەکەم لیژنەی پێشمەرگە راسپێرن بۆ بەدواداچوون، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئاخیر کەس کاك موسلیمە، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم یاداشتەی کە لە مانگی پێشوودا بۆ لێبڕینی مووچە بەرز کرایەوە، یاداشتی (٥٦) پەرلەمانتار، بە خۆشحاڵییەوە کە (١٨) سەعات قسە کرا، ئێمە گلەییمان لەوە نییە، بە تەفاصیلی باسی دۆخی دارایی هەرێم کرا، بەڵام من دەپرسم نەتیجەی چ بوو بەڕاستی؟ یەعنی تا کەی دانیشتنەکان

بەبێ نەتیجە دەمێننەوە؟ خۆی لە ڕاستی دا حەقیقەتێك هەیە ئەم دانیشتنانە زیانێك دەگەیەنێ بە دۆخی ئێستای هەرێم، ئەویش ئەوەیە بێ ئومێدی زیاتر دروست دەکات، چونکە نەتیجەیان نییە، ئێمە هەر چەندی قسە دەکەین بەڵام نەتیجە نییە، بڕیاریشی تیا نادرێ، بابەتێکی زۆر گرنگ هەیە بەڕاستی کە دوو زەمیلی خۆشەویستم باسیان کرد، کۆچی بە لێشاوی بە کۆمەڵی گەنجانە لە ئێستادا، یەعنی من لە ناو خەڵك دا ڕۆژانە دەبینین، دەبیستین، گلەیی خەڵك زۆر زیاترە لەو بارانەوە، کە کۆچی بە لێشاوی گەنجانە بۆ دەرەوەی وڵات، بەتایبەت دەرچووانی دانەمەزراو...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەلما خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو کاك گۆران ئاماژەی پێکرد ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی لیژنە بڕیارمان بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لاوەکی داوە لەسەر مەسەلەی کوشتنی ئەو هونەرمەندەوە، کاك پێشەوا و کاك گۆران بە خۆیان ئەندامی ئەو لیژنە لاوەکییەن لەگەڵ بەڕێز کاك فیصل، لەسەر مەسەلەی گەنجان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی لاوان لە پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکی زۆر تێر و تەسەلمان بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێك راسپاردەی زۆر گرنگ ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرا، لە (١٢/١) ئێمە قەرار بوو خوێندنەوە و تاوتوێی بۆ بکەین، بەڵام بارودۆخی پەرلەمان لەو ڕۆژەدا گونجاو نەبوو، لە پار مانگی دوانزەوە تاوەکو ئێستا زیاتر لە چوار جار ئێمە نووسراومان کردووە داوامان کردووە ئەو بابەتە بخرێتە ناو بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەداخەوە نەچۆتە ناو کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان، راپۆرتێکمان ئامادە کردووە لەسەر رەوشی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە چوار هەزار رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر لە کوردستان هەن، پێشێلکارییەکی زۆر بەرامبەر بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١) دەکرێ لە هەرێمی کوردستان دا، راپۆرتێکی زۆر باشمان ئامادە کردووە لەم بابەتە بۆ خستنەڕووی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، داوا دەکەین ئەو راپۆرتە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ کاك د.صباح، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی داتاکانی وەزارەتی تەندروستی پێمان رادەگەیەنێت کە ئەو پەتایەی کۆرۆنا بەرەو هەڵکشان دەڕوا، داوا دەکەم لەو مینبەرەوە لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە ڤاکسینی کۆرۆنا دانێن تاکو ئیشمان پەك نەکەوێت و رێکارەکانی تەندروستیش جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردستانی قسە دەکەم لەسەر بابەتی کۆچی گەنجان، دیارە بابەتی کۆچی گەنجان یان ئەو پرسە پرسێکی زۆر گرنگ و ستراتیجییە، ڕەنگە هەندێ لێکەوتەی ئایندەیی بکات لەسەر هێزی مرۆیی، هێزی کار و ئاسایشی مرۆیی و ئاسایش کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، دیسان بالانس لە نێوان دیموگرافیا لە هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عیراق، هەموو ئەم لێکەوتانە، بە خۆشحاڵییەوە ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان لە ماوەی ڕابردوو کە بە نووسراوێك ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد، داوامان کرد ئەو پرسە بخرێتە بەرنامەی کار، دەستخۆشیتان لێ دەکەین، خرایە بەرنامەی کار، بەڵام بەداخەوە بە هەندێ هەڵومەرج کەلە نێو دانیشتنەکەدا کرا بووە مایەی ئەوەی کە گفتوگۆ نەکرێ لەسەر ئەو بابەتە، ئێمە لە دوا کۆبوونەوەی خۆمان لە لیژنەی پەیوەندییەکان دیسان جەختمان لەسەر ئەو بابەتە کردەوە، داوای دانیشتنێك دەکەین بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام پێش ئەوە داوای ئاماری تازەمان کردەوە، دەمانەوێ ئەپدەیتی ئامارەکانی خۆمان بکەینەوە ئینجا گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاپۆرتێکی مەیدانی تێر و تەسەلمان ئامادە کردووە، هەم ڕاسپاردەی تیایە، هەم هۆکارەکانی تیایە، بە ئومێدی ئەوەی کە دانیشتنێك بکرێ لەسەر ئەو پرسە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان لەوەی کە کاك د.ڕێبوار و سەلما خان و ئەو بەڕێزانەوە دەست پێ دەکەم، ئێمە ئەو دانیشتنەی پەیوەندی بە کۆچی لاوانەوە هەیە دامانا، پێنج وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاتبوون بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەموو ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانیشمان میوانداری کردبوو، بەڕێزیان هاتبوون لێرە بوون، بەڵام دانیشتنەکەی پەرلەمان تێکچوو، ئێمە خواحافیزیمان لە وەزیرەکان کرد و بەڕێزان دانیشتنەکەمان هەڵگرت، ڕاستە جارێکی تر داواکراوەتەوە، بەڵام ئەوەندە یاداشت دێت، ئەولەویەت دەدرێت بە یاداشتێکی تر و لەسەر حیسابی یاداشتێکی تر، ئێمە لە ڕاستی دا نازانین چۆن جەدوەلەکە دانێین، ئیشی پەرلەمانی کوردستانیش بە تەنها دانیشتن نییە بە ئامادەبوونی وەزیر بەڕێزان، تەشریعیش یەکێکی ترە لە ئیشەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە وا لە ساڵی سێیەم نزیك دەبینەوە (٢١) قانون و قەرارمان دەرکردووە، خۆ ئەبێ لانی کەم لە مانگەکەدا دوو دانیشتن دانێین بۆ ئەو بابەتە، ئەگەر سەیری ئەم پەیڕەوە بکەین بەس پێنجشەممان دانراوە بۆ بانگکردنی حکومەت و ئامادەبوونی حکومەت لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە بابەتی ڕۆژن، بەڕێزان بە دڵی خۆتان قسەتان کرد دەرفەتێکی کەم بدەن، دەرفەتێك بدەن بۆ ئەوەی ئێمەش قسەی خۆمان بکەین، ئێمە ئەو قاعیدەیەشمان تێکشکاندووە ڕۆژانی تەشریعیشمان داناوە بۆ بەدواداچوون وەزیرەکانمان بانگ کردووە، بۆ ئەو بابەتە ئەگەر بیرتان بێ لە کۆبوونەوەی پێشوو ئێمە وتمان ئەم وەرزە بۆ ئەو پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسایانە بێ کە ئامادەکارییەکانییان تەواو بووە، ئەگەر دەتانەوێ دانیشتنێکی دیاریکراو لەسەر بابەتێکی

دیاریکراو بکرێ دەتوانن لە دوای (٨/١)وە داوای دانیشتنی نائاسایی بکەن بە ئیمزای ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، سەبارەت بەو دۆخەی کە لە دانیشتنی پێشوو روویدا د.شایان، هەڵەز خان، ئێمە بەڵێ لیژنەمان پێکهێناوە و چاوەڕێی نەتیجەی لیژنەکە دەکەین، لە هەمان کات دا دەستەی پاسەوانانی پەرلەمانی کوردستانیش سکاڵایەکیان پێشکەش کردووە، ئێمە سەیری هەردوو سکاڵاکە دەکەین، هەڵەز خان تەواو، ئێمە چاوەڕێی نەتیجەی لیژنەکە دەکەین، ئێ ئەگەر ئەوان گەیشتنە نەتیجەی ئەوەی کە عقوبەی من بدەن من حازرم، سەبارەت بەو بابەتانەی کە لە دادگان ئێمە بۆ خۆمان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان پێتان وانەبێ هیچ ئیشێك لەو بوارە ناکەین، ئێمە ئیشی تیا دەکەین، بەڵام بەپێی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بە پێی برگەی (سێهەم) لە ماددەی (٤٣) ئێمە ناتوانین لیژنە پێکبێنین بۆ موتابەعەی مەحکەمە، بەڵام دەتوانین ئێمە چاودێری پرۆسەی بەڕێوەچوونی مەحکەمە بکەین بەڕاستی، هیچ شتێك رێگر نییە لەوە و دەشیکەین و هانی هەموو پەرلەمانتارانی کوردستانیش دەدەین کە بۆ ئەم بابەتە حزووری خۆیان هەبێ، پشتیوانیان دەکەین و ئەگەر پێویست بێ خۆشمان حازر دەبین، دڵنیاشتان دەکەم ئێمە لەو رووەوە درێغیمان نەکردووە، سەبارەت بە بابەتی مووچە کە کۆبوونەوەی پێشوومان کرد، بەڕێزتان لەو کۆبوونەوەیە زیاتر لە بابەتێکتان داوا کرد، داوای دامەزراندنی وانەبێژانتان کرد، داوای بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکانتان کرد، داوای بابەتی خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆتان کرد، داوای چاکسازیتان کرد، داوای بنەبڕکردنی قاچاخچێتیتان کرد، داوای پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانتان کرد، بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان ئێمە دەسەڵاتمان داوە بە سەرۆکایەتی هەر سێ لیژنەی موختەص کە راپۆرتەکەیان بنووسن، داواکارییەکانی پەرلەمانی تێدابێ، هیچ شتێك رێگر نییە لەوەی باسی لێبڕینی مووچەی تێدا بکەن و قسەی خۆیان لە بارەیەوە بکەن، دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین، کاك عباس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ راپۆرتی دەنگدان

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار رۆژی دووشەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٧/٥) کاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆ، کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون سەبارەت بە پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان-عیراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

-سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی:

پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ناونیشانی یاساکە دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

(پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان-عیراق).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە وەك خۆی دەخەینە دەنگدان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەکو خۆی، داواتان لێ دەکەم ئارانی دانیشتنەکە بپارێزن، بەپێی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٥٧) داواتان لێ دەکەم ئارامی دانیشتنەکە بپارێزن، داواتان لێ دەکەم ئارامی دانیشتنەکە بپارێزن، بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، بەڕێزان بە گوێرەی بڕگەی (٢) لە ماددەی (٥٧) ئاگادارتان دەکەمەوە ئارامی دانیشتنەکە بپارێزن بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین، ڕێزتان لێ دەگرم زۆر زۆر، مژدە خان ڕێزم لێ گرتوون، داواتان لێ دەکەم ئارامی دانیشتنەکە بپارێزن، داواتان لێ دەکەم ئارامی دانیشتنەکە بپارێزن، بەڕێزان ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئارامی دانیشتنەکە بپارێزن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کاك مەم، د.شایان، رووپاك خان، کاك سیروان، کاك عمر گوڵپی، د.شێرکۆ، د.إسماعیل، کاك هاوڕێ، مامۆستا أبوبکر، هەڵەز خان، کاك کاوە، سەرچنار خان، مژدە خان ئاگادار دەکەمەوە کە ئارامی دانیشتنەکە بپارێزن، بەڕێزان ئێمە ئەو بابەتەمان خستە دەنگدان، ئێمە بە گوێرەی بڕگەی (٤) لە ماددەی (٥٧) لە دانیشتنەکە بێ بەشتان دەکەین ئەو ناوانەی کە خوێندمانەوە، فەرموون، بەڕێزان (١٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان داواکارییەکیان هەیە، (٦٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانیش دەنگیان داوە، ئێمە ئێستا لەسەر ئەو بنەمایە داواتان لێ دکەین کە دانیشتنەکە بەجێبهێڵن، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەردەوامی بە دانیشتنەکەمان بدەین، بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان (١٦) ئەندامی پەرلەمان ناتوانێ بەرامبەر ئیرادەی (٨٥) ئەندامی پەرلەمان نەهێڵێ دانیشتن بکرێ، دانیشتنەکە هەڵدەگرین.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست پێبکەن، فەرمووو کاك (عباس).

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (١) دوو پێشنیار هەیە:

-پێشنیاری یەکەم وەك خۆی:

ماددەی (١):

بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١) بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە لەگەڵ زیادکردنی دوو خاڵ بە زنجیرەی (٢،٣) بۆ بڕگەی یەکەم.

١- زێدەڕۆکار: بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسەیە بە زێدەڕۆیی هەڵساوە بە دروستکردنی خانوو یان تێدا نیشتەجێیە یان میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان راسپێردراون.

٢- سوودمەند: بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسەیە کە لەدوای ساڵی (١٩٩١) زەوی یان یەکەی نیشتەجێبوونی وەرگرتبێت بە هەر هۆکارێك بێت جگە لە رێگەی زیادکردنی ئاشکرا.

٣- ئەو کەسانەی چ سروشتی بن یان مەعنەوی کە لەچوارچێوەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن دەستەی وەبەرهینان یان دامەزراوەیەکی تری حکومی مۆڵەتیان پێدراوە زێدەڕییان لە دەرەوەی سنووری رێپێدراو کردووە حوکمەکانی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە و زیدەڕۆکانیان بۆ بەخاوەن ناکرێت.

دووەم: شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو زێدەڕۆکارەی کە پێش رێککەوتنی (٢٠١٨/٣/١٣) خانووی نیشتەجێبوونی بە زێدەڕۆیی دروست کردووە بکەنە خاوەنی ئەو زەویەی خانووەکەی لەسەر دروست کراوە موڵکی دەوڵەتە، جا چ موڵکی تەواو بێت یان موڵکی رەفتارکردن لەسەر بێت بکەوێتە ناو سنووری شارەوانییەکان لەناوچەکانی نیشتەجێبوون بێت بەپێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە.

پێشنیاری دووەم:

پێشنیاری لێژنەی تایبەتمەندە:

ماددەکە وەك خۆی تەنیا برگەی دووەم بەم شێوەی لێبکرێت:

دووەم: شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو زێدەڕۆکارەی کە پێش رێککەوتنی (٢٠٢٠/١٢/٣١) خانووی نیشتەجێبوونی بە زێدەرۆیی دروست کردووە بکەنە خاوەنی ئەو زەویەی خانووەکەی لەسەر دروستکراوە موڵکی دەوڵەتە، جا چ موڵکی تەواو بێت یان مافی رەفتارکردنی لەسەر بێت، بکەوێتە ناو سنووری شارەوانییەکان و لەناوچەکانی نیشتەجێبوون بێن بەپێی مەرجی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (١) دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەل نییە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢) بخوێننەوە، فەرموو.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٢) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ماددەی (٢) بەم شێوەیەی لێبکرێت:
سێیەم: پێویستە زێدەڕۆکار داواکاریەکی نوسراو لە ماوەیەك کەلە (٣) مانگ لە ڕێککەوتی بەرکاربوونیان ئەم یاسایە تێپەر نەکات، پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێری بکات بۆ مەبەستەکانی بە خاوەن کردنی.
پێشنیاری دووەم: وەك خۆی بڕگەی سێیەم و چوارەم و ماددەی (٢) یاساکە یەك دەخرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:
پێویستە زیدەڕۆکار داواکاری نوسراوە لە ماوەیەك کە لە (١) ساڵ لە ڕێککەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات، پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێری بکات بۆ مەبەستی بەخاوەنکردنی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سەبارەت بە ماددەی (٢) دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٣) سێ پیشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها خاڵی چواری بڕگەی دووەم، ماددەی (٣) بەم شێوەیەی لێبکرێت:
چوار: هەر زێدەڕۆکارێك خۆی نیشتەجێی خانووە زێدەڕۆکە نەبوو بەرامبەر یان بێ بەرامبەر کەسێکی تری تێدا نیشتەجێ بوو لەکاتی بەخاوەنکردنی یان بە ڕێژەی (١٠٠%) لە نرخی راستەقینە دەخرێتە سەر نرخی ئاماژەپێکراو لە خالەکانی یەك و دوو سێ.
پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:
ماددەی (٣):
بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم وە لە بڕگەی دووەم خاڵی (١،٢) چوارەمی ماددەی (٣)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە لەگەڵ زیادکردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بەم شێوەیە:
لێژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکەی کارگێرییەکان و ئەندامیەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشتوگوزار)، (دارایی و ئابووری)، (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)، (داد) پێك دەهێنرێت بە مەبەستی تاوتوێکردنی داواکاریەکان و دڵنیابوون

له هـاتنەدی مەرجەکـانی پێویسـت بـۆ بە خـاوەنکردن و لێـژنە بـۆی هەیە لێـژنەی لاوەکـی لە شارەوانیە پەیوەندیدارەکان پیك بهێنێت بۆ ئەنجامدارنی ڕێکارە تەکنیکییە پێویستییەکان.
دووەم: بەهای ئەو زەویانەی زیدەڕۆییان لەسەرکراوە بە خانووی نیشتەجێبوون نرخەکانیـان بەم شێوەیە دەخەملێنرێت:
١-ئەگەر ئەو زەویەی زێـدەڕۆیی کرابـووە سـەر پێشـتر لە لایەن شـارەوانیەکانەوە جیـاکرابێتەوە نـــرخەکەی بە بڕێـــك دەخەملێنرێـــت بە (٣٠%) تـــا (٥٠%) لە نرخـــی راســـتەقینەی زەویەکە و زێدەڕۆکاریش بە سوودمەند هەژمار دەکرێت.
٢- ئەگەر زێـدەڕۆکار سـوودمەند بووبێـت لە دەوڵەت لەکـاتی بەخـاوەنکردنی ڕێـژەی (١٠%) لە نرخی راستەقینە دەخرێتە سەر نرخی ئاماژەپێکراو لە خاڵی یەك.
٣-ئەگەر ئەو زەوییەی زێدەرۆیی کرابووە سەر پێشتر لەلایەن شـارەوانییەوە جیـا نەکـرابێتەوە و نرخەکەی بە بڕێك دەخەملێنرێت (٥%) لە نرخی راستەقینەی زەویەکە کەمتر نەبێت.
٤- هەر زێـدەڕۆکارێك خـۆی نیشـتەجێی خـانووە زێـدەڕۆکە نەبـوو بەرامـبەر یـان بـێ بەرامـبەر کەسێکی تری تێدا نیشتەجێ بـوو لەکـاتی بەخاوەنکردنیـان ڕێـژەی (١٠%) لە نرخـی راسـتەقینەی دەخرێتە سەر نرخی ئاماژەپێکراو لە خاڵەکانی (١،٢،٣) ی سەرەوە.
چوارەم: لێژنەی باڵا بۆی هەیە بەخـاوەنکردن رەت بکـاتەوە ئەگەر شـوێنی خـانووەکە سـەرپێچی بـوو بـۆ ماسـتەر پـلان یـان نەخشـەی کەرتـی زێـدەڕۆ، زێـدەرۆکەش لادەبرێـت لەسـەر ئەرکـی شارەوانی و زێدەڕۆکاریش مافی رەفتارکردنی بە پاشماوەکان دەبێت و شـارەوانی پەیوەندیـدار لە سـنووری خـۆی بە پـارچە زەویەکـی نیشـتەجێ بـوو کە رووبەرەکەی لە (٢٠٠م٢) زیـاتر نەبێـت بەبێ بەرامبەر قەرەبووی زێدەرۆکار دەکاتەوە.
پێنجەم: هەر زێدەرۆکارێك بۆی هەیە تەنها یەك خانووی زێدەڕۆیی بەناو بکرێت.
پێشنیاری سێیەم: پێشنیازی لێژنەی تایبەتمەند:
ماددەکە وەك خۆی تەنهـا خـاڵی (١)ی بـڕگەی یەکەم و دووەم لە مـاددەی دووەم، مـاددەی سـێیەم بەم شێوەی لێبکرێت:
ماددەی (٣):
ئەگەر ئەو زەویەی زێـدەڕۆیی کرابـووە سـەر پێشـتر لەلایەن شـارەوانییەوە جیـاکرابێتەوە پـێش زێـدەڕۆیی کردنەسـەری نـرخەکەی بە بڕێـك دەخەملێنرێـت کە (٢٥%) لە نرخـی راسـتەقینەی زەویەکە و زێدەرۆکاریش بە سوودمەند هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەبارەت بە مـاددەی (٣) سـی پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پیشـنیاری یەکەمە؟ کەسـی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خـۆی؟ (١) کەسـی لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری لێژنەی تایبەتمەندە؟ بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا. مـاددەی (٤)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

ماددەکە بەم شێوەی لێبکرێت:

دووەم: ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار پابەند نەبێ بە پێدانی نرخی دیاریکراو یان خەملێنراوی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی سێیەم ئەم یاسایە یان مەرجەکانی هاتوو لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە نەیگرێتەوە ئەوا مافی بەخاوەنکردنی نامێنێت و خانووەکە بە زەوی ئەوەی لەسەری دروست کراوە بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێت بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢١) لە بەرامبەر دا فرۆشتنەکەی بەهای دروستکراو بەشێوەی شایستەبوون بە تێکدراوی دەدرێت بە خاوەنەکەی و ئەگەر زێدەرۆییەکە تێکدرا زێدەڕۆکار ئاگادار بکرێتەوە.

پێشنیاری دووەم وەك خۆی:

ماددەی (٤):

دووەم: ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار پابەند نەبێت بە پێدانی نرخی دیاریکراو یان خەملێنراوی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە یان مەرجەکانی هاتوو لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایە نەیگرێتەوە ئەوا مافی بەخاوەنکردنی نامێنێت و خانووەکە بە زەوی و ئەوەی لەسەر دروستکراوە بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێت، بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) لە بەرامبەر فرۆشتن و بەکرێدان بەهای دروستکراوی بە شێوەی شایستەبوون بە تێکدراوی دەدرێت بە خاوەنەکەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیار یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، (گولستان) خان ئێمە لەناو دەنگداندابین غەلەتیان کردووە داوای لێبوردن دەکەم بەناوی ئەوانیشەوە، بەناوی خۆشمەوە هەڵەیان کردوو لەوەی لێیان تێکچووە پۆلیسن زەختیان لەسەرە ئەوانیش هاووڵاتی ئەم وڵاتەن سترێسێکی زۆریان لەسەرە هەندێك موراعاتیان بکەن، داوای لێبووردن دەکەم، داوی لێبووردن دەکەم، ئەوانەی بەگوێرەی ماددەی (٥٧) ناومان نەهێناون بۆ ئەوەی بێبەش بکرێن لە دانیشتنەکە ئەگەر ڕێگریان لێکردوون داوای لێبوردنتان لێدەکەم، تکایە با ئیشی پەرلەمانی بکەین، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها خاڵی (٢) لە بڕگەی یەکەم بەم شێوەی لێبکرێت:

دوو: هەر زیادەیەك لەو بڕەی زەویـانەی کە پێشـتر دیـاری کـراوە بـۆ تەرخـانکردنی لە ماددەکـانی پێشتر بە خەمڵاندنی نرخی ڕۆژ بۆ سەرپێچیکار تەرخان بکرێت بەو مەرجەی ماسـتەر پـلان یـان نەخشەی بنەڕەتی شار و شارۆچکەکان تێك نەدات.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك تەنها خاڵی دووەم لە بڕگەی یەکەمدا بەم شێوەی لێبکرێت:

دووە: ئەگەر ڕووبەری زەویەکـان زیـاتر بـوو لەو ڕووبەرانەی کە لە خـاڵی (١)ی سـەرەوە هـاتووە نەتـوانرا بەپێـی ڕێنماییەکـانی نەخشـەدانانی ئـاوەدانی وەك زەوی سـەربەخۆ جیـابکرێنەوە ئەوا نـرخەکەی بە (٦٠%) لە نرخـی راسـتەقینە دەخەمڵێنـرێ بەنـاوی زێـدەڕۆکار تۆمـار دەکـرێ و بەمەرجێك لە هەموو حاڵەتێکدا لە پارێزگـا و قەزا و ناحیەکـان ڕووبەری گشـتی لە (٤٠٠م٢) زیـاتر نەبێت.

پێشنیاری سێیەم وەك خۆی:

ماددەی (٥):

بڕگەی یەکەمی ماددەی پێنجەمی یاساکە بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

١-نابێت ڕووبەری ئەو زەویەی بەخاوەن دەکرێت لە پارێزگان لە (٣٠٠م٢) و لە قەزاکـان لە (٤٠٠م٢) و لە ناحیەکان لە (٥٠٠م٢) تێپەر بکات.

٢- ئەگەر ڕووبەری زەویەکە زیاتر بوو لەو ڕووبەرانەی لە خـاڵی (١)ی سـەرەوەدا هـاتووە نەتـوانرا بەپێـی ڕێنمـایی نەخشـەدانانی ئـاوەدانی وەك زەوی سـەربەخۆ جیـابکرێتەوە، ئەوا نـرخەکەی بە (٦٠%) لە نرخـی راسـتەقینە دەخەمڵێنرێـت بەنـاوی زێـدەڕۆکار تۆمـار دەکرێـت بەمەرجێـك لە هەمـوو حاڵەتێکـدا لە پارێزگـای و قەزا و ناحیەکـان ڕووبەری گشـتی زەویەکە لە (٨٠٠م٢) زیـاتر نەبێت.

پێشنیازی چوارەم: پێشنیازی لێژنەی تایبەتمەند:

پرۆژەی هەموارەکە بە تەواوی لابرێ و پێویست بە هەموار ناکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٥) چوار پێشـنیار هەیە، ئەو بەڕێـزانەی لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمـن؟ کەسـی لەگەڵ نییە، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ پێشنیاری دووەمن؟ کەسـی لەگەڵ نـیـە، ئەو بەڕێـزانەی لەگەڵ پیشـنیاری سـێیەمن وەك خـۆی؟ کەسـی لەگەڵ نـیـە، ئەو بەڕێـزانەی لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمن واتـا ئەو مـاددەیە تەعـدیل نەکـرێ لە قـانوونە ئەصـلییەکە؟ بە دەنگـی (٦٤) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسەند کرا، ماددەی (٦) فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) سێ پیشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەیـانگرێتەوە و نەخشە و دیزاینی ئامادەکراویان نییە لە ماوەیەك کە لە (٢) ساڵ لە ڕێککەوتـی بەرکـاربوونی ئەم یاسـایە تێـپەڕ نەکـات نەخشـە و دیزاینـی پێداویسـتی تەکنیکـی ئامادەدەکـات بە مەرجێـك

تەواوبـوونی ڕێکـارە یاسـاییەکانی جێبەجێکردنـی ئەم یاسـایە لەڕووی تەرخـانکردنەوە پاشـان بەئەنجام گەیاندنی ماستەر پلانی نوێی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی:

ماددەی (٦):

ماددەی (٦) یاسایەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار بـۆ ئەو ناوچـانەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەیـانگرێتەوە نەخشە و دیزاینی ئامادەکراویان نییە لە ماوەیەك کە لە دوو ساڵ لە ڕێککەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات نەخشە و دیزاین و پێداویستی تەکنیکی ئامادە دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەبارەت بە مـاددەی (٦) سـێ پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە؟ کەسـی لەگەڵ نییە، پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نیـیە، پیشـنیاری سـێیەم وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٧)، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: هەر دوو بڕگە بڕگەکە لێك بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

داهـاتە بەدەسـت هاتووەکـان بەپێـی ئەم یاسـایە بەم شـێوەیە تەرخـان دەکرێـت ڕێـژەی (٧٠%)، (٤٠%) داهـاتی بەدەسـت هـاتوو دەگەڕێنێـتەوە بـۆ وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتو گـوزار بـۆ پێویستییەکانی دانانی نەخشـە و دیزاینـی ئەو ناوچانە حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەیـانگرێتەوە، لەگەڵ هانـدانی ئەو فەرمـانبەرانەی کە بەشـدارن لە ڕێکارەکـانی جێبەجێکردنـی ئەم یاسـایە و ڕێـژەی (٣٠%)، (٦٠%) داهـاتی بەدەسـت هـاتوو دەگەڕێنێـتەوە بـۆ خەزێـنەی گشـتی هەرێـم بەمەبەستی ئاراستەکردنی بۆ خزمەتگوزاریە گشتییەکان بـۆ ئەو ناوچـانەی کە حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:

پێویستە داهاتی بەدەست هاتوو (١٠٠%) بگەڕێتەوە بـۆ خەزێـنەی دەوڵەت وە دواتـر جـارێکی تـر ئەو داهـاتە بـۆ نەخشـە و دیـزاین و خزمەتگوزاری ئەو ناچـانە خەرج بکـرێن کە داهـاتەکەی تێـدا بەدەست هاتووە.

پیشنیاری سێیەم: وەك خۆی:

ماددەی (٧):

ماددەی (٧)ی یاساکە بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

داهاتە بەدەست هاتووەکان بەپێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت:

١-ڕێژەی (٧٠%)ی داهاتی بەدەست هاتوو دەگەڕێنرێتەوە بۆ وەزارەتی شـارەوانی و گەشـتوگوزار بــۆ پێویســتییەکانی دانــانی نەخشــە و دیزاینــی ئەو ناوچــانەی حوکمەکــانی ئەم یاســایە دەیانگرێتەوە، لەگەڵ هاندانی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەشدارن لە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنـی ئەم یاسایە.

٢-ڕێــژەی (٣٠%)ی داهــاتی بەدەســت هــاتوو دەگەڕێنــرێتەوە بــۆ خەزێــنەی گشــتی هەرێــم بە مەبەستی ئاراستەکردنی بـۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان بـۆ ئەو ناوچـانەی کە حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ســەبارەت بە مــاددەی (٧) ســێ پێشــنیار هەیە، هەر بەڕێزێــك لەگەڵ پێشــنیاری یەکەمە؟ کەســی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمە وەکـو خـۆی؟ بە دەنگـی (٦٥) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـەند کـرا. مـاددەی (٨)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

سەبارەت بە ماددەی (٨) دوو پێشنیار هەیە:

پیشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:

ماددەی(٨):

ماددەی (٨)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

ئەو خانووانەی کە لەسەردەمی پێشوو رووخاون بەهۆکاری سیاسی دوای راپەڕینی سـاڵی (١٩٩١) دروست کراونەتەوە یان شوێنەواری شوێنی خانوویـان مـاوە بەپێـی تەواوی حوکمەکـانی هـاتوو لەم یاسـایە مامەڵەیــان لەگەڵ دەکرێــت بەمەرجێــك بــێ بەرامــبەر و بەبــێ هــیچ بــڕە پــارەیەك ڕێکارەکانیان بۆ دەگرێتە بەر.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

ماددەی (٨)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

ئەو خانووانەی کەلەسەردەمی رژێمی پێشووی رووخاو بە هۆکاری سیاسی دوای راپەرینی ساڵی (١٩٩١) دروست کراونەتەوە یان شوێنەواری شوینی خانوویـان مـاوە بەپێـی تەواوی حوکمەکـانی هاتوو لەم یاسایەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و نرخەکەشـیان بە برێـك دەخەمڵێنرێـت کە (٢%) نرخی راستەقینەی زەویەکە بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٨) دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (٢)کەسـی لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە وەك خـۆی؟ بە دەنگـی (٦٥) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسەند کرا.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددە (٩):

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٩) هیچ پێشنیار نییە وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (١٠):

پێوستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵە ماددەکە وەکو خۆی پێشنیاری تر نییە ماددەی (١٠)؟ بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (١١):

پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە ماوەیەك لە (٦٠) رۆژ تیپەڕ نەکات رێنماییەك بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١١) هیچ پێشنیارێك نییە هەر بەرێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیاریك نییە:

ماددەی (١٢):

بەم شیوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

ئەم یاسایە دوای بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە رێککەوتی بڵاوبوونەوەی کاری پێدەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو ماددەی هیچ پیشنیارێك نییە هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچواندن سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: بەم شێوە لێبکرێت:
هۆیەکانی دەرچواندن:
لەبەر گرینگی موڵك وماڵەکانی دەوڵەت چونکە خاوەندارییەتی بۆ گەلە و دەسەڵاتی ئیداری پابەندە بە چاك رەفتارپێکردنی بەم موڵك و ماڵانە بە شێوەیەك بەرزترین سوودی بۆ گەل دەستەبەر بکات و بۆ بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگیرێت و بۆیە پێویستی بە فرۆشتن یان بەکرێدان یان مانەوانی بەپێی چەند حوکمێکی ئەم یاسایە بێت کە رێکارەکانی رەفتارپێکردن بەم موڵك و ماڵانە بە زۆرترین ئاستی شەفافیەت و روون و نزیکی دادپەروەری رێك بخات و بە شێوەیەك کە ئەنجامەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت دەستەبەر بکات لەبەر هەموو ئەمانە ئەم یاسایە دەخوێنرێتە دەرچوێنرا.
سەبارەت بە پێشنیاری دووەم وەك خۆی:
هۆیەکانی دەرچواندن:
مەبەستی سوودمەندبوونی زیاتری هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە زەوی و میری و دۆزینەوەی پێگەی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی زیادەڕۆیی ناچاری و پێشکەشکردنی نەخشە و دیزاین و خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٨) شیاوی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.
سەبارەت بە پێشنیاری سێیەم پێشنیاری لێژنەی تایبەتمەندە:
بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە لە یاسای ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١٩) هەبوون و سوودمەندبوونی زیاتری هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە زەوی میری و دۆزینەوەی دەرچەی یاسایی بۆ زیادەڕۆیی ناچاری ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە بۆ هۆکارەکانی دەرچواندن؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری دووەم؟ کەسی لەگەڵ نییە، پیشنیاری سێیەم پێشنیاری لێژنەی تایبەتمەند؟ بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی یاساکەیە؟ بە دەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. پیرۆزبایی لە خۆمان و لە گەلی کوردستان بەبۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە. (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر یاداشت پێشکەش کراوە، زیاتر لە (٥٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان داوای ئەوەیان کردووە کۆتایی هێنان بە لێبڕینی مووچە بکرێت بە بڕیار، لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەنگی لەسەر بدرێت، ئەو بەڕێزانەی کە پێشتر قسەیان کرد لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەمە نەخراوەتە دەنگدانەوە؟ حەقی خۆیانە چونکە ناوەڕۆکی یاداشتەکە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە، دەبوو بخرایەتە دەنگدانەوە، چونکە زیاتر لە (٥٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان داوای ئەوەیان کردووە کۆتایی بە لێبڕینی مووچە بهێنرێت ئەمە یەك، دووەم بێبەشکردنی ئەو هاوڕێیانە لە دەرەوە ئێمە پێمان وایە پێشێلکارییە بەرامبەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە ماددەی (٥٧) بەرزەفت

کردن ئێمە پێمان وایە بڕگەی سییەمی ئەو ماددەیە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە چونکە هیچ قسەیەکی زبر بەکار نەهێنراوە لەلای ئەو بەڕێزانەوە، ئێوەش ئاماژەتان بەوە نەداوە کە قسەکانیان لە پرۆتۆکۆل دەسڕێتەوە، بۆیە پێمان وایە ئەمە پێشێلکاری پەیڕەوە و دەبێت ئەو هاوڕێیان ئێستا بێنە ژوورەوە بەشدار بن، بخرێتەوە دەنگدانەوە، ئەگەر نا ئێمەش بایکۆتی جەلسەکە دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(ئاشنا) خان ئەگەر دۆخی دانیشتن بەجۆرێکی لێبێت کە نەتوانین دانیشتن بەردەوام بکەین، مەجبورین ئیجرائات بکەین بەگوێرەی ماددەی (٥٧) ئەڵێین ئاگادارتان دەکەینەوە، داواتان لێدەکەین، دانیشتنەکە تێکچووە هەموو ڕێ و شوێنەکانی ماددەی (٥٧)مان گرتۆتە بەر قەت حەز ناکەم ماددەی (٥٧) بگرمە بەر، بەڵام ناکرێ (١٦) کەس نەهێڵێت (٨٠) کەس کۆبوونەوە بکات، (٩٠) کەس کۆبوونەوە بکات، لە دیموکراسیترین دەوڵەتی دونیایا تەجروبەی وا نییە، (ئاشنا) خان تکا دەکەم قسەی خۆتت کردووە، ئێمە کۆبوونەوەی پێشوومان بەگوێرەی ماددەی (٦٦)ی پەیڕەوی ناوخۆ کردووە کە ئامادەبوونی حکومەتە، ئەو بابەتەمان خستۆتە دەنگدانەوە تکا دەکەم با نەچینەوە سەری، مامۆستا (عبدالستار) دەست دەکەین بە جێبەجێکردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار، بەڕێزتان بیرۆکەتان هەیە، فەرموون. ئەمە پێنجەم جارە نازانم چەندەم جارە ئەو بابەتە دەخەینە بەرنامەی کار، فەرموون بەڕیزتان، ئەزیزن ئێوە مامۆستا، مامۆستا گیان دەبێ دانیشتنی پەرلەمان بکرێت، فەرموون پێشنیار مەکە هیچ پێویست ناکات، بیرۆکەکە دەخوێنیتەوە بەڕێزت، تەواو، داوا لە بەڕێز (د.زیدان) دەکەین با بفەرموێت بیرۆکەکەی بخوێنێتەوە. تەواو دڵنیا بن جارێکی تر نایخەمەوە بەرنامەی کار، پشووتان درێژ بێت ئێمە دەبێت ئەو قانوونانە تەواو بکەین. (د.زیدان) قسە دەکات، فەرموون.

**بەڕێز زیدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێزان جێگر و سکرتێری پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز و خۆشەویست، ئەمڕۆکە بابەتێکی گرینگ وەك بیرۆکە پێشکەش دەکەین کە تایبەتە بە پرۆسەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بەهۆی فراوانی ئەو دوو بابەتە لە ئەمڕۆدا تەنها بیرۆکەی خوێندنی باڵا دەخەینە روو مەبەستیشمان لەو بیرۆکەیە ئەوەیە کە دەست بخەینە سەرجەم ئەو کەم و کورپیانەی کە لە پرۆسەی خوێندنی باڵادا هەیە، دەست خستنی سەرکەم و کورپەکانیش بۆ شکاندن پرۆسەکە نییە، بەڵکو بۆ زیاتر گرینگی پێدانیەتی بۆ خەم خوادرنە لەم بوارەوە بەروە پێش بردنی ئەم پرۆسەیە، تەوەرەکانی ئەم بیرۆکەیە چەند بابەبەتێکی گرینگ لەخۆ دەگرێت، بەڵام بەر لە دەستپێکردنی تەوەرەکان پێم خۆشە لە پرۆسەی خوێندنی باڵا، لەپرۆسەی پەروەردەشدا لە هەردوو وەزارەتی مەعنی کە دوو وشەی زۆر باو هەیە کە بەکاردەهێنرێت بەداخەوە لە نوسراوە فەرمیەکانیش کە وشەی قوتابی و خوێندکارە هیواخوازم هەردوو وەزارەت رێك کەون لەسەر بەکارهێنانی وشەیەك لە وەزارەتی پەروەردەوە بەکارهێنانی وشەیەکی تر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هاوشێوەی وڵاتانی تری جیهان، تەوەرەی یەکەم لە بیرۆکەکەمان تیشك خستە سەر کەرتی خوێندنی باڵا بەگشتی لە هەرێمی کوردستان،

ئێمه له هەرێمی کوردستان دەستپێکی خوێندنی باڵامان له ساڵی (١٩٦٨) ئەو کاتەی که زانکۆی سەڵاحەددین دامەزرا له شاری سلێمانی دواتر به چەند قۆناغێکەوە گواسترایەوە، له ساڵی (١٩٨١) له شاری هەولێر جێگیر کرا و دامەزرا، تا راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) هەرێمی کوردستان تەنها ئەو زانکۆیەی هەبوو، بێ بەش بوو له کەرتی خوێندنی باڵا بەگشتی له ئاستی عێراقدا، دواتر هەر یەك له زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆك دامەزران، له ساڵی (٢٠٠٦) وەزارەتی خوێندنی باڵا دامەزرا، تا ئێستا کەرتی خوێندنی باڵا لەرووی رواڵەتدا پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، دەتوانین بڵێین خاوەنی (١٥) زانکۆی حکومی و دەستەیەك و ئەنجومەنێکی زانستین لەگەڵ داتای زانکۆ تایبەتەکان، هەرچەندە بەووردی وەزارەت ئامادە نەبوو بیدا که ژمارەیان لەنێوان (١٨-٢٠) زانکۆی تایبەته لەگەڵ (١٢) پەیمانگای تایبەت، ئەو کێشه گرفتانەی که بەروونی له پرۆسەی خوێندندا هەن گرینگی نەدانی پێویسته به ستافی زانکۆ و پەیمانگاکان وه دەست تێوەردانی نادروسته له کاروباری زانکۆ و پەیمانگاکان وه رێگه نەدان به زانکۆ و پەیمانگاکان سەربەخۆیی کارگێری و داراییان هەبێت وه خراپی کوالێتی بینا و باڵەخانەکانی وانه وتنەوە و نیشتەجێبوونی قوتابیان، خاڵێکی تری گرینگ بەداخەوە نزیکەی (٧٥%)ی پۆسته کارگێری و زانستییەکانی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا وه ئەنجومەنی زانکۆ و پەیمانگاکان و کۆلێژەکانیش ماوەی یاساییان بەسەر چووه، تەوەرەی دووەم که تەوەرەیەکی تری شێوازی خوێندنه له پرۆسەی خوێندنی باڵا له هەرێمی کوردستان بەداخەوە لەم شێوازی خوێندنەدا ئێستا له هەرێمی کوردستان سێ جۆر شێوازی خوێندن پەیڕەو دەکرێت، که شێوازی ساڵانەیه وه شێوازی کۆرسات لەگەڵ شێوازی نوێی پۆلۆنیا سیستەمە، بەداخەوە زانکۆ هەیه هەرسێ شێواز پەیڕەو دەکات که ئەمەش گرفتێکی زۆری بۆ قوتابیان دروست کردووە، ئەوانەی که به سیستەمی نوێش دەکەن تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو نەیانتوانیوە پرۆسەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن، خاڵێکی تری گرینگی له بیرۆکەکەمان هەڵکشانی رێژەی زۆری قوتابیانی پۆلی (١٢) که ساڵانه ژمارەیان یەکجار زیاد دەکات ئەو ساڵەی پرۆسەی خوێندن له پۆلی (١٢)ی ئامادەیی سەد و چل هەزار و دوو سەد و نەوت و نۆ قوتابی هەیه که له دەرەنجامی کۆتایدا روو له زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، پار ساڵ تەنها (٧٠) هەزار قوتابی له زانکۆ و پەیمانگاکان دەرچوو وه پەنجا و دوو هەزار قوتابی له زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان وەرگیرا، یازده هەزار و حەفت سەد و پەنجاش له زانکۆ تایبەتەکان زیاتر له هەشت هەزار قوتابییش بێبەش بوو له زانکۆ و پەیمانگاکانی حکومی، ئەمەش دەرەنجامی گرفتێکه که ساڵانه پرۆسەی خوێندنی باڵا له هەرێمی کوردستان تووشی دەبێت وه جۆرێك له زانکۆکانیش پاڵەپەستۆیەکی زۆریان خراوەته سەر که له حەجمی خۆیان زیاتر وەردەگرن، بەش هەیه توانای تەنها (٤٠) قوتابی هەیه، زیاتر له (٢٠٠) قوتابی پێدراوە، ئەمەش واقعێکی تاڵی زانکۆ حکومییەکانه بەڵام ئەوەی که زۆر گرفته لەکاتی وەرگرتن که له خاڵی چوارەمی بیرۆکەکەدا ئاماژەمان پێکردووە بەداخەوە شێوازی وەرگرتن لەدوای پۆلی (١٢) بەشێوازێك دەکرێت که پێی دەگوترێت (کریدد سیستەم) ئەو کریدیته قوتابی ناچار دەکات که بەشێك له بەشه زانستییەکان و هەندێك بواری تری زانستی وەکو هەندەسه و بەشه کۆلێژه زانستییەکان زمانی کوردی، زمانی عەرەبی هەژمار ناکرێت، بەداخەوە ئەمەش یەك له گرفته ئەساسیەکانه، چونکه قوتابی له پۆلەکانی پەروەردەدا

سیستەمی کریدیتی نەخوێندووە لێرەدا کە پەیڕەو دەکرێت هەم بەشێوەیەکی نایاساییە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ناچار دەکرێت بەو سیستەمە، هەمیش زمانی دایك کە زمانی کوردی و فەرمییە لەو بەشە زانستیانە هەژمار ناکرێت، بەداخەوە دەتوانین بڵێین لەرووی مقارەنەکردنەوە بە وڵاتانی دەوروبەری خۆمان کە پزیشکی بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێندرێت، رەنگە دەیان جار پلەی زانستیان لە ئێمە بەرزتر بێت، کەواتە زمان پێوەرێك نییە بۆ بەرەوپێش چوونی ئاستی زانستی هەتا لە بزیشکییەکاندا، خاڵێکی تر لەکاتی وەرگرتن ناهاوسەنگییەکی زۆر هەیە لەنێوان زانکۆ تایبەتەکان، زانکۆ حکومییەکانیشتدا، زانکۆ حکومییەکان جگە لەوەی کە پاڵپەستۆی زۆریان دەخرێتە سەر بەڵام لەهەمان کاتدا زانکۆی تایبەتمان هەیە کە ماوەی (١٢) ساڵە دامەزراوە تاوەکو ئێستا (٦٠٠) قوتابی هەیە، زانکۆی تایبەتی تریشمان هەیە هەر لە هەرێمی کوردستان خاوەنی (٨) هەزار قوتابییە، کەواتە لێرە کێشە و گرفتێکی زۆر وە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خودی زانکۆ تایبەتکانیش کراو، ئەمەش هۆکارێکی زۆر بووە کە کەرتی خوێندنی باڵا لە زانکۆ تایبەتانەش گرفتی بۆ دروست ببێت، لەهەمان کاتدا لەکاتی خراپی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغداد کێشە و گرفتی بۆ خوێندنی باڵاش دروست کردووە، یەکێك لە کێشەکان ئەویە کە بەشێکی زۆر مولحەقی سەقافی لە کونسولخانەکان و لە باڵوێزخانەکانی نێودەوڵەتیدا بەشی کورد نەدراوە وە لەوێش کورد بێبەش بووە لە هاوکاریکردنی قوتابییە کوردەکاندا، لەهەمان کاتیشدا ئەو زەماله و قوتابیانەی کە پێشکەش بە عێراق دەکرێت تاوەکو ئێستا بەشی هەرێمی کوردستان وەکو پێویست نەدراوە، خاڵێکی تری زۆر گرینگ کە ئاماژەی لەسەر دەکەین کەمی توێژینەوەی زانستییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان بەگشتی، لەسەر ئاستی خۆشمان وەکو لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان کە ناونیشانی ئێمە پەروەردە و خوێنندنی باڵا و تویژینەوەی زانستییە تا ئێستا گرینگیەکی باشمان بە توێژینەوەی زانستی نەداوە لەهەمان کاتیشدا لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ئەم پرۆسەیە زۆر زۆر لاوازە لە پێشنیارەکاندا دەیخەینە روو چۆن بتوانین چارەسەری بکەین، گرفتەکانی تری رێنمایی و دووباتکردنەوەکانمان هەیە کە ماوەی ساڵێك و سێ مانگمان دەستنیشان کردووە زیاتر لە (٧) جار رێنمایی دەرکراوە و دووپاتکراوەتەوە کە ئەمەش سەرگەردانی بۆ خوودی قوتابیانی بەکالۆریۆس و وە ماستەر و دکتۆرا دروست دەکات، لە نووسینی رێنمایەکانی ماستەر و دکتۆرادا جیاوازی نەکراوە لەنێوان بەشە زانستییەکان، دەکرێ بۆ نمونە ماستێرێك لە بەشی کیمیا یان بیرکاری لەگەڵ بەشی مێژوو وەربگرین هەمان پێوەریان داناوە کە دەبێ لاپەڕەکانیان لە (١٥٠) لاپەڕە زیاتر نەبێت، کەواتە ئەوە گرفت دروست دەکات رەنگە بەشێکی زانستی هەبێت بتوانێ کەمتر لە (١٠٠) لاپەڕە بابەتە زانستییەکەی خۆی بوروژێنێت، بەڵام لە بەشەکانی تری مێژوویی کە یاخود بەشی ئەدەبیاتمان هەیە زیاتر لە (٢٠٠) لاپەڕەی پێویست بێت، پێوەرێکی تر هەیە کە کێشەی زۆری دروست کردووە لەنێوان زانکۆکان ئەوەیە کە کاتێك لێژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتی خوێندنی باڵا لیستی زانکۆ جیهانییەکانە کە هەڵسەنگاندنت بۆ دەکات ئەمە یەکێکە لەو گرفتە هەرە گەورانەی کە قوتابی کورد کاتێك دەچێتە دەرەوە دەخوێنێت دەگەڕێتەوە گرفتی بۆ دروست دەکرێت، چونکە بەشێکی زۆر ئەو ئاستە زانستییەی لە هەرێمی

کوردستاندا هەیە، باشترین زانکۆمان (٥) هەزاری جیهانە، خراپترینیشما (١٨) هەزاری سەر ئاستی جیهانە، بەڵام ئەو لێژنەیەی کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە بڕیاریان داوە لەماوەی چەند ساڵی رابردوو تەنها هەزار زانکۆی جیهان ئیعترافی پێ دەکرێت، ئەمەش گرفتێك دروست دەکات کەواتە زانکۆکانی خۆشمان لەرووی واقیعیەوە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕوا پێکراو نین، ئەوەش گرفت دروست دەکات، لەهەمان کاتیشدا پێشنیارمان کردووە کە پێداچوونەوەیەك بکرێت لەسەر ئاستی زانکۆکانی خۆمان پێوەر بۆ زانکۆکانی تری جیهانی دابنرێت، بەداخەوە لەکاتی هاتنی (کۆرۆنا) و بابەتەکانی تر خوێندنی ئۆنلاین یاخود خوێندنی تێکەڵ دروست کراوە لە زانکۆکان تا ئێستا گەورەترین گرفت بووە لەبەردەم قوتابی لەبەردەم مامۆستاش لەسەر شێوازی خوێندن، شێوازی دانانی بابەتەکانی لەسەر سایتە ئەلیکترۆنییەکان، شێوازی ئامادەبوونی قوتابی لە وانەکاندا کە بەشێکی زۆری ناوچە جوگرافیەکانی هەرێمی کوردستان هێڵی ئینتەرنێتیان خراپە، بۆیە پەلەی تێدا دەکەین پێشنیار و راسپاردەکانمان بەپەلە دەخەینە روو لەسەر ئەم بیرۆکەیە:

یەکەم: پێشنیار دەکەین هەمواری دووەمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بکرێت کە لە ساڵی (٢٠٠٨) بە ژمارە (١٠) دەرچووە، هەمواری یەکەمی زانکۆ تایبەتەکان بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوانەی کە هەیە، هەمان کاتیش یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٢) کە تایبەتە بە پێدانی ناسناوی زانستی رێنمایی بۆ دەربکرێت لە ئەنجومەنی وەزیران کە ماوەی (٩) ساڵە دەرچووە تا ئێستا رێنمایی بۆ دەرنەکراوە.

دووەم: کە زۆر گرینگە جەختی لەسەر بکەینەوە ئایە ئەو ساڵ پێشنیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا چییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان؟ چونکە لە چەند رۆژی رابردوو لەلایەن (مؤسسة العراق المستقبل) داتاکانی عێراقی خستەروو کە ئەم داتایانە دەڵێت عێراق ئێستا خاوەنی هەشت سەد و بیست هەزار قوتابی خوێندنی باڵایە، ئەم رێژەی قوتابییە لەسەر ئاستی عێراق ئەگەر بەراورد بە هەرێمی کوردستان بکەین کە سەرووی (٢٠٠) هەزار قوتابی خوێندنی باڵامان هەیە، گرفتێکی زۆری دروست کردووە کە ئێمە نەمان توانیوە حەجمی قوتابیەکانی خۆمان لە ئاستی عێراقدا مقارەنە پێبکەین لەچاو عێراق ئێمە رێژەی (٢٠%)ی قوتابی خوێندنی باڵامان زیاتر هەیە، بەڵام بەپێی ئەو داتایانەی کە ئەو موئەسەسەیە خستییە روو ساڵانە لە عێراق (٢٢) هەزار قوتابی زیاد دەکات لە هەرێمی کوردستانیش بە رێژەی چەندین هەزار زیاد دەکات، بەڵام خودی عێراق بە تەنها جگە لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە ساڵانە (١٦) کۆلێژ و پەیمانگا هەیە کە دایبمەزرێنێت بۆ ئەوەی شوێنی قوتابییەکان بکاتەوە، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵای ئێمە ئەو پلانەی نییە کە ساڵانە چەند زانکۆ، چەند کۆلێژی تر دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی بتوانی ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە قوتابیانی خۆمان کە رێژەیان زۆر بووە لە وەرگرتن، بۆیە پێشنیارمان کردووە لە ئێستادا کە ئەوانەی زۆر زۆر پێویستن لە شاری (ئاکرێ)، (شەقڵاوە)، (خانەقین) زانکۆی تایبەت دروست بکرێت هاوشانی شارکانی تری هەرێمی کوردستان، زانکۆیەکی تایبەت بە خوێندنی پۆلۆتەکنیك دروست بکرێت کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نییە، چونکە بەپێی دواین داتاکان لەگەڵ وەزارەتی پلان دانانی عێراقی، موئەسەسەکانی تری دەرەوەی وڵاتدا کراوە پێویستە هانی قوتابیانی پۆلی (١٢)

بدرێت كە روو لە خوێندنی پۆلۆتەكنیك بكەن، چونكە بازاڕی كار لە عێراق و لە هەرێمی كوردستان پێویستی بە خوێندنی پۆلۆتەكنیكە،

سێیەم: پێویستە پێداچوونەوە بە پەیڕەوی سیستمی كریدید بكرێت بۆ قوتابیان، ناكرێت لە پەروەردەكردنی خوێندووە، لە خوێندنی زانكۆ لە كاتی وەرگرتن ناچاری بكرێت وە زمانی دایكیشی تێدا فەرامۆش بكرێت.

چوارەم: پلانی دروستكردنی كەمپی مۆدێرن كێشەیەكی هەرەوە سەرەكیمان هەیە ئەو زانكۆیانەی كە كەمپیان نییە بۆ نمونە زانكۆی (صلاحەدین) كە زانكۆی دایكە لە هەرێمی كوردستان تا ئێستا بێ خاوەنە و بێ كەمپە بۆ پرۆسەی خوێندن، لە هەمان كاتیشدا ئەو زانكۆیانەی كە كەمپ و پرۆسەی خوێندنیشی تێدا دەكرێت كە وەكو زانكۆی سلێمانییە گرفتی هەرە گەورە ئەوەیە كە زەویەكانی مامۆستایان لەلایەن شارەوانییەوە دابەش كراوەتەوە دووبارە بەبێ ڕەزامەندی زانكۆ.

پێنجەم: سیستەمی بۆلۆنیا سەرگەردانیەكی زۆری دروست كردووە لە پرۆسەی خوێندن لە بەكالۆریۆسدا بۆیە دەبێ پێداچوونەوەی جدی لەسەر ئەوە بكرێت، چونكە تاوەكو ئێستا یەك تاكە زانكۆی هەرێمی كوردستان نەیتوانیوە لەم پرۆسەیەدا سەركەوتووبێت لە پێشكەشكردنی.

شەشەم: دروستكردنی تاقیگەی پێویست بۆ پسپۆڕییە جیاوازەكان بۆ ڕاهێنانی قوتابی لە شێوازی پراكتیكی.

حەفتەم: پێشنیاری كردنەوەی بۆردێكی ڕاوێژكاری لە وەزارەت بۆ سەرجەم زانكۆ تایبەتەكان كە ئێستا ڕێژەیان بۆتە نزیكەی بیست زانكۆی تایبەت لەگەڵ دوازدە پەیمانگا، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە بۆ یەك جاریش بەیەكەوە كۆببنەوە لەگەڵ وەزارەت و ستافی وەزارەت تاوتوێی بابەتی زانستی خۆیان بكەن.

هەشتەم: پێویستە پێداچوونەوەی جدی بكرێت لە خراپی هەماهەنگی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی بەغدا جگە لە خراپی بواری سیاسی بەڵام پێویستە لەرووی زانستییەوە ئەو كەرتە پێداویستی زانستی دابین بكرێ،حكومەتی هەرێم پێویستی بەوەیە كە هەماهەنگی زیاتر بكا، قوتابیانی هەرێمیش بێبەش نەكرێن لەو پرۆسەیەی كە لە بەغدا هەیە.

نۆیەم: خاڵێكی زۆر گرینگە پێشنیار بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی بڵاوكردنەوەی لیستی زانكۆ جیهانییەكان، پێویستە وزارەتی خوێندنی باڵا پێوەری باشترین زانكۆی خۆی كە پێنج هەزارە، خراپترینی كە هەژدە هەزارە بكاتە پێوەر بۆ ناساندنی سەرجەم زانكۆكانی جیهان، كەواتە دەبێت هەر زانكۆیەك لە سەرووی هەژدە هەزار بێت دەبێ دانی پێدابنێ هاوشانی زانكۆكانی خۆی وە لەهەمان كاتدا زانكۆ كوردستانیەكانی پارچەكانی تری كوردستان وەكو هەستێكی نەتەوەیی دەبێ هەر هەموویان دانی پێدا بنرێت و قبوڵ بكرێت.

دەیەم: كەم كردنەوەی ڕێژەی پشووەكان لە پرۆسەی خوێندن كە ئەمە گرفتێكی گەورە دروست دەكات لەبەردەم پرۆسەی خوێندندا جگە لە یادی نەورۆز كە سێ ڕۆژە بە تەنها.

یازدە: بەشێكی زۆر دەرچوانی پەیمانگاكان كێشەی ناونیشانی فەرمانبەریەتییان هەیە، كە زانكۆ دەكرێتەوە یان بەشێك دەكرێتەوە لەناو زانكۆ كە خوودی حكومەت وە وەزارەتەكانی تر پابەند نینە بەو ناونیشانەی كە لە خوێندنی باڵا دەردەچێت.

دوازدە: ڕێگریکردن لە هەر دەست تێوەردانێکی نادروست لە زانکۆ و پەیمانگاکان.
سـێزدە: بە گومـانی بـوونی سـاختەکاری بەداخەوە بەشـێکی زۆری سـتافانی خوێنـدنی بـاڵا، دەرەوەی خوێنـدنی بـاڵاش بڕوانـامەی سـاختەیان هەیە بـۆیە دەبـێ پێـداچوونەوەیەکی جـدی بکرێت بەسەر ئەو بڕوانامانەی کە ساختەن.
چواردە: پێشنیار دەکەین زانکۆ و پەیمانگاکان سەربەخۆی و کارگێری داراییان هەبێت.
پـازدە: مامۆسـتایان وێـڕای ئەرکـی زانسـتیان لە پرۆسـەی خوێندنـدا بە داخەوە لە کۆتـایی هەر ساڵێکدا داوای هەگبەی زانسـتیان لـێ دەکرێـت، بەڵام دیـارە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا تـا ئیسـتا نەیتوانیوە دۆسیەیەکی ئەلیکترۆنی هەبێـت، هەمـوو سـاڵان هەمـان ئەو داواکاریـانەی هەیە ئەو خاڵانەی کە پێویست دەکا دووبارە داوایان لێ دەکاتەوە.
شـازدە: قوتـابی زانکـۆ و پەیمانگاکـان پێداویسـتی فێرکـردن و فێرکـارین نیـیە لە نـاو زانکـۆ و پەیمانگاکاندا کە ئەمەش گرفتێکی گەورە دروست دەکات لەبەردەم پرۆسەی خوێندن.
حەڤدە: پێشنیارمان بۆ زیادکردنی توێژینەوە کە یەکێکە لە خاڵە هەرە گرینگەکانی ئەم بیـرۆکەیە ئەوەیە:
أ: بۆ گرینگیـدان بە تـوێژینەوەی زانسـتی پێویسـتە سـەنتەری تـوێژینەوەی نیشـتمانی دابمەزرێ، چونکە نەبوونی سـەنتەرێکی تـوێژینەوەی نیشـتمانی کـاریگەری زۆری هەبـووە لەسـەر کەمـی توێژینەوە و ناساندنی زیاتری گەل و نیشتمانەکەمان.
ب: بۆ گرینگیدان بە تویژینەوەی زانستی پێویستە پەرلەمانی کوردستان هاوکـار و پاڵپشـت بێـت بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوودجەیەکی تـایبەت بە تـوێژینەوەی زانسـتی دابـین بکـات، لەلایەکـی تـر ئەگەر ئـارەزووی پێشکەشـکردنی تـوێژینەوەی زانسـتیمان لە کوردسـتان هەبێت پێویستە گرینگی بە چۆنیەتی شـێوازی ئەنجامـدانی تـوێژینەوەی زانسـتی بـدرێت لەم خاڵەوە دەتوانین لە کاتی وانە وتنەوەی مامۆستایاندا کە سـەرووی دوازدە هەزار مامۆسـتامان لە پەیمانگا و زانکۆکان هەیە مولزەم بکرێت هەر مامۆستایەك توێژینەوەیەکی سـاڵانە ئەنجـام بدات بەرامـبەر بە چەنـد کـاتژمێرێکی وانە وتـنەوە بـۆیە لە خراپتـرین دۆخـدا ئـێمە دەتـوانین ساڵانە ببینە خاوەنی دوازدە هەزار توێژینەوە تەنها لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا.
ج- پێویستە ڕێگە بدرێت بە تـوێژینەوەی بە کـۆمەڵ هاوشـانی وڵاتـانی تـر بەتـایبەت لە ئەورووپـا ئەگەر ڕێژەی توێژەران هەتا سەد توێژەریش بێت هەر هەموویان هەژمار دەکرێت لە پرۆسـەی زانسـتیدا، بـۆیە دەبێـت هەرێمـی کوردسـتانیش هاوشـانی ئەوان بێـت، پێویسـتە لە هەرێمـی کوردسـتان گۆڤـاری (**Impact Factor**) هەبێـت، بەداخەوە تـاوەکی ئیسـتا هـیچ زانکـۆیەکی هەرێمی کوردستان ئەو جۆرە گۆڤارەی نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس (د. زێـدان)، ئـێمە یاداشـتەکەت ئاراسـتەی حکـومەتی دەکەیـن، زۆر زۆر سوپاسـت دەکەین، دەستەکانت خۆش بێت، بەناوی پەرلەمانی کوردستان بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کـار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزیری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان دەکەیـن بەخێـر بـێن سـەرچاوان، سـەرۆکایەتی هەردوو لیـژنەی یاسـایی و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی فەرمـوون، هەسـتن یەکێکتـان فەرمـوون. کـاك (بـژار)ی لێنیـیە، (خـدیجە) خـان یـان (د. ڕۆژان) خـان، بەڕێـزان بڕگەیەکـی تـری

بەرنـامەی کـار جێبەجـێ دەکەیـن کە بـریتییە لە خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ ئەو پێشـنیاز و پـرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆ.

یەکەم: پێشـنیاز و پـرۆژە یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدام و خاوەن پێداویستی تایبەت، بەرێزتان دەزانـن پەرلەمـان بۆخـۆی پێشـنیازێکی هەبـوو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پرۆژەیەکی ناردبوو بەپێی ماددەی (٨٣) ئێمە لێکمـان داون کـراون بە یەك راپۆرتی هاوبەش دەرفەتیان دەدەینی بە بەڕێزان لە لێژنە هاوبەشەکان بـۆ ئەوەی راپۆرتەکەمـان بۆ بخوێننەوە، دواتر دەست بە مناقەشە دەکەین.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/راپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لێژنەی کاروباری یاسایی:

لێـــژنەی کاروبـــاری یاســـایی رۆژی دووشـــەمە رێککەوتـــی (٢٠٢١/٦/١٤) کـــاتژمێر (١)ی نیـــوەڕۆ کۆبـونەوەی خـۆی ئەنجامـدا بە مەبەسـتی پێـداچوونەوە و دارشـتنی یاسـایی دڵنیـابوون، لە دژ نەبـوونی دەقەکـانی لەگەڵ دەسـتوور و یاسـا کارپێکراوەکـان بەپێـی حوکمەکـانی مـاددەی (٨٥) بڕگەکانی یەکەم و سێیەم سـەبارەت بە راپـۆرتی لێـژنەی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی داکـۆکیکردن لە مافی مرۆڤ تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە پێشنیازی یاسای هەمـواری یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدامان و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی (٢٠١١) لە هەرێمـی کوردستان، لێژنەی یاسایی ئەم دارشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە:

یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی (٢٠١١)ی یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

ماددەی (١):

یەکەم:

ناونیشـان: یاسـای ژمـارە (٢٢) سـاڵی (٢٠١١) یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدامان و خـاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق هەمـوار دەکـرێتەوە بەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:

-یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٢١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

دووەم: دەسـتەواژەی (کەم ئەنـدام)جـێگەی دەسـتەواژەی (کەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویسـتی تایبەت) دەگرێتەوە و لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

ماددەی (٢):

یەکەم: خـاڵی (٤)ی مـاددەی یەکەمـی یاسـاکە هەمـوار دەکـرێتەوە بەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ئەنجومەن: ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی کەم ئەندامان لە هەرێمدا.

دووەم: خاڵی پێنجەمی ماددەی یەکەم هەڵدەوەشێتەوە ئەم دەقەی خوارەی شوێنی دەگرێتەوە:

کەم ئەندام: هەر کەسێك کەم ئەندام تواناى يان ناتوانايیەکى تەواوى ماوەى درێژى جەستەيى مێشکى هزرى يان هەستيان هەيە زگماك بێت يان دواتر رووبدابێت بەجۆرێك لەکاتى مامەڵەکردن لە دۆخ و بوارە جياوازەکاندا نەتوانى توانا و کارايى خۆيى و هاوشێوەيى کەسانى تر بەبێ ئاستەنگ بخەنە گەڕ.
سێيەم: خاڵى (٦)ى ماددەى يەکەم هەڵدەوەشێتەوە و ئەم دەقەى خوارەوە شوێنى دەگرێتەوە:
شەش: کورتە باڵا ئەو کەسەيە کە بەهۆى نارێکى لە سيستەمى گەشەيدا ئاستى بەرزى باڵاى بەشێوەيەکى نائاسايى کەم بێت ئەمەش بە بڕيارى لێژنەيەکى پزيشکى پسپۆرى دەستنيشان دەکرێت.
چوارەم: بڕگەکانى حەوتەم و دەيەمى ماددەى يەکەمى ياساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
حەوتەم: ناسنامە: ئەو بەڵگەنامە تايبەتەيە کە وەزارەت بۆ پێناسى کەم ئەندامان دەرى دەکات و هەڵگرەکەى لەو ماف و ئيمتيازاتانەى ئاشنا بێت کە ئەم ياسايە دەيبەخشێت.
دەيەم: بنکەکانى حەوانەوە ئەو بنکانەى کە کەم ئەندامان لەخۆ دەگرێت ئەوانەى شوێنى مانەوەيان نييە و پێويستيان بە کەسانێك هەيە چاودێريان بکەن.
پێنجەم: بڕگەيەك بە زنجيرەى يازدەيەم بۆ ماددەى يەکەم زياد دەکرێت و بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
يازدەيەم: سندوق: سندوقى کۆمەك بۆ چاودێرى شياندنى کەم ئەندامان و کورتە باڵاکان.
ماددەى (٣):
يەکەم: بڕگەى دووەمى ماددەى سێيەمى ياساکە هەموار دەکرێتەوە و چوار خاڵى بۆ زياد دەکرێت و بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێنج: وەزارەتى دارايى و ئابوورى.
شەش: وەزارەتى شارەوانى و گەشتوگوزارى هەرێم.
حەوت: وەزارەتى ئاوەدانکردنەوە و نيشتەجێکردنى هەرێم.
هەشت: دەستەى سەربەخۆى مافى مرۆڤ.
دووەم: بڕگەى سێيەمى ماددەى (٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
سێيەم: نوێنەرى کۆمەڵەکانى کەم ئەندامان کە لەنێوان خۆياندا دەست نيشان دەکەن بەمەرجێك هەر نوێنەرێك تەنها بۆ ماوەى (٢) ساڵ نوێنەرايەتيان دەکات و لەکاتى پێويستدا دەکرێت ماوەکەى درێژ بکرێتەوە و بەمەرجێك لە (٢) ساڵ تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز روميۆ حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان.**

ماددەى (٤):
بڕگەى يەکەمى ماددەى چوارەمى ياساکە هەموار دەکرێت و دوو خاڵ بەم زنجيرانەى خوارەوە بۆ ماددەکە زياد دەکرێت و بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
ماددەى (٤):

پێداچوون و لێپێچینەوە لەو سکاڵا و هەوڵدانانەی تایبەتن بەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر کەم ئەندامان ئەنجامدراون و گرتنە بەری ڕێکاری پێویست لەبارەیانەوە.
پێنجەم: ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە بارودۆخی کەسانی کەم ئەندام و بەرزکردنەوەی ڕێگەی وەزیرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.
ماددەی (٥):
هەردوو بڕگەی دووەم و سێیەمی ماددەی شەشەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
دووەم: ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەهێنرێتەوە و فەرمانبەری کەم ئەندامن شایستەی دەرماڵەی لە بری کەم ئەندامی دەبن بەو ڕێژەیەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری لەبارەوە دەدات و دەخرێتە سەر مووچەی فەرمانبەران دوای خانەنشین بوونیشیان بەردەوام دەبێت.
سێیەم: ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی سەرەوە دەیانگرێتەوە و کەسانی کەم ئەندامی بێ دەرامەتن و شایستەی بەخشینی لەبری کەم ئەندامی دەبن کە یەکسانە بە دوو لەسەر سێ کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی سەرەڕای کۆمەکێك کە بەم شێوەیە دیاری دەکرێت، کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ کەرەتی ڕێژەی پەککەوتەیی.
ماددەی (٦):
بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
چوارەم: دانانی پرۆگرامی تایبەت دەربارەی کەم ئەندامان و کورتە باڵا لە پرۆگرامەکانی پەروەردەیی.
ماددەی (٧):
یەکەم: بڕگەی چوارەمی ماددەی دەیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
چوارەم: خاوەن پرۆژەی تایبەتی (بچوك، مام ناوەند، گەورە) پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەم ئەندام و کورتە باڵایان لە پرۆژەکانیان بە ڕێگەی خولی شیاندن و ڕاهێنانی گونجاو بەمەرجێك کارەکە لەگەڵ توانا و لێزانینیان گونجاو بێت، بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە و بەم شێوەیەی خوارەوە:
یەکەم: خاوەن پرۆژە گەورەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەم ئەندام و کورتە باڵایان لە پرۆژەکانیان لەسەر بنەمای داواکاری بەجۆرێك لە ڕێژەی (٥%)ی کەمتر نەبێت و بۆ هەر بەکارخستنێکی زیاتر لە ڕێژەی دیاریکراو، حکومەت تا ماوەی (٣) ساڵ نیوەی مانگەکەیان دەگرێتە ئەستۆ ئەو هاندانە دەکرێت بە ڕێگەی لێخۆشبوون لە باج بێت.
دووەم: خاوەن پرۆژەی مام ناوەند و بچوکەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەسانی کارمەندان لە پرۆژەکانیان لەسەر بنەمای داواکاری بەجۆرێك لە ڕێژەی (٥%) کەمتر نەبێت، حکومەتیش تا ماوەی (٣) ساڵ نیوەی مانگانەکەیان دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هاندانە دەکرێت بە ڕێگەی لیخۆشبوون لە باج بێت.

دووەم: بڕگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بۆ ماددەی دەیەمی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێنجەم: بێبەشکردنیان یان دوورخستنەوەی هەر کەسێك لە کارکردن یان راهێنان بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی کەم ئەندامە لەلایەن خاوەن پڕۆژەکان رێگەپێدراو نییە.
ماددەی (٨):
بڕگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بۆ ماددەی یازدەیەمی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنریتەوە:
پێنجەم: خاوەن پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت پابەند دەبن بە دیزاینکردنی رێژەیەکی دیاریکراو لە یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ کەسانی کەم ئەندام بەپێی خواست بە بەهایەکی کەمتر لە یەکەکانی تری پرۆژەکە بە مەرجی گونجاندنی یەکەکە لەگەڵ بارودۆخی کەسەکە:
**بەڕێز گولستان سعید حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٩):
خاڵێك بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی دوازدەیەمی یاساکە بە زنجیرەی سێ زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
سێ: دامەزراندنی ناوەندێکی پێشکەوتوو بۆ دەستنیشانکردنی پێوەرەکانی کەم ئەندامی و پێکهاتە و ئەرکەکانی بە رێنماییەك رێك دەخرێت کە وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری تەندروستی دەری دەکات.
ماددەی (١٠):
برگەی یەکەمی ماددەی سیانزی یاساکە هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
یەکەم: لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت پابەندن بە رەخساندنی هەلی چالاکییە وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کەم ئەندامانی یارمەتیدانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو وەرزشانەی کە دەگونجێت لەگەڵ بارودۆخیان و ئەمەش لە رێگای:
یەکەم: گونجاندن و دروستکردنی یاریگا و هۆڵی وەرزشی و خێوەتگە و یانەی تایبەت.
دووەم: پابەندکردنی لایەنەکانی تری خاوەن یاریگا و هۆڵ و یانەی وەرزشی بە دابینکردنی بەش و شوێنی تایبەت کە تیایدا بتوانن وەرزش و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدەن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ، (شیرین) خان تەواوی بکە.
**بەڕێز شیرین یونس محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (١١):
زیادکردنی سێ بڕگە بە زنجیرەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم بۆ ماددەی چواردەیەم بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

سێیەم:
١-هەر کەسێك کەم ئەندامێك بێبەش بکات یان کارێك بکات ببێتە مایەی بێبەشکردنی لە پیادەکردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئەوا بە پێبژاردنێك کە لە یەك ملیۆن کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سەدیش زیاتر نەبێت.
٢-کەسی هاوبەش لەو سەرپێچییەی کە لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیەدا هاتووە هەمان مامەڵەی کەسی بکەری لەگەڵدا بکرێت.
٣-لە حاڵەتی گەرانەوە بۆ سەرپێچییەکە بەهای ئەو پێبژاردنە لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیەدا دەقنووسکراوە دەبێتە دوو هێندە.
٤- هەر کەسێك بە مەبەستی بەهرەمەندبوون بە ناشایستەیی لە هەر مافێك دەقنووسکراو لەم یاسایەدا بە ساختە خۆی بکاتە کەسی کەم ئەندام یان سیفەتی هەڵبگرێت یان لەگەڵیدا بەشدار بێت یان هاوکاری بکات ئەوە پێبژاردنێك کە لە دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.
٥- ئەگەر کرێکارێك لەکارەکەی بێبەش بکرێن بەهۆی ئەوەی کەسێکی کەم ئەندامە ئەوە دەبێت قەرەبوویەکی پێبدرێت کە بڕەکەی یەکسانی کرێی کارەکەی بێت کە لە رێککەوتی بێبەشکردنیەوە بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، ئەمەش وەکو قەرزێکی نایابی ممتاز هاوشێوەی کرێی کرێکار هەژمار دەکرێت و بڕیاری قەرەبووکردنەوەکەش تەنها ئەو کاتە هەڵدەوەشێتەوە کە کەسی بێبەشکراو بچێتە سەر کارەکەیی و لە هەمان شوێن و هەمان رێککەوت.
ماددەی (١٢):
وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری تەندروستی پێویستە رێنمایی بۆ ئاسان جێبەجیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.
ماددەی (١٣):
کار بە دەقی هیچ یاسایەك یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
ماددەی (١٤):
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی (١٥):
ئەم یاسایە لە رێککەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.
هۆیەکانی دەرچواندن:
بە مەبەستی گونجاندنی ماف و ئیمتیازی کەم ئەندام و کورتە باڵایان لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و رەخساندنی هەلی کار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو لەگەڵ بارودۆخ و گوزەران و ژیانی تایبەت و مسۆگەرکردنی مافەکانیان لەبواری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و نەهێشتنی ئەم کەم و کورتیانە لە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەمە راپۆرتی لیژنەی هاوبەشە، یەعنی لێژنەی تایبەتمەند راستێنراوە لەلایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستانەوە، دەست بە مناقەشەكردنی دەكەین، بە ناونیشان دەست پێدەكەین.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناونیشان:

یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ژمارە (٢٢)ی یاسای ساڵی (٢٠١١)ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت لەسەر ئەم ناونیشانە قسە هەبێت، (سلمە) خان، (خدیجە) خان، (سلمە) خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرای من ناونیشانەكەی خۆی باشترە لە هەموارەی كە كراوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر كێشەمان لەگەڵ ناونیشانەكە ئەوەبوو كە فیئەكانی تر داوایان دەكرد ناویان لە ناونیشاندابێت، بۆ نمونە كورتە باڵایان داوان دەكرد، بیانوویەك هەبوو لەوەی كە دەوترا خاوەن پێداویستی تایبەت ئێوەش دەگرێتەوە، لە راستیدا هەموو كەم ئەندامێك خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام هەموو خاوەن پێداویستی تابەتێك كەم ئەندام نییە، یەعنی لەگەڵ ماددەكانی تریشدا من هەمان تێبینیم هەیە، لابردنی وشەی (خاوەن پێداویستی تایبەت) لە راستیدا مشكیلەكە زۆر زۆر گەورەتر دەكات، چونكە خۆی لە راستیدا قانوونەكە قانوونێكی باشە بەڵام هەندێك كەم و كورتی لە جێبەجێكردنی هەیە بۆ ئەوەی هەموارەكە لەپێناو چاككردنی ئەو كەم و كورتیانە بێت، ئێمە لە ماددەكانی دواتر پیناسەی (كورتە باڵا) دانراوە، بەڵام بۆ نموونە پێناسەی (تالاسیما) دانەنراوە، ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت لەناونیشانەكە لابدرێت تەنها بكرێت بە كەم ئەندام پێم وایە كێشەكان زۆرتر دەبن، گلەیی و گازاندەكان زۆرتر دەبن، بۆیە من پێشنیار دەكەم ناونیشانەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، لە ماددەكانی دوای ئەوەش من تێبینیم هەیە كە وشەی (كەم ئەندام) نەخرێتە شوێنی كەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، وەكو خۆی بمێنێتەوە لە راستیدا ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (خدیجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا من تێبینیم هەیە لەسەر وشەی (كەم ئەندام) لە ناونیشانەكەدا، من پێم وایە كە ئەگەر تەماشا بكەین رێككەوتننامەكانی هەروەها یاساكانی نێودەوڵەتی لە بواری كەم ئەدام و

خاوەن پێداویستی هەموویان بەو ئاراستەنە کە هیچ جیاکارییەك لەنێوان کەسانی کەم ئەندام نەکرێتن، ئەوانیش وەکو کەسانی ئاسایی ژیانی ئاسایی خۆیان بەردەوام بن و دژی هەموو جیاکارییەکن، بەڵام خودی ئەو وشەیە کە دەڵێی کەم ئەندام یەعنی نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت جیاکارییەك بکەین، کەم ئەندام جیاوازە لە کەسەکی ئاسایی، ئەوەش لەوانەیە لەڕووی دەروونیشەوە تەئسیرێکی باشیان لەسەر دروست نەکات، بۆیە من پێم وایە کە ئەگەر تەنیا بڵێین (یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١)ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان)، واتە ئەو وشەی (کەم ئەندام)ە نەمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (ڕۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکی (خدیجە) خان ئاماژە پێکری کو یا دەستەواژا (کەم ئەندام) ئەڤ لساڵێت هەشتا هەتا نۆوەتا دادەمێ بەحسی ماف و ئیمتیازاتێت خاوەن پێداویستیێ تایبەت یان خاوەن کەم ئەندامی هاتە کرنێ سەد و پێنجی نۆ دەولەتا سەر ئیتیفاقییەکی ئیمزا کرن، کو ئەڤ دەستەواژە بکار نەیەتن دەستەواژە (کەم ئەندام) بەلکی شینا وێ دەستەواژە (خاوەن کەم ئەندامییەتی) دەستەواژەکی جوانترە و ڕێك و پێکترە کو ئەو کەسا هەست پێنەکەتن کو کەم ئەندام ئەڤی ڤی شکلی ناڤی لێبکەن، بەلکو خاون کەم ئەندامیەتی بیتن، هەروەسا دا منەزەماتێت گرێدای بصحێ ژڤە وەکو(WHO)) حەتا(UN) ژی زۆر جارا ئیعلانێت خۆدا ڤی دەستەواژەی بەکاردئینن، ڤی جا نەخاس مەسەلەن نووکە ل (٢٠٢١) ئەم دیسان ڤێ دەستەواژەی بەکاربینن ڤە ئەمێن هاتینە یاسایەکی راست کەن دگەل یاسایێ ئەم حەز دکەین دەستەواژە کەم ئەندامیتی ببیتە (خاوەن کەم ئەندامیەتی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لێژنە تایبەتمەندەکان خۆتان قسەتان هەیە؟ کاك (د.بژار)، دواتر (حسیبە) خان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت سەبارەت بە ناونیشان قسەت کرد ئەو مەجالەت دا کە سەبارەت بە ناونیشان کێ قسەی هەیە، ئەو قسانەی کراون موتەعەلقن بە ماددەی (١) یەعنی ئێستا لەسەر ناونیشانین ئەو قسانەی کە کراوە هەمووی لەسەر ماددەی یەکە زمنیەن، جا نازانم ئەوە وەرگرین ئەو پێشنیارانە یان نا، چونکە عینوان جیایە لە ماددەی (١)، ئەو قسانە موتەعەلقن بە ماددەی (١) نە بە ناونیشان.

**بەڕێز هیمن احمد حمەسالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، (حسیبە) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی کاك (بژار) دەکەم، ئێمە لێرەدا بەس لە سەرەتا عینوانەکەمان هەبوو، ماددەی یەکەم دێینە سەر ئەگەر یەعنی وەکو شیکردنەوەیەکیش بە تەواوی هەڤاڵان ئێمە وەکو لێژنەی تایبەتمەندی چەندین کۆبوونەوەمان هەبووە، هەم لەگەڵ بەشی یاسایی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەم لەگەڵ ڕێکخراوەکان کەم ئەندامان، کورتەباڵایان، ئەوانەی کە تایبەتن بەو پرۆژە و پێشنیازە هەموارکراوە، بەڵام بە گشتی ئەگەر بێینە سەر واقعەکە کورتە باڵایان لەگەڵ ئەوە نەبوون کە ئەوان بخرێنە ناو یاسایەك کە تایبەت بە خۆیان نەبێت، لەهەمان کاتدا ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتیش دەیان ویست، کەواتە ئەمە لێرانەدا ئەو پێشنیاز و پرۆژە هەموارکراوە خزمەتی تەواوی چین و توێژەکان دەکات، ئێمە سەرەتا دامان نابوو ناونیشانەکە بەوەی بێتن کە بڵێین (یاسای ماف و جیاوەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان) کە باس لە خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەی هەموو چین و توێژەکان دەگرێتەوە، کورتە باڵایان، کەم ئەندامان، ئەگەر باس لە تالاسیما بکەین جۆرەها نەخۆشی گوازراوەی تریشمان هەیە، کەواتە ئەگەر هەموو عینوانی یاسایەکە لە کۆی بابەتەکە زیاتر دەبێت، بۆیە یەعنی دیسا پشتیوانی لە کاك (بژار) دەکەم، بابێینە سەر مناقەشەکە لە پرۆژەی حکومەت و لە پێشنیازەکەی لێژنەکەی خۆمان ناونیشانێکی یەکگرتوومان هەڵبژاردووە، دواترش برادەران سەرنجیان هەبێتن وەری دەگرین و بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیش لێرەیە هەر تەعلیقێکی لەسەر کۆی پرۆژەکە هەبێت با خۆی وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر تێبینییەك لەسەر ئەو ناونیشانەی کە لە هەموارەکە دیاریمان کردووە راستە ئەو قسانەی کە کران لەسەر مەسەلەی ناوی یاساکە، خاوەن پێداویستی تایبەت بێت یاخود خاوەن کەم ئەندامی بێت، بەڵام بەڕێزان لە دواین ئەو ئەبدەیتانەی کە لەسەر ئاستی جیهان بۆ کەسانی کەم ئەندام کراوە کە خاوەن پێداویستی تایبەتیش ئەگرێتەوە ناوەکەی (أشخاص ذوي العاقة) کە تەرجەمەی دەکەیتە سەر کوردی کەسانی کەم ئەندام دەگرێتەوە، نەك خاوەن کەم ئەندامی، پێم وایە ئەم ناونیشانە دەقێکی زۆر زۆر باشە و ناونیشانێکی زۆر باشە بۆ یاساکە، ئێمە لە لێژنەی تایبەتمەند کە لێژنەی مافی مرۆڤ و لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیدا زیاتر لەساڵ ونیوێك کارمان لەسەر ئەوە کردووە کەکام موصتەلەحاتانە باشترینن لە پێناوی هەموو چین و توێژەکاندا کە دایبنێین، بۆ ئەو تێبینییەی یاخود کەم ئەندامان جیا نەکراونەتەوە کورتە باڵایان و تالاسیما دانەنراوە، ئێمە پێمان وابو وەکو (حسیبە) خان ئاماژەی پێدا ئەگەر یەکێك لە فیئەکان دابنێین دەبی هەموو فیئەکان دابنێین، بەو شێوەیە ناونیشانەکە ناونیشانەکی زۆر دوور و درێژ دەبێت، ناتوانین مەفهومی تەواوی ناوەڕۆکی یاساکە بگەیەنێ، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (لیزا) خان، فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەنــدە لێــژنەی تایبەتمەنــد روونکردنەوەیــان دا لەســەر ئەم بــابەتە بەڵام منــیش لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێـز (خـدیجە) خـانم لەسـەر ئەوەی کە بـۆ مـوراعەتکردنی لایەنـی دەروونـی ئەو خەڵکانەی کە پێیان دەوترێت خەڵکی خاوەن پێداویستی تایبەت وا باشتری وشەی (کەم ئەندام) لە ناونیشـانەکە لاببرێـت و بە هەمـان شـێوە تەنهـا (خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت) بمێنێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مم)، فەرمووو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لگۆریـا ئاخافتنێـت هەڤاڵا تایبەتـا وەکـو (لیـزا) خـانی ئامـاژە پێکـری بـابەتی کەم ئەنـداما بـوو، تشتەکی دەولیـیە یەعنـی رێکەڤتنەکا دەولـی هـاتیە کـرن کەم ئەنـدام، کەم ئەنـدامە یەعنـی زۆر قسەمان کرد لەسەر ئەو بابەتە بەس کاتێك کەسێك کەم ئەنـدام دەبێـت خـۆزگە وا نەبـوایە بەس کەم ئەندامە تۆ ناتوانی شناڤەکی تر لسەر دابنێی ئەمە دەولییەن بەکاردێنێ لهەمـوو دونیـا، بـۆیە مناقەشەکی زۆرمان کردووە لگەڵ رێکخراوە تایبەتمەندەکانیش لەسەر ئاستی دەولی مناقەشـەی ئەو بابەتەمان کرد کە کەم ئەندام، کەم ئەندامە یەعنی نابێت دەستکاری تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تایبەتمەند ئەگەر جەنابت سەرنجێك تێبینیەك؟ کوێستان خـان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سـوپاس بـۆ ئەم دانیشـتنە، سـوپاس بـۆ ئەم پەرۆشـیەتان بـۆ هەمـواری یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت، دیـارە وەکـو ئاماژەشـتان بـۆ کـرد کە پرۆژەیەکیــان لەلایەن ئەنجــومەنی وەزیــران هــاتووە و پــرۆژەیەکیش لەلایەن ژمــارەیەك لە پەرلەمانتاران، ئێمە لەسەر مەسەلەی ناونیشان پێمانوایە دەستەواژە کە پێشتریش لە پـرۆژەکەی خۆمـان هـاتووە خـاوەن کەم ئەنـدامی و کورتەباڵایـانە، دوای ئەوەی کە ئەم دانیشـتنە هـێن کـرا چەند بەدواداچونێکمان کردووە دیـارە ئـۆتیزم، تالاسـیمیا ئەمـانە خـاوەن پێداویسـتی تـایبەتن و کەم ئەنـدام نـین، خۆشـتان ئەزانـن زیـاتر لە ٣ هەزار ئـۆتیزم هەیە لە هەرێمـی کوردسـتان ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەتی لێ لابەرین مافی ئەوانە ئەفەوتێ، مـافی تالاسـیمیا .... کەم ئەنـدامی نیـیە سـەلما خـان ئەوە ڕێکخراوەکـانی کەم ئەنـدام و ئەوە هینەکـان کەم ئەنـدام نیـیە ئـۆتیزم، چونکە هیچ کەم ئەندامی خـۆ دەزانـین ئەنـدامێکی کەمە بەس ئەوە هـیچ ئەنـدامێکی کەم نیـیە، تالاسیمیاش بەهەمان شێوە نەخۆشی خوێنی هەیە، بۆیە بە بڕوای ئـێمە بەو تەعـریفەی کە هەیە

بـۆ خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت بمێنێـتەوە تەعـریفەکە، چـونکە خـۆی لە ئەساسـدا خـاوەن پێداویستی تایبەتیش زۆر بەرفراوانە، تەنانەت زۆر حاڵەت هەیە کە خاوەن پێداویستی تـایبەتە و پێویستی بە هیچ هاوکاریەك و ئەوە نییە، بۆیە ئـێمە پێمـانوایە خـاوەن کەم ئەنـدامی، خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت، کورتەباڵایـان، چـونکە کورتەبـاڵا نە کەم ئەنـدامە نە خـاوەن پێداویسـتی تایبەتە، ئەمە داوای خۆیانە کە بە نووسراو بەسەردان داوایان کـردووە ناویـان بێـت لە پـرۆژەکە، لە یاسـاکە، پێشـتر ئـێمە سـاڵی ٢٠١١ کە ئەم یاسـایەمان پەسـەند کـردووە ئەوان هـاتنە پەرلەمـان داوای یاسایەکی تایبەت بە خۆیانیان دەکرد، لەسـەر ئەوەی کە یاسـایەکیان بـۆ دەربکەیـن وتیـان ناومان مەنووسن، بەڵام ئێمە پێشنیار دەکەین خاوەن کەم ئەندامی، خاوەن پێداویستی تـایبەت، کورتەباڵا، چونکە ئەبێ خاوەن پێداویستی تایبەت بنووسرێ، ئۆتیزم و تالاسیمیا چەند حاڵەتێکی دیکە بێ بەش دەبن لەو ماف و ئیمتیازە بە نـانەوەی ئەو پێناسـەیەی کە بـۆ خـاوەن پێداویسـتی تایبەت کـراوە لە یاسـاکە، لە هەمـوو ماددەکـان کە نـاوی کەم ئەنـدامی یەت خـاوەن پێداویسـتی تایبەت و کورتەباڵای بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئیزافەیەکتان هەیە لیژنەی تایبەتمەند؟ ئەگەرنا ....... دەی کاك بژار فەرمووو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکـو پێشـتریش ئامـاژەم پێیـدا ئـێمە لەسـەر ناونیشـان بـووین، ئەو گفتوگۆیـانە هەمـووی مـوتەعەلقن بە مـاددەی/١ بەڵام کێشـە نیـیە ڕۆیشـت، لێـرە بەس حەز دەکەم تەوزیـحەك بـدەمە ئەگەر بە روخسـەتی جەنابتـان بـی پرسـیارێك ئاراسـتەی وەزیـری تایبەتمەنـد دەکەم، چـونکە مورتەبتە ئەگەر تەماشای ماددەی/٢ بکەین لەڕاپـۆرتی لیـژنەی یاسایی کە هـاتووە تەعریفـی کەم ئەندام کردیە لێرە، مادام تەعریفی کەم ئەنـدامی کـردووە بەشـێوەیەکی تـر جیـا لەو پێناسـەی لە یاسا ئەسڵیەکەدا هەبووە ئایا ئەمە کافیە بۆ ئەوەی ئۆتیزم و هەمـوو حاڵەتەکـان بگرێـت یـان نـا؟ چـونکە ئەوە مـورتەبتە بەو تەعـریفە لە عنـوانی مـاددەکە؟ ئەگەر جەنـابێ وەزیـری تایبەتمەنـد تەعرریفی کەم ئەندام بخوێنێت ئەوەی لەڕاپۆرتی ئێمەدایە.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بە دڵنیاییەوە خوێندومەتەوە هەرچەندە من ڕاپۆرتەکەم بەفەرمی پێ نەگەیشت بـوو خـۆم داوام کرد، خوێندومانەتەوە و دانیشـتنمان لەسـەر کـردووە دوێنـێ لەگەل یاسـاییەکان و خەڵکـی تایبەتمەند بەپێی ئەم پێناسەیە ئۆتیزم و تالاسـیمیا کەم ئەنـدامی نایـان گـرێتەوە، چـونکە خـۆی ئەساسەن تا ئێستا نازانرێ ئۆتیزم کێشەکەی چییە؟ دووەم/ وەکـو باسـم کـرد تالاسـیمیا کێشـەی جەستەیشـی نیـیە، کێشـەی خـوێنی هەیە، بـۆیە نایـانگرێتەوە، بـۆیە داوا ئەکەیـن کە خـاوەن پێداویستی تایبەت ئیزافە بکرێ بەو تەعریفەی کە لە یاسا کۆنەکە هەیە.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی/١ بەڕێزان فەرموون، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

ناونیشانی یاسای ژمارە/٢٢ ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١ - یاسای ژمارە/٢٢ ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

٢ -دەستەواژەی کەم ئەندام جێگەی دەستەواژەی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هات بێت.

سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك ئەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات با دەست بەرز بکاتەوە تا ناوەکان تۆمار بکەین، کاك یاسین، سلمە خان، جوان خان، د، گەلاوێژ، لەنجە خان، ئەمجارە جیاکاریەکی پۆزەتیڤ بۆ کاك یاسین ئەکەین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، بەخێرهاتنی جەنابی هەردوو وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم، واللە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەڵێ یاسای ژمارە/٢٢ ی ساڵی ٢٠١١ ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان لەهەرێمی کورستان، من پێم باشە کورتەباڵا وئۆتیزمیشی بۆ زیاد بکرێت، لەبەرئەوەی کورتە باڵا زۆرن، ئۆتیزمیش زۆرن، هیچ ئیشارەتێکی بەوە نەداوە بەس دەڵێ کەم ئەندام، کەم ئەندام ئەو کەسەیە کە چاوەکی لەدەست دابێ، یان دەستێکی لەدەست دابێت. بەڵام کورتەباڵا ئەگەر بڵێی هەموو گیانیشی لە دەست داوە یەعنی بڵێم چی چ ناوەکی لێ دەنێی، پێم خۆشە هاوڕێیانیش پشتگیریم بکەن ئەو دوو شتەی بۆ زیاد بکرێت، ئۆتیزم و کورتە باڵا، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکەی خۆم تەئکید دەکەمەوە و کاك بژار وابزانم لە ناونیشان وەری ناگرن تا بێنە سەر ماددەکان، سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم بەڕاستی هیوادارم قسەکان بەهەند وەربگیردرێن، چونکە خاوەن پێداویستی تایبەت ئەگەر لە قانونەکە لابدەی لە ناونیشانەوە جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئێمە پێشتر کێشەمان لەگەڵ یەك فیئە هەبوو کە کورتەباڵاکان بوو داوایان دەکرد بڕوات، من جەخت دەکەم لەسەر ئەوەی کە هەبێت، بەڵام ئێستا بە فیئەکانی

تريش دێنە ناو، بۆنموونە داون، ئۆتیزم، تالاسیمیا، نەخۆشەکانی تریش کە هەن، ئێمە کە خاوەن پێداویستی تایبەت لادەبەین ئەوانە کەم ئەندام نین، داون کەم ئەندام نییە خاوەن پێداویستی تایبەتە، تالاسیمیا کەم ئەندام نییە خاوەن پێداویستی تایبەتە، ئەگەر تۆ لە عنوانەوە لای بدەی یەعنی ئەو کاتە بەڕاستی هەموارەکە دەستکاری نەکەین باشترە، هەرهیچی لێ نەکەین، بۆیە ئەو پێشنیارەی کە حکومەت خۆی کردوویەتی یاسای ئەوەی کە بەڕێز جەنابی وەزیر گوتی هاوشێوەی ئەوەی کە ئەو وتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاکان لە عینوان بێ، چونکە کورتەباڵا نە خاوەن پێداویستی تایبەتە، نە کەم ئەندامە، فیئەیەکی تایبەتە و باوەڕیش ناکەم قانونێکی تایبەتیان بۆ دەرچێت، لەناو ئەم فیئەیا کە جێگەی دەکرێتەوە لەم قانونە با تیایدا بێ و فیئەکانی تریش لە پێناسەی خاوەن پێداویستی تایبەت دا لانەدرێن، بەڕاستی ئەو هەموارەی کە لەبەردەستی ئێمەیە هەموارێکی زۆر زۆر مەترسیدارە لەسەر توێژی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان لە هەرێمی کوردستان هیوادارم چاك بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار با بەڕێزانی تریش وەربگرین ئینجا، ببوورن فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پڕۆژەی حکومەت لەبەردەستمانە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێدا کە خاوەن پێداویستی موهیمە لەناونیشاندا هەبێت، ئەوە پڕۆژەی حکومەتە، حکومەت خۆی خاوەن پێداویستی تایبەت لابردیە، نە لیژنەی یاسایی ئەو کردیە، نە لیژنەی دارایی، سەبارەت بە ئەم ڕاپۆرتەش دڵنیابە ئەندامانی لیژنەی یاساییش لێرەن تەقریبەن سێ جاران ئەم ڕاپۆرتەمان گۆڕی، ئەوە پڕۆژەی حکومەت بەشێوەیەکە، حکومەت ئێستا مەسەلەن هەندێ تێبینی تر هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی لەسەر ئێمە و لیژنەی تایبەتمەند نەشکێتەوە ئەوە پڕۆژەی حکومەتە، حکومەت خۆی داوای کردییە کە خاوەن پێداویستی تایبەت نەمێنێت لە عنوان و لە یاساکەدا، ئەوە پڕۆژەی حکومەت لەبەردەستمانە.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتەی لەبەردەستی ئێمەدایە نووسراوە لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی یاسایی ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادە کردووە، لیژنەی یاسایی لە کۆتاییەکەی دا ئیمزایان کردووە ئەوەی تێبینی هەبوو نووسیتی تێبینیم هەبووە، ئەوەی نەیبووە ئیمزای خۆی کردووە، ئێمە کە گفتوگۆ لەسەر هەر پڕۆژە یاسایەك دەکەین ئەوە خوێندنەوەی دووەمە و لە خوێندنەوەی سێیەم دەبێتە دەنگدان کە ڕوونکردنەوەشمان پێ دەدرێت دوو، سێ ڕوونکردنەوەی جیامان پی دەدرێت ئێمە لە ڕوونکردنەوەکان تێ ناگەین، یەك ڕوونکردنەوەی بە تەفاسیڵ پێمان بدرێت تاکو لە مەوزوعەکە وەکو خۆی تێ بگەین، من لەسەر ماددەی/١ پشتگیری سەلمە خان دەکەم، هەمان

پێشنیارم هەیە کە کەم ئەندامی و خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو یاساکە وەکو خۆی بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە من جارێ تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە ماددەی/١ و ناونیشانەکان، یەعنی دووبارە کراوەتەوە لە ماددەی یەکەم لە یاسا ئەسڵیەکەی ئەوە دەبێتەوە ماددەی/١ یان نا؟ چونکە بەڕاستی ئەوە هەموارە دەبی ماددە بە ماددە دەبی هەموار بکرێ نەك لێرە ببیتە ماددەی یەکەم و لەوێش ماددەی یەکەم نییە، بە نیسبەت بە لادانی دەستەواژەی کەم ئەندام، دانانی کەم ئەندام لە جێگەی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بەڕاستی ئەوە ناکرێت، چونکە لە زمنی یاساکە کورتەباڵا دانراوە، کورتەباڵا خاوەن پێداویستە دەتوانین دایبنێین لەو زمنە، بەڵام ناتوانین لە کەم ئەندام دایبنێین، چونکە ئەندامێکی جەستەی کەم نییە، بە نیسبەت ناونیشانی یاسایەکە پێم باشە ببێتە یاسای ژمارە/٢٢ ی ساڵی ٢٠١١ یاسای پاراستن و ماف و ئیمتیازات نەك بەس ماف و ئیمتیازات...... .

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر بەس ئەوەمان تێ پەڕاند، فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر بەس لە ماددەی/١ نووسراوە کە ناونیشانەکە، بۆیە ئەوە هەڵەیەك هەیە لێرە لە ماددەی/١ و ناونیشانەکە، بۆیە موداخەلەشمان نەکرد لە ناونیشانەکە، چونکە لەبەر ماددەی/١ بۆیە پێم باشە بکرێتە یاسای پاراستنی ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕیزەکان دەکەم، لە ماددەی/١ خاڵی/٢ پێش ئەوەی بێمە سەر شەرح کردنی ماددەکە بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ڕوونی کردەوە کە خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ کەم ئەندام جیاوازیەکی هەیە ئەویش لەبەرئەوەی حاڵاتی ئۆتیزم و بڵێین ئەو بابەتانەی هاوشێوەن کەم ئەندام نین، بەڵام لێرە کە دەڵێ دەستەواژەی کەم ئەندام جێگەی دەستەواژەی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت دەگرێتەوە، ئایا ئەوە لە ئیمتیازاتەکان وا ناکات ئۆتیزم و ئەوانە کە کەم ئەندامن لێی بێ بەش بن؟ ئەوە پرسیارە هیواداریین وەڵاممان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند؟ حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی برادەران جوان بوو، بەڵام ئێمەش وەکو لیژنەی خۆمان لە ناونیشانەکە بەشێوەیەکی تر دامانابوو، بەڵام دوای ئەوەی کە لەگەڵ پرۆژەی حکومەت ویستمان شتێك نەبێت جودا لەوەی حکومەت بەو شێوەیەی لێ هات، ئەگەر نا زۆر ئاسایی کێشە لەناو بابەتەکان نییە، دەتوانین ناونیشانی بڵێین هەموارەکە بەو شێوەیەی لێ بکەینەوە وەك ئەوەی لیژنەکەی خۆمان لە یاسای ماف وجیاوگەکانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان، هیچ کێشەیەك لەناو ناوەڕۆکی ماددەکان بە گشتی نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رومیو فەرموو.

**بەڕێز رومێو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێ دەچێت ئەو ناونیشانە زۆر قسە هەڵگبرێت وەکو ئەوەی کە ئێمە یەکێك لە برادەرانیش باسی ئەوەیان کرد کە ساڵێك و شەش مانگە ئێمە لەگەڵ سەرجەم بەشی هەرە زۆری ئەو ڕێکخراوانەی کە پەیوەستن بەکاری کەم ئەندامی و خاوەن پێداویستی تایبەت و هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتیش ئێمە مەجموعەیەك وۆرك شۆپ و کۆبوونەوەمان کردووە، لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکانیش ئەوە بێ بۆ ئەوەی پێوەری نێودەوڵەتی وەربگرێت، مەسەلەی کەم ئەندامی لەسەر ئاستی جیهان دا هەر خۆی کەم ئەندامیە، ئەوەی شادی خان باسی (معاقین) یان (معوقین) پێداکرێ، هۆکاری دووەمیش ئەوەیە بەڕاستی من نالێم خەلەل بەڵام جیاوازی لەبیروبۆچوون و تێڕوانینی لیژنەی ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ لەگەڵ ئەو پرۆژە یاسایەی کە حکومەت ناردبووی، ئێمە زۆرجار دەڵێین دەبێ ئێمە موراعاتی پرۆژە یاسا بکەین بۆ ئەوەی نەبێتە بارگرانی لەسەر حکومەت، یەعنی نیمچە خەلەلێك بووە لە نێوان هەر دوو پرۆژەکە و بیروبۆچونی لیژنەی تایبەتمەند، بەڵام من پێموایە وەکو ئەوەی کە هاتووە شتێکی شامله و هەموویان دەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەك ئاراستە کرا، جوابی ئەو پرسیارە دەدەین، سەبارەت بە عنوان ومادەدەی/١ عنوانی ڕاپۆرتەکە جیایە لە ماددەی/١ ئەگەر تەماشای پرۆژەی حکومەت بکەین ئەوەی لە حکومەت هاتووە و لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمان لەگەڵ کلێشەی بیدایەتی ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییش لە هەر سێکیان ناوی یاسایەکە وەکو خۆی هاتووە هەمواری یاسایەکە، لێرە کە لەسەرێ ئاماژە بە عینوانەکە دیارە ئێمە ناتوانین، یەعنی لەگەڵ ماددەی/١ دەمج بکەین، دوو

شتی زۆر لێك جیان، ئێمە بەپێی پەیڕەوییش بێت دەبێت کلێشەی سابتی ڕاپـۆرتی لیـژنەش بـێ، عنوانەکە لە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە ئەوەندەیە، ئینجا دواتر دێین چـونکە ئەمەش یاسایە دواتر تەعدیی یاسایە، بەڵام هەر یاسایە، ئینجا دێین مـاددەی/١ محـاوەلە دەکەیـن عنـوان بگۆڕین، عینوانیش دەگـۆڕێ لەو جەلسـە و ڕەئـی حکـومەت دگەل ئەنـدامانی پەرلەمـان ئەوکـات جەلسەی داهـاتوو دەتـوانین عنـوانی یاسـایەکە بگـۆڕین، بەڵام ئەوەی لەسـەرێ یاسـای هەمـواری یەکەم ئەوە دەبیــت هەبێــت هــیچ کێشــەی تێــدا نیــیە لەگەڵ مــاددەی/١، مــاددەی/١ جیــایە و عنـوانەکەش جیـایەیە، بەڵام دائـیمەن تەعـدیلی یاسـاکە هەنـدێ ئـاڵۆزە یەعنـی زۆر معقـدە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری تایبەتمەند فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئێمە لە یاسایەکە تەنها نووسیومانە خاوەن کەم ئەنـدامی و کورتەبـاڵا، بەڵام ئەم پـرۆژەیە و ئەم هەمـوارە لەبەر هەستیاریەکەی ئێمە دواتـریش بەدواداچوونمـان کـردووە و ڕێکخراوەکـانی کەم ئەندامیمان بینیوە، بۆیە زۆر ئاساییشە کە ئێمە ئیستا داوا بکەین کە بکرێتە کەم ئەنـدامی و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت و کورتەبـاڵا، ئـێمە لە پەرۆشـییمان، دوای ئەوەش کە پرۆژەکەمـان ناردووە، جارێکی دیکە بەدواداچـوونی خۆمـان کـردووەو کۆبـوونەوەی خۆمـان کـردووە، ئەوە لە پەرۆشـیمانە کە کۆبوونەوەمـان کـردووە و جـارێکی دیـکە ویسـتوومانە ناوونیشـانەکە بەقەدەر هەمـوارەکە بێـت، ئەمە هەر بـۆ ڕوونکـردنەوە، بەڵام مـن تەئکیـد دەکەمەوە لەسـەر ئەوەی کە خاوەن پێداویستی تایبەت بمێنێتەوە و کورتە باڵاشی بۆ زیـاد بکرێـت، بەو هۆکـارانەی کە زۆر لە بەڕێزانی پەرلەمانتاران ڕوونیان کردەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی/٢ بەڕێزان فەرموون بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

١ -خــاڵی/٤ ی مــاددەی یەکەمــی یاســاکە هەمــوار دەکــرێتەوە و بەم شــێوەیەی خــوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٤/ ئەنجومەن: ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی کەم ئەندامان لە هەرێم دا.

٢ -خاڵی/٥ ی ماددەی یەکەم هەڵدەوەشێتەوە و ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

٥/ کەم ئەنـدام: هەر کەسێك کە کەم توانـایی یـان ناتوانـایەکی تەواوی مـاوە درێـژی جەسـتەیی، مێشکی، هزری، یان هەستیان هەیە، زکماك بێت یان دواتر ڕووی دابێت بەجۆرێك لە کاتی مـامەڵە کردن لە دۆخ و بوارە جیاوازەکان دا نەتوانن تواناو کـارای خۆیـان هاوشـێوەی کەسـانی تـر بەبـێ ئاستەنگ بخەنەگەڕ.

٣ -خاڵی/٦ ی ماددەی یەکەم هەڵدەوەشێتەوەو ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

٦/ کورتە باڵا ئەوکەسەیە کە بەهۆی نارێکی لە سیستمی گەشەی دا ئاستی بەرزی باڵایی بەشێوەیەکی نائاسایی کەم بێت، ئەمەش بە بڕیاری لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆر دەستنیشان دەکرێت.

٤ -بڕگەکانی/١٠/٧/ ی ماددەی یەکەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٧/ناسنامە: ئەو بەڵگەنامە تایبەتەیە کە وەزارەت بۆ پێناسی کەم ئەندامان دەری دەکات و هەڵگرەکەی لەو ماف و ئیمتیازاتانەی ئاشنا بێت کە ئەم یاسایە دەیبەخشێت.

١٠/ بنکەکانی حەواندنەوە: ئەو بنکانەن کە کەم ئەندامان لەخۆ دەگرن، ئەوانەی شوێنی مانەوەیان نییە و پێویستیان بە کەسانێك هەیە چاودێریان بکەن.

٥ -بڕگەیەك بە زنجیرەی ١١ بۆ ماددەی/١ زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١١/صندوق: صندوقی کۆمەك بۆ چاودێری و شیاندنی کەم ئەندام و کورتەباڵاکان.

سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات با دەست بەرز بکاتەوە؟ ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکەن، سەلما خان، خدیجە خان، کاك شیخ ظاهر، د،گەلاوێژ، کاك حاجی هەڵکەوت، کاك باڵانبۆ ئەتەوێ قسە بکەی؟ کاك یاسین، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەت دەکەم، بڕگەی/١٠/٧ لە بڕگەی/٧ ناسنامە ئەو بەڵگەنامە تایبەتەیە کە وەزارەت بۆ پێناسی کەم ئەندامان دەری دەکات، پێشنیار دەکەین بکرێتە ناساندنی کەم ئەندامان لە جیاتی بیکەینە پێناسی کەم ئەندامان، بڕگەی/١٠ بنکەکانی حەوانەوە پێم باشە سیاغەکەی بەو شێوەیە لێ بکرێت، ئەو بنکانەن کە ئەو کەم ئەندامانە لەخۆ دەگرێت کە شوێنی حەوانەوەیان نییە، لە جیاتی شوێنی مانەوە بکرێتە شوێنی حەوانەوەیان نییە و پێویستیان بە چاودێری کەسانی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من لەسەر خاڵی پێنجەمی ئەم ماددەیە قسەم هەیە، دیارە پێشتر موناقەشە زۆر کرا لەسەر ئەوەی کە خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندام و کورتەباڵا، بەڵام ئێمە ئەگەر سەیری پێناسەکە بکەین لە پێناسەکە بەجوانی ئاماژەی پێدراوە کە کەم ئەندام کێیە؟ بەڵام ئەگەر بە پێی ئەم پێناسەیەش بێ ئەوا ئەو کات ئەو کەسانەی کە بۆ نموونە نەخۆشی درێژخایەنی دیکەیان هەیە، ئەوانەش هەر ئەچنە چوارچێوەی هەمان یاساوە ئەگەر خۆی وەکو ئەوەی

هەڤاڵانی دیکە پێشتر ئاماژەیان پێدا، کورتەباڵا بۆ کەم ئەندامە، کەم ئەندام نییە، سەلاسیمیا بۆ کەم ئەندامە؟ کەم ئەندام نییە، بەڵام لێرە لە پێناسەکە روون کراوەتەوە کە دەڵێ کەم ئەندام هەموو ئەمانە دەگرێتەوە بەس گرتنەوەی ئەمانەش وەکو ئەڵێی نەخۆشیە درێژ خایەنەکانی دیکەش هەمووی دەگەنە چوارچێوەی ئەم یاسایەوە، بەم شێوەیە بێ یاساکە هیچ ئەشکالێکی تیا نییە، بەڵام خۆ ئەشکرێ ئەگەر ئەم یاسایە بکرێت بە یەك، دوو یاسا، یاسایەك دەربکرێت بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت یاسایەك بۆ کەم ئەندام، یاسایەکیش بۆ کورتەباڵاکان، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خدیجە خان فەرمووو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بڕگەی/١١ کە هاتووە و پێناسەی سەندوقی کردووە لێرە، من پێم وایە ئەو پێناسەیە پیویست ناکات، لەبەرئەوەی کە ئەم سەندوقەی کە دروست دەبیتن لە ماددەی/٤ ی ئەسڵی یاسایەکە لە بڕگەی/٣ دا باسکراوە، پێناسەکەی تەواو لەوێ ئاماژەی پێکراوە، لە هیچ شوێنیکی تری یاسایەکەدا تیکرار نەبوویتەوە ئەو سەندوقە یەعنی ئەوە نییە کە وشەیەك زۆر تیکراری تێدابیت پێویستی بە پێناسەکردن هەبێتن، بۆیە من پێموایە ئەو بڕگەیە لابرێت باشترە، هەروەها پێشنیاز دەکەم کە پێناسەیەکی تریش کزیاد بکرێتن، چونکە مەبەستی ئەم یاسایە لە ڕاستی دا ئەگەر تەماشا بکەین ئەنجومەنەك دروست دەبێت بە پێی یاسایەکە کە ئەرکی سەرەکی ئەو ئەنجومەنە ئەوەیە کە ئامادەکردنی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان، هەورەها پێویستە کە ئەو پێناسەیە زیاد بکەین ژینگەی شیاو یان ژینگەی گونجاو کە ئەو دوو موستەڵەحەش دەبی تەوحید بکرێ، چونکە لە هەندێك شوێنی یاسایەکە بەژینگەی گونجاو هاتووە و لە هەندێك شوێن ژینگەی شیاو هاتووە، پێناسەکەش بەم شێوەیە بیت: بریتیە لە ڕێکخستن و چاککردنەوەی جێگا و هەر گۆڕانکاییەك کە پێوستە بۆ لابردنی بەربەستەکان کە وا دەکات کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی وەکو هەر کەسەکی ئاسایی بە یەکسانی دەستی بگات بە خزمەتگوزاریەکان و سودمەند بیت لە ماف و ئازادیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، حەوتەم/ ناسنامەی ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتە بە وەزارەت و بۆ پێناسەی کەم ئەندام، یەعنی من دائیمەن پێداگری دەکەم لەسەر ئەوەی کە کورتەباڵا و ئۆتیزم و ئەوانەشی تێبخرێت، یەعنی ئەوانیش بگرێتەوە بۆ نەیان گرێتەوە؟ خاڵی/١١ کە دەڵێ سەندوقی کۆمەك بۆ چاودێری و شیاندانی کورتەباڵا و کەم ئەندامان، ئەو سەندوقە سەرچاوەکەی لە کوێیە؟ ئایا لە فەرمانبەران یان لە پلە باڵاکان دەگێڕدرێتەوە یان لە پارەی نەوت یان لە پارەی داهات کە بۆیان

دابنرێت، یەعنی حەقوایە ئیشارەتی پێ بکرێت کە مەسەلەن هەر فەرمانبەرێك مانگانە هەزار دیناری دانێ بۆ ئەو سەندووقەی و بۆ ئەوەی لە خزمەتی کەم ئەندامان دابکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، لەسەر ماددەی/٢ فەقەرەی/٤ ئەڵێ: ئەنجومەن: ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی کەم ئەندامە لە هەرێم، شیاندنی مەعناکەی زۆر ڕوون نییە، ئەگەر ژیاندنە، ئەگەر ژیاندن بە مانای ژیان بێت، ئەواپێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، بە ژیاندن و چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکانی کەم ئەندامان لە هەرێمی کوردستان، شیاندنەکە مەعنا نابەخشێ، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی/٢ بڕگەی/٥ کەم ئەندام هەر کەسێك کەم توانایی یان ناتوانایەکی تەواوی ماوە درێژی جەستەیی، پێموایە ئەمە تۆزێك رەکیکە ئەم پێناسەیە، ئەگەر بێتو ناونیشانەکە خاوەن پێداویستی تێدا بمێنێتەوە دەبێ لێرە خاوەن پێداوییتیش دیسان پێناسە بکرێتەوە، پێم باشە وای لێ بکرێت: هەر کەسێك کە کەمیەك لە توانای جەستەیی ماوە درێژی یان مێشکی یان هزری یان هەستیان هەیە، زگماك بێت یان دواتر ڕووی دابێت، ئاوای لی بکرێت باشترە، بە نیسبەت شەشەم کورتەباڵا: ئەو کەسەیە کە بەهۆی نارێکی لە سیستمی گەشەی دا ئاستی بەرزی باڵای بەشێوەیەکی نا یاسایی کەم بێت، ئەمەش بە بڕیاری لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆر دەست نیشان دەکرێت، پێموایە سیستمی گەشە لێرە زۆر زۆر فراوانە و زۆر شت دەگرێتەوە، بۆیە پێموایە ئەو کەسەی کە بەهۆی نارێکی لە هۆرمۆنی گەشە ئاوا دابندرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە لە ئەنجومەنەکە ناوی ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاکان لە هەرێمی کوردستان بێ، لەڕاستی دا دیسانەوە ناکرێ پێناسەی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان لابرێ وەکو خۆی کە ماددەی پێنجەم هەڵدەوەشێتەوە پێویست دەکات ئەو دەقەی کە لە قانونە ئەسڵەکە هەیە وەکو خۆی دابندرێتەوە، کەم ئەندامیش لە قانونە ئەسڵەکە پێناسەکەی گونجاو و جوانترە باشترە لەوەی کە ئێستا هەیە، چونکە لە کۆتایی پێناسەکەی کەم ئەندامدا دەڵێ ئەوانەی کە نەتوانن توانای کارایی خۆیان هاوشێوەی کەسانی تر بەبێ ئاستەنگ بخەنەگەڕ، ڕاستە ئەمانە پێناسەی کەم ئەندام

دەكەین، بەڵام ئەمە دەبێتە بیانویەك لەوەی كە هەندێك كەس هەیە كەم ئەندامیشە و دەستێكی نییە و بەڵام دەتوانێ ئیشەكانی خۆی ڕایی بكات، چونكە ئەو موستەڵەحە و دەستەواژەی ئەخیر دەستەواژەیەكی گونجاو نییە، ماددەی/٦ لە یاسا ئەسڵەكە پێناسەی كورتە، پێناسەی كەم ئەندامە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، كورتەباڵا بكرێتە بڕگەیەكی تر زیاد بكرێت لەناو ماددەكەدا، لەسەر بڕگەی/٤ ناسنامەكە، ناسنامە: ئەو بەڵگەنامە تایبەتەیە كە وەزارەت پێناسەی كەم ئەندامانی و خاوەن پێداویستی و كورتەباڵایان جێ بەجێی دەكات، ئەوەی كە وەكو خۆی هەیە، بەڵام خاوەن پێداویستی تایبەت و كورتەباڵایانی بۆ جێگە بكرێتەوە، بنكەكانی حەوانەوەش بەهەمان شێواز ئەو بنكانە كە ئەندامەكان و خاوەن پێداویستی تایبەتیەكان لەخۆ دەگرێت ئەوانەی شوێنی مانەوەیان نییە، یاخود ئەوەی كە كاك شێخ ظاهر گوتی شوێنی حەوانەوەیان نییە، سەندوقەكەش بەهەمان شێواز سەندووقی كۆمەك بۆ چاودێری و شیاندنی كەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و كورتەباڵاكان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند فەرموون، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لە قسەكانی كاك باڵانبۆ دەست پێ دەكەم كە پێویستە دوو یاسای جیاواز هەبن، خۆی ئەگەر تەماشای كورتەباڵایان و كەم ئەندام و خاوەن پێداویستی بكەین، دوو توێژن كە معاناتەكانیان وەك یەكە، بۆیە تەنها زیاد كردنی وشەی كورتەباڵایان لە عنوانی یاسایەكەدا تەواوی كێشەكان چارەسەر دەكات و پێویست بەوە ناكات كە یاسایەكی تایبەت بۆ كورتەباڵایان دابڕێژرێت، سەبارەت بە پێناسەی كەم ئەندامان زۆر باسكرا، لەوانە د.گلاویژ و تایبەتەن زۆر هاتەسەر ئەوە، ئەو پێناسەیە كە بەڕێز د.گلاوێژ ئاماژەی پێی كرد لە یاسا ئەسڵیەكە دا كە لە پێش هەمووارەكە دا هەیە بەو شێوەیە، بەڵام كە هاتین باسمان كرد، لەبەرئەوەی كەسانی كەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بوو بە پێویستمان زانی كە بەهەماهەنگی لەناو ئەو پڕۆژەیەی كە لە حكومەتەوە ئاراستەمان كراوە وەكو لیژنەی تایبەتمەندیش ئەو پێناسەیەی بۆ دابڕێژین و دڵنیاشتان دەكەینەوە كە ئەو پێناسەیە ئێستا لەناو یاسا هەمواركراوەكە هەم كەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوانەی كە نەخۆشیەكانیان هەیە، ئۆتیزم بی یان تالاسیمیا یان هەر نەخۆشیەكی تر كورتەباڵایانیش هەموویان لە ماف و ئیمتیازاتەكان وەكویەك لەناو یاسایەكە دەستەبەر دەكەن، بە نیسبەت سەندوق، ئەوەی كە مامۆستا خدیجە باسی كرد ڕاستە لە ماددەی/٤ هاتووە، بەڵام ئێمە وەكو لیژنەش كە باس لە سەندوقمان كردووە والله هەر لەگەل ئەوە یەعنی ئێمە بە دوو بڕگەمان باس كردبوو، سەرەتا باس لەوە كرایە كە سەندوقی كۆمەك بۆ چاودێری و شیاندنی كەم ئەندامان و كورتەباڵایان، دووەمیش ئاماژە بەوە بكرێت كێیە ئەو كەسەی كە سەرپەرشتی سەندوقەكە دەكات، ئێمە بڕگەیەكمان زیاد كردبوو كە ئەم سەندووقە بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، سەبارەت بەوەی كە كاك حاجی هەڵكەوتیش باسی لە شیاندن كرد، شیاندن بەژیاندن نایە، بەڵكو بە ڕاهێنانەوە دێت، ئەو بنكانەی كە حكومەت لێرەدا دروستی دەكات بۆ كەسانی كەم ئەندام یان خاوەن

پێداویستی تایبەت ئەوانەی کە نەخۆشیەکانیان هەیە و لەلایەن باوانیانەوە کەسێك نییە چاودێریان بکات، حکومەت بنکەی حەوانەوەیان بۆ دابین دەکات و کەسانی پسپۆر تێدان کە لەڕێگەی ئەم پسپۆرانەوە دووبارە یارمەتی ئەوکەسانە دەدرێت بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان و سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش ئاماژەم پێیدا لیژنەی یاسایی سێ جار ڕاپۆرتی ئامادە کردووە، ڕاپۆرتەکمان ئامادەکرد خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵامان تێدا بوو، بەشێوازێکی ڕێك و پێك بوو زۆر دواتر لەسەر داوای لیژنەی تایبەتمەند جارێکی تر دوو کۆبوونەوەی تر لیژنەی یاسایی ئەنجامی دا هەموو تێبینیەکانی لیژنەی تایبەتمەند وەرمان گرت، خۆی ئەم ڕاپۆرتە بەڕاستی یەعنی ئەوە دەسەلمێنێ کە باشترە لیژنە تایبەتمەندەکان وهەموومان بەڕێگای بەڕێزتانەوە هەماهەنگ بین لەگەڵ وەزارەتی مەعنی لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، چونکە بەڕاستی سێ جار ڕاپۆرتمان گۆڕییە، ئێستاش بۆ ئەوەی ئەندامان لەبەرچاویان ڕوون بێت، لیژنەی یاسایی ڕاستاندنی یاسایی و دەستووری و ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەکات، ئەوانی تر پێویستە لیژنەی مەعنی لەڕووی ئەکادیمی و علمی و کۆمەڵایەتییەوە بەرسف بدەن، بەس پرسیارەك ئاراستە کرا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کاك یاسین پرسیاری کرد لە برگەی/٣ لە ماددەی/٤ کە باسی سەندوق دەکات دەڵێت سەندووقێك بۆ چاودێری کردن و شیاندنی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت دادەمەزرێت لە نێو بوودجەی وەزارەت دا بوودجەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت، ئەو تەمویلەکە و دەعمی ئەو سەندوقە دیارە لە یاسایەکەدا، لەبەرئەوە لەم ڕاپۆرتە باسمان نەکرد بۆ ئەوەی تیکرار نەبێ، ئەخیر تێبینی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لیژنەی تایبەتمەند ئاماژەی پێدا بە ماددەیەکی سەربەخۆ لە ڕاپۆرتی ئەواندا باسی سەندووق کرابوو، ئەو سەندووقە خۆی لە یاساکەدا وەکو هەمان برگە لە ماددەی/٤ برگەی/٣ هەبووە، یەعنی تەنیا تیکرار دەبووەوە ئەوەی لیژنەی تایبەتمەند ئیزافەمان بکردبا، لەبەرئەوە لە لیژنەی یاسایی ئەو ماددەیەمان لادا، چونکە تیکراری دروست دەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان و زانیاری ئەندامانیش ئێمە لە لیژنەی تایبەتمەند کۆنتاکێکی زۆر باشمان لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند هەبووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نووسینەوەی ئەم هەموارە، تەنانەت هەفتەیەك پێش نووسینەوەی ئاخر ڕاپۆرت کە ئاراستەی لیژنەی یاساییمان کردووە وەزارەتمان ئاگادار کردووەتەوە کە هەر تێبینییەك هەر خاڵێك، هەر شتێك هەیە لەم ڕاپۆرتەی کۆتایی دا ئەوان پێیان باشە گۆڕانکاری تیا بکەین ئاگادارمان کردوونەتەوە

لیــژنەی تایبەتمەنــد، قســە لەگەل جەنــابی وەزیــر خۆشــی کــراوە بە شەخســی و ئەنــدامانی وەزارەتــیش کە لە کۆبــوونەوە ئامــادەبوون، جەنــابی ســەرۆکی پەرلەمــانیش لە چەنــد کۆبوونەوەیەکی نووسینەوەی ئەم هەموارە ئامادە بـووە، بـۆیە هەمـوو لایەنەکـان بەڕێـز لیـژنەی یاسایی ئاگادار بوون کە ئەم هەموارە نووسراوەتەوە، بەڵێ ڕاستە چەند جارێـك ئـێمە ڕاپۆرتمـان نووسی، بەڵام دواتر تێبینیەکان زیاتر و زیاتر دەبوون، بـۆیە ئـێمە پێمـان بـاش بـوو کە ڕاپـۆرتەکە عەلا ئەکمەل وەجهـ بگاتە لای بەڕێزتان، بۆیە ئەوەنە کاتی خایاند، یەك خـاڵی تـر بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمان، بنکەکـانی حەوانـدنەوە ئەگەر ئـێمە ئەو موستەڵەحەی کە نووسـراوە ئەوانەی شـوێنی مانەوەیـان نیـیە بکەیـن بەوانەی شـوێنی حەوانەوەیـان نیـیە ئەوە فیئەیەکـی زۆر زۆر گەورە لە کەم ئەندامان دەگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە شوێنی مانەوەیان نییە موحەددەدە و بـۆ ئەو کەسـانە ئەبێ کە زۆر پێویستیان بەوە هەیە کە شوێنی مانەوەیان بۆ دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز باوەڕم برادەرەکی بەحسێ پێناسا کورتەباڵا کر خاڵا/٦ دا سەبارەت کورتەباڵا و ڤێ پێناسـەیی د پرۆژە حکومەتێ دا هاتبی کو درێژیا کورتەباڵایێ دیارکا چەنـد سـانتیمەتر بیـتن، بەس چـونکی گەشەیا مرۆڤان تا تەمەنەکی دیار کری یەعنی وە بەردەوامە، لەوما وەکو لیژنە مە پـێ بـاش بـوو یاسایێ ب ڤێ ڕەنگی بیتن و وەکو نوکە د پرۆژا داهاتی، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری تایبەتمەند فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی من ئەوە بڵێم حەز ئەکەم یەك ڕوونکردنەوە بـدەم، یەکەم/ هـیچ کەس پەیوەنـدی بە منەوە نەکردووە ڕەئی منی وەرگرت بێت بـۆ ئەوەی بـزانن، سـەبارەت بە ئەم هەمـوارە کاتێـك کە ڕاپۆرتی یەکەم نووسراوە تەنها یەکەم جار نـوێنەری ئـێمە بانـگ کـراون، بەڵام هەر وەکـو لیـژنەی یاسایی ئاماژەیـان بـۆی کـرد، ئەم ڕاپـۆرتە سـێ جـار گـۆڕدراوە بە بـێ ئاگـاداری ئـێمە، جـگە لەوە کاتێك ئەم ڕاپۆرتە نووسراوە خوێندنەوەی یەکەم کە یەکەم جار ئێمە بـانگکراوین، خوێنـدنەوەی یەکەم ئەساسەن بۆ پرۆژەکەی ئێمە نەکرابوو کە بانگیان کردوون ئەبێ دووەم و سێیەم بـابەتەکە مەسەلەکەی ئەوەی کە ئێمە ئێستاڕامان کۆری من ئاماژەم بۆی کرد، بەس لە ناونیشـانەکەدا دوای ئەو ماوە دوورودرێژەی کە نوێنەری ئێمە بانگکراوە، کۆمەڵێـك گۆڕانکـاری کـراوە بە بـێ ئاگـاداری ئێمە،بە بێ ئەوەی پرۆژەکەی ئێمە ئەساسەن هەر هاتبێتە پەرلەمـان ئەوەی خۆیـان خوێنـدنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، جگە لەوە مـن ئەم ڕاپـۆرتە پـێم نەگەیشـتووە بە ڕەسـمیش، مـن دوێنـێ خـۆم داوام کردووە بۆیان هێناوم، یەعنی لە کاتێك دا پێویست بوو یاساکە هەموارەکە بگـاتە وەزارەت

لەگەڵ بانگهێشتنامەکە، بەڵام من خۆم داوام کردووە و پەرلەمانتارێکی بەڕێز بۆی ناردووم، تێبینیەکانیان لەسەر ماددەی/٢ ئێمە لەگەڵ هەموارەکەی خۆمانین، لەگەڵ ئەوەین کە وشەی شیاندن لاببرێ، چونکە شیاندن کە بابەتێکە کە کەمئەندامی پێویستی بە چارەسەر هەیە، پێویستی بەچاودێری هەیە، بەڵام شیاندن لە کوێ شیاندن یەعنی ئەگونجێ لەگەڵ ئەم بابەتە، من لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شیاندن کە ئێستا ناوی ئەنجومەنی شیاندنە کە نوێنەری دوو ڕێکخراوی تیا بووە خۆیان نیگەران بوون لەوشەی شیاندن، بۆیە لەگەل ئەسڵی یاساکەی خۆمانین، لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە خاڵی/٥ لە ماددەی/١ هەڵوەشێتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین هەڵبوەشێتەوە، چونکە داوامان کردووە خاوەن پێداویستی تایبەت بمێنێتەوە، ئەوەی کەم ئەندامی وەکو یاساکەی خۆمان و پرۆژەکەی خۆمان کە دەڵێین خاوەن کەم ئەندامی بەو شێوەیە بێت، من دووبارەی ناکەمەوە هەمووجارێ بڵێم لە هەر شوێنێك ناوی کەم ئەندامی هات بنووسرێ کەم ئەندامی و خاوەن پێداویستی و کورتەباڵا، چونکە لەسەرەتا باسم کردووە لە عنوانەکە و ل ماددەی/١ وتوومە، لەبەرئەوەی ئێمە وەك وەزارەت وەك حکومەت داوائەکەین تایتلەکە ببێ بە خاوەن کەم ئەندامی و خاوەن پێداویستی تایبەت، کورتەباڵا پێویستە لەهەر ماددەیەك کەم ئەندامی هات هەر سێکی بنووسرێ بۆ ئەوەی لە هەموو ماددەیەك دووبارەی ناکەمەوە، بۆ مەسەلەی کورتەباڵا لەگەل پێناسەکەی لیژنەی پەیوەندیدارین، بۆ حەوتەم/ ناسنامە هەر لەگەڵ ئەوەی هەموارەکەی لیژنەی پەیوەندارین کە یەتە سەر مەسەلەی سەندوق تەنها لەگەڵ ئەوەین شیاندنەکەی لێ لاببرێ، ئەوانی دیکە لەگەڵیاین و سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ئیزافەکتان هەیە؟ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە پرۆژەی حکومەت خۆیدا شیاندن هاتووە، نازانم بەس لێك تێنەگەیشتنێك هەیە لە نێوان حکومەت و لیژنەی تایبەتمەند دا بەڕاستی، ...... .

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جا با ئەوان پێشتر جواب بدەنەوە کاك بژار، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئەوە لەسەر ئێمە نەشکێتەوە، مەجبورین جواب بدەین، بۆ ئەوەی نەڵێن لیژنەی یاسایی ئەوانەی کردییە.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا شکێتەوە، لیژنەی تایبەتمەند جارێ ئێوە ڕوونکردنەوەی خۆتان بدەن، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كۆتا كۆبوونەوەی پێش نووسینەوەی ڕاپۆرتەكە، ڕاپۆرتی ئامادەكراو كە ئێستا لەبەردەستی بەڕێزتــان دایە كۆبــوونەوەی لیژنەمــان كــردووە بە ســەرۆكایەتی ســەرۆكی پەرلەمــان و بە ئامادەبوونی ڕێكخراوێك كە وەزارەت دیاری كردووە كەڕێكخراوێكی تایبەتمەندە و نـوێنەرایەتی ڕێكخراوەكـانی تـری كـردووە كە لە مەجـالی كەم ئەندامانـدا كـار دەكەن، لەگەڵ كـاك هـۆگر كە یەكـێكە لە ڕاوێژكارەكـانی وەزارەتـی تایبەتمەنـد لەگەڵ بەرپرسـی ژووری یاسـایی وەزارەتـی تایبەتمەنـد لە كۆبـوونەوەكە ئامـادەبوون، دواتـر كۆبـوونەوەیەكی ترمـان ئەنجـام دا لەسـەر مەسەلەی سەندوقەكە و هەندێ بابەتی تر پێویستمان بەڕای وەزارەت بوو، گولستان خـان و كـاك ڕۆمیۆ ئیتفاقیان كـرد كە گولسـتان خـان پەیوەنـدی بە جەنـابی وەزیـرەوە بكـات و هەر ئەو كـاتە پەیوەندی بە سكرتێری جەنابی وەزیرەوە كـرد و گولسـتان خـان قسـەی لەگەڵ كـردوو چـاوەڕێی جوابیشـی بـووین، تەنـانەت ئـێمە لەو كـاتەش پێمـان گـوتن لە كۆبـوونەوە لەگەڵ نـوێنەرایەتی وەزارەت لە لیژنەی تایبەتمەند ئاگادارمـان كـردنەوە وتمـان هەر تێبینیـەك هەر خاڵێكتـان هەیە تـا یەك هەفتەی كە ئێمە ئاگادار بكەنەوە بە كتابی ڕەسمی یاخود بە هەر شـێوەیەك بێـت ئاگادارمـان بكەنەوە بۆ ئەوەی تێبیننیەكانتان و ڕاو سەرنجەكانتان لەناو ڕاپۆرتی لیـژنەدا جـێ بكەیـنەوە، كە وەڵامیان نەداوینەتەوە ئێمە چی بكەین لە لیژنەی تایبەتمەند؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە پرۆژەكەی ئـێمەیە، چـوارەم/ ئەنجـومەن: ئەنجـومەنی چـاودێری و خـاوەن كەم ئەنـدامی و كورتەباڵا، ئێمە باسی شیاندمان نەكردووە ئەوەتا پرۆژەكە ڕەنگە لەبەردەمی هەمووتان بێت، مـن حەز دەكەم بەو نەفەسە گفتوگۆ بكەین كە ئێمە هـیچ نەهـاتووین بـۆ ئەوەی خوانەخواسـتە هـیچ شتێ لەسەر ئێوە یان لەسەر لیژنەی یاسایی بـكەوێ، ئـێمە پێـداگری لەم بـابەتە لەسـەر هینـەكەی خۆمـان ئەكەیـن، پێناسـەكەی خۆمـان ئەكەیـن، جـگە لەوە مـن دووبـارەی دەكەمەوە تەنهـا لە كۆبـوونەوی یەكەم نـوێنەری ئـێمە بـانگكراوە، ئەوە لیـژنەی یاسـایی خۆیـان ئەڵـێم سـێ جـار ئەم ڕاپۆرتە گۆڕاوە و ئێمە نەمان بینیوە، بە تەلەفۆن بە سكرتێرەكەی مـن وتـراوە، مەفـروز بـوو ئێـوە ڕاپــۆرتەكەم بــۆ بنێــرن، بەڕەســمی لە ســەرۆكایەتی پەرلەمــانەوە بڵــێن ئەمە ڕاپــۆرتەكەیە و تێبینیتـان؟ بەڵام مـن كە ڕاپـۆرتەكەی نەبینـی بـێ و سـكرتێرەكەم پـێم بڵـێ هـین چـیە تێبینـی لە كاتێك دا من ڕاپۆرتەكەم نەبینیوە، بۆیـان نەنـاردووم، پێویسـتە لیـژنەی پەیوەنـدار بۆمـان بنێـرێ سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاساییە جەنابی وەزیر گفتوگۆكان بۆ دەوڵەمەند كردنییەتی، ڕاو سـەرنجەكان هەمـووی وەردەگیرێن، زۆر ئاسـاییە، بـۆ ئەوەی بەردەوام بـین، دەچینـە سـەر مـاددەی دوای ئەوە بەڕێـزان، یەعنـی بەهەردوولا بـۆ دەوڵەمەنـد كردنییەتـی بەڕێـزان زۆر ئاسـایی وەربگیردرێـت گفتوگۆكـان، ماددەی/٣ فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلێمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣):
١ - برگەی دووەمی ماددەی/٣ یاسایەکە هەموار دەکرێت و چار خاڵ بۆی زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
٥/ وەزارەتی دارایی و ئابووری
٦/ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم
٧/وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنی هەرێم
٨/ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
٢ -بڕگەی/٣ لە ماددەی/٣ هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
٣/نوێنەری کۆمەڵەکانی کەم ئەندامان کە لە نێوان خۆیاندا دەست نیشان دەکەن بەمەرجێك هەر نوێنەرێك تەنها بۆ ماوەی دوو ساڵ نوێنەرایەتییان دەکات و لەکاتی پێویست دا دەکرێت ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بەمەرجێك لە دوو ساڵ تێپەر نەکات.
زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆرسوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات؟ ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ لەسەر ماددەی/٣ قسە بکەن، سەلمە خان، کاك عوسمان، سەوسەن خان، کاك حکمت، کاك شێخ ظاهر، کەسی تر؟ کاك حکمت فەرموو.
**بەڕێز حکمت محمد عبوزید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت ئەڤێ ماددێ من پێم باشە، نە دوو ساڵ، یەعنی بکەنە چار ساڵ ژ بەر هەندێ کو دو ساڵا دا کەس نەشێتن تشتەکی پێویست بۆ ڤی مەجموعێ خەلکێ بکاتن، یەعنی یا باشتر ئەوە چار ساڵ بن، دا ئەو بەڕێزێ سەرۆکاتیا وی دەستێ دکاتن، یەعنی بزانیتن کا چ شول کریە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، سەلمە خان فەرموو.
**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ئەو بڕگانەی کە دانراوە وەزاەرتەکان، پێموایە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە زۆر زۆر پێویست نەبێت لەڕاستی دا، چونکە خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان زۆر کێشەیان لەگەڵ ئەو ڕێکارانە هەیە کە مەفروزە وەزارەتی شارەوانی خۆی بیکات، بەڵام ئەوە وەکو پێشنیار دەیڵێم لە بڕگەی/٣ کە ئاماژەی بۆ کراوە تەنها کۆمەڵەکانی کەم ئەندامان، یەعنی ئەمە لێرە دەیان ڕێکخراوی تری کە لە بوار و مەجالی ئۆتیزم و هەروەها سالاسیمیا و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی تر کار دەکەن بێ بەش دەبن لەم نوێنەرایەتییە، بۆیە کەم ئەندامەکان بکرێ بە

کەم ئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەتی و کورتەباڵاکان، ئێمە ناچارین پێشنیارەکان کاتێك دووبارەی بکەینەوە بۆ ئەوەی جێگە بکرێتەوە، ئەگینا هەمان ئەو دەستەواژەی کەم ئەندامانە لە هەموو شوێنەکان جێگەی بکرێتەوە پێموایە پێویست بە موداخەلەی لەسەر ئەم بابەتە ناکات و سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکم لە لیژنەی تایبەتمەند ئەوەیە ناوی ئەو دەستە و وەزارەتانە هاتووە کە ئەوانە پەیوەندارن بە ماف و کێشەکانی کەم ئەندامان، ئەوەی من تێبینی دەکەم، چەند وەزارەت و دەستەیەکی تریش هەن کە ئەوانیش پەیوەندارن بە کەم ئەندامان، بە کەم ئەندامان، بۆ نموونە دەستەی وەبەرهێنان بە پێی یاسای ژمارە/٤ ی دەستەی وەبەرهێنان کار دەکات زیاتر لە ١٣ سێکتەر لەخۆ دەگرێت، هەموو ئەو سێکتەرانەی تەندروستی، ئاوەدانکردنەوە، پیشەسازی، خوێندن بەهەموو جۆرەکانی چەندین بواری تریش کە ئەوانەش تا حەدێکی زۆر پەیوەندیان بە کێشە وگرفتەکانی کەم ئەندامان و مافەکانیانەوە هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم دەستەی وەبەرهێنانیش زیاد بکرێت، هەروەها وەزارەتی ناوخۆش، وەزارەتی ناوخۆ پێموابی لایەنێکی پەیوەندارە بە کێشە و مافەکانی کەم ئەندامان لەڕووی دانی مۆڵەت بە کەم ئەندام لەڕووی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە کەم ئەندامان و ئۆتۆمبیلی تایبەتی کەم ئەندامان کە لێی دەخورن یاخود هاوردە دەکرێت و بۆیە پێشنیار دەکەم وەزارەتی ناوخۆش زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٣ لە بڕگەی/١ پێموایە کە دەڵێ بڕگەی دووەمی ماددەی/٣ ی یاساکە هەموار دەکرێت و چوار خاڵی بۆ زیاد دەکرێت ئەو چوار خاڵە بکرێتە چوار خاڵی بۆ زیاد دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، هەدەف لەم یاسایە خوێندنەوە نییە، لێرە هەدەف ئەوەیە کە شتێك دەگۆڕدرێت، یەعنی هەموار دەکرێتەوە نەك دەخوێندرێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەو دەخوێندرێتەوە لابرێ، سەبارەت بە وەزارەتەکانیش نازانم، پێموایە ئەو ئەرقامانەی تێدا نەبێ باشترە، چونکە نازانم ئەگەر پێویستا بیت، سەبارەت بە بڕگەی دووەمی ماددەکە دەڵێ بڕگەی سێیەمی ماددەی/٣ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، من پێم باشە بەو شێوەیەی لێ بکرێت، بڕگەی/٣ ی ماددەی/٣ هەموار دەکرێت، (و)ەکە لابردرێ و بکرێتە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دەکرێت، سەبارەت بە بڕگەی/٣ دەڵێت نوێنەری کۆمەڵەکانی کەم ئەندامان کە لە نێوان خۆیاندا دەست نیشان دەکەن، بەمەرجێك هەر نوێنەرێك تەنیا بۆ ماوەی دوو ساڵ نوێنەرایەتیان دەکات و لە کاتی پێویست دەکرێت ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بەمەرجێك لە دوو ساڵ تێپەر نەکات، پێموایە لێرە ئەگەر ئەو نوێنەری کۆمەڵەکانی کەم ئەندامان بکرێتە

سـەرۆكی كـۆمەڵەی كەم ئەنـدامان، نەك كۆمەڵەكـانی كەم ئەنـدامان، چـونكە لیـرە دیـارە یەعنـی مەبەسـتیی كێـیە ئەوجـا ئەو نـوێنەرە ئەگەر بكـرێتە سـەرۆك باشـترە، لێـرەش كە دەڵـێ لە نێـوان خۆیاندا دا دەست نیشان دەكەن، بكرێتە لەنێـوان خۆیـان دا هەڵـی دەبژێـرن، نەك دەسـت نیشـان دەكەن، دیسـان ئەگەر لێـرە ئەو نـوێنەرە بگۆڕدرێـت بە سـەرۆك پێمـوایە باشـتر دەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین، دیارە بڕگەی/٣ لە ماددەی/٣ كە هەمـوار دەكـرێتەوە، بەم شـێوەیەی خـوارەوەی لـێ دەكرێـت، منـیش هەر لەگەڵ ئەوەم دەخوێنـدریتەوە لابـرێ بڵـێ لـێ دەكرێـت باشـترە تەبـعەن، سـێیەم نـوێنەری كۆمەڵەكـانی كەم ئەنـدامان یـانی واتـا ئەو تەبـعەن لەناوخۆیاندا چەند ڕێكخراوێكن، یەعنی ئەوە یەك ڕێكخراو نابن دیـارە، كە لە نێـوان خۆیانـدا بە هەڵبـژاردن نـوێنەری خۆیـان دیـاری دەكەن، لێـرە نووسـراوە لە نێـوان خۆیانـدا كەسـێك دەسـت نیشـان دەكەن هەڵبـژاردنەكەی بـۆ ئیـزافە بكـرێ زۆر باشـە بەمەرجێـك هەر نوێنەرێـك تەنها بـۆ ماوەی دوو ساڵەكە بكرێت بە چوار سـاڵ نوێنەرایەتییـان دەكـات و لە كـاتی پێویسـتی دا دەكـرێ ماوەیەك درێژ بكرێتەوە بەمەرجێك لە دوو ساڵ تێپەڕ نەكات، دەتوانین لێرە دوو سـاڵەكە بكرێـت بە ساڵێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند فەرموون، كاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رومیۆ حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی شێخ ظاهر كردی كە باسی ئەوەی كـرد كە دەسـتەی وەبەرهێنـانیش ئەبـێ ئامـادە بێ، مـن پێمـوایە كە لە میـانی دەسـتەی وەبەرهێنـان باسـی وەزارەتـی پەروەردە و باسـی ئەمـانە هەمووی تیایە لە ئەسـڵی یاسـاكە هەیە ئەم وەزارەتـانە، ئەمـانەی كە لێـرە ڕیزبەنـد كـراون ئەوانە ئیــزافە كـراون بـۆئەوەیە، ئەوەی سـەلما خـان باسـی كـرد باسـی وەزارەتـی ئـاوەدانكردنەوە و نیشـتەجێیی كـرد وەكـو ئەوەی نەبێـت باشـترە، مـن پێمـوایە لە یەكێـك لەو شـوێنانە بـاس لەوە دەكات كە یەكەكانی نیشتەجێ بوون دەبێ ئەو پێـوەرانەی تیـا بـێ كە كەم ئەنـدامان پێویسـتیان پێیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە لێرە لە ماددەی/٣ لەبڕگەی/١ سـێ وەزارەت و دەسـتەیەك زیـاد كـراوە، ئەوانەی تـر لە یاسـا ئەسڵەكە دا هەن، بە نیسبەت ئەوەی خاتوو سەوسەن خان سەبارەت بەوەی كە بكـرێتە سـەرۆكی

کەم ئەنــدامان ناکرێــت خــۆی کــۆمەڵەیە، کــۆمەڵەی کەم ئەنــدامان، کــۆمەڵەکەش کەســێك هەڵدەبژێرێت کە نوێنەرایەتی کەم ئەندامان بکا، بۆیە ئەمە لەگەڵ ئەوەنـین ببێـتە سـەرۆکی کەم ئەندامان، سەرۆکیان نابێـت و لە حاڵەتیش بڵێـین کـاك عوسـمان باسـی لەوە کـرد کە چـوار سـاڵە دیاری بکرێت نوێنەرەکەیان، چوار ساڵ بۆ نوێنەرایەتی کردنی کەم ئەندام بەدوای یەکەوە زیـادە چۆن ئەگەر تەماشا بکەین لە کۆتا دێر ئاماژە بەوە دراوە لەکاتی پێویست دەکرێت دوو ساڵی تری بۆ زیاد بکرێت، دوو ساڵ کافیە و لە حەدی ئەکسەر ئەبێت بە چوار ساڵ و سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان نوقتە نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله تەنها ڕاسـتکردنەوەیەك لە یاسـا ئەسـڵەکە دا دەسـتەی وەبەرهێنـان نەهـاتووە، تەنها چـوار هاتووە وەزارەت، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی و پەروەدە و تەندروسـتی و ڕۆشـنبیری و لاوان، واتا ئەوەی کاك شێخ ظـاهر باسـی کـرد دەسـتەی وەبەرهێنـان لە یاسـا ئەسـڵەکەدا بەهـیچ شێوەیەك ئاماژەی پێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە مەبەسـتمان نەبـووە بڵێـین لە یاسـا ئەسـڵیەکە دەسـتەی وەبەرهێنـان ئامـاژەی پـێ کـراوە، مەبەستمان بـوو بڵێـین ئەو شـوێنانەی وەبەرهێنـان ئەیگـرێتەوە و کاریـان لەگەڵ دەکـات، بەشـی زۆرینەیـان وەزارەت وەزارەت بە پێـی یاسـاکە بەم زیـادکردنەی کە ئێسـتا هەیە لە هەمـوارەکە و لەگەڵ یاسا کۆنەکە بەشی زۆریان ئاماژەیان پێکراوە و سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کوێستان خان جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خــۆی لە ئەســڵی یاســاکە وەزارەتــی خوێنــدنی بــاڵا و تــوێژینەوەی زانسـتی هەیە، وەزارەتــی پەروەردە هەیە و تەندروستی و ڕۆشـنبیری و لاوان هەیە، ئـێمە ئەوەی داوای خۆمـانە دووبـارەی ئەکەیـنەوە وەزارەتـی دارایـی و شـارەوانی و گەشـتوگوزار تەنها ئیـزافە بکرێـت، لەبەرئەوەی کە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە پەیوەنـدار نیـیە بە ئەو بـابەتەوە و دەسـتەی مـافی مـرۆڤیش ئەبـێ چاودێر بی بەسەر وەزارەتی ئـێمەو کارەکانمـانەوە نەك ئەنـدام بـێ لە لیژنەکانـدا، بـۆیە ئـێمە داوا ئەکەیـن وەزارەتـی دارایـی کە زۆر گـرنگە تیایـدا بێـت، وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـوگوزار کە دواجار هەمـوو مـۆڵەت و هەمـوو نەخشـەکان پەسـەند دەکـات زەرورە تیایـا بێـت، لەسـەر خـاڵی سێیەم نوێنەری یەکێك لە کۆمەڵەی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویسـتی تـایبەت و کورتەباڵاکـان بەشدار دەبن کە خۆیان دەسـت نیشـانی دەکەن هەر ئەوەنە، دوو سـاڵ بـێ و دوو سـاڵی بـۆ زیـاد

بکرێـت پۆسـتێکی ئەوەنە گرنـگ نیـیە، ڕەنـگە هەر بمێنێـتەوە، تەجـروبە زیـاتر وەربگـرێ و زیـاتر ئاگاداری کار و باری ئەنجومەنەکە ئەبێ، بـۆیە گـۆڕینی دوای دووسـاڵ و ئەوانە بە کـارێکی شـیاو نازانین هەر لەگەڵ دەقەکەی خۆمانین و سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی/٤ بەڕێزان فەرموون، گولستان خان فەرمووو.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

بڕگەی/١ ی ماددەی/٤ ی یاساکە هەموار دەکرێت و دووخاڵ لەم زنجیرانەی خوارەوە بـۆ مـاددەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٤/ بەدواداچوون و لێ پێچینەوە لەو سکاڵا و هەوڵـدانانەی تـایبەتن بەو پێشـێلکاریانەی بەرامـبەر کەم ئەندامان ئەنجام دراون و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لەو بارەیەوە.

٥/ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتی سـاڵانەی تـایبەت بە بـارودۆخی کەسـانی کەم ئەنـدام و بەرزکـردنەوەی لەڕێگەی وەزیرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك ئەیەوێ گفتوگۆ لەسـەر ئەم مـاددەیە بکـات بـا دەسـتی بەرز بکـاتەوە، ئەم بەڕێـزانە دەیـانەوێ گفتوگـۆ لەسـەر مـاددەی/٤ بـکەن، کـاك چیـا، جـوان خـان، د.گەلاوێـژ، سەوسەن خان، کاك د.ڕێبوار، کاك نزار، کاك کاروان، کاك حاجی سـفین، کێـی تـر؟ تەواو، کـاك نـزار فەرمووو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، سـەبارەت بە مـاددەی/٤ بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، لە مـاددەی/٤ خـاڵی/٤ دەڵـێ بەدواداچـوون و لـێ پێچیـنەوە لەو سـکاڵا و هەوڵـدانانەی تـایبەتن بەو پێشـێلکاریانەی بەرامبەر کەم ئەندامان ئەنجام دراون و گرتنەبەری ڕێکاری پێویسـت لەبارەیـانەوە،من پـێم باشـە وا لـێ بکرێـت، بەدواداچـوون و لـێ پێچیـنەوە لەو سـکاڵا وتێبینـی و داواکـاری تـایبەتن بە کەم ئەندامان و تێبینی و داواکاری ئەمە زیاد بکرێت، لە هەمان کاتیش لە خـاڵی/٥ دەڵـێ ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتێکی سـاڵانەی تـایبەت بە بـارودۆخی کەسـانی کەم ئەنـدام و بەرز کـردنەوەی لەڕێـگەی وەزیـرەوە بـۆ ئەنجـومەنی وەزیـران، مـن پـێم باشـە سـاڵ زۆرە ئەگەر بکـرێ ببێـتە شـەش مانـگ جارێك پێمان باشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی سەفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکـان ئەکەم، مـاددەی/٤ خـاڵی/٤ دەڵـێ بەدواداچـوون و لـی پێچیـنەوە لەو سکاڵا و هەوڵدانانەی تایبەتن بەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر بە کەم ئەنـدامان ئەنجـام دراون و

گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لەباریانەوە، پێم باشە لێرە بەدواداچوون لێکۆڵینەوە لەو سکاڵا و هەوڵ دانانەی تایبەت بەو یەعنی لێ پێچینەوە بکرێت بە لێکۆڵینەوە، لێرەش کەم ئەندامان ئەنجام داون گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی پێویستە باریەوە، یاسایەکەش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە تێبینیەك دەست پێ دەکەم ئەگەر ئیجازە بفەرموون، ئەم دانیشتنە دەبووایە بە حزوری کەم ئەندامان خۆیان بوایە بەداخەوە من لێرە نایان بینم لە تابقی سەرەوە، لەهەمان کاتیش دا پێموایە لە ئامادەکردنی پرۆژە یاساکەش هەمووارەکەش پرسیان پێ نەکراوە، ئەمە تەنها تێبینیەکە، پێشنیاز دەکەم بۆ ئەم ماددەیە دوو خاڵی ئەساسی زیاد بکرێت کە هەردووکیان گرنگن بەلامەوە، خاڵی یەکەمیان دابین کردنی ئامێرە یارمەتی دەرەکانە کە جەنابی وەزیر ڕەنگە خۆی ئاگادار بێ کە یەکێکە لە کێشە ئەساسیەکان کە ئەمان ڕووبەرووی دەبنەوە، بەداخەوە کە ئامێری یارمەتی دەرە، بۆیە پێشنیاز دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کە دابین کردنی ئامێرە یارەمەتی دەرەکان لەڕێگەی وەزیر و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێ، نوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەم/ ئەم ناسنامەیەی کە کەم ئەندامان هەیانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ناسنامەیەك زیاتر سوودێکی وای نییە لە کاتێك دا ئەمان تەبەقەیەکن لە کۆمەڵگا کە ڕەنگە ڕێژەیان ئەوەندە بەرز نەبێت، بۆیە وا پێویست دەکات کە سوودمەند بن لە ناسنامەکەیان بەجۆرێك من پێشنیاز دەکەم ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێ، کارئاسانی بۆ ئەوەی هەڵگرانی ناسنامەی کەم ئەندامی سوودمەند بن خزمەتگوزاریەکانی کەرتی تەندروستی بێ بەرامبەر، واتا لایەنی کەم لە کەرتی تەندروستی بێ بەرامبەر ئەمانە سوودمەند بن، توخوا مینحەیەکیان هەیە سەدوپەنجا هەزار دینارە، پارەکە ئەوەندە زۆر نییە، لە کەرتی گشتی تەندروستی دەتوانن بێ بەرامبەر سوودمەند بن و تێیدا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.ڕێبوار فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بەو ماددەیە دوو پێشنیارم هەیە ئەمەوێ ئیزافە بکرێ، یەکیان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو ماددەیە خاڵێك ئیزافە بکرێ بە دارشتنی بەرنامە و پلان بۆ چۆنیەتی دەستەبەر کردنی مافەکانی کەم ئەندامان، ئەمە کە دەکرێ ئەرکی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی بێ، خاڵێکی تر کە هەڵوەستەی لەسەر دەکەم بە پێویستی دەزانم ئیزافە بکرێ ئەوەیە کە دۆزینەوەی هەلی کار، دیارە لە تەخسیساتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ میلاکاتی تازە بە پێویستی دەزانم کە بۆ کەم ئەندامان بەشێکی جیا بکرێتەوە، تەخسیساتی میلاکات بۆ ئەوانیش دیاری بکرێت، من ئەم دوو خاڵە بە ئیزافەی ئەزانم کە سەربار بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دوو تێبینیم هەیە، یەکەم/ لەسەر ماددەی/٤ بڕگەی/٤ کە دەڵێ بەدواداچوون و لێ پێچینەوە لەو سکاڵا و هەواڵدانانەی، لەڕاستی دا لێ پێچینەوە و بەدواداچوون بۆ هەواڵدان ناکرێ یەعنی من پێم باشە لێرە بکرێتە بەدواداچوون و لێ پێچینەوە لەو سکاڵا و گیروگرفتەکان یاخود کێشەکانی کە تایبەتن لێرە کێ یەکی دەوێت کە تایبەتن بەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر کەم ئەندامان ئەنجام دراون، ڕێکاری پێویست لەو بارەیەوە بگیرێتە بەر، بەو شێوازەی لی بکرێت و سەبارەت بە بڕگەی/٥ پێموایە کە دەڵێ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە بارودۆخی کەسانی کەم ئەندام و بەرز کردنەوەی لەڕێگەی وەزیرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەو شێوازەی لێ بکرێت پێشنیار دەکەم ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە بارودۆخی کەم ئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەرزکردنەوەی لەڕێگەی وەزیری پەیوەندارەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ژی هەر دوماهیا خاڵیا پێنجی بوو ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە تایبەت بە بارودۆخی کەسانی کەم ئەندام وەکو کاك نزاری ئیشارەت پێدا من پی باشە ئەگەر فەسلی بەت یان هەر چار هەیڤا جارەکی ئەگەر کیماسیا زێدەتر نەبن هەر شەش هەیڤا جارەکی ڕاپۆرت بێتە بەرز کرن باشترە لە ساڵەکی چون ماوەی ساڵەك دا گەلەك گۆرانکاری دێنە کرنێ، ئەگەر فەسڵی یان شەش هەیف جارەکی ڕاپۆرت بێتە پێشکەش کرن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بۆچوونانەی ئێمە کە ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند دەکەین، وا هەست دەکەم بە دڵێکی گەورەوە وەری ناگرن، ڕوونکردنەوەی زۆریان لەسەری هەیە، پێموایە یەك ئەندام یاخود سەرۆکی لیژنە کافیە بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەمان بداتێ لەسەر ئەو بابەتە، بۆچوونەکان دائیمەن دەڵێن نەخێر بەو شێوەیە نییە بەشێوەیەکی ترە، ئەگەر بەشێوەیەکی ترە و خۆتان پێی موقنعن پێویستی نەئەکرد بیهێننە هۆڵی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان بۆچوونی لەسەر بدەن، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر پشتگیری لە هەموو ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە بە نیسبیەت ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە بارودۆخی کەسانی کەم ئەندام پێشنیار دەکەم یاخود بێتە وەرزانە یاخود بێتە شەش مانگ جارێك، لێرە ڕوونکردنەوەم لە جەنابی وەزیر دەوێت بزانم ڕاپۆرتی

سـاڵانە مەبەسـتی چیـیە، مەبەسـتی لە کەموکوڕیەکـانی کەم ئەنـدامە کە جەنابـت پێشکەشـی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەی یاخود بابەتێکی ترە ئەگەر کێشە گرفتەکانیانت لە ساڵێك زۆر زۆرە ئەگەر ڕێژەکەی کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان لە لیژنەکان؟ بەڵێ د.گلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی/٤ بەڕاسـتی ئەوەی کە لە یاسـا ئەسـڵیەکەی لەبەردەسـت نەبـێ نـازانێ ئەنجـومەن ئەو کارانە دەکات، بۆیە لێرە مەفروز بوو ئیشارەتەکی پێ بـدەن کارەکـانی ئەنجـومەنە چـونکە دەبـێ بگەڕێـیەوە یاسـا ئەسـڵیەکە ئەوجـا دەزانـی ئەنجـومەن ئەو بەدواداچـوونە و لـێ پێچیـنەوە و سـکاڵایانە دەکـات، بە نیسـبەت ئەمـن مەسـەلەن بەدواداچـوون و لـێ پێچـنەوە لەو سـکاڵا و هەوڵـدانانەی تـایبەتن بە پێشـێلکردنی بەرامـبەر کەم ئەنـدامان ئەنجـام دراون، یەعنـی لەچ ڕوویەکەوە؟ چـۆن ئەو بەدواداچـوونە دەکـات ئەنجـومەن پێویسـتە ڕوونکـردنەوەی بـدەن، بە نیسبەت خاڵی پێنجەم ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە بارودۆخی کەسانی کەم ئەنـدام، یەعنی نازانم ئەنجـومەن چـۆن ئامـادەی کە ئەم ڕاپـۆرتە لەلایەن خـودی خێـزانەکەوە ڕاپـۆرتەکە بدرێتە ئەنجومەن یـان چـۆن بـارودۆخی کەم ئەنـدامان بەس خێزانەکـان دەزانن،بـۆیە لەڕێـگەی وەزیـرەوە بـۆ ئەنجـومەن بەرز دەکـرێتەوە، پێوسـتە ڕوونکردنەوەیەکـی تـری پـێ بـدرێت ئایـا لەبارودۆخی تەندروستیتی یـان بەرەوپێشـچوونی کاروچالاکیەکـانی کەم ئەنـدامان، بـۆیە ئەگەر وابێ دەبـێ ڕیـژەکە کەم بکـرێتەوە، مەسـەلەن شـەش مانـگ جارێـك بێـت، چـونکە ڕوودانەکـانی جەستەیی و ئەوانە شەش مانگ جارێك ڕوودەدەن نەك ساڵێك جارێك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رومیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله مـن تێبینـیەکم هەبـوو لەسـەر وشـەیەك کە لێـرە زۆری ئەنـدامانی بەڕێـز بە هەوڵـدانیان خوێنـدەوە، هەواڵـدانان بـوو، یەعنـی اخبـار، دوای ئەمە بـرای بەڕێزمـان کـاك کـاروان کە وتـی لە ڕێکخراوی پەیوەست بە کەم ئەنـدامان لێـرە ئامـادەنەبوون، بەڕاسـتی خەتـاکە بەزۆری کێشـەکە لەوە بـوو کە جەلسـەکە لە دوێنـێ دانیشـتنەکە یەکەم بەشـی دانیشـتنەکە پـی ڕانەگەیشـت بـۆ ئەوەی ئـێمە نەهـاتینە سـەر ئەم هەمـواری یاسـایە ئەگینـا چەنـد ڕێکخراویـك ئامـادەبوون، ئـێمە خۆمان وەکو لیژنە داوامان کردبوو بـۆ ئەوەی ئامـادەبن، دووەم/ د.ڕێبـوار کە باسـی ئەوە دەکـات ئەو پێشنیارەی باسی تەخسیساتی مالی کرد کە لە مەیا نەکراوە، من پێمـوایە هەر هەمـان قسـەی د.گەلاوێـژە کە وتـی ئەبـوایە مـاددەکە پـرۆژکە خـۆی یاسـاکە ئامـادەبێ چـونکی لە زۆرێـك و لە هەنـدێ لە بـرگە و ماددەکـانی ئەم یاسـایە باسـی ئەویـش کـراوە بـۆ ئاگاداریتـان، ئەوەی جـوان خانیش والله من پێموایە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پەیوەندیدار لە خەمخۆری خۆیانە بۆیە هەر یەکە و دەیەوێ وەڵامی ئەم مەسەلەیە بداتەوە ئەگینا مەسەلەکە شتێکی تر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەزانی ئێوە چی بکەن لەبەر کات قسەکانی خۆتان لەگەل ڕەئیسی لیژنەکەتان یەك خەن، یەعنی ڕەئی جیاوازتان هەیە؟ دەی فەرموون، فەرموو.

**بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکە خاڵی ترم هەبوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لە ئەسنای نووسین و ئامادەکردنی هەموارەکەش زیاتر لە چوار جار گەر هەڵە نەبم کۆبوونەوەمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بە بواری کەم ئەندامان کردووە کە کار لەو بوارە دەکەن لەگەل خۆشیان و تویژە جیاوازەکانیشمان بینیوە، مەسەلەن کۆبوونەوەیەکمان تەنها لەگەل کورتە بالایان کردووە، کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ تالاسیما کردووە، کۆبوونەوەی ترمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری تایبەتمەند کردووە بە بوارەکەی خۆیان کە کاری تیا ئەکەن، تا توانیومانە خاڵەکان دەست نیشان بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەل ئەم هەموارە نین، دیارە لە ئەسڵی یاسایەکە ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنەی داناوە، ئەم ئەنجومەنە کاریان دەست نیشان کردنی ستراتیژ و بەرنامەی کەم ئەندامانە، مەسەلەی ئەو خاڵەی باسی ئەوە ئەکات کە بەدوای لێ پێچینەوە لە سکالا و ئەوانە بەراستی ئیشی ئەو ئەنجومەنە نییە بەڕاستی ئیشی دادگایە ئیشی ئەو ئەنجومەنە نییە، خاڵی دوای ئەوە کە باسی ئەوە ئەکات ڕاپۆرتی سالانە بنووسرێت، ئەم ئەنجومەنە هەموو کۆبوونەوەیەك کە مانگانە هەیانە ڕاسپاردەیان هەیە، ئیمە ڕاسپاردەکانیان هەموو کۆبوونەوەیەك ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین مانگانە جگە لەوەی کە ئێمە هەفتانە داواکاری و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندارن بە کەم ئەندامان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەکەین، بۆیە ئێمە لەگەل ئەوە نین ئەو هەموارە و لەگەڵ خاڵی پێنج و خاڵی چوار ئەو ئیزافەیە نین و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی/٥ فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

هەردوو بڕگەی دووەم و سێیەمی ماددەی شەشی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دووەم/ ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە و فەرمانبەری کەم ئەندامن شایستەی دەرماڵەی لە بری کەم ئەندامی دەبن بەم ڕێژەیەی ئەنجومەنی وەزیرانی

هەرێـم بریـاری لەبـارەوە دەدات و دەخـرێتە سـەر مـووچەی فەرمـانبەران ودوای خانەنشـین بوونیشیان بەردەوام دەبێت.
سـێیەم/ ئەوانەی حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی سـەرەوە دەیـانگرێتەوە کەسـانی کەم ئەندامی بی دەرامەتن و شایستەی بەخشـینی لەبـری کەم ئەنـدامی دەبـن کە یەکسـانن بە دوو لە سـێی کـۆمەکی پاراسـتنی کـۆمەڵایەتی سـەرەڕای کۆمەکێـك کە بەم شـێوەیە دیـاری دەکرێـت، کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ڕێژەی پەککەوتەیی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەڕێزێك کە دەیەوێ قسە بکات؟ خدیجە خان، کاك حکمت، شێخ ظاهر، د.گەلاوێـژ، کاك یاسین، تەواو؟ کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، ماددەی/٥ هەردوو بڕگەی دووەم و سێیەم و ماددەی/٦ یاسـای هەمـوار دەگـرێتەوە، ڕوون نیـیە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، یەعنـی دەمـانەوێ بۆمـان ڕوونتـر بـکەنەوە کە ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەم و ئەو مـاددانە دەیـانگرێتەوە، دەمـانەوێ ئەوەمـان بـۆ ڕوون بـکەنەوە، مـاددەی/٢ ڕوون نیـیە کە کـێ دەگـرێتەوە؟ یەعنـی مـاددەی/٥ بـڕگەی/٢ ڕوون نیـیە کە کـێ دەگرێتەوە، بۆ نمـوونە کەسێك کەم ئەنـدامە بەڵام بـاوکی خانەنشـینە، ئەو کـوڕە هیچـی دیـکەی نیـیە سـەد هەزاری هەیە، بەڵام بـاوکی دوو سـەد هەزار هەیە کاتێـك کە بـاوکی دەمـرێتئەو کـوڕە لەبەرئەوەی مەعاش خۆرە ئەو دووسەد هەزارەی باوکی دەبڕێت، ئاخر نابێت بۆ ببڕێت؟ خـۆ ئەو کابرایە مەعاشی کەم ئەندامی هەیە، مەعاشی مـوەزەف نیـیە، هـیچ داهـاتێکی دیـکەی نیـیە، جـا ڕوون نییە لەوەی ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاترمان بۆ بدەن بزانین چۆنە لیژنە یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، بەڵـێ زۆر سـوپاس ئـاخر ئەوە لەنـاو ئەسـڵی قـانونەکە هەیە لەوانەیە پێـت نەبێـت، بیخوێنەوە کاك بژار، بڕگەی یەکەمی بۆ بخوێنەرەوە فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی یاسایەکە ماددەی/٦ بڕگەی یەکەم دەڵێ: ڕێـژەی پەککەوتـن لەلایەن لیژنەیەکـی پزیشـکی پسپۆڕەوە دیاری دەکرێت بە گوێرەی پێوەرێکی تایبەت دەبێت کە وەزارەت دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، یەعنـی هەمـوو کەم ئەنـدامێك دەگـرێتەوە کە ئیقـرار کـراوە بە لیـژنە، خەدیـجە خـان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم هەیە لەسەر بڕگەی دووەم دەڵێت ئەوانەی حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە دەیـانگرێتەوە فەرمـانبەری کەم ئەنـدامن شایسـتەی دەرمـاڵەی لەبـری کەم ئەنـدامی دەبـن بەو

ڕێـژەیەی ئەوە بكـرێتە بە ڕیـژەیەك كە مـوووچەی بنەڕەتیـان كە ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێـم بڕیـاری لەبـارەوە دەدەن، چـونكە هەر دەرمـاڵەیەك كە دیـاری ئەكـرێتن، دەرمـاڵەی ئەگەر پـایەیە، ئەگەر دەرمـاڵەی خێـزانە، هەر دەرمـاڵەیەكە لەسـەر موئەسەسـەی مـووچەی بنەڕەتـی دیـاری دەكرێـت ئەو دەرمـاڵەیە، بـۆیە مـن پێمـوایە كە دەبـێ لێـرەش عەیـنەن لەسـەر بنەمـای مـووچەی بنەڕەتی بیتن، ئەمن لە لیژنەش ئەو قسەیەم كرد و باسی ئەو بابەتەمـان كـرد، پێشـنیاز دەكەم كە بڕگەیەكی تر زیاد بكرێـت بـۆ ئەم مـاددەیە بە ڕیزبەنـدی چـوارەم بەم شـێوەیە، چـوارەم: لیـژنەی پزیشكی پسپۆر ئاماژە پێكراو لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە بەردەوام دەبیـت لەسـەر كارەكـانی تاوەكو دامەزراندنی ناوەندەكی پێشكەوتوو بۆ دەست نیشـان كردنـی پێوەرەكـانی كەم ئەنـدامی بە پێی یاسایە، چونكە ئەگەر تەماشای ئەم هەمـوارە بكەیـن لە مـاددەی/٩ لە خـاڵی/٣ باسـی ئەوە دەكات كە ئەو ناوەندە دروست دەبیتن، لەڕاپۆرتی چاكسازیش ڕاپۆرتی دووەم دیسان باسـی ئەو ناوەندە دەكاتن، لە ڕێنمایی كە تایبەتە بۆ جێ بەجێ كردنـی یاسـای چاكسـازیش دووبـارە ئامـاژە بەو ناوەندە كراوە، ئاماژە بەوەش كراوە كە لیـژنەی پزیشـكی تـا ئەو كـاتە بەردەوام بیـتن كە ئەو ناوەندە دروست بكرێت، یەعنی ئەگەر ئێستا لە ئەسـڵی یاسـایەكە ئەو بـڕگەیە بمێنێـتەوە بـڕگەی یەكەم وەكو ئیلتباسەك دروست دەبیـت لە یاسـایەكە، ئایـا ئەو بڵێـین ڕێـژەی پەككەوتـوو لیـژنەی پزیشكی ئەیكات یان ئەو ناوەندە یەعنی دەبی تـۆزەك ڕوونكـردنەوەیەك لەم هەمـوارەش بـدەین بۆ ئەوەی ئەو ئیلتباسە نەمینێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك حكمت فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

د ماددێ/٥ دا بەحسێ هەمواركرنا یەكی كری كـو دوو بـڕگە پێـك دێـتن ل مـاددێ/٦ دا، ب هەمـان شێوە ماددێ/٧ ژی بەحسێ ماددێ/٨ كرینە و دەهێ كـرینە و یـازدەیی و دوازدەیـی كـری، یەعنـی من پێم باشە وەختێ هەموارەكی د ماددەیەكی دا لەسەر چەند بڕگەیەكا یەك بڕگەیەك تێتە كـرن هەر نەفسی ماددەی دا ئەو هەموارە بێتە بەحس كرن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی/٥ دوو بـڕگەیە، بـڕگەی یەكەمیـان ئەوانەی حوكمەكـانی بـڕگەی یەكەمـی ئەم مـاددەیە دەیـانگرێتەوە فەرمـانبەری كەم ئەنـدام و شایسـتەی دەرمـاڵە لەبـری كەم ئەنـدامی دەبـن بەو ڕێـژەیەی كە ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێـم بڕیـاری لەسـەر دەدات، لێـرە ئەنجـومەنی وەزیـران بڕیـاری لـی دەدا، لە بـڕگەی سـێیەم ئەوانەی حوكمەكـانی بـڕگەی یەكەمـی ئەم مـاددەیە واتـا فەرمانبەرن سەرەوە دەیـانگرێتەوە كە كەم ئەنـدامانی بـێ دەرامەتـن، شایسـتەی بەخشـینی كەم ئەنـدامی دەبـن كە یەكسـانە بە دوو لەسـەر سـێی كـۆمەكی پاراسـتنی كـۆمەڵایەتی، سـەرەڕای كۆمەڵێـك كە بەم شـێوەیە دیـاری دەكرێـت، بـۆیە پرسـیار دەكەم ئایـا هەر هەمـان ئەو بـڕە

هاوکاریەیە کە لە بڕگەی یەکەم و دووەم دیاری دەکرێ یان جیاوازیـان هەیە، ئەوەی ئەنجـومەنی وەزیران دیاری کرد یان ئەوەی دوو لەسەر سێیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جیاوازیان هەیە بێگومان لە بەینی فەرمانبەر و ئەوەی تر، ئەو نەسەش بۆیە وا دانـراوە ئەزانین تۆزێ لەگەڵ شائیع و لەگەڵ ئەوەی هەیە موخالفە ئـێمە دەڵێـین نـاوی دەرمـاڵە بـێ، بەڵام لە یاسـای چاکسـازی هـاتووە بەو شـێوەیە، یەعنـی ئـێمە ناچـار بـووین و لیـژنەی یاسـایی زۆر موناقەشـەمان لەسـەر ئەوە کـرد بە ناچـاری ئەو دەسـتەواژەیە بەو شـێوەیە دنـراوە، چـونکە لە یاسای چاکسازی بەو شێوەیە هاتووە، بەڵێ ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێـت مـن ژ لایـێ خەدیـجە خـانێ هـاتن کرنـێ، هەر هەنـدی بەحسـێ یاسـای چاکسـازیی پێویستە لڤێرێ بێتە کرنێ ڕاستی چـونکی بەشـی سـێی مـاددێ/٨ دا برگـا دوویـی بەحسـی کـریە دگەل دامەزارندن و کارکردنا ناواندا دەست نیشان کرنی کەم ئەندامی ئەو لیـژنەیەت تایبەتمەنـد دیار کردنی ڕێژەی پەککەوتەیی هەڵدەوەشێنەوە، پێوستە لڤێری ڤێ یاسایی دا ئامـاژە پـێ بـکەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د، گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕای قسـەکانی کـاك حکمـتم لە مـاددەی/٥ دا هەمـوارەکە مـاددەی/٦، بـۆیە مەسـەلەن ئەوە نـاڕێکیەك هەیە لە حـازر کردنـی ڕاپـۆرتەکە، بە نیسـبەت ئەو خـاڵی سـێیەم مـاددەی/٦ دەڵـێ بەخشـینی لەبـری کەم ئەنـدامی دەبـن کە یەکسـانە بە دوو لەسـەر سـێی کـۆمەکی پاراسـتنی کۆمەڵایەتی ئەو دوو لەسەر سێیە لەسەر چ ئەساسەکی دایانناوە پێویسـتمان بەڕوونکـردنەوەیە، کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتیش پێم باشە بڕەکەی دیاری بکرێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قانونە ئەسڵەکەدا کە بڕگەی/٣ یەمەکەی تەعدیل ئەکەن لێـرە ئەڵـێ ئەو کەسـانەی کە کـۆمەکی پاراسـتنی کـۆمەڵایەتی ڕێـژەی پەکـکەوتەکە ئەوانەی کە فەرمـانبەر نـین، یەعنـی هەمـوو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هەرچەندە بەداخەوە تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە ئەو ماددەیە هەموویـان بە شێوازێکی یەکسان مووچە وەردەگرن، لە هەموارەکە دەڵـێ بـێ دەرامەتـن، لێـرەدا وشـەی بـێ دەرامەت ئێمە ئەزانین مەبەستیان خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتە، بەڵام . ......... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی تری داهاتی نییە، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی بێ دەرامەت پێناسەیەکی نییە لەوەی کە لە شوێنێکی تردا ئێمە هەمان بێت بۆ نموونە کەسێك لەوانەیە خانووی هەبێ، بەڵام وەزعی خراپ بێت یان ئیشی نەبێ یان هەر شتێکی تر چۆن ئەو پێناسەی بی دەرامەت، بەڕای من قانوونە ئەسڵەکەی خۆی لەوە باشترە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە وەکو قانوونە ئەسڵیەکەی خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کەنا فەرمانبەرن سوودمەند بن لێی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری کاروبار؟ لێرە نییە، بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خۆم و بەڕێز وەزیری تایبەتمەند ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ماددەی/٤ ی پرۆژە یاسای کە لە ئەنجومەنی وەزیران هاتووە و هەموو ئەنجومەنی وەزیران دەنگی لەسەر داوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەویش بەو شێوەیەی خوارەوە: هەر دوو بڕگەی دووەم و سێیەمی ماددەی/٦ ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەو شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، دووەم/ ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی سەرەوە دەیانگرێتەوە لە کەسانی فەرمانبەر شایستەی دەرماڵەی بەرامبەری کەم ئەندامی دەبن بە پێی ئەو ڕێژەیەو لەو سنوورەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری لێ دەدات، سێیەم/ حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی سەرەوە دەیانگرێتەوە لە کەسانی بێ دەرامەت شایستەی بەرامبەری کەم ئەندامی دەبن کە یەکسانە بە دوو لەسەر سێی کۆمەکی چاودێری کۆمەڵایەتی، سەرباری کۆمەکێك کە بەم شێوەیەی دێت دیاری دەکرێ، کۆمەکی چاودێری کۆمەڵایەتی فی ڕێژەی پەککەوتەیی، زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان، بەڵام بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە خۆی لێرە نییە کە لە بیرمە کە بانگمان کردبوو بۆ دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە دەرماڵەی کەم ئەندامی کە دەخرێتە سەر مووچەی فەرمانبەران، وتی ئەشکالی گەورە لە ئێستادا ئەوەیە کە فەرمانبەرێکی کەم ئەندام کە خانەنشین ئەبی ئێمە ناتوانین لە بڕی کەم ئەندامی بۆ ببەستین لەگەڵ خانەنشینیەکەی، لەبەر ئەوەی بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێمان دەڵێن ئەو دەرماڵەیە ئەگەر بە یاسا نەهات بێت دەبڕدرێ، بۆیە ئەگەر هەڵە نەبم لیژنەی موختەس بۆ موعالەجە کردنی ئەو حاڵەتە دایانا، چونکە کەسێك کە فەرمانبەرە کەم ئەندامە کاتێك کە خانەنشین ئەبێ خۆ کەم ئەندامییەکەی تەواو نابێ هەر لەگەڵی دەڕوات، یەعنی بەڕێزیان لە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەم قسەیەی کردووە، بۆیە وانییە؟ ئەگەر هەڵە نەبم بەڕێزان لە لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئەگەر قسەیەکتان هەیە لەوبارەیەوە؟ بەڵێ فەرموون، کاك رومیو فەرموو.

**بەڕێز رومیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو ئەوەی جەنابت گوتت، ئەمە ئیتفاقی هەردوولا بوو هەردوو لیژنە، ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی هەم نوێنەرانی وەزارەتیش، ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٦ بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەی/٩ ی ئەم یاسایە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: چوارەم: دانانی پرۆگرامی تایبەت دەربارەی کەم ئەندام و کورتە باڵایان لە پرۆگرامەکانی پەروەردەیی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك ئەیەوێ قسەی لەسەر بکات؟ لەسەر ماددەی/٦ بەڕێزان؟ ماددەی دوای ئەوە، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

یەکەم/ بڕگەی چوارەمی ماددەی/١٠ یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، چوارەم/ خاوەن پرۆژەی تایبەتی بچووك و مامناوەند و گەورە پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەم ئەندام و کورتەباڵایان لە پرۆژەکانیان لەڕێگەی خولی شیاندن و ڕاهێنانی گونجاو بەمەرجێك کارەکە لەگەڵ توانا و لێزانیان گونجاو بێت، بەڕەچاو کردنی حوکمەکانی ماددەی/٦ ی ئەم یاسایە بەم شێوەیەی خوارەوە: خاوەن پرۆژە گەورەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك کەم ئەندام و کورتەباڵایان لە پرۆژەکانیان لەسەر بنەمای داواکاری بەجۆرێك لە ڕێژەی ٥% کەمتر نەبێت بۆ هەر کە بەکارخستنێکی زیاتر لە ڕێژەی دیاری کراو حکومەت تا ماوەی سێ ساڵ نیوە مانگانەکەیان دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هاندانە دەکرێت بە ڕێگەی لێ خۆش بوون لە باج بێت، دووەم/ خاوەن پرۆژە مام ناوەند و بچووکەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەسانی کەم ئەندام لە پرۆژەکانیان لەسەر بنەمای داواکاری بەجۆرێك لەڕێژەی ٥% کەمتر نەبێت و حکومەتیش تا ماوەی سێ ساڵ نیوەی مانگانەکەیان دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هاندانە دەکرێت بەڕێگەی لێ خۆش بوون بێت لە باج، دووەم/ بڕگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، پێنجەم/ بێ بەش کردن یان دوورخستنەوەی هەر کەسێك لە کارکردن یان ڕاهێنان بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی کەم ئەندامە لەلایەن خاوەن پرۆژەکان ڕێگەپێدراو نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ هەر بەڕێزێك ئەیەوێ قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ خدیجە خان، سەلما خان، کاك بهجت، د.ڕێبوار، نەجات خان، شێخ ظاهر، سوسن خان، ناوەکان ئەخوێنمەوە بەڕێزان ئەگەر ناوێکم نەنووسی بوو، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٧ لە خاڵی یەکەم ئاماژە بەوە دراوە کە خاوەن پرۆژە گەورەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەم ئەندام و کورتە باڵایان لە پرۆژەکانیان بەڕای من ئەو بەکارخستنە زیاتر تەسەور دەکەم بۆ ئامێر بەکاردێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم بکرێتە خاوەن پرۆژە گەورەکان پابەند دەبن بە دامەزراندن یان پێدانی کار بە کەم ئەندامان و کورتەباڵاکان نەك کورتەباڵایان لە پرۆژەکانیان لەسەر بنەمای داواکاری بەجۆرێك لەڕێژەی ٥% کەمتر نەبێت و هەر بەکارخستنێکیش دیسان لێرەش بکرێتە دامەزراندن یان کارپێدان، سەبارەت بە خاڵی دووەم دیسان لێرە هەر هەمان شت تیکرار بوویتەوە خاوەن پرۆژە مامناوەند و بچووکەکان پابەند دەبن بە بەکارخستن دیسان بکرێتە دامەزراندن یان پێدانی کار و لەبڕگەی کۆتایی لە خاڵی دووەم کە دەڵێت حکومەتیش تا ماوەی سێ ساڵ نیوەی مانگانەکەیان دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هاندانە دەکرێت بەڕێگەی لی خۆش بوون لە باج بێت و بکرێتە بەڕێگەی لێ خۆش بوون بێت لە باجدان، خاڵی دووەم کە دەڵێ برگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بۆ ماددەی دەی یاساکە زیاد بکرێت، بڕگەی پێنجەم دەڵێ بێ بەش کردن یان دوورخستنەوەی هەر کەسێك کە کارکردن یان ڕاهێنان بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی کەم ئەندام لەلایەن خاوەن پرۆژەکان ڕێگەپێدراو نییە بکرێتە بی بەش کردن یان دوورخستنەوەی هەر کەسێك لابردرێت بکرێتە بی بەش کردن یان دوورخستنەوەی کەم ئەندامان لەسەر کار یان ڕاهێنان، بەهۆی ئەوەی کەسێکی کەم ئەندامە لەلایەن خاوەن پرۆژەکان ڕێگە پێدراو نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەلما خان فەرموو.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە لەپاڵ وشەی کەم ئەندامی لە بڕگەی چوارەم و لە خاڵی یەك و دووەمیش دا خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایانی ئیزافە بکرێ لە تەنیشتیەوە، لە خاڵی دووەم بۆ خاوەن پرۆژە مام ناوەندە و بچووکەکان و هەروەها بۆ خاوەن پرۆژە گەورەکانیش کە دەڵێ حکومەت تا ماوەی سێ ساڵ نیوەی مانگانەکەیان دەدات، ئەمە بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت دروست دەکات ئایا ئەم قانونەمان دەرکردووە ڕای حکومەت لەسەر ئەم بارەیە چییە؟ ئایا ئەوان ئەتوانن ئەگەر پرۆژەیەك لە پرۆژە گەورەکان یان بچووك و مام ناوەندەکان ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندام و کورتەباڵان دەکاتە سەر کار و حکومەت ئامادەیە تا سێ ساڵ نیوەی مانگانەکەیان لە ئەستۆ بگرێت هیوادارم لە ڕێگەی جەنابتانەوە ئەو پرسیارەم لەبەڕێز وەزیرە بەڕێزەکان هەیە کە لێرە ئامادەن، ئەگەر حکومەت توانای هەیە ئەوا سوپاسی دەکەین و دەستی خۆش بێ و ئەرکی خۆیەتی و زۆر زۆریش خاڵێکی گرنگە، ئەگەر نا ئێمە دواجار لەبەردەم ئەم خاڵە دەکەوینە پەسەند کردنی قانونێك کە حکومەت خۆی ڕای لەسەر نییە و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ڕای حکومەت وەرگیراوە یاخود نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزتان ئەگەر مولاحەزەی مەشروعەكەی حكومەت بكەن، ئەسڵی قانونەكە خۆی تیایا هاتووە بە وازحی كە ئەم حەقە هەیە بۆ كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت كە حكومەت تەحەمولی ئەو نیوەی مووچەیە دەكات، كە تەعدیلەكەشیان ناردووە تەعدیلی ئەو بابەتەی تیا نییە واتا ئەیانەوێ ئەو بابەتە بەردەوامی هەبێ و دواتریش گوێ لە خۆیان ئەگرین بێ گومان، كاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ/٧ چارەم خاوەن پرۆژەییت تایبەتی بچووك و مام ناوەند و گەورە پابەندن بە بەكارخستنی ڕێژەیەك لە كەم ئەندامی، مەبەستیان ڤێرە پرسیارا مە ئەوە خاوەن پرۆژێت تایبەت كینە؟ یەعنی كەرتێ تایبەتە یان پرۆژی؟ چونكە كەسەكە ژی كی هەی بۆ خۆ پرۆژەیەكی كەتن نە شەرتە ل كەرتێ تایبەت بیتن شەخسی ژی بیتن، یەعنی حەقە لڤێرێ جیا بكەنەوە ئەوە مەبەستا وان كەرتی تایبەتە، ئەگەر كەرتی تایبەت بیت د بی بێژن كەرتی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو بیرۆكە من لەگەڵم ڕاستیەكەی گرنگە من پێش ئەوەش بە موداخەلەیەكم باسم لەوە كرد كە تەخسیساتی میلاكات ئەبی بۆ كەم ئەندامان و بۆ كورتەباڵاكان كە لێرەیا باس لە تەخسیساتی یا دامەزراندنی یان بەكارخستن لەكەرتی تایبەت دا دەكات، بەڵام پرسیار ئەوەیی چۆن دەكرێت لە پرۆژەی بچووك و مامناوەند و گەورە هەمووی ٥% بێت، ئینجا ئەم ٥% ـە لەسەر چ ئەساسێك دیاری كراوە ئایابە پێی ڕێژەی كەم ئەندامان كە بوونی هەیە لە هەرێمی كوردستان، ئەگەر ڕێگەی كەم ئەندام زێترە لەو ڕیژەیەی كە دیاری كراوە بۆ بەكارخستن ئەبی ڕێژەكە بەرز بكرێتەوە، ئینجا ئەبێ جیاوازی بكرێ حەدی ئەعلای بۆ پرۆژە گەورەكان با بڵێین ٦% بێت ئەوەی دیكە بێتە خوارەوە كەمتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وابێ ماددەی/٧ خاڵی یەك و دوو هەمان ناوەڕۆكیان هەیە، یەعنی هیچ جیاوازییەكی ئەوتۆیان نییە، تەنها لە خاڵی دووەم وشەی كورتە باڵاكانی تێدا نییە، هەمان پرسیاری سەلما خانم هەیە كە ئایا حكومەت چونكە مادام ئەوە لێ كەوتەی دارایی هەیە حكومەت ڕازییە لەسەر ئەو تەبەعاتە مالییە؟ ئەگەر هەر دوو خاڵەكە بمێنێ پێشنیاز دەكەم بەم شێوەیەی لێ بكرێت، پێویستە خاوەن پرۆژە گەورەكان و مامناوەندەكان پابەند بن بە گەڕخستنی بەڕێژەیەك لە كەسانی كەم ئەندام و كورتەباڵاكان لە پرۆژەكانیان بەپێی داواكاری بەجۆرێك لە ڕێژەی ٥%

کەمتر نەبێت بۆ هەر بەگەرخستنێکی زیاتر لەڕێژەی دیاری کراو حکومەت تا ماوەی سێ ساڵ نیوەی مانگانەکەیان لە ئەستۆ دەگرێت و ئەو هاندانە دەکرێت لە ڕێگای لێ خۆش بوون بێت لە باج، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا نەجات فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دەستپێکی پشتگیریا د.ڕێبواری دکەم، دووهێ ژی چوارەمی ماددەی/٧ ی یەکەم ودووەم هەکا ئەم بەحسێ ڕێژێ دکەین پێنج لەسەد کەمتر نەبیت بلا نادادپەروەری تێدا هەبیتن ژ بەر هەندێ هەکا ٥% ی کەمتر نەبیت ببیتە (پێنج لەسەد) بیت، ئان ژی ڕێژەی پەککەوتییا هەی ئان ژی کەمتر نەبی، چێ بیت تبیا پێنج بیت، شەش بیت، حەفت بیت، هەتا سەدێ ژی بچیتن لڤێرا تبیا تەحدید بی نە یا ڤەکری بیتن، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ ڤەکریە ٥% کەمتر نەبیت، هەروەسا خالا دوهێ ژی نەفسێ شێوە، یەعنی ٥% کەمتر نەبیتن ڤەکریا و نادادپەروەریا تێداین تبیا ببیتە ٥% بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەمان تێبینی سوسن خانم هەیە کە لە بەکارهێنانی وشەی بەکارخستن، بەکارخستن بۆ ئامێر و وەسائیلە لە کاتی خۆی لە لیژنەش لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاساییش ئەو قسەیەم کرد، بەس گوایا عەلەئەساس لە عەربیش تەشغیل هاتووە، بەڵام لە عەرەبیش تەشغیل هات بیت بۆ ئالات و وەسائیل بەکاردێت، یەعنی شتەکی گونجاو نیيە بۆ مرۆڤ بڵێی بەکارخستن، بۆیە لە جیاتی بەکارخستن بکرێتە پێدانی دەرفەتی کار، یەعنی ئەو وشەیە زیاتر دەگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەیەکتان هەیە بەڕێز وەزیری کارو کاوباری کۆمەڵایەتی؟ فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ ئەم ماددەیە لەگەڵ هەموارەکەی خۆمانین، ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران ئاراستەی پەرلەمانی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاخر لە هەموارەکەی خۆتان دوو بڕگەتان زیاد کردووە، بڕگەکانی پێنجەم و شەشەم بە بێ ئەوەی چوارەم لەناو ئەسڵی قانوونەکە هەڵوەشێننەوە ئەوەش تەزاروب دروست دەکات، کوێستان خان، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیزافەمان کردووە ئەو دوو بڕگەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەزاروب دروست دەکات ئەگەر باش دیراسە بکرێ مـاددەی دوای ئەوە، تێبینیـت هەیە فەرمـوو، قسەیەکتان هەیە بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ ئەم ماددەیە لەگەڵ هەموارەکەی خۆمـانین، ئەوەی کە ئەنجـوومەنی وەزیـران ئاڕاسـتەی پەرلەمانی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر لە هەموارەکەی خۆتان دوو بڕگەتان زیادکردووە بڕگەکانی پێـنجەم و شەشـەم بەبێ ئەوەی چوارەم لە ناو ئەسڵی قانونەکە هەڵوەشێننەوە، ئەوەش تەزاروب دروسـت دەکـات، مـاددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، تێبینیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ئەو خاڵەمان جێگیرکـردووە ئەوە تەنهـا تەوزیحـێکە ئـێمە دڵمـان زۆر فـراوانە، تکـایە بەو شـێوەیە وەری مەگـرن کە ئـێمە تێبینیەکـانی بەڕێزتـان وەرنـاگرین، بەڵام تەنهـا تەوزیحێکـی بچـووکە، ئەو لە (٥%) بـۆ پـڕۆژە گەورەکـان، ئـێمە خـاوەن پـڕۆژە گەورەکانمـان بە دەقـی ئەم هەموارە مولزەمکردووە بۆ ئەوەی کە ئەوان لە (٥%) خۆیان مولزەمن کە هەمـوو مـووچە بـدەن، وە ئەگەر سەرو لە (٥%)ەکە کارمەندی تری خاوەن کەم ئەندامی یان کەم ئەندامی وەرگرت ئەوە ئینجـا حکـومەت مـولزەم دەبێـت، بەڵام خـاوەن پـڕۆژەی مامناوەنـد و بچـووك حکـومەت بە لێخۆشبوونەوە بۆ هاندانێکە کە ئەم لە (٥%)ە هەر چەندە مولزەمن بەپێـی یاسـاکە و بەپێـی ئەم هەموارە مولزەم دەبن بەو خاڵەی کە لە (٥%) وەربگرن، وە ئەگەر ئـێمە بیکەیـنە قەتعـی بڵێـین لە (٥%) ئەو کاتە وا دەکەین کە خاوەن کارەکان تەنها ئەو ڕێژەیە وەربگرن، ئەگەر کراوەبێـت بڵێـین کەمتــر نەبێــت لەمە، ئەوە لە (٥%)ەکە وەردەگرێــت و ســەر و ئەوەش ئەگەر بیەوێــت زیــاتر وەربگرێت زیاتر وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

بـڕگەیەك بە زنجیـرەی پێـنجەم بـۆ مـاددەی یـازدەیەمی یاسـاکە زیـاد دەکرێـت و بەم شـێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

٥- خـــاوەن پڕۆژەکـــانی نیشـــتەجێبوون بە هەمـــاهەنگی لەگەڵ وەزارەت پابەنـــد دەبـــن بە دیزاینکردنی ڕێژەیەکی دیـاریکراو لە یەکەکانی نیشتەجێبوون بـۆ کەسانی کەم ئەنـدام بەپێـی خواست بە بەهایەکی کەمتـر لە یەکەکـانی تـری پـڕۆژەکە بە مەرجـی گونجانـدنی یەکەکە لەگەڵ بارودۆخی کەسەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی تۆمار بکـات، ئەو بەڕێزانە قسە دەکەن (کاك بختیـار، کـاك کـاروان، د.ڕێبـوار، کـاك بەهـجەت، سـلمە خـان)، کـاك بەختیار فەرموو.

**بەڕێز بەختیار شوکری اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم، پێنجەم: خاوەن پڕۆژەکانی نیشـتەجێبوون بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت پابەند دەبن بە دیزانکردن ڕێژەیەکی دیـاریکراو، لە یەکەکـانی نیشـتەجێبوون کەسـانی کەم ئەنـدام بەپێـی خواسـت بە بەهـایەکی کەمتـر لە یەکەکـانی تـری پڕۆژەکـان بە مەرجـی گونجانـدن یەکەکە لەگەڵ بـارودۆخی کەسـەکە، بە بەهـایەکی کەمتـر ئەوە وشـەیەکی مەتـاتیە، یەعنی ڕێژەی بۆ دانەنراوە، نسبەیەکی کەم چەنـد بێـت یـان زیـادبوونی چەنـدە، ئینجـا پێمباشـە ڕێژە دیاری بکرێت لە (١٥%) کەمتر نەبێت تا (٣٠%)یش زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسـەر ئەو مـاددە هەمـوارکراوە، هەمـان تێبینـیەکەی کـاك بەختیـارم هەیە پشتیوانی دەکەم لەوەی کە فەعلەن حەقە ڕێـژەیەك دیـاری بکرێـت، چـونکە مەتـاتیە ئەم ڕێـژەیە چەنــدە، خــۆی کــابرا میــنحەکەی ســەد و پەنجــا هەزارە و ڕێــژەیەك دیــاری دەکــرێ ڕەنــگە موستەسـمیرەکە لەو حـاڵەتە بڵێـت مـن (١٠%) دادەبەزێـنم، (٥%) دادەبەزێـنم، ڕەنـگە پـارەکە ئەوەنـدە زۆر بکـات هەر نەتوانێـت دوو سـەد سـاڵیش ئەمە دابـین بکـات ئەوە نـوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەمم: وشەی دیزاینکردن لێرە لابرێت ببێتە دابینکردن، چـونکە دیزاینکـردن لە ڕووی هەندەسیەوە ڕەنگە ئەشکالێك دروست بکات دیزانەکە بە جۆرێك بێـت جیـاواز بێـت لە بیناکـانی تر کە دروست دەکرێـت، بـۆیە وشـەی دیزاینکـردن بکـرێ بە دابینکـردن کێشـەکە ڕوونتـر دەکـات، پێموایە کە باشتر بێت لە پڕۆژە یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من ژی هەر ئەو تێبینە هەبوون، یەك ل سەر دیزاینکرن و ل سەر بەهای کەمتر لە یەکەکانی تر، راست پێژیتن ئەز ژی پشتگیریا کاك کاروانی دکەم کە تقیا بێن دابینکرن، یەعنی دیزاینکرن شێوەی دیزاین دکەتن کە ئیستیفادەی لێ بکەتن چاوا شێوەی چۆنە ژوورا وی، ئەو میکانزمێت ئەو پێتڤی پێ هەی تێدا دانیتن، سەبارەت بە بەهایێ وی ژی راستە تەئیدا کاك بەختیاری دکەم، ئەز پێشنیارێت دکەم ل ڤێرە بەهاییێت کەمتر لە یەکەکانی تر بۆ بکەنە یەعنی سعری کولفە بدەنە ئەوان، چونکە دبێژیت بەهایەکی کەمتر ل یەکەکانی دی، ئەگەر یەك سەد هەزار دۆلار بی ئەو دشێتن نەوەت و نۆ هەزار و نیڤا بدەتە وی، چونکە دبێژیتێ کەمترە، ژبەر هەندێ پێشنیار دکەین سعری کولفە بدەنە ڤانا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم هەمـوارە لەم بـڕگەیەدا بڕگەیەکی زۆر باشە، بەڵام زیاد لەهەر کەسێکی تر کە پێویستی بە دیزاینێکی زۆر تایبەت بێت کەسانی کورتەباڵاکانن کە تەنها یەك باڵەخانە لە پارێزگای سلێمانی ئەوەندەی من بزانم لە ئاستی هەموو کوردستاندا باڵەخانەی تیابەتن بە کورتە باڵاکان، وە دیزاینی بیناکە دیزاینێکە هاوشێوەی پێداویستیە کورتە باڵاکانە، بۆیە ئەم ماددەیە بۆ دابینکردنی ئەوەی لەگەڵ کەسانی کەم ئەندامە کورتە باڵاکان زۆر گرنگە، چونکە دیزاینی بینای ئەوان زۆر پێویستی و تایبەتی ترە لەگەڵ ئەوەدا کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵاکان لە ناویدا جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بابەتی دیزاینکردن جاری من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەم خاڵە، بەڵام لەسەر مەسەلەی دیزاینکردنەکە دیزاین مەبەستی ئەوەیە کە تۆ یەکەیەکی نیشتەجێبوون دابین بکەی بە مواسەفات یە بە دیزاینی خاوەن پێداویستی تایبەت، لێرە مەبەستەکەی ئەوەیە، بەڵام ئەوەی کە تێبینیەکانی من چیە، من لەگەڵ وشەی دیزاینم لێرە بمێنێتەوە، بەڵام من لێرە دوو تێبینیم هەیە دەڵێت دیزاینکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو ڕێژەکەی دیاری نەکردووە، من پێشنیار دەکەم کە بکرێت (٥%) چۆن لە پرۆژەکانی بچووك و مامناوەند (٥%) بۆ بەکارخستنی کەم ئەندامان ئەواش بکرێت (٥%)، ئەوەی دیکەش کە کاك بەختیار باسیکرد بەهایەکەی دیاری نیە، ئەگەر لێرە ئێمە بەهایەکەی دیاری بکەین باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەتان لیژنەی تایبەتمەند، فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی دیزاینکردن و دابینکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە یەکە نیشتەجێبوونەکان لەو پڕۆژانەی کە لەمە بەدواوە بنیات دەنرێن لە هەرێمی کوردستاندا بۆ کەم ئەندامان، ئێمە کە دەڵێین کەم ئەندامان بەپێی ئەو هەموارەبێت ئەگەر گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت لە دەنگدانی بەڕێزتان دەردەکەوێت ئەوە، ئەوە هەمووی کەم ئەندامان دەگرێتەوە بە کورتە باڵاکانیشەوە، ئەگەر دیزاینەکەمان نووسیەوە ئەمە لە معاهەداتی نێودەوڵەتیدا هاتووە، دەبێت دیزاینی ناوەوەی ئەو شوێنانە تەنانەت شێوازی بیناکەش هەندێك جار ئەگەر بینایەك کەسێکی کورتە باڵایە یان کەسێکی کەم ئەندامی تێدابێت دەبێت لەسەر ئەو مواسەفاتانەی کە معاهەدات دیاریکردووە بۆ کەم ئەندامان بۆ ئەو شێوە فیئەی کەم ئەندامان دروست بکرێت بیناکە و تەرخان بکرێت، وە لە ئێستاشدا وەزارەتی تایبەتمەند لەیەك تێگەیشتنێکیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، وە هەموو ئەوەی نیشتەجێبوونانەی کە بنیات دەنرێن ڕێژەیەکیان هەیە کە وەزارەت خۆی کاری لەسەر دەکات و دواتر خۆیان قسەی لەسەر بکەن، ڕێژەکەی کە ئێمە دیاریمان نەکرد، ئێمە بەڕاستی لەبەر ئەوەیە دیاریمان نەکرد هەر کەم ئەندامێك ڕەنگە لەم پڕۆژەیە زۆر کەم ئەندام داوای یەکەی نیشتەجێبوون بکەن، بەڵام لە پڕۆژەیەکی کەمدا داوا بکەن، لەبەر ئەوە بۆیە ئێمە ڕێژەکەمان دیاری نەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقەکەی خۆمانین، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەوەی ئێمە بەبێ بەرامبەر دەدرێت بە کەم ئەندام بەو مەرجانەی کە دەبێت لەگەڵ ژیان و گوزەرانی کەم ئەندام بگونجێت، کە ئەوە دواتر ئەندازیار و ئەوانە لەگەڵ خاوەن پڕۆژەکە و لەگەڵ ئەندازیاری ئێمە دیزاینی دەکەن، ئێمە لەگەڵ ئەوەین وەك ئێستا شادی خانیش ئاماژەی بۆ کرد کاری لەسەر دەکەین، هەر ئێستا دوو پڕۆژە لە سلێمانی و هەولێر دروست دەکرێت یەکەی نیشتەجێبوون لە (٧%)یان داوە بە وەزارەتی کار بەبێ بەرامبەر ببەخشنە کەم ئەندامی شایستە، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقەکەی خۆمانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵام لە پڕۆژەکەی کە پێشکەشتان کردووە ناڵێین بێ بەرامبەر، کەلیمەی بێ بەرامبەری تێدا نییە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

با بۆت بخوێنمەوە دەڵێت: ئەو لایەنانەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون جێ بەجێ دەکەن پابەند دەبن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت بە تەرخانکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو تەرخانکردن یەعنی پێدان لە یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ خاوەن کەم ئەندامی کورتە باڵا بەو مەرجەی گونجاو بێت بۆ بارودۆخی گوزەران و جەستەییان، تەرخانکردنی واتە بێ بەرامبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وشەی بێ بەرامبەری بۆ زیاد دەکەین ئەگەر وابێت بۆ ئەوەی زۆر سەریح بێت، وازحە، ئێستا ئێوە تێگەیشتن حکومەت مەبەستی ئەوەیە بەبێ بەرامبەر بێت، پرۆژەکەی حکومەت باسی بەهای تێدا نییە، ئەوەی حکومەت بەس وشەی بێ بەرامبەری بۆ زیاد بکەی ئەوە نیەتی حکومەتە، بۆ ئێمە باسی بەها بکەین ئەگەر حکومەت خۆی لەوە باشتری دەوێت، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو سێ جاری تریش من ئەو تێبینیەم هەبووە لەسەر لیژنەی تایبەتمەند، تکایە ئەم تێبینیانەی کە ئێمە دەیڵێین لە ئەنجامی بەدواداچوون و موتابەعەکردنە، یەعنی بۆ ئەوە نییە کە ئێمە هەر شتێکمان گوت ڕوونکردنەوە بدرێت و بڵێ ئێمە مەبەستمان لە (z،y،x) بۆ ئەوەی کە تەواو حەلەکەی هەر ئەوەیە، بۆیە تکات لێدەکەین بە ڕووحیەتێك وەری بگرن ئەم تێبینیانە بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژە یاساکە و هەموارەکەن، یەعنی بۆ ئەوەی نییە کە ئێمە بەس تەنها موناقەشەی بکەین، ئەگەر بە تەنها مەبەست لە قسەکردنە من بەش بە حاڵی خۆم والله قسەش ناکەم تەواو، بەڵام ئەگەر مەبەست لەوەیە ئەگەر تێبینیەکانمان جێگایان بۆ بکرێتەوە تکایە ئەو هەموو موناقەشەی ناوێت لەوێ ڕوونکردنەوە بدرێت و بڵێت پێویست ناکات ئەمە هەبێت ئەوە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ خۆتیش لە لیژنەی تایبەتمەند بووی کە لێرەبووی وەڵامت داوەتەوە ئاساییە، دەزانی چۆنە لیژنەی تایبەتمەند حەقی خۆیەتی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی ڕوون بکاتەوە مەبەستیان لەو دەقە چیە، خۆ ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان لەوەی ئەوان باشتر بڵێن بێگومان بن وەری دەگرن، وە هەمووی یەکێکیش لە ئێمە رۆژێك لە رۆژان دەبینە ئەندامی لیژنەیەکی تایبەتمەند کە لێرە دادەنیشن هەمووی ئەوەی بۆ خۆمانی بە ڕوا دەبینین بە هەمان شێوە بۆ هاوڕێکانیشمان با بە ڕوا ببینین، بەڵێ، سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەمڕۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان نیگەرانن لە لیژنە تایبەتمەندەکان، وەکو پێشتریش جەنابت ئاگاداری ئێمە ئەرکی پەیڕەویمان جێ بەجێ دەکەین و دڵنیابن هەموو تێبینیەکان دەنووسرێت، بەڵام دیسان لیرەش تەئکید دەکەمەوە ئەو پێشنیارەی پشتگیری نەبێت ئەگەر لە راپۆرتی دەنگدان نەبێت ئەو واتەیە نییە کە ئێمە لیرە نانووسین یان ئیهتیمامی پێ نادەین، زۆر قسە دەکرێت، بەڵام هەر لەبەر موراعاتی کات وەڵام نادەینەوە، پێشتر مەسەلەن کاك کاروان خۆی باسی ئەوانەی کرد، ئەوە بە نیازبوون وەڵام بدەم بەس موراعاتی کات قسەم نەکرد، مەسەلەن کە باسی ئامێرەکانت کرد خاڵی دوو لە بڕگەی دووەم لە ماددەی دوازدە لە ئەسڵی یاساکەدا هەیە، بەڵام کە وەڵامم نەدا مانای ئەوەی نییە ئێمە تێبینیەکان بەرچاو وەرناگرین بە پێچەوانەوە هەندێ شت کە هەیە پێویست ناکات، هەر لەو کاتە کاك دکتۆر ڕێبواریش باسی

دەرفەتی ئەو کارانە، ئەو لای خۆم نووسیبووم کە وەڵام بدەم، دواتر پێویست ناکات هەندێ شت هەیە بۆ ئەوەی قسەیەك کرا زۆر باشە حەتا ئەگەر تیکراریش بێ ئیستیفادە دەکەین و بەبیرمان دێت، دڵنیابە وەری دەگرین و ئیهتیمایش پێدەدەین، هەندێ جار دەبێت وەڵام بدەین، مانای ئەوەی نییە کە ئێمە وەرنەگرین، نموونە من بە نیازبووم لە ماددەی پێش ئێستا قسە بکەم، بەڵام قسەم نەکرد، بەڵام ئێستا قسە دەکەم، هەندێ جار پێشنیار هەیە شێوازی پرسیارکردن جیاوازە و مەعقولە، مەسەلەن دەڵێن ئەوە بۆ ماددەی پێنجە بۆ لە دوای ماددەی پێنج هاتووە باسی ماددەی شەش دەکات، ئێ خۆی وایە یەعنی تووشی شەرمی کردم ئەو وەڵامە بدەم بەڕاستی، ماددەی پێنجی راپۆرتەکە هیچ عیلاقەی بە ناوەڕۆکی ماددەکە نییە کە باسی ماددەی بیست و سێ بکات یان باسی ماددەی چل بکات، ئێ هەندێك قەسە دەکرێت هەست دەکەم وەڵام بدەم کەسی بەرامبەر ئیحتیماله ئیحراج بێت، بەڵام تێبینیەکانتان بە هەند وەردەگرین دڵنیابن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

خاڵێك بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی دوازدەیەمی یاساکە بەزنجیرەی سێیەم زیاد بکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

٣- دەمەزراندنی ناوەندێکی پێشکەوتوو بۆ دەست نیشانکردنی پێوەرەکانی کەم ئەندامی و پێکهاتە و ئەرکەکانی بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت کە وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری تەندروستی دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات با ناوی تۆمار بکات، ئەو بەڕێزانەی ناویان تۆمارکردووە (کاك ادریس، کاك چیا، کاك حکمت، د.ڕێبوار، د.صباح)، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەری ئەز تێبینیا خۆ بێژم راستی ئەز هۆسا دبینم کو هەماهەنگیا پێویست ناڤ بەینا وەزارەتێ و لیژنەیا تایبەتمەند دانەبوویە، باشتربوو کە راستی بە تایبەتی لیژنەی تایبەتمەند گەل وەزارەتێ باش کارا خۆ کردبا پاشی ئەم هاتبانیە ڤی کۆبوونەوێ نها گەلەك جارا جەنابێ وەزیری تشتەکی بێژیت کە موخالفێ ئەو تشتە لیژنەیا تایبەتمەندیش، ژبەر هەندێ هێڤیدارم ل ئایندێدا ئەڤ هەماهەنگیە باشتر بیت، تێبینیا من سەر دەمەزراندنێ ناوەندەکی پێشکەوتووە بۆ دەست نیشانکردنی پێوەرەکانی کەم ئەندامی و پێکهاتە و ئەرکەکانی کە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت، ل ڤێرێ ئەز پرسیار بکەم ئایا دەمەزراندن ل ناوەند چ شیوازێ ناوەندێ بیت، چ جۆرە ناوەندەك بیت، پێتڤیە شەرحەك هاتبیە دانانێ ئەڤ ناوەندە چاوا بێتە دابەشکرن، چاوا بێتە ڕێکخستن،

ئایا شەرحەك لازمە یان تەنها ناوەندەكە، ئەڤ ناوەندە بۆ مە وازح نینە، ئەڤ ناوەندە بە چ شێوازێك بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا نجاة فەرمووو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە ڤی خالێ و بەراورد بکەین گەل یاسایێ چاكسازیێ ل دیف راپۆرتا ئێكێ یا لیژنەیا بالایێ چاكسازی ل وێرێ ئیشارەتا بە ناوەندێ دای كو دەست نیشان كەن پێوەرێت كەم ئەندامیێ، نزانم بۆچی لێرە هاتیە ئیشارەت پێكرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا صباح فەرمووو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆر گلەیی هەندێك جار لە ناوەندەكان و تەقیمەكانی كەم ئەندامان و ئەوانە دێنە كردن، من بە باشتر دەزانم كە لێرە دامەزراندنی ناوەندێكی پێشكەوتوو بۆ دەست نیشانكردنی پێوەرەكانی كەم ئەندامی وپێكهاتە و ئەركەكانی بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت كە وەزیر هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری تەندروستی دەربكەن، پێمباشە كە نوێنەری سەندیكاكانی پەیوەندیداریشی لەگەڵ بێت، چونكە نوێنەری ئەو خەڵكەن، زۆرجار گلەییمان بۆ دێت لە نەخۆشەكان كە بە دروستی ئەوە ناكەین، ئینجا ئەگەر نوێنەریان هەبێت باشتر دەزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ادریس فەرمووو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم و داواش دەكەم لەمەودوا كە یاسایەك هەموار بكرێت ئەسڵی یاساكەش لەگەڵ دابنێن، من لەو باوەڕەم كە زۆربەی بڕادەران و زۆربەی ئەندامە بەڕێزەكان ئەسڵی یاساكەیان لەبەر دەستیان نییە و نەیان بینیە و زانیاری تەواویان لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە سایتی پەرلەمان هەموو یاساكان هەن، ان شاءالله لە ئایندەیەكی زۆر نزیك قاعیدەی تەشریعاتی كوردستانیش دەكەینەوە كە هەموویان یاساكانی تێدابێت، د.ڕێبوار فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خـۆی معـاهەداتی دەولـی هەیە لەسـەر مـافی کەم ئەنـدامان، لەوێـدا بـاس لە پێوەرەکـانی کەم ئەندامیش دەکات، مادام ئەم پرۆژە یاسایە دان دەنێت بەو معاهەداتانە (already) دانی نـاوە بەو پێوەرانەی کە لە معاهەداتی دەولی هەیە لەو بـارەوە ئەوە خاڵێـك، خـاڵی دووەم: هەر لەم پـرۆژە یاسایە بۆ دەست نیشانکردنی کەسێك کە کەم ئەندامە ئیعتیماد لەسەر لیـژنەی پزیشـکی دەکـات، لیژنەی پزیشکی پسپۆڕ، بەڵام بۆ دانانی پێوەر دەست نیشانکردنی پێوەرەکـانی کەم ئەنـدام ئەوە بـاس لە دروسـتکردنی ناوەنـدێك دەکـات لەو بـارە، بـۆیە مـن پێمـوایە کە ئەمە بـابەتێکی زیـادە، چــونکە لە معــاهەداتی دەولــی لەو رووەوە هەیە ئەم پــرۆژە یاســایە ئیعتیرافــی کــردووە بە معاهەداتی دەولیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله داوا دەکەم ئیتـر مـن لە بیـر نەکەی ئەوە زۆر جـار وای لێهـاتووە، مـاددەی نـۆ، مـاددەی دە، ماددەی یازدە، لە هەر سێ ماددەدا یەعنی تەنهـا بـۆ ئەوەی بـڕگەیەك زیـاد بکرێـت لە مـاددەیەکی تردا ماددە دانانێ، ئینجا داوا دەکەم ئەگەر هەر سێ ماددە بکرێن بە یەك ماددە کە ئەو ناونیشـانە یان ئەو بڕگانە تێدابن کە لەو ماددەی تر زیادبن، یانیش هەر پێویسـت ناکـات هەر بـا لەو مـاددانە زیاد بکەن ئەو بڕگانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز کۆیستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك بەڕێزێـك باسـیکرد لە پەیـڕەوی جـێ بەجێکردنـی یاسـای چاکسـازی هـاتووە کە سـەنتەری دەســت نیشــانکردنی کەم ئەنــدامی دروســت بکرێــت، دیــارە دەســتمان پێکــردووە، بینامــان وەرگرتـووە، دەرخەسـتەمان کـردووە، پەیـڕەو و رینماییەکانیمـان نووسـیووە لە ئەنجـوومەنە بـۆ پەسەندکردنی، بەڵام من پێمباشە لە یاساکەهەبێت، گرنگە، با لەو پەیـڕەوش هەبێـت و کـاری لەسەر کرابێت، بەڵام ئێمە پشتگیری لە دەقەکەی خۆمان دەکەیـن، لەبەر ئەوەی کە ئەوەی لیـژنەی بەڕێـز کردوویەتــی دەســت نیشــانکردنی پێوەرەکــان وەکــو یەکێــك لەو پەرلەمانتــارە بەڕێــزانە باسیکرد دەست نیشانکردنی پێوەر پێشتر وەزارەتی کار لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی پێوەرەکان دادەنێن ئەم پێوەرانە لای سەنتەری دەسـت نیشـانکردنی کەم ئەنـدامی دەبێـت، کەم ئەنـدامیەکە بەپێی ئەو پێوەرە پشت راستی دەکاتەوە کە کەم ئەندامە یان نا، بۆیە ئەم سەنتەرە بۆ سـەنتەری دەست نیشانکردنی پێوەر نیە، پێـوەر پێشـتر دادەنـدرێت، ئەم سـەنتەرە بەپێـی ئەو پێـوەرە کەم ئەندامیەکەی پشت راست دەکاتەوە بـۆ ئەوەی کە مـاف و ئیمتیازەکـانی وەربگرێـت، بـۆیە لەگەڵ دەقەکەی خۆمانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکە زۆر بە جێیە، وشەی پێوەرەکان دەبێت لابەن، بەڕێزان، ماددەی دوای ئەوە بخـوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

مـاددەی (١٠): بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی سـیانزەی یاسـاکە هەمـوار دەکرێـت و بەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:.

یەکەم: لایەنە پەیوەندیـدارەکان لە حکومەت پابەنـدن بە رەخسـاندنی هەلـی چـالاکیە وەرزشـی کۆمەڵایەتیەکان بۆ کەم ئەندامان و یارمەتیدانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو وەرزشانەی کە دەگونجێت لەگەڵ بارودۆخیان، ئەمەش لە ریگەی:

١ -گونجاندن و دروستکردنی یاریگا و هۆلی وەرزشی و خێوەتگە و یانەی تایبەت.

٢ -پابەندکردنی لاینەکانی تـری خـاوەن یاریگـا و هـۆل و یـانەی وەرزشـی بە دابینکردنـی بەش و شوێنی تایبەت کە تێیدا بتوانن وەرزش و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجام بدەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، کـێ قسـەی هەیە لەسـەر ئەم مـاددەیە، ئەوانەی دیانەوێـت قسـە بکەن (مامۆستا نجاة، کاك شوان، د.ریبوار، کاك فیصل، سلمە خان)، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم (شوان زراری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمباشە خاڵی سێیەم زیاد بکرێت حکومەت پابەند بکرێت بە دروسـتکردنی رێـڕەوی تـایبەت بە کەم ئەندامان لە شوێنە گشتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ریبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك ئیـزافەم هەیە بـۆ کۆتـایی دێـری خـاڵی دووەم کە دەڵێـت پابەنـدکردنی لایەنەکـانی تـری خاوەن یاریگا و هۆل و یانەی وەرزشـی بە دابینکردنـی بەش و شـوێنی تـایبەت کە تێیـدا بتـوانن وەرزش و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکـان ئەنجـام بـدەن، هەروەهـا بەشـداریان پـێ بکرێـت لە چـالاکیە وەرزشیە نێودەڵەتیەکان وەکو ئۆلۆمپیاد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فیصل فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــن لە مــاددەی دە بــڕگەی یەکەم خــاڵی یەکەم کە پێکهــاتووە لە یەك و دوو، گونجانــدن و دروسـتکردنی یاریگـا و هـۆلی وەرزشـی و خیـوەتگە و یـانەی تـایبەت، پێمباشـە لە سـەیرانگە و خوێندنگاکان و شوێنە گشتییەکان زیاد بکرێت وەکو ئەوەی حانوت هەبێت لە تـابقی سـێش کەم

ئەندام ناتوانێت بچێتە سەرەوە، وە بڕگەیەکیش دەمەوێت زیاد بکرێت هەم هاوڕام لەگەڵ کاك شوان ئاسانکاری لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بۆ پیادە ڕۆیی پەڕینەوە لە شەقامە سەرەکیەکان بۆیان بکرێت، نەکە لەوەی لە شەقام خەڵك دەیان پەڕێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بەس پەیوەستە بە چالاکیە وەرزشیەکان زیاتر، سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ئەسڵی یاساکە بکەین ئەم ماددەیە لە ئەسڵی یاساکە زۆر باشترە لەوەی کە ئیستا هەیە، دوو خاڵی زۆر گرنگیان لابردووە، خاڵی یەکەمی ماددەکە کراوە بە دوو خاڵ لە یەکەمەکە دانـراوە وەکـو ڕەقەم یەك لەگەڵ ئەوەی کە نووسـراوە یەکەم هەر بـڕگەی یەکەمـی مـاددە ئەسڵەکەیە لە ڕاستیدا، دوو خاڵی زۆر گرنگیان لابردووە لەسەر حکومەتە پشتیوانی لە بەشداری پێکردنی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی بکات لە پرۆگرامەکانی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی وەرزشیدا کە زۆر گرنگە وەکو ئەوەی کە کاك دکتۆر ڕێبواری پێشنیاریکرد، لە خاڵێ سێیەم دەڵێت کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کرێی چوونە ژوورەوەیان بۆ شوێنەکانی وەرزشی و کەلتوری و کات بەسەربردن و شوێنەواری حکومیدا دەبەخشرێن، یەعنی ئەوە دوو خاڵی زۆر گرنگن هەردوو خاڵەکە لابراوە، یەعنی هیچ مانایەك لێکدانەوەیەك لە ناو ئەو هەمـوارەدا بـۆ ئەمە نییـە، بـۆیە مـن پێشـنیار دەکەم ئەوەی کە نووسـراوە یەکەم لایەنە پەیوەندیـدارەکان لە حکـومەت ئەوە لابرێــت، وە ئەوەی کە نووســراوە گوونجانـــدن و دروستکردنی یاریگا خۆی لە ئەسڵی ماددەکە لە بڕگەی یەکەم هەیە، تەنها خاڵی دووەم بکرێت بە بڕگەی چوارەم زیاد بکرێت پابەندکردنی خاوەن یاریگاکان بکرێتە بڕگەی چوارەم لە ئەسڵی ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام دەستکاری بڕگەی دووەم و سێیەم بە هیچ شێوەیەك نەکراوە، بڕگەی دووەم و سێیەم هەر وەکو خۆی ماونەتەوە، بە تەنها بڕگەی یەکەمی ماددەکە ئەوەی دەبێت حکومەت کرێ بدات و ئەو ئیلتیزاماتانەی چی لانەدراوە، بەڵێ، نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا دە یەکەم، ل ڤێرە تڤیا حکومەت ئیشارەتێ خاڵەکا دی بدات کو بێتە زێدە کرن ئەو ژی ڕەخساندنی هەلی کار، چونکە گەلەك جارا هەلی کار هەیە بۆ کەم ئەندامان بەس یا وەختیە، نە یا دائیمیە، دیجا ژبەر هەندێ ل ڤێرێ ئەگەر هەلی کاریش زێدە ببیت دێ باشتر بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز کۆیستان محمد/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار لەگەڵ دەقەکەی ئێمە هیچ جیاوازیەکی ئەوەتۆی نییە، بۆیە پشتگیری دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرمووم.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

مـاددەی (١١): زیـادکردنی سـێ بـڕگە بە زنجیرەکـانی سـێیەم، چـوارەم، پێـنجەم بـۆ مـاددەی چواردەیەم بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:.

سێیەم: ١- هەر کەسێك کەم ئەندامێك بێ بەش بکات یان کارێك بکات ببێتە مایەی بێبەشکردنی لە پیادەکردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هـاتوون ئەوە بە پـێ بژاردنیـك کە لە یەك ملیـۆن دینـار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

٢ -کەسی هاوبەش لەو سەرپێچیەی لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیەدا هاتووە هەمان مامەڵەی کەسـی بکەری لەگەڵدا دەکرێت.

٣ -لە حـاڵەتی گەڕانەوە بـۆ سـەرپێچیەکە بە بەهـای پـێ بـژاردن لە خـاڵی یەکـی ئەم بـڕگەیەدا دەقنووسکراوەتەوە دەبێتە دوو هەندە.

چــوارەم: هەر کەســێك بە مەبەســتی بەهەرەمەنــدبوون بە نــا شایســتەیی لە هەر مــافێکی دەقنووسکراو لەم یاسایەدا بە ساختە خۆی بکاتە کەسێکی کەم ئەندام یـان سیفەتی هەڵبگرێـت یان لەگەڵیدا بەشداربێت یان هاوکـاری بکـات ئەوە بە پـێ بژاردنێـك لە دوو ملیـۆن و پێـنج سـەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

پێنجەم: ئەگەر کرێکار لە کـارەکەی بـێ بەش بکرێـت بەهـۆی ئەوەی کەسێکی کەم ئەنـدامە ئەوە دەبێـت قەرەبـوویەکی پـێ بـدرێت کە بـڕگەی یەکسـانی کرێـی کـارەکە بێـت لە رێکەوتـی بـێ بەشکردنیەوە بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، ئەمەش وەك قەرزێکی نایاب (ممتاز) هاوشـێوەی کرێــی کرێکــار هەژمــار دەکرێــت، بڕیــاری قەرەبــووکردنەوەکەش تەنهــا ئەو کــاتە هەڵدەوشـێتەوە کە کەسـی بێبەشـکراو بچێـتەوە سـەر کـارەکەی لە هەمـان شـوێن و هەمـان رێکەوت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یازدە کێ قسەی هەیە؟ سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی یـازدە مـن پێشـنیار دەکەم کە لە زنجیـرەی سـێیەم و چـوارەم، یەعنـی هەدەفەکە سزادانە لێرە، بۆیە مـن وام پێباشـە سـزا دەدرێـت کە لە کۆتـایی هـاتووە بەو شـێوەیە لێبکرێـت (هەر کەسـێك کەم ئەنـدامیك بـێ بەش بکـات یـان کارێـك بکـات ببێـتە مـایەی بـێ بەشـکردنی لە پیـادەکردنی ئەو مافـانەی لەم یاسـایەدا هـاتوون ئەوە بە پـێ بژاردنێـك کە لە یەك

ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت)، ئەو سزا دەدرێتە بهێنرێتە پێشەوە، وای لێبکەین ئەوە سزا دەدرێت بە پێ بژاردنێك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزایەکە بهێنرێتە پێشەوە، لە زنجیرەی چوارەمیش بە هەمان شێوە، چونکە قوەتێکی زیاتری دەبێت، چونکە کە هەدەفەکەی سزادانە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام لە نووسینی کوردیدا ئەوە ڕێگە دروستەکەیە، یەعنی کردارەکە دەخرێتە ئەخیرەوە، سەبارەت بە قوەتەکەش بڕوا ناکەم کاریگەری لەسەر قوەتەکە هەبێت، دەستت خۆش بێت، بەڵێ، بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوە زیادکراوە لە پڕۆژەکەی بەڕێزتاندا نییە ئەو سزایانە، قسەتان هەیە لە بارەیەوە، فەرموو.

**بەڕێز کۆیستان محمد عبدالله/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ زیادکردنی بڕگەی سێیەم و چوارەمین، وە کارێکی باشە، بەڵام لەگەڵ بڕگەی پێنجەم نین، یەکەم: ئەمە شوێنی نییە، یەعنی ئەم بڕگەیە هیچ پەیوەندی بەم ماددەیەوە نییە، دووەم: ئێمە پێمانوایە نووسینی ئەمە ئەگەر لە پێشتریش لەو ماددەیەبووایە کە باسی دەست نیشانکردنی ڕێژەیەك دەکات بۆ خاوەن کار ئەگەر بشمان نووسیایە ئەم قازانج بە کەم ئەندامان ناگەیەنێت، ئەمە وا دەکات خاوەن کار هیچ کەم ئەندامێك وەرنەگرێت لەبەر ئەمەی دەخرێتە سەری ئەو باڵە، ئێمە لە یاسای کار و لە یاسای خانەنشینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی بەداوداچوونەکانمان لە بەڕێوەبەرایەتی کار ئەم کێشانە چارەسەر دەکەین، بۆیە نە شوێنەکەی شوێنی ئەم بڕگەیەیە ئەم خاڵەیە پێنجەم، وە بە دیوێکی تردا کاریگەری نەرینی دەبێت لەسەر ئەوەی کە خاوەن کار کەم ئەندام وەربگرێت لە پڕۆژەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە خاڵی سێیەم زیادەیە، تەحسیل حاسڵە هەبێت یان نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەحکامی عیقابی هەیە لە ناو قانونی ئەسڵی یاساکە، خاڵی چوارەم: هەر کەسێك بە مەبەستی بەهرەمەندبوون بە نا شایستەیی لە هەر مافێکی دەقنووسکراو لەم یاسایە بە ساختە خۆی بکاتە کەسی ئەندام یەعنی ئەوە لەگەڵ تەحەیل و تەزویریەتی حەتمەن، بۆیە دەبێت دیباجەیەکی بۆ دانێین بۆ ئەم ماددەیە بڵێین جگەلەو عقوبانەی کە لە یاسا عیقابیەکان تەحدیدکراوە بۆ مەسەلەی تەزویر و تەحایل، ئینجا بەو غەرامەیەش تەغریم دەکرێت ئەو کەسەی تاوانەکە دەکات، چونکە ئەسڵەن ئەوەی دەیکات تاوانە، کەواتە تەحایل و تەزویر هەردووکی لە قانونی عقوبات نەصی لەسەرکراوە، لێرانە بەس غەرامە تەحدیدکراوە، بۆیە بڵێین ئەو دیباجەیە زۆر گرنگە کە بڵێین جگەلەو عقوباتانەی تەحدیدکراوە لە یاسا بەرکارەکان بەو غەرامەیەش عقوبە دەدرێت، بڕگەی پێنجەم بە رای من بڕگەیەکی زیادەیە، لەبەر ئەوەی وازحە هەر کاتێکی هەڵە هەبوو، زەرەر

هەبوو عیلاقەی سەبەبی هەبوو مەسەلەی قەرەبوو تەعویزاتیش ئەوە هەمووی ئەحکام عـامەیە، وە موقەدیمەی بڕگەی پێنجەمیش کە دەڵێت ئەگەر کرێکار لە کـارەکەی بـێ بەش بکرێـت بەهـۆی ئەوەی کەسێکی کەم ئەندامە، یەعنـی سـەلماندنی ئەوەی دائیمەن ئەو ئیـدیعای ئەوە دەکـات کە کەم ئەنـدامە بـۆیە بـێ بەشـکراوە، بەڵام لەوانەیە رب العمـل، صـاحب العمـل مـوبەریری دیـکەی هەبێت لەوەی کە بێ بەشیکردووە لە کارەکەی، بۆیە پێموایە سەلماندنی ئەو راستیە کـارێکی زۆر قورسـە هەتـا بـۆ مەحـاکمیش، لەبەر ئەوەی ئەو دائـیمەن ئیـدیعای ئەوە دەکـات کە کەم ئەنـدامە بۆیە بێ بەشکراوە لە کارەکەی، تەئیدی وەزیری تایبەتمەنـد دەکەم بـڕگەی پێـنجەم هەڵبگیرێـت و بڕگەی چوارەمیش ئەگەر بکرێت ئەوەی بۆ زیاد بکرێت زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکی دروستە سەبارەت بڕگەی چوارەمەوە، یەعنی ئەوانەی ئیتیحالی سەخصیە و تەحایـل و تەزویر و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢): وەزیـری کـار و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزیـری تەندروسـتی پێویستە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیاز دەکەم مـاددەیەك بە تەسەلسـولی مـاددەی دوازدە زیـاد بکرێـت و ماددەکـانی تـر تەسەلسـولی دوای ئەوە وەربگـرن و ئەو تەسەلسـولەی لێـرە لە هەمـوارەکە داڕژراوە، دەقـی ماددەکەش بەم شێوەیە بێـت (هەر یەکێـك لەم بڕگـانەی لەم یاسـادا هـاتوون کەم ئەنـدامان لێـی سـوودمەند دەبـن بە لەبەر چـاوگرتنی یەکسـانی جەنـدەری جـێ بەجـێ بکـرێن، چـونکە لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن ژنانی کەم ئەنـدام زۆر زیـاتر لە ژنـانی تـر رووبەرووی توونـد و تیـژی دەبنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە، یەکێك لە هۆکارەکە سەرەکیەکانی ئەوەیە کە بەشـێکی زۆر لەو یاسا و ڕێنماییانەی کە بۆ کەم ئەندامان دەر دەچێت بە لەبەر چاوگرتنی یەکسانی جەنـدەری جـی بەجێ ناکرێت، وە ژنانی کەم ئەندام دووبـارە لەوێ دووجـار زەرەرمەنـد دەبـن، جارێـك لەوەی کە یاساکان یـان ڕێنماییەکانیـان لێـی سوودمەند نـابن وەك پێویسـت، جـارێکیش لەبەر ئەوەی لێـی سوودمەند نەبوون لە خێزانەکانیانەوە دەکەونە بەر ئەوەی کە رووبەرووی توونـد و تیـژی ببـنەوە بە هەموو جۆرە جیاوازیەکانیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی سێزدە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٣): کـار بە دەقـی هـیچ یاسـایەك یـان بڕیارێـك ناکرێـت کە لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس قسـەی هەیە لەسـەر ئەم مـاددەیە؟ کەس نیـیە، پرۆتۆکـۆلیە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤): پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسـایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم مـاددەیە؟ کەس نیـیە، مـاددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــاددەی (١٥): ئەم یاســایە لە ڕێکەوتــی بڵاوکــردنەوەی کە لە ڕۆژنــامەی فەرمــی (وەقــائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، کەس قسـەی هەیە لەسـەر ئەم مـاددەیە؟ کەس نیـیە، هۆیەکـانی دەرچوواندن بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن

بە مەبەسـتی گوونجانـدنی مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدام و کـورتە باڵایـان و لەگەڵ سـتاندارە نێودەوڵەتیەکـان و ڕەخسـاندنی هەلـی کـار و پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری گونجـاو لەگەڵ بـارودخۆی گـوزەران و ژیـانی تایبەتیـان و مسـۆگەرکردنی مافەکانیـان لە بـواری تەندروسـتی کـۆمەڵایەتی پەروەردەیـی و نهێشـتنی ئەو کەم و کورتیـانەی لە جـێ بەجێکردنـی یاسـای ژمـارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، کەس قسـەی هەیە؟ ئەم نـاوانەی دەیانەوێـت قسـە بـکەن (کـاك شوان، کاك ڕێبوار)، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم (شوان زراری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەو دەبێت هەر پێشنیارێك یان تێبینیەك لەسەر پێشنیازە یاسایەك، لەسەر گۆڕانی بڕگەکان دەبێت زیاتر لە پشتگیریەکی هەبێت، کەچی ئەندامانی بەڕێز پێشنیارەکان دەکەن هیچ پشتگیریەکیان نییە، ئایا لە رووی یاساییەوە لیژنەی یاسایی پێداچوونەوە بە بڕگەکان دەکات یان نا؟ نازانم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان مولاحەزەی هەبوو یان نا، دووبارەی دەکەمەوە، بەپێی پەیڕەو دەبێت هەر پێشنیارێك کە ئەندامە بەڕێزەکان پێشنیارێك دەکەن لەسەر بڕگەیەك دەبێت زیاتر لە پاڵپشتیەکی هەڤاڵانی هەبێت، کەچی ئێمە وەکو ئەندامان هەر پێشنیارەکان دەکەین و هیچ پاڵپشتیشمان نییە، نازانم لە رووی یاساییەوە ئایا لیژنەی یاسایی دوایی بە ئیعتیباری وەردەگری یان هەر بۆ خۆمان سوالفەی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش لەم جەلسەیە و لە دانیشتنی رابردووش ئاماژەمان پێکرد وەکو لیژنەی یاسایی ئێمە ملکەچین بە پەیڕەو، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش دیارە ئەو پێشنیارانەی دوو پشتگیری هەبێت نە یەك، دوو پشتگیری هەبێت ئەوە لە لایەك، حاڵەتێکی تریش هەیە پەیڕەو ئیستسنای کردووە ئەخیر کەس پێش ئەخیر کە قسە دەکات وەری دەگرین، بەس هەندێك حاڵەت هەیە دەستەواژەیەکی مەعقولە حەتا هیچ پشتگیریشی نەبێت یەك کەس پێشنیاری کردووە ئەگەر زەروریێت، دروست بێت لە رووی قانونیەوە دەستەواژەیەك بێت ئێمە زۆر جار بە هەند وەردەگرین، حەتا لێرەش مەسەلەن حاڵەت هەبووە مەسەلەن رەخنە لە لیژنەی یاسایی گیراوە بۆ ئەوە پشتگیری نەبووە بۆ ئەو پێشنیارە وەرگیراوە، لیژنەی هاوبەش تەوزیحماننداوە، موحتەمەلە ئەو دەستەواژەیە باشترە یان ئەو دەستەواژەیە لە یاساکانی تر بەکار هاتوون ئەو حاڵەتانەش هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی عام لێرەش تەئکید دەکەمەوە بەپێی پەیڕەو ئەوەی پشتگیری نەبێت لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دا جێگەی ناکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ریبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتیەکان و معاهەداتی نێودەوڵەتی دەستەواژەیەك یان رستەیەك گرنگە لەوێدا هەیە پێمباشە و بە گرنگی دەزانم ئەگەر لە هۆیەکانی دەرچوواندنیش هەبێت ئەویش کە بریتیە لەوەی نەهێشتنی جیاکاری لەبەرمبەریان، بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە ئەم رستەیە ئیزافە بکرێت بۆ هۆیەکانی دەرچوواندن بەو شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:-

هۆیەکانی دەرچوواندن: بە مەبەستی گونجاندنی ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و کورتە باڵایان لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتیەکان و رەخساندنی هەلی کار و پێشکەکردنی خزمەتگوزاری گونجاو لەگەڵ بارودۆخی گوزەران و ژیانی تایبەتیان و مسۆگەرکردنی مافەکانیان لە بواری تەندروستی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و نەهێشتنی جیاکاری لەبەرامبەریان، وە نەهێشتنی ئەو کەم و کورتیانەی لە جێ بەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، موناقەشەی ئەم قانونە تەواوبوو، زۆر سوپاسی ئەمادەبوونی بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، تێبینیەکانیان بە هەند وەردەگرین و دەیگونجێنین لەگەڵ ڕوانگەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزتان دەتوانن پشووی خۆتان وەربگرن، بەڕێزان، ئێستا دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار دەکەین، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، دەتوانن بچنەوە شوێنەکانی خۆتان، داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین بێنە سەر سەکۆی تایبەت بە لیژنەکان، بڕگەی سێیەم خاڵی دووەم خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای رەسمی پولی عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان_عێراق، بەڕێزان، بەیانیش دانیشتن بەردەوام دەبێت، وە لیژنەکان ڕادەسپێرین بۆ ڕۆژی پێنج شەممە بۆ دەنگدان ڕاپۆرتەکانیان ئامادەبێت بۆ ئەم پڕۆژەیە، دەست پێ بکەن، فەرموون.

**بەریز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٢٢)، کاتژمێر (١١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجاندا بە مەبەستی پێداچوونەوەی داڕشتنی یاسای دژ نەبوون لەگەڵ دەقەکانی دەستوور و یاسای کار پێکراوەکان بەپێی حوکمی ماددەی (٨٥)، بڕگەکانی (١،٢،٣) سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسا بەرکارەکانی یاسای ڕەسمی پول لە عێراق ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەی خوارەوە بۆ کرد:_

پڕۆژە یاسا بەرکارەکانی هەمواری پیادەکردنەوەی یاسای ڕەسمی پولی ئیتیحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی (١): یاسا ڕەسمی پولی ئیتیحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان_عێراق، بەرکار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

ماددەی (٢): پیادەکردنی حوکمی بڕگەکانی پێنجەم لە ماددەی پێنج یاسای هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێـنجەم: پێـدانی ڕەسـم سـەپێندراو لە مـاددەکە بەم شـێوازە دەبێـت کە وەزیـر دیـاری دەکـات و دەبێت وەزیری سوودی دواکەوتن بسەپێنێت لە حـاڵەتی دواکەوتـن لە پێـدانی ڕەسـم ئەمەش بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت بەپێی یاسا.

ماددەی (٣): پیادەکردنی حوکمی بڕگەی سێیەم لە ماددەی شازدەی یاساکە رادەگیرێت.

ماددەی (٤): پیادەکردنی حوکمی هەردوو بڕگەی پێـنجەم و شەشـەمی مـاددەی بیسـت و پێنجـی یاساکە رادەگیرێت.

مـاددەی (٥): دەمەزراوە و فەرمانگەکـانی هەرێمـی کوردسـتان_عێـراق ئەوانەی خـاوەن پۆسـتن تیانـدایە جێگـای دامەزراوە و فەرمـانگە ئیتیحادیەکـان، ئەوانەی خـاوەن پۆسـتن تیانـدا لە هەر شوێنکی ئەم یاسایە هاتبن دەگرێنەوە.

مــاددەی (٦): یاســای ڕەســمی ژمــارە (٣)ی ســاڵی (١٩٩٣) لە هەرێمــی کوردســتان_عێــراق هەڵدەوەشێتەوە.

مـاددەی (٧): وەزیـری دارایـی و ئـابووری ڕێنمـایی بـۆ ئاسـان جـێ بەجێکردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەردەکات.

مـاددەی (٨): ئەنجـوومەنی وەزیـران و لایەنـی پەیوەندیـدارەکان حوکمەکـانی ئەم یاسـایە جـێ بەجی دەکەن.

ماددەی (٩): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیـارێکی نـاکۆك لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسـایەدا ناکرێت.

مــاددەی (١٠) :ئەم یاســایە لە دوای تێپەڕبــوونی (٦٠) ڕۆژ بەســەر ڕێکەوتــی بڵاوکــردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن

بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەرچوواندنی یاسای ڕەسمی پول ژمـارە (٣)ی سـاڵی (١٩٩٣) لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لەبەر ئەو پێشکەوتنانەی ڕوویداوە لە جـۆری قەبـارەی ئەو خزمەتگوزاریــانەی حکومیــانەی داخوازرێــت پێشــکەش بکرێــت بــۆ ئەوەی ڕەســمی لەگەڵیــان بگونجێنرێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکاریانە بەسەر بەهـای دروا چـالاکی ئابووریـدا هـاتووە، لە پێناو یەکخستنی ڕەسمی پول لە هەرێم لەگەڵ هاوتایەکەی لە عێراق ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ناونیشانەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشـانی یاسـاکە پـرۆژە یاسـای بەرکـارکردنی هەمـواری پیـادەکردنی یاسـای ڕەسـمی پـولی ئیتیحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسـەر ناونیشـانی یاسـاکە؟ کەس نیـیە، ماددەی یەك بخوێننەوە، فەموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـــاددەی (١): یاســـا رەســـمی پـــولی ئیتیحـــادی ژمـــارە (٧١)ی ســـاڵی (٢٠١٢) لە هەرێمـــی کوردستان_عێراق، بەرکار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تۆزێك ئەوا رێکی بخەینەوە بەرکار دەکرێت و هەمواری پیادەکردنەوەی دەکرێت، ئەگەر پێویست بکات، تۆزێك رەکیکە، کەس قسەی نییە، ماددەی دوو بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢): پیادەکردنی حوکمی بڕگەی پێنجەمی ماددەی پێنج یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێنجەم: پێدانی رەسم سەپێندراو لەو ماددەیە بەو شێوازە دەبێت کە وەزیر دیاری دەکات و دەبێت وەزیری سوودی دواکەوتن بسەپێنێت لە حاڵەتی دواکەوتن لە پێدانی رەسم ئەمەش بە رێنماییەك رێك دەخرێت بەپێی یاسا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ (کاك مەلا ویسی، سوسن خان)، کاك مەلا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی دوو پێشنیارێکم هەیە کە دەڵێت بڕگەی پێنجەم پێدانی رەسمی سەپێندراو لەو ماددەیەدا بەو شێوازە دەبێت کە وەزیر، بنووسرێت وەزیری تایبەتمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم لە راستیدا لێرەش هەمان ئەوە تێکەڵکراوەتەوە لەگەڵ یاساکەی پێشوودا هاتبوو کە دەڵێت پیادەکردنی حوکمی بڕگەی پێنجەمی ماددەی پێنجی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، من پێشنیار ئەو دەخوێندرێتەوە هەڵبگیرێت بکرێتە پیادەکردنی حوکمی بڕگەی پێنجەمی ماددەی پێنجی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەبێت، پاشان ئەوەی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها کۆتایی بڕگەی ماددەکە دەڵێت ئەمەش بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێت بەپێی یاسا، یەعنی چۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە تەنها ئێمە یەك وشەمان بۆ گۆڕیووە کە لە یاساکە وا هاتووە دەتوانێت، ئێمە لە پێناوی بەدیهێنانی دادپەروەری ئەوەمانکردووە بە دەبێت بۆ ئەوەی هیچ جیاوازیەك نەکرێت، دادپەروەرانە یاساکە جێ بەجێ بکرێت، ئەگەر نا خۆی دەقی یاساکە بەو شێوە هاتووە، ئێمە ئەو وشەیەمان بۆ گۆڕیووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گۆڕینی ئەو وشەیە حوکمی ماددەی بە تەواوەتی گۆڕیووە، راستە یەك وشەیە، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکانی بەڕێز مەلا ویسی، وەزیر موعەرەف لە قانونەکەدا، قانونەکە هەیە لەبەردەستمانە لەبەر ئەوە هاتووە وەزیر، چونکە لە ماددەی یەك تەعریفکراوە وەزیر وەزیری داراییە، سەبارەت بە قسەکانی سوسن خانیش لە راپۆرتی تریش و لەسەر ئەم راپۆرتەش ئەو پێشنیارەی کردووە، تەقریبەن ئەوەی من بینیوومە سەیرم کردووە لە پرۆتۆکۆل و لە ئەرشیفی پەرلەمان کە راپۆرتی تەعدیل ئامادە دەکرێت بەم شێوەیە ڕۆیشتووە کە دەڵێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەیە لە راپۆرتەکانی کۆنیش هەر وا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣): پیادەکردنی حوکمی بڕگەی سێیەمی ماددەی شازدەی یاساکە رادەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤): پیادەکردنی حوکمی هەردوو بڕگەی پێنجەم و شەشەمی ماددەی بیست و پێنجی یاساکە رادەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): دەمەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان_عێراق ئەوانەن خاوەن پۆستن تیاندا جێگای دامەزراوە و فەرمانگە ئیتیحادیەکان و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیاندا لە هەر شوێنکی ئەم یاسایە هاتبن دەگرنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نییە، ماددەی شەشەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦): یاسای رەسمی پول ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٣) لە هەرێمی کوردستان_عێراق هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نییە، ماددەی حەوتەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧): وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك سعید فەرموو.

**بەڕێز سعید مصطفى تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوت وەزیری دارایی و ئابووری بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی، ئەگەر ئەو وشەی ئاسان لابرێت، وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی بۆ جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨): ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجی دەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، ماددەی نۆیەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): ئەم یاسایە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) ڕۆژ بەسەر ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەرچوواندنی یاسای ڕەسمی پول ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٣) لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لەبەر ئەو پێشکەوتنانەی ڕوویداوە لە جۆری قەبارەی ئەو خزمەنگوزاریە حکومیانەی داخوازرێت پێشکەش بکرێن بۆ ئەوەی ڕەسم لەگەڵیان بگونجێنرێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکاریانە بەسەر بەهای دروا چالاکی ئابووریدا هاتووە، لە پێناو یەکخستنی ڕەسمی پول لە هەرێم لەگەڵ هاوتاکەی لە عێراق ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ کەس قسەی نییە، فەرموون بەڕێزتان بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، بڕگەی کۆتایی بەرنامەی کار جێ بەجێ دەکەین، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی دارایی، پڕۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)، فەرموون لیژنەی وزە دوو کەستان بێنە سەر سەکۆی لیژنەکان، پێنج شەممە دەنگدان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٢١)، کاتژمێر (١١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی

دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کار پێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی یەکەم و سێیەم سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی وزە و سامانە سرووشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی، تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای وەبەرهینانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو، لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە:-

پڕۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراوی ئێتیحادی لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

ماددەی (١): یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان_عێراق، بەرکار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

ماددەی (٢): پیادەکردنی بڕگەی یەکەم لە ماددەی سێی یاساکە رادەگیرێت.

ماددەی (٣): پیادەکردنی بڕگەی دووەم لە ماددەی چواری یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

دووەم: پێکهاتە کارگێڕیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدانی پیشەسازی لە وەزارەت لەلایەن وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە رێنماییەك دیاری دەکرێت.

ماددەی (٤): پیادەکردنی ماددەی حەوتی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

یەکەم: مەرجە ئەو کەسە سرووشتیەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی یان خاوەنداریەتی پرۆژەیەکی پیشەسازی پێشکەش دەکات خاوەن لێهاتووی (اهلیە الاداء) تەواو بێت جگەلەو کەسەی خاوەنداریەتی پرۆژەکە بە میرات بۆی گواستراوەتەوە.

دووەم: مەرجە ئەو کەس مەعنەویەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی یان خاوەنداریەتی پرۆژەیەکی پیشەسازی پێشکەش دەکات بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراو و مۆڵەت پێدراوبێت.

ماددەی (٥): پیادەکردنی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی هەشتی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

پێنجەم: وەزارەتی پلاندانان دیاریکردنی شارە پێشەکەوتووکان و ئەوانەی کەمتر پێشکەوتوون و لادێ و گوندە دوور دەستەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە لە ئەستۆ دەگرێت.

ماددەی (٦): یەکەم هەمواری پیادەکردنی بڕگەی یەکەم لە ماددەی نۆی یاساکە دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

یەکەم: دام و دەزگا پەیوەندیدار لە هەرێم هەڵدەستێت بە دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی پڕۆژە پیشەسازیەکە لە زەوی بە مەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ ماستەر پلانی شارەکان و خزمەتگوزاری پێویست و بە کرێی هاوشێوە دەی داتە خاوەن پڕۆژەکە بە درێژایی ماوەی مۆڵەتی دەمەزراندن بەدەر لە حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی مۆڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: پیادەکردنی بڕگەی دووەمی ماددەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و پلاندانان و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە هەڵدەستن بە دیاریکردنی پێگەکانی پیشەسازیەکان بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان، وە بۆ هەر پارێزگایەك لە دەرەوەی سنووری ماستەر پلانی شارەکان.

سێیەم: پیادەکردنی هەردوو بڕگەکانی سێیەم و چوارەمی ماددەی نۆ رادەگیرێت.

ماددەی (٧): یەکەم: پیادەکردنی بڕگەی دووەمی ماددەی سێزدەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

دووەم: سەرپێچیکار بە پێ بژاردنێك کە لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت ئەگەر لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا سەرپێچیەکەی لا نەبردبێت.

دووەم: بڕگەیەك بۆ ماددەی سێزدەی یاساکە زیاد دەکرێت بە زنجیرەی شەشەم و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندڕیتەوە:-

شەشەم: خاوەنی پرۆژەی سوودمەند لە لێخۆشبوونی گومرگی بە پێ بژاردنێك سزا دەدرێت کە یاکسان بێت بە سێ هەندەی بەهای لێخۆشبوونەکە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم کەرستانە بۆ مەبەستێکی جیاواز لەوەی لێخۆشبوونی بۆ وەرگرتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو یەکەکی تر بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

ماددەی (٨): پیادەکردنی ماددەی چواردەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

دەستەیەکی تێهەڵچوونەوە پێك دەهێندرێت بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری پیشەسازی و بە ئەندامیەتی نوێنەری هەردوو وەزارەتی داد و دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان کە لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بن بۆ تێڕوانین لە ناڕەزایەتی لەسەر ئەو بڕیارانەی دەربارەی پرۆژەی پیشەسازی دەرکراون.

ماددەی (٩):یەکەم: پیادەکردنی بڕگەی سێیەمی ماددەی پازدەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

سێیەم: کەسی ناڕەزاییکار رەسمێك دەدات بە بڕی سەد هەزار دینار وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت.

دووەم: بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

چوارەم: لە (٥%) ئەو رەسمەی ناڕەزایەتیکار دەیدەدات وەکو پاداشت و هاندان دەدرێت بە لیژنەکانی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت.

ماددەی (١٠): دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم ئەوانەی تێیاندا پۆستیان هەیە جێگەی دەمەزراو و فەرمانگە ئیتیحادیەکان و ئەوانەی تێیاندا پۆستیان هەیە دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

ماددەی (١١): وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.
ماددەی (١٢): ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکەن.
ماددەی (١٣): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
ماددەی (١٤): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.
هۆیەکانی دەرچوواندن:
لە پێناو هێنانەدی گەشەسەندنی پیشەسازی لە هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو بە شێوەیەك کە بەشداربێت لە پەرەپێدانی بەرهەمهێنان لە رووی کوالێتیەوە و بە مەبەستی پتەوکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی لەو بوارانەی کە زیاتر گرنگیان هەیە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان، وە بە ئامانجی یەکخستنی حوکمە یاساییەکانی بەرکار لەسەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی پیشەسازی لە هەرێم و عێراق ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت ناونیشانەکە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پڕۆژە یاسایە لە دانیشتنی ژمارە (١٥) کە لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی هاتە ئاڕاستەکردن بۆ لیژنەی پەیوەندیدار، ئێمە لەو دانیشتنە داوامانکرد کە ئەو پڕۆژە یاسایە بۆ لیژنەی ئاوەدانکردن و وەبەرهێنانیش بیتە ئاڕاستەکردن، بە خۆشحاڵیەوە جەنابتان ئاڕاستەی لیژنەی ئاوەدانکرنەوە و وەبەرهینان کرد، مە ل دەمێ گەهشتنا نقیسارا فەرمیا دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی مە کاری ل سەر هەندی کر کە چەندین کۆبوونەوە مە کرن، چەندین ڕێڤەبەرێ گشتی ل هەمی پارێزگەهێت هەرێما کوردستانێ مە بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستانێ کرن، مافێن لیژنە ئاڤەدانکرن و وەبەرهێنانێ ئەز دبینم کە ڕاپۆرتا لیژنەیا یاسایی ئاماژە ب هەندێدا دابایە کە مە فەرمی ئەو را و بۆچوونێت خۆ، تێبینیێت خۆ نڤیسارەکا تایبەت ئاڕاستەی سەرۆکایەتیا پەرلەمان کر ئێوەش ئاڕاستەی لیژنەیا یاسایی کرینە لێ مخابن چ ئیشارەت پێ نەهاتنەدان هەرچەندە مە شەفهی سەرۆکێ لیژنەیا یاسایی ئاگادار کردبوو گوتبوو دێ کەی دێتە دانان، نەکربوو ئەوە مافێ مەیە ئیشارەت پێ بێتەدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، ڕاپۆرتتان نووسیووە ڕاپۆرتەکان هاتووە بۆ ئێمە، بەس بزانین روونکردنەوەکە چیە، وە بەڕێزیشتان دەتوانن بێنە ئێرە کاك بهجت، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر داوای لێبـووردن دەكەم، قسـەكانی كـاك بهجـت زۆر راسـتە، هەر چەنـدە بە نیـازبووم، لەبەر ئەوە خوێندنەوەی سێیەم بۆ سێ قانونەكە بـوو لەبیـرم كـردووە، هەتـا بە دەسـت خەتـیش لەلای خۆم نووسیبووم، بەڵام ئەو نوسخەیە لای من نییە ئەمڕۆ، ئەگەر ئیزافەم كردبـوو ئەو مەبەسـتەم هەبـوو لێـرە كە كەلیشـەی كیتـابەكە دەخوێنـدرێت نـاوی لیـژنەی وەبەرهێنـانیش تێـدابووە، زۆر داوای لێبــوردن دەكەم، ئیعتیــزار دەخــوازم ئەوە خەتــای مــنە، مــن داوای لێبــوردن دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناونیشان بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پـڕۆژە یاسـای بەركـاركردن و هەمـواری پیـادەكردنی یاسـای وەبەرهێنـانی پیشەسـازی هەردوو كەرتــی تــایبەت و تــێكەڵاو ژمــارە (٢٠)ی ســاڵی (١٩٩٨)ی هەمــواركراوی ئیتیحــادی لە هەرێمــی كوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كێ قسەی هەیە لەسەر ناونیشانەكە؟ كەس نییە، فەرمـوو مـاددەی یەكەم بخوێننەوە.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١): یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو كەرتی تایبەت و تێكەڵاو ژمارە (٢٠)ی سـاڵی (١٩٩٨)ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان_عێراق، بەركار و هەمواری پیادەكردنی دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، كێ قسەی هەیە لەسـەر ئەم مـاددەیە؟ كەس قسـەی نیـیە، مـاددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢): پیادەكردنی بڕگەی یەكەم لە ماددەی سێی یاساكە رادەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، كێ قسەی هەیە لەسـەر ئەم مـاددەیە؟ كەس قسـەی نیـیە، مـاددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مــاددەی (٣): پیــادەكردنی بــڕگەی دووەم لە مــاددەی چــواری یاســاكە هەمــوار دەكرێــت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

دووەم: پێکهاتە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت لەلایەن وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە ڕێنماییەك دیاری دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕێگەی جەنابتانەوە حەز دەکەم ئەو پرسیارە ئاڕاستەی جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بکەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی سێ کە دەڵێت پێکهاتە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت لەلایەن وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە ڕێنماییەك دیاری دەکرێت، حەز دەکەم رای حکومەت و وەزیری تایبەتمەند لەسەر ئەم بڕگەیە بزانین، چونکە دوو سێ ڕاپۆرت لەبەردەستمانبوو، یەکێك لەو ڕاپۆرتانە بەو شێوەیەی لیژنەی تایبەتمەندبوو، ئایا حکومەت چۆنی پێباشە، لە ئەنجوومەنی وەزیران بێت یان لە وەزارەت بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە پێکهاتە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت بە پەیڕەو دیاری بکرێت کە ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێت، هەمان خاڵ و مولاحەزەمان هەبوو لەسەر یاسای وەزارەتی کارەبا کە نێردراوە ئێستا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، چونکە قواعیدی موتەبەع لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە پێکهاتەی مودیری عامەکان لە ناو یاساکانی دیاری دەکرێن کە چۆنن، بەڵام پێکهاتە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکان عادەتەن بەپێی پەیڕەو دیاری دەکرێن، واتە پەیڕەوێك لە ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێت ئیختصاصاتی ئەو مودیریاتە عامانە دیاری دەکات، ئەوە موتەبەعە هەم لە عێراق و هەم لە هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا وەزیر بە ڕێنمایی ئیختیصاصاتی مودیریاتی عامی دیاری نەکردووە، بەڵکو تەفاسیلی ڕێکخستنی کارەکانی مودیری عامەکان عادەتەن بە پەیڕەو ڕێك دەخرێت کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێت، بۆیە داوا دەکەین ئەوەیان بکرێتە پەیڕەوێك کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچووێندرێت نەك ڕێنمایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز ڕۆبینە اويملك عزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤): پیادەکردنی ماددەی حەوتی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

یەکەم: مەرجە ئەو کەسە سرووشتیەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی یان خاوەنداریەتی پرۆژەیەکی پیشەسازی پێشکەش دەکات خاوەن لێهاتووی (اهلیە الاداء) تەواو بێت جگەلەو کەسەی خاوەنداریەتی پرۆژەکە بە میرات بۆی گواستراوەتەوە.
دووەم: مەرجە ئەو کەس مەعنەویەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی یان خاوەنداریەتی پرۆژەیەکی پیشەسازی پێشکەش دەکات بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراو و مۆڵەت پێدراوبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نییە، من یەك تێبینم هەیە بەڕێزان وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، کاك هێمن لێرەبووایە دەهاتمە خوارەوەش، ئێمە فەرعی کۆمپانیا ئەجنەبیەکان لێرە دانامەزرێن، لێرە تۆمار دەکرێن، بۆیە پێموایە دەبێت بنووسرێت بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراو یان تۆمارکراو و مۆڵەت دراو بێت، واتە شەریکەیەکی ئەجنەبیە لێرە تەسجیل دەکرێت، ئینجا مۆڵەتی پێ دەدرێت، وە ئەگەر شەریکەیەکی وەتەنیە لێرە دادەمەزرێت، ئینجا مۆڵەتی پێ دەدرێت، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروبار پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رای بەڕێزتان دەکەم، ئەگەر دیقەت بدەن لە پرۆژەکەی حکومەتیش لە بڕگەی دووەمدا هاتووە مەرجە ئەو کەسە مەعنەویەی داواکاری پێشکەش دەکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنیان یان بوونە خاوەن پرۆژەیەکی پیشەسازی بەپێی یاسا دەمەزراو و مۆڵەتداربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): پیادەکردنی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی هەشتی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
پێنجەم: وەزارەتی پلاندانان دیاریکردنی شارە پێشکەوتووکان و ئەوانەی کەمتر پێشکەوتوون و لادێ و گوندە دوور دەستەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ (٣٣) ئەندامی پەرلەمان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە قسەیکردووە و ڕەئی داوە، بۆیە زۆر تێبینی لەسەر نییە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦): یەکەم هەمواری پیـادەکردنی بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی نـۆی یاسـاکە دەکرێـت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

یەکەم: دام و دەزگا پەیوەندیدار لە هەرێـم هەڵدەسـتێت بە دابینکردنـی گشـت پێداویسـتیەکانی پـڕۆژە پیشەسـازیەکە لە زەوی بە مەرجێـك گونجـاو بێـت لەگەڵ ماسـتەر پلانـی شـارەکان و خزمەتگـوزاری پێویسـت و بە کرێـی هاوشـێوە دەی داتە خـاوەن پـڕۆژەکە بە درێژایـی مـاوەی مۆڵەتی دەمەزراندن بەدەر لە حوکمەکانی یاسـای فرۆشـتن و بە کرێـدانی مۆڵـك و مـاڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: پیادەکردنی بڕگەی دووەمی ماددەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی نـاوخۆ و کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو و پلانـدانان و دەسـتەی پاراسـتن و چـاککردنی ژیـنگە هەڵدەسـتن بە دیاریکردنی پێگەکانی پیشەسازیەکان بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارە پەیوەندیـدارەکان، وە بـۆ هەر پارێزگایەك لە دەرەوەی سنووری ماستەر پلانی شارەکان.

سێیەم: پیادەکردنی هەردوو بڕگەکانی سێیەم و چوارەمی ماددەی نۆ رادەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم مـاددەیە؟ کەس قسـەی لەسـەری نیـیە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

یەکەم: پیادەکردنی بڕگەی دووەمی ماددەی سێزدەی یاسـاکە هەمـوار دەکرێـت و بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

دووەم: سەرپێچیکار بە پێ بژاردنێك کە لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیـۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت ئەگەر لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو لە بڕگەی یەکەمـی ئەم ماددەیەدا سەرپێچیەکەی لا نەبردبێت.

دووەم: بڕگەیەك بۆ ماددەی سێزدەی یاساکە زیاد دەکرێت بە زنجیرەی شەشـەم و بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێندڕیتەوە:-

شەشەم: خاوەنی پڕۆژەی سوودمەند لە لێخۆشبوونی گومرگی بە پێ بژاردنێك سـزا دەدرێـت کە یاکسـان بێـت بە سـێ هەنـدەی بەهـای لێخۆشـبوونەکە لە کـاتی بەکارهێنـانی ئەم کەرسـتانە بـۆ مەبەستێکی جیاواز لەوەی لێخۆشبوونی بۆ وەرگرتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمـان، کـێ قسـەی هەیە لەسـەر ئەم مـاددەیە؟ بەڕێـز وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەش و لە ماددەی حەوت ئێمە داواکارین پڕۆژەکەی حکومەت وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەوە کە ناردوومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو. ماددەی هەشت بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨): پیادەکردنی ماددەی چواردەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

دەستەیەکی تێهەڵچوونەوە پێك دەهێندرێت بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری پیشەسازی و ئەندامیەتی نوێنەری هەردوو وەزارەتی داد و دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان کە لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بن بۆ تێڕوانین لە نارەزایەتی لەسەر ئەو بڕیارانەی دەربارەی پڕۆژەی پیشەسازی دەرکراون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارم لە لیژنەی یاسایی هەیە دەستەیەکی تێهەڵچوونەوە پێکدەهێندرێت مەبەست لێرە لە دەستەیەکی تێهەلچوونەوە چییە؟ ئایا مەحاکم و ئەوانە دەگرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، بەس تعون وەردەگرێت، بەس تەبیعەتی مەحکەمەی نییە، ماددەی نۆیەم بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩): یەکەم: پیادەکردنی بڕگەی سێیەمی ماددەی پازدەی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

سێیەم: کەسی نارەزاییکار رەسمێك دەدات بە بڕی سەد هەزار دینار وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت.

دووەم: بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

چوارەم: لە (%٥) ئەو رەسمەی نارەزایەتی کار دەی دەدات وەکو پاداشت و هاندان دەدرێت بە لیژەکانی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕیز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ بڕگەی دووەم نین کە زیادکراوە، لەگەڵ ئەوەین کە ئەوەی لە حکومەت هاتووە وەکو خۆی، وە پێمان باش نییە کە هیچ نیسبەتێك تەحدید بکرێت بۆ ئەو بابەتانە، هەمووی بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، وە بڕیاری پێدەرچووە، بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە کە هەموو ئەو داهاتانەی وەزارەتەکان بە دەستی دێنن دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی و لە خەزێنەیەوە بڕیار دەدرێت بۆ چی سەرف دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم ئەوانەی تێیاندا پۆستیان هەیە جێگەی دەمەزراو و فەرمانگە ئیتیحادیەکان و ئەوانەی تێیاندا پۆستیان هەیە دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی لەسەر نییە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١): وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نیە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢): ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نیە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نیە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نیە، هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە. فەرموو.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن

لە پێناو هێنانەدی گەشەسەندنی پیشەسازی لە هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو بە شێوەیەك کە بەشداربێت لە پەرەپێدانی بەرهەمهێنان لە رووی بڕ و کواڵیتیەوە و بە مەبەستی پتەوکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی لەو بوارانەی کە زیاتر گرنگیان هەیە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان، وە بە ئامانجی یەکخستنی حوکمە یاساییەکانی بەرکار لەسەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی پیشەسازی لە هەرێم و عێراق ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ بەڕێزان، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان یەك پرسیارم هەیە، لە یاساکەی حکومەت کە ئێمە بەرکاری دەکەین بۆ ئەو مەشروعە صناعیانەی کە پێش بەرکاربوونی ئەو یاسایە هەبوون پێنج ساڵی داوە (اعفاء گمرگی)، بەڵام بۆ ئەوانەی دواتر دە ساڵی داوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو پڕۆژە پیشەسازیانەی لە هەرێمی کوردستان پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە بەپێی یاسای وەبەرهێنان یان یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بەرکار لە هەرێمی کوردستان دە ساڵەکەیان وەرگرتبێت دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایەش پێنج ساڵی تر وەردەگرن؟ یەعنی ئەوانە دەبنە پانزە، حکومەت لەگەڵ ئەم تەوجوهەیە؟ فەرموو بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەی نینە کە ئەعفایەکان درێژ بکرێنەوە، ئەوەی بە ئیستیقاقی خۆی بەپێی یاسای ئەعفای وەرگرتووە تەواوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بەڕێـزان لە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان پێشـنیارێك هەبـوو هەمـووان هەر دە سـاڵ وەربگـرن، ئەگەر پرۆژەیەکی پیشەسازی دە ساڵی وەرگرتبێت بۆی نییە لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە لە هەرێمـی کوردسـتان پێـنج سـاڵی تـر وەربگرێـت، لە ئەسـڵی یاسـاکە وایە کەواتە دەبێـت موعالەجەیەکی بۆ بدۆزنەوە ئەگەر ئەمە تەوجوهی حکومەت نییە، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـۆی ئـێمەش لە لیـژنەی یاسـایی لەگەڵـی نەبـووین، بەڵام دواتـر بۆمـان دەرکەوت کە لیـژنەی تایبەتمەنـد لیـژنەی وزە و سـامانە سرووشـتیەکان لەگەڵ بـوون، لەگەڵ حکـومەت لەسـەر خەت بوون، جەنابی وەزیری تایبەتمەنـد ئاگاداربوو، دوو سێ جـار تەئکیـدیان کـرد، هەتـا گەیشـتە ئەو رادەیە لە کۆبـوونەوەی لیـژنەی یاسـاییدا پەیوەنـدیمان بە جەنـابی وەزیـر کـرد، راسـتە، جەنابـت لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری، تەئکیدی کرد کە ئێمە لەگەڵ ئەوەیـن کە وەکـو دەعمێـك بێـت، لەبەر ئەوە ئەگەر لەلای خۆمان تەئکیدمانکرد کە ئێمەش وەکو شەخص لەگەڵ نەبووین، بەڵام دواتـر لیـژنەی مەعنی و وەزیری مەعنی ئەوانە هەموویان ئەو فشارەیان دەکرد کە ئەمە لا نەبن و ئەو ئیـزافەیە لەلایەن لیژنەی وزە کرابوو، دیراساتێکی تریش دەکەین ان شاءالله، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام لە راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان ئەوە دانرابـوو، بەڕێـز وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروباری پەرلەمان وازحە یەعنی دەمانەوێـت لە مـاوەی ئەم دوو رۆژەدا ئەو وەڵامەمـان دەسـت بکەوێـت، ئەو مەشـروعانەی کە دە سـاڵەکەیان وەرگرتـووە موسـتەفیدبوون پێنجـی تریـان دەدرێتێ، بەڵام ئەوانەی دوای ئەم یاسایە تەنها دەیـان دەدرێتـێ وەڵاممـان پێویسـت دەبێـت لە راستیدا بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان، هـیچ بـڕگەیەك لە بەرنامەی کار نەماوە بۆ بەیانی کە گوتمان بەیـانیش بەردەوام دەبـین، بـۆیە بەیـانی دانیشـتنی پەرلەمان ناکرێت، بەڵام دوو بەیانی کە رۆژی پێنج شەممەیە دەنگدان دەکەین لەسەر ئەم پـڕۆژە و پێشنیازە یاسایانەی کە ئەمڕۆ خوێندنەوەمان بۆ کردن، کۆبوونەوە پێـنج شـەممە سـەعات (١)، ئێستاش بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **د. ڕێواز فائق حسێن** | **هێمن هەورامی** | **منى نبى قهوچى** |
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)ی**
**پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠٢١\٧\٨**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)
# پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢١/٧/٨

كـاتژمێر (١)ی پـاش نیـوەڕۆی رۆژی پێـنج شـەممە رێكەوتـی ٢٠٢١/٧/٨ پەرلەمـانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمـان و، بە ئامـادەبوونی بەڕێـز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشـتنی ژمـارە (١٨)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حـوكمی بـڕگەی یەكەم و دووەم لە مـاددەی (١٦) بـڕگەی سـێیەم\ لە مـاددەی ( ١٨) بـڕگەی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێـنجەم لە ماددەكـانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق دەسـتەی سـەر ۆكـایەتی پەرلەمـان بڕیـاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی خول، ساڵی یەكەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنـی پەرلەمان لە كاتژمێر (١) ی پاشنیوەڕۆ، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢١/٧/٨ بەم شێوەیە بێت:
دەنگدان لە سەر ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پێی حوكمە ماددەكـانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١ -پێشـنیاز و پـڕۆژە یاسـای هەمـواری یەكەمـی مـاف و ئیمتیـازاتی كەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی كوردستان.

٢ -پڕۆژە یاسای بەركار كردنی یاسای ڕەسمی پولی عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی كوردستان.

٣ -پڕۆژە یاسای بەركار كردنی هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەر دوو كەرتی تـایبەت و تێكەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەمواركراو .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە نـاوی گەلـی كوردسـتان دانیشـتنی ژمـارە (١٨)ەی وەرزی بەهـارەی سـاڵی سـێیەم لە خـولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان دەسـت پـێ دەكەیـن سـەرەتا داوا لە بەڕێـز سـكرتێری پەرلەمـان دەكەین كە بەرنامەی كار و پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی / سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار:

بە پێی حوكمی ماددەی (٥)، بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سـێیەم لە مـاددەی (١٦)، بـڕگەی سـێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەكانی یەكەم، دووەم، سێیەم، چوارەم و پێـنجەم لە مـاددەی (٢٠)، ماددەكـانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشـتنی ژمـارە (١٨)ی ئاسـایی خـولی بەهـارەی

ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٧/٨) بەم شێوەیە بێت:

دەنگدان لە سەر ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پێی حوکمە ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١. پێشنیاز و پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان.
٢. پڕۆژە یاسای بەرکار کردنی یاسای رەسمی پولی عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان.
٣. پڕۆژە یاسای بەرکار کردنی هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەر دوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی بە پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢ و ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٧/٦) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

یەکەم: دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

چوارەم: دەنگدان لە سەر پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩)، یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنوری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لە سەر کراوە لە هەرێمی کوردستان بە دەنگی (٦٨) ئەندام پەرلەمان.

پێنجەم: خستنەڕوو و خوێندنەوەی بیرۆکەی پەرلەمانتار بەڕێز (زێدان رشید خان اودل) سەبارەت بە پرسی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

شەشەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە:

١/ پێشنیاز و پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان.

٢/ پڕۆژە یاسای بەرکار کردنی یاسای رەسمی و پوڵی عێراق ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان.

٣/ پڕۆژە یاسای بەرکار کردنی هەمواری یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەر دوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو.

حەوتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، داوا لە بەڕێز سەرۆکایەتی لیژنەکانی یاسایی و دارایی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین بێنە ئێرە فەرموون، مامۆستا عمر فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بە واژووی (٢٧) ئەندامی پەرلەمان کە نزیکەی (٢٥%) ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پێك دێنێت، وە لە کاتی یاسایی بە پێی برگەی چوارەم لە ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ یادداشتێکمان پێشکەش بە بەڕێزتان کرد سەبارەت بە بڕیارێکی پەرلەمانی وەك تەواوکار بۆ دانیشتنی پێشووتری پەرلەمان ژمارە (١٦) لە (٢٠٢١/٦/٢٨) کە نزیکەی حەڤدە هەژدە سەعات ئەو پەرلەمانە بەڕێزە کۆبوونەوەی کرد، بۆ ئەوەی پەرلەمان بە قوەتەوە بەرامبەر بە حکومەت دەرکەوێت وە بە بڕیارێك حکومەت پابەند بکات بە کۆکردنەوەی داهاتەکان وە گەڕاندنەوەی بۆ خەزێنەی گشتی، وە پابەندی بە بەرپرسیاریەتی خۆی لە موچەی موچەخۆران وە کۆتایی هێنان بە لێبڕینی مووچە تکایە بۆ ئەو یادداشتەمان نەکراوە بە بەشێك لە بەرنامەی ئەمڕۆی کۆبوونەوە ئەگەر وەڵامتان هەبێت سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، وتا من یا پەیڕەوی ل دیڤ ماددا (٥٨) و (٦٠) خالا سێیێ ل (٢٠٢٠) هەتا ڤێ گاڤێ ئەڤە حەفت پرسیار مە یێت ڕەفع کری بۆ مەجلس وزرا و وزرائا حەفت پرسیار یێت (٢٠٢٠) ئەڤە ئەم گەهشتینە نیڤا دوویێ ژ (٢٠٢١) هەتا ڤێ گاڤێ بەرسڤ نەهاتینە تایبەت ئەز تەرکیزێ سەر ئەڤێ پرسیارێ دکەم یا قانونا مە یا سالا (١٩٩٣) ژمارە (١٥) یا ڕێکخراڤا هەیڤا سۆر ئەگەر هاتبا چێکرن وەختێ تەنگاڤی ئو حاڵەتێت نە تەبیعی چێ ببن ئەم موحتاجی ڕێکخراوێت خێرخوازی نابین ئاڤێ بۆ مە بینن، ئو موحتاجی کەسێن چ لایەنا ژی نابین ئاڤێ بۆ مە بینن ئەگەر ئەڤ ڕێکخراوا ل دیڤ قانونی هەبا ئەربیلێ نەدکەفتە ڤی کراسی دا یا دی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نامەوێت لە سەر مەوزوعی کە ئێمە دوێنێ واژوومان کۆ کردۆتەوە بۆ ئەوەی چونکە لە ماوەکانی رابردوو حەڤدە سەعات وە یازدە یادداشتمان داوە لە سەر مەوزوعی لێبڕینی مووچە بە راستی، وە دواتر چەند کۆبوونەوەیەك ئەم پەرلەمانە هەم خەڵك چاوەڕێی ئەوەی دەکرد لە پەرلەمان کە نوێنەرایەتی شەرعی خەڵکە وە بەڕێزیشتان یەکێکن لەوانەی کە سەرۆکایەتی گەورەترین موئەسەسەی ئەم هەرێمە دەکەن تکا دەکەم لە جەنابت لە دەستەی سەرۆکایەتی کە بڕیاری تەشریعی بۆ لابردنی لێبڕینی موچەی نایاسایی بخرێتە دەنگدان هەم بۆ خوا هەم بۆ خەڵك هەم بۆ موچەخۆران و هەم بۆ گەڕانەوەی هەیبەت بۆ پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەرلەمانی کوردستان هەیە، کاك شێخ ظاهر دەستت بەرز کردبوو؟ فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموابێت بڕیاری تەشریعی نییە لە رووی یاسایی ئەگەر تەماشا بکەین لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) لە دەستوری عێراقی چەمکێك نییە بە ناوی بڕیاری تەشریعی ئەوەی هەیە بەڵکوو تەنها چەمکی بڕیارە ئەویش بۆ چەند مەبەستێکە بۆ نمونە یەکەم بڕیاری پەرلەمانی کوردستان رایی کردن و رێکخستنی کاروباری پەرلەمان دووەم مەسەلەن بڕیاری تەشریعی پەیوەندی بە پڕۆسەی یاسا دانان هەیە، بۆیە هیچ چەمکێك نییە بە ناوی بڕیاری تەشریعی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هیچ مەناعەتێك نییە، هیچ لاریەك نیە لەوەی کە ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا واژۆیان کردووە و تەنانەت ئەندامانی تری پەرلەمانی کوردستانیش پڕۆژەی بڕیارێکی تەشریعی بۆ ئەو بابەتە ئامادە بکەن وە بە رێکارە یاساییە پەیڕەوییەکان تێبپەڕێت، وە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان چاوەڕێی دارشتەی ئەو بڕیارە دەکەین کە بەڕێزتان دەتانەوێت لێرە بە رێکاری پەیڕەوی دروستی یاساکاری تێبپەڕێت، بەڵێ کاك علی حمە صاڵح.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، من داوا لە جەنابت دەکەم بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ لە زووترین کاتدا لیژنەی دارایی رابسپێرن، بۆ ئەوەی کە لێبڕینی مووچە نەمێنێت وە هۆکارە بنەڕەتییەکە دیاری بکرێت لە سێ مانگدا (١٥٧٠٠٠٠٠٠٠٠) ملیار دینار لە داهاتی ناوخۆ کەمی کردووە بە بێ هۆکار بە قودرەتی قادر رێك لە سلێمانی (٤٢%) کەمی کردووە لە هەولێر و دهۆکیش رێك (٤٢%) کەمی کردووە، واتا لە (٣٧٤٠٠٠٠٠٠٠٠) ملیارەوە داهاتی ناوخۆ هاتووە بۆ (٢١٧٠٠٠٠٠٠٠٠) ملیار دینار لەمەش گەڕێ ئەو (٢١٧٠٠٠٠٠٠٠٠) ملیار دینارەی مانگی شەش تا ئێستا نیوەی نەگەڕاوەتەوە، واتا داهاتی ناوخۆ نیوەی دەستی بە سەردا گیراوە (١٥٧٠٠٠٠٠٠٠٠) ملیارەکەی داهاتی ناوخۆ بگەڕێتەوە و نەوتیش (٥٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دۆلار داهات زیادی کردووە پاشەکەوتی مووچە نامێنێت، بۆیە داواکارم لە جەنابتان من هەموو ئەو بەڵگانەی لە بەردەممە دەیخەمە روو بەرپرسم لێی هیچ مەنتقێك نییە لە سێ مانگدا (٤٢%) داهات نەمێنێت (٥٢%)ەکەشی کە ماوە تا ئێستا نیوەی نەگەڕاوەتەوە ئەو دەڵێت سلێمانی سی پێنجی ناردووە منیش ئەوەندە دەدەم زیاتر بنێرێت زیاتر دەدەم....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاماژە بە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (١٦)ی پەیڕەوی ناوخۆ دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی رادەسپێرێت بۆ بەدواداچوون کردن بۆ ئەو زانیارییانەی کە بەڕێز کاك (علی حمە صاڵح) بە نوسراو دەیخاتە بەر دەستی لیژنەی دارایی، دکتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، مـن بە پێـی مـادده (١٦) وە هەروەهـا بە پێـی مـادده (٦٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوو خـاڵ هەیە دەمەوێـت قسەی لە سـەر بـکەم کە زۆر زۆر گـرنگە یەکێکیـان ئەوەیە لە راسـتیدا یەکێـك لە ئالنگارییەکـان ئەمنییەکـان دوای داعـش کە روبەڕووی هەرێمـی کوردسـتان دەبێـتەوە بـریتییە لەو موشـەکبارانەی کە ئاڕاسـتەی هەرێمـی کوردستان دەکەن وە لە مـاوەی دوو رۆژی رابـردوو بە داخەوە بینیمـان بە درۆن یـا بە تیئێن تـی پێ بوو ئاڕاستەی فڕۆکەخـانەی نێـودەوڵەتی هەولێـر کـرا بە پێـی مـاددەی (١٦) بـڕگە (١٠) داوا لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان دەکەم کە هەڵوێسـتێك بنـوێنن بەرامـبەر بەوە، وە تەنسـیقێك بـکەن لەگەڵ ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق بـۆ ئەوەی جـارێکی تـر ئەم هەڕەشـانە روبەڕووی هەرێمی کوردستان نەبێتەوە، چونکە مـن پێمـوایە ئەم هەڕەشـانە چـی وا کەمتـر نیـیە لە بـابەتی لێبڕینی مووچە هیواخوازیش بووم یەکێك لە هەڤاڵەکـان بـاس لەو ئاڵنگـارییە بـکەن وە ئیـدانەی ئەو هێرشـانە بـکەن کە رووبەڕی هەرێمـی کوردسـتان دەبـنەوە خـاڵێکی دووەم بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمان من لە (٥/٢)....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەتی دارایی نووسراوێکیان دەرکردووە بە ژمـارە (٥٤٦٩) لە (٢٠٢١/٧/٤) وەکـو خۆیـان دەڵێن پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمـارە (٢٨٧٤) لە (٣/٧) پاڵپـشت بە یاسـای چاکسـازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) کە دەڵێت هەر بڕوانامەیەك بە بێ مۆڵەتی خوێندن بە دەست نەهاتبێـت هەڵدەوەشێتەوە، لە کاتێکدا ئەم بڕگەی ماددەی (٦)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٥) زۆر رۆشـنە کە دەڵێـت هەڵوەشـانەوەی سـاڵانی خزمەتـی ئەژمـارکراو بـۆ خزمەتـی وەزیفـی شارسـتانی یـان پێشمەرگایەتی یان هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆ بـۆ ئەو مـاوانەی کە لە گەڵ خوێنـدنی موچەخـۆر یەك دەگـرنەوە جـگە لە حاڵەتەکـانی مـۆڵەتی خوێنـدن یـان خوێنـدنی ئێـواران یـان تەمەنـی لەو کاتەدا لە خوار شازدە ساڵی بێت جگە لە زیندانی و راگیراوی سیاسی، بۆیە پێمـوایە ئەم بڕیـارەی وەزارەتـی دارایـی پێچەوانەی ئەم مـاددەیە کە ئەوان دەڵێن پاڵپشـت بەوە ئێمە ئەو بڕیارەمـان دەرکردووە هیوادارم لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا رابسپێرن بـۆ بە دواداچـوونی حەقیقەتـی ئەم نوسراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ لیـژنە رادەسـپێرین بـۆ بە دواداچـوون جـارێ وەزیـری دارایـی ناتوانێـت فەرمـان بکـات بە هەڵوەشـانەوەی بڕوانـامە دەتوانێـت بڕیـار دەر بکـات و دەتوانێـت بڵێـت ئەو بڕوانـامەیە هەژمـار ناکرێـت، چـونکە بڕوانـامە مەرجـی خـۆی هەیە ئەگەر هـاتبێتە دی کەس ناتوانێـت هەڵـی وەشـێنێتەوە، بەڕێـزان ئەگەر هەمـوو هەمـان قسـەیە ئێمە لە پەرلەمـان لاریمـان نیـیە بڕیـارێکی تەشریعی بدرێت و بە رێکارە یاساییەکان تێپەڕێت، بەڵێ کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر چەندین بەڕێزا ئاماژە ب وێ چەندێ دا کو لە گۆڕی مـاددێ (٤٨) مە یادداشـتەك ئاڕاسـتەی جەنابێ وە کرییە، لێ ل گۆڕی گۆتنا تە و ئامادە کرنا پـڕژە بڕیـارەکێ بـۆ ڤـێ پرسـێ بـۆ نەهێلانـا لێبڕینا موچەی دبینم ب تنێ وەخت کوشتنە سـەرۆکا پەرلەمـانێ کوردسـتانێ، چـونکی ئەڤـا کـو هـاتییە دان بڕیارەکـا نەیاسـایی بـوو ژ لایـێ ئەنجـومەنێ وەزیـران ڤە هـاتییە دان، لەوڕا گـرنگە پەرلەمانێ کوردستانێ ب بڕیارەکێ ڤێ بڕیارا نە یاساییا ئەنجـومەنێ وەزیـران هەڵوەشـینیت نە پێشکەش کرنا پڕۆژە بڕیارەکێ ژ بۆ وێ ئێکێ ژ نوکا ل لیژنەیا دەم بهێتە کوشتن ئەڤە ژی ب تنێ مەشـــغول کرنـــا هاووڵاتیێـــت کوردســـتانێیە بەلکـــوو هـــیچ ئەنجـــامەك نابیـــت و نـــاگەهێتە دەرئەنجامەکێ، ئەگەر راستە د بەرژەوەندیا خەلکێ هەرێما کوردستانێ دایـن دڤێت بڕیـارێ ل سەر لێبڕینا موچەی بدەین و مووچە ب کاملی بهێتە دان و ئەنجومەنێ وەزیران پابەنـد بکەیـن ژ بۆ دانا موچەی د دەمێ خۆ و بێ لێبڕین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی هاتنی تیمی حکومەت بەڕێزت چەند لیژنەیەکت راسپارد بە دەنگدانی ئەنـدامانی پەرلەمـان (٦٩) ئەنـدام کە ئـێمە ئامـادە کـاری بکەیـن کە بـزانین کە چ هۆکارێـك وای کـردووە حکومەت نەتوانێت مووچە بە تەواوەتی دابەش بکات، ئێمە دوێنێ کۆبوونەوەمـان ئەنجامـدا وە ئەو راسپاردەی کە بەڕێزتان داواتان کردبوو ئامادە کراوە، ئێمە داوا لە بەڕێزت دەکەین بە کـورتی ئەم بـابەتە ببـڕێننەوە، چـونکە ئێسـتا راسـپاردەکە ئامـادەیە بینێـرینە حکـومەت وە هێشـتا ئـێمە وەڵامــی حکومەتمــان وەرنەگرتــووە لە راســپاردەکان، دەنــا ئەگەر بێــتە ئەوەی کە لەم هــۆڵە دا کەسێك لەگەڵ لێبڕینی مـووچە نەبێـت یـان لەگەڵ ئەوە نەبێـت حکـومەت بە تەواوەتـی مـووچە بدات، حەتمەن ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە مووچە بە تەواوەتی بـدرێت، وە مـن دەزانـم حکـومەتیش لەگەڵ ئەوەدایە کە مووچە بە تەواوەتی بدرێت، بەڵام پێویستە دوور لە مـوزایەدات وە واقعیـانە ئێمە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس موزایەدەی نەکردووە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موزایەدە کراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەسـەر حکـومەت مـوزایەدە دەکرێـت لەسـەر ئـێمەش موزایەدە دەکرێت، بۆیە هیچ کەس لە خۆمان بە دڵسۆزتر نازانین بۆ خەڵکی کوردستان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرۆکایەتی ئەو سێ لیژنەی کە رامان سپاردبوون چیتان کردووە؟ فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دیـارە دوایـی راسـپاردنی هەر سـێ لیـژنەی دارایـی و یاسـایی و لیـژنەی ووزە ئـێمە دوێنـێ کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجادا وە راسپاردەکانمان هەموو کردۆتە راپۆرتێك ئیمزا کراوە تەقدیمی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، هەر ئەمڕۆ راپۆرتەکەمان تەسلیم کردووە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەیـن، دڵنیاتـان دەکەم هەر هەمووتـان وەردەگـرم، بەڵـێ فەرمـوون یەکەم بخـوێننەوە، بەڕێـزان ئـێمە دەچیـنە نـاو پڕۆسـەی دەنگدان ئێمە رازین بە بڕیاری تەشریعی حازری بکەن بە رێکاری پەیڕەوی حازری بکەن، کاك بـژار دەست پێ بکە.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بابەت راپۆرتی دەنگدان لیـژنەی کاروبـاری یاسـای و لیـژنەی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی و داکـۆکی لە مافی مرۆڤ، رۆژی چوار شەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٧/٧) کـاتژمێر (١٢:٣٠) کۆبـوونەوەی هاوبەشـیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کـردن و داڕشـتنەوەی ئەو پێشـنیارانەی کە لە لایەن ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پێشکەش کراون سەبارەت بە پڕۆژە و پێشنیازە یاسای هەمواری یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان – عێـراق لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـدا دوای گفتوگـۆ کـردن و تـاوتوێ کـردن لیژنەکـان گەیشـتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان موباشر لێـرە باسـی مـاددە (١) دەکەیـن، چـونکە عینوانی ماددەی (١) دوو جار تەوزیحم دا لە جەلسەی رابـردوو کە یەك شـتە پێشـنیارەکانمان کـۆ کـردووە لە زمنـی مـاددەی (١)، چـونکە مـاددە (١) موتەعەلـق بـوو بە نـاو و نیشـان سـەبارەت بە مـاددەی (١) چـوار پێشـنیار هەیە پێشـنیاری یەکەم مـاددەکە وەك خـۆی تەنیـا بـڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:
یەکەم: ناونیشانی ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی (٢٠١١)ی یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردسـتان – عێـراق هەمـوار دەکرێـت وە بەم شـێوەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێشنیاری یەکەم: یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی (٢٠١١)ی یاسـای مـاف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:
١/ ناو و نیشانی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویستی تـایبەت لە هەرێمـی کوردسـتان – عێـراق هەمـوار دەکرێـت و بەم شـێوەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:
یاسـای ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی (٢٠١١) یاسـای پاراسـتنی مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان.
پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی.

یەکەم: ناو و نیشانی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق هەموار دەکرێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو راپۆرتەی کە بەڕێزیان دەیخوێنێتەوە راپۆرتی دەنگدانە هەر ئەندامێکی پەرلەمان پێشوەخت داوای نەکرد بێت ناخرێتە سندووقەوە هەر کەسێکیش ئێستا دەیەوێت بۆتان دێت، فەرموو کاک بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: دەستەواژەی کەم ئەندام جێگەی دەستەواژەی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەی (١) بەم شێوەی خوارەوە لێ بکرێت:

یەکەم: ناو و نیشانی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی یەکەم کە عینوانی یاساکەیە و دەگۆڕێت چوار پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە پێشنیاری لیژنە هاوبەشەکان کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی

ماددە (٢):

یەکەم:

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێ بدەن بۆ ئەوەی بزانن دەنگ بە چی دەدەن تکا دەکەم، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم وەك خۆی.

ماددەی (٢):

خاڵی چواری ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

خاڵی چوار: ئەنجومەن/ ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی کەم ئەندامان لە هەرێمدا.

خاڵی پێنجی ماددەی یەکەم هەڵدەوەشێتەوە و ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە.

خاڵی پێنج: کەم ئەندام/ هەر کەسێك کە کەم توانایی یا ناتوانایییەکی تەواو و ماوە درێژی جەستەیی مێشکی و هزری یان هەستیان هەیە و زکماگ بێت یان دواتر رووی دابێت بە جۆرێك لە کاتی مامەڵە کردن لە دۆخ و بوارە جیاوازەکاندا نەتوانن توانا و کارەکانی خۆیان هاوشێوەی کەسانی تر بە بێ ئاستەنگ بخەنە گەڕ.

خاڵی شەشی ماددەی یەکەم هەڵدەوەشێتەوە و ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە.

خاڵی شەش: کورتە باڵا/ ئەو کەسەی کە بە هۆی نارێکی لە سیستەمی گەشەیدا ئاستی بەرزی باڵایان بە شێوەیەکی نائاسیی کەم بێت ئەمەش بە بڕیاری لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ دەستنیشان دەکرێت .

بڕگەکانی حەوتەم و دەیەمی ماددەی یەکەم لە یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

حەوتەم: ناسنامە/ ئەو بەڵگەنامە تایبەتەیە کە وەزارەت بۆ پێناسی کەم ئەندامان دەری دەکات و هەڵگرەکەی لەو ماف و ئیمتیازاتانەی ئاشنا بێت کە ئەم یاسایە دەیبەخشێت .

خاڵی دەیەم: بنکەکانی حەوانەوە/ ئەو بنکانەن کە کەم ئەندامان لە خۆ دەگرن ئەوانەی شوێنی مانەوەیان نییە و پێویستیان بە کەسانێك هەیە چاودێریان بکەن.

بڕگەیەك بە زنجیرەی یازدەیەم بۆ ماددەی یەکەم زیاد دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یازدەیەم: سندوق/ سندوقی کۆمەك بۆ چاودێری و شیاندنی کەم ئەندام و کورتە باڵاکان .

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە لێ بکرێت:

بڕگەی چوارەمی ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

چوارەم: ئەنجومەن/ ئەنجومەنی چاودێری و خاوەن کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان عەفوو ئەوە غەڵەتێکی ئیملائییە کەم ئەندامان بۆ ئەوەی دوو جار (خاوەن) تیکرار نەبێت جارێکی تر دەخوێنم.

چوارەم: ئەنجومەن/ ئەنجومەنی چاودێری کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە بالآیان.
بڕگەی شەشەمی ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
شەشەم/ کەم ئەندام هەرکەسێك دووچاری پەککەوتەیێکی ماوە درێژ دەبێت جا چ جەستەیی بێت یا عەقلی یا هزری یا هەستی بە شێوەیەکی تەواو بێت یان بەشێکی دەبێتە بەربەستێك یان زیاتری بەشداری کردنی بە شێوەیەکی سروشتی لە کۆمەڵگا وەك کەسانی دیکە.
بڕگەیەك بە زنجیرەی حەوتەم بۆ ماددەی یەکەمی یاساکە زیاد دەکرێت بەو پێیە بڕگەکانی دواتر ڕێزبەند دەکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
حەوتەم/ کورتە باڵا ئەو کەسەیە کە بە هۆیی نارێکی لە سیستەمی گەشەیدا ئاستی باڵای بەرزی بە شێوەیەکی نایاسایی کەم بێت ئەمەش بە بڕیاری لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆر دەستنیشان دەکرێت.
بڕگەی حەوتەمی ماددەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
حەوتەم/ ناسنامە ئەو بەڵگەنامە تایبەتەیە کە وەزارەت بۆ پێناسی کەم ئەندامان دەری دەکات و هەڵگرەکەی لەو ماف و ئیمتیازاتانەی ئاشنا بێت کە یاسایە دەیبەخشێت.
بڕگەی دەیەمی ماددەکە هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
دەیەم/ بنکەکانی حەواندنەوە ئەو بنکانەن کە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە خۆ دەگرن ئەوانەی شوێنی حەوانەوەیان نییە و پێویستیان بە کەسانێك هەیە چاودێرییان بکەن.
بڕگەیەك بە زنجیرەی دوازدەیەم بۆ ماددەی یەکەم زیاد دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
دوازدەیەم/ سندوق سندووقی کۆمەك بۆ چاودێری کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٢) دوو پێشنیار هەیە هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە وەك خۆی با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەس لەگەڵدانییە، هەر بەڕێزێك لە گەڵ پێشنیاری دووەمە پێشنیاری لیژنە هاوبەشەکان، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (٣) دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی.
ماددە (٣):
یەکەم/ بڕگەی دووەمی ماددەی سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و چوار خاڵ بۆ زیاد دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:
٥- وەزارەتی دارایی و ئابووری

٦- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنی هەرێم
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
دووەم/ بڕگەی سێیەمی مادده (٣) هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
سێیەم/ نوێنەری کۆمەڵەکانی کەم ئەندامان کە لە نێوان خۆیاندا دەستنیشان دەکەن بە مەرجێك هەر نوێنەرێك تەنها بۆ ماوەی دوو ساڵ نوێنەرایەتیان دەکات لە کاتی پێویست دا دەکرێت ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بە مەرجێك لە دوو ساڵ تێپەڕ نەکات.
پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە لێ بکرێت:
هەر دوو بڕگەی دووەم و سێیەمی ماددەی سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
دووەم/ نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە بەو مەرجەی پلەی هەر کامیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.
خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
پەروەردە.
تەندروستی.
رۆشنبیری و لاوان.
دارایی و ئابووری.
شارەوانی و گەشت و گوزار.
سێیەم/ نوێنەری یەکێك لە کۆمەڵەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان کە ئەم کۆمەڵانە لە نێوان خۆیاندا دەستنیشان دەکەن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سەبارەت بە ماددەی (٣) دوو پێشنیار هەیە هەر بەڕێزێك لە گەڵ پێشنیاری یەکەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر کەسێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە پێشنیاری لیژنە هاوبەشەکان، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا.
**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٤) سێ پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی پێنجەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:
شەشەم/ ئامادەکردنی راپۆرتێکی تایبەت بە بارودۆخی کەسانی کەم ئەندام و بەرز کردنەوەی لە رێگای وەزیرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە هەر شەش مانگ جارێك.
پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی، ماددەی (٤) بڕگەی یەکەمی ماددەی چوارەمی یاساکە هەموار دەکرێت و دوو خاڵ بەم زنجیرانەی خوارەوە بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

چـوارەم/ بە دواداچـوون و لێپێچیـنەوە لەو سـکاڵا و هەواڵـدانانەی تـایبەتن بەو پێشـێلکاریانەی بەرامبەر کەم ئەندامان ئەنجام دراون و گرتنە بەری رێکاری پێویست لە بارەیانەوە.
پێنجەم/ ئامادەکردنی راپۆرتێکی تایبەت بە بـارودۆخی کەم ئەنـدام و بەرز کـردنەوەی لە رێـگەی وەزیرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.
پێشنیاری سێیەم/ پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند، ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٤) سێ پێشنیار هەیە هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە وەك خۆی، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە ئەو مـاددەی لە راپۆرتەکە لابرێت واتا ئەو تەعدیلە نەکرێت، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگـی (٧٢) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمان پەسند کرا، ماددەی (٥) بخوێننەوە.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) سێ پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:
بڕگەی دووەمی ماددەی (٦) یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
دووەم/ ئەوانەی حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە دەیـانگرێتەوە فەرمـانبەری کەم ئەندامن شایستەی دەرماڵەی لە بری کەم ئەندامی دەبن بەو رێژەیە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیـاری لە بـارەیەوە دەدات و دەخـرێتە سـەر مـووچەی فەرمانبەریـان و دوای خانەنشـین بوونیشیان بەردەوام دەبێت.
پێشنیاری دووەم/ هەر دوو بڕگەی دووەم و سێیەمی ماددەی شەشەمی یاسـاکە هەمـوار دکرێـت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
دووەم/ ئەوانەی حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە دەیـانگرێتەوە فەرمـانبەری کەم ئەندامن شایستەی دەرمالەی لە بری کەم ئەندامی دەبن بەو رێژەیە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیـاری لە بـارەیەوە دەدات و دەخـرێتە سـەر مـووچەی فەرمانبەریـان و دوای خانەنشـین بوونیشیان بەردەوام دەبێت.
سـێیەم/ ئەوانەی حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی سـەرەوە دەیـانگرێتەوە کەسـانی کەم ئەندامی بێ دەرامەتن و شایستەی بەخشـینی لە بـری کەم ئەنـدامی دەبـن کە یەکسـانە بە دوو لە سەر سێی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی سەرەڕای کۆمەکێـك کە بەم شـێوەیە دیـاری دەکرێـت، کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی کەرەتی رێژەی پەککەوتەیی.
پێشـنیاری سـێیەم/ پێشـنیاری هەر دوو لیـژنەی تایبەتمەنـد هەر دوو بـڕگەی دووەم و سـێیەمی ماددەی شەشەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
دووەم/ ئەوانەی حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی سـەرەوە دەیـانگرێتەوە لە کەسـانی فەرمانبەر شایستەی دەرماڵەی بەرامبەری کەم ئەندامی دەبن بە پێی ئەو رێژەیە و لەو سنوورەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری لێ دەدات.

سێیەم/ ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی سەرەوە دەیانگرێتەوە لە کەسانی بێ دەرامەت شایستەی بەرامبەری کەم ئەندامی دەبن کە یەکسانە بە دوو لە سەر سێی کۆمەکی چاودێری کۆمەڵایەتی سەرباری کۆمەکێك کە بەم شێوەیە دیاری دەکرێت، کۆمەکی چاودێری کۆمەڵایەتی کەرەتی رێژەی پەککەوتەیی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەبارەت بە ماددەی (٥) سێ پێشنیار هەیە، بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ (٢) ئەندامی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا، ماددەی (٦).

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی

ماددەی (٦) بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایە زیاد دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

چوارەم/ دانانی پڕۆگرامی تایبەت دەربارەی کەم ئەندامان و کورتەباڵایان لە پڕۆگرامەکانی پەروەردەیی.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیە لێ دەکرێت:

ماددەی (٦) بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایە زیاد دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

چوارەم/ دانانی پڕۆگرامی تایبەت بە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان لە پڕۆگرامەکانی پەروەردەیی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٦) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند هەر بەڕێزێکی لەگەڵە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا، ماددەی (٧)، فەرموون کاك مەم.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا هەر دوو خاڵی یەکەم و دووەمی بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:

خاوەن پڕۆژە گەورەکان پابەند دەبن بەکار خستنی رێژەی لە کەم ئەندام و کورتە باڵایان لە پڕۆژەکانیان لە سەر بنەمای داواکاری بە جۆرێك کە رێژەکە (٥%) بێت بۆ هەر بەکارخستێك

زیاتر له ڕێژەی دیاریکراوی حکومەت تا ماوەی (٣) ساڵ نیوەی مانگەکانیان دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هەنگاوانە دەکرێت بە ڕێگەی لێخۆشبوون.
خاوەن پڕۆژە مامناوەند و بچوك پابەند دەبن بەکارخستنی ڕێژەی لە کەسانی کەم ئەندام لە پڕۆژەکانیان لە ەر بنەمای داواکاری بە جۆرێك کە ڕێژەکە (٥%) بێت و حکومەتیش تا ماوەی (٣) ساڵ نیوەی مانگەکانیان دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هەنگاوانە دەکرێت بە ڕێگەی لێخۆشبوون لە باش بێت.
پێشنیاری دووەم/ پێشنیارەکە وەك خۆی تەنیا دەستەواژەی بەکارخستن بکرێتە پێدانی دەرفەتی کار.
پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی
ماددەی (٧):
یەکەم/ بڕگەی چوارەمی ماددەی (١٠)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
چوارەم/ خاوەن پڕۆژەی تایبەتی بچووك، مامناوەند و گەورە پابەند دەبن بە بە کارخستنی ڕێژەی کەم ئەندام و کورتە بالایان لە پڕۆژەکانیان لە ڕێگەی خولی شیاندن و ڕاهێنانی گونجاو بە مەرجێك کارەکە لەگەڵ توانا و لێزانیان گونجاو بێت بە ڕەچاو کردنی حوکمەکانی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە بەم شێوەی خوارەوە:
خاوەن پڕۆژە گەورەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەم ئەندام و کورتە باڵایان لە پڕۆژەکانیان لە سەر بنەمای داواکاری بە جۆرێك لە ڕێژەی (٥%) کەمتر نەبێت و بۆ هەر بەکارخستنێك زیاتر لە ڕێژەی دیاریکراوی حکومەت تا ماوەی (٣) ساڵ نیوەی مانگەکانیان دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هاندانە دەکرێت بە ڕێگەی لێخۆشبوون لە باش بێت.
خاوەن پڕۆژەی مامناوەند و بچوکەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەسانی کەم ئەندام لە پڕۆژەکانیان لە سەر بنەمای داواکاری بە جۆرێك لە ڕێژەی (٥%) کەمتر نەبێت و حکومەتیش تا ماوەی (٣) ساڵ نیوەی مانگەکانیان دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هاندانە دەکرێت لە ڕێگەی لێخۆشبوون بێت لە باش.
دووەم/ بڕگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بۆ ماددەی (١٠)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێنجەم/ بێبەش کردن یان دوورخستنەوەی هەر کەسێك لە کارکردن یان ڕاهێنان بە هۆی ئەوەی کە کەسێکی کەم ئەندامە لە لایەن خاوەن پڕۆەکان ڕێگەپێدراو نییە.
پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری لێژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:
ماددەی (٧): بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٠)ی یاساکە هەموار دەکرێت و دوو بڕگە بە زنجیرەی پێنجەم و شەشەم زیاد دەکرێت بۆ ماددەکە و بەم شێوەی خوارەوە:
چوارەم/ خاوەن پڕۆژە تایبەتەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان لە پڕۆژەکانیان بەو شێوەیەی گونجاو بێت لەگەڵ توانا و لێزانیەکانیان شیاندن و ڕاهێنانی گونجاویان بۆ بکرێت تا لەگەڵ پێداویستییەکانی کار

گونجـاو بێـت حکـومەتیش تـا مـاوەی (٣) سـاڵ نیـوەی مانگەکانیـان لە ئەسـتۆ دەگرێـت بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (٦)ی یاساکە.
پێنجەم/ نابێت کەسی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان بێبەش بکرێت لە دەرفەتەکـانی وەزیـفە پێـدان یـان کـار بە هـۆی حاڵەتەکانیـان یـان هەر کاتێـك خـاوەن توانـا و لێهاتوویی بن بۆ بە جێ گەیاندنی وەزیفە یان کارەکە.
شەشـەم/ کەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویسـتی و کورتەبـاڵا مـافی دەسـتکەوتنی مـۆڵەتی شـۆفێری هەیە بە پێی ڕێنماییە بەرکارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (٧) چوار پێشنیارم، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە بـا بفەرمـووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە بـا بفەرمـووت دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمە وەك خـۆی بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ (٢) کەسـی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنە هاوبەشـەکانە، کـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٧١) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (٨).

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) پێنج پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە لێ بکرێت:
ماددەی (٨):
پێـنجەم: خـاوەن پرۆژەکـانی نیشـتەجێ بـوون بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت پابەنـد دەبـن بە دیزاین کردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە یەکەکانی نیشتەجێ بوون بۆ کەسانی کەم ئەنـدام بە پێـی خواست بە بەهایەك کە ڕێژەکەی (١٥%) کەمتـر نەبێـت و (٣٠%) زیـاتر نەبێـت لە یەکەکـانی تـری پڕۆژەکە بە مەرجی گونجاندنی یەکەکە لەگەڵ بارودۆخی کەسەکە.
پێشنیاری دووەم/ ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە لێ بکرێت:
ماددەی (٨): بڕگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بۆ ماددەی (١١)ی یاساکە زیـاد دەکرێـت و بەم شـێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێـنجەم: خـاوەن پڕۆژەکـانی نیشـتەجێ بـوون بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت پابەنـد دەبـن بە دیزاین کردنی ڕێژەیەك کە (٥%) لە یەکەکانی نیشـتەجێ بـوون بـۆ کەسـانی کەم ئەنـدام بە پێـی خواست بە بەهایەکی کەمتر لە لە یەکەکانی تری پڕۆژەکە بە مەرجـی گونجانـدنی یەکەکە لەگەڵ بارودۆخی کەسەکە.
پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:
ماددەی (٨): بڕگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بۆ ماددەی (١١)ی یاساکە زیـاد دەکرێـت و بەم شـێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێـنجەم: خـاوەن پڕۆژەکـانی نیشـتەجێ بـوون بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت پابەنـد دەبـن بە دابینکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە یەکەکانی نیشـتەجێ بـوون بـۆ کەسـانی کەم ئەنـدام بە پێـی

خواست بە بەهایەکی کەمتر لە تێچووی یەکەکانی تری پڕۆژەکە بە مەرجی گونجاندنی یەکەکە لەگەڵ بارودۆخی کەسەکە.
پێشنیاری چوارەم/ وەك خۆی.
ماددەی (٨): بڕگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم بۆ ماددەی (١١)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێنجەم: خاوەن پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت پابەند دەبن بە دیزاین کردنی رێژەیەکی دیاریکراو لە یەکەکانی نیشتەجێ بوون بۆ کەسانی کەم ئەندام بە پێی خواست بە بەهایەکی کەمتر لە یەکەکانی تری پڕۆژەکە بە مەرجی گونجاندنی یەکەکە لەگەڵ بارودۆخی کەسەکە.
پێشنیاری پێنجەم/ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند، بڕگەیەك بۆ ماددەی (١١)ی یاساکە زیاد دەکرێت بە زنجیرەی پێنجەم بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێنجەم: ئەو لایەنانەی پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون جێبەجێ دەکەن پابەند دەبن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت بە تەرخانکردنی رێژەیەکی دیاریکراو لە یەکەکانی نیشتەجێ بوون بۆ کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان بەبێ بەرامبەر بەو مەرجەی گونجاو بێت بە بارودۆخی گوزەران و جەستەییان.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زرۆ سوپاس، بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٨) پێنج پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنە هاوبەشەکانە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددە (٩).
**بەڕێز مم اسکندر مم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٩).
پێشنیاری یەکەم/ ئەم ماددەیە لاببرێت.
پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی.
ماددەی (٩): خاڵێك بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی (١٢)ی یاساکە بە زنجیرەی سێ زیاد دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
(٣): دامەزراندنی ناوەندێکی پێشکەوتوو بۆ دەستنیشان کردنی پێوەرەکانی کەم ئەندامی و پێکهاتە و ئەرکەکانی بە رێنماییەك رێك دەخرێت کە وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری تەندروستی دەری دەکات.
پێشنیاری سێیەم/ پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند زیاد کردنی خاڵێك بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی (١٢)ی یاساکە بە زنجیرەی سێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

(٣): دامەزرانـدنی ناوەنـدێکی پێشـکەوتوو بـۆ دەستنیشـان کردنـی کەم ئەنـدامی و کاروبـار و بەرنـامە و رێـگەی کـارکردن بە رێنمـاییەك رێـك دەخرێـت کە وەزیـر بە هەمـاهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و وەزیری تەندروستی دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، مـاددەی (٩) سـێ پێشـنیارە هەر بەرێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە کە مـاددەکە لابرێت، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نیـیە، هەر بەرێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە وەك خـۆی، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نیـیە، هەر بەرێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمە، کـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، مادده (١٠) فەرمووون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (١٠) سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/ بـڕگەیەك بە زنجیـرەی چـوارەمی بـۆ مـاددەی (١٣) زیـاد بکرێـت و بەم شـێوەی خوارەوە لێ بکرێت:

چوارەم: پابەند کردنـی لایەنەکانی تـری خـاوەن یاریگـا و هـۆڵ و یـانەی وەرزشـی بە دابینکردنـی بەش و شوێنی تایبەت کە تێدا بتوانن وەرزش و چالاکیيە کومەڵایەتییەکان ئەنجام بدەن.

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی.

مـــادده (١٠): بـــڕگەی یەکەمـــی مـــاددەی (١٣)ی یاســـاکە هەمـــوار دەکرێـــت و بەم شـــێوەیە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم: لایەنە پەیوەندیـدارەکان لە حکـومەت پابەنـدن بە رەخسـاندنی هەلـی چالاکییەکـانی وەرزشی و کۆمەڵایەتی بۆ کەم ئەندامان و یـارمەتی دانیـان بـۆ ئەنجامـدانی ئەو وەرزشـانەی کە دەگونجێت لەگەڵ بارودۆخیان و ئەمەش لە رێگای:

یەکەم/ گونجاندن و دروستکردنی یاریگا و هۆڵی وەرزشی و خیوەتگا و یانەی تایبەت.

دووەم/ پابەند کردنـی لایەنەکـانی تـری خـاوەن یاریگـا و هـۆڵ و یـانەی وەرزشـی بە دابینکردنـی بەش و شوێنی تایبەت کە تێدا بتوانن وەرزش و چالاکییە کۆمەلایەتییەکان ئەنجام بدەن.

پێشـنیاری سـێیەم/ پێشـنیاری هەر دوو لیـژنەی تایبەتمەنـد مـاددەی (١٠) بـڕگەی یەکەم مـاددەی (١٣)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم/ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت پابەندن بە رەخساندنی هەلـی چـالاکی وەرزشـی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان و یارمەتیـدانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو وەرزشانەی کە دەگونجێت لەگەڵ بارودۆخیان ئەمەش لە رێگای:

گونجاندنی یاریگا و هۆڵی وەرزشی و خێوەتگا و یانەی تایبەت.

پابەند کردنـی لایەنەکـانی تـری خـاوەن یاریگـا و هـۆڵ و یـانەی وەرزشـی بە دابینکردنـی بەش و شوێنی تایبەت کە تێدا بتوانن وەرزش و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجـام بـدەن و بەشـداریان پێ بکرێت لە چالاکی وەرزشییە نێو دەوڵەتییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان سـەبارەت بە مـاددەی (١٠) سـێ پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە بەفەرمـووت دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری لیژنە هاوبەشەکانە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (١١) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی.

ماددەی (١١): زیاد کردنـی سـێ بـڕگە بە زنجیرەکـانی (سـێیەم و چـوارەم و پێـنجەم) بـۆ مـاددەی چواردەیەم و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

سێیەم: هەر کەسێك کەم ئەندامێك بێ بەش بکات یان کارێك بکات ببێتە مـایەی بـێ بەشـکردنی لە پیادە کردنـی ئەو مافـانەی کە لەم یاسـایەدا هـاتوون ئەوا بە پـێ بژاردنێـك کە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێـنج سـەد هەزار دینـار زیـاتر نەبێـت سـزا دەدرێت.

کەسی هاوبەش لەو سەرپێچییەی لە خاڵی یەکی ئەم بـڕگەیەدا هـاتووە هەمـان مـامەڵەی کەسـی بکەری لەگەڵدا دەکرێت.

لە حـاڵەتی گەڕانەوە بـۆ سـەرپێچییەکە بەهـای ئەو پێبـژاردنە کە لە خـاڵی یەکـی ئەم بـڕگەیەدا دەقنووس کراوە دەبێتە دوو هێندە.

هەر کەسێك بە مەبەستی بەهرەمەند بوون بە ناشایستەیی لە هەر مـافێکی دەقنـووس کـراو لەم یاسایەدا بە ساختە خۆی بکاتە کەسی کەم ئەندام یـا سـیفەتی هەڵبگرێـت یـان لەگەڵیـدا بەشـدار بێت یان هاوکاری بکات ئەوا بە پێبژاردنێك کە لە (٢٥٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و پێـنج سـەد هەزار دینـار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

ئەگەر کرێکـار لە کـارەکەی بـێ بەش بکرێـت بە هـۆی ئەوەی کەسـێکی کەم ئەنـدامە ئەوا دەبێـت قەرەبوویەکی پێ بدرێت کە بڕەکەی یەکسانی کرێی کارەکەی بێت لە ڕێکەوتی بـێ بەش کردنـی بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ کەمتـر نەبێـت ئەمەش وەك قەرزێکـی نایـاب (ممتـاز) هاوشـێوەی کرێی کرێکاری هەژمار دەکرێت بڕیاری قەرەبـوو کـردنەوەکەش تەنها ئەو کـاتە هەڵدەوەشـێتەوە کە کەسی بێ بەش کراو بچێتەوە سەر کارەکەی لە هەمان شوێن و لە هەمان ڕێکەوت.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەی لێ بکرێت:

ماددەی (١١)

زیاد کردنی دوو بڕگە بە زنجیرەکانی (سێیەم و چـوارەم) بـۆ مـاددەی چـواردەیەم و بەم شـێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

سێیەم: هەر کەسێك کەم ئەندامێك یان خاوەن پێداویستییەکی تـایبەت یـان کـورتە بـاڵایەك بـێ بەش بکـات یـان کارێـك بکـات ببێـتە مـایەی بـێ بەش کردنـی لە پیـادە کردنـی ئەو مافـانەی لەم

یاسایەدا هاتوون ئەوا پێبژاردنێـك كە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیـۆن دینـار كەمتـر نەبێـت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.
كەسـی هـاوبەش لەو سـەرپێچییەی كە لە خـاڵی یەكـی ئەم بـڕگەیەدا هـاتووە هەمـان مـامەڵەی كەسی بكەری لەگەڵدا دەكرێت.
لە حـاڵەتی گەڕانەوە بـۆ سـەرپێچییەكە بەهـای ئەو پێبـژاردنە كە لە خـالی یەكـی ئەم مـاددەیە دەقنووس كراوە دەبێتە دوو هێندە.
هەر كەسێك بە مەبەستی بەهرەمەنـد بـوون بە ناشایسـتەیی لە هەر مـافێكی دەقنووسـكراو لەم یاسایەدا بە ساختە خۆی بكاتە كەسی كەم ئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت یان كورتە بـاڵا یان سیفەتی هەڵبگرێت یان لەگەڵیدا بەشدار بێت یان هاوكاری بكـات سـەرەڕای هەر سـزایەك كە لە یاسـا بەركارەكـان هـاتووە ئەوا بە پێبژاردنێـك كە لە (٢٥٠٠٠٠٠) دوو ملیـۆن و پێـنج سـەد هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان سـەبارەت بە مـاددەی (١١) دوو پێشـنیار هەیە، یەكەمیـان وەك خـۆی هەر بەڕێزێكـی لەگەڵە، كێ لەگەڵدایە؟ كەسـی لەگەڵ نیـیە، دووەمیـان پێشـنیاری لیـژنە هاوبەشـەكانە فەرمـوون ئەو بەڕێزانەی لەگەڵن، كـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٧٥) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـند كـرا، مـاددەی (١٢).

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.
ماددەی (١٢): وەزیـری كـار و كاروبـاری كـۆمەڵایەتی بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزیـری تەندروسـتی پێویستە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی (١٢) وەك خۆی هیچ پێشنیارێكی نیـیە هەر بەڕێزێكـی لەگەڵە، كـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان پەسندكرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.
ماددەی (١٣) كار بە دەقی هیچ یاسـا یـان بڕیارێـك ناكرێـت كە لەگەڵ حوكمەكـانی ئەم یاسـایەدا ناكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مـاددەكە وەك خـۆی هـیچ پێشـنیارێك نیـیە بەڕێـزان، كـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنـگەی (٧٥) ئەنـدامی پەرلەمان پەسندكرا، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (١٤): پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٤) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگەی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (١٥).

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (١٥): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە وەکو خۆی پەسند بکرێت ماددەی (١٥) فەرموون، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بگەینە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن وەکو لیژنەی تایبەتمەند پێشنیارێکمان هەیە بە زیاد کردنی ماددەیە بە زنجیرەی یازدەیەم، داوا لە بەڕێزتان دەکەین بخرێتە دەنگدان و بەم شێوەی خوارەوەیە:

ماددەی (١١): ماددەی (١٧)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەم دەقەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە: جێبەجێ کردنی بڕگە و ماددەکانی تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لەم یاسایە و هەر یاسایەکی دیکەی بەرکار لە هەرێم بە ڕەچاو کردنی بنەمای یەکسانی و جۆری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ زیاد کردنی ئەو ماددەیە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا، هۆیەکانی دەرچوون.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی.

هۆیەکانی دەرچوواندن: بە مەبەستی گونجاندنی ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و کورتە باڵایان لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار و پێشکەش کرنی خزمەتگوزاری گونجاو لەگەڵ بارودۆخی گوزەران و ژیانی تایبەتیان و مسۆگەر کردنی مافەکانیان لە بواری تەندروستی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، وە نەهێشتنی ئەو کەم و کورتییانەی لە جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵ (٢٠١١) هەیە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند.

هۆیەکانی دەرچوواندن/ بە مەبەستی گونجاندنی ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و رەخساندنی هەلی کار و پێشکەش کرنی خزمەتگوزاری گونجاو لەگەڵ بارودۆخی گوزەران و ژیانی تایبەتیان و مسۆگەر کردنی مافەکانیان لە بواری تەندروستی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، وە نەهێشتنی جیاکاری لە بەرامبەریان، وە ئەو کەم و کورتییانەی لە جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵ (٢٠١١) هەیە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی یاساکەیە با بفەرموویت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٨١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسند کرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و گەلی کوردستان و کۆی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان دەکەین، بەڕێزان لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموون سوپاستان دەکەین دەستان خۆش بێت فەرموون، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر دوو خاڵ دەمەوێ قسە بکەم، دوێنێ بڕیارێك دەرچوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە راستی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە ناو خەڵك دروست کردووە لە سەر مەسەلەی هەڵوەشانەوەی ....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت لێرە نەبووی مامۆستا ابوبکر تەرحی کرد؟ لیژنەی پەروەردەمان راسپارد کە موتابەعە بکەن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دووەمیان هەر بڕیارێکی تری حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ئێمە زەخت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکات بڕیاری پێداچوونەوە بە کاری کۆمپانیاکاری لە خاڵە سنوورییەکان ئەو بڕیارەی کە دەرچووە بە حساب پێداچوونەوەکە کراوە کە کاتی خۆی بەشی کۆمپانیاکان (٨٠%) بوو و بەشی حکومەت (٢٠%) بوو ئێستا کردوویانە (٧٠%) بۆ کۆمپانیاکان وە (٣٠%) بۆ حکومەت لە راستی ئەوە هەم پێچەوانەی بڕیارەکەیە هەم فێڵ کردنە لە حکومەت لە خۆی لە خەڵك لە پرۆسەی چاکسازی یەعنی مەئقول نییە پەرلەمانی کوردستان خەمخۆرتر بێت لە حکومەت بۆ ئەوەی پارە کۆ بکاتەوە ئەم بەرژەوەندییە شەخسی و حزبییە وای کردووە بڕیارەکە دەرچووە، لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکەم ئەوەش بخرێتە ناو ئەو راسپاردانەی لیژنەی دارایی کە پێدا بچێتەوە وە ئەم پەرلەمانی کوردستانە رێگر بێت لەو دابەش کارییە کە ناحەقییەکی زۆری تێدایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێت، لە ناو ڕاسپاردەکاندا تێیدایە خۆت پێشنیارت کردووە لە لیژنە دەڵێن، بەڵێ کاك بهمن فەرمووو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان، ئێمە پێریێ دەنگمان لەسەر هەمواری یاسای تاپۆ کردنی ئەو زەوییانەی کە زیادەڕۆییان لە سەر کراوە تەبعەن هەموو لایەك دەزانین کە تا سەرۆکی هەرێم ئیمزای نەکات وە نەچێتە وەقائیع و بڵاو نەبێتەوە نابێتە یاسا، بەڵام بە داخەوە پێرێ ئەوەمان کرد دوێنێ لە گەرمیان و لە هەندێك ناوچەی تریش شارەوانی چوونەتە سەر هەندێك ماڵ و روخاندیانن و هەندێك خەڵکیشیان دەستگیر کردووە ئەو خەڵکانە پەیوەندییان بە ئێمەوە کرد وتیان ئێمە پێش ئەو تاریخەش کە ئێوە دیاریتان کرد بە شەش مانگ ئەو خانوانەمان دروست کردووە خەڵی دەست نەچوو و فەقیرن هیوادارم لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانەوە پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانی و دام و دەزگا ئەمنییەکان بکرێت کە ئەوە رابگرن تا یاساکە دەردەچێت، چونکە ئێمە یاسامان بۆی دەر کردووە و تاپۆ دەکرێت لە سەریان بە موستەفیدیش حسابن تەبعەن ئەوە بۆ خەڵکی فەقیر کراوە خاڵێکی تر سەبارەت بە لێبڕینی مووچە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و بۆ هەموو پەرلەمانتارانیش من پێشنیار دەکەم لیژنەی دارایی وە یەك ئەندامی تریشیان بۆ ئیزافە بکرێت بۆ ئەوەی سەرچاوەی داهاتەکانی ئەم وڵاتە بە جوانی روون بکرێتەوە، وە بیسەلمێنین کە ئەو پارانە لە کوێ ناگەڕێتەوە ئەوجا قسە لەسەر بڕیاری تەشریعی بکرێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقەکەت تەواو بوو، لیژنەی شارەوانی پەرلەمانی کوردستان رادەسپێرین بۆ موتابەعە کردنی خاڵی یەکەم خاڵی دووەمیش ئێمە دانیشتنێکی دوور و درێژمان کرد، وە لیژنەی داراییشمان ئەمڕۆ راسپارد بەوەی کە موتابەعەی ئەو زانیاریانە بکەن سەبارەت بە داهاتی ناوخۆ هەیە، بەڵێ سەرچنار خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ پازدە پەرلەمانتار بووین بە پێی ماددەی (٤٨) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داوامان کرد کە بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ دانیشتنەکە تایبەت بە چارەنووسی مامۆستایانی وانەبێژ لەگەڵ فەرمانبەرانی گرێبەست لەگەڵ دەرچووە سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بەڵام ئەو ئەو بابەتە نەخرایە بەرنامەی کار کە ئەوە پەیوەندی بە پەنجا و پێنج هەزار کەسەوە هەیە کە دوێنێ یەکەمەکان لە بەر ئەو خۆرە لە خۆپیشانداندا بوون وە داواکەیان بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بوو ئێمە بە بابەتێکی هەنوکەییمان زانیوە جەنابت پێشتر بڕیارت دا بوو کە دانیشتن بۆ چارەنووسی وانەبێژان بکرێت، وە بۆ فەرمانبەرانی گرێبەست بۆ ئەمڕۆ نەخرایە بەرنامەی کار؟خۆ بەرنامەی کاری ئەمڕۆ ئاسان بوو تەنها دەنگدان بوو لە سەر پڕۆژە یاساکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی دوو سەبەبی هەیە سەبەبی یەکەم ئەوەیە ئەگەر بیرتان بێت لە دانیشتنی ژمارە (١٦) ئێمە وتمان درێژکردنەوەی ئەم وەرزە بۆ تەواو کردنی ئەوەیە کە ئەو پڕۆژە یاسا و پێشنیازە یاسایانەیە کە لەم وەرزە ئامادەکاریەکانیان تەواو بووە سەبەبی دووەم بە بێ ئامادە بوونی حکومەت قسە کردن لە سەر دامەزراندنی چین و توێژەکان تەنها قسە کردنە، وە هیچ ئەنجامێکی نابێت وە جەنابیشت ڕەنگە زۆر زۆر لە ئێمەمانان باشتر بزانیت بابەتی دامەزراندن بابەتێکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە هەیە، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، ڕاستی لەو جەلسەیەی کە حکومەت ئامادە بوو لێرە وەکو ئێستا بیرمە من پێش ئەوەی حکومەت قسە بکات پێشنیارم کرد ئەگەر بێت و بڕیارێکی پەرلەمانی دەرنەچێت هۆکارەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لە کۆتاییەکەش بەداخەوە بینیمان هەر وا دەرچوو بڕیاری پەرلەمانی دەرنەچوو، بەڵام ئەوەی ئێستا بەڵێنتان داوە بڕیارێکی پەرلەمانی تەشریعی دەربچێت ئێمە چاوەڕوانین هیواداربن وا بێت، دواتر زۆر جار بڕیارەکانی بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێمە سەرباری ئەوەی کە خوای گەورە وە میلەت چاودێرە بەسەرمانەوە مێژوویەك هەیە ئێمە هەمووومان لەم پەرلەمانە دەڕۆین هەر یەکێك بە جۆرێك پەرلەمان جێ دەهێڵین، وە هیوادارم بتوانین مێژوویەکی جوان بۆ خۆمان تۆمار بکەین، وە بڕیار دەرکردنەکانمان وا نەبێت کە لە داهاتوو عورفێکی ناشیرینی جێ هێڵابێت لە دوای خۆمان جا ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان بێت یان جێگرەکەی یان پەرلەمانتارێك بێت هیوادارم ڕەچاوی ئەو دۆخە بکەن وە وا نەکەین نەریتێکی خراپ لە دوای خۆتان جێ بهێڵن و ئەو بڕیارە پەرلەمانیە دەربچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەك و تێبینییەك هەبوون ئەگەر ڕوخسەتێ بدەن ئەز دێ ئەولی پێشنیارا خۆ کەم د هەفتییا بووری دا جینۆسایدا ئێزدییا بابەتێ هەرە گرنگ ل دەولەتێت ئەوروپی بوون د ڤێ هەفتیێ دا حکومەتا بەلجیکا و هۆڵەندا هجوما سەر ئێزدییا ب جینۆساید ناسی، ئو دەست خۆشیێ ل ڤان دەولەتا دکەین من پێ باشە پەرلەمانێ کوردستانێ ئەگەر بشێت بەیاننامەکێ دەربەکەت بۆ سوپاسی کرنا ڤان هەر دوو دەوڵەتا یان شاندەك بێتە دروست کردن بۆ سەردانا کنسوڵخانێت هەر دوو دەوڵەتا وەکو سوپاسی و ڕێزگرتنەك بۆ ڤێ بڕیارێ پێشنیارا منە کو د ڤێ هەفتیێ دا بهێتە کرن تێبینیا من یا دووێ ل سەر بەرنامێ کاری بوو کە د ڤێ هفتیێ هاتییە کرن ئێك ژ درێژترین بەرنامێ کاری بوو کو هاتییە درست کرن ئەز د وێ باوەڕێمە تێبینیا من ئەوە هەر کۆمبوونەکا پەرلەمانی د هەمی دونیایێ چار ساعات یان پێنج سەعات درێژتر

بکێشیت هەم ئەو زەوقێ شۆلی و هەم ئەو ڤالا بوونا قاعا پەرلەمانی دێبیتە سەبەبا تێک چوونا پەرلەمانی ژ دەرڤە و ب شێوازەکێ ناشیرین دێهێتە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، دکتۆر ڕێبوار، پەیوەندی بەوە هەبوو ئێمە ترسمان هەبوو دەنگ نەهێنێت ترسی ئەوەمان هەبوو درێژکردنەوەی وەرزی تەشریعی دەنگ نەهێنێت دەمانویست ئەمانە تەواو بکەین، بەڵێ دکتۆر ڕێبوار فەرموو، بەڕێزان ئەوە نوقتەی نیزامی نییە وەڵامی کاك چیا دەداتەوە کە ئەوان ئەو ئیشەیان کردووە کە کاك چیا داوا دەکات ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە ئەوە نوقتەی نیزامی نییە برادەران ئەوە تەوزیحێکە لە سەر قسەکانی....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ وا مەڵێ من خۆم وتم، قسەی خۆت بکە.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماوەی هەشت مانگی رابردوو لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی بەلجیکا لەگەڵ وەفدەکەی گفتوگۆیەکمان کرد یەکێك لە تەوەرەکان لەسەر بریتی بوو لە بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی خوشك و برایانی ئێزدی بە خۆشحاڵییەوە لە پەرلەمانی بەلجیکا ئیعتراف کرا بەوەی کە کۆمەڵکوژی کراوە بەرامبەر بە پێکهاتەی ئێزدییەکان بە خۆشحاڵیشەوە پەرلەمانی هۆڵەنداش وەکو خۆمان وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان سوپاسگوزار بووین، وە پەیامی سوپاسیشمان نارد، بەڵام داوا لە بەڕێزیشتان دەکەین لە ئاستی پەرلەمانیش بە هەمان شێوە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەسەر چاو، بەڵێ هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا (٥٧) ئەز ب نوقتە نیزامی دگرم بێژیت هەر جارەکا دانیشتنا پەرلەمانی سەرپێچییەك ژ لایێ ئەندامەکی ڤە هاتە کرنێ پێنج پێنگاڤێت هاتینە هاڤێتن کو ئەندام پەرلەمان بێ بەش بیت د کۆمبوونا پەرلەمانی دا یا ئێکێ ئەڤەیە بیر ئینانا ئەندام پەرلەمانی کو دانیشتنێ راگریت یان ئارامیێ راگریت، دوو ئەگەر پابەند نەبوو تەمبیە بکەت ئەڤە دوو هاتنە کرنێ د جەلسا (١٧) دا، لێ خالا سێ نەهاتییە بکار ئینان نە جەنابێ تە ئاخفتنێت مە ژێ برینە ژ پرۆتۆکۆلی نە جەنابێ تە گۆتییە مە ئاخفتنێت تە زبرن کو ئەم لادەین ژ پرۆتۆکۆلی یەکسەر تو هاتیی خالا پێنجێ تە جێبەجێ کر تە راگیرا پشتی خالا پێنجێ هاتە راگیراندن جەنابێ تە ب سڕی ئەم نزانین کانێ چ بوو مە ئاگا ل زەنگا دەسپێکرنا کۆمبوونێ نەبووە دەمێ ئەم هاتینە بەر دەرگەهێ

هۆلا پەرلەمانی شنی ئەمێت ئاگەهدار کری کو ئەمێت بێ بار کری ژ ڤێ کۆمبوونێ دیڤ ماددا (٥٧) ئەگەر جەنابێ هەوە سەرپێچییا پەیرەوێ ناڤخۆیێ پەرلەمانی بکەت ئێکێ دیتر ژ دەرڤە چ بکەت، خالا دیتر شازدە پەرلەمانتار نە کێمن بێ بەش بکەن ژ کۆمبوونەکا پەرلەمانی چونکە هەر یەکێ ژ مە نوێنەرێ چینەکێیە ئیحتماله دەنگدەرێ من فەرقە ژ دەنگدەرێ دەسەلاتێ، دەنگدەرێ دەسەلاتێ فەرقە ژ دەنگدەرێ دیتر خەلکی دڤێت ئەم د هۆلا پەرلەمانی ڤە بین ئەگەر ئەم چووینە سەر جاددێ خەلکی گۆتە مە

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سلمی خان فەرمووو.

**بەڕێز سلمی فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر دوو پێشنیازە یاسایی بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست و دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان یەکێك بووە لەو پێشنیازە یاسایانەی کە فراکسیۆنی یەکێتی تەقدیمی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، بەڵام بەداخەوە هەندێك لایەنی تر...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی هیچ لایەنێك مەهێنە.

**بەڕێز سلمی فاتح تۆفیق:**

تەقدیم کردنی پێشنیازە یاساکان بوعدێکی قانونی بەهێزتری هەیە وەکو داواکاری یادداشتەکان، بۆیە من جارێکی تر جەخت لە سەر هەر دوو پێشنیازە یاسایی فراکسۆنی یەکێتی دەکەینەوە کە پێشنیازە یاسایی بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست و دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانە هیوادارین جارێکی تر بنێردرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ ئەوەی نەتیجەمان دەست بکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست و دامەزراندنی دەرچووە یەکەمەکان ڕێکاری پەیڕەوی خۆی بڕیوە ناردوومانە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان سادەترین هاووڵاتی لە هەرێمی کوردستان دەزانێت دامەزراندن دەسەڵاتێکی موتڵەقی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە بە پێی میلاك وە لە ناو قانونی بودجە تەحدید دەکرێت ئێمە قانونی بودجەمان نەبووە بۆ ئەوەی پێمان بڵێن ساڵانە چەند کەس تەعین بکرێت لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە بە داخەوە ئێمە ناچارین لەو حاڵەتە بۆ ئەوەی کە بابەتی دامەزراندن ڕەزامەندی لە سەر بدرێت بینێرین بۆ حکومەت زیاتر لە جارێك وتوومانە بە داخێکی زۆرەوە هەر دوو پڕۆژە یاساکە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەتکراوەتەوە لە بەر دوو هۆکار هۆکارێکیان بابەتی بارگرانی باری داراییە هۆکارێکی تریان دەڵێن بابەتی دامەزراندنی فەرمانبەران یەکەم بن یان یەکەم نەبووبن یەعنی هاووڵاتییەکی تریش بێت کولیەیەکی تری تەواو کردووە بەڵام لە ئەوائیل نییە لەگەڵ بابەتی بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست پێویستی بە یاسا نییە و هیچ بۆشاییەکی یاسایی نییە بە دەلیلی ئەوەی کە مامۆستایانی گرێبەست کراون بە هەمیشەیی بە بێ ئەوەی کە هیچ یاسایەك هەبێت، کەواتا ئەوان خۆیان ئەو دەسەڵاتەیان هەیە

بە دەلیلی ئەوەی چەندین کەسیش دامەزراون لە رابردوو لە یەکەمەکان بێ ئەوەی کە یاسایەك هەبێت کەواتا بۆشایی یاسایی نییە، سلمی خان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر دوو ئەو پڕۆژە یاسایە بە دەستی خۆم نووسیومەتەوە بە دەست و خەت خۆم تەبعم کردوون خۆم هێناوم بۆ رەفیقەکانم بۆ ئەوەی ئیمزای بکەن هیچ کەسێك لەوانەیە لە ئێمە لە سەرۆکایەتی زیاتر حەز نەکات ئەو بەڕێزانە دابمەزرێن، بەڵام ئەوە واقعێکە با بەڵێن بە خەڵکی دانەمەزراو نەدەین بڵێین پەرەمان دەتوانێت داتانبمەزرێنێت حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دەرچێت کەس ناتوانێت کەس دامەزرێنێت با ئێمە رێنماییان بکەین رێگە راستەکە بگرنە بەر دامەزراندنی ئەو ئازیزانەی ئێمە کە کەس و کاری ئێمەن لە پەرلەمانی کوردستان نییە دامەزراندنی ئەوان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار جێبەجێ دەکەین.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری رۆژی چوارشەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٧/٧) کاتژمێر (١٢:٣٠) کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجامدا بۆ تاوتۆ کردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکران سەبارەت بە پڕۆژە یاسایی بەرکار کردنی یاسایی رەسمی پۆلی دارایی عێراق ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوایی گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە، سەبارەت بە ناو نیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، پڕۆە یاسایی بەرکار کردن و هەمواری پیادە کردنی یاسایی رەسمی پۆل...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین بە خوای غەدر لە کەس ناکەین وەرتدەگرم دڵنیا بە، مەبەستیان ئێوە نەبوو مەبەستیان ئێمە بوو، فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

سەبارەت بە ناو نیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، پڕۆە یاسایی بەرکار کردن و هەمواری پیادە کردنی یاسای رەسمی پولی ئیتحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان داش عێراق.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ناو نیشان وەك خۆی چەند کەسی لەگەڵە؟ هەر ئەو پێشنیارەش هەیە پێشنیاری تر نییە، بە دەنگی (٥٠) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەر پێشنیارەکە تێبینییەکی قانونیم هەبوو نەتانهێشت بەس هەر دەڵێم، ناونیشانی هەر یاسایەك کاتێك کە دەتەوێت بەرکاری بکەی یان تەعدیلی بکەی دەبێت وەك خۆی بهێنیتەوە ئەو یاسایە من سێرچم کرد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە بە ناونیشانی (قانون رسم الطابع) یاسای رەسمی پول نەك بە ناونیشانی یاسای رەسمی پولی ئیتحادی وشەی ئیتحادی

لەگەڵ نیـیە دەبێـت بڵێـی یاسـایی ڕەسـمی پـول دەرچـوو لە ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق، وە مـاددەی یەکـیش بە هەمـان شـێوە وشـەی ئیتحـادی دەبێـت لاببرێـت، چـونکە تـۆ ڕێـك یاسـاکە دەهێنیــت ناکرێــت وشــەیەك تــێکەڵ بکەیــت بە ناونیشــانێك کە لە ئەســڵدا ئەو ناونیشــانە لە یاسایەکە نەبووە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ڕوونکردنەوە بدەن لە سەر ئەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە تەنیا بەرکار کردن نییە

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك زیاد وەك سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند ڕوونکردنەوە بدەن لە سەر ئەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە تەنیا بەرکارکردن نییە هەموار و بەرکارکردنە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە لە جەلسەی دەنگداندایـن، بۆیە داوا لە ئەندامانی بەڕێـزی پەرلەمـان دەکەیـن لە نـاو هۆڵەکە بمێننەوە ئەوانەشی لە دەرەوەن بێنەوە ناو هۆڵەکە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

ئەگەر بە تەنیــا بەرکــارکردن بــووایە، بەڵام ئەمە تەعــدیلیش و بەرکارکردنیشــە، لەبەر ئەوە گۆڕانکاری بە سەرداهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لای ئێمە لە لیژنەی یاسایی تەبعەن هـیچ کێشـەیەك نیـیە، وە تـازە گوێمـان لەو پێشـنیارە بـوو، چونکە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە ئەوە بۆ تەعریف کردنی یاساکەیە، بۆئەوەی بزانین ئەم یاسـایە یاسـایەکی ئیتیحـادییە لێـرە بە نیـازین هەمـوار بکەیـن، وە بەرکـار بکەیـن لێـرە هەمـواری پیـادە کردنیشی ئیزافە بووە تەبعەن ئەمەش مەوزوعێکی تـرە پێویسـتی بە کـاتە کەی بەرکـار دەکرێـت کەی هەمـواری پیـادە کردنـی دەکرێـت، بەڵام ئەگەر مەوزوعەکە لە دەسـتەواژەی ئیتیحـادی بێـت ئەوە لیژنەی یاسایی ئیزافەمان کردووە وە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی یەکەم فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (١): یاسایی رەسمی پولی ئیتیحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان داش عێراق، بەرکار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٤٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) دوو پێشنیارێك هەیە.

یەکەم/ وەك خۆی.

ماددەی (٢): پیادەکردنی حوکمی بڕگەی پێنجی ماددەی پێنجی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

پێنجەم: پێدانی رەسمی پولی سەپێنراو لەم ماددەیە بەم شێوازە دەبێت کە وەزیر دیاری دەکات و دەبێت وەزیر سودی دواکەوتنی بسەپێنێت لە حاڵەتی دواکەوتن لە پێدانی رەسم ئەمەش بە رێنماییەك رێك دەخرێت بە پێی یاسا.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

پێنجەم: پێدانی رەسمی سەپێنراو لەم ماددەیە بەم شێوەیە دەبێت کە وەزیر دیاری دەکات و دەبێت وەزیر سودی دواکەوتن بسەپێنێت لە حاڵەتی دواکەوتن لە پێدانی رەسم ئەمەش بە رێنماییەك رێك دەخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٢) دوو پێشنیار هەیە پێشنیاری یەکەم وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری دووەم پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند هەر بەڕێزێك لەگەڵدایە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (٣): پیادە کردنی حوکمەکانی بڕگەی سێیەمی ماددەی (١٦)ی یاساکە رادەگیرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٣) هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

مـاددەی (٤): پیـادە کردنـی حـوکمی هەر دوو بـڕگەی (٥ و ٦)ی ئەم مـاددەیە لە مـاددەی (٢٥)ی یاساکە رادەگیرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٤) هیچ پێشنیازێك نییە وەك خـۆی هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٥٥) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمان پەسندکرا، بەڕێزان تەنها بـۆ روونکـردنەوە شەسـت ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان لە نـاو هۆڵدان بۆ دەنگدان پێویستمان بە (٥٦) ئەندامە، بۆیە کە دەڵێـین (٤٩) ئەنـدام یـا (٥٠) ئەنـدام بـۆ ئەوەی بزانن لە کۆی (٦٠) ئەندامە، ماددەی (٥) فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

مادده (٥): دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان داش عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆسـتن تیایاندا جێگەی دامەزراوە و فەرمانگە ئیتیحادییەکان و ئەوانەی خاوەن پۆسـتن تیایانـدا لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبن دەگرنەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٥) هیچ پێشنیازێك نیـیە وەك خـۆی هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٥٨) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی دوای ئەوە ماددەی (٦) فەرموون.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (٦): یاسایی رەسمی پـۆل ژمـارە (٣)ی سـاڵی (١٩٩٣)ی هەرێمـی کوردسـتان داش عێـراق هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە سەبارەت بە ماددەی (٦) هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٥٧) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی دوای ئەوە ماددەی (٧) فەرموون.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

مـاددەی (٧): وەزیـری دارایـی و ئـابووری رێنمـایی بـۆ ئاسـان جێبەجـێ کردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەمەیە وەك خـۆی بمێنێـت بـا بفەرمـووت دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگـی (٥٥) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسـندکرا، مـاددەی دوای ئەوە بەڕێـزان فەرموون.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (٨): ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیـدارەکان حوکمەکـانی ئەم یاسـایە جێبەجـێ دەکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەمەیە وەك خـۆی بمێنێـت بـا بفەرمـووت دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (٩): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیـارێکی نـاکۆك لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسـایەدا ناکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پێشنیارێك نییە سەبارەت بە ماددەی (٩) هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەمەیە با بفەرمـووت دەسـت بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسـندکرا، مـاددەی (١٠) بەڕێزان فەرموون.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

مـاددەی (١٠): ئەم یاسـایە لە دوای تێپەڕبـوونی (٦٠) ڕۆژ بەسـەر ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان سـەبارەت بە مـاددەی (١٠) هـیچ پێشـنیارێك نیـیە هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەمەیە بـا بفەرمـووت دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگـی (٦٣) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسندکرا، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

هۆیەکانی دەرچوواندن

بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بە سەر دەرچوواندنی یاسایی رەسمی پۆل ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٣) لە هەرێمی کوردستان داش عێراق، وە لە بەر ئەو پێشکەوتنەی روویداوە لە جۆر و قەبارەی ئەو خزمەتگوزارییە حکومییانەی دەخوازرێت پێشکەش بکرێن، وە بۆئەوەی رەسم لەگەڵیان بگونجێت لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر بەهای دراو و چالاکی ئابووریدا هاتووە و لە پێناو یەکخستنی رەسمی پۆل لە هەرێم لەگەڵ هاوتاکەی لە عێراق ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان دیارە سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەمەیە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، بەڕێزان ئێستا هەر بەڕێزێك لەگەڵ کۆی گشتی یاساکەیە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ بەڕێزان بە (٦٧) دەنگ پەسندکرا پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین ئێستاش دەست بە جێبەجێ کردنی خاڵێکی تری بەرنامەی کار دەکەین پرۆژە یاسایی بەرکار کردن و هەمواری یاسایی وەبەرهێنان و پیشەسازی هەر دوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠) لیژنەی تایبەتمەند فەرموون، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵم هەیە تکا دەکەم دەقەیەك زیاترم پێ بدەی بە گوێرەی ماددەی (٩٨) ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووین کە پرۆژە یاسایی بودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان هەم بە رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقی هەم بە بێ رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقی خولی بەهارەمان تەواو دەبێت و ئێمە دەچینە پشوو و وا دەگەینە خولی پاییزە ئایا پرۆژە یاسایی بودجە دێتە پەرلەمانی کوردستان؟ وە ئەگەر بێت لەم خولی پاییزە مانگی نۆ ئایا چ سودێکی دەبێت؟ وە دووەمیان پەیوەندی هەیە بە ماددەی (٢) لە پەیڕەوی ناوخۆ بەو پێیەی پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستانە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق لە بەردەم کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورەدان هێرشی میلیشیا چەکدارەکان، کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان، کشانەوەی کۆمپانیاکانی نەوت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، هاتنی هێزی ئەمریکی و گواستنەوەی قاعیدەیان لە قەتەرەوە بۆ ئۆردن وە هاتنی هێزی سەربازی بۆ ئەو شوێنانە، رێکەوتنی نێوان عێراق و ئۆردن و میسر پێموایە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك هەڕەشە و مەترسیدایە، پێشنیاری ئەوە دەکەم پەرلەمانی کوردستان دەستپێشخەرییەك بکات بە تایبەتی بۆ لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان کە ئەو مەترسییانە لەبەر چاو بگرن وە کۆنگرەیەکی نیشتیمانی کوردستانی ساز بکەن وە ....

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دکتۆر گیان، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، خۆزگە بەڕێز دکتۆرە رێواز لێرە بووایە..

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرق نییە.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

فەرق نییە بەڵام دەبێـت تەحەمول بکەن ان شاالله..

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەر ناوەڕۆکی قسەکانت دەوەستێت بە پێی خاڵی پەیڕەوی.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

لە خزمەتدام قوربان، ئەو بانگەشەی کە سەرۆکی پەرلەمان دەیکـرد بـۆ ئەوەی کەوا حکـومەت بە دەنگییەوە نایەت دەرکەوت هیچی وانەبوو، لەبەر ئەوەی بانگیشمان کردن و هـاتن قسـەیان کـرد و پرسیاریشمان لێ کردن، بەڵام ئێستاش جەنابیان مومـاتەڵە بە کاتەوە دەکات، ببوورە توخوا...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ موماتەڵە دەکات؟ ڕێگات پێ نادەم باسی سەرۆکی پەرلەمان بـکەی پەیـڕەوی نـیـە، مامۆسـتا **عثمان** تکا دەکەم قسەی تر بکە، بەڵام باسی سەرۆکی پەرلەمان مەکە.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

باشـە باسـی نـاکەم، دوای ئەوەی کە یاسـایی تـاپۆ کردنـی ئەو تەجاوزاتـانە دەرچـوو شـارەوانی سلێمانی وەکو تەحەدایەك مزگەوتی رووخاند، مزگەوتی بەهەشـتی لە سـلێمانی رووخانـد، بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان هەڵوێستێکی نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئارامی هۆڵەکە بپارێزن، بەڕێزان یاسایەك دەرچووە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان هەیە هەمووممان بەرپرسیارین سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی دامەزراوەیەکی بـاڵای ئەم وڵاتەیە دەبێـت ڕێز لە پێگەکەی بگیرێت، بۆیە ئێمە لێـرەین لیـژنەی تایبەتمەنـدمان هەیە یاسـا دەرچـووە لیـژنەی شارەوانی رادەسپێرین، بـۆیە کۆتـایی بەم بـابەتە دەهێنـین و تەواو کـاك نـزار فەرمـوو، مامۆسـتا عثمان بە پێی ماددەی (٥٧) ئاگادارت دەکەم ئارامی دانیشتنەکە بپارێزی، مامۆستا **عثمان** دووبـارە داوات لێ دەکەم ئارامی دانیشتنەکە بپارێزە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نــاوی خــوای گەورە و میهرەبــان، هەم پێشــنیارێك هەیە و هەم داواکــارییەکم لە ئەنــدامە بەڕێزەکـان و فراکسـیۆنە بەڕێزەکـانی نـاو پەرلەمـانی کوردسـتان هەیە لە چەنـد رۆژی رابـردوو بڕیارێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچـوو کە دوو نـاحیەی (بازیـان و حاجیـاوە) بڕیـاری بوونیان بە قەزا دەرکرا، بۆیە من لێـرەوە داواکـارم لە ئێـوەی بەڕێـز پاڵپشـتمان بـن وەك دەسـتەی سـەرۆکایەتی و پەرلەمـان پشـتگیریمان بـکەن لە دوو سـاڵی تـر شـاری هەریـر یـادی سـەد سـاڵەی بـوونی بە نـاحیە، ئـێمە لە سـاڵی (٢٠١٥) یادداشـتێکمان داوەتە پارێزگـای هەولێـر و ئەنجـومەنی وەزیــران کەوا زیــاتر لە چەنــد هەزار واژوومــان کــۆکردۆتەوە، بــۆیە داواکــارم لە بەڕێزتــان

پشتگیریمان بکەن پاڵپشتمان بن، بۆ ئەوەی شاری هەریریش بکرێت بە قەزا هاوکارمان بن، زۆر سوپاستان دەکەین

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەبێت بە عەدالەت لە زۆنەکان هەریەکەتان قسەتان هەبێت، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم هەر قسەیەك لە سەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت لەم هۆڵەدا لە پڕۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە، چونکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەم دامەزراوە شەرعیەیە کە بە دەنگی گەلی کوردستان ئێمە نوێنەرانی گەلی کوردستان سەرۆکی پەرلەمانمان هەلبژاردووە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم کاك زانا هەر وشەیەکی نەشیاو لە بەرامبەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەکار هاتووە لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تەئکید دەکەینەوە هەر بابەتێك کە لە سیاقاتی پەیڕەوی نەبێت لە پڕۆتۆکۆڵ دەسڕێتەوە، ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین و دوایی ئەوانی تریش وەردەگرین.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی تریشم هەبوو جگە لەوەی هاوڕام لەگەڵ پێشنیاری برای بەڕێزم کاك نزار ملا غفار بۆ بە قەزا بوونی ناحیەی هەریر لە هەفتەی رابردووشدا ئێمە وەك نوسینگەی سۆرانی پەرلەمانی کوردستان یادداشتی دانیشتوانی ناحیەی سیدەکانمان هێنا کە داوا دەکەن یادداشتەکەیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ناحیەی سیدەکانیش بکرێت بە قەزا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان وەك سەرۆکی لیژنەی شارەوانی فەرموو، بەس تکاتان لێ دەکەم بەڕێزان لە سیاغی پەیڕەوی لە چوارچێوەی کاری پەیڕەوی، تکاتان لێ دەکەم بەڕێزان بۆ ئەوەی ناچار نەبین ماددەی (٥٧) لە بەرامبەر هیچ بەڕێزێك بە کار بێنین.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی مووچە بە شێوازێکی نایاسایی لە فەرمانبەران دەبڕێت، وێڕای ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە (٢٥)ی هەموو مانگێك مووچە لە کاتی خۆی دابەش

دەكرێت غەدرێكی تر لە فەرمانبەران دەكرێت مافێكی یاسایی و وەزیفی فەرمانبەران پێنج ساڵە زەوت كراوە مافی پلە بەرزكردنەوە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان كە سی و شەش ئەندامی پەرلەمانین لە (١/٢٨) یادداشتێكمان ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كرد، بۆ ئەوەی نوسراوێك ئاراستەی حكومەت بكرێت بۆ گێڕانەوەی ئەم ئەم مافە لە هەل و مەرجی ئێستاش كە دۆخی دارایی باش بووە، پێشنیاز دەكەین كە سەرۆكایەتی پەرلەمان بە نوسراوێك داوای حكومەت بكات ئەم مافە زەوتكراوە یاسایی و وەزیفییە بۆ فەرمانبەران بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر خۆتان لە دانیشتنەكانی رابردوو وابزانم چوار مانگێك دەبێت وتتان هەر پەرلەمانتارێك جگە لە لیژنە من باسی لیژنەی تایبەتمەندەكان ناكەم كە دەتوانن سەردانی راگیراوانی بادینان بكەن، وە ئێمە كارئاسانیان بۆ دەكەین زیاتر لە چوار مانگە من یادداشتم داوە بە ئێوە چەند ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران واژوومان كردووە تاوەكو ئێستا چەند جاریش لێرەش باسم كردووە وەڵامتان نەداوە سەبارەت بە ئەوەی كە خۆتان بڕیارتان دا (٦/٢) تایبەت بێت بە مامۆستای وانەبێژ و سێ یەكەمەكان و فەرمانبەرانی گرێبەست باشە بۆ چی هیچ روونكردنەوەیەكتان نەدا وەڵامێكمان لە ئێوە دەوێت بێ زەحمەت بۆمان روون بكەنەوە بۆچی دانیشتنە تایبەتەكە ئەنجام نادەن؟ سەبارەت بەوەش كە جەلسەی رابردوو كۆبوونەوەتان بێ زەنگ لێدان كرد چۆن وەكو لە رابردوودا داهاتی ئەم وڵاتە بە بێ دەنگی و بە نهێنی دابەشكراوە یاخود گرێبەستە نەوتییەكان بە نهێنی و بێ ئەوەی رای گشتی لێی ئاگادار بێت واژوو دەكرێت جەلسەی پەرلەمانیش دەتوانێت ئاوا بیكەن من دوو ساڵ و نیوە لە پەرلەمانم تاوەكو ئێستا بێ زەنگ لێدان جەلسەی پەرلەمانی نەبووە یەعنی بۆچی ئەوەتان بەرامبەر .....

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دەست بە جێبەجێ كردن دەكەین دوایی هەمووتان وەردەگرم بەڕێزان جەلسە تەواو ناكەین فەرموو كاك عباس دەست پێ بكەن، با ئەم بڕگەیەش جێبەجێ بكەین وەرتان دەگرین بەڕێزان فەرموو كاك عباس.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی راپۆرتی لیژنەی هاوبەشە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بابەت راپۆرتی دەنگدان لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەكان و پیشەسازی و بازرگانی و لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنان رۆژی چوارشەممە رێكەوتی (٢٠٢١/٧/٧) كاتژمێر (١)ی نیوەڕۆ كۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ كردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی كە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراون سەبارەت بە پڕۆژە یاسایی بەركار كردن و هەمواری پیادەكردنی یاسایی وەبەرهێنانی پیشەسازی هەر دوو كەرتی تایبەت و تێكەڵاو ژمارە

(۲۰)ی ساڵی (۱۹۹۸)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان داش عێراق لە دانیشتنی دووەمدا دوای گفتگۆکردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی پڕۆژە یاسایی بەرکار کردن و هەمواری پیادەکردنی یاسایی وەبەرهێنان و پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (۲۰)ی ساڵی (۱۹۹۸)ی هەموارکراوی ئیتیحادی هەرێمی کوردستان داش عێراق.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ناونیشان دیارە هیچ پێشنیارێك نییە، بەڵام دەمەوێت روونکردنەوەیەك بدەم نزیکەی (٥٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لە ناو هۆڵەکەن بەس زانیاری، سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٤٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا ماددەی یەك فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (۱) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی.

ماددەی (۱): یاسایی وەبەرهێنانی پیشەسازی هەر دوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (۲۰)ی ساڵی (۱۹۹۸)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان داش عێراق بەرکار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

ماددەی (۱):

یاسایی وەبەرهێنانی پیشەسازی هەر دوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی عێراقی ژمارە (۲۰)ی ساڵی (۱۹۹۸)ی هەموارکراو بەرکار دەکرێت لە هەرێمی کوردستان داش عێراق پیادەکردنی هەموار دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (۱) دوو پێشنیار هەیە پێشنیازی یەکەم وەك خۆی هەر بەڕێزێك لە گەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با بفەرمووت دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٤٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی دوای ئەو فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (۲) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (۲):

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٤٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا ماددەی دوای ئەو فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) دوو پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

پێشنیاری یەکەم وەك خۆی.

پیادە کردنی بڕگەی دووەم لە ماددەی چواری یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

دووەم/ پێکهاتە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت لە لایەن وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە ڕێنماییەك دیاری دەکرێت.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

پیادەکردنی بەندی دووەم لە ماددەی چواری یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

دووەم/ پێکهاتە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێت کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان داش عێراق لە سەر پێشنیاری وەزیر دەری دەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٣) دوو پێشنیار هەیە پێشنیازی یەکەم وەك خۆی هەر بەڕێزێك لە گەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند هەر بەڕێزێکی لەگەڵە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٤٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی دوای ئەو فەرموون.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی.

ماددەی (٤): پیادەکردنی ماددەی (٧)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

بڕگەی یەکەم/ مەرجە ئەو کەسە سروشتییەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندن یا خاوەندارێتی پڕۆژەیەکی پیشەسازی پێشکەش دەکات خاوەنی لێهاتوو (اهلیه الاداء) تەواو بێت جگە لەو کەسەی خاوەندارێتی پڕۆژەکە بە میرات بۆی گواستراوەتەوە.

بڕگەی دووەم/ مەرجە ئەو کەسە مەعنەویەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندن یان خاوەندارێتی پڕۆژەیەکی پیشەسازی پێشکەش دەکات بە پێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراو و مۆڵەت پێدراو بێت.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەك خۆی بڕگەی دووەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:
دووەم/ مەرجە ئەو کەسە مەعنەویەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندن یان خاوەنداریێتی پڕۆژەیەکی پیشەسازی پێشکەش دەکات بە پێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراو یان تۆمارکراو مۆڵەت پێدراو بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە پێشنیازی یەکەم وەك خۆی هەر بەڕێزێك لە گەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند هەر بەڕێزێکی لەگەڵە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی پێنج فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داوای لێبوردنەوە ئەو ماددەی پێنج پێشنیارێك لێی کەمە بە پێی ئەو راپۆرتەی لەبەر دەستی ئەندامانی بەڕێزە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم ماددەی پێنج بەم شێوەیە سەبارەت بە ماددەی (٥) دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی...

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەگەر کاك بەڵێن بچێتە دەرەوە دەبینە (٥٩) ئەندامی پەرلەمان، ئینجا حسابی خۆتان بکەن فراکسیۆنەکان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٥): پیادەکردنی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (٨)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پێنجەم/ وەزارەتی پلاندانان دیاریکردنی شارە پێشکەوتووەکان و ئەوانەی کەمتر پێشکەوتوون و لادێ و گوندە دوورە دەستەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە لە ئەستۆ دەگرێت.
پێشنیاری دووەم پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەندە.
مادده (٥):
پیادەکردنی بڕگەکانی (یەکەم و پێنجەم) لە ماددەی (٨)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
یەکەم/ ئەو پڕۆژە پیشەسازیانەی کە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە لە هەرێم مۆڵەتیان پێدراوە لە لێخۆشبوونی گومرك و رەسمەکان ملکەچی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبن کە لە کاتی پێدانی مۆلەتی دامەزراندنیاندا بەرکار بووە.
پێنجەم/ وەزارەتی پلاندانان دیاریکردنی شارە پێشکەوتووەکان و ئەوانەی کەمتر پێشکەوتوون و لادێ و گوندە دوورە دەستەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە پێشنیازی یەکەمی خوێندەوە دواتر پێشنیازی دووەم کە پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەندە چەند کەس لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، چەند کەس لەگەڵ پێشنیازی دووەمە ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٤٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (٦) فەرموون.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

مادده (٦):

یەکەم/ هەمواری پیادە کردنی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٩)ی یاساکە دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم/ دام و دەزگای پەیوەندیدار لە هەرێم هەڵدەستێت بە دابینکردنی گشت پێداویستییەکانی پڕۆژەی پیشەسازییەکان لە زەوی بە مەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ ماستەرپلانی شارەکان، وە خزمەتگوزاری پێویست بە کرێی هاوشێوە دەداتە خاوەن پڕۆژەکە بە درێژایی ماوەی مۆڵەتی دامەزراندن بەدەر لە حوکمەکانی یاسایی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

دووەم/ پیادەکردنی بڕگەی دووەمی ماددەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

دووەم/ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پلاندانان و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە هەڵدەستن بە دیار کردنی پێگەکانی پیشەسازییەکان بە پێی حوکمەکانی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان، وە بۆ هەر پارێزگایەك لە دەرەوەی سنوری ماستەرپلانی شارەکان.

سێیەم/ پیادەکردنی هەر دوو بڕگەکانی سێیەم و چوارەمی ماددەی (٩) رادەگیرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا ماددەی دوای ئەو فەرموون.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

مادده (٧):

یەکەم/ پیادەکردنی بڕگەی دووەمی ماددەی (١٣)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

دووەم/ سەرپێچیکار بە پێبژاردنەك كە لە (٥٠٠٠٠) دینار كەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠) دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت ئەگەر لە دوای كۆتایی هاتنی ماوەی دیاریكراو لە برگەی یەكەمی ئەم ماددەیە سەرپێچییەكە لانەبردرێت.
دووەم/ برگەیەك بۆ ماددەی (١٣)ی یاساكە زیاد دەكرێت بە زنجیرەی شەشەم و بەم شێوەی خوارەوە:
شەشەم/ خاوەنی پرۆژەی سوودمەند لە لێخۆشبوونی گومركی بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت كە یەكسان بێت بە سێ هەندەی بەهای لێخۆشبوو، وە لێخۆشبوونەكە لە كاتی بە كارهێنانی ئەم كەرەستانە بۆ مەبەستێكی جیاواز لەوەی لێخۆشبوونی بۆ وەرگرتووە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٧) دیارە هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندكرا ماددەی دوای ئەو فەرموون.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.
ماددەی (٨): پیادەكردنی ماددەی (١٤)ی یاساكە هەموار دەكرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
دەستەیەكی تێهەڵچوونەوە پێك دەهێنرێت بە سەرۆكایەتی بریكاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ كاروباری پیشەسازی و ئەندامیەتی نوێنەری هەر دوو وەزارەتی داد و دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان كە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بن بۆ تێڕوانینی ناڕەزایەتی لە سەر ئەو بڕیارانەی دەربارەی پرۆژەی پیشەسازی دەركراون.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٨) دیارە هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندكرا ماددەی (٩) فەرموون.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەكەم/ وەك خۆی.
ماددەی (٩):

یەكەم/ پیادەكردنی بڕگەی سێیەمی ماددەی (١٥)ی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
سێیەم/ كەسی ناڕەزاییكار ڕەسمێك دەدات بە بڕی (١٠٠٠٠) دینار وەك داهاتێكی كۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەكرێت.
دووەم/ بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەكە زیاد دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
چوارەم/ (٥%)ی ئەو ڕەسمە ناڕەزایەتییە دەیدات وەكو پاداشت و هاندان دەدرێت بە لیژنەیەكی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت.
پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند ماددەكە وەك خۆی تەنیا بڕگەی دووەم لادەبرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٩) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیازی یەكەم وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ كەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندكرا ماددەی (١٠) فەرموون.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (١٠): دامەزراو و فەرمانگەكانی هەرێم ئەوانەی تێدا پۆستیان هەیە جێگەی دامەزراو و فەرمانگە ئیتحادییەكان و ئەوانەی تێیاندا پۆستیان هەیە دەگرێتەوە و لە هەر شوێنێكی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٠) دیارە هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندكرا ماددەی (١١) فەرموون.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (١١): وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەردەكات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١١) دیارە هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندكرا ماددەی (١٢) فەرموون.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (١٢): ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٢) دیارە هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا ماددەی دوای ئەو فەرموون.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (١٣): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا ماددەی دوای ئەو فەرموون.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (١٤): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٤) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا ماددەی دوای ئەوە هۆیەکانی دەرچوواندن فەرموون.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

هۆیەكانی دەرچوواندن

لە پێناو هێنانە دی گەشەسەندنی پیشەسازی لە هەر دوو كەرتی تایبەت و تێكەڵاو بە شێوەیەك كە بەشدار بێت لە پەرەپێدانی بەرهەمهێنان لە رووی بڕ و كوالێتییەوە بە مەبەستی پتەو كردنی وەبەرهێنان لە كەرتی پیشەسازی لەو بوارانەی زیاتر گرنگیان هەیە بۆ ئابووری هەرێمی كوردستان، وە بە ئامانجی یەكخستنی حوكمە یاساییەكانی بەركار لە سەر پرۆژەكانی وەبەرهێنان و پیشەسازی لە هەرێم و عێراق ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان هۆیەكانی دەرچوواندن هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی، كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسند كرا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان ئێستا هەر بەڕێزێك لەگەڵ كۆی یاسا هەموارەكەیە با بفەرمووت دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسند كرا فەرموون بچنەوە جێی خۆتان كاك سیروان فەرموو خاڵە پەیڕەوییەكەت وەعدمان پێت دابوو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی هەموو پێوەرەكان لەم وڵاتە هەیە ئێمە ئێستا بە بۆنەی كۆرۆناوە خەڵكیان برسی كرد ئەم حكومەتە....

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە خاڵی پەیڕەوی نەبوو كاك سیروان لە كاتی خۆت قسە دەكەیت فەرموو ئەگەر قسە ناكەی برادەرێكی تر قسە دەكات

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (١٨) سەرۆكی پەرلەمان دەبێت لێپرسینەوە لەم حیزبانە بكات كە بۆ چی مووچە و قوتی خەڵك....

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زێدان فەرموو

**بەڕێز بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی پەیڕەوی بە پێی ماددەی (٥٨) قسە دەكەم، بەڵام داواكارییەكەم لە دوو خاڵ كۆ دەكەمەوە خاڵی یەكەمیان بە پێی خاڵی پەیڕەوی (٥٨) پەرلەمانتار داواكاری هەبێت دەتوانێت لە ڕێگای سەرۆكایەتی پەرلەمان ئاراستەی حكومەت یا ئەندامێكی ئەنجومەنی وەزیران بكات

داواكارییەكەی منیش بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، وە پشتگیری لە بەڕێزان كاك نزار و كاك مەلا وەیسی دەكەم كە دوای بە قەزا كردنی هەریر و سیدەكان دەكەن...

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالَح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەتوانن یادداشتێك بنووسن بەڕێزان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بوڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یادداشتیشم داوا كردووە لێرە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان سەرجەم قەزاكانم دەستنیشان كردووە بەداخەوە بە پێی ئەو وردبینییەی كردوومانە جیاوازی لە نێوان پارێزگاكان هەیە دەتوانین بڵێین پارێزگای هەولێر و دهۆك زۆر كەمتەرخەم گرنگی پێ دەدرێت بەرامبەر بە سلێمانی و پارێزگاكانی تر كە ژمارەی قەزاكانی كەمە، بۆیە پێشنیار دەكەین لە پارێزگای دهۆك قەزای زاخۆ بكرێتە ئیدارەیەكی سەربەخۆ وە قەزای ئاكرێ بكرێتە ئیدارەی سەربەخۆ.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالَح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بە شێوەیە كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |